# ویستی فەلسەفاندن

بادیو و ڤیتگنشتاین



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ویستی فەلسەفاندن

بادیو و ڤیتگنشتاین

**ئازاد حەمە**



پێشکێش:

ئەم بەرهەمە بە شاتوو... بەکچە زێدە خنجیلانەکەم پێشکێشە

Do not give up on your desire
Ne pas céder sur son désir
Lacan

ناوی کتێب: ویستی فەلسەفاندن – بادیو و ڤیتگنشتاین
نووسینی: ئازاد حەمە
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٨٤
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٤٠١)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

وێنەی سەر بەرگ کە لە ساڵی ١٧٨٧ کێشراوە و ناوی مەرگی سوکرات لە خۆ دەگرێ لە کێشانی هونەرمەند ژاک – لویس داڤیدە.

# دەروازە

هزراندن، وەکی تریش بیرکردنەوە، ئەو شتەیە کە تێکڕای فەیلەسوفان (بیرمەند و هزرەڤانان) کۆ دەکاتەوە. بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە تەنیا و تەنیا ئەو دەمە سەرکەوتوو و هیوابەخش دەبێ کە خودی هزراندنەکان، یان بیرکردنەوەکان، ڕێگەگەلی ڕاست و ساغ و سەلیم دەگرنە بەر. ئەمەش مەیسەر نابێ گەر هزرەڤان هزر پاک و ئامانج خاوێن نەبێ. هەر ئەمە نییە لوغزی کۆبوونەوەکان و ئاکامەکانی، بەڵکو ئەوەشە کە شارستانی و کولتووره جیاکان بەچ چاوێکەوە تەماشای یەکتر دەکەن و چۆنیش کار و بەری هزر یان ویستی فەلسەفاندنی یەکتر دەخوێننەوە. ئەمەش لە هەنووکە زێدە سەختە، بەتایبەت و پاش ئەوەی، بۆ گەلێک ئەوە ڕوون بووەتەوە کە ئەوەی پێی دەڵێن مێژووی هزر، خۆی وەک بەرهەمێکی ڕۆژئاوایی دەردەخا. ئا ئەلێرەوە پا دەخەینە ناو قەدەرێکی هزرییەوە کە بەئاسانی ناکارین خۆمانی لێ دەربازبکەین. ئا لێرەوە بەدرمێکەوە دەلکێن، سەختە بەشفابوون لێی. ئەمە پەتایەکە و بەرۆکی مرۆڤایەتیی گرتووە. دیلێما (مەئزەق)ێکە و پێویستە بەسەریدا زاڵ بین. بەڵام چۆن؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە داوامان لێ دەکا تا دەکرێ لەسەرخۆ و هێمن بین ئەگەر نا ئەوا دنیایەک هەڵەی هزری دەکەین کە دواتر سڕینەوە و لەناوبردنیان کات و توانای زۆرمان دەبا. چونکە ئەم درمە یان دیلێمایە نە تازەیە و نەش بە تاک و دووان چارەسەر دەکرێ، بەڵکو ئەمە کار و یارمەتیی زۆربەمانی دەوێ و لەوەش گرنگتر کات و ماوەیەکی درێژیشی پێویستە. بەڵام دەستپێکی چارەسەرەکان لەوێندەرێوە سەر دەردێنێ کە ئێمە کارێکی دوو سەرانە ئەنجام بدەین. لە لایەک مێژووی هزری ڕۆژئاوا ڕاڤە و شیتەڵ بکەین و لە لایەکی تریش ئەو مێژووە هزرییە ڕاڤە و شیتەڵ بکەین کە خۆی لە بەردەم ئەو هزرە ڕۆژئاواییە ڕاناگرێ یان ئەوەی پیێ هەرس نابێ کە مەدالیای هزرەڤانی بشێ بکرێ بەبەرۆکی مێژووی هزری ڕۆژئاوادا. بەڵام بخوازین و نەخوازین لە ئەمێستادا هەژارییەکی فەلسەفی لە



دەرەوەی شارستانیی یان وتاری هزری و ڕووناکبیریی ڕۆژئاوا بەدی دەکرێ. ئەم هەژارییە کە دەرئەنجامە هۆکارگەلێ زێدە بایەخدار و نهێنیگەلێکی یەکجار ئەستووری فەلسەفیی لە پشتەوەیە. گەندەڵیی هزری و بێ توانایی ڕۆشنفکری کە یەکێکە لە ڕووەکانی ئەم هەژارییە، گەورەترین دەگەی لە داهێنان داوە. چونکە ئەم لایەنە لە لایەک ڕادە و سنووری داهێنانی دیاریکراو کردووە و، لە لایەکی تر بینین و بۆچوونی کۆڵەوار و بێ مەرام و، بگرە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی بێ ئامانج و بەتاڵیشی لە بواری داهێناندا دروست کردووە. ئەم دوو لایەنە کە وەرچەرخاندنیان لە هیچی و نەزۆکیدا هێناوەتە کایەوە مانای ویستی داهێنانیشیان شێواندووە.

ئێمە ئەم نووسینەمان کە بەبوارێک لە داهێنانەوە، کە ئەوەش فەلسەفەیە، تایبەتە و ئەم بوارەش کە ویستێکی تایبەتی لە خۆدا پەنهان کردووە، بەشێواندنی پۆلی داهێنان، ئەمیش دووچاری بێ ناسنامەیی و سەرەڕۆیی دەبێ. ئەم ویستە کە یەکجار ناسک و پڕ بایەخە، کاریگەریی بەسەر ویستی بوارە داهێنانییەکانی تریشەوە هەیە. مەبەستم، ویستی فەلسەفە کە ویستێکی زێدە کاریگەر و ورووژێنەرە و چارەنووسی بەویستی فەیلەسوف و هزرەڤانانەوە گرێ دراوە، ناتوانێ نە دابڕاو و کەنارگیر بێ و نەش بێ مەرام. فەلسەفەش لەبەرئەوەی شتێکی پێدراو نییە، هەروەها شتێک نییە بەس بەفلانە شارستانیی و فیسکانە کولتوورەوە تایبەت بێ، دەشێ و دەکرێ ئەم گرفتە چارەسەر بکرێ. هەروەها ئەم شتە (واتە فەلسەفە) کە پێدراو نییە ویستێکی لە هەناویدا حەشار دراوە کە تا ئەوپەڕی لە دژایەتیکردنی زۆرداریی سیاسی و گەندەڵیی هزری و بێ ئامانجیدا نوقمە. بۆیە لە ڕێگەی ویستی فەلسەفەوە دەکرێ گەلێک شت ئەنجام بدرێ، بۆ نموونە شتگەلێ کە ئەستەمە ئەنجام بدرێن. بەڵام هەڵە نییە لەوە بەئاگا بین کە ئەم ویستە بەرچاوی و ناشاراوە نییە. ئەم ویستە کە پێویستە دەربهێنرێ و بخرێتە ڕوو، یارمەتی فەیلەسوفانی پێویستە. کەواتە هێنانە دەرەوە و خستنە ڕوو و پێش چاوخستنی ئەم ویستە، تەنێ کاری فەیلەسوفە. بۆیەشە گشت فەیلەسوفێک ویستی فەلسەفاندنی تێدایە و، بۆیەشە فەلسەفاندن بۆ فەیلەسوف تا ئەوپەڕی شتێکی هەستیار و پڕ وردکارییە.

وەلێ ئەوەی لێرەدا زێدە گرینگ و بایەخدارە لێی دڵنیا و بەئاگا بین ئەوەیە کە،

دەستنیشانکردنی ویستی فەلسەفاندن لای هزرەڤان و فەیلەسوفان کارێکی سانا نییە و لە گرفت و ئاستەنگی مێتۆدیش بەدوور نییە. چونکە بەلانی کەمەوە دۆزینەوەی ویستی فەلسەفاندن لای گشت بیرمەند و فەیلەسوفێک بەخوێندنەوەی تێکڕای گشت کاری فەلسەفی و هزرەڤانیی ئەو فەیلەسوف و هزرەڤانەوە پابەندە تا شتێکی تر. ئەمە بەخۆی کێشە سەرەکییەکە نییە. بەڵکو لاوەکییەکەیە. ئەوی دەشێ لەم ڕووەوە وەک کێشە سەرەکییەکە تەماشا بکرێ لە لایەک ئەوەیە کە چۆن یەکانگیری لە بیری ئەو بیرمەند و فەیلەسوفەی توێژینەوەی لە بارەوە دەکرێ بدۆزرێتەوە و، لە لایەکی تریش ئەوەیە کە چ شێوازێک لە لایەن توێژەرەوەکەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو یەکانگیرییە بگیرێتە بەر. هەڵبەت دۆزینەوەی ئەو یەکانگیرییە بیرییە دەکارێ کارئاسانییەکی یەکجار مەزن لە توێژینەوەکەدا بکا. چونکە ئەو یەکانگیرییە بیرییە دواتر دەبێ بەتوخمی بنەڕەتیی ئەو توێژینەوەیە کە دەکرێ بۆ دەستنیشانکردنی ویستی فەلسەفیی ئەو بیرمەند و فەیلەسوفەی بابەتی باسە، بەکار ببرێ. واتە دۆزینەوەی یەکانگیری لە بیری فەیلەسوف یان لە کارێکی فەلسەفی، یارمەتیدەرە کە وێنەی فراوانمان لەسەر ئەو ویستە فەلسەفییە بەردەست بخا کە لە بیری فەلسەفیی ئەو فەیلەسوفە یان ئەو کارە فەلسەفییەدا ئامادەیە. چونکە ویستی فەلسەفیی گشت بیرمەند و فەیلەسوفێک هەمیشە وەک یەک خۆی دەرناخا و لە نووسینێکەوە یان لە قۆناغێکی هزری و سیاسییەوە بۆ ئەوی تر گۆڕانی بەسەر دادێ. ئەمەش بێ سڵەمینەوە وا دەکا سانا نەبێ بۆ توێژەرەوەیەکی دیاریکراو ویستی فەلسەفاندنی فەیلەسوفێکی دیاریکراو، یان ویستی فەلسەفاندن لە کارێکی دیاریکراوی فەیلەسوفێکدا، دەستەمۆ بکا. وەکی تریش ئەوەش دەڵێم کە، بەرجەستەکردنی ویستی فەیلەسوفان ئاسان نییە هاتنە دی چونکە گشت فەیلەسوفێک بەپێی خوێندنەوە و تێگەیشتنی خۆی، واتا و چەک و دیدە فەلسەفییەکانی دادەڕێژێ کە ئەوەش لەسەرێکی ترەوە بەئەزموون و ئاستی زانیاری و توانای ئەکادیمی و ڕووناکبیریی ئەو فەیلەسوفەوە گرێ دراوە نەک شت و کەسێکی ترەوە. بۆیە زێدەڕۆیی نییە بوترێ کە، ئەستەم و زێدە دژوارە دیاریکردنی ویستی فەیلەسوفان و دەستنیشانکردنی خواستی فەلسەفییان کە بەپێی تەمەن و ڕووداو و



گۆڕانکارییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەر لێرە و تایبەتە بەم لایەنە، هیچ دوور نارۆین ویستی فەلسەفی ئەفلاتوون لە دیالۆگەکانیدا وەک یەک نین و ئەم ویستە لە دیالۆگێکەوە بۆ ئەوی تر جیا و گۆڕاوە. ئەمەیان لە لایەک پێوەندیی بەئەزموون و تەمەنەوە هەیە و لە لایەکی تریش بە تێ خوێندنەوەی فەیلەسوفەوە بۆ ڕووداو و گۆڕانکارییە هەنووکەیی و مێژووییەکان. بۆیە زۆر ئاساییە گشت توێژەرەوەیەک کە بیەوێ ویستی فەلسەفاندنی فەیلەسوفێکی دیاریکراو یاخود ویستی فەلسەفیی قۆناغێکی دیاریکراو دەستنیشان بکا دووچاری گەلێک پەرچەکردار و دژواریی مێتۆدی ببێتەوە. ئەمەو ڕەنگە ئەو پارادۆکس و ناجۆرییانەش ئەو فەیلەسوفە یان قۆناغە فەلسەفییە پێوەی گلاوە کاردانەوەی خۆی بەسەر ئەندێشەی ڕاڤەکردنەکەی ئەو توێژەرەوەیەشەوە بەجێ بهێڵێ. بۆیە و بۆ پوختەکردنی ئەوی لای سەرەوە وترا، ئەوەش دەڵێم کە، ویست بۆ فەلسەفاندن لای گشت فەیلەسوفێک تا سەر وەک یەک نەبووە و چوستی و ناچوستیی ئەم ویستەش ڕەها و نەگۆڕ نەبووە و لەوەش بەهادارتر کە دەشێ لێرە بوترێ ئەوەیە کە ویست بۆ فەلسەفاندن لای هەموو فەیلەسوفێک شتێکی تایبەتە و بەخودی فەیلەسوفەکەوە وابەستە و گرێ دراوە. بەواتایەک لەوەی وترا بەرینتر، فەلسەفاندن ئەزموونێکی تاکییە و فەیلەسوف لە پرۆسەی ئەو فەلسەفاندنەدا خودی خۆی بەرجەستە دەکا، ئەم خودەش کە بەرهەمی بوونیەتی تاکە (ئیندڤیدە) ناکارێ لە گۆڕانکارییە چرکەیی و هەنووکەییەکان دابڕێ، ئەگەر نا ئەوا ویستی فەلسەفاندن لای فەیلەسوفی ناوبراو لە کۆتاییدا دەبێ بەبەشێک لە ئەزموونێک لە کەنارگیری و دوورەپەرێزی کە ئەوەش ویستێکی فەلسەفیی هیچگەرا و زەرەرمەند و لێوانلێو لە بێباکی دێنێتە کایەوە. کەواتە ویستی فەلسەفاندن پێش هەموو شتێک مەرج و یەکجار بایەخدارە کە فەلسەفە بگەڕێنێتەوە ناو ناوانەوە، ناو خەڵکەوە، ناو کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتن و دەمەتەقێیەکانەوە. بەڵام لەم بەینەدا پێویستیشە فەلسەفە ستاتۆسدار و تایبەت بکرێ. ئەمەش بەزۆری بۆ ئەوەی فەلسەفە لە نا – فەلسەفە، فەلسەفە لە زۆربڵێی و زێدەڕۆیی، فەلسەفە لە بەلێشاو وتن و بڵاوکردنەوە دوور بخرێتەوە و تا ئەوپەڕیش جیا بکرێتەوە. ئەو دەمەش کە ئەمە دەکرێ یەکەم هەنگاو باس هێنانە پێشەوەیە لەسەر فەلسەفاندن، ویستی فەیلەسوفان بۆ فەلسەفاندن. چونکە ئەوەی فەیلەسوفان کۆ دەکاتەوە

فەلسەفاندنە کە دیوێکی تری ئەم سێرکردنە دەشێ بەمجۆرە بێ: ئەوەی فەیلەسوفان کۆ دەکاتەوە بیرکردنەوەیە. ئەم لایەنە کە بەدرێژی لە درێژەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبە دێمەوە سەری، باسی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوەیە و هەر ئەم لایەنەش دەتوانێ ئەو گرفت یان درم و قەدەرەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە لای سەرەوە خستمانە بەر باس. بەڵام خوێنەری ئەم توێژینەوەیە لە هەناوی ئەم وتنە پوختە ناگا تا ئەو دوو ئەزموونە فەلسەفییە جودایە، ئەو دوو ویستە جودایە بۆ فەلسەفاندن، ئەو دوو بیرکردنەوەیە نەخوێنێتەوە کە لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێ (ویستی فەلسەفاندنی بادیو و ڤیتگنشتاین).

بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم دەروازەیە بەتایبەت و ئەمجار سەرجەم کتێبەکەش بەو دەرهاویشتە فەلسەفییانە بگا کە نووسەری ئەم بەرهەمە ئامانجیەتی وێنەی بکا، بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم لە دووتوێی ئەم دەروازە چەند لاپەڕەییەدا، هەڵێک بۆ وتن هێنانە پێشەوە تایبەت بە"ویستی فەلسەفاندن" بڕەخسێنم، ئەم هەلەش بەدڵنیاییەوە لە ڕێگەی شیتەڵکردنی ناوونیشانی کتێبەکەوە، واتە ویستی فەلسەفاندن، بەئاکام دەگەینم.

من کە لەم کتێبەدا، کە بەری سێساڵی ڕەبەق لە خوێندنەوە و نووسینە، نیازمە ویستی فەلسەفاندنی فەیلەسوفی فەرەنسیی هاوچەرخ، ئالێن بادیو و فەیلەسوفی نەمساوی (ئینگلیزییش)، لودڤیگ ڤیتگنشتاین، دەستنیشان بکەم، ئەم نیازەم لە ڕێگەی خوێندنەوەی دوو کاری فەلسەفییەوە ئەنجام دەدەم کە یەکێکیان نووسینی "مانفێست بۆ فەلسەفە""ی بادیوە و ئەوی تریش نووسینی"تراکتاتۆس لۆژیکۆ-فیلۆسۆفیکۆس" ی ڤیتگنشتاینە. بۆ ئەوەی ئەم نیازە بێتە دی و تێگەیشتنیش بخاتەوە نیازی ناوبراو داوای ئەوەمان لێ دەکا سێرکردن و ڕوونکردنەوە لەسەر خودی واتای ویست لە لایەک و هەروەها واتای فەلسەفاندن لە لایەکی تر بەرجەستە بکەین. بۆ ئەوەی ئەمەش بکرێ زێدە پێویست و مەرجە لەوێوە وەسەرەتا بێین کە فەلسەفاندن چی دەگەیەنێ؟ هەروەها ویست چ مانایەک دەبەخشێ؟ دواتر بۆ ویست بۆ فەلسەفاندن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو سێ پرسیارە بەپێویستی دەزانم بەم شێوەیەی لای خوارەوە بێمە گۆ.



فەلسەفە کە لە سەدەی ٦ی پێش زاین لە یۆنانی کۆندا (ئەنتیک) دامەزراوە، قۆناغ بەقۆناغ فەلسەفاندنی بەدووی خۆیڕاکێشاوە. ئیدیای یۆنان لەمەڕ چەمکی فەلسەفە بەبەناسنامەکردنی ئەم چەمکە لە سنووری عەقڵگەراییدا کۆتایی هات. واتە فەلسەفە بەعەقڵگەرایی بەناسنامە کرا (ناسایێندرا). بەڵام دواتر دەرکەوت کە فەیلەسوفان بەوە قایل نین کە فەلسەفە تەنیا بەعەقڵ بەناسنامە بکرێ (بناسێندرێ). ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان، مانای خۆی بۆ فەلسەفاندن هەبوو و ئەو ویستە فەلسەفییەش لای فەیلەسوفان هەبوو هەر زوو پریشکی ئەو بەناسنامەکردنانەی بەرکەوت. یۆنانییەکان (گریکەکان) کە بەدانەری چەمکی فەلسەفە ناسراون، زۆر بەباشی و بەوردی لەو چالاکییە دەگەیشتن کە ناوی فەلسەفە بوو پێیان وابوو، ئەم چالاکییە، تەنیا بەتەکانی مرۆڤ دێتە بەرهەم. بەڵام یۆنانییە کۆنەکان بۆ ئەوەی ئەم چالاکییە (واتە فەلسەفاندن) ئەنجام بدەن خودی چالاکی ناوبراویان دابەشی پێنج کاتیگۆری کردبوو: میتافیزیک، ئێپستمۆڵۆژی (تیۆریی زانین)، جوانکاری، ئیتیک (ڕەوشت) و سیاسەت.

سەرباری ئەوەی لای سەرەوە وترا، ئەوەش دەڵێم کە، لەبەرئەوەی فەلسەفە لە سیستمی بیر پێکهاتووە و ئەم سیستمەش بەپێی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیە گرینگە ئاماژە بەوە بکەین کە فەلسەفە وەک سیستمی بیر بە سێ قۆناغدا تێ پەڕیوە کە هەریەکەی ویستی فەلسەفاندنی جودا بووە. بۆ نموونە ویستی فەلسەفاندنی فەیلەسوفانی کلاسیک (یۆنان و گریک) لە ویستی فەلسەفاندنی فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست، جیایە و ئەمیش لە ویستی فەلسەفاندنی فەیلەسوفانی مۆدێرن دەگۆڕێتەوە. تەنانەت نەریتە فەلسەفییەکانیش سەبارەت بەمەسەلەی ویستی فەلسەفاندن وەک یەک نین. چونکە ئەوەی ویستی فەلسەفاندنی فەیلەسوفێکی هیندی لە فەیلەسوفێکی فەرەنسی جیا دەکاتەوە، بینینی جیاوازی ئەم دوو فەیلەسوفەیە بۆ شتەکان و یان شێوازیان لە نووسین یاخود کارکردنیان لەسەر ئایدیاکان نەک شتی تر.

بۆیە لەسەر بناغەی ئەوی لای سەرەوە گوترا، دەکرێ بەوە بگەین کە فەلسەفاندن، واتە تێڕامان یان تێفکرین یاخودیش بیرکردنەوە لە شێواز و ڕێگەی فەلسەفی.

فەلسەفاندن کە مانای بیرکردنەوە و لێخوردبوونەوەش دەگەیەنێ لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە لە فەیلەسوف و بیرمەندێکەوە بۆ ئەوی تر جودایە. بەڵگەش لەمڕۆوە زۆرە. بۆ نموونە کاتێک یۆنانییە کۆنەکان بۆ ئەوە چوون کە فەلسەفە بریتییە لە ئەوینی دانایی (حەکیمی)، مەبەستیان لەم داناییە پشکنین و لێکۆڵینەوە بوو لە زانینێکی بێلایەن و ڕەتکردنەوەی دیدی هەڵە (موزەوەر) و نابەجێ. بەڵام گەورە بیریارانی یۆنانی کۆن بەدووی ئەوەشدا دەگەڕان کە چۆن مێتۆدێک بۆ گەیشتن بە(یان هەڵهێنجانی) ڕاستی "پرنسیپی یەکەم" بەدەست بهێنن.

بەڵام ئەوەی پێوەندیی بەویستی منەوە هەیە، لەم نووسینەدا ئەوەیە کە من ویست وەک خواستێک تەماشا دەکەم کە لە فەلسەفەدا ئامادەیە بۆ فەلسەفاندن. ئەم خواستە کە خوڵقێنەرە، ناوابەستە و ئازادە. بەڵام تێگەیشتنی خودی فەلسەفە بۆ ئەم ویستە جودایە. بۆ نموونە ئایدیالیزم هەمیشە پێمان دەڵێ کە گشت شتێک لە بووندا کردەی ویستە. بۆ نموونە کەسێک کە بە ڕووتی دەچێتە دەرەوە لە کاتێکدا کە بەفر دەبارێ ئەمە وا دەکا ئەو کەسە نەخۆش بکەوێ. دەکرێ لەم حاڵەتەدا بوترێ کە نەخۆشبوونی ئەم کەسە پێوەندیی بەکردەی چوونە دەرەوەکەیەوە هەیە کە ئەم کردەیەش ویستی ئەو کەسە بووە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە ڕووی نەدابایە، دەبایە ئەو کەسە بە ڕووتی نەچووبایەتە دەرەوە. واتە ئەو کەسە دەبایە جیاوازتر ڕەفتاری کردبایە. شایانی باسە کە ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ ویست لای شۆپنهاوەر لە کتێبی "جیهان وەک ویست و نوێنەرایەتی" ئامادە بووە. لێرەشەوە دەکرێ باس بهێنرێتە سەر ویستی ئازاد و ویستی قەدەری، ویستی سەربەخۆ و ویستی جەبری (دێتیرمینیستیک). کەواتە ویست بەمجۆرە دەبێ بەدوو جۆر، یەکێکیان کە ئازاد و ناوابەستەیە و ئەوی تریش کە حەتمییە و پێشوەخت دیاری کراوە.

بەڵام با ئەوەشمان بیر نەچێ کە ویست بەمانای توانای هەڵبژاردنیش دێ. لێرەدا مەبەست لە هەڵبژاردن ئەوەیە کە ویستمان هەبێ بۆ هەڵبژاردن لە نێوان چەند شتێکدا، چەند شتێکی ناجۆر. ویست کە لە گشت کەسێکدا هەیە، ئەم ویستە خۆی لە نێوان ویستێکی ئازاد و نا – ئازادا دەبینێتەوە. هەروەها ویستەکانمان کە هەندێک جار بەشتی ئاینی یان ئیتیکی یاخودیش زانستییەوە گرێ دراون لەوە



بەدوور نین کە کردە نەبن. ئەو دەمەش ویستەکانمان دەبن بەکردە، ئەوا بەرپرسیاریەتی و ئەرک دەخەنەوە. بۆیە گشت ویستێک دەشێ وەک هەڵوێستەیەک تەماشا بکرێ و لە کۆتاییشدا ئەم هەڵوێستەیە شیاوە تیۆریزە بکرێ. چونکە ویستەکانمان کە ڕیزێک کردەن و ئەوانیش هەڵوێستن لە دوایین باردا، حوکمن بەسەر شتەکانەوە. ئا لێرەوە دەمەوێ بگەمە ئەو تێزەی کە تەماشای ویست دەکا، وەک قودرەتێک بۆ پیادەکردن و بەڕێوەبردن. ئەو دەمەش کە ئەو ویستە دەبێ بەبناغە بۆ ویست بۆ فەلسەفاندن، ئەم ویستە بێ یەک و دوو تا بڵێی لە حوکمدان (جوداجمێنت) لێوان لێودەبێ. چونکە فەلسەفە وەک بوارێک لە بوارەکانی زانین، شوێنی بڕیاردان و چەسپاندنی ئیدیا و بینینە. بەمجۆرە ویستی فەلسەفاندن ویستێک دەبێ بۆ گەیشتن بەتێڕامان و تێفکرینێکی تایبەت. بەڵام گرینگیشە خوێنەر لەوە بەئاگا بێ کە من لە ڕێگەی گەیشتن بەناساندن و ڕوونکردنەوەی ویستی فەلسەفاندن لای بادیو و ڤیتگنشتاین نامەوێ فەلسەفەپەرستی (فیلۆسۆفیزم) زیندوو بکەمەوە کە ئەوەیان ویستی سوفستاییەکان بوو، بەڵکو ئەوی من دەمەوێ بیکەم بایەخدانە بەفەلسەفە وەک ویستێک کە ئەوەش تەنیا لە فەلسەفاندندا دەردەکەوێ. ئەمەو حەزیش دەکەم خوێنەر سەرنج بخاتە سەر ئەوەش کە ئەم کتێبە لەسەر ویست نییە، بەڵکو ویستی فەلسەفاندن و پاشان هەر هەمان کتێب لە بارەی ویست نییە لە فەلسەفە بەڵکو ویستی فەلسەفییە.

بۆ زێدە ڕوونکردنەوەی ئەو دوا دێرانەی لای سەرەوە، دەخوازم بڵێم، ئەم کتێبە گفتوگۆی چەند تێزێک دەکا کە بنەڕەتیترینیان ئەو تێزەیە کە ناوی ویستی فەلسەفاندن لە خۆ دەگرێ کە بووشە بەناوونیشانی کتێبەکە. ئەم تێزە کە لە منداڵدانی خۆیدا چەندین وردە تێز و بیرۆکە حەشار دەدا لە کات و شوێنی خۆیدا دەیانهێنێتە دنیاوە. کەوابێ ویست بۆ فەلسەفە لەم نووسینەدا وەکی تر ویستە بۆ فەلسەفاندن. کردەی فەلسەفاندنیش کە دەرئەنجامی جوداوازی لێ دەبێتەوە و لە فەیلەسوفێکیشەوە بۆ ئەوی تر شتی جیای لێ وەبەر دێ، بۆ من پێوانەیەکی تا بڵێی بەبڕشتیشە بۆ گەیشتن لە ماهییەتی خودی فەلسەفە.

تێزی دیاریکراو کە زادەی پێویستییەکی مرۆیی و ئەرکێکی ئیتیکی (ڕەوشتی)یە،

وەلامێکە بۆ ئەو دۆکترنیانەی (باوەڕانەی) ئەم تێزە هەوڵی هەڵوەشانەوەیان دەدا. ئەو بیرۆکانەش کە سەرچاوە لە بیری کۆتاییزم لە فەلسەفە هەڵدەگرن، ڕێگە لە گشت ئەو بینین و دیتنانە دەگرن شیاوی لە بەردەم فەلسەفاندندا دەسازێن. واتە ئەو بیرۆکانە بەو چاوەوە تەماشا دەکرێن کە تەگەرەیەکن لە بەردەم ئەو تێزەی من گفتوگۆی دەکەم و بۆیە بەپێویستی دەزانم ناوەڕۆکی ئەو بیرۆکەیە پووچەڵ کەم و ناڕاستیی ئەو هێپۆتێز (گریمان)ـەش ڕوون بکەمەوە، ئەو بیرۆکانە لەسەری مشەخۆرن.

کتێبەکە کە لە دوو بەندی سەرەکی پێک دێ، باسی ویستی فەلسەفاندن لای دوو فەیلەسوفی ڕۆژئاوایی دەکا. ئەم دوو فەیلەسوفە کە خاوەنی دوو جۆر لە ئەزموونی بیرکردنەوەن، فەلسەفەن و، دوو ویستی فەلسەفیی جودایان هەیە، بیریان هاوشانی یەک نییە و سەر بەیەک ژینگەی فەلسەفی و دۆزی بیریاری نین. ڤیتگنشتاین کە ٥٦ ساڵە مردووە، بادیو ئێستا ٧٠ ساڵانە. بادیو کە پای لە ناو فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵی هاوچەرخە و بەئاگاشە لە کودەتا فەلسەفییەکانی فەیلەسوفانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، ڕوویێکی دیاری ئەو ئاڕاستە فەلسەفییەیە کە پێی دەڵێن فەلسەفەی نوێی فەرەنسی. ڤیتگنشتاین کە تا مرد لە دەوروبەری کامبرج دەخولایەوە، کە ئەو دەمە لووتکەی فەلسەفەی شیکردنەوەیی بوو، دژە جەمسەری ئەو فەلسەفەیە بادیو و هاوڕێ و قوتابی و مامۆستاکانی پێوەی گلاون. بادیو کە بەبەردەوام پێناسەی فەلسەفەمان بیر دەخاتەوە و واش لە فەلسەفە دەکا، وەک بوارێکی هزری، بیر لە خۆی بکاتەوە و بۆ مێژووەکەشی بگەڕێتەوە، دوژمنی هەرە گەورەی ئەنتی ئەفلاتوونییەکان و ئەوانەشە کە دەخوازن کۆتایی بەفەلسەفە بهێنن. ڤیتگنشتاین کە خۆی لە پێناسەی فەلسەفە دەدزێتەوە و هیچ نرخێک بۆ مێژووی فەلسەفە دانانێ و کەم جار ناوی فەیلەسوفان گۆ دەکا و گشت هەوڵێکی بۆ کۆتایی هێنان بەفەلسەفە تەرخان کردووە "بەتایبەت لە تراکتاتۆس"دا تا ئەوپەڕی ئەنتی ئەفلاتوونی و ئەنتی فەلسەفەیە. بادیو کە لە زۆربەی کارەکانیدا ناوی ڤیتگنشتاین گۆ دەکا و زۆریش ڕەخنەی ئاراستە دەکا، بەتایبەت ڕەخنەی زۆر توند ئاراستەی ئەو وەرچەرخاندنە زمانەوانییە- لۆژیکییە دەکا کە بەناوی ڤیتگنشتاینەوە گرێ دراوە، هیچ کات بۆ ڤیتگنشتاین نەبووە بەبابەت. چونکە ئەو دەمەی ڤیتگنشتاین ئەو وەرچەرخاندنەی



بەیان کرد (مەبەست لێرە تراکتاتۆسە کە لە ١٩١٨ نووسراوە) بادیو هێشتا لە دایک نەبووبوو. کەواتە خوێنەر لەم کتێبە لە بەردەم دوو جۆر لە بیرکردنەوەی فەلسەفییە کە زمانحاڵی دوو ویستن بۆ فەلسەفاندن. دوو ویست کە سەرچاوە هزری و زانینییەکانیان جودا و ناهاوشێوەن. دوو ویست کە بەری دوو جۆر لە دیالۆگی فەلسەفین و گفتوگۆی دوو نەریتی فەلسەفی و بیرکردنەوەش یاد دەخەنەوە. بەڵام تا بڵێی گرینگ و بەبەهایە خوێنەر هەر لەم سەرەتایەوە لەوە ئاگەدار و حاڵی بێ کە ئەم کتێبە بەهیچ جۆرێک ناخوازێ بەراوردکاری لە نێوان ئەم دوو بیریارە، یان ئەم دوو نەریتە فەلسەفییە، یاخودیش ئەم دوو ئەزموونەدا لە ویستی فەلسەفاندن بکا. واتە لەمیانەی توێژینەوەکەمان لە بارەی بادیو گفتوگۆی بۆچوونی بادیو بۆ ویستی فەلسەفیی ڤیتگنشتاین، ناکەین و بەهەمان شێوە ئەو دەمەش دێینە سەر ویستی فەلسەفاندن لای ڤیتگنشتاین بەهیچ شێوەیەک خۆمان لە قەرەی پردی فەلسەفیی نێوان ڤیتگنشتاین و بادیو نادەین، بەڵام تاو نا تاوێک و لە هەندێک شوێن و لەسەر هەندێک ئاست لە دوو توێی نووسینەکەدا باس لە گرفتی نەریتە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکان (نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی و نەریتی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ) و ئەزموونە فەلسەفییەکان (ئەزموونی فەلسەفیی فرانکفۆرتی، ئەزموونی فەلسەفیی ئەنگلۆ ئەمەریکی یان ئەسکەندەناڤی) دەکەین. ئەمەیان دەکرێ تەنیا بۆ ئەوەی قسە بێنینە پێشەوە لەسەر جیاوازی و جۆراوجۆری لە فەلسەفاندن کە لە هەمان کاتدا مەبەستیش نیشاندانی ئەو ناهاوشێوەیی و لێک نەچوونییەیە کە لە بیرکردنەوە فەلسەفییەکاندا هەیە.

بۆیە بۆ پوختەی ئەوەی لای سەرەوە، وتم دووبارە دەڵێمەوە، ڕاستە ئەم کتێبە قسە لەسەر دوو ئەزموونی بیرکردنەوە و دوو ویست لە فەلسەفاندن دەکا، بەڵام هیچ وەخت نووسەری ئەم کتێبە ناخوازێ خۆی بخاتە بەرەی بەراوردکاری لە نێوان ئەم دوو ئەزموون و ویستەوە. چونکە لە لایەک لەو بەراوردکارییە شتێک بەپیت بەرهەم ناهێنێ و لە لایەکی تریش ئەو ئامانجە ناپێکێ کە ئەم کتێبە هەڵگریەتی. بەڵکو ئەوی دەکرێ و ئامانجی بنەڕەتی ئەم نووسینەیە دەرخستن و نیشاندانی ویستی فەلسەفاندنە لای ئەو دوو بیریارە کە یەکێکیان بادیو و ئەوی تریش ڤیتگنشتاینە.

خراپ نییە خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیەکە بەناوی دەروازەوە نووسراوە لەو بارەشەوە هۆشیاریی هەبێ کە ئەو ویستی فەلسەفاندنەی، ئەزموونی بیرکردنەوەیەی، تایبەت بەبادیو و ڤیتگنشتاین باس دەکرێ، بەگشتی و بەسەر یەکەوە نییە بەڵکو کۆشش و هەوڵی نووسەر تەنیا بەیەک کاری هزراندنی هەریەک لەو دوو هزرەڤانەوە تایبەت کراوە. بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە پتر ئاشنایەتی لەتەک هەندەسەی نووسینی ئەم کتێبە پەیدا بکا، دەمەوێ لای خوارەوە پۆلکارییەک نیشان دەم کە تێیدا ئەو شێوازە دەخەمە ڕوو کە لە توێژینەوەی ئەو دوو ویستە فەلسەفییە جودایە گیراوەتە بەر.

لە بەندی یەکەمدا گەڕانێک ئەنجام دەدرێ کە مەرام لێی، دەرخستنی ویستی فەلسەفیی فەیلەسوفی هاوچەرخی فەرەنسی ئالێن بادیوە. ئەم گەڕانە سەرەتا بەگەشتێکی زۆر بەرتەسک و چڕ دەست پێ دەکا و بۆ ئەو مەستەش تاوێک بەنێو ڕاز و نیازە فەلسەفییەکانی فەلسەفەی فەرەنسی نوێیدا دێت و دەچێ. ئامانج لەم بەشەی بەندی یەکەم (واتە: دیاردەی بەفەرەنسیبوونی فەلسەفە) بەرچاوخستنی مەسەلەیەکی یەکجار بەهادار و پێویستە، ئەوەش گفتوگۆکردنی دیاردەی باوبوونی فەلسەفەی فەرەنسییە. ئەم فەلسەفەیە کە دۆزێکی تایبەت بەخۆی دروست کردووە، ژینگەی نەشونما و پەرەسەندن و بەردەوامبوونیشی لە ڕێگە مەسەلەی بەدیاردەبوونەکەیەوە ڕوون دەکرێتەوە، بەتایبەت ئەم بەدیاردەبوونە کاری وای کردووە فەلسەفەی هاوچەرخ خوو بەفەلسەفەی فەرەنسییەوە بگرێ.

پاش ئەوەی لە بەشی یەکەمی بەندی یەکەم، بووینەوە ئەوا زۆر بەخێرا دێینە ناو بەشی دووەمەوە (واتە: بادیو و ویست لە "مانفێست بۆ فەلسەفە") کە ئەوەش لە چوار لق پێک دێ. لە لقی یەکەمدا (واتە: بۆ بادیو؟ بۆ مانفێست بۆ فەلسەفە؟) دێمە سەر ئەو وردەکارییانەی کە خوێنەری ئەم کتێبە بەهادارە لێی بەئاگا بێ. لەوێڕا ئەوە زۆر بەکورتی دەخەمە پێش چاو کە چی وای لە من کردووە بادیو و ئەمجار بەرهەمی مانفێستەکەی لە بەرچاو بگرم. هەرکە لەم لقە بوومەوە گورج دەچمە سەر لقێکی تر (واتە: ناساندنی بادیو) کە بەهۆیەوە دەمەوێ سێرکردنێکی هەمەلایەن و وێنەی پانۆرامایەکی، تا ڕادەیەک بەرین و کراوە، لەسەر هزری فەلسەفیی بادیو بخەمە



بەردەست خوێنەر. ئەم ناساندنە کە پێ دەچێ لەسەرێکەوە یارمەتیدەربێ بۆ خستنە بەردەستی کۆیەک لە تێگەیشتن و زانین لەسەر تێکڕای ویستی فەلسەفیی بادیو، یان سیستمی فەلسەفیی بادیو، لەسەرێکی تریشەوە یارمەتی دەرە خوێنەر لەسەر ئەوە ڕابێنێ کە ویستی فەلسەفاندنی بادیو لە گۆڕان و بەرەو پێشەوە چووندایە. هەرچی لقی سێیەمە (واتە: بادیو و مانفێستێک لە پێناوی فەلسەفە)، کە تا بڵێی لقێ جەوهەرییە کۆڵەکەی نیوەی کتێبەکەش پێک دێنێ بەڵام دوا لقی بەندی یەکەم (واتە: شرۆڤەکردنی مەرامی فەلسەفی بادیو لە "مانفێست بۆ فەلسەفە". ویستی بادیو بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی فەلسەفە) بۆ ڕەخنەکردن و بەرچاوخستنی ئەو لایەنانە تەرخان دەکرێ کە لە گفتوگۆکانی لقی سێیەم (واتە: بادیو و مانێستێک لە پێناوی فەلسەفە)دا، بایەخی نەدراوەتێ. کەواتە لەم لقەدا (واتە: شرۆڤەکردنی مەرامی فەلسەفیی بادیو لە "مانفێست بۆ فەلسەفە". ویستی بادیو بۆ سەرلەنوێ دامەزرندنەوەی بادیو) لە ئاستێکی تردا گفتوگۆی ماهیەتی تێزەکەمان دەکەین کە ئەوەش لە لایەک ناوونیشانی کتێبەکە لە خۆ دەگرێ و لە لایەکی تریش خۆی لە نیوەی پڕۆژەی کتێبەکە بریتی دەکا. هەر ئەم لقەش کۆششێکە بۆ ڕاڤەکردنی مەرامی فەلسەفییانەی ئەو ویستەی لە هەناوی "مانفێست" نیشتەجێی کردووە. ئەم لقە کە گرنگی بەتێگەیشتنی بادیو بۆ هەلومەرجەکانی فەلسەفە دەدا ئەو بۆچوونانەش لە خۆ دەگرێ کە "مانفێست" لەمڕۆوە پێی ئاشنایە کە ئەوەش: ڕێگرتنە لە دۆکتورینی (باوەڕی) کۆتایی فەلسەفە، بناغەدانان بۆ فەلسەفەکردن یان ڕێگەخۆشکردن لە بەردەم ویستی فەلسەفاندن، خولیابوون بەدیدی "پێویستی بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فەلسەفە". بەڵام هەموو ئەم هیوایانە وەک خۆی لە ""مانفێست"" هاتوونە دی؟ ئایا پاش مانفێست بادیو لەسەر هەمان تێندێنسی، ئاراستەی، مانفێستاویی خۆی بەردەوامە؟ ئایا بادیو دوا فەیلەسوفە و گشت ئامۆژگاری و بینینەکانی شایانی ئەوەن جێی باوەر و متمانە بن؟

گەر زۆر بەکورتی و زۆر لاوەکییانە بێمە وەڵام، ئەوندە دەڵێم کە مانفێست یەکێکە لە کارە فەلسەفییەکانی بادیو و ڕۆژئاوا، بۆیە ئەوی بادیو لە مانفێستدا ڕانەگەیشتووبێ ڕوونی بکاتەوە لە کارەکانی پاشتری (بۆ نموونە پۆلیمیک،

ميتاپۆليتيک، ئيتيک) ڕوونكردنەوەی لە بارەوە داوە يان ئەوی تەنانەت بەگشتی باديو تا هەنووكەش پێی ڕانەگەیشتبێ ڕوونی بكاتەوە ئەوا لە قوژبنی ئەم جیهانە، یان لە جیهانی ڕۆژئاوا كە كردەی فەلسەفەكردن مۆنۆپۆلی دەكا، ڕوونكردنەوەی لە بارەوە دراوە یان دەدرێ. بەڵام بادیو لە نووسین و وانەكانی پاش مانفێست زۆر لە هێڵی سەرەكی مانفێستەوە دوور نییە و بگرە بادیو بەگشتی تا ئەمڕۆ گەشە بەو سیستمە فەلسەفییە دەدا كە لە ""بوون و ڕووداو""، ساڵی ١٩٨٨ نووسراوە، وە سەرەتای هاتووە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی قووڵبوونەوەی بادیو هەر جارە و لە گرفت و دیاردەیەک یان پرسیارێكی فەلسەفی. هەرچی سەرنجیشمە لە بارەی ئەو پرسیارەوەی كە ئایا بادیو دوا فەیلەسوفە و گشت ئامۆژگاری و بینینەكانی شایانی ئەوەن جێی باوەڕ و متمانە بن؟ بۆ ئەوە دەچم كە پێم وا نییە بادیو هیچ كات خۆی وەک دوا فەیلەسوف نیشان دابێ، بەڵكو ئەوە بادیویە بۆ ئەوە دەچێ كە هەڵەیە فەیلەسوف خۆی وەک دوا فەیلەسوف یان فەلسەفەكەی وەک دوا فەلسەفە بخاتە ڕوو. بەڵكو لەبری ئەوە لە گفتوگۆدایە لە لایەک لەتەک دۆزی هەنووكەیی جیهان و لە لایەكی تریش لەتەک دۆزی فەلسەفیی پێش خۆی. بەڕەخنەكانی لە هەردوو دۆزی ناوبراو فەلسەفەیەكی هێناوەتە كایەوە كە لە گەرووی فەلسەفی خۆیەوە نزیكە و تا ئەوپەڕیش دژایەتیی ئەو بێباكی و سوفستاییەتە دەكا لە هزر و فەلسەفەی نوێدا، شوێنی بۆ خۆی مسۆگەر كردووە. ئەمەش بەڕەخنەكانی لە ئەندازیارانی بیری پاش تازەگەری و فەلسەفەی لۆژیک و لەو پۆلە فەیلەسوفە دژە (ئەنتی) ئەفلاتوونیەش كە گۆڕەپانی فەلسەفی ڕۆژئاوایان داگیر كردووە. ئەم پۆلە فەیلەسوفە دژە ئەفلاتوونیانە كە بكوژی هزرن نوێنەر و زمانحاڵی سوفستایەكانی یۆنانی كۆنن و بەرپرسیاریشن لەو بێباكییە هزرییەی هزر و بیركردنەوە تێی كەوتووە. بەڵام ئەوەی بیری بادیو دەشێ جێی متمانە و باوەڕ بێ یان نەبێ ئەوە بۆ خودی ئەو كەسە دەگەڕێتەوە كە كارێكی بادیو یان هەر فەیلەسوف و هزرەڤانێ بەدەستەوە دەگرێ جا ئەو كەسە توێژەرەوە بێ یان خوێنەری ئەماتۆر. چونكە نە بادیو دوا وتنی لە بارەی فەلسەفەوە پێیە و نەش دوا چارەسەری فەلسەفیی بۆ كێشە سیاسی و ئیتیكی و ئێپستمۆلۆژییە چركەیی و هەنووكەییەكان. ئەمە ڕاستییەكە ناشێ و ناكرێ خۆمانی لێ بدزینەوە.



مایەوە لێرەدا و تایبەت بەو بەندەی تایبەتە بەبادیو ئەوەش بوترێ كە، بۆ ئەوەی گشت ئەو شتانەش ئەنجام بدرێ كە مەبەستە دەستیان لێ وەربدرێ، كە لای سەرەوە ئاماژەیان پێ درا، بەپێویستی دەزانین بگەڕێینەوە سەر تاكە بەرهەمێكی ئەم بیرمەندە كە بۆ ئێمە بەڕوونی ئەو ویستە لە خۆ دەگرێ كە لە لایەک لە بیری فەلسەفیی بادیو خۆی مەلاس داوە و لە لایەكی تریش ئەوی ئێمە نیازمانە گفتوگۆی كەین. واتە دەستنیشانكردنی ویستی فەلسەفیی بادیو كە بەخۆی بریتییە لەو شتانەی لای سەرەوە بەرچاو خران كە یەک لەوانە مەسەلەی"" سەرلەنوێ پێكهێنانەوەی فەلسەفە""یە بەڵام ئەم سەرلەنوێ پێكهێنانەوەیە بەپێی دیتنی بادیو دەبێ خۆی لە یەككگرتنەوەی هەلومەرجەكاندا ببینێ، واتە ئەو هەلومەرجانەی كە بەبۆچوونی ئەو فەلسەفە پێک دێنن، كە ئەوانەش بریتین لە هەلومەرجی شیعری (كە جاری وایە ناویشی دەنێ هونەری)، سیاسی، خۆشەویستی (كە لێرە مەبەست دڵداری و ئەوینە) هەروەها زانستی (كە ناوی ماتماتیكیشی لێ دەنێ).

كەوابێ ئەو نووسینەی دەكرێ بەبناغە بۆ گفتوگۆكردنی ویستی فەلسەفیی بادیو كتێبی (مانفێست بۆ فەلسەفە)یە، (كە بەباوەڕی من دەشێ بەمجۆرەش وەرگێڕدرێ: مانفێست لە پێناوی فەلسەفە)، كە لە ساڵی ١٩٨٩ لە چاپخانە هاتووەتە دەر. لەبەرئەوەی بۆ یەكەم جار كتێبی ""مانفێست بۆ فەلسەفە""م بەڕووسی خوێندووەتەوە و كارم لەسەر كردووە لە گفتوگۆكردنەكانمان تایبەت بەویستی فەلسەفی بادیو نوسخە ڕووسییەكەم، بەسەرچاوە وەرگرتووە كە لەساڵی ٢٠٠٣دا لە ڕووسیا، لە فەرەنسییەوە وەرگێڕدراوە. وەرگێڕاوەكە كە هەر بەناوی"" مانفێست بۆ فەلسەفە""یە لە كۆتایی كتێبەكە پاشكۆیەكیشی بەدوادا هاتووە كە لە چەند تێكستێ پێک دێ. بەشی یەكەمی ئەو پاشكۆیە لەو نووسینانە پێک دێ كە بەكۆنفراسێكەوە تایبەت بووە كە لە بارەی بادیو بووە. لەوێدا بادیو لە بارەی نووسینە سەرەكییەكەیەوە دەدوێ كە ناوی""بوون و ڕووداو، ١٩٨٨ " " لە خۆ دەگرێ كە لە لایەن دەستەی لە بیریارانی فەرەنسییەوە (فیلیپ لاكۆ- لابارات، ژاک ڕانسیێر، ژان _ فرانسوا لیۆتار) گفتوگۆ دەكرێ و دواتر ئەو وەڵامەش هەر لەگەڵ ئەو پاشكۆیەدا وەرگێڕدراوەتە سەر ڕووسی كە بادیو لەو بارەیەوە داویەتیەوە. هەرچی بەشی دووەمە

له دوو تێکستی فەلسەفیی زێدە گرینگ پێک دێ کە بۆ من مانای خۆی لە ڕوونکردنەوەی ئەو دێباتانەدا دیوە کە بادیو لە نووسینی ""مانفێست""دا خستوونیە ڕوو. ئەو دوو نووسینەش بریتین لە ""گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی"" و لە "" پێناسەی فەلسەفە"" کە لە لایەک دوو نووسینی زۆر کورتن و لە لای دیش لە پاش نووسینی مانفێستیشەوە نووسراون (١٩٩١– ١٩٩٠). ئەوەی وای لێ کردووم ئەو دوو نووسینە پەیتا پەیتا لە گفتوگۆکردنەکانم بەکاربەرم ئەوەیە کە ئەو پرس و تێڕامانانەی لەم دوو نووسینەدا بەدی دەکرێن لە گەڵێک جەمسەرەوە لەگەڵ نووسینی ""مانفێست""دا هاوناواخنن و یەکیش دەگرنەوە بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بەواتای فەلسەفەوە هەیە لە خودی خۆیدا. بەڵام دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە سەبارەت بەو دوو نووسینەی ناوی هات گەڕاومەتەوە سەر وەرگێڕانە ئینگلیزییەکە کە لە وەرگێڕانی یەکێ لە قوتابیە فەلسەفییەکانی بادیویە کە بەخۆی ئەکادیمیکارێکی کەنەدیی فەرەنسی زمانە. بەناوی نۆرمان مەداراز. وەکی تریش لە لایەک بۆ پتر بەرینکردنی ڕووبەری ڕامان و سێرکردنەکانی ئەم کتێبە و لە لایەک تریش بۆ پتر گەیشتن لە گوزارە فەلسەفییەکانی بادیو و سیستمی فەلسەفیی ئەم بیرمەندە، فەرەنسییە بەپێویستم زانیوە بچمەوە سەر ئەو پێشەکییەی وەرگێڕی ناوبراو (واتە نۆرمان مەداراز) بۆ نوسخە ئینگلیزییەکەی کتێبی"" مانفێست بۆ فەلسەفە""ی نووسیوە. هەروەها بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوەش کەم کە لەودەم و وەختەی سەرقاڵی ئەم کتێبە بوومە نوسخەی هەمان کتێبی بادیو بەزمانی سویدیش (لە کۆتای ٢٠٠٥ دا) بەچاپ گەیەندراوە. ئەوەی بۆ من سەبارەت بەنوسخە سویدییەکەی کتێبی ""مانفێست بۆ فەلسەفە""شوێنی تێبینییە دوو شتە. شتی یەکەم ئەوەیە کە سوودم لەو پێشەکییە وەرگرتووە کە لە لایەن "داریوش موعاوەن دۆست"وە نووسراوە و لەتەک نوسخە سویدییەکەی ""مانفێست""دا بڵاو کراوەتەوە، کە ئەم پێشەکییە خۆی وەک دەروازەی پانۆرامای تایبەت بەسەرجەم هزری فەلسەفیی بادیو دەردەخا. هەرچی شتی دووەمە ئەوەیە کە تێکستی""ئەویندارى چییە؟""ی بادیو کە لەیەک کتێبدا لەگەڵ تێکستی"" مانفێست""دا بەزمانی سویدی بڵاو کراوەتەوە لەو شوێنەی لە نووسینەکەم باس دێتە سەر بۆچوونی بادیو بۆ دڵداری (خۆشەویستی) کە بەخۆی



خودی واتای دڵداری لە"" مانفێست""دا یەکێکە لە ڕەکیزەکانی بنیاتنانەوەی فەلسەفە و یەکێکیشە لە بوارەکانی دروستکردنی ڕاستی فەلسەفی، سوودم لێ وەرگرتووە. پێویستە ئەوەش بوترێ کە ئەم کارەی بادیو دووەم کاری فەلسەفی بادیوە کە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی سویدی، پێشتر و لە ساڵی ١٩٧١ کارێکی کراوە بەسویدی بەناوی""واتای مۆدێل: دەروازە بۆ ئێپستمۆلۆژیایەکی ماتریالیستی بۆ بیرکاری، ١٩٦٩"" کە لەوێ بادیو خۆی وەک ماتماتیکار (بیرکار) فەلسەفی دەردەخا. پێم وابێ ئەم لایەنەش کە بادیو لەو کتێبەدا سەرقاڵە پێوەی زۆر لە نەریتی فەلسەفیی نێوەندی ئەکادیمیی سویدییەوە نزیکە، بۆیە کراوەتە سویدی.

هەرچی بەندی دووەمی کتێبەکەیە بەدیاریکردنی ویستی فەلسەفیی فەیلەسوفی نەمساوی (ئینگلیزی) لودڤیگ ڤیتگنشتاینەوە تایبەتە. ئەوی لەم بەندەدا باس دەکرێ و دەبێ بەکۆڵەکە بۆ ئەو ڕاڤەکردنەی نیازمانە ئەنجامی بدەین ویستی ڤیتگنشتاینە لە یەکێک لە کارە فەلسەفییەکانی کە ناوی ""تراکتاتۆس لۆژیکو– فیلۆسوفیکۆس، ١٩١٨ "" لە خۆ دەگرێ کە بەخۆی یەکەم کاریەتی و تاکە کاریشیەتی کە پێش مەرگی چاپ کراوە. بەمجۆرە ئامانجی ئێمە لەم بەندەدا دۆزینەوەی ویستی فەلسەفاندنە لای ئەم بیرمەندە نەمساوییە. پێ دەچێ، بەخۆی هەر واشە، خستنە ژێر باسی ویستی ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفاندن لە ""تراکتاتۆس"" و دەستنیشانکردنی خواست و ئامانجی ئەم کارە فەلسەفییە لە فەلسەفەکردن تا بڵێی سەخت و دژوار بێ. ئەم لایەنە کە ڤیتگنشتاین پێی ناسراوە لە تراکتاتۆسەوە دەست پێ دەکا. ""تراکتاتۆس"" کە سەرەتای فەلسەفەکردنی ڤیتگنشتاینە، شوێنێ یەکجار بەپیتیشە بۆ ئەوانەی بیانەوێ لە ویستی ئەم فەیلەسوفە دژوارکارە بگەن. من لە زاری خۆیەوە، لەم سەرەتایەوە، جیایی و سەیریی ئەم بەرهەمە فەلسەفییە ڕوون دەکەمەوە. ڤیتگنشتاین لە نامەیەکدا، کە لە ١٩٢٠کاندا بۆ (لوڤیگ ڤۆن فیکر)ی نووسیوە کە ئەم پیاوە ئەو دەمە خاوەنی چاپخانەیەکی ناودار دەبێ لە نەمسا، دەڵێ: خاڵی سەرەکیی کتێبەکەم (واتە تراکتاتۆس) ئێتیکە. کتێبەکەم لە دوو بەش پێک دێ: یەکەمیان ئەوەیە کە لە بەر دەستدایە و بەشی دووەمیشیان ئەوەیە نەنووسراوە کە بەخۆی ئەو بەشەیانە کە گرینگە. بەمجۆرە بێ، من ویستی فەلسەفیی فەیلەسوفێک بەرباس دەخەم کە جارێک

نەنووسراوە ئەمەش بەڕاستی کێشەیەکە و دەشێ ناو بنرێ کێشەی ڤیتگنشتاینیانە و بۆچوونێکی ڤیتگنشتاینیانەشە بۆ نووسین و ئەمجار نووسینی فەلسەفی. بۆیە بێ مانا نییە بڵێم ئەگەر من هەر لەم سەرەتایەوە خۆم دووچاری ئەستەمی و دژواری کردبێ کە لە بناغەدا لێی بەرپرسیار نیم و بگرە ئەوە شێوازی فەلسەفەکردنەکەی ڤیتگنشتاینە ئەو دۆخەی بۆ من هێناوەتە پێش. ئەم دۆخە کە کەشێکی تەواو جیا و سەیری لە نێو نووسینەکە دروست کردووە تا بڵێی هەوڵم داوە بەسەریا زاڵ بم و ئەمەش تەنیا بەکۆششکردن بۆ گۆڕین و بەشایستەکردنی ئەو شێواز و شێوە کارکردنەی لە ""تراکتاتۆس""دا پەنهانە. گەر ئەو کۆششەش نەبایە، کە بەرهەمی تێڕامان و بیرکردنەوەی خۆمە لە هزری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین و ئەو ویستە فەلسەفییەی لە درزەکانی ئەم هزرە فەلسەفییەدا ئامادەیە، ناشیاو بوو ئەم نووسینە بێتە بەرهەم.

بەندی دووەم کە بەسەر چوار بەشدا دابەش دەبێ لە بەشی یەکەمدا، واتە ژینگەی نووسینی"" تراکتاتۆس""، سەرەتا وێنەی لەسەر ڤیتگنیشتاین و ژینگەی نووسینی ئەم کارە فەلسەفییەی ئەم بیرمەندە لۆژیکەوە بەردەست دەخەم و هەروەها جیاوازی نێوان ئەم کارە و کارە ناودارەکەی تری زۆر بەکورتی بەسەر دەکەمەوە کە بریتییە لە خستنە ڕووی ڕوونکردنەوەیەکی چڕ لەسەر دژە جەمسەری نێوان ""تراکتاتۆس""، وەک کاری سەردەمی لاویی ڤیتگنشتاین و، ""توێژینەوە فەلسەفییەکان""، وەک کاری سەردەمی پیری. دواتر دێمە سەر بەشی دووەم، واتە پوختەی بیری ڤیتگنشتاین لە"" تراکتاتۆس""دا، کە ئەوەش بەخستە ڕووی پوختەی بیری ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس تایبەت دەکرێ. ئەم خستنە ڕووە لە ڕووی مێتۆدییەوە مانای تایبەتی خۆی بۆ ئەو ڕەخنانە هەیە کە پاشان لە بەشی سێیەمی نووسینەکەمدا دێمەوە سەری. ئەڵبەتە وای بۆ دەچم، بەبێ ئەم خستنە ڕووە، خوێنەر ن هکارێ نە لە پرۆسێسی دواتری نووسینەکە بگا و نەش لەو گومرایی و ناسانایییانەی کە بەبینینی من لە ""تراکتاتۆس""دا حەشار دراون. لە بەشی سێیەمدا، واتە تراکتاتۆس و کردەی فەلسەفەکردن، وردتر دێمەوە سەر ئامانجی نووسینەکەم و ڕوونکردنەوەی پێوەندیی نێوان تێزی سەرەکیی نووسینەکەم (واتە: کردنەوەی شیاوی لە بەردەم



فەلسەفەکردندا، یان پێویستی بۆ ویست بۆ فەلسەفاندن) و نووسینی ""تراکتاتۆس "" وەک بەرهەمێکی فەلسەفی دژواری هێنەر. هەرچی بەشی چوارەمە، واتە ڕۆشنبیریی فەلسەفیی ئێمە و تراکتاتۆس، بۆ وتن لەسەر پێوەندیی ڕۆشنبیریی فەلسەفیی ئێمە (ئێمەی کورد مەبەستە) و تراکتاتۆس تەرخان کراوە کە بەهۆی ئەم بەشەوە ئەوە نیشان دەدەم، ئێمەی کورد نەک هەر بەتراکتاتۆس ئاشنا نین، بەڵکە بەگشت فەلسەفەی ڤیتگنشتاینیش ئاشنا نین و تەنانەت لەوە ترسناکتریش بەسەرجەم نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیش ئاشنا نین کە فەلسەفەی ڤیتگنشتاین بەشێکە لێی، یان ئەم فەلسەفەیە هیچ نەبێ لە ماوەی ئەم ٥٠ ساڵەی دواییدا، مانای بۆ پەرەسەندن و نەشونمای گەلێ لە دیتن و ڕاڤەکردنەکانی ""تراکتاتۆس ""دیوە. بۆیە ئەم بەشەی نووسینەکەم دابەشی سێ لایەن دەکەم کە هیوادارم بەهۆیانەوە زەمینە بۆ وتن لە بارەی ڕۆشنبیریی فەلسەفیی ئێمە (خۆمان) و تێکستی فەلسەفیی تراکتاتۆس بسازێنم. ئەو سێ لایەنەش ئەمانەن: یەکەمیان ئاوازی فەلسەفیی تراکتاتۆس بەگەرووی ڕووناکبیریی ئێمە، نامۆیە و دووەمیش ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە سەر بەنەریتی فەلسەفی دیاریکراو نییە و سێیەمیش تێ هزرینێک لەمەڕ دەربڕینێکی یاریئامێزی وەک"" لەو نووسینە حاڵی نابم"". بەهۆی ئەو سێ لایەنەوە دێمە سەر باسی هەندێک گرفت و دیاردەی فەلسەفی کە مانای خۆیان بۆ وتنی فەلسەفیی لەمەولامان پێ دەچێ ببێ. بەڵام دوا بەشی ئەم بەندەی تایبەتە بەتراکتاتۆس بەو پەڕەگرافە کۆتایی دێ کە بەناوی چەند سەرنج و دەرخستەیەک نووسراوە کە لەوێڕا ئەو دەرئەنجامانە دەخرێنە ڕوو و ئەو ئاکامانەش پێش چاو دەخرێن کە لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە پێی گەیشتووم.

لە دوایین بەشی ئەم کتێبەش بەپێویستی دەزانم لێکسیکۆنێکی فەلسەفیی ئینگلیزی – کوردی بخەمە بەردەست خوێنەر کە ڕەنگە لە هەندێک ڕووەوە یارمەتیدەر بێ، بۆ تێگەیشتن لە مانا و ڕێفرێنسی ئەو وشە و واتا و زاراوانەی لە نووسینەکەدا هاتوون. بەخۆی ئاسانییە و بگرە یەکجار سەخت و ناساناشە ئەم جۆرە کتێبانە بکارن، کتوپڕ خوێنەر لە خۆیان نزیک کەنەوە بەتایبەت ئەو دوو فەیلەسوفەی (بادیو و ڤیتگنشتاین)، ئێمە پشکنین لە بیر و دیتنیان دەکەین و بەهۆی

دوو کاری فەلسەفیشەوە ئەم ویستە دەخەینە پێش چاو لە نێو نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد و هەوادارانی فەلسەفەش ناسراو و دیار نین. واتە ناوی ئەو دوو فەیلەسوفە تا ئێستا گۆ نەکراوە و ئەوەش پێی دەڵێن نووسینی نوێی کوردی تا هەنووکە بەسیستمی هزر و ویستی بیرکردنەوەی ئەو دوو فەیلەسوفە ئاشنا نییە. ڕەنگە ئەم لایەنە گرفت بۆ تێگەیشتن لە ئەسڵی تێزەکانی ئەم توێژینەوەیە یان لە خودی بیری ئەو دوو فەیلەسوفە دروست بکا بەڵام ئەمە کێشەیەکی تاکی و لە هەمان کاتیشدا دەستەجەمعییە و پێویستی بەکۆششێکی سەرانسەریی هزرییە کە هەمووان دەبێ بەشدار بین تێیدا.

دوا وتنیشم لەم ڕووەوە ئەوەیە کە مرۆڤ ناکارێ کتێبی فەلسەفی لە ئاستێکدا بنووسێ کە عامەی خەڵک لێ بگا یان کارێ وا بکا کە ئەو کتێبە گشت (ماس) لێی حاڵی بێ. چونکە ئەوە مەرج نییە و ناشێ نووسینی کتێبی فەلسەفی ئاوا مەرجدار بکرێ. لەبەرئەوەی ئاشکرا و ڕوونە گشت کتێبێکی یان کارێکی فەلسەفی کە لە پێناو ئامانج و مەرامێکی دیاریکراودا دەنووسرێ کۆششێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە فەلسەفییانەی ئەم کارە فەلسەفییە لە بەرهەمهێنانیاندا بەشدارە. هەر سەبارەت بەهەمان شت، ئەوەش دەڵێم کە سەختە ئەم لایەنە بێتە دی، واتە ئەوەی کارێکی فەلسەفی گشت بکارێ لێی حاڵی بێ. چونکە هەموو بەرهەمێک، کارێکی فەلسەفی پشت بەگراوندێک دەبەستێ یان دەکرێ بوترێ کە هەمیشە گراوندێک لە پشت تێکڕای نووسینە فەلسەفییەکانەوەیە کە ناشێ زۆربە لێی بگا، بۆیە هەمیشە بۆچوون و دیتنەکانی کارە فەلسەفییەکان وەک یەک گشت لێی ناگا و وەک یەکیش هەر هەموو پەسندی ناکەن. ئەمەو نابێ ئەو کێشانەش لە بەرچاو ون کەین کە خوێنەری بابەتی فەلسەفی بەزمانی کوردی لە کاتی خوێندنەوەی کتێبە فەلسەفییەکاندا دووچاری دەبێ کە بەشێک لەوانە ئەمانەی لای خوارەوەن:

١– خوێنەری کورد لەسەر خوێندنەوەی بەرهەمی فەلسەفی ڕانەهاتووە، یان تەنیا دەقی بەخوێندنەوەی یەک دوو جۆر لە فەیلەسوف و یەک دوو جۆر لە تێکستی فەلسەفییەوە گرتووە، بەتایبەت ئەو بەشەی یان زۆر سیاسییە! یانیش زۆر ئەدەبی –وێژەیی–یە.



٢– خوێنەری کورد زۆر بەوە ئاشنا نییە کە فەلسەفە بوارێکە لە زانین و ئەو تەماشایەشی لا دروست نەبووە کە فەلسەفە بوار و پۆلێکی کاریگەر و وروژێنەرە و ڕۆڵیشی لە گۆڕینی ژیانی تاک و کۆمەڵگە و پرۆسێسی بەمانادانی مانەوەی ئەم تاک و کۆمەڵگەیەش هەیە.

٣– دروست نەکردنی پێوەندی لە نێوان فەلسەفە و زانستە تەجریبییەکان (فیزیا، ماتماتیک–بیرکاری–، کیمیا، بایۆلۆژی–زیندەوەرزانی– و فسیۆلۆژی–کارئەندامزانی–) یەک لەو کێشانەیە لە ناو نووسەرانی کورد بایەخی نەدراوەتێ. وەکی تریش خوێنەرانی نووسینی فەلسەفی بەهیچ جۆرێک حەوسەڵەی خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەیان نییە کە لە بواری زانستە تەجریبییەکان دەنووسرێن. وەکی تریش هەر نەشبووە بەنەریت نووسەر و ڕەخنەگرانی کورد ئەو بایەخەیان بەنووسینی فیزیایی، فسیۆلۆژی و ماتماتیکی و تەنانەت لۆژیکیش دابێ، ئەمەو بگرە دەرکیان بەوەش نەکردووە کە دەمێکە، بگرە لە ئەفلاتوونەوە، پردێک لە نێوان فەلسەفە و زانستە تەجریبییەکاندا دروست بووە. ئەم کێشەیە چەند بەوانەوە پێوەستە کە دۆستی نووسین و ڕەخنەن، ئەوەندەش بەوانەوە پێوەستە کە هەڵگری شارەزایی و زانینن لە بواری زانستە تەجریبییەکاندا. واتە ئەوانەی لە ناو ئێمە بەزانستە تەجریبییەکانەوە سەرقاڵن تاک و تەرا نەبێ حەوسەڵەی دەست و پەنجە نەرمکردنیان لەتەک نەک هەر فەلسەفەدا نییە بگرە هەر بەگشتی چارەی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیشیان ناوێ.

٤– چەند گرینگە فەلسەفە بەزانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە پێوەندیدار بێ، ئەوەندەش گرینگە فەلسەفە لەو پێوەندییەدا خۆی بێ و لە ناو زانستی تردا نەتوێتەوە. پیشم وایە ئەو دەمە لە فەلسەفە خستنی فەلسەفە یان، وشکبوونی کردەی فەلسەفاندن، لە ناو ئێمە دەستی پێ کرد کە فەلسەفە بەئەدەب (وێژە) و ڕۆژنامەوانی و مێژوو و، لەم دواییەش بەکۆمەڵناسی، بەلەجیاتی کرا. ئەمەش وا دەکا بڵێم: پرۆسەی لە فەلسەفە خستنی فەلسەفە لە ناو ئێمە کارێکی ئەوتۆی کردووە ئەوەی پێی دەڵێن هزراندن لە بابەتی تێڕامان و گفتوگۆ نەبێ. نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەو دەمەی فەلسەفە لەوە دەخرێ کە هەیە، ئیدی شوێنێک بۆ هزر و

بیر، لە ناو وتن و نووسینەکانماندا ئەستەمە بدۆزرێتەوە. ئەمەش تا ئەندازەیەک ناواخنی ئەو سەرگەردانی و گەندەڵییەی وتاری ڕووناکبیریمان لە هەنووکەدا پێوەی دەتلێتەوە.

٥- واتە دابڕانی فەلسەفە لە بیرکردنەوە، یان بێ ئاگابوون لەوەی فەلسەفەکردن واتە بیرکردنەوە، لە ئەمڕۆدا کێشەکی هەرە گەورەیە لە بەردەم خوێنەرانی نووسینی فەلسەفی لە کوردستان. هەروەها جیانەکردنەوەی فەلسەفە لە کولتوور و، شتی فەلسەفیش لە شتی کولتووری، بەهەمان قەبارە کێشەیەکە بابەتی قسەکردنە. چونکە ئەو لافاوی نووسینەی ئازادیی ڕۆژنامەوانی هەڵی داوینەتە ناوی وای لێ کردووین نەک هەر نازانین چی سەر بەچ پۆل و بوارێکە، بەڵکو ئەوەش نازانین کە نووسینەکانمان هیچ سامێکیان نییە.

٦- چەند خەمێکی گەورە و لە ڕادەبەدەر دراماتیکییە کە نووسینی نوێی کوردی بێ سامە. ئەم بێ سامییەی نووسینی کوردی بەئازادیی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوەی زۆر چارەسەر نابێ. بەڵکو بەوە چارەسەر دەبێ بەشێک لە ئێمە خۆی بۆ کاری هزرەڤانی تەرخان بکا و لەوە بکەوێ تەنک و پەرت و بێ ئامانج بیر بکاتەوە. ئەمەش هێشتا بەس نییە بۆ گەڕانەوەی هەیبەتی نووسین. چونکە نووسینی ئێمە بۆ ئەوەی لەمەولا سامی هەبێ دەبێ خۆی بۆ ئەوە تەرخان بکا بەدووی چارەسەرکردنی گرفت و پەتاکاندا وێڵ بێ. ئەمەش ناشێ بکرێ گەر ئێمە خاوەنی هزر و لەشێ خاوێن و تەندروست و پاک نەبین. بیر خاوێنی تەنیا بەساغ و سەلامەتیی فسیۆلۆژییەوە گرێ نەدراوە بەڵکو بەوەشەوە گرێ دراوە کە دەبێ ئەو بارە زۆر و کۆنەی هەڵمان گرتووە دای بنێین و خۆمان سووک و ئامادە کەین بۆ گەشتێ تر و گەڕۆکییەکی جودا . ئەمەش دیسانەوە بەس نییە، چونکە ڕابردوومان کە پڕە لە بێباکی و بەرەنگاربوونەوە و ئێستاشمان لێوانلێوە لە گەندەڵی و پراگماتیزم، پێویستە تا زووە لەم ڕابردوو و ئێستایە، دەرباز بین و خۆمان بۆ هەڵوێستسازی و بەرپرسیاریەتی و بڕیاردان و جێبەجێکردن تەرخان بکەین. وەکی تریش ئێمە ناکارین سام بۆ نووسینی کوردی بگەڕێنینەوە، گەر گشت شار بنووسێ. پاشان چۆن دەکرێ نووسینەکانمان سامدار بن، لە کاتێکدا ئێمە لەوە



نەگەیشتووین نووسین کارێکی کاریگەر و پڕ لە مەترسییە. چونکە نووسین دەتوانێ گۆڕان بخاتەوە و بەشداریش لە داڕشتنی چارەسەر و ڕێکخستنی پێوەندییەکان بکا.

٧- لە ڕێگەی هەندێ هەوڵی پەرت و نایەکانگیر و بێ هیواوە ئەندێشەی بەشێکی لە خوێنەرانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە کوردستان بەرەو تەنگەتاوی و بێباکی و هیچگەرایی براوە کە بەباوەڕی من ئەو هەولانە جۆرە تێگەیشتنێکی سوفستایی و نەزۆکیان هێناوەتە پێشێ کە گوایە فەلسەفە لە قۆناغی پاش فەلسەفە یان فەلسەفە لە دەموەختی کۆتایی هاتن و سەرەمەرگدایە. ئەم لایەنە کە ڕاست نییە و، ئێمەی کورد لە گشت کاتێک زیاتر پێویستمان بەوەیە ویستی فەلسەفاندن تیاماندا سەوز بێ، دەبێ و گرینگە مەیلی بیرکردنەوە و، فەلسەفییانە بیرکردنەوە، بووبووژێنینەوە. بۆیەشە وا دەڵێم چونکە کۆتای فەلسەفە، کۆتایی بیرکردنەوە و هزراندنە، بەڵام ئایا مرۆڤایەتی بەوە گەیشتووە پشت لە فەلسەفە، بەواتایەکی تر، لە هزراندن و بیرکردنەوە بکا؟ باوەڕ ناکەم و دڵنیاشم بەشێکی زۆر لە خوێنەرانی ئەم نووسینە کۆک و هاودەنگن لەتەک ئەوی لەم ڕووەوە دەیڵێم.

بەهاری ٢٠٠٦

ستۆکۆڵم

# ئامانج و میتۆد

له ڕێگەی ئەم چەند دێرەوە، دەمەوێ ئامانجم له نووسینی ئەم کتێبە دەستنیشان بکەم و ئەو میتۆدەش بەرباس بخەم کە پشتم پێی بەستووە. بۆ ئەوەی ئەوەش بکەم، بەپێویستی دەزانم بپرسم: ئامانجم له نووسینی ئەم کتێبە چییە؟ بەهۆی ئەم کتێبەوە دەمەوێ باس لە چ کێشەیەکی فەلسەفی بکەم؟ هەروەها چ چارەسەرێکی فەلسەفیم بۆ ئەو کێشە فەلسەفییە (فەلسەفییانە) بەدەستەوەیە؟ ئەمانە ئەو نەختە پرسیارانەن کە بەهۆیانەوە نیازمەندم ئامانجی نووسینەکەمی پێ دەستنیشان بکەم.

سەبارەت بەئامانج له نووسینی ئەم کتێبە و ئەو کێشە فەلسەفییەی، یان ئەو کێشە فەلسەفییانەی، بەهۆی ئەم نووسینەوە دەشێ بەرباس بخرێن، بەم شێوەی لای خوارەوە، وەڵامەکان بەر ڕاڤەخستن دەخەم.

تێزی سەرەکی لەم نووسینە فەلسەفییەدا سێ لایەنییە. لایەنی یەکەم بریتییە لەوەی چۆن کاکڵی هزر و بینینی فەلسەفەی فەرەنسی ئەم چەند دەیەی دوایی دەستنیشان کەم. ئەم لایەنەش لەو نووسینە چەند لاپەڕەییە ڕوودەستی خوێنەری دەخەم کە لە ژێر ناوی بەفەرەنسیبوونی فەلسەفە نووسراوە. ئەم لایەنە کە پەیتا پەیتا لە دوو لایەنی دواتریشدا گەرای داناوە بەرەو ئەو هەڵوێستگرییە فەلسەفییەش دەبەم کە لە سەرجەم پڕۆژەی کتێبەکەدا خۆی چەقبەستوو کردووە کە ئەوەش ویستی فەلسەفاندنە. لایەنی دووەم ئەوەیە کە چۆن ئەو ویستە بەر توێژینەوە بخەم کە لای بیریار گەلێک وەک بادیو و ڤیتگنشتاین ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە فەلسەفەندن لای بادیو بەچوار هەلومەرجەوە (زانست، هونەر، سیاسەت و خۆشەویستی) پشت بەستووە کە ئەم هەلومەرجانە چوار بوار (پۆل) پێک دێنن، کاریان پێکهێنانەوەی فەلسەفەیە و، بادیو ئەمەشی لە نووسینێکیدا خەملاندووە کە بووەتە خۆراکی



گفتوگۆکردنەکانی بەشی هەرە زۆری بەندی یەکەمی ئەم کتێبە. هەرچی دوا بەشی بەندی یەکەمیشە ئەوا هەوڵێکە بۆ هزراندن بەسەر ویستی فەلسەفیی ئەم بیریارەوە. ئەم هزراندنە کە بۆ نووسەری ئەم کتێبە زێدە جێی مەبەست و تا بڵێی پێویست بووە ڕوویەکی تری ئەو تێزە سەرەکییە نیشان دەدا کە بووە بەهەوێنی فەلسەفی ئەم نووسینە، واتە ویستی فەلسەفاندن. وەکی تریش گشت بەندی یەک دەرگا لە ئاخاوتنێکی سەرمەدی فەلسەفی دەکاتەوە کە بەهەموو جۆرێک پیێ لەسەر پێویستی بۆ کردەی فەلسەفاندن دادەگرێ کە ئەم لایەنەش کۆششێکە بۆ پایان هێنان بەو بیرۆکانەی باس لە کۆتاییی هزراندن دێننە پێشەوە. ئەگەرچی ئەم لایەنە لە تێکڕای تەقەلاکانی هەردوو بەندی ئەم کتێبە بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لە دوایین باردا نەبووە بەتێزێک سەرەکی بۆ قسەکردن.

بەڵام ئەوی بەبەندی دووەمەوە تایبەتە ئەوەیە کە لایەنی سێیەم لە خۆ دەگرێ. لایەنی سێیەم زۆر لە لایەنی یەکەمەوە نزیکە (واتە ئەو تێزەی لەمیانەی گفتوگۆکردنی بادیو وە بەرباس دەخرێ) بەڵام بەهەندێ جیاوازییەوە کە ئەوەش بەهزراندن و فەلسەفەکردنەکانی ڤیتگنشتاینەوە تایبەتە. چونکە ڤیتگنشتاین ویستێکی تر لە فەلسەفاندندا بەدی دەکا و هەروەها خاوەنی شێوازی خۆیەتی لە فەلسەفەکردن کە ئەوەش شیاوییەکی تری بۆ ڕاڤەکردن و وتن، هێناوەتە پێشێ..

بەمجۆرە تێزی بناغەی ئەم نووسینە خۆی بەسەر سێ تەوەرەدا دابەش دەکا کە هەریەکە پرسی بنەڕەتیی ئەو تێزە لە کۆڵ دەگرێ کە خۆی پێوە دڵبەست کردووە. ئەم سێ تەوەرەیە کە لە ڕووی فەلسەفییەوە تێک ئالاون ئەو شیاوییەشیان تێدا بەدی دەکرێ کە هەر هەموو پێکەوە ئەو ئارگومێنتانە بۆ خوێنەر وێنا بکەن کە ببن بەبناغە بۆ ڕوونکردنەوەی تێزە سەرەکییەکە. تێزە سەرەکییەکە کە ویستی فەلسەفاندنە لە هەنووکەدا شیاویی لە بەردەمدایە ببێ بەویستێکی ڕاستەقینە و پڕ لەبەرپرسیاریەتیی فەلسەفی. بەڵام ئەم شیاوییە پێدراو نییە و پێویستی بەپشکنین و وەدووگەرانە. ئەڵبەتە چەند پێویستی لە دەمی ئێستادا بۆ ئەم فەلسەفاندنە لە ئارادایە و چەندیش فەلسەفاندن دەکارێ

کێڵگەیەکی بەپیت بێ بۆ کۆتایی هێنان بەبیرۆکەی نەزۆک و هیچگەرا و بارگاوی بەئەندێشەی کۆتایاوی (پایاناوی) لە نووسەر و فەیلەسوفێکەوە بۆ ئەوی تر جودایە. بەش بەحاڵی خۆشم شیاوییەکە بۆ ئەوێ دەبەمەوە کە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، کە هەمیشە شوێنێکی ناسراو بووە بۆ فەلسەفەکردن و کانیاوێکی هزریی لە ڕادەبەدەر گرینگیشە بۆ هزرەڤانی، تا ئەم دەمەی ئێستامان بوارێکی سازگارە بۆ تێڕاماندان و بگرە ڕێفرێنسێکی هەر بزێویشە بۆ بەدەستهێنانی ویستێکی بۆ فەلسەفە. مەسەلەی پێویستیش بۆ فەلسەفاندن لەوەدا دەبینمەوە کە دەمی فەلسەفە هەرگیز لە کۆتایی هاتندا نییە و یان باری مرۆیی چاخی هەنووکەمان لە توانایدا نییە پشت لە فەلسەفاندن بکا و پرسی هزراندن وەک دیاردەی خراپەبەخش و پووچ وێنا بکا. بۆیەشە وا دەڵێم چونکە بیری تاریکی بەشێک لە فەیلەسوفان و کەمتەرخەمیی هەندێک لە نووسین و لێکۆڵینەوەکان دۆزێکی ئەوتۆیان هێنایە ئارا، باس لە کۆتایی هاتنی فەلسەفە و ئاوابوونی هزر و خودی هزرەڤان و تەنانەت مرۆڤیش بکرێ.

بەڵام ئەوی لەم نووسینەدا پێوەندی بەلایەنی مێتۆدەوە هەیە بەمجۆرە خۆی فۆرمولێزە دەکا:

نووسینەکەی بادیو کە بەسەریەکەوە لە یازدە پەرەگراف پێک دێ، دانە بەدانەیان گفتوگۆ کراون. دواتر لە چوارچێوەی مێتۆدی باسەکە هەریەک لەو پەرەگرافانە ڕەخنەکراون یان بۆچوونەکانیان هەڵسەنگێندراون. ڕاستە نووسینەکەی بادیو لە بەش بەش پێک دێ، بەڵام پێوەندییەک لە چوونە نێو یەکتریش لە نێوان بەشەکاندا بەدی دەکرێ و هەر هەمووش بەسەر یەکەوە ئەو ویستە فەلسەفییە پێک دێنن کە نووسینەکە کردوویەتی بەئامانجی خۆی. بۆیە ئێمە لەمیانەی ئەو شێوازەوە کە بادیو گرتوویەتییە بەر، کارمان بۆ ڕووخستن و دەستنیشانکردنی ئەو ویستە کردووە کە لەو نووسینەدا بۆ فەلسەفاندن ئامادەیە. ئەمەو هەمان شێوازیشمان لە بەندی دووەمی کتێبەکەدا بەکار بردووەتەوە. لەبەرئەوەش کە بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین تا بڵێی گیر و توند و



ناسانایە هاتووین بەشێ لە نووسینەکەمان بەناساندنی کرۆک و پوختەی نووسینەکەی ڤیتگنشنتاین، واتە "" تراکتاتۆس"" تایبەت کردووە. واتە سەرەتا مەشقمان لەسەر دیاریکردنی هزری فەلسەفی ڤیتگنشتاین کردووە و پاش ئەوەش دیالۆگکردنی ئەو لایەن و ڕووانەی ئەم هزرە پێک دێنن کە لە جەوهەرا ویستێکی فەلسەفی لەخۆڕا دەشارنەوە کە شایانی هەڵتەکان و شیکرنەوەیە.

ئەمەو دەخوازم ئەوەش بیر خەمەوە کە، بەپێی ئەو مێتۆدەی لەم نووسینەدا بەکار دەبرێ، لاپەڕەکانی ئەم نووسینە بۆ گفتوگۆکردنی ئەو فەلسەفەیە تەرخان کراون کە بووە (خۆی کردووە) بەنوێنەری مرۆڤایەتی کە ئەوەش فەلسەفەی ڕۆژئاوایە و، لەبەرئەوەش کە ئەم فەلسەفەیە بانگەشەی مەرگی (کۆتایی)ی فەلسەفەی کردووە و ئەم بانگەیەش پێچەوانەی ئەو ویستەیە ئێمە هەمانە بۆیە لە هەندێ ڕووەوە گفتوگۆی ئەم بانگەشەیەمان تا ئەندازەیەک کردووە. بەڵام لەبەرئەوەی ئامانج لە نووسینی ئەم کارە فەلسەفییە هێنانە پێشەوەی گفتوگۆیە لەسەر شیاویی هێنانە سازدانی ویستی فەلسەفاندن بەئەرکی خۆمم زانیوە تێکڕای خەونەکانی ئەو گفتوگۆیانە بەجۆرێ دابڕێژرێن کە بوار لە بەردەم دۆزی سەرلەنوێ ژیانەوەی فەلسەفە بکەنەوە. ئەمەش هیچ نەبێ لەبەر ئەو ئەرک و بەرپرسیارییە مرۆیی و ئیتیکییەی- ئەڵبەتە سیاسییەش- لەسەر گشت کەسێکە کە فەلسەفە دەکا. لەبەرئەوەش کە دەمی وتنەکانم بەزۆری ئاراستەی کەس (تاک)ی کورد دەکەم هەر لەسەر ئەو بڕوایەش بەپێویستم زانیوە دوا بەندی ئەم نووسینە بۆ باس لەو گرفت و کێشانە تەرخان بکەم کە لە ئێستادا و لە بەردەم کردەی فەلسەفەکردنماندا خۆی زەق دەکاتەوە.

## بەندی یەکەم

# بادیو و ویستی فەلسەفاندن

# دیاردەی بەفەرەنسیبوونی فەلسەفە

## ١- سەرەتا

هەروەک لە دەستپێکی ئەم پەرتووکەدا ئاماژەی بۆ کرا، بەندی یەکەمی ئەم کتێبە، بەویستی فەیلەسوفی فەرەنسی، ئالان بادیو، بۆ فەلسەفاندن تایبەتە. ئەم ویستە لە گەرووی نووسینی ""مانفێست بۆ فەلسەفە""وەیە. لەبەرئەوەی تاو نا تاوێک ئەم فەیلەسوفە وتن لە بارەی بیریارانی فەرەنسیی هاوچەرخ دێنێتە پێشێ، بەئەرکی خۆمی دەزانم بەشی یەکەمی بەندی یەکەمی ئەم کتێبە بەدیاردەی بەفەرەنسیبوونی فەلسەفەی تازەوە تایبەت بکەم کە لەوێڕا سەرەتا لەسەر فەلسەفەی تازەی فەرەنسی پاش جەنگ دەوەستم و لەوێ بەپشت بەستن بەهەندێک سەرچاوە و بەتایبەت نووسینە ناودارەکەی فینسینت دیکۆمب و پێتەر کامپ، هەندێک ڕووی ئەم فەلسەفەیە بەرباس دەخەم.

ڕاستە فەیلەسوفی ناوبراو گەلێک بەرهەمی بەپێزی هەیە، بەڵام من لەبەر دوو هۆ، کە لای خوارەوە بەرچاو دەخرێ، بەپێویستم زانیوە، ویست بۆ فەلسەفاندن لە هەناوی نووسینی ناوبراوی بادیوە، واتە ""مانفێست بۆ فەلسەفە""، بخەم بەر گفتوگۆ.

هۆی یەکەم زۆر بەکورتی ئەوەیە نووسینی ناوبراو ڕاڤەی تێگەیشتنی نەوەیەک لە فەیلەسوفانی فەرەنسی و ڕۆژئاوایی دەکا کە تەقەلاکانیان تا ئێستاش لە ناو بیری فەلسەفیی ڕۆژئاوا گەرا دادەنێ. ڕاستە ئەم ڕاڤەکردنە لە ئاستێکی بەرین و پڕدا ئەنجام نەدراوە و بگرە شێوە مانفێستییەتێکیش لە گوزارەکردنەکانیدا بەدی دەکرێ، بەڵام بۆ من ئەم نووسینە نیشانەیەکی باش بووە بۆ دروستکردنی تێگەیشتن و دیتن لەسەر بیریاری قۆناغێکی دیاریکراو لە بیری هاوچەرخی فەرەنسی و ڕۆژئاوا. هەرچی هۆی دووەمیشە ئەوەیە کە لە



نووسینی ""مانفێست بۆ فەلسەفە"" بنیاتی ڕەخنەگرانە بەدی دەکەم کە پێم وایە گەلێ لەو ئامانجەوە نزیکە کە ئەم کتێبە وێڵیەتی. ئەو بنیاتە کە ویستێ لە خۆرا حەشار دەدا فەلسەفەکردنێکی بەدەمەوەیە جودایە لەوی بیریارانی فەرەنسی هاوچەرخ خۆیان ڕاهێناوە لەسەری. هەروەها ئەوەی لەم سەرەتا کورتەدا سەرنجئامێزە بدرکێنرێ، ئەوەیە کە بادیو لە نووسینی ناوبراودا فەلسەفە بەسەر فەلسەفەکردنی ڕۆژئاوا و بەتایبەت فەیلەسوفانی نەوەی خۆی و نەوەی پێش خۆشییەوە دابەش دەکا. ئەڵبەتە پێویستە بوترێ کە شێوەی فۆرمولێزەکردنی مانفێستەکە بڕگەییە و هەستی زۆر لە خستنە ژێر پرسیارکردنیشی تێدابەدی دەکرێ، کە لە لایەک تایبەتە بەگشت فەلسەفەی ڕۆژئاوا و لە لایەکی تر بەفەلسەفەی تازەی فەرەنسییەوە. بادیو کە جیاواز لە کارەکانی تری (ئەڵبەتە بەرهەمی ""بوون و ڕووداو""ی لێ دەرچێ) لەم نووسینە کورتەیدا باس لە فەلسەفەی فەرەنسی و ڕۆژئاوا دەکا، زەمینە بۆ هێنانە ئارای دێباتی سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی فەلسەفەش دەکا کە بەباوەڕی من لوبیی ئەو ویستە فەلسەفییەیە بادیو لە نووسینی ""مانفێست""دا جێی قایم کردووە. واتە هەوڵی بادیو بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فەلسەفە، یەکێکە لە هەوڵە هەرە بەرچاو و بنەڕەتییەکانی لە بواری فەلسەفاندندا کە بەهۆی مانفێستەوە ڕوودەستمانی دەخا. ئاشکرایە بادیو ئەمەی لە نووسینی ""بوون و ڕووداو""دا کردووە بەڵام لە ""مانفێست""دا نەختێکە چڕتر و کورتتر خۆی نیشان دەدا.

لەبەرئەوەش کە نووسینەکە کۆششی نەوەیەکی نوێ لە بیریارانی فەرەنسی و هەندێ دیاردەی تری فەلسەفی و ڕووناکبیری و شیعرگەرایی و سیاسی دێبات (گفتوگۆ) دەکا، بەپێویستم زانیوە سەرەتا لە ژێر ناوی دۆزی باوبوونی فەلسەفەی فەرەنسی پەرەگرافێکی بنووسم و تێیدا پەنجە بۆ ئەو نهێنی و ڕاستییانە ڕاکێشم کە بەژیانی فەلسەفەی نوێی فەرەنسییەوە تایبەتن. ئەمەو هەر لە ژێر سایەی ئەم باسەدا (واتە دۆزی باوبوونی فەلسەفەی فەرەنسی) هەوڵی ئەوەش دەدەم سەرەتا هەندێ ڕۆشنایی بخەمە سەر چۆنیەتیی باوبوونی ئەم فەلسەفەیە و ڕەوتی گەشەی ئەم فەلسەفەیە لە ناو فەرەنسا و دواتر لە

دەرەوەی جوگرافیای دەسەڵاتی فەلسەفی و ڕووناکبیری فەلسەفەی فەرەنسیش. هەر لەوێرا بەکورتی ئەو لایەنەش ڕوون دەکەمەوە کە چۆن وتاری فەلسەفەی فەرەنسی هەندێ شوێنی لە دنیادا، بەئاسانی خستووەتە ژێر سیحری خۆیەوە و کەچی لە هەندێ شوێنی تری دنیادا فەلسەفەی فەرەنسی هێندە ڕکێفدار نییە. من لەم نووسینەدا بێرکێفیی فەلسەفەی فەرەنسی لە هەندێ جوگرافیادا تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێنمەوە کە فەلسەفەی فەرەنسی تۆمەتی ئەوەی دەدرێتە پاڵ کە ئاراستەیەکی هیچگەرا و ئەنتی – ڕاسیۆنالی (ناعەقڵی) هەیە، بەڵکو بۆ ئەوەشی دەگەڕێنمەوە کە میراتگەلێکی فەلسەفیی تر لە دنیادا هەن کە سیحر و توانای ئەم میراتە فەلسەفییانە لە سیحر و توانای میراتی فەلسەفەی فەرەنسی کەمتر نییە و، لەمڕۆشەوە هیچ دوور ناڕۆم و فەلسەفەی ئینگلیزی و میراتە شیکردنەوەیەکەی ئەم فەلسەفەیە بیر دەخەمەوە کە یەکێکە لەو فەلسەفانەی گۆڕەپانی نێوەندی ئەکادیمی لە کۆلێجەکانی فەلسەفەی وڵاتانی ئەوروپا بەباشی تەنیوەتەوە. ئەمەش بۆ خۆی ئەوە دەگەیەنێ کە فەلسەفەی فەرەنسی گشت ڕکێفی فەلسەفەی لە ژێر سایەدا نییە و هەموو فەلسەفەی نوێش بەفەلسەفەی تازەی فەرەنسییەوە نەلکێنراوە. ئەمەش بۆ من دوو لایەنی تری لە ناو باسەکەدا ورووژاندووە. یەکەمیان ئەوەی بەشێ زۆر لە فەیلەسوف و ڕووناکبیرە گەورەکانی فەرەنسا، بەتایبەت ئەوانەی ناویان لەگەڵ قۆناغی فەلسەفەی نوێی فەرەنسی دەڕوا، شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە نووسین و بەرهەمەکانی بیریارانی فەلسەفەی شیکردنەوەی و بەتایبەت فەلسەفەی زانست و لۆژیکی ئینگلیزی زمان نەبووە. دووەمیش بەشێکی گەورە لە خودی بیریارانی ئینگلیزی زمان ئەو مەیلەیان بۆ ئەو فەلسەفە نوێیەی لە پاریس لە ماوەی دوای ١٩٦٠کان بەولاوە سەری هەڵداوە نەبووە. گرینگە لێرە ئەوە بیر خرێتەوە کە ئەو فەلسەفە نوێیەی فەرەنسییەکان ساڵانێکە دەقیان پێوە گرتووە، کە بەخۆی پاشکۆیێکە لەو فەلسەفە ئەڵمانی زمانەی نیچە–هایدگەر کاریان لەسەر کردووە، هیچ وەخت شوێن بایەخی بیریار و ڕووناکبیرانی ئینگلیزی زمان نەبووە، یان ئەگەر بوویێتیش هیچ کات هێندەی فەیلەسوف و ڕۆشنبیرە پاریسییەکان بایەخیان نەداوەتێ.



من کە لای سەرەوە وتم فەلسەفەی ئینگلیزی مەبەستم تەنێ ئەو فەلسەفەیە نییە لە ئینگلستان بەرهەم دێ، بەڵکو ئەو فەلسەفەیەشە کە زمانی ئینگلیزی بەرهەمی دێنێ کە ئەوەش دیارە کوێ دەگرێتەوە. نکۆڵی لەوەش ناکەم ئەو گەشتەی من لەم ڕووەوە بۆ ڕوونکردنەوەی دۆزی باوبوونی فەلسەفەی فەرەنسی کردوومە گەشتێکی بەرتەسکە و بەخۆی باسەکە لەوە زێدەتر داوا دەکا و خودی تێزەکەش ئارگومێنتێکی لەوە زێدەتری پێویستە. بەڵام چوارچێوەی باسەکە ئەم گەشت و ئارگومێنتانەی سنووردار کردووە و زۆرتریش هەوڵ دراوە ئەم بەشە بەجۆرێک بنووسرێ کە دەروازەیەک بێ بۆ بیری بیریاری ئەو دەمەی (ماوەیەی) کە بادیو لە بارەیەوە دەدەوێ و ئەو قۆناغە فەلسەفییەش کە فەرەنسا لە سەردەمی نوێدا پێی ناسراوە. وەکی تریش ئەم دەروازە کورتە یارمەتی ئەوەش دەدا لەو کردە فەلسەفییەش بگەین کە لە هەمان دەمووەختی (١٩٦٠کان) فەلسەفەکردنی بادیو و بگرە پێش ئەم دەم و وەختەش (واتە فەلسەفەی فەرەنسیی پاش جەنگ) زاڵ و باو بووە.

## ٢- دۆزی باوبوونی فەلسەفەی فەرەنسی

خوێندنەوەی بیری بادیو پێویستی بەخوێندنەوەی ئەندێشەی ئەو نەوەیەشە لە فەیلەسوفانی فەرەنسی کە لە لای ئەندێشەی فەلسەفی بادیو پێک دێن و هەروەها لە لایەکی تر، ئەوی بادیو بەخۆشی جار جارە ڕەتی دەکاتەوە. ئەمەش بەتایبەت بادیو لە نووسینەکەیدا ڕۆشناییەکی زۆر دەخاتە سەر هەندێ لە بۆچوون و تێڕوانینەکانی بیریارانی فەرەنسی پاش ساڵانی ١٩٦٠کان کە بەخۆشی نەوەی ئەو دەم و وەختەیە. بۆیە بەپێویستی دەزانم خوێندنەوەیەک بۆ بیری فەرەنسیی ئەودەمە بکەم و لەوێشرا ئەوە ڕوون بکەمەوە چۆن ئەم بیرە فەلسەفییە، کە ئەزموونی فەلسەفی کۆنتنێنتاڵی ڕۆژئاوایە، تا ئەو ڕادەیە کاریگەر بووە کە بکرێ ناوێک وەک دیاردەی بەفەرەنسیبوونی فەلسەفەی لێ بنرێ. ئاشکرایە فەرەنسییەکان لە ئاکامی کارکردنیان لەسەر گەلێ تێزی بیریارانی کۆنتنێنتاڵی ئەڵمانی توانیویانە نووسینی زۆری فەلسەفیی

سەرنجئامێز و والا بەرهەم بهێنن کە لە دەرەوەی نێوەندی فەلسەفەی فەرەنسی هاوچەرخیش شوێن بۆ خۆیان بدۆزنەوە. مەبەستم فەرەنسییەکان هەر زوو لە مارکس مارکسێکی فەرەنسی و لە هیگڵ هیگڵێکی فەرەنسی و لە فرۆید، فرۆیدێکی فەرەنسی و لە نیچە نیچەیەکی فەرەنسی و لە هوسرەل، هوسرەلێ فەرەنسی و لە هایدگەر، هایدگەرێکی فەرەنسی و لە گەدامێر گەدامێرێ فەرەنسییان دروست کردووە و ئەم لایەنەش تا بڵێی کاریگەری خۆی بۆ بەرفراوانکردنی وتاری فەلسەفەی فەرەنسی هاوچەرخ هەبووە و کارێکی ئەوتۆشی کردووە، زۆنی (ناوچەی) بەفەرەنسیبوونی فەلسەفە زیاد بێ و ئەم لایەنە کارێکی واش بکا، فەلسەفەی فەرەنسی لە دەرەوەی ڕۆژئاوا و، بەتایبەت وڵاتانی وەک جیهانی عەرەبی، زۆر باو و زاڵ بێ. بەڵام گەر بمانەوێ لە هەندێ لایەنی قەراڵستانی فەلسەفەی فەرەنسی بگەین، پێم وایە باشترە بۆ، ئەوە بچین کە لە پاش دامەزراندنی ئێنسکلۆپیدیای فەرەنسییەوە زێڕینترین چرکەی فەلسەفەی فەرەنسی ڕەنگە سالانی پاش جەنگ بێ، یان ئەو دەمە بێ کە فەلسەفەی فەرەنسی سەرقاڵی مۆدە بەرهەم هێنانە. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوە پشتگوێ نەخەین کە ئەو فەلسەفەیەی لە پاش جەنگ بەولاوە لە فەرەنسا سەری هەڵداوە تا بڵێی فرە ئاراستە و ڕەخنەئامێز بووە. بۆیە کەم لەوانەی بەپۆلی فەلسەفەی ڕۆژئاواوە سەرقاڵن دەتوانن گومان لەوە بکەن، فەیلەسوفانی فەرەنسیی هاوچەرخ پڕ بەرهەم و بەبڕشت نەبن. بەڵام هەموو ئەوانەش کە بەکاری فەلسەفەکردنەوە، سەرگەرمن، ئەم پڕبەرهەمی و بەبڕشتییەی فەیلەسوفانی فەرەنسیی هاوچەرخ بەیەک چاو سێر ناکەن. ئەم لایەنە کە لە درێژەی نووسینەکەدا شی دەکەینەوە پێویستی بەبەڵگە هێنانەوە هەیە. ئەڵبەتە ئەو بەڵگانەش لە شوێنی مەبەستداردا وەڕوو دەخرێن و لە ئامێزی ئەو دیتنانەشەوە سەردەردێن کە مێژووی بیری هاوچەرخی فەرەنسی خۆی لەسەر بنیات ناوە.

ئاساییشە لەم بارەوە بۆ ئەوە بچم کە، ژمارەی ئەو فەیلەسوفە فەرەنسییانەی ئەمڕۆ لە دنیادا کارێکی فەلسەفی لە پێناو خستە ژێر پرسیاری چاخی



ئەمڕۆمان ئەنجام دەدەن پێ ناچێ زۆر بن و گەر هەشبن زۆر پەرت و بڵاو نین و ڕەنگە بادیو یەکێ بێ لەوانە ئەمەش لەبەرئەوەی کە بادیو ئەو بیریارە فەرەنسییەیە کە تا ئێستاش لە ژیاندایە. هۆی ئەوەش کە فەیلەسوفانی فەرەنسی لە سەردەمی نوێدا پرۆسەی ئەم خستنە ژێر پرسیارە بەئاکام دەگەینن ناگەڕێتەوە بۆ زیاد لە پێویست دەوڵەمەندیی میراتی فەلسەفەی فەرەنسی لە چاو میراتە فەلسەفییەکانی تر، جا ئەوە یۆنانی بێ یان ئەڵمانی و ئینگلیزی. بەڵکو وەرچەرخانەکە هەندێ هەوڵی کەسی و لێزانیی فەلسەفیی تیا بەدی دەکرێ و، لە هەموو ئەوانەش سەیرتر دەکرێ ئەم وەرچەرخانە بۆ ئەوەش بگەڕێندرێتەوە کە لە نێو فەیلەسوفانی فەرەنسی ویستێک لە ئارادیە کە دەشێ ناو نرێ ویستی فەلسەفاندن کە بەخۆی ڕۆحی ئەو تەقەلا فەلسەفییە تاکی و دەستەجەمعییانەیە کە فەلسەفەی فەرەنسی لە پاش ١٩٦٠کانەوە پێی ناسراوە. هەر لەو بارەیەوە، ئەوە یادیش دەخەمەوە کە، گەر لە بواری فەلسەفەی ڕۆژئاوا بمانەوێ لە یۆنانییەکانەوە بەنموونە دەست پێ بکەین تا سەردەمی ئەمڕۆمان دەبینین ئەم فەلسەفەیە گەلێ ئەزموونی فەلسەفیی جیا جیای تێدا دەرکەوتووە، بەڵام ئەوەی پێوەندیی بەفەلسەفەی پاش جەنگی جیهانییەوە هەیە دەبینین تەنیا فەرەنسا ئەو ڕۆڵەی وەرچارخانانەیەی لە ناو فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەچڕی دیوە. ئەمەش بۆ گەلێ کەس ناوەڕۆکی ئەو ویستە دەردەخا کە فەلسەفە لە خۆیدا و لە شوێنێ وەک پاریس بەرجەستەی کرد. ئەو ڕۆڵە جیایەی فەرەنساش لەخۆوە نەبووە بەڵکو بە تێخوێندنەوەی میراتی فەلسەفەی ئەوی تر دەستی پێ کردووە کە ئەوەش پێش هەموو شتێک بریتییە لە سەرلەنوێ خوێندنەوە و تەئویلکردنەوەی فەلسەفەی ئەڵمانی، بەتایبەت فەلسەفەی بیریارگەلێکی وەک: مارکس، هیگڵ، فرۆید، نیچە، هۆسرەل، هایدگەر و گەدامێر. ڕاستە ئەو بیرە فەلسەفییەی هەریەک لەو بیریارە ئەڵمانییانە کاریان لەسەر کردووە هاوشێوەی یەک نین و بگرە ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتن و تەنانەت هەڵوەشانەوەی یەکدیشیان تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام ئەو میراتە فەلسەفییە ئەڵمانییەی لای سەرەوە ناوی هات لە سەردەمی نوێدا پتر لە

فەرەنسا بەر سەرلەنوێ ڕاڤەکردن و تێڕامان کەوتووە وەک لە شوێنێکی تر. نەک هەر ئەوە بگرە فەیلەسوفانی هاوچەرخی فەرەنسی بەتایبەت فەیلەسوفانی پاش سالانی ١٩٦٠کان ئەوەندەی ئاوڕیان لە فەلسەفەی ئەڵمانی داوەتەوە، ئەوەندە ئاوڕیان لە هیچ میراتێکی فەلسەفیی تر نەداوەتەوە. من هەر لەم ڕووەوە ئەوەش دەڵێم کە فەلسەفەی نوێی فەرەنسی بەو جۆرەی ئێستا هەیە نەدەبوو یان بەلانی کەمەوە لەو فۆرمەی ئەمڕۆیدا نەدەبوو گەر ئەو بیریارە ئەڵمانییانەی ناویانمان هێنا، نەبانایە یان بەو جۆرە نەبانایە کە هەبوونە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریش گەر تەماشای فەلسەفەی نوێی فەرەنسی بکەین، دەبینین ئەم فەلسەفەیە لە پاش ١٩٥٠کانەوە خۆی لە نێوان سێ ڕەوتی فەلسەفیدا دیوەتەوە: فەلسەفەی بوونخوازی، فەلسەفەی بنەماخوازی و فەلسەفەی مارکسیزم. ئەم سێ ڕەوتە کە ئاراستەیەکی فەلسەفیی مێژووییانە و فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتییانەیان (فەلسەفەی ژیان) وەرگرت، زۆرترین بایەخیان بەبوونی تاک و بنەمای کۆمەڵایەتی و ئاماژە زمانەوانییەکان دا. ئەڵبەتە بایەخدان بەزمان و شیعرگەراییش یان هەر بەگشتی گرنگیدان بەزمانەوانی (زماننانسی) یەکێک بوو لە خەسڵەتەکانی ئەم سێ ڕەوتە. ئەم شێوە کارکردنەی فەلسەفەی فەرەنسی لە سەردەمی نوێدا هەر لە ناو فەیلەسوفانی فەرەنسی (یان بەگشتی فەیلەسوفانی فرانکفۆنی)، جەمسەری نەخستەوە بەڵکو لە ناو گشت ئەوەش کە پێی دەوترێ فەلسەفەی تازەی ڕۆژئاوا. پاش ئەم سێ ڕەوتەش فەلسەفەی فەرەنسی شیاوی ئەوەی لە خۆدا دروست کرد کە هەندێ تەوژمی دی بخاتە ناو کۆرسەکانی خوێندن لە زانکۆکان و بەهۆی ئەوانەشەوە چەندین واتا و واژەی نوێ فڕێ بداتە ناو توێژینەوە فەلسەفییەکانەوە. لەم لایەنەشەوە زێدەڕۆیی ناکەم، گەر هەڵوەشانەوەگەری و پاش بنەماخوازی و پاش تازەگەری وەک نموونە لەسەر ئەو تەوژمانە بهێنمەوە. بەڵام سەرهەڵدانی ئەم تەوژمانە نە بەجۆرێکی هەڕەمەکی بوو و نەش شتێکی چاوەڕواننەکراو. مەگەر بۆ ئەوانە شتێ چاوەڕواننەکراو و تازە بووبێت کە لە خورپەکانی بیریارانی فەرەنسی



نەگەیشتبووبێتن. من ئەم قسەیە تەنیا لەسەر ئەو بنەمایە ناکەم کە گوایە پاریس شوێنی واتا و واژە بەرهەمهێنانە نەخێر. بەڵکو ئەم قسەیە لەسەر ئەو بنەمایە دەکەم کە بوونخوازی سارتەر دەبایە تێپەڕێندرێ و یان بەدیاردەخوازی (فێنۆمێنۆلۆژی) هۆسرەل و هایدگەری بەلەجیاتی بکرێ. هەر هەمان شت سەبارەت بەبنەماخوازیی لیڤی- ستراوسیش دەڵێم کە نەدەکرا گشت فەلسەفەی فەرەنسی سەرچاوە لە مۆدێلی زمانەوانی یسۆسیرەوە هەڵبگرێ و، یان نەدەکرا ڕێگە بەو تێکستە فەلسەفییانە بدرێ کە بنەما دەکەن بەواتای سەرەکی. سەرباری ئەوانەش پشتکردن لە مارکسیزم کە پێشتریش لە ناو فەیلەسوفانی فەرەنسی هەوڵی زۆری لەگەڵدا درابوو، بۆ نەوەی دوای بوونخوازی سارتەر و دوای بنەماخوازی ئەڵتۆسیر تاکە ڕێگەچارەیەک بوو لە بەردەم ئەوانەی مۆدێلی بیرکردنەوەی فەلسەفیی نیچە- هایدگەر گەردووناوی دەکەن.

من بۆ ئەوەی قۆناغەکانی فەلسەفەی فەرەنسیی پاش جەنگ دەستنیشان کەم بەپێویستی دەزانم لەم ڕووەوە بۆ دوو سەرچاوە بگەڕێمەوە کە لە نێوەندی ئەکادیمی و ڕووناکبیریی سویدیدا لە بەرچاو دەگیرێ. سەبارەت بەسەرچاوەی یەکەم دەگەڕێمەوە بۆ سەر ئەو پێشەکییەی فەیلەسوفی سویدی و پسپۆڕ لە فەلسەفەی فەرەنسی لە بەشی فەلسەفەی تیۆریی زانکۆی ستۆکۆڵم ستافان کارلشامەر نووسیویەتی. ئەو پێشەکییە، کە بەخۆی بۆ نوسخە سویدییەکەی کتێبەکەی ڤینسینت دێکۆمب""فەلسەفەی تازەی فەرەنسی"" نووسراوە، ڕەنگدانەوەی سێرکردنی نەوەیەک لە ڕووناکبیرانی سویدییش بەردەست دەخا. لەوێڕا فەیلەسوفی سویدیی ناوبراو باس لە چوار قۆناغی جیا دەکا. قۆناغی یەکەم، لەگەڵ بوونخوازی دەست پێ دەکا کە ١٩٤٠کان دەگرێتەوە. بەڵام ئەم قۆناغە لە لایەن مارکسیزمەوە هەڵدەوەشێتەوە کە ئەوەش ماوەی سالانی ١٩٦٠کان دەگرێتەوە. لەم قۆناغەشدا، بەقسەی کارل شامەر، سارتەر ڕۆڵی بەرچاوی دەبینێ. ئەو دوو بەرهەمەش کە ئەم فەیلەسوفە نووسیویەتی (بوون و هیچی، ڕەخنەی عەقڵی پراکتیک) مانای خۆیان بۆ ئەو دەمە هەبووە. هەرچی

قۆناغی سێیەمە لە ساڵانی ١٩٦٠کانەوە دەست پێ دەکا. ئەم قۆناغەش بەبنەماخوازیی لیڤی- ستراوس ناوزەد دەکرێ. بەبۆچوونی ئەم فەیلەسوفە سویدییە، کە تێزی دکتۆرانامەکەی لە ساڵی ١٩٨٦ لە سەردێریدا نووسیوە، جەخت لەوە دەکا کە لە قۆناغی سێیەمدا بنەماخوازی لەتەک بوونخوازیی سارتەر لە بەیەکداچوونەوەدا دەبێ. وەلی پاش ئەم قۆناغە شانۆی ڕووناکبیری لە فەرەنسا دەچێتە قۆناغێکی ترەوە کە ئەوەش چوارەم قۆناغە کە بەقۆناغی سەرهەڵدانی پاش بنەماخوازی دەناسرێ کە لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠کاندا چرۆ دەردەکا.[1] بەڵام ئەم پۆلکردنە لە لایەک و ئەوەش لە لایەکی تر کە بەبۆچوونی من سەرچاوەی گشت قۆناغەکان ئەو جۆرە فەلسەفەیەیە کە پۆلێ لە بیریارانی ئەڵمانی هێناویانەتە دنیا، جا ئەوە مارکس بێ یاخود هیگڵ و فرۆید هەروەها نیچە بێ یاخود هۆسرەل و هایدگەر.

من لێرەدا دەمەوێ دەست بۆ ئەو سەرنجەڕاکێشم، کە سەرەتای پێکەوەلکانی فەلسەفەی فەرەنسیی پاش جەنگ، بەفەلسەفەی ئەڵمانییەوە بۆ کاریگەریی ئەو وانانە دەگەڕێتەوە کە هیگڵناسی ڕووس ئەلێکسەندر کۆجێڤ لە بارەی فینۆمینۆلۆژیای هیگڵ لە فەرەنسا لەو دەم و وەختەدا وتونییەتەوە. ئەم وانانە کە ڕۆڵیان لە گەڕانەوەی هیگڵ بۆ نێوەندی فەلسەفیی فەرەنسی دی، گرنگیی خۆشیان لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی نیوکانتیزم و بێرگسۆنیزم (مەبەست هنری بێرگسۆنە) هەبوو[2]. ئەو وانانەی کۆجێڤ لە کۆلێجی دۆ فرانس لە پاریس لە ماوەی ١٩٣٠کاندا وتوونییەتەوە گوێگرانێکی زۆریان لە خۆ کۆکردووەتەوە (بۆ نموونە سارتەر، باتای، میرلۆ- پۆنتی) کە دواتر ئەو گوێگرانە بوونە بەبیریارهایەکی دیاری فەرەنسا و کاریگەریشیان بەسەر شانۆی ڕووناکبیری فەرەنسییەوە بەچاکی بەجێ هێشتووە. دەمەوێ ئەوەش بڵێم، نکۆڵی ناکرێ کە ئەم دەمە لە فەرەنسا دروستبوونی فینۆمینۆلۆژیایەکی بەدەمەوە بوو، ئەو فینۆمینۆلۆژیایەش میرلۆ- پۆنتی و سارتەر لە پشتیەوە بوونە.

هەرچی تایبەتە بەسەرچاوەی دووەم، ئەوا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو کتێبەی



فەیلەسوفی دانیمارکی، پێتەر کێمپ، لە ژێر ناوی ""زمان و بوون – فەیلەسوفە نوێیە فەرەنسییەکان"" نووسیویەتی. ئەم فەیلەسوفە دانیمارکییە لە نێوەندی ئەکادیمیی ئەسکەندەناڤی ناوی بەوە دەرکردووە کە پسپۆڕە لە فەلسەفەی تازەی فەرەنسی و سەرچاوەیەکی باشیشە لەسەر ئەو بیریارە فەرەنسییانەی لە پشت ئەو تەوژم و شەپۆلە فەلسەفی و ڕووناکبیریانەوەن کە لە پاش ١٩٦٠کانەوە ناویان لە گۆڕەپانی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا گۆ دەکرێ. ئەمەو کێمپ لە نێو فەیلەسوفانی ئەسکەندەنافی بەو کتێبە دەروازەییانەشی ناسراوە کە لە بارەی فەیلەسوفە تازەکانی فەرەنسا نووسیویەتی، بۆ نموونە ئەوی لەبارە ئیمانوێل لیڤیناس نووسیویەتی یان دێریدا و... هتد. فەیلەسوفی دانیمارکیی ناوبراو لەو سەرەتایەی بۆ کتێبەکەی نووسیویەتی پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکا کە لە ماوەی ١٩٤٠کانەوە بۆ ١٩٧٠کان، زمان ڕێگەنیشاندەر بووە بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر بوون (ئێگزیستێنز)[3]. بەم پێیە، کێمپ زمان و بوون سەبارەت بەو دەمەی فەلسەفەی فەرەنسی بەبوارگەلێکی سەرەکی لە قەڵەم دەدا. لەم ڕووەشەوە ئەو ناوی سێ فەیلەسوفی دیاری ١٩٤٠کانمان بۆ دەستنیشان دەکا: میرۆلۆ- پۆنتی، سارتەر و پۆل ڕیکۆر. بەڵام کێمپ لەو سەرەتایەی بۆ خوێنەرانی سویدی زمانی کتێبەکەی نووسیویەتی شوێن بۆ چەند فەیلەسوفێکی تریش دەدۆزێتەوە کە بەقەولی خۆی ناویان دەچێتە خانەی فەیلەسوفە نوێکانی فەرەنسا لە ماوەی ١٩٧٠-١٩٤٠کان، لەوانە: ئیمانوێل ماونێر، میشێل دۆ سێرتۆ، هنری-برنارد فێرگۆت و ڕۆلان بارت[4]. ئێمە گەر تەماشایەکی ئەو ناوانە بکەین کە کێمپ لەو پێشەکییەدا وەک فەیلەسوفە نوێکان پۆلیان دەکا دەرک بەوە دەکەین کە زۆربەی ناوەکان ڕۆلان بارتی لێ دەرچێ، ئەوانی تر ئەوەندە لە دەرەوەی فەرەنسا ناسراو نەبوونە و مەگەر بۆ ئەوانە ناسراو بووبێتن کە لە فەلسەفەی ئەو دەمەی فەرەنسا یان فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسیدا پسپۆڕن. هەر ئەو پێشەکییە پێم وایە دەکارێ هەستی خوێنەر بەرەو ئەوەش بەرێ کە بوونخوازی و زمانەوانی دوو پۆلی بەرچاوی ئەو دەمەن، واتە لە ١٩٤٠کانەوە تا ١٩٧٠کان.

کێمپ هەروەک وتم سەبارەت بەو دەمەی فەرەنسا جەخت لە دوو گرووپ لە

فەیلەسوفان دەکا، گرووپی یەکەم، فەیلەسوفانی زمانە کە ئەوەش ئەم فەیلەسوفانە دەگرێتەوە: لیڤی–ستراوس، فوکۆ، دێریدا، سێرتۆ. بەڵام هەرچی گرووپی فەیلەسوفانی بوونە، بۆ کێمپ لەمانە بریتین: نابێر، مونێر، باشلار، گارۆدی و مێرگۆت(٥). بەڵام وا هەست دەکەم، ئەو بیریارانەی کێمپ وەک بیریارهایەکی زمان و بوون سێریان دەکا، بەشێکیان (سێرتۆ، فێرگۆت، ماونێر) لە چاو ئەوانی تر (سارتەر، میرلۆ–پۆنتی، ڕێکۆر، فوکۆ، دێریدا) وەک یەک بەرهەمدار و پرکار نەبووبێتن. بەڵام منیش هەروەک کێمپ باوەڕم بەوەیە کە فەلسەفەی نوێ لە فەرەنسا زمانەوانی (لینگڤیستیک) و بوونناسی (ئێگزیستێنزیالیزم) کردووە بەپایە بۆ خۆی و هەریەکەش لەو دوو پۆلە زانینە، ڕابەری خۆی هەبووە و، ئەم ئاڕاستییەش بەردەوامیی خۆی لە فەرەنسا تا ساڵانی دواتریش هەبووە. بەڵام ئەم پۆلکردنەی کێمپ پێم وابێ شایانی چەند هەڵوێستەیەکە کە وا لە خوارەوە هەندێک سەرنجی لە بارەوە بەردەست دەخەم.

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم کێمپ باس لە کاریگەری بیریارهایەکی گەورەی تری ئەو دەمەی فەرەنسا ناکا لەوانە: دولۆز، لاکان و سەبارەت بەئاڵتۆسێریش پێی وایە لە بەرەیەکی تردایە کە ناشێ لەگەڵ ئەو دوو گرووپە، گرووپی زمان و گرووپی بوون، کۆ بکرێتەوە. پاشان واشی بۆ دەچم ئەو فەیلەسوفی زمان و بوونانەی کێمپ باسیان لێوە دەکا، وەک یەک پڕ بەرهەم نەبن و دواتر هەمووش وەک یەک ناسراو نین. هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە گرووپی یەکەم بەمانای وشەکە زمانەوان نین و بەڵکو بایەخیان بەزمان لە نووسینەکانیاندا، داوە. بۆ نموونە کەسێک وەک لیڤی– ستراوس، کە ئەنترۆپۆلۆگە، ئەو بایەخەی ئەم داویەتی بەزمان لە چوارچێوەی تێزە ئەنترۆپۆڵۆگییەکانیدا بووە. پاشان هەر ئەو بایەخەی لیڤی– ستراوس داویەتی بەزمان دواتر ئەوەی لێ بنیات هاتووە کە لە نێوەندی ڕووناکبیریی فەرەنسی پێی دەوترێ بنەماخوازی. هەروەها ئەو جۆرە کارکردنەی لیڤی–ستراوس لەسەر زمان، تەنانەت ئەمە فەیلەسوف و ڕووناکبیرەکانی تری ئەودەمەی فەرەنساش دەگرێتەوە، شێوە کارکردنێک بووە کە بەباوەری من تایبەتە بەڕووناکبیرانی فەرەنسییەوە کە ئەوەش بریتییە لە



بەکاربردنی مۆدێلی زمانەوانیی زماننناسی سویسری فردیناند دۆ سۆسێر. بەکاربردنی ئەو مۆدێلەش لە فەرەنسا ساڵانێ زۆر مانای خۆی بۆ ئەو تەوژمە فەلسەفی و ئەدەبیانە هەبووە کە لەوێڕا هاتوونەتە دنیا کە گرنگترینیان ""بنەماخوازی"" بووە. ئەمەو ڕیزکردنی فوکۆ و دێریداش لە نێو گرووپی زمان دیسانەوە بۆ من ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم دوو بیریارە فەرەنسییە زمانەوانن بەڵکو بایەخیان بەزمان دەدا . فوکۆ وەک مێژووکردێک کە مێتۆدی توێژینەوەکانی جۆرە نیچەگەراییەکی تێدایە، مۆدێلی زمانەوانیی سۆسێری لە ڕاڤەکردنی هەندێ دیاردەدا بەکار بردووە. ئەمەو بۆ ئەوەش دەچم کە فوکۆ شێوەی کارکردنی فیلۆلۆگییانەی نیچە، ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەرییەوە هەبووە و، ئەم ڕەنگدانەوەیە زۆریش مانادار بووە بۆ دروستکردنی زانستێک لای فوکۆ بەناوی ژینالۆژیاوە (بنەچەناسییەوە) کە ئەوەش بۆ شیکردنەوەی زانین و دەسەڵات بەکار براوە. بەڵام پێشینەی ئەم بەکاربردنە ڕۆشنایی ئەو کودەتا زمانەوانییەی تیا بەدی دەکرێ کە بەرهەمە ناسراوەکەی سۆسێر""وانە لەمەڕ زانستی زمانەوانیی گشتی"" کردیە سەر ڕووناکبیر و بیریارە فەرەنسییەکانی ١٩٦٠کان. هەرچی دێریدایە ڕەنگە لە فوکۆ زێتر کاری لە ناو زمانەوانی کردبێ هیچ دووریش نارۆم یەکەم بەرهەمی دێریدا کە بەناوی"" لەمەڕ گراماتۆلۆی""– نووسیننناسی– بووە، کۆششێکی زمانەوانی– دیاردەگەری بووە بۆ ڕەتکردنەوەی تەوژمی بنەماخوازیی فەرەنسی و بەتایبەت ئەو مۆدێلە زمانەوانییەی ئەم تەوژمە خۆی لەسەر بنیات ناوە– مەبەستم لێرە سۆسێرە–.

سەرباری ئەوی وترا، حەز دەکەم ئەو سەرنجەش ڕووخەم کە، دەکرا کێمپ گرووپەکان بەرینتر بکا و بواری کارکردنی بیریارەکانی ئەو دەمەی فەرەنسا تەنیا لە بواری""بوون و زمان""دا گیر نەکا بەتایبەت بەشێک لەو فەیلەسوفە فەرەنسییە نوێیانەی کێمپ ناویان دەدا، زمانەوانی ڕووت نین و بگرە مێژووکرد و هزرەڤانن. واتە وەک مێژووکرد و هزرەڤان، بایەخیان بۆ زمان هەبووە نەک وەک زمانەوان یان فیلۆلۆگ.

ئەمەو سەرباری ئەوەی وتم، واشی بۆ دەچم گشت نیشانەکان ئاماژە بەوە

دەکەن کە فەلسەفەی فەرەنسی لە پاش جەنگ لە ناوەوە و دەرەوەی فەرەنسا بووە بەدیاردە. بەڵام فەلسەفەی فەرەنسی بەدیاردەبوونەکەی پێوەندیی بەوەوە هەبووە کە پتر لە ژیانی ڕۆژانەوە نزدیک بووە، یان هەڵە ناکەم بڵێم، خۆی زۆرتر بەو پرسیارانەوە سەرگەرم کردووە کە فەلسەفەی ژیانی لێ بەرهەم دێ. تەنانەت باوبوونی"" فەلسەفەی ژیان"" و ""فەلسەفەی کۆمەڵایەتی"" لە فەرەنسا ڕەنگە هۆیەک بووبێ لە پاڵ باوبوونی فەلسەفەی فەرەنسی لە وڵاتانی تریشدا. هەر تایبەت بەم لایەنە، لێرەدا دەمەوێ دەست بۆ ئەو تێبینییەش ڕاکێشم کە بەم شێوەیە خۆی دادەڕێژێ: فەلسەفەی فەرەنسی بەو جۆرەی لە نێو ڕووناکبیرانی بۆ نموونە وڵاتانی عەرەبیدا باوە، ئەوەندە لە نێو ڕووناکبیرانی بۆ نموونە ئینگلیزی یان ئەسکەندەناڤیدا باو نییە. نەک هەر ئەوە بگرە بۆ ئەوەش دەڕۆم کە خودی فەلسەفەی نوێی فەرەنسی نە ئەو بایەخە بەفەلسەفەی ئینگلیزی دەدا و نەش بەو جۆرەی لە ژێر کاریگەریی چەند فەیلەسوفێکی ئەڵمانیدا گەشەی کردووە کاریگەریی فەیلەسوفانی ئینگلیزی زمانی بەسەرەوەیە. ئەم لایەنەش مەسەلەیێک دەورووژێنێ ئەوەش مەسەلەی کۆنفلیکتی نێوان فەلسەفەی شیکردنەوەیی، کە فەلسەفەیەکی ئەنگلۆئەمەریکییە و، فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵە کە لە باسێکی تردا بەسەرمان کردووەتەوە(*).

من لای سەرەوە وتم، فەلسەفەی فەرەنسی لە ئەمڕۆدا فەلسەفەیەکی دیارە لە جیهاندا، بەڵام ئەم دیارییەی لە ناو گشت جوگرافیاکاندا وەک یەک نییە و کاریگەریشی هەر دیسانەوە بەسەر میراتە فەلسەفییەکانی تردا لە ناوچەیەکەوە، بۆ ئەوی تر، دەگۆڕدرێتەوە، بۆ نموونە کاریگەریی فەلسەفەی فەرەنسی لە ئەسکەندەناڤیادا وەک یەک نییە. ڕوونتر لەم ڕووەوە بدوێم، دەڵێم لە دانیمارک ڕەنگە فەلسەفەی فەرەنسی باو تربێ، وەک لە سوید یان فینلەند. ئەوەتا باشترین فەلسەفەی فەرەنسیناس لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا ئەو پرۆفیسۆرە دانیمارکییەیە کە ماوەیەک لەمەوبەر ناویمان برد، واتە پێتەر کامپ، کە کارەکانی لە نێوەندی ئەکادیمی ئەسکندەناڤی لە بارەی فەلسەفەی



فەرەنسیی نوێوە باشترین سەرچاوەن. هەرچی فینلەندایە بەزۆری لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی لۆژیک دایە کە بەرهەمی فەلسەفەی شیکردنەوەی ئینگلیزییە. لەم ڕووەوەشەوە، سوید کەمتر لە فینلەندا بەترادیسیۆنی فەلسەفەی پۆزەتڤیزمی لۆژیکییەوە گرێدراو نییە. هەڵەش ناکەم گەر بڵێم فەلسەفە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم بەتایبەت و باقیی زانکۆکانی تری سوید پاشکۆیەکە لەو جۆرە بیرکردنەوە فەلسەفییەی فرێجە، ڤتگنشتاین، ڕاسل و کواین پەرەیان پێ داوە و ئەمەش وای کردووە فەلسەفەی فەرەنسی، شوێنی ئەوتۆ بۆ خۆی نەدۆزێتەوە و زۆربەی ئەکادیمیکەرە فەرەنسییەکانیش تێزە فەلسەفییەکان لەسەر ئەو باس و بابەتە فەلسەفییە تیۆرییانە بنووسن کە لە زانکۆکانی کامبرج و هارڤارد و ئۆکسفۆرد گفتوگۆ دەکرێن.

هەر سەبارەت بەوەی تۆزێ لەمەوبەر وتم ئەوەش دەڵێم، لە ناو زمانی ئینگلیزیدا کاریگەریی فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسیی ناشێ بەیەک چاو تەماشا بکرێ. چونکە لە هەندێ لە زانکۆ (یال، هارفارد) و نێوەندەکانی توێژینەوە لە ئەمەریکا بیری فەلسەفیی هاوچەرخی فەرەنسی لەم دوو دەیەی دواییدا گرینگییەکی زۆری دەدرێتێ و تەنانەت لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکانیشدا ڕووبەرێکی گەورەی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. ئەمەش ئەڵبەتە پاش سەفەری هەندێ لە جەمسەرەکانی فەلسەفەی نوێی فەرەنسی (دێریدا، بۆدریار) بۆ ئەمەریکا، جا ئەوە بۆ سازکردنی سمینار و بەشداریکردن لە کۆنفرانس بووبێ یان سەرپەرشتیکردنی وەرگێڕاوەکانیان. هەر لەم سالانەی دواییدا و لە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی فوکۆ سەبارەت بەبایەخدان بەخودی خۆ، یان بەجەستەی خۆ، یان ویست بۆ جەستە گەلێ بازنەی توێژینەوەی جیا جیا و ئینستیتووتی تایبەت کراونەتەوە، کە لەوێڕا پەرە بەتێزگەلێکی جیا جیا لەمەڕ جەستە و ژیندەر دەدرێ. تەنانەت بەشێکی زۆریش لە گرووپە فێمینیستی و یان ئەوانەی گەشە بەباسی"" تیۆریی کویر""- کویر واتە شاز یان ناجۆر- دەدەن زۆر بۆ سێرکردنەکانی فوکۆ و، ئەڵبەتە دێریداش، دەگەڕێنەوە. لەم بارەیەشەوە دێریدا ڕەنگە زۆرترین بەختی هەبووبێ. چونکە

هەڵوەشانەوەگەرییەکەی دێریدا هەر زوو لە زانکۆکانی ئەمەریکا (جۆن هۆبکنز، یال و هارڤارد و.. هتد) پێشوازی گەرمی لێ کراو و کەسانێکی وەک دۆمان، باربارە جۆنسۆن و میللەریش بوون بەدێریدای ئەوێ. گومانیشی ناوێ گەر باس لەوە بکەم کە بەکاربردنی هەڵوەشانەوەگەری لە بواری فێمینیزم ڕێگەی لە بەردەم توێژینەوەگەلێکی زۆری زانکۆییشدا کردەوە. تەنانەت ئەو ئافرەتە فەرەنسییانەش (سیزۆ، کرستیڤا و ئیریگەرای) کە سالانێکە تیۆرییەکانیان لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی ئەمەریکا زۆر بەربلاون، بەجۆرێ لە جۆرەکان بەو گۆڕانکارییانەوە دەلکێنرێن کە تەوژمی بیری فوکۆ-دێریدا لەو ڕووەوە ورووژاندوویانن. ئەڵبەتە لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی جیاوازیی نێوان ژیندەری نووسەرەکان یان ڕاستتر بڵێم ژیندەری ئەو کەسەی لەمەڕ دۆزی ئافرەت دەدوێ. ئەمەش لەسەر ئەو بناغە تیۆریە دەڵێم کە سالانێک لەمەوبەر نووسەری فەرەنسی بەئەسڵ بولگاری، ژولیا کرستیڤا، کە هاوسەری ڕۆمانووسی فەرەنسی، فیلیب سولرێزە، بیرۆکەی ئەوەی ورووژاند کە نووسین لەسەر ئافرەت دەبێ بەدەستی ئافرەت خۆی بنووسرێ. واتە دەنگی ئافرەت دەبێ ئافرەت بەرزی بکاتەوە نەک پیاوە سپییەکە (ڕەنگە بۆ لای ئێمە چاترە بوترێ پیاوە ئەسمەرەکە).

ئەوەی من مەبەستم بوو لەبەر سایەی ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە باسی لێوە بکەم ئەوە بوو کە کاریگەریی فەلسەفەی فەرەنسی لە ناو ئەو فەلسەفەیەی بەزمانی ئینگلیزی دەنووسرێ، وەک یەک نییە. ڕەنگە ئەو کراوەیەی ئەم دوو سێ دەیەی دوای زانکۆ و ئینستیتوتەکانی توێژینەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هۆی بووبێ لە بەردەم توانای هاتنە ناوەوەی فەلسەفەی فەرەنسی. بەڵام پێشم وایە ئەو باس و خواسانەی ڕۆشنبیر و بیریارانی فەرەنسی دەستیان بۆ بردوون، کارێکی ئەوتۆشی کردووە لەم بیریار و ڕووناکبیرە فەرەنسییانە لە نێوەندی ئەکادیمی و مێدیای ئەمەریکی پێشوازی گەورەیان لێ بکرێ. بەڵام ئەم پێشوازییە گەلێ جار نادادپەروەرانە بووە. بۆ نموونە ئەوەندەی دێریدا بایەخی دراوەتێ باوەڕ ناکەم لە سەردەمی نوێدا هیچ بیریار و



ڕووناکبیرێکی فەرەنسی ئەو بایەخەی درابێتێ. ڕاستە ئەوە لە لای پێوەندی بەپڕ بەرهەمی دێریداوە هەبووە، بەڵام لە لایدیش پێوەندیی بەخودی دێریداوە، هەبووە کە بەردەوام بەڕێگەوە بووە بەرەو ئەمەریکا. گەلێکیش وای بۆ دەچن کە ئەو ناوبانگەی دێریدا لە زانکۆ و ئینستیتیوتەکانی ئەمەریکا بەدەستی هێناوە مانایەکی زۆری بۆ بەنێودەوڵەتیبوونەکەشی هەبووە. من بەخۆم باوەڕێکی زۆرم بەم ئارگومێنتە (بەڵگەیە) هەیە. چونکە ئەمڕۆ ئەمەریکا باشترین بازاڕی بیرە لە جیهاندا و پەیداکردنی ناوبانگیش لە ئەمەریکا پەیداکردنی ناوبانگی بەدەمەوەیە لە گشت جیهاندا. مێدیای ئەمەریکیش کە یەکێکە لە مێدیا بالادەستەکانی سەرگۆی زەوی، باشترین زەمینەی تێدایە بۆ بەنێودەوڵەتیبوون. بۆیە ئاساییە گەلێ لە بیرمەند و ڕووناکبیران لە چاخی ئەمڕۆدا بیر لەوە بکەنەوە کە شوێنێ لەو بازاڕی هزرە جیهانییە لە ڕێگەی مێدیای ئەمەریکییەوە بەدەست بهێنن.

دەمەوێ جارێکی تر بگەڕێمەوە سەر ئەوەی ماوەیەک لەمەوبەر وتم، واتە ئەوەی بۆ دێریدا لوا، بۆ بیریارانی تری فەرەنسی نەلوا، جا ئەوە نەوەی دێریدا بێ یان پێش نەوەی خۆی. بۆ نموونە دێریدا کە لە گەلێ ڕووەوە بەرهەمی هەندێ لە بیریارانی فەرەنسییە، وەک جۆرج باتای، ئیمانوێل لێڤیناس و مۆریس بلانشۆی هاوڕێی، هیچ وەخت ئەو بیریارانە ئەو بەختەی دێریدایان نەبووە ئەوەندە ناسراو بن، نەک هەر لە ئەمەریکا بگرە لە وڵاتی دایکی خۆشیاندا. هەر هەمان شت سەبارەت بەهەندێ بیریاری هاوتەمەن و هاوڕێگەی دێریداش دەڵێم لەوانە فوکۆ یان دولۆز. مەبەستم ئەوەیە کە کەسێ وەک فوکۆ یان دولۆز کە هاوتەمەنی دێریدان و ناویشیان بەو چرکە ڕووناکبیرییەوە دەلکێنرێ کە هەمان ئەو چرکەیە کە دێریدای ناساندووە ئەوەندەی دێریدا بەختی ناسراوبوونیان لە دەرەوەی فەرەنسا لە بەردەمدا نەبووە. من دەزانم گەلێ هۆ هەن کە لەو بارەیەوە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن، بەڵام من لای سەرەوە دوو هۆم بەردەست خست کە مانایان بۆ بەنێودەوڵەتیبوونی دێریدا هەبووە، ئەڵبەتە هۆی دیش هەن کە دەکرێ لای خوارەوە باس بکرێن.

ئەوەی دێریدا یەکەم جار کردی سەفەرێ بوو لە ساڵی ١٩٦٦ بەرەو ئەمەریکا بۆ سازکردنی سمینارێ لە زانکۆی جۆن هۆپکنز. ئەم سمینارە کە مانای فەلسەفەیی و ئەدەبی و زمانەوانی هەبوو هەنگاوێ بوو بۆ ڕەتکردنەوەی تەماشاکردنی فەلسەفییانەی بنەماخوازیی لیڤی- ستراوس. ئەوە بوو لە مێدیای ئەمەریکی دێریدا ئەو دەمە وەک ئەو بیریارە پاریسییە ناوزەد کرا کە بەرهەمهێنەری مۆدەیەک فەلسەفیی نوێیە. بۆیە پاش گەڕانەوەی دێریدا بۆ فەرەنسا تەوژمێک خۆی قوت کردەوە کە ناو نرا پاش بنەماگەری. بەڵام هەر لەودەمەدا فوکۆ باشترین کتێبی خۆی لە ژێر ناوی ""وشەکان و شتەکان""دا بەچاپ گەیاند کە ئەو بایەخە نێودەوڵەتییەی نەدرایە و بگرە لە وڵاتی خۆشیدا بەبەشی دووەمی کتێبەکەی ""ماین کامپ""ی هیتلەر لە قەڵەم درا. ڕەنگە ئەمە پێوەندیی بەو کۆششە فەلسەفییە نیچەگەراییەوە هەبێ کە لەو کارەی فوکۆدا پەنهان بووە. واتە هەوڵی سڕینەوەی وێنەی مرۆڤ یان کۆتایی هێنان بەمرۆڤ. بەڵام ئەم کارە دواتر بەهەندێ بەرهەمی تری هزری پەرەی پێ درا کە مانای خۆیان بۆ بەفەرەنسیبوونی فەلسەفە دێ. هیچ نەبێ لەو شوێنانەی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ پێشوازی لێ دەکرێ.

هەر سەبارەت بەوی لای سەرەوە وترا، دەکرێ ئەوەش بوترێ کە، ڕەنگە هۆی تریش لە ئارادا بووبێ بۆ کپکردنی دەنگی فەلسەفی و هزری فوکۆ لەوانە سەفەر نەکردنی فوکۆ بۆ ئەمەریکا و یان بەهادارکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئەوەش لە میانەی ئەو دوو سەفەرەی لە سەرەتای شۆڕشی ناوبراودا بۆ تاران کردی. ئەمەو زوو مردنی فوکۆ (٥٨ ساڵ ژیا) ڕەنگە هۆی تربێ لە بەردەم نەبوونی فوکۆ بەدیاردەی ڕووناکبیری لە ئەمەریکا لە چاو بۆ نموونە دێریدا کە پاش فوکۆ بیست ساڵی تر ژیا. ئەمەو ڕەنگە هۆی درەنگ وەرگێڕانی کارەکانی فوکۆ بۆ سەر زمانی ئینگلیزی هۆی لاواز نەبێ لەم ڕووەوە. بەڵام هەرچی دولۆزە ڕەنگە کەمتر لە فوکۆ بەختی بەنێودەوڵەتیبوونی لە بەردەمدابووبێ. دولۆز کە نەوەک دێریدا (هەڵوەشانەوەگەریی) و نەش وەک فوکۆ (ژینالۆژیای زانین)ی بەرهەم هێناوە لە پشت هاتنە کایەوەی ئاراستەی دیاریکراو نەبووە



بەڵام بەیەکێک لە ئەندازیارانی بیری نوێی فەرەنسیی پاش ساڵانی ١٩٦٠کان دەژمێردرێ و، بیری فەلسەفی ناوبراویش مانای خۆی بۆ پاش تازەگەری و پاش بنەماخوازیی فەرەنسی نەدەبوو، گەر دولۆز یەکێک نەبایە لە پێشەواکانی. من لێرەدا دەمەوێ بەپێچەوانەی پێتەر کێمپەوە بڵێم کە ئەوە تەنیا هەڵوەشانەوەگەری نییە ناشیاویی دۆزییەوە، بەڵکو پاش تازەگەری و پاش بنەماخوازییش لە دۆزینەوەی ئەو ناشیاوییەدا بەشداربووداو(٦). لەوە سەیرتریش ئەوی شارەزای شەپۆلە فەلسەفی و ڕۆشنفکرییەکانی ماوەی ساڵانی ١٩٦٠کان و بەرەو سەرەوە بێ، لەوە دەگا کە ئەوەی تیۆریزەکەری ئەدەبی سویدی، ئەندەش ئولسۆن لەم بارەیەوە دەیڵێ زۆر لە ڕاستییەوە نزیک بێ. چونکە بەبۆچوونی ئولسۆن ئەوی هەڵوەشانەوەگەری و پاش تازەگەری کۆ دەکاتەوە، فەلسەفەی ئەنتی- هیۆمانییانەی ئەم دوو لایەنەیە و، هەروەها کاری ئەو دوو لایەنەشە بۆ خستنە ژێر پرسیاری خودی مرۆڤایەتی وەک بناغەی بۆ زانین[٧].

بۆ ئەوەی پتر ئەوە ڕوون بکەمەوە کە لای سەرەوە بەر باسم خست، دەمەوێ سێرکردنی خوێنەر ڕووەو ئەو ناوچانەش ڕاکێشم کە هەندێ نهێنیی دی لە ژیانی بیری فەرەنسی والا دەکا.

پێش گشت شتێک لەوێوە دەست پێ دەکەم کە بمانەوێ و نەمانەوێ فەیلەسوفانی فەرەنسی توانیان چەند واتایەک بخەنە ناو لێکسیکۆنی نوێی فەلسەفییەوە یان کاریگەریی بەسەر گۆڕینی فۆرمی داڕشتنی بیرکردنەوەی فەلسەفیی ئەم سێ چوار دەیەی دواییەوە بەجێ بێڵن. هەر دوور ناڕۆم بۆ ئەوەی ئەوی دەیڵێم بەڵگە (ئارگومێنت)داری بکەم ئەو زاراوانە بیر دەخەمەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی بیریارانی فەرەنسیی هاوچەرخەوە، باو کران، بۆ نموونە زاراوە یان واتای کۆتایی، پاش (پۆست)، مەرگ، جیاوازی و هەڵوەشانەوە. ئەو زاراوانە کە وەک واتای فەلسەفی پوخت تەماشا دەکرێن خرانە پاڵ وشەی ترەوە وەک فەلسەفە، مرۆڤ، مێژوو و خود کە ئەوەش ئەم دەربڕینانەی لێ پێک هات: کۆتایی فەلسەفە، مەرگی مرۆڤ، پایانی مێژوو،

یاخود پاش فەلسەفە و پاش مێژوو، یان پایانی خود و فەلسەفەی فەلسەفە. ئەم زاراوە و واتا و دەربڕینانە کە تا ئێستاش وەک بەشێ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فەلسەفی تەماشا دەکرێن، فەرەنسیبوونێک لە منداڵدانی ڕووناکبیرییاندا ئامادەیە. ئەم شێوە کارکردنە فەلسەفییە لە لای گەشەدان بوو بەبیرۆکە فەلسەفییەکانی نیچە- هایدگەر، سەبارەت بەکۆتایی شارستانیی ڕۆژئاوا و هەڵوەشانەوەی پرۆژەی میتافیزیکی ڕۆژئاوا و لە لایەکی تریش کاردانەوەیەکی فەلسەفیی ساتی خۆشیانن. ئەوەی پێوەندیی بەپەرەدان بەبیری هەردوو بیریاری ئەڵمانییەوە هەیە، ئەوە کە پرۆسەی ئەم پەرەپێدانە زۆرتر لە فەرەنسا ڕسکا، وەک لە شوێنی تری ڕۆژئاوا و، لەسەر دەستی سێکوچکەکەی بیری تازەی فەرەنسیش (فوکۆ، دولۆز و دێریدا)، نەشونمای کرد، وەک لەسەر دەستی نەوە و دەستەبژێرێکی تر. ئەم شێوە کارکردنەش کە بیری وەک بنەماخوازی، پاش بنەماخوازی و پاش تازەگەریی خستەوە، جۆرە کارکردنێکی فەرەنسییانەش بوو لە لایەک بۆ دووبارە خوێندنەوەی تێکستی غەیرە فەرەنسی و لە لایەکی تریش بۆ بەکاربردنی ئەو تێکستە فەرەنسییانەش کە هەناسەیەکی ڕووناکبیری و فەلسەفیی جیایان تیا بەدی دەکرا. ئەڵبەتە لەو تێکستانەش کە بەری گەرووییێکی فەرەنسییان لێ دەهات و سەرچاوەیەکی باشیش بوون بۆ نەوەی ناوبراو، دەکرێ ناوی وەک ئارتۆ، باتای، بلانشۆ، لێڤیناس و چەند کەسێکی دیکەش بەنموونە بهێنرێنەوە. ئەم سێ ڕەوتە فەلسەفییە کە جێی خۆکارکردنیان لە نێو فەلسەفەی زمان و مێژووی بیر و شیکردنەوەی دەروونیدا قایم کرد، گەلێ ڕێبازیان خستەوە لەوانە: سیمیۆلۆژیا، ژینالۆژیا و هەڵوەشانەوەگەری و... هتد. ئەمانە وا دەکا من بڵێم فەلسەفەی فەرەنسی شوێنێکی فەلسەفیی لە ناو وتاری فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا بۆ خۆی دابین کرد و ڕیزێک تەوژم و چەمک و ئەندێشەی فەلسەفی لەتەک خۆ پەلکێشی ناو وتاری ڕووناکبیری و هزری هاوچەرخ کرد. سەرەتای ئەو شوێنەش لە لایەک بۆ ڕەتکردنی بوونخوازیی فەرەنسی و لە لایەکی تر بۆ تێپەڕاندنی بیری مارکسیزم بوو. گومانی ناوێ بیریارانی بنەماخوازی (لەوانە



ئاڵتۆسیر) لەتەک بیری مارکسیزم لە جۆرە دێبا تێدابوون و تەنانەت خودی سارتەریش دواتر گەیشتە ئەو باوەڕەی تێپەڕاندنی ئاسۆی بیری مارکس، کارێکی ئاسان نییە (لەم ڕووەوە بڕوانە ڕەخنە عەقڵی پراکتیکەکەی سارتەر کە لە ١٩٦٠دا نووسراوە). بەڵام بەهاتنی بیریارانی پاش بنەماخوازی (فوکۆ، دێریدا) و بەتایبەت پاش تازەگەری (لیۆتار بەتایبەت) پشتکردن لە مارکس بوو بەئامانجی فەلسەفی و ئەمەش وای کرد فەلسەفە لە نێوەندی ئەکادیمی فەرەنسیش ئەو ئامانجە لە کۆڵ بگرێ. ئەمەش شتێ تازە نەبوو، چونکە بیریارانی فەرەنسی هەمیشە دەسەڵاتی خۆیان لە نێوەندی ئەکادیمیدا چەسپاندووە، نەک وەک هەندێ لە وڵاتانی تر کە کاریگەریی فەیلەسوف و ڕووناکبیران کەوتووەتە دەرەوەی نێوەندی ئەکادیمییەوە. مەبەستم زۆربەی فەیلەسوف و ڕۆشنبیرانی فەرەنسی ئەوانەی دەستیان لە هێنانە کایەوەی ڕێباز و ڕەوتی فەلسەفیدا بووە لە بناغەدا، پرۆفیسۆر بوونە و ئەزموونێکی ئەکادیمیی بەردەوامیان هەبووە، بۆیە کاتێ گەشەیان بەڕێبازێکی فەلسەفی یان ئەدەبی دابێ، لە نێوەندی زانکۆوە بناغەیان بۆ داڕشتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، ئەو فەیلەسوف و ڕووناکبیرانە تێزە ئەکادیمییەکانیان ڕووەو ئەو ئامانجانە بردووە کە خۆیان زەمینەیان بۆ خۆش کردوون و، بەتەبیعەتی حاڵیش هەچ سێرکردن و شیکردنەوەیەک کە سەرچاوە لە زانکۆ و نێوەندەکانی توێژینەوەوە هەڵدەگرێ، ئەمە بەخۆی کارێکی وا دەکا، ئەو سێرکردن و شیکردنەوانە دواتر لە مێدیا و نێوەندەکانی ڕۆشنبیری پتر پەسندئامێز و زووش پۆپولێر بن و بشبن بەبناغە بۆ گفتوگۆ تیۆرییە ئەکادیمییەکان. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لە فەرەنسا کراوە و باشترین فەیلەسوف و تیۆریزەکەری ئەدەبی و کۆمەڵناس ئەوانەن کە بەرپرسی مەڵبەندەکانی توێژینەوەن و یان ئەو فەیلەسوف و ڕووناکبیرانەن کە ڕاگری بەش و کۆلێجەکانن و تێزەکانیان لە زانکۆکاندا دەخوێندرێ و ناویان نێوەندی ڕۆشنبیری و مێدیاکانی تەنیوەتەوە.

من لای سەرەوە کاتێک هەندێک سەرنجم خستە سەر ژینگەی ڕۆشنبیری لە فەرەنسا، ئەوەم بەر باس خست کە هەوڵێک لێرە و لەوێ بۆ تێپەراندنی بیری

مارکس لە ئارادا بووە، بەڵام ئەوی لەو ڕووەوە وتم مانای ئەوە نەبوو کە من دەمەوێ بڵێم بیری مارکس بۆ بیریارانی ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠کان ئەو مانایەی نەبووە. لەم ڕووەشەوە نامەوێ هیچ دوور بڕۆم و بۆیە ناوی فەیلەسوفی فەرەنسی وەک لوی ئالتۆسیر، بەنموونە دێنمەوە کە بەهاوبەش لەگەڵ ئیتین بالیبار لە ساڵی ١٩٦٨باشترین کاری فەلسەفییان بەناوی ""خوێندنەوەی سەرمایە"" سەبارەت بەخوێندنەوەی بیری مارکس پێکەوە نووسیوە، یان ئەو کارە فەلسەفییە تاکەی ئالتۆسیر بەتەنیا لە ساڵی ١٩٦٥ بەناوی""بۆ مارکس"" نووسیویەتی. ڕاستە ئەم کارانە دەچنە خانەی خودی ئەو مارکسیزمە بنەماخوازییەی لە ١٩٦٠کان لە فەرەنسا باو بووە. ئەم لایەنە لە ویستی فەلسەفاندنی فەرەنسی تاک و شاز نییە و بەڵگەش لەسەری ئەوی دەیڵێم گەڕانەوەی فەیلەسوفێکی هایدگەرخوازی وەک دێریدایە لە ناوەندی ١٩٩٠کاندا بۆ مارکس کە بەدڵنیاییەوە، ئەم ڕەفتارە فەلسەفییەی دێریدا یان ویستی بۆ فەلسەفاندن بەمجۆرە خورپەیەکی فەلسەفیی لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا دروست کرد، بەتایبەت لەو دەمەی کە باسی مەرگی مارکسیزم و ئاوابوونی کۆمۆنیزم بەجۆرێ بانگەشەی بۆ دەکرا کە کەم کەس جورئەتی ئەوەی دەکرد، ناوی مارکس یان زاراوەی مارکسیزم گۆ بکا. ئەم لایەنە تەنیا ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە ویستی فەلسەفاندن لە نێو بیریارانی فەرەنسی بۆ بیری مارکس شتێ گومان لێ نەکراوە بەڵکو ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە چەند بیریارانی فەرەنسی خورپە بەرهەمهێنەریشن.

بەکورتی ئەوی لەو چەند دێرەی لای سەرەوە مەبەست بوو بوترێ، ئەوە بوو کە فەلسەفەی نوێی فەرەنسی کە پتر بەو فەلسەفەیە دەوترێ لە پاش جەنگ سەری هەڵداوە دەکرێ بەقۆناغ بکرێ و وەک چەند بزووتنەوەیەکی فەلسەفی لە یەکدی جیاش سێر بکرێ. ئەم فەلسەفە نوێیە کە ئاسۆی کاریگەری تەنیا لە ناو زمانی دایکدا نەمایەوە بەڵام ئەوەندەش جیهانینە بوو کە جیێ بەئەزموونە فەلسەفییەکانی دی چۆڵ بکا. ئەوەتا تا ئێستاش فەلسەفەی فرانکفۆنی بەتایبەت لەگەڵ ئەو فەلسەفەیەی پێی دەوترێ فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆ–



ئەمەریکی لە حاڵەتێکی بەرامبەرگەریدا دەژی.

سەرەڕای ئەوی وتم ئاماژە بەوەش دەدەم، باوبوونی فەلسەفەی فەرەنسیی هاوچەرخ لە جیهاندا ئەگەرچی چوارچێوەدارە، بەڵام لە چاو خۆی هەر لق و پۆپی خستووەتە ناو فەلسەفەی زمانانی ترەوە و بەتایبەتیش ئەو جۆرە ئەزموونە ڕۆشنبیرییانەوە کە لە فەلسەفەی شیکردنەوەیی بێ خەبەرن، یان بەهیچ جۆرێ نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەنگلۆئەمەریکییەوە. بەرچاوترین ئەزموونی ڕۆشنبیریش کە نەکەوتووەتە ژێر ڕکێفی فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەنگلۆئەمەریکییەوە ئەوا ئەزموونی ڕۆشنبیری و فەلسەفەی عەرەبی و فارسییە کە کاریگەریی خۆی بەسەر ئەزموونی ڕۆشنفکریی کوردییەوە هەیە. بۆیە لە ناو نووسەر و هەوادارانی فەلسەفە لە کوردستان پتر ڕووناکبیر و فەیلەسوفە فەرەنسییەکان باون و ئەڵبەتە ئەو باوییەش زۆر سنووردارە. مەبەستم ئەوەیە، تەنیا ناوی ئەو فەیلەسوفە فەرەنسییانە باوە کە هەندێ کاریان وەرگێڕدراوەتە سەر عەرەبی یان فارسی بەڵام ئەوانەی وەرنەگێڕدراون ئەوا باو و ناسراو نین، کە بەخۆی دەبایە هێندەی باوبوونی ناوی فوکۆ، ودولۆز و دێریدا ناوی کەسانێکی تریش باو بووبوونایە کە بەخۆیان وەک ڕابەرانی فکری ئەوان تەماشا دەکرێن. بۆ نموونە لەوانە: مۆریس بلانشۆ، جۆرج باتای، ئیمانوێل لێڤینانس و دۆمیزیل و... هتد. یان دەبایە هێندەی ناسراوی فوکۆ و دولۆز و دێریدا کەسانی تریش وەک ئالان بادیو، فیلیپ لاکۆ– لابارت، ژان– لۆک نانسی، ژان بۆدریار، ژان– لۆک ماریۆ، ژان _ فرانسوا لیۆتار ناسراو بانایە. گرینگیشە لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە مەبەستم لە وشەی ناسراوی چییە. مەبەستم لە ناسراوی ئەوەیە بەشێ زۆر لە بیریارانی ڕۆژئاوا، جا ئەوە فەرەنسی بن یان غەیرە فەرەنسی، تێگەیشن و بیر و بۆچوونیان، کە بەخۆی بریتییە لە بەرهەم و توێژینەوەکانیان، لە ناو ئێمە وەک خۆی نەناسراوە و، یان ئەگەر ناوێک یان چەند ناوێکیش باو بووبێتن، ئەوە ئاماژە نییە لەسەر ئەوەی ئاشنایەتی لەسەر شێوەی کارکردن و شێوازی نووسینی ئەوانە لە نێو ئێمەدا لە ئارادایە، بەڵکو ئەوی لە ئارادایە،

گۆکردنی ناوی هەندێک لە بیریاران و یان هەندێک چەمک و زاراوەی فەلسەفییە و بەس نەک جۆری ویستیان، بۆ فەلسەفاندن. بەدڵنیاییشەوە بایەخنەدانی ڕۆشنبیرانی عەرەبی و یان فارسی بەگەلێ لەو فەیلەسوفانەی لای سەرەوە ناویان هات یان فەرامۆشکردن و گۆنەکردنی ناوی گەلێ بیریار و ڕووناکبیری جۆراوجۆری دی و ئاشنا نەبوون بەویستی فەلسەفییان مانای خۆی لە نەناسراوی ئەو کەسانەدا دیوە. ئەم لایەنەش کارێکی وا دەکا ئەزموونە فەلسەفی و ڕووناکبیرییە جوداوازەکان، یان ڕوونتر بێمە گۆ ویستی فەلسەفەیی بەشێکی گەورە لە فەیلەسوفان، ناسراو نەبن و نەوەکانیش وەک خۆیان نەناسرێن و بیر و بۆچوونیشیان لەسەر کار و بەرهەمی یەکتر لە کات و شوێنی خۆیدا بەرچاو نەخرێن.

من گومان لەوە ناکەم بەشێکی زۆر لە نووسینە فەلسەفییە نوێکانی بیریارانی فەرەنسیی هاوچەرخ توانایەکیان لە داهێنانی تایبەت و بیرێکی ڕەوانبێژیی پڕ لە شیاوی تێدا ئامادە نەبێ، بەڵام زۆر جار ئەو توانا و شیاوییانە، زەمینە بۆ دروستکردنی چرکەیەکی فەلسەفیی بێ هیوا و مەرگاوی دابین دەکەن یاخود ویستێ بۆ فەلسەفاندن زەق دەکەنەوە بێ ئایندە و تاریکاوییە. هەر تایبەت بەم لایەنە و ئەوی لای سەرەوە ڕوو خرا، ئەوەش دەڵێم کە، بێ مانا نییە کە پاریس بووە بەشوێنگەی گشت مۆدە فەلسەفییەکان. ئەوەتا فەیلەسوفی سویدی ستافان کارلشامر لەو دەروازەیەی بۆ وەرگێراوی کتێبی ڤینسینت دێکۆمب "فەلسەفەی نوێی فەرەنسی" نووسیویەتی، بۆ ئەوە دەچێ کە لە هیچ شوێنێک هێندەی پاریس ئاگای لەمەڕ شەپۆلە ڕووناکبیرییەکان وەک مۆدە گەشەیان نەکردووە، نییە.[٨] لەمەش گرینگتر ئەم فەیلەسوفە سویدییە لەو دەروازەیەدا ئاماژە بەپارادۆکسێکیش دەکا کە تایبەتە بەپێوەندیی فەلسەفەی فەرەنسی بەو هەڵاوگۆڕانە فەلسەفیانەی لە ناو زمانەکانی دیدا ڕوو دەدەن. پارادۆکسەکەش بەباوەڕی ستافان کارلشامەر ئەوەیە کە فەلسەفەی فەرەنسی بەدەگمەن لەو هەڵا و گۆڕانانەی لە زمانەکانی دیدا ڕوو دەدەن بەئاگایە و لە لای دیش دەست بۆ ئەو ڕاستییەش ڕادەکێشێ



کە سەرچاوەکانی بیری فەلسەفەی فەرەنسی دەرەکین، واتە غەیرە فەرەنسین و، ئەمەش سێ بوار دەگرێتەوە : مارکسیزم، فینۆمینۆلۆژیا و شیکردنەوەی دەروونی. ئەو سێ بوارەش سێ ناو بەرجەستە دەکا کە فەرەنسی نین: مارکس، هۆسرەل و فرۆید[٩]. هەر سەبارەت بەم لایەنە دەمەوێ دەست بۆ ئەوەش ڕاکێشم کە سێ هایە ناودارەکەی ئەڵمانیا (هیگڵ، هۆسرەل، هایدگەر)، کە زۆرترین کاریگەرییان بەسەر شانۆی فەلسەفی و تەوژمە ڕووناکبیرییەکانی پاریسەوە هەبووە، ئەوەندەی لە لایەن فەرەنسییەکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی"" بیرێتر"" بەکار براون ئەوەندە لە نیشتمانی خۆیان لەو ئاستەدا بەکار نەبراون. من پێم وایە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە بەڵکو ئەوەشە کە فەیلەسوفە فەرەنسییەکان ئاگاییەکی باشیان لەسەر بەرهەمی فەلسەفیی ئینگلیزیی نووسراو نەبووە. بەڵگەشم لەسەر ئەوە دوو شتە. یەکەمیان کاتێ فوکۆ کارە ناودارەکەی "وشەکان و شتەکان" لە ١٩٦٦دا نووسی، ڕەخنەی ئەوەی لە لایەن فەیلەسوف و تیۆریزەکەری زانستی ئەمەریکییەوە تۆماس کۆهن ڕووبەڕوو کرایەوە کە فوکۆ زانیاری لەسەر فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆ- ساکسۆنی نییە چونکە بەقەولی تۆماس کۆهن، گەر فوکۆ ئاگای لەسەر ئەو فەلسەفەیە هەبایە ئەوا فوکۆ ئەو شتانەی لە کتێبەکەی دووبارە نەدەکردەوە کە فەیلەسوفانی شیکردنەوەی پێشتر وتویانە. تۆماس کۆهن کە کارە ناودارەکەی خۆی بەناوی ""بنەمای شۆڕشە زانستییەکان"" لە ساڵی ١٩٦٢دا بەچاپ گەیاندووە گەلێ بیرۆکە و ڕاستی زانستی گفتوگۆئامێزی لەو بەرهەمەدا بەردەست خوێنەرانی ئەنگلۆ- ساکسۆنی خستووە کە بیریارانی فەرەنسی پێم وایە تا ئەو دەمە پەیان پێ نەبردووە. بەڵام بەبۆچوونی فەیلەسوفی سویدی ستافان کارلشامەر دووەمیان ئەوەیە کە فەیلەسوفە فەرەنسییەکان لە چاو فەیلەسوفە ئەنگلۆساکسۆنییەکان درەنگتر دەستیان داوەتە ڕەخنە لە تیۆری زانینی فەندەمینتالیزم. تەنانەت ئەم فەیلەسوفە سویدییە بۆ ئەوەش دەچێ کە کەسانێک وەک دێریدا و فوکۆ بەرهەمەکانی ڤیتگنشتاین، کواین یان تۆماس کۆهنیان نەخوێندووەتەوە[١٠].

من گومان لەم بۆچوونەی کارلشامەر ناکەم و لەم ڕووەشەوە چەند بەڵگەی دێنمەوە. لەوانە: یەکەم، لەگەڵ بڵاو بوونەوەی بەرهەمی یەکەمی ڤیتگنشتاین لە ژێر ناوی""تراکتاتۆس لۆژیکۆ فیلۆسۆفیکۆس""، بەئەڵمانی لە ساڵی ١٩٢١ و بەئینگلیزیش لە ساڵی ١٩٢٢، ئەم بەرهەمە کاریگەرییەکی زۆری لە دوای خۆی لە ناو فەیلەسوفانی ئەنگلۆساکسۆنیدا بەجێ هێشت. ئەڵبەتە پاش مەرگی ڤیتگنشتاینیش (ساڵی ١٩٥١) زۆربەی وانەکانی ئەم بیریار و لۆژیکەرە نەمساوییە لە شێوەی کتێب بڵاو کرانەوە و شوێن پێیان لە ناو فەلسەفەی لۆژیکدا بێ وێنە بوو. بەڵام ئەم بێ وێنەییەی شوێن پێی بیری ڤیتگنشتاین پێ ناچێ لە ناو فەلسەفەی فەرەنسی ڕەنگدانەوەی هەبووبێ بەڵگەشم لەسەر ئەوە ئەمەیە کە لای خوارەوە باسی دەکەم.

ڤیتگنشتاین کە کاریگەری خۆی بەسەر ئەو کودەتا زمانەوانییەوە هەیە کە لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا هاتووەتە کایەوە پریشکی ئەو کودەتایە تەنیا لە ناو ڕووناکبیرانی ئینگلیزی زماندا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە. ڕاستە ئەو تەوژمە ڕووناکبیرییەی لە فەرەنسا لە پاش ١٩٦٠کانەوە هاتە دنیا پێوەندییەکی بەو هەڵا و گۆڕانانەوە هەبوو کە لە دنیای زانستی زماندا ڕووی داوە بەڵام ڕووناکبیرانی فەرەنسی، بنەماخواز و پاش بنەماخوازەکان، بەزۆری لە ژێر کاریگەری مۆدێلی زمانەوانی زماناسی سویسری فردیناند دۆ سۆسیر و فۆرمالیستەکانی ڕووسدا بوونە تا لۆژیکەر و زمانەوانانی کامبرج. بەڵگەی دووەمیشم ئەوەیە کاتێ لە ١٩٩٤دا دێریدا لە لایەن زانکۆی کامبرجەوە بۆ وەرگرتنی دکتۆرای شەرەف کاندید کرا دواتر ئەم پێشنیارە بەئیمزای چەند بیریارێکی ئەو زانکۆیە، کە یەک لەوانە کواین بوو، ڕەت کرایەوە. هۆی سەرەکی ڕەتکردنەوەکەش بەزۆری خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە بیری دێریدا کۆنکرێت نییە. بەباوەڕی من ناکۆنکرێتیش لە بیردا تۆمەتێکە بەزۆری لۆژیکەرانی ئینگلیزی زمان و پاشکۆکانیان، کە بەزۆری لە ئەسکەندەنافیادا تا بڵێی زۆرن، دەیدەنە پاڵ بیریارانی فەرەنسی و ئەوانەی گەشە بەبیری نیچە–هایدگەر دەدەن. هەرچی بەڵگەی سێیەمیشمە ئەوەیە کە تۆزێ پێش ئێستا لای سەرەوە



ڕووم خست، واتە بۆچوونەکەی تۆماس کۆهن لەسەر نووسینەکەی فوکۆ. واتە هەندێ لە بیر و بۆچوونی بیریارانی گەورەی فەرەنسی بۆ بیرمەندانی شیکردنەوەی، فەیلەسوفانی ئەنگلو– ئەمەریکی، کە خۆیان وەک دژە جەمسەری فەلسەفەی فەرەنسی دەردەخەن دووبارەییان تیا بەدی دەکرێ. چونکە بەشێ لە فەیلەسوفانی شیکردنەوەی پێیان وایە ئەوی فەیلەسوفانی پاریس لە هەندێ ڕووەوە دەیڵێن دەکرا نەوترێ چونکە لە لایەن ئەمانەوە، واتە فەیلەسوفانی شیکردنەوەییەوە، وتراون.

بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەوانەی وترا دەمەوێ ئەو سێرکردنەش بەرچاو بخەم کە، پابەندبوونی بیریارانی ئینگلیزی بەفەلسەفەی شیکردنەوەی ترادیسیۆنێ کۆنە. بەڵام ئەم پابەندبوونە لە ناو بیریارانی فەرەنسی باو نییە و ترادیسیۆنی ناوبراویش کاریگەری خۆی بەسەر شێوەی کارکردنیانەوە بەجێ نەهێشتووە. بۆیە زۆر ئاساییە گەلێکمان بۆ ئەوە بچین کە فەلسەفەی شیکردنەوەی نوێ، کە بەقەولی کارلشامەر زارۆکی ئیمپریزمی لۆژیکییە، لە بنرا لەو فەلسەفەیە جیایە کە فەیلەسوفانی تازەی فەرەنسی کاری لەسەر دەکەن[١١].

ڕاستە ئەو شۆڕشە زمانەوانییەی لە سەد ساڵی ڕابردوودا، هاتە دنیا شێوەی دارِشتنی فەلسەفی و تێڕامان و خودی کردەی فەلسەفەکردنی سەرلەبەر گۆڕی، بەڵام ئەم شۆڕشە زمانەوانییە کەم شوێنی لەسەر زەوی گرتەوە یان وەک گشت جارێ تەنیا ئەو شوێنانەی گرتەوە کە پێشتر فەلسەفەکردن تیایاندا پڕشنگدار بووە بۆ نموونە وڵاتانی ڕۆژئاوا. بۆیە ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە دنیا کە لە فەلسەفە بێ خەبەرن، هۆی ئەوەیە لەو شۆرشە زمانەوانییە بێ خەبەرن و لە لای تریش هۆی ئەوەیە کە لە ژێر کاریگەریی ئەو شۆڕشەشدا نین. من نە سەد سەد لەگەڵ گشت وردەکارییەکانی ئەو شۆڕشە زمانەوانییەدام و نەش پێم وایە ئەو شۆڕشە زمانەوانییە بەرپرسیار نییە بەرامبەر بەشێ لەو نیهلیزمەی (هیچگەراییەی) لە فەلسەفەی تازەی ڕۆژئاوادا بەدی دەکرێ. بەڵام خودی شۆڕشەکە کە فەلسەفەی تازەی ڕۆژئاوای بەرگۆڕانکارییەکی زۆر خستووە، شایانی تێڕامان و تێگەیشتنە و هۆکاری

تایبەتیش لە پشت بەردەوامبوونەکەیەوە هەیە.

لە هەموو ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە ئەوەی ئامانجم بوو، بیگەینم ئەوە بوو کە نەک هەر فەلسەفەی فەرەنسی بەڵکو فەیلەسوفانی فەرەنسیش وەک یەک، لەسەر شانۆی ڕووناکبیری و فەلسەفیی وڵاتانی ئینگلیزی زماندا کاریگەرییان نەبووە. ئەمە کە پێوەندی بەجیاوازیی ئەزموون و ترادیسیۆنە فەلسەفی و فکرییەکانەوە هەیە کارێکی ئەوتۆشی کردووە کە تاقیکردنەوە فەلسەفییەکان زۆر پێکەوە کار نەکەن و بگرە هەریەک بەپێی مێژووی پەرەسەندن و گەشەی خۆی ڕەفتار لەتەک ڕووداو و کێشەکاندا بکا. هیچ دوور ناڕۆین فەلسەفەی نوێی فەرەنسی یان بەلانی زۆرەوە فەلسەفەی فەرەنسی لە سەد ساڵی ڕابردوو ئەو کاریگەرییەی فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە بواری زمان و زانست (فەلسەفەی زانست یان زانین)دا تیا بەدی ناکرێ. ئەوەشی بەوردی سەرنجی فەلسەفەی فەرەنسی لە سەدەی ڕابردوودا بدا، دەبینێ کە فەلسەفەی زمان و زانستی ئەنگلۆ- ئەمەریکی توێژینەوەیەکی زۆری لە بواری فەلسەفەی زانست و فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی ئاگایی بەئەنجام گەیاندووە کە پریشکی ئەوانە بەوردی نەکەوتووەتە ناو نە فەلسەفەی تازەی فەرەنسی و نەش فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵەوە کە بەخۆی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ بەبیری بیریارانی هاوچەرخی فەرەنسی بەڕێوە دەچێ.

هەموو ئەوەش کە لای سەرەوە وترا، بەرەو ئەوەم دەبا بڵێم، ژمارەی ئەوانەی"" فەلسەفەیەکی تر"" ئەنجام دەدەن لە کەمبووندان. من لێرەدا مەبەستم لە ""فەلسەفەیەکی تر"" ئەو فەلسەفەیەیە کە لە فەلسەفەی باوی سەردەم ناکا. باشە با بزانین ""فەلسەفەی باو""ی سەردەم واتە چی؟ من مەبەستم لە ""فەلسەفەی باو""ی سەردەم ئەو فەلسەفەیەیە کە نە لە توانایدایە لە کێشەکانی سەردەم بکۆڵێتەوە، نەش خۆی لە قەرەی دەردی مرۆڤی نوێ دەدا و، ئەڵبەتە نەش پێوەندیی بەو پرسیارە سەرەکییانەوە ماوە کە فەلسەفە هەر زوو خۆی لە پێناویدا بنیاتنا. ئەمەش وا دەکا فەلسەفە وەدووی باو بکەوێ. ئەو دەمەش فەلسەفە وەدووی باو دەکەوێ، ئیدی تێڕامان لە بوونی بوونەوەر و دیاردەکانی



ناو بوون بۆ ژمارەیەک زۆر کەم نەبێ، لە فەیلەسوفان ئەو مانایەی نامێنێ. دڵنیاشم زۆربەی خوێنەرانی ئەم باسە، دژی ئەوەن فەلسەفە لە باودا قەتیس بکرێ یان فەلسەفە خۆی بخاتە پەڕاوێزی باوەوە. ئەمەش لەبەر ئەو هۆیەی کە کردەی فەلسەفەکردن هەنووکەییە و جارێ نەبووە بەشتێ ناپێویست و بەسەرچوو. هەروەها مرۆڤی سەردەم کە ناتوانێ پشت لە فەلسەفە بکا لەوە نەکەوتووە فەلسەفە نەکا. من دەزانم چەند فەلسەفەکردن گرینگە، هێندەی ئەوەش ئەوە گرینگە فەلسەفە چۆن بکرێ. واتە فەلسەفاندن کە ویستێک لە پشتییەوەیە. ئەم ویستە ڕیشاڵی سەرەکیی ئەو فەلسەفاندنە بەرهەم دێنێ کە دەبێ ئامانج لێی پەیبردن بێ بەکێشە و کەموکوڕییەکان. من کە پێم وایە چۆنیەتیی فەلسەفەکردن و فەلسەفەکردن بەسەر چییەوە مەسەلەیەکی لە ڕادەبەدەر بەهادارە، هەر ئەوەشم پێی بەهادارە، ئاراستەی فەلسەفە ڕووەو کوێ بڕوا. ئەمەش لەسەر ئەو بناغە گومان لێ نەکراوە دەڵێم کە لە ئەمڕۆدا ڕوو دەدا. واتە ئەوەی کە لە ئەمێستادا فەلسەفە بەدەست فەیلەسوفانەوە بەرەو شوێنێک براوە کە کەم فەلسەفە ڕێی تێ کەوتووە و، پێش دەچێ، فەلسەفە دەمێکە ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ خۆی لە دەست دابێ. ئەم گەڕانەوەیە کە بۆ فەلسەفە زێدە بایەخدارە لەوەش بترازێ دوو هێندە بۆ مرۆڤ بایەخدارە. گۆڕینی ویست لە ئەمڕۆدا بۆ فەلسەفاندن بەگۆڕینی گشت ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و هەلومەرجەکانیش کەوتووەتەوە. ئەمە پێ دەچێ کێشەی بەپلەی یەک ئەو کۆمەڵگانە بێ کە کردەی فەلسەفەکردن تیایاندا لە لووتکەدایە، واتە ئەو جێیانەی کە مەڵبەند و منداڵدانی بیری فەلسەفین، پتر بەرپرسیاریی ئەوەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە بەتەنگ ئایندە و چارەنووسی فەلسەفەوە بێن. وەلێ لەو ناوچانەی شیاوی لە بەردەم ڕسکانی فەلسەفەیەکی تۆکمە و پتەو نەبووە لە بەردەم زۆرترین هەڕەشەی ئەو پووکانەوەیەدان، کە فەلسەفە لە ئەمڕۆدا دووچاری بووە. واتە لەو جێیانەی ویست بۆ فەلسەفاندن ڕوو لە خوارە و ژمارەی فەیلەسوف و هزرەڤانان تێیدا بەپەنجە دەژمێردرێن و نووسەر و ڕووناکبیرانیشی زۆرتر دووچاری داڕمانی ڕووناکبیری و هزری دەبن و زیاد لە

پێویستیش دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو بازاڕە هزری و فەلسەفییەی ڕۆژانە ناو و شەپۆلی سەیر سەیر بەرهەم دێنێ. ڕاستە لە بەشێ لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا، کۆششێکی زۆر بۆ ئەوە دەکرێ فەلسەفە لەو سەرگەردانی و ئاوارەییە بپارێزرێ کە تێی دەژی و، ئەو شیاوییەش لە بەردەم فەلسەفەدا، چاترە بوترێ ویستی فەلسەفاندن، بەرهەم بێ کە زێدی بۆ فەلسەفە هەروەک جاران دروست بکرێ بەڵام ئەم کۆششە جارێ لە قۆناغی هیوادایە و ویستی گشت فەیلەسوفان نییە. بەخۆی دروستکرنی ئەو زێدە هیوای زۆر دەخاتە بەر سەرلەنوێ دروستبوونەوەی بیری فەلسەفی یان سەوزبوونەوەی نەمامی تێڕامانی فەلسەفی بەڵام بەباوەری من گرفتەکە لەوێدایە کە ئەمە، واتە دروستکردنەوەی زێدی وەک جاران بۆ فەلسەفە، تەنیا بەڕۆژئاوا ناکرێ بێتە دی. لە لایەک لەبەرئەوەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا خواست و هیوای گشت گەردوونی ئەمڕۆ نییە و لە لای تریش هاتنە کایەوەی فەلسەفەیەکی گەردووناوی، بێ بەشداریی کولتوور و شارستانییەتەکانی تر ئەستەمە بێتە دی و ئەو فەلسەفەیەش کە بێ بەشداریی کولتوور و شارستانییە غەیرە ڕۆژئاواییەکان بەرهەم دێ ناکارێ گشت غەمە کولتووری و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە کۆڵ بکا. ئەڵبەتە کێشەکە لەم ڕووەوە لەوەدایە کە ئەو هێزانەی لە دەرەوەی ڕۆژئاوا هەن و دەشێ بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ستاتۆسی فەلسەفە بەکار ببرێن جارێ دیار نییە چۆنن و کێن. هۆی ئەوەش بەپێی دیتنی من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەرەوەی ڕۆژئاوا کە لە بەرهەمهێنانی بیری فەلسەفیدا بەشدار نییە زێدێکی بۆ فەلسەفە لە ناو جوگرافیای خۆی چێ نەکردووە و ویستیش لەوێندەرێ بۆ فەلسەفاندن تا بڵێی ڕوو لە لێڵی و نەزۆکییە. ئەمەو باری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلێ لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا ژینگەی ئەوتۆی ڕووناکبیریشیان دروست کردووە کە ئەم کۆمەڵگانە لە فەلسەفەکردن بکەون، یان فەلسەفە بکەن بەڵام بەشێوازی خۆیان. بەڵام لەم حاڵەتەدا کێشەکە لەوەدایە ئەو شێوازە نە بەهای لە نێوەندە ئەکادیمی و ڕووناکبیرییەکانی ڕۆژئاوا بۆ دانراوە و نەش وتاری فەلسەفیی ئەم وڵاتانەی



دەرەوەی ڕۆژئاوا جورئەتی ئەوە دەکەن، خۆیان بخەنە پێشبڕکێوە. من دەزانم پێشبرکێی لەم جۆرە لە بەردەم ڕیسکێ گەورەدایە و ڕەنگە ئەو ڕیسکە ببێتە هۆی لە دەستدانی گشت هەبوونی ڕووناکبیریش. بەڵام خۆ گرنگیشە ""فەلسەفەیەکی تر"" سەرهەڵداو یان فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەزووترین کات بخرێتەژێر گومان و ڕەخنەوە. تەنانەت پێیشموایە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە فەلسەفی دی بێتە گۆ (بێتە قسە) بەرابەر بەو هەموو گۆیە (قسە)ی فەلسەفەی ڕۆژئاوا کردوویەتی بەڵکو ئەوەش کە فەلسەفەی ئەمڕۆ سەرگەرمی جۆرە ویستێکە کە ڕۆژئاواییە. لەم حاڵەتەیشدا بەپێویستی دەزانم دوو تێز بخەمە ڕوو. یەکەمیان ئەوەیە ئایا فەلسەفەی تر جگە لە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەتوانێ شوێنێ لە ناوجەرگەی ڕۆژئاوا بۆ خۆی دابین بکا؟ دوەمیش ئەوەیە ئایا ئەو فەلسەفەیەی خۆی لە بەردەم فەلسەفەی ڕۆژئاوا قووت دەکاتەوە تەمەنی مانەوەی چەندە؟

ڕاستە تێزی یەکەم باس لە کێشەیەکی نائاسایی دەکا. چونکە ئەو فەلسەفەیەی خۆی دەکا بەدژە جەمسەری فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەبێ چی بکا بەپاڵپشتی خۆی؟ یان لە چییەوە دەکارێ هێزی ئەو بەرامبەرگەرایە وەرگرێ؟ من هەرچەند سەر دێنم و سەر دەبەم، ئەو فەلسەفەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر پێی خۆی بەرامبەر بەفەلسەفەی ڕۆژئاوا بوەستێ ئەوە ئەو فەلسەفەیە کە خۆی لەسەر باوەڕی ئاینی پێک دێنێ. ڕوونیشە ئەو باوەڕە ئاینییە ئیسلامە. بەڵام چەند ئەو فەلسەفەیەی کۆڵەکەکەی ئاین بێ و ئەمجار ئاینی ئیسلامیش بێ، دەکارێ براوە یان بەردەوام بێ؟ هەروەها ئاشکرا نییە چەند ئەو فەلسەفەیەی پایەکانی ئاینە جێی سەرنجی ڕۆژئاواییەکانە؟ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە پێوەندییەکی زۆری بەوەوە هەیە، چەند ئێمە پێمان وایە ئاین دەتوانێ جێێ بەفەلسەفە لەق بکا. فەلسەفەی ڕۆژئاوا کە بێ ئاین تەمەن بەسەر دەبا تازە لەوە ناگا یان بەم پەلە پەلیە بەوە قایل نابێ کە ئاین بەو شێوەیەی لە کولتوورە غەیرە ڕۆژئاواییەکاندا لە گشت کون و کەلەبەرەکانی ژیاندا نەمامی داناوە بتوانێ لە دەرەوەی خۆی ئاوا کارا بێ. ئەمەش تەنیا

لەبەرئەوەی فەلسەفە لە لای لە ئێستادا لە ڕۆژئاوا پشتی لە ئاین کردووە و هەروەها لە لایەکی تریش ئەوەی پێی دەڵێن ئاین لە ڕۆژئاوا لە خودی ئاین دوورە پەرێزە. مەگەر ئەوە هەر فەلسەفە بەرپرسیار نییە لێی؟ بەڵێ ئەوە فەلسەفەیە کە شوێنی بەئاین لە ڕۆژئاوا لەق کردووە. دەخوازم ئەوەش بڵێم فەلسەفەی ڕۆژئاوا کە بەدرێژایی تەمەنی کاری بۆ لە گەڕخستنی ئاین کردووە کارێ ئەوتۆشی کردووە کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا بکا بەئاین. ئەوە نییە زۆربەی خو و ڕەوشت و باوەڕ و تێگەیشتنی خەڵک دەقاودەق سەرچاوە لە تیۆرییە فەلسەفییەکانەوە هەڵدەگرێ تا ئاین. لێرەدا مەبەستیش لەو تیۆرییە فەلسەفییانە تیۆرییە فەلسەفیانەیە تاک دەکا بەبناغەی بۆچوون و بیرۆکەکانی و تێگەیشتنە قەدەرییەکانیش ڕەت دەکاتەوە. هەرچی تێزی دووەمە ڕەنگە بمانباتەوە سەر ناوەڕۆکی ئەو فەلسەفەیەی جێی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە. ئەوەندەی ئاگام لێ بێ، جگە لە فەلسەفەی ئیسلامی، کە لە ڕۆژئاوا وەک دژە جەمسەری فەلسەفەی ڕۆژئاوا وێنە دەکرێ، چەند فەلسەفەی تری غەیرە ڕۆژئاوایی تر بابەتی دێباتن. بۆ نموونە لەوانە: فەلسەفەی هیندی، چینی و یابانی بەڵام ئەم فەلسەفانە لەبەرئەوەی ئاینی دیاریکراوی ئاسمانی لە پشتیانەوە نییە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا شتێ جیاترە. ئەمەو مرۆڤی تازەی ڕۆژئاواش بەجۆرێ دەژی و ویستەکانیشی بەشێوەیێ پیادە دەکا زۆر بەنارەحەتی دەکارێ، دەست و پەنجە لەتەک فەلسەفە غەیرە ڕۆژئاواییەکان نەرم بکا و یان خۆی لەتەک ئەو بۆچوون و دیتنە فەلسەفییانە کۆک بکا کە سەرچاوەکانیان ئاینە ئاسمانییەکانە. مەبەستم دەقگرتنی خەڵکی ڕۆژئاوا بەو بیر و بۆچوونانەی فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوا، بۆی بەرهەم دێنێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەرییەوە جێ هێشتووە کە ئەستەمە بتوانێ ئەو شێوە بیرکردنەوە و شێوازی ژیانانە پەسند بکا کە ڕۆژئاوایی نین. بۆیە هەچ فەلسەفەیەکی بیەوێ، شوێنی بەفەلسەفەی ڕۆژئاوایی چۆڵ بکا، پێویستە ئەو جۆرە ژیانە و بیرکردنەوە ڕۆژئاواییییە هەڵوەشێنێتەوە کە بەرهەمی هزری فەلسەفیی ڕۆژئاوایە. فەلسەفەی ڕۆژئاواش کە تەکنیک و زانستی نوێی لە



پشتەوەیە، بووە بەزاڵترین مۆدێلی بیرکردنەوە. بۆیە لە کۆتاییدا ئەگەر ویستی فەلسەفاندن ویستێکی ڕۆژئاوایی بێ، ئەم ویستە پێویستییەکی زۆری بەسەرلەنوێ بنیاتنانەوە و باشترکردن هەیە. هەروەها پێویستی بەجۆرە کارکردن و کۆششێکیش هەیە کە سەرجەم ئەو ویستە فەلسەفییە بگۆڕێ کە بناغە بۆ بەڕۆژئاواییبوونی کردەی فەلسەفەکردن دادەنێ.

بۆ پتر شیکردنەوەی ئەوی وترا، نیازمە ئەوەش بڵێم کە ویستی فەلسەفاندن لە ئێستادا، لە ڕۆژئاوا، لە دەرەوەی ئاین خۆی دەگوزەرێنێ. گەر نێوەندی فەلسەفیی ڕۆژئاواش بەنموونە وەرگرین، جا ئەوە نێوەندە کۆنتنێنتاڵەکە بێ کە لە چنگ فەیلەسوفانی فەرەنسی و ئەڵمانیدایە یان نێوەندە شیکردنەوەییەکە کە لە چنگ فەیلەسوفانی ئەنگلۆ- ئەمەریکیدایە، دەبینین ئەم نێوەندە هەر هەموو سەبارەت بەئاین، یەک ئاراستەیان وەرگرتووە. ئەڵبەتە ئەو ئاراستەیەش بەگشتی بریتییە لە ئاراستەی پشتکردن لە ئاین. پشتکردنیش لە ئاین کە بەشە هەرە گەورەکەی ویستی فەلسەفیی نوێی ڕۆژئاوا پێک دێنێ، زەمینەیەکی هێناوەتە پێشەوە کە ڕاستییەکان ئیدی ئاینی نین و فەلسەفە کە بەرهەمهێنەری ڕاستییە شوێنی ئاینی گرتووەتەوە. بەڵام فەلسەفە ئەگەر ئەمەشی کردبێ، ئەمەی کردووە لەبەر خاتری خۆی. چونکە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی ڕابردوودا بووە بەپاڵپشت و داکۆکیکەرێکی گەورە لە زانست. زانستیش، زانستی نوێ، کە خۆی وەک دوژمنی هەرە گەورەی ئاین نیشان دەدا ویستی فەلسەفاندنی تا بڵێی لە ئەستۆ گرتووە. سەبارەت بەم لایەنە، مەبەستم ڕەفتاری فەلسەفە لەتەک ئاین، جیاوازییەکی مەزن لە شێوازی فەلسەفەکردنی بیریارانی فەرەنسی و غەیرە فەرەنسیدا نییە، یان دیواری پۆلایین لە نێوان هزرەڤانانی کۆنتنێنتاڵ و شیکردنەوەیی بوونی نییە، بەڵکو ئەوی هەیە جیاوازییە لە شێوازی کارکردن و جۆری فەلسەفاندنەکە. بۆ نموونە ئەو کتێبەی لە کۆتایی ١٩٩٠کان دێریدا و فەیلەسوفی ئیتالی گیانی ڤاتیمۆ و گادامێر پێکەوە لەمەڕ ئاین نووسییان لە ناوەڕۆکدا هیچ لەو ویستە فەلسەفییەوە جودا نەبوو کە ساڵانێکە بیریارانی کامبرج سەبارەت بەئاین

دەیڵێن. چونکە گرفتی بەشێ لە بیریارانی کۆنتنێنتاڵ لە قسەکردنیان لەسەر ئاین لەوەدا خۆی کۆ دەکاتەوە کە وتنەکانیان لەسەر ئاین ڕەوتێکی هیچگەرا و سینیستیی هەیە کە هیچ جیاواز نییە لەوی بیرمەندانی لۆژیک، لە کامبرج یان ئۆکسفۆرد دەیڵێن. چونکە لە کۆتاییدا هەردوو لا یەک ویست پیادە دەکەن کە ئەوەش ئاین لە قسەکردنەکانیان لەمەڕ ئاین بوونی نییە. یان بەواتای دی، هەوڵی زۆربەی فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی و کۆنتنێنتاڵی هاوچەرخ لەوەڕا خۆی کۆ دەکاتەوە کە چۆن ئاین لە ئاین بخەن و ئاین وەک شتێ کەسی و وەختی پێشان بدەن. بەڵام بەخۆی وا نییە ئاین لە ناو ژیانە، بەڵام ئەوە ئەرکی فەلسەفەیە، ئەمە ڕوون بکاتەوە یاخود ئەوە نیشان بدا کە ئاین ناکرێ لە ئاینیەتی بخرێ، بەڵکو دەشێ ژیان لە بێ ئاینی بخرێ. لەم بارەیەشەوە پێم وایە کە خستنی فەلسەفە لە ئاین، زیانی خۆی لە ویستی فەلسەفاندن داوە و فەلسەفەکردنیشی تا ڕادەیەکی زۆر، کردووە بەکردەیەکی لە بێ ئاینی.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەمەوێ، بەو ڕوانینانە پایان بەوتنەکانم بێنم کە دیاردەی باوبوون و زاڵبوونی فەلسەفەی فەرەنسی تەنیا لە دەرەوەی ڕۆژئاوا بابەتی سەرنجدان نییە، بەڵکو لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواش بابەتی سەرنجدانە. واتە بەفەرەنسیبوونی فەلسەفەی ڕۆژئاوا شتێکە قابیلە بەباس و لێ وردبوونەوە. لە لایەک لەبەرئەوەی وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوا یەک منداڵدان و کانیاوی هزری و ڕووناکبیری هەیە کە ئەوەش فەلسەفەی یۆنانی و کلاسیک و مۆدێرنەیە و، لە لای تریش لەبەرئەوەی لە ئێستادا فەلسەفەی ڕۆژئاوا هەمان ئەرکی مرۆیی و بەرپرسیاریەتیی ڕەوشتی و سیاسیی هەیە. لەوەش بگەڕێتەوە فەلسەفەی فەرەنسیی نوێ گەرایەکی زۆری لە ناو بیریارانی ئینگلیزی زمان بەتایبەت لە ئەمەریکا خستووەتەوە ئەمەش وای کردووە فەلسەفەی فەرەنسی جوگرافیای کولتووری و ستاتۆسی زمانی فەرەنسی تێپەڕێنێ. فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی، کە بەگشتی خۆی وەک فەلسەفەیەکی کۆنتنێنتاڵ نیشان دەدا، بەشێکیشە لەو فەلسەفە کۆنتنێنتاڵە ئونڤێرساڵەی ئەمڕۆ لە دنیای فەلسەفەدا حاکمدارە. ئەم فەلسەفەیە کە لە



ڕێنیسانسەوە تایبەیەتی خۆی وەرگرتووە لە پاش جەنگی جیهانییەوە بووە، بەدیاردە و قەرەڵستانێکی ڕووناکبیری و هزریی تایبەت بەخۆشی سازاندووە. فەلسەفەی پاش جەنگ لە فەرەنسا توانیویەتی نەک هەر کاریگەریی بەسەر نێوەندیی ڕووناکبیری و مێدیاکان لە ڕۆژئاوا بەجێ بێڵێ بەڵکو کاریگەری خۆی بەسەر نێوەندە ئەکادیمییەکانیش بەجێ هێشتووە. ڕاستە بەشێ لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا دەرگایان نەخستووەتە سەرپشت، بۆ فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی بەتایبەت و فەلسەفەی نوێی کۆنتنێنتاڵیش بەگشتی. بەڵام کاریگەریی ئەم فەلسەفەیە، لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی جیهانی عەرەبی و هەندێ لە وڵاتانی باشووری ئەمەریکا شتێ بەرچاوییە. ئەمەش لە گەلێک ڕووەوە پێوەندیی بەزاڵبوونی زمانی فەرەنسییەوە هەیە لە هەندێ لەو شوێنانە. بۆ نموونە لە وڵاتانی عەرەبی ئەدەب و فەلسەفەی فەرەنسی هەمیشە زاڵ بووە ئەمە لە لایەک پێوەندیی بەوەوە هەیە کە ساڵانێک هەندێک لەم وڵاتانە (میسر، سووریا و لوبنان) ژێردەستەی ئیستعماری فەرەنسی بوونە و لە لای تریش لە ڕووی جوگرافییەوە بەشێ لە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت ئەو چەند وڵاتەی دەکەونە ئەفریقاوە (تونس، مەغریب و جەزائیر) لە ڕووی جوگرافییەوە لە فەرەنساوە نزیک بوونە. ئەم لایەنانەش وای کردووە فەلسەفەی فەرەنسی پتر لە گشت فەلسەفەێ تری ڕۆژئاوای لە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی ناویان هات، زاڵ و باو بێ. ئەم زاڵبوون و باوبوونەش کە کاردانەوە و هەلو مەرجی خۆی خستووەتەوە پێوەندیێ سەیریشی بەو بنەما کۆمەڵایەتی و مێژووی و شیعرگەرایی و سیاسییەوە هەیە لە فەلسەفەی نوێی فەرەنسیدا بنج بەستە. واتە شێوەی کارکردنی فەیلەسوفانی فەرەنسی و ویستیان بۆ فەلسەفە ڕۆڵی سەرەکی لە بەهێزکردنی نزیکبوونەوە لە نێوان ئەوانەی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵی فەرەنسی تەبەنی دەکەن و ئەوانەش نایکەن دیوە. کەواتە شێوازی فەلسەفەکردنەکانی فەیلەسوف و هزرڤانانی فەرەنسی بەتایبەت و کۆنتنێنتاڵیش بەگشتی، ڕوویەکی زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ نووسەر و ڕووناکبیرانی غەیرە ڕۆژئاوایی و غەیرە ئەنگلۆ-

ئەمەریکیش. بۆ نموونە بۆ نووسەر و هەوادارانی فەلسەفە لە جیهانی عەرەبی یان کوردستان هەمیشە ئاسانترە، خوێندنەوەی دولۆز وەک لە کواین یان فوکۆ وەک لە ڤیتگنشتاین یاخود کریستیڤا وەک لە داڤیدسۆن هەروەها شتراوس و بۆردیۆ و سارتەر وەک لە مۆر و فریجە و پیێرس. من کە دەڵێم ئاسانە خوێندنەوەی فوکۆ یان بارت یاخودیش سارتەر و کریستیڤا، مەبەستم کەمکردنەوە نییە لە فەلسەفەی ئەم کەسانە، بەڵکو من زێتر مەبەستم ئەوەیە کە خوێنەرانی ئەو ناوچانەی ناویان هات، بۆ نموونە جیهانی عەرەبی یان کوردستان، پتر حەوسەڵەی خوێنددنەوەی ئەو جۆرە نووسینە فەلسەفییانەیان هەیە کە باکگراوندی سیاسی و شیعرگەرایی و کۆمەڵایەتییان هەیە تا زمانەوانییەکی لۆژیکی و یان ماتماتیکی و ئەندازەیی و تەنانەت ئێپستمۆلۆژیش.

دەمەوێ سەرنجی خوێنەری ئەو چەند لاپەڕەیەی لای سەرەوە، بۆ ئەوەش ڕاکێشم کە کاتێ لەمیانەی باسەکەدا، دەڵێم فەلسەفەی فەرەنسی باوە مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم فەلسەفەیە لە گشت جێیەکدا ئامادەیە یان گشت فەلسەفە بریتییە لە فەلسەفەی فەرەنسی. بەڵام ئەمە دیسانەوە ئەوەش ناگەیەنێ کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە توانایدایە، بەبێ فەلسەفەی تازەی فەرەنسی هەناسە بدا. چونکە فەلسەفەی فەرەنسی لە ژیانی فەلسەفەی سەردەمدا چێژ و مانای خۆی هەیە و هەروەها ئەم فەلسەفەیە پرسیار گەلێکیشی خستووەتە سەر خەرمانەی وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوا کە لە لایەک بۆ فەلسەفەی ڕۆژئاوا پێویست بووە و لە لایەکی تریش فەلسەفەی جیهان کە پتر ڕۆژئاوایانە خۆی دەردەخا تەنیا بەفەلسەفەی شیکردنەوەیی نوێ ناکارێ بژی. بەڵام کێشەکە لەوەدایە فەلسەفەی شیکردنەوەیی نوێ لە فەرەنسادا باو نییە و بەرامبەر بەوەش ئەو سیمایەی فەلسەفەی نوێی فەرەنسی لە نێو فەیلەسوف و ڕووناکبیرانی غەیرە ئەنگلۆ- ئەمەریکیدا هەیەتی، هەمان ئەوەی لە نێوەندی ئەکادیمیی ئەنگلۆ- ئەمەریکیدا نییە.



# بادیو و داڕشتنی مانفێستێک لە پێناوی فەلسەفەدا

## ١- بۆ بادیو؟ بۆ مانفێست بۆ فەلسەفە؟

بەدڵنیاییەوە هەڵبژاردنی بادیو و ئەمجار بەرهەمی مانفێستەکەی (واتە مانفێست بۆ فەلسەفە) پێوەندییەکی زێدە گرینگی بەو ویستە فەلسەفییەوە هەیە. لە لایەک لە هزری بادیو و لە بەرهەمی ناوبراودا پەنهانە و هەروەها لە لایەکی تریش بەو ویستەش بۆ فەلسەفاندن لە مەغزی ئێمەدا شوێن قایمە. ڕاستە بادیو پێش ئەوەی ئەم ویستە لە نووسینی""مانفێست بۆ فەلسەفە، ١٩٨٩ ""دا بەرجەستە بکا ئەمەی لە کارە فەلسەفییە هەرە ناودارەکەیدا کردووە کە ناوی""بوون و ڕووداو، ١٩٨٨ ""ی لە خۆ گرتووە، بەڵام فراوانی و بەرینیی ڕووبەری توێژینەوەکەی بادیو لە ""بوون و ڕووداو""دا هۆکارێکی سەرەکی بووە نەبێ بەبابەتی ئەو هەڵهێنجانەی ئێمە وەدووی وێڵ بووینە. بۆیە ئەو ویستە فەلسەفییەی ئێمە لای بادیو لە گەرووی ""مانفێست""دا دۆزیومانەتەوە، کە لێرە پتر ڕوونترە تا کارێکی تری، ئەو لایەنە بووە بەمایەی ئەوەی ئەو باس و خواسە فەلسەفییەی لە بەندی یەکەمی ئەم کتێبە لە بارەوە بێنینە پێشەوە. وەکی تریش ئەوەش دەڵێم کە گرینگیدان لە ئەمێستادا بەبادیو گرینگیدانە بەبیری فەرەنسیی هاوچەرخ و بەو بیرە فەلسەفییە فەرەنسییەش لە هاتنە ئارا و نەشونمادایە. بادیو کە سەر بەقۆناغێکی فەلسەفیی بەپیتی فەرەنسییە لە گەلێ ڕووەوە خۆی لەو نەوە فەلسەفییە فەرەنسییە جیا دەکاتەوە کە گەلێ جار دەیکا بەسەرچاوەی فەلسەفاندنەکانی. ئەڵبەتە بەهۆی ڕەخنەکردنەکانیشی لەو نەوەیە فەلسەفەکردنێ ئەنجام دەدا بگرە تەواو جیاوازە لەوەی نەوەی ناوبراو بەرهەمی هێناوە. ئەم جیاوازییە چەند بۆ بادیو چووەتە سەر و چەندیش ئەو ویستە فەلسەفییەی ئەم بیریارە فەرەنسییە

عەودالّیەتی پەسند کراوە ئەوە تەنیا لەمیانەی تێکڕای خوێندنەوەی کارەکانی بادیوەوە دەشێ دەرکەوێ نەک شتێ تر. بەڵێ خوێنەری ئەم نووسینەی ئێمە دەکارێ، بەو بیرۆکەیە بگا کە بادیو چۆن فەیلەسوفێکە و ئامانج و خواستی لە فەلسەفاندنیش چییە وەلێ نە ئێمە بەتەنێ دەتوانین وێنەیەکی پانۆرامایی لەسەر ئەم هزرەڤانە فەرەنسییە وەک خۆی دروست بکەین و نەش خوێنەر دەکارێ فەلسەفەی بادیو بێ خوێندنەوەی سەرجەم کارە فەلسەفییەکانی هەڵسەنگێنێ. ئەمەو ئەو خوێنەرەش کە بادیوی پێشتر نەناسیوە و، ئەوەندەش لە بیری هاوچەرخی فەرەنسی بەئاگا نییە و، لەو بیرە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەش بەئاگا نییە کە لە ئەمڕۆدا فەلسەفە بەسەر فەلسەفەی هاوبیر و نەیارانی بادیوەوە دابەش دەکا، لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە تا بڵێی کێشەی دێتە پێش. ئەم کێشەیەش کە ڕووداوێکە و بەسەرهاتێکی زۆری لە پشتەوەیە نووسەری ئەم کتێبە لێی بەرپرسیار نییە. بەڵام ئەرکی ئێمە لێرەوە، بگرە لەم نووسینەوە، دەشێ بەجۆرێ لە جۆرەکان بریتی بکرێ لە بەشداریکردن لە دۆزینەوەی چارەسەر و ڕێگە و شێوازی پەسندکراو و بەجێ بۆ کێشەی ناوبراو.

سەرباری ئەوی لای سەرەوەش وترا، پێم وایە شوێن بۆ ئەوەش ماوە بوترێ کە، بادیو لە ""مانفێست""دا، بەتایبەت و وەکی تریش لە سەرجەم کارەکانی تریشیدا، وەدووی خواستێکی فەلسەفیدا وێڵە کە ئەو خواستە بۆ من گەلێک مانادار بووە. یەک لەو مانایانەی مەبەستە لێرەرا ئاماژەی پێ بدرێ مەسەلەی ویستی ڕاشکاوانەی بادیوە لە"" مانفێست ""بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی فەلسەفە. مانایەکی تر کە گرینگ و پێویستە، ڕوودەستی خوێنەر بخرێ ئەو شێوە خوێندنەوە فەلسەفییەیە لە ""مانفێست""و، دواتر لە هزری بادیو بەگشتیدا حەشار دراوە کە بەخۆی خوێندنەوەیەکی پوختی مێژووی فەلسەفەیە، جا ئەوە لە واتای فەلسەفەوە بگرە تا دەگانە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئەم مێژووە. ڕەنگە بادیو لەم ڕووەوە تاک و ڕیزپەڕ نەبێ بەڵام هەوڵەکەی و شێوازی خوێندنەوەکەی بەجۆرێ لە جۆرەکان، سەرنجڕاکێشە.



ئەم کە ڕەخنەی خۆی لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا هەیە ئەم ڕەخنەیە بۆ بانگەشەی سەرلەنوێ سازاندنەوەی فەلسەفە دەقۆزێتەوە. سەبارەت بەم لایەنەش تەنێ بۆ ئەوە ناچم کە ئەم هەوڵەی بادیو پێوەندی بەباری هەنووکەی فەلسەفەی ڕۆژئاواوە بەگشتی هەیە، بەڵکو بۆ ئەوەش دەچم کە ئەم بیریارە فەرەنسییە پێ دەچێ گەلێ بەو دۆزە فەلسەفییە فەرەنسیە هاوچەرخەش قەڵس بێ کە لە لایەک دەستی بەسەر بەشێ لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا گرتووە و لە لایەکی تریش ئەوەی کە فەلسەفەی فەرەنسی لەم دواییە کارێکی ئەوتۆی کردووە کردەی فەلسەفاندنی بەرەو جۆرە تالوکەی هزری بردووە کە دەرئەنجامەکەی بەناراسیۆنالیکردن (ناعەقڵانیکردن) و بەنیهلیستیکردنی (هیچگەراکردنی) فەلسەفاندن کەوتووەتەوە.

ڕاستە ئەوی بادیو لە ""مانفێست""دا بانگەشەی بۆ دەکا هەر لە یەکەم نووسینییەوە، واتە لە ١٩٦٠کانەوە، کاری بۆ نەکردووە، بەڵام دەکرێ بوترێ ئەوی بادیو ویستوویەتی بەجۆرێ تر بیڵێ و تەنیا بۆنی گەرووی خۆشی لێ بێ ئەوا، بەش بەحاڵی خۆم دەیگەڕێنمەوە بۆ کتێبی ""بوون و ڕووداو، ١٩٨٨""، کە ساڵێ پێش نووسینی ""مانفێست بۆ فەلسەفە"" نووسراوە. گەر تەماشای ساڵی بەچاپ گەیاندنی کتێبی ""بوون و ڕووداو""یش بکەین دەتوانین بەو سێرکردنە بگەین کە پێ دەچێ پێویستییێک، پێویستییەکی فەلسەفی، بۆ نووسینی ئەو کتێبە لە ئارادا بووبێ، کە بەخۆی ئەم کتێبە لە ناو توێژەرەوە و بادیوناسانا بەتۆکمەترین نووسینی بادیو لە قەڵەم دەدرێ. ئەم جەختکردنەی من لە بوونی پێویستیێ بۆ نووسینی "" بوون و ڕووداو"" پێوەندی بەدۆزی فەلسەفیی ئەو دەمەی فەیلەسوفانی فەرەنسییەوە هەیە هەر لەبەرئەوەش بادیو لەوێڕا دیتنی فەلسەفیی خۆی بەیەکجا و بەسەریەکەوە و تایبەت بەچەندین باس و بابەتی فەلسەفیی دیار و بنەڕەتی دەخاتە ڕوو. لەوانەش: بابەتی بوون، ڕاستی، ڕووداو، خود و تا دەگاتە زۆربەی بوارەکانی فەلسەفەش: ئیتیک، فەلسەفەی سیاسی، جوانکاری (شیعرگەرایی)، ماتماتیک (زانست)، شیکردنەوەی دەروونی (خۆشەویستی) و.. هتد.

له دەستپێکی ئەم کتێبەدا و، کە دواتریش دێمەوە سەری، زۆر ڕاشکاوانە بینینی خۆم تایبەت بەشێوازی فەلسەفەکردنی بادیو و ئەو ویستەش لەو شێوازەدا خۆی مەڵاس داوە ئاماژەی پێ دا، بۆیە لێرەدا و زۆر بەپوختی تێگەیشتنی خۆم لەو ڕووەوە دووبارە دادەڕێژمەوە.

ویستی بادیو بۆ فەلسەفاندن قۆناغێکە لە قۆناغەکانی مێژووی فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوا بەگشتی و مێژووی فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی بەتایبەتی. بەڵام ویستی ئەم پیاوە هەندێ جوداوازی و وردەکاریی تێدایە کە ئەوە دێنێ ببێ بەبابەتی کتێبێک. تەنانەت من کە لەگەڵ بەشێکی زۆر لە سێرکردن و ڕاڤەکردنەکانی بادیودا کۆک نیم، باوەڕم بەوە هەیە بادیو بەشداری لە کردنەوەی بیرەگرێی زۆردا دەکا و لە ڕێگەی ئەوانەشەوە هیوایەکی گەورە بەبەر فەلسەفاندنیشدا دەخا. ئەم لایەنە کە لە چوارچێوەی نووسینەکەدا، جێی تێڕامانمە ئەو تێڕامانە ناشێ هیچ وەخت بێ ڕەخنەکردن و سەرنج خستنە سەر ببێ بەبابەتی تێگەیشتن و بەکاربردن. ئەم فەیلەسوفە کە لە ""مانفێست""دا فەلسەفە بەسەر فەلسەفەوە دەکا، فەلسەفە بەسەر فەلسەفاندنی نەوەی خۆی و چەندین نەوەی پێش خۆشیەوە، دەکا، کە پێم وایە بۆ ئەوانەی لە بواری فەلسەفەی ڕۆژئاوا پسپۆڕن گرینگ و پێویستە بن، بەبابەتی گفتوگۆ و هزراندن. نووسینەکەی کە ویستێکی فەلسەفی تیا بەدی دەکرێ، وەکی تر ڕاڤەکردنی ئەو ویستە فەلسەفییانەشی لە خۆ گرتووە کە تا ساڵانێ قورقووڕاگەی فەلسەفاندن بوون. بۆ ئەوەش فەلسەفاندن پرۆسەیەکی زیندوو و کاریگەر و بەپیت بێ تەنیا و تەنیا لە ڕێگەی ڕەخنەکردن و سەرنج خستنە سەر ئەو توێژینەوە فەلسەفییانە دێتە کایەوە کە ئومێد بەخوێندنەوەی نووسینی فەلسەفی داهاتوو دەدەن.

بۆ زێدە ڕوونکردنەوەی ئەوی لای سەرەوە وترا دەمەوێ خوێنەری ئەم پێشەکییە بگەیەنمە ئەو سێرکردنەش کە، لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە کارە فەلسەفیانە (واتە مانفێست) بەهای خۆیان بۆ فەلسەفە بێ مانا نەبێ و، ئەمەش بەتایبەت لەم چەند دەیەی دواییدا لەم جۆرە کارە فەلسەفییە



ڕەخنەییانە کە ژیانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەخەنە ژێر گفتوگۆوە کەم هاتوونەتە بەرهەم، یان بەشێ زۆر لە فەیلەسوفانی نوێ کەمتر دۆزی نوێی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەخەنە ژێر گومانەوە و، لەبری ئەوە پتر بەبەرهەمهێنانی واتا و داڕشتنی هیچگەرائامێزانەوە خوێنەرانی فەلسەفە سەرقاڵ دەکەن. ئەو جۆرە فەیلەسوفانە کە پێم وایە پێویستییە ڕۆشنبیرییەکانی بازاڕی هزر و ئەندێشەی جیهانی پڕ دەکەنەوە مرۆڤی تازەش، لە هەر کوێ بێ، نوقمی ئەو سەرگەردانییە دەکەن کە بازاڕی سەردەم بۆی مسۆگەر دەکا.

ئەوی کە گەلێک مەبەستە خوێنەر هەر لەم سەرەتایەوە لێی بەئاگا بێ ئەوەیە کە، لەو بەشەی لەم کتێبە بەبیری بادیو و شێوازی هزراندنی ناوبراوەوە تایبەتە، کۆشش بۆ ئەوە دەکەم بەدەم گفتوگۆکردنی بیری بادیو و ئەو شێوازەش بادیو لە هزراندندا گرتوویەتە بەر، ئارگومێنتی دیار و سەلمێنەی بەرچاوی سەبارەت بەباری فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەردەست خوێنەر بخەم. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەم بایەخێکی زۆر بەو شێوە فەلسەفەکردنە دەدەم کە لە بیرکردنەوەی بادیودا پەنهانە. لە کۆتاییشدا چەند دەرئەنجامێ بەردەست دەخەم کە دەرگا لە گفتوگۆی دی دەکەنەوە. جا بەشێ لەوانە تا پێم بکرێ ژێر پرسیار و بەرتێڕامان دەخەم و بەشەکەی دیش واڵا و کراوە جێ دێڵم و لە کارەکانی دواترم تایبەت بەم بیریارە فەرەنسییە دێمەوە سەری.

مایەوە لەبەر سایەی ئەم چەند دێرەدا ئەوەش بدرکێنم کە، بێ بەها نییە گەر لە نێوماندا پسپۆڕی تایبەت بەفەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا، جا ئەوە فەرەنسی بێ یان ئەڵمانی، شیکردنەوەیی بێ یاخود کۆنتنێنتاڵ، سەرهەڵبدا، ئەمەش لەبەرئەوەی فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا و بەتایبەت فەلسەفەی نوێی فەرەنسی یان فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ، کە فەلسەفەی بیریارانی فەرەنسی لقێکە لێی، لە نێو نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد لە کوردستان و هەندەران جەماوەرێکی زۆری هەیە و، هەروەها لەبەرئەوەش ئەو تەوژم و شەپۆلانەی یان ئەو واتا و زاراوە فەلسەفیانەی لە نێو نووسەرانی کورد زۆر بەر بەکاربردن دەکەون، بەری بیری و ڕوانینی فەیلەسوفە فەرەنسییەکانن تا فەیلەسوفانی ئەنگلۆئەمەریکی یان

ئیتالی و ڕووس یاخودیش ئەسکەندەناڤیی. بەڵام من بەپێی توانا و لە چوارچێوەی ئامانج و میتۆدی ئەم کتێبە بەشێک لەو لایەنانەی بەنووسین و تێگەیشتنی فەلسەفیمانەوە تایبەتن تاو ناتاوێ لە دوو توێی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا ئاوڕیان لێ دەدەمەوە و تێبینی و دیتنی خۆشمیان لە بارەوە دەڵێم. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی من بۆ ئەوە دەچم کە زانینی فەلسەفی لە ناو ئێمە سەرچاوە لە فەلسەفەی فەرەنسییەوە هەڵبگرێ یان فەلسەفەیەکی تر هیچ پێوەندییەکی بەنێوەندی ئەکادیمییەوە نییە و هەروەها نێوەندیی ئەکادیمیی ئێمە تا بڵێی بێ فەلسەفە دەژی و، ئەو زانینە فەلسەفییانەش کە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارە جیا جیاکاندا بەرچاو دەکەون بۆنی زانینێکی سیستماتیکی فەلسەفییانەیان لێ نایە و هەروەها بەرهەمی تێگەیشتنێک فەلسەفی ئەکادیمی نین و ئەمەو دیسپلینی ئەکادیمیی کوردیش تا ئەمڕۆ فەلسەفەی بەهیچ شێوەیەک نەگرتووەتەوە. لە هەموو ئەوانەش وترا گرینگتر و سەیرتر ئەوەیە، وتنە فەلسەفییەکانمان کە ئۆرژینالْ نین و بۆنی گەرووی هزری و ڕووناکبیری خۆمانی لێ نایە ڕێگەیان لە ویستی فەلسەفاندن تا بڵێی داخستووە، یان ویستی فەلسەفیمانی بەڕێگەوبانێکدا بردووە کە لە بزربوون زیاتر هیچی لێ بەرنایە. ئەمەش بەخۆی یەکێکە لە نەهامەتییەکانی ئەوەی پێی دەڵێن وتاری ڕۆشنبیریی نوێی کوردی کە پێم وایە ئەمە نە یەکەم نەهامەتی ئەو وتارەیە و نەش دوا.

## ٢- ناساندنی بادیو

ئەم ناساندنە کە فۆرمێکی زێدە کورت وەردەگرێ، مانای خۆی بۆ ئەو لایەنانە هەیە کە تێزی کتێبەکەی لەسەر هەڵچنراوە. بادیو کە بەهۆی نووسینێکییەوە «مانفێست بۆ فەلسەفە»، لەم توێژینەوەیەدا بەر تێفکرین دەخرێ، مەرجە وەک خۆی بەخوێنەری ئەم کتێبە بناسرێ. من کە بەچەند دێڕێ نیازمەندم بادیو لێرە بناسێنم ئەوەش وەبیر خوێنەری ئەم بەشەی ئەم کتێبە دێنمەوە کە داڕشتنی وێنەی دیاریکراوی پوخت و کورت لەمەڕ پرۆسەی هزراندن و



فەلسەفەکردنی ئەم بیرمەندە فەرەنسییە نە کارێکی سانایە و نەش لە گرفت بەدوورە. ناساناییەکە لەوەدایە کە بادیو وەک فەیلەسوف لە ناو ئێمە نەناسراوە. واتە فەلسەفەی بادیو بۆ ئێمە فەلسەفەیەکی نەناسراو و غەریبە. ئەم فەیلەسوفە کە بەرچاوترین فەیلەسوفی ئەمرۆی فەرەنسایە بەتێز و دێباتە فەلسەفییەکانی شوێنی لە نێوەندی ئەکادیمی و مێدیای تازەی ڕۆژئاوای داگیر کردووە و بووە بەبابەتی فەیلەسوفان. ئەمەش لە لایەک لەبەر وەرگێڕانی بەشێک لە کارەکانی، بەتایبەت لە سەرەتای ١٩٩٠کان بەولاوە، بۆ سەر گەلێک لە زمانەکان و لە لایەکی تریش لەبەر مردنی گەلێ لە سەرانی فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی و دروستبوونی شیاوی لە بەردەم پوپولێزبوونی بیر و بۆچوونەکانی بادیو لە نێو بیرمەندانی ئەنگلۆئەمەریکی. هەرچی گرفتەکەشە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە بادیو بۆ ئەوەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا سەرلەنوێ دامەزرێنێتەوە پێویستی بەهەڵوەشانەوەی واتای فەلسەفە هەیە کە ئەمەش، واتە هەڵوەشانەوەی فەلسەفە بەمانای هەڵوەشانەوەی مێژووی فەلسەفەش دێ[١]. ئەمەش کە پرۆسەیەکی ڕووناکبیریی باڵایە، گەیشتن لێی، ڕووناکبیرییەکی قووڵی دەوێ، کە پێم وابێ لە نێو ئێمە و، لە ئێستادا، لە ئاستی تاک و تەراشدا بوونی نییە. هەروەک دواتریش دەردەکەوێ فەلسەفەی بادیو بایەخێکی زۆر بەسەرلەنوێ پێکهێنانەوەی فەلسەفە دەدا، لەو ڕووەشەوە چەند بایەخ بەشیعرگەرایی و سیاسەت و عیشق دەدا، ئەوەندەش بایەخ بەبیرکاری (ماتماتیک) دەدا. واتە، بادیو کە فەیلەسوفێکی کۆنتنێنتاڵە لە هەندێ ئاستدا خۆی وەک فەیلەسوفێکی شیکردنەوەییش دەردەخا. ئەمەش ئەوە وەبیر من دێنێتەوە کە خوێنەرانی فەلسەفیی ئێمە، کە شارەزاییەکی نە درشت و نەش وردیان لەسەر فەلسەفاندنی فەیلەسوفانی، نە شیکردنەوەیی و نەش کۆنتنێنتاڵ هەیە، بەئاسانی ناکارن لە مەغزای گەلێک لەو دیتن و بینینانە بگەن بادیو لەو ڕووەوە مشتومریان دەکا. هەر لەو بارەیەوە، دەمەوێ ئەوەش وەبیر بهێنمەوە مشتومڕەکان کە زۆر جار خۆیان وەک مشتومڕگەلی دەرەکی و ناخۆماڵی، دەردەخەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بادیو مشتومڕی نەریت و مێژوویەکی فەلسەفی دەکا کە ئێمە لە بەرهەمهێنانیدا بەشدار نین. بەڵام

لەبەرئەوەی فەلسەفاندن موڵکی هەمووان و مافی هەمووانیشە تەنیا لێرەوە دەکرێ بۆ ئەوە بچین کە ئەوی بادیو وەک فەرەنسییەک یان ڕۆژئاواییەک مشتومڕی دەکا، ئێمەش دەگرێتەوە و یان ئێمەش وەک هەموو ئەوانی تریش دەگرێتەوە. بۆیە خۆسەرقاڵکردن لە کۆتاییدا بەشێوازی هزراندن و فەلسەفاندنی بادیو یان هەر هزرەڤان و فەیلەسوفێکی تری ڕۆژئاوایی بێ مانا و بێ هەیبەت نییە.

بادیو کە لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری ڕەبات، کە شارێکی مەغریبییە، لە دایک بووە، لەم ساڵانەی دواییدا ناوبانگێکی نێودەوڵەتیی پەیدا کرد، ئەمەش سەرەتا پێوەندیی بەوەرگێڕانی کارە سەرەکییەکانییەوە هەیە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و ڕووسی و سویدی و ئەڵمانی و ئیسپانی و دواتریش پێوەندی بەو جۆرە باس و خواسە فەلسەفیاینەوە هەیە کە بادیو لە بەرهەمەکانیدا گفتوگۆی دەکا. بەڵام لەم دوو خاڵە بترازێ نێودەوڵەتیبوونی ناوی بادیو بەتایبەت لە پاش ١٩٩٠کان بەولاوە بەپێی تێگەیشتنی من بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بادیو تاکە فەیلەسوفێکی زیندووە لە نەوەی ١٩٦٠کانی فەیلەسوفانی فەرەنسی و ئەمەش بەتایبەت پاش مردنی هەندێ فەیلەسوف و ڕووناکبیری ئەو نەوەیە کە بەدڵنیاییەوە بارت (١٩٨٠)، لاکان (١٩٨١)، فوکۆ (١٩٨٤)، ئاڵتۆسیر (١٩٩٠)، لێڤینانس (١٩٩٥)، دولۆز (١٩٩٥)، لیوتار (١٩٩٨)، بۆردیو (٢٠٠٢)، دێریدا (٢٠٠٤) چەند ناوێکی دیاری ئەو قۆناغەن.

بادیو لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠کان، کە بەخۆی ئەم ساڵانە لە تەمەنی وتاری ڕووناکبیری و هزری ڕۆژئاوا بەگشتی و فەرەنسا بەتایبەت بەساڵانی باوبوونی دیاردە و تێگەیشتنی شۆڕشگێرانە دەناسرێ، کتێبێکی بەناوی ""واتای مۆدێل"" نووسیوە کە لەوێڕا گەشە بەجۆرە شیکردنەوەیەکی ماویانە (مەبەست ڕابەری چینی ماو تسیتۆنگە) دەدا. بادیو ئەمەشی بەبێگومان لە ژێر کاریگەریی مامۆستا مارکسییەکەی کردووە، (لێرە مەبەست فەیلەسوفی بنەماخوازی فەرەنسی، لوی ئاڵتۆسێرە).

بەڵام ئەوەی بادیو لە بیریارانی فەرەنسیی سەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە، لە



لایەک ئەوەیە کە بادیو تەنیا فەیلەسوف نییە، بەڵکو ڕۆماننووسیشە و لە لایەکی تریش ئەوەیە کە بادیو جگە لەوەی فەیلەسوفە، بیرکار (ماتماتیکەر)یشە یان بایەخی بۆ زانستیش هەیە. ئەم لایەنەش کە وا لە بادیو دەکا پایەکی لە ناو فەلسەفە و ئەوی تریشی لە ناو ماتماتیک (بیرکاری) یان زانست بێ، خەسڵەتێکی تایبەتی بۆ کارەکانی بادیوش مسۆگەر کردووە، کە پێم وایە نە لە ناو بیریارانی فەرەنسی بەتایبەت و نەش لە ناو بیریارانی کۆنتنێنتاڵ بەگشتی نەریتێکی باوە. چونکە فەیلەسوفانی فەرەنسیی سەردەمی بادیو، ئەڵبەتە ئێپستمۆلۆژە فەرەنسییەکانی لێ دەرچێ، ئەوەندە بایەخیان بۆ فەلسەفەی ماتماتیک و لۆژیک نەبووە و بگرە پتر بەسیاسەت، ئەدەب و شیکردنەوەی دەروونییەوە سەرگەرم بوونە. کەوابێ ئەم دیاردەیەی بادیو خۆی پێوە گلاندووە زێتر ڕوویەکی فەلسەفەی شیکردنەوەییە کە لە ناوەڕۆکدا ئەم فەلسەفەیە خۆی لەسەر بناغەی فەلسەفەیەکی لۆژیکی ماتماتیکی ئاسا بنیات ناوە. وەکی تریش سەبارەت بەم لایەنە دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ڕاستە گەلێ لە بیریارانی فەرەنسی یان هەر بەگشتی فەیلەسوفانی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ لەم پەنجا ساڵەی دواییدا هەوڵی دروستکردنی پردێکیان لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا داوە، بەڵام ئەوەی بادیو دەیکا، تەنیا ئەم لایەنە نییە، بەڵکو ئەو لایەنەشە کە بادیو لە نووسینەکانیدا پردێک لە نێوان فەلسەفە و ماتماتیکیشدا دروست دەکا. ئەم لایەنە کە ترادیسیۆنی (نەریتی) فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەگشتی و فەلسەفەی فەرەنسیش بەتایبەتی (دێکارتمان نابێ لەبیر بچێ) پێی نامۆ نییە، وێنەی فەلسەفیی تایبەتیشی لە نێو توێژەرەوانان لەسەر کارەکانی بادیو دروست کردووە. چونکە ئەوە بادیوە، بۆ ئەوە دەچێ کە ئۆنتۆلۆژیا (بوونناسی) کاری ماتماتیکەرانە، نەک فەیلەسوفان. بادیو کە ئەم بۆچوونەی وردتر لە"" بوون و ڕووداو""دا بەرباس دەخا، جۆرە سێرکردنێکی فەلسەفییانەی ناکۆنتنێنتالانەی پێوە دیارە.

وای بۆ دەچم خراپ نییە، خوێنەر لەوە بەئاگا بێ کە لە هەگبەی بیرمەندیی بادیودا گەلێک کردە و کاریگەری، ڕەتکردنەوە و پێشخستنی ئەم دید و ئەو

سێرکردنە فەلسەفی و هزری سیاسی و جوانکارییانە بەدی دەکرێن کە هەریەک لەو لایەنانە لە کارێکیدا و لەسەر ئاستێک ڕەنگدانەوەیان هەبووە. بۆیە لای خوارەوە زۆر مەبەستمە و بەلامەوە زێدە بایەخدارە مشتێک لەو لایەنانە بەردەست خوێنەری ئەم کتێبە بخەم و هەڵوێستی فەلەسەفیی خۆشم لە هەمبەر ئەو پێکداران و چوونە نێو یەکترە فەلسەفییانە بەرچاو بخەم کە بیرمەندی ناوبراو پێوەیین گلاوە. ئەمەو ئەو لایەنانە دەکارن ئەو وێنە فەلسەفییەش لای خوێنەری ئەم کتێبە دروست بکەن کە ویستی فەلسەفیی بادیو چ پێکهاتە و دارِشتنێکی هزریی هەیە و، هەروەها چۆن چۆنیش سیستمی فەلسەفیی بادیو خۆی ڕوودەستمان دەخا:

**لایەنی یەکەم**: ئەوی سەرەکی و پێویستە لەم سەرەتایەوە، تایبەت بەبیری فەلسەفیی بادیو دەستی بۆ ڕاکێشرێ، تێگەیشتنیەتی بۆ واتای فەلسەفە. ئەم لایەنە کە لە درێژەی نووسینەکەم، تایبەت بەنووسینی ""مانفێست""ی بادیو، دێمەوە سەری، لێرە هەر ئەوەندە دەڵێم کە فەلسەفە بۆ بادیو بریتییە لە ""یاخیبوونێکی لۆژیکی"". ئەم پێناسەیە بۆ فەلسەفە کە بنەچەشی لە ویستی بادیو بۆ فەلسەفاندن داناوە، جار جارە لە هەندێک گوزارەی جۆراوجۆری تریشدا دادەڕێژرێتەوە، لەوانە: فەلسەفە دوور لە سەخڵەتی و نارِەحەتیی هزر، بوونی نییە. بەڵام بادیو ئەمە دەڵێ و باوەری بەوەشە کە فەلسەفە ئەمە لە بەرەنگاربوونەوەی جیهاندا دەکا. واتە فەلسەفە لەتەک جیهاندا لە کێشمەکێش و بەرهەڵستی دایە. ئەو نارِەحەتی و سەخڵەتییەش هزر، لەئاکامی کێشمەکێش و بەرهەڵستی جیهاندا دووچاری دەبێ پێ دەچێ لای بادیو زۆر مانادار بێ بۆ فەلسەفە. ئەم جۆرە ڕوانینەش زۆر ئاساییە مرۆڤ بەرەو ئەو بیرۆکەیەش ببا کە فەلسەفاندن لای بادیو بریتییە لە پرۆسەی هزراندن یان فەلسەفە لای بادیو هزرە. ئەم فەلسەفەیەش، کە هزرە، لە بارەی ئەوەوە نییە، هزر چییە بەڵکو چی نییە[٢] بۆ ئەوەش فەلسەفەکردن هەبێ فەلسەفە پێ دەچێ پێویستی بەوە هەبێ کە لە باری هزر ئاگەدار بێ. ئەمە بۆ من کورت و پوخت ئەوە دەگەیەنێ کە فەلسەفە لای بادیو لە پێوەندیدایە بەهزرەوە. ئەمەش لەسەر



ئەو بناغەیە دەڵێم کە بادیو وا لە فەلسەفە گەییوە کە دەبێ شوێنێ بۆ هزر (بیر) دابین بکا. چونکە بادیو لەوە دڵنیایە کە تەنیا بەمجۆرە دەکارین بهزرێنین (بیر بکەینەوە). ئەمە سەبارەت بەرِەوتی فەلسەفە لە هزرا بەڵام ئەوەی تایبەتە بەماڵی فەلسەفەوە، ڕەنگە بادیو بیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە فەلسەفە دەبێ لە شوێنێکدا خۆی نیشتەجێ بکا. ڕاستە و تا بڵێی هێجگار پێویستە کە فەلسەفە ئۆقرە بگرێ و جێیەک بۆ خۆی مسۆگەر بکا، بەڵام بادیو پێی وایە ئەمە دەبێ لە دەرەوەی نوێنەرایەتیی (زمان) بکرێ.

لە ڕیزی ئەو وتنانەش کە بادیو هەر تایبەت بەفەلسەفە ئاماژەیان پێ دەکا، ئەوەش بەرگوێمان دەخا کە فەلسەفە پێویستە ناوونیشانی گەردوونیی خۆی بگەڕێنێتەوە. ئەمەی بادیو بیرمانی دەخاتەوە زۆر ماناداره، بەتایبەت گەر لە ڕوانگەی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواوە لێی بڕوانین. چونکە فەلسەفە لە نێو لاپەڕەکانی ئەم مێژووەدا تا بڵێی دووچاری ئاڵۆزکاری بووە. بۆیە ئەم نایەوێ بۆ گەڕاندنەوەی ناوونیشانی فەلسەفە خۆ بخزێنێنە نێو ڕەهێڵەی ڕاسیۆنالیزمی ڕۆشنگەری، یان لۆژیک و تەنانەت ئەوەش بەباش نازانێ بگەڕێینەوە لای بیری پاش بنەماخوازی و پاش تازەگەریش. بەڵکو لەبری ئەوە داوامان لێ دەکا لە پێوەندیی نێوان فرە و تاک هەروەها ئەوی تر و خود بگەین. بەڵام نووسەرێک وەک پێتەر هالوارد کە دوو کتێبی لەسەر هزری فەلسەفیی بادیو نووسیوە، بۆ ئەوە دەچێ سەرچاوەی ئەو یاخیبوونە فەلسەفییەی بادیو، باوەڕی پێیەتی ئەمانە بێ: لە پۆزەتڤیزمەوە، عەقڵی وەرگرتووە، لە هایدگەرەوە، بوون، لە هەڵوەشانەوەگەرییەوە، خود، لە تیۆلۆژیاوە (لاهووتییەتەوە) ناپایان، لە دولۆزەوە، ڕووداو، لە ستالینەوە، شۆڕش، لە فوکۆوە، تیۆریی ڕەخنەی دەسەڵات و ئەڵبەتە خۆشەویستیش، لە کولتووری پۆپولێری ئەمەریکییەوە. هەر پێتەر هالوارد ئەو تێگەیشتنەشمان لا دروست دەکا کە بادیو بێ گەڕانەوە بۆ فینۆمینۆلۆژی (دیاردەناسی) فەلسەفەیەک لەمەڕ خودبوون دادەمەزرێنێ و، بێ گەڕانەوەش بۆ ئەدێکوەیشن (کیفایەتی) فەلسەفەیەک لەسەر ڕاستی پێک دێنێ هەروەها بێ گەڕانەوە بۆ مێژووگەریش فەلسەفەیەک لە بارەی ڕووداوەوە دادەمەزرێنێ[٣].

**لایەنی دووەم**: فەلسەفە لای بادیو بەگشتی، کە ئەمە بەتۆخی لە نووسینی ""مانفێست بۆ فەلسەفە""ش ڕەنگی داوەتەوە، لە ژێر سایەی چوار هەلومەرجدا (شیعرگەرایی- یاخود هونەر-، سیاسەت، خۆشەویستی و زانست- یان بیرکاری-) شوێن بەخۆی دەگرێ. ئەو هەلومەرجانە کە پێکهێنەری فەلسەفەن بەبەرهەمهێنەری ڕاستیش لە قەڵەم دەدرێن. واتە بەپێی هزری فەلسەفیی بادیو، ئەو چوار هەلومەرجە ڕاستی دروستکەرن، یان ڕاستیی فەلسەفی تەنێ لە ڕێگەی ئەم چوار هەلومەرجەوە دێنە سازاندن. ئەم هەلومەرجانە هەریەکەیان ڕاستی بەشێوازی خۆیان بەرهەم دێنن و ئەمەش وا دەکا فەلسەفە لەسەر بناغەی چەندبارەیی (مۆڵتی پلیسیتی) دروست بێ[٤]. واتە هەریەک لەو هەلومەرجانە، چەندبارەیین (فرەن) ئەڵبەتە جێنریکیشن (تەولیدی).

**لایەنی سێیەم** : بۆ گشت خوێنەرێکی ئەم کتێبە، مەرج و پێویستە، ئەوە دیار و ڕوون بێ کە سیستمی فەلسەفیی بادیو، ئەم بوارانە دەگرێتەوە: ئۆنتۆلۆژی و ئاکسیۆم، خودگەرێتی، بناغە و ڕووداو، دەرکەوتن، لۆژیک، جیهان[٥]. ئەم سیستمە کە لە هەندێ شوێن بۆنی جۆرە فەلسەفەیەکی نیو- پۆزەتڤیزمی لێ دێ شایانی ڕەخنە و دیباتێکی قووڵە.

**لایەنی چوارەم**: پارادایمی ئۆنتۆلۆژی لە فەلسەفەی بادیو، ماتماتیکییە (بیرکارییە، ڕیازییە). واتە بوون ماتماتیکییانە ڕوون دەکرێتەوە. بۆ ئەوەی بادیو بوون ڕوون بکاتەوە، پشت بەتیۆریی ماتماتیکی چەندبارەیی (مۆڵتی پلیکەیشن) دەبەستێ[٦]. ماتماتیک لە فەلسەفەی بادیو وەک هزر، خۆی نیشان دەدا. بەڵام ڕووبەری ئۆنتۆلۆژیکییانەی ماتماتیک لای بادیو بناغەییە[٧]. بۆ ئەم مەبەستە سوود لە تیۆرییە ماتماتیکییەکانی پۆڵ کۆهن و جۆرج کانتوور وەردەگرێ.

**لایەنی پێنجەم** : بادیو لە بیرمەندانی نەوەی خۆی زیاتر، ئەفلاتوونییە، ئەمە لەگەڵیدا پەلوپۆی سیاسی و فەلسەفیی جودائامێزانەی بەرهەم هێناوە. سەیرەکە لێرەش لەوەدایە کە ئەو دەمەی بادیو ئەفلاتوونی بووە زۆربەی هاوتەمەنەکانی لە پاریس تا بینەقاقا ئەرستۆتالیستی بوونە یان ئەنتی-



ئەفلاتوونی بوونە. لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماتماتیکیش ئەفلاتوون بیر دەخاتەوە کە چۆن کردوویەتی بەهاوڕێی فەلسەفە. بەڵام پێچەوانەی ئەفلاتوون بایەخ بۆ شیعر دەگەڕێنێتەوە و لەتەک فەلسەفەدا ئاشتیان دەکاتەوە. ئەو بایەخەی بەئەفلاتوونیشی دەدا وای لێ بکا بەمەسەلەی ئاشکراکردنی پێنووسە فەلسەفییە سوفستاییەکانی ڕۆژئاواشەوە سەرگەرم بێ. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەیرە ئەوەیە کە بەبۆچوونی پێتەر هالوارد، سەرچاوەی بیری سیاسی و ئیتیکی بادیو لە شێوازی هایدگەرییە تازەکانە (ژان- لۆک نانسی، فیلیپ- لاکۆ لابارت، ئاگامبین، دێریدا)[٨].

**لایەنی شەشەم**: بادیو کاریگەریی ژێل دولۆزی بەسەرەوەیە، بەڵام هەڵوێستەی فەلسەفیی بەبڕشتیشی لەمەڕ فەلسەفەی دۆلۆز بەئاکام گەیاندووە. لەو کارە فەلسەفییەش کە دوو ساڵ پاش مەرگی دولۆز بەنێوی ""دولۆز: قیژەی بوون""، (١٩٩٧)، نووسیویەتی، کە نووسینی تا بڵێی ڕەخنەئامێزە، مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەکارێ دەرک بەو تێک ئالانە بیریارییە بکا بادیو لەتەک بیرمەندێ لە خۆی بەتەمەنتر و فرە بوارتر هەیەتی. ڕاستە کتێبەکە لە نامە گۆڕینەوەکانی بادیو لەتەک دۆلۆز پێکهاتووە بەڵام بۆنی ئەو دەمە فەلسەفییەشی لێ دێ کە ئەم دوو بیرمەندە تێدا دەستبەکار بوونە. ئەمەو بادیو لە بەرهەمی ناوبراودا کە ئۆنتۆلۆژیی دولۆز، وەک ئۆنتۆلۆژییەکی ڤیتالیست نیشان دەدا، ڕەخنەی توند لە میتافیزیکی دولۆزیش دەگرێ. لەمیانەی بایەخدانیشی بەئۆنتۆلۆژی و ڕاستی لای دولۆز دێتە سەر ستاتۆسی چەندبارەیی (مۆڵتی پلیسیتی) و پارادایمی بەماتماتیکردنی چەندبارەییش[٩]. بێ مانا نییە هەر لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە بادیو تایبەت بەبابەتی چەندبارەیی دوو سەرچاوەی فەلسەفیی هەیە کە هەردووکیشی فەرەنسین، یەکێکیان دولۆزە و ئەوی تریش ژان_فرانسوا لیوتارە[١٠].

**لایەنی حەوتەم**: بادیو کاریگەریی سانت- پۆڵی بەڕوونی بەسەرەوەیە و ئەم کاریگەرییەش گەرای لە ناو درزی دیتنەکانیدا تا ئەوپەڕی داناوە. بۆچوونی سیاسییانەی سانت-پۆڵ و تێگەیشتنی گەردوونایییانەی ئەم بیرمەندە

سیاسییە، (بەخۆی سانت – پۆڵ بیرمەندێکی ئاینییە بەڵام بۆ بادیو سیاسییە)، بادیوی بەرەو شێوە فەلسەفەکردنێکی زۆر جوداواز لە هاوڕێکانی بردووە. ئەم کە ئەمەی لە لاکانی مامۆستایەوە وەرگرتووە، درمێکی فەلسەفییە و دووچاری هەندێ لاکانی دیش بووە، لەوانە بیرمەندێکی سلاڤێنی پڕ بەرهەمی وەک سلاڤۆی زیزک.

**لایەنی هەشتەم**: ئەوی زۆر بابەتی ئاوڕدانەوەیە، سەبارەت بەساختمانی فەلسەفیی بادیو پێکهاتەی هزری سیاسیی بادیویە. ئەم پێکهاتەیە لە سەرەتاوە، لە ناوەندی ١٩٦٠کانەوە، ئاراستەیەکی ماویانەی (مەبەست ماویزمە) وەرگرتووە، بەڵام دواتر لە ژێر کاریگەریی مارکسیزمی زانستیی ئاڵتۆسێر، ڕووی لە چەپگەراییەکی سیاسی و فەلسەفی کردووە. بەڵام ئەم شێوە ئاراستەیە لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی لە کزی کردووە و بادیو پتر بەمەسەلە سەرەکییەکانی ناو فەلسەفەی سیاسییەوە سەرقاڵە. لەوانە: دیاردەی پەرلەمانتاریزم، شەڕ دژ بەتیرۆریزم، دیاردەی جووگەریی، هەڵبژاردن و هێزی سیاسی، دوژمنگەرایی بێگانە و کێشە سیاسییە هەنووکەی و ڕۆژانەییەکانی پاریس و ڕۆژئاوا: لەوانە کێشەی بەئیسلامبوون لە فەرەنسا و مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ی فەرەنسی و دەنگدان و دەنگنەدان لە هەڵبژاردنەکاندا و هەروەها دیاردەی بڵاوی جووپەرستی لە نێو ڕووناکبیرانی فەرەنسی، کە لەسەر ئەم لایەنە هەندێک بەئەنتی– سیمتیک(دژە جوو)یش ناوزەدی کردووە.. هتد. بەڵام لەبەرئەوەی ویستی فەلسەفیی بادیو هیچ کات لە خواستە سیاسییەکانی دابڕاو نەبووە، بۆیە بۆچوونە سیاسییەکانی ماوەیی جارێ توندتر و بەرچاویتر خۆیان دەردەخەن. ئەمەش هەر لە ناوەندی ١٩٦٠کانەوە لەسەری بەردەوام بووە، بۆ نموونە هەر لە ڕۆژانی پرۆتێستەکانی لاوان و قوتابیانی ئایاری ١٩٦٨ی پاریسەوە، بگرە تا دەگاتە هەڵوێستەکانی لەسەر شەڕی کۆسۆڤۆ، ١١ی سێپتەمبەر و کێشەی حیجاب لە فەرەنسا.

وەکی تریش، دەشێ هزری سیاسیی بادیو کە بەچوار قۆناغدا تێ پەڕیوە[١١] بەمجۆرەی لای خوارەوە چڕ و پوخت بکرێتەوە:





قۆناغی یەکەم لە ١٩٦٥ەوە دەست پێ دەکا. ئەم قۆناغە کە بەدوو کێشەی زۆر سەرەکیی سیاسیدا تێ پەڕیوە، زۆربەی فەیلەسوف و هزرەڤانانی فەرەنسیی ئەو دەمە پێوەی گلاون. یەکەمیان ئەوەی چۆن پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی کۆنترۆڵی سەرجەم چالاکیی کرێکارانی فەرەنسیی کردووە و دووەمیش ئەوەی کە چۆن سەرجەم ڕووناکبیرانی فەرەنسی، دژی شەڕی فەرەنسا بوونە، لەتەک کۆلۆنیاڵەکاندا، لەوانە شەڕی ئەلجەزائیر.

قۆناغی دووەم لە ١٩٦٦ەوە دەست پێ دەکا تا ١٩٧٦. ئەم قۆناغەش لە سەرەتادا لە ژێر کاریگەریی ڕووناکبیری هەندێ شتدا بووە لەوانە: کۆنفلێکتی ئایدیۆلۆژیی سۆڤیەت، شۆڕشی کولتووری و ڕووداوەکانی مای ١٩٦٨.

قۆناغی سێیەم لە ١٩٧٦ەوە دەست پێ دەکا تا ١٩٩٥. لێرەوە جۆرە ڕووناکبیرییەکی شۆڕشگێرانەی سیاسی دەست پێ دەکا. ئەمەش لە ئاراستەی ""فەلسەفەی نوێ""وە سەر دەردێنێ ڕووەو ئاراستەی ماویزمانە لە سیاسەت. لێرەوە هەندێ شت دەست پێ دەکا لەوانە: ڕەخنەگرتن لە تۆتالیتاریزم، پووچکردنی پارلەمێنتاریزمی بۆرجوازییانە، ڕەخنەگرتن لە هێۆمانگەری و باڵادەستیی ئەمەریکی.

قۆناغی چوارەم لە ١٩٩٥ەوە بەکار دەبێ و تا ئەوڕۆ دەگرێتەوە. لێرەوە دەشێ چەند پەرچەکردارێک لە بەرچاو بگیرێن لەوانە: ڕاسیزم، دوژمنایەتی بەرامبەر بەجیهانی عەرەبی، گەشەیەکی سەیر لە سیستمی بەرخۆری (یان زەبری بەرخۆری) ڕۆژئاوایی، زایۆنیزمێکی بێ کۆت و زنجیر ئەمەو هەستی سەرلەنوێ بەنوێسازیی سیاسی و بەربەرەکانێ ئەمەریکاش.

مایەوە ئەوەش بڵێم کە بادیو سەبارەت بەشۆڕشی سیاسی، بایەخ بەچوار مۆدێل دەدا: مۆدێلی کلاسیک، مۆدێلی شۆڕشی فەرەنسی، مۆدێلی بەلشەفییەکان و مۆدێلی دیالیکتیک.

**لایەنی نۆیەم**: بادیو بایەخێکی تایبەت بەگەردوونیی (ئونیڤێرساڵ) دەدا و لەم ڕووەشەوە هەشت تێزی هەیە کە پێی وایە شیاون لەسەر گەردوونی بخرێنە ڕوو. لای خوارەوە، زۆر بەکورتی ئاماژە بەو تێزانە دەکەم:

تێزی یەکەم: هزر ئامرازێکی ڕاستەقینەی گەردوونییە

تێزی دووەم: گشت گەردوونییەک تاک (سینگولار)ە

تێزی سێیەم: هەموو گەردوونییەک لە ڕووداودا دادەمەزرێ

تێزی چوارەم: گەردوونییەک ئینتیالی (ئەوەلی) وەک بریارێک لەمەڕ بڕیار نەدراو خۆی دەخاتە ڕوو

تێزی پێنجەم: گەردوونی بنەمایەکی ئیمپلیکەتیڤی هەیە

تێزی شەشەم: گەردوونی تاک مانایە

تێزی حەوتەم: هەموو گەردوونییەک تاکی (سینگولاریتی) ناکامڵ و یان کراوە دەمێنێتەوە

تێزی هەشتەم: گەردووناویەتی (یونیڤێرسالیتی) هیچ نییە لە پێکهاتەی باوەڕئامێزی، بەولاوە زیاتر. ئەم پێکهاتەیەش لای بادیو، ناپایانێک فرەیە (چەندبارە، مولّتی پل)(١٢).

**لایەنی دەیەم**: پێوەندیی بادیو بەشیعرگەراییەوە بێ سنوور بەهێزە و هەر ئەم شوێنەش، واتە پۆلی شیعرگەرایی، بۆ بادیو بووە، بەمۆڵگەیەکیش بۆ وتن، وتن لە بارەی تاو ناتاوێک هونەر و تاو ناتاوێکیش جوانکارییەوە. بادیو کە لە لایەک فەلسەفە لە ماتماتیکدا هەڵدەچۆڕێنێ و لە لایەکی تریش لە شیعرگەرایی (جوانکاری)، هزراندنێ زۆری بەسەر کاری شیعری گەلێ لە شاعیرانی ڕۆژئاواوە کردووە (سیلان، ڕامبۆ، پێسوا، هۆڵدراین، ماندلستام، مالارمێ... تا دەگاتە کارەکانی سامۆێل بکێت). خۆگرێدانەوەشی بەکاری ئەو داهێنەرانەوە و ئەمجار بەستنەوەی هزراندنیش بەماتماتیکەوە کاریگەریی ئەوەی بەسەر بادیوەوە جێ هێشتووە کە ویستی بۆ فەلسەفاندن جوداواز بێ. بادیو کە فەیلەسوفە ڕۆماننووسێکی باشیشە و تا بشڵێی هزر بەبیرکارییەوە گرێ دەدا و ئەمانەش (واتە فەلسەفە، شیعر و بیرکاری) هەموو وەک بەرهەمهێنەری ڕاستی تەماشا دەکا.

**لایەنی یازدەم**: بوون و ڕاستی و خود ئەو پێوەندییە سێکوچکەییە



فەلسەفییە پێک دێنن کە ویستی فەلسەفیی بادیوی ڕاگرتووە. ئەم پێوەندییە کە زۆر فەلسەفییانە خۆی دەردەخا، هزرێکی فەلسەفیی شێوە ئیتیکی (ڕەوشتی)، سیاسی، هونەری (یان شیعرگەرایی)، بیرکاری (یان زانستی) و شیکردنەوەییەکی دەروونیانە ڕابەرایەتی دەکا. بەڵام شێوەی بەشداریکردنەکانی ئەم سێ لایەنە کوچکەییە (بوون، خود و ڕاستی) بەم جۆرەیە:

بادیو هەر لە سەرەتای کارەکانییەوە بایەخی بەتیۆریی خود (سوبژێکت) داوە. سەرچاوەی بینینیشی لەم ڕووەوە بەزۆری لاکانە. ئەو بایەخەش کە بادیو بەخودی دەدا لە چوارچێوەی ئۆنتۆلۆژی (بوونایەتی)یەوەیە، نەک شتێکی تر. هەرچی ڕاستییە ئەوا تا بڵێی چەمکێکی زێدە بایەخدارە لای بادیو. بەبۆچوونی بادیو ڕاستی خۆی (خودی خۆی) دەڵێ. هەروەها بادیو جەختیش لەوە دەکا کە ڕاستی لە خودی خۆی زیاتر شتێکی تری پێویست نییە(١٣). وەلێ بوون بەپێی فەلسەفەی بادیو پۆلێکە (بوارێکە) بۆ ئۆنتۆلۆژی. ئۆنتۆلۆژیش کە بۆ بادیو ماتماتیکە (بیرکارییە، حیسابە) ئیلهامە بۆ بڕکردنەوەی ""چەندبارەی پوخت"" و ناپایانی ڕاستی. بەڵام ڕاستی بەخۆی پۆلێکە بۆ فەلسەفە کە دەستنیشانی ڕووداو، ئەڵبەتە ڕووداوی ڕاستی و، هەروەها شیاوی دەکا و تەنانەت ئەم ڕاستییە، یان ڕاستیی ڕووداو، بەپێی فەلسەفەی بادیو، خودیش ئامادە دەکا. وەلێ ئەوەی پێوەندیی بەخودەوە هەیە پۆلی ئیتیکە. واتە خود، پۆلێکە بۆ ئیتیک کە ئیخلاسی (ئەمانەتی، فایدێلتی) خودێکی ئامادە دەخاتە ڕوو. بادیو ئەم لایەنە بەبەرهەمهێنانی ڕاستی ناو دەنێ. واتە دروستکردنی خود بەم شێوەیە کار بۆ بەرهەمهێنانی ڕاستی دەکا. ئەوەی هەر لەم ڕووەوە مەرجە ئاماژەی بۆ کرێ ئەوەیە کە ئەوی خود دەخاتە ڕوو، ڕاستییە. بەڵام بادیو ئەوەشمان فێر دەکا کە ڕاستی ئەمە دەکا (واتە خود دەخاتە ڕوو) لە ڕێگەی ڕووداوەوە.

**لایەنی دوازدەم**: بادیو تیۆرێکی لەمەڕ ڕووداو دروست کردووە. ڕووداویش لە پێوەندیدایە بەڕاستییەوە(١٤). وەکی تریش ڕووداو یەک لەو چەمکە

سەرەکییانەیە کە فەلسەفەی بادیو پێک دێنێ. هەروەها ڕووداو لەتەک خود و ڕاستی ئەو لایەنە سێ کوچکەییە پێک دێن کە فەلسەفاندنی بادیوی ڕاگرتووە. بەڵام ڕووداو بۆ بادیو ڕوودانی نەختێک تایبەتە. چونکە بادیو وای دەبینێ کە ڕووداو بۆی هەیە لە گشت کاتێک ڕوو بدا بەڵام نەک لە گشت شوێنێک. هەر لێرەدا، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئەوی تایبەت بەتێگەیشتنی بادیو لە بارەی"" ڕووداو""ەوە گرینگە سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە بادیو پێی وایە ئیدیای ڕووداو فەندەمێنتاڵە. بەڵام ئەو تیۆرییەی بادیو لەم بارەوە بەر باسی دەخا ئەوەیە کە ڕووداو ناوە بۆ شتێک کە ڕوون نییە. بەڵام ئەوەش بۆ بادیو پرسیارە کە چۆن چۆنی ڕووداو لە فاکتەری گرینگ یان ئەوی دێ (ئەوی بەڕێگەوەیە) جیا دەکرێتەوە[15].

**لایەنی سێزدەم**: بادیو زوو زوو باس لە ئەنتی-فەیلەسوفەکان دەکا و مەبەستی سەرەکیشی لەوانە، چەند ناوێکە و بەس. بۆ نموونە: ڤیتگنشتاین، لاکان، سانت- پۆل، لیوتار، نیچە و لێڤیناس. بەڵام خوێنەری کارە فەلسەفییەکانی بادیو دەتوانێ دەرک بەوە بکا کە بەشێ لەم فەیلەسوفە ئەنتیانە سەرچاوەی سەرەکیی هزراندنەکانی بادیوشن.

**لایەنی چواردەم**: شەڕ (بەدی، خراپە، ئیڤڵ)، لەو چەمکە فەلسەفییانە بادیو لە نووسینە فەلسەفی- سیاسی و ئیتیکیەکانیدا لەم ساڵانەی دوای زۆر بەکاری بردووە. شەڕ بۆ بادیو سێ شت دەگەیەنێ: خیانەت، خەڵەتانن و تیرۆر[16]. ئەم سێ لایەنە کە فیگوری شەڕ پێک دێن، ڕاستی تێکدەرن. واتە ڕاستی لە ڕێگەی ئەمانەوە، دووچاری گەندەڵی دەبێ.

**لایەنی پازدەم**: خۆشەویستی (ئەوین) یەکێکە لە هەلومەرجەکانی دروستکردنی ڕاستی، ڕاستیی فەلسەفی. واتە خۆشەویستی دەکرێ بۆ دروستکردنەوەی فەلسەفە بەکار ببرێ بەڵام نەک بەتەنیا بەڵکو لەگەڵ سیاسەت، هونەر و زانست (ماتماتیک). ئەم خۆشەویستییەش لە ڕێگەی یەکگرتنەوەی دووانەوە پێک دێ. ئەم دووانە کە جووتێک پێک دێن، دوو جەمسەری دژیشن. واتە ئەم دوو جەمسەرە دژن نەک هاوشان. بۆچوونی بادیو



بۆ عیشق (دڵداری، خۆشەویستی) بۆچوونێکی لاکانییە (مەبەست ژاک لاکانە) و سەرچاوەش لە شیکردنەوەی دەروونیی لاکانەوە هەڵدەگرێ. ناسراوترین نووسینیش کە بادیو لە بارەی دڵدارییەوە نووسیویەتی، دوو نووسینە، ""خۆشەویستی چییە؟"" و ""دیمەنی دوان"".

**لایەنی شازدەم**: بادیو لە زۆربەی دێباتە فەلسەفییەکانیدا دەگەڕێتەوە سەری پرسیاری بوون و ئەم پرسیارەی لا زێدە بایەخدارە. گەلێکیش پێیان وایە لە پاش ""بوون و کات""ەکەی هایدگەرەوە، تەنیا بادیو بووە کە ئاوا گەڕاوەتەوە سەر بابەتی بوون. بەڵام بادیو مێژووی هزر لەمەڕ بوون لە هێڵێکدا دەبینێتەوە کە لە ئەفلاتون و ئەرستۆوە دەست پێ دەکا بەسپێنوزا، کانت و هایدگەر و دولۆزدا تێ دەپەڕێ.

ئەو بایەخە بێ سنوورەی بادیو بەبابەتی ئۆنتۆلۆژی (بوونایەتی)ی دەدا لە نێو ڕووناکبیرانی فەرەنسی ڕێزپەر نییە. چونکە نەرێتی قسەکردن لەمەڕ بوون لە نێو ڕووناکبیرانی پاریس، شتێکە هەبووە بۆ نموونە وتنەکانی سارتەر لەو بارەیەوە. ئەڵبەتە شێوەی دیش لە وتن لە نێو ڕووناکبیرانی پاریس لەمەر بوون بوونی هەبووە، لەوانە فەلسەفاندنەکانی دولۆز بەسەر بوونەوە. بەڵام بایەخدانەکەی بادیو بەبوون جۆرێ ترە. مەبەستم فەرەنسییەکان لە ڕێگەی کتێبی ""بوون و ڕووداو""ەوە ئاشنا دەبنەوە بەبابەتی بوون، بەڵام ئەم ئاشنابوونەوەیە بەتێگەیشتنێکی ماتماتیکییانە بۆ بوون مەحکوومە. چونکە بادیو توێژینەوەیێکی نوێی بۆ دۆزینەوەی بوون، بوونی پوخت، ئەنجام دەدا[17] نەک بوونێکی ناپوخت. کەوابێ بۆ بادیو بوون گشت فەلسەفە نییە، بەڵکو بوارێکە بۆ تیۆری پوختی چەندبارە. واتە بوون بۆ بادیو بەواتایەکی تر بریتییە لە پوختێکی چەندبارە[18]. ئەم بۆچوونە ئەوەم بیر دەخاتەوە کە زۆربەی بادیوناسەکان جەختی لێ دەکەن، واتە ئەوەی بابەتی ئۆنتۆلۆژی لای بادیو بابەتی ماتماتیکەرەکانە (بیرکارەکان) نەک فەیلەسوفەکان. بەم شێوەیە ئۆنتۆلۆژیا دەروازەی فەلسەفەی ماتماتیکی بادیوە[19]. یان ئۆنتۆلۆژیا وەک ئەوەی کە ماتماتیکە سەرەکیترین دۆکترینی (باوەڕی) فەلسەفیی

بادیوشە[٢٠]. بەڵام ئەوەی پێویستە لەم حاڵەتەدا لێی بەئاگا بین ئەوەیە کە لکانی ماتماتیک بەفەلسەفە، لای بادیو دەرگا لە قسەکردن لەسەر بوون دەکاتەوە و هەروەها بادیو لە ڕێگەی بەتماتیکردنی ئۆنتۆلۆژیاوە، دەیەوێ کۆتایی بەرۆمانسیەتی فەلسەفە بهێنێ.

ئەم جۆرە بۆچوونە بادیویانەش بۆ بوون بادیو لەبنڕا لە سارتەر و پۆست-سارتەرییەکانیش جیا دەکاتەوە. بادیو بۆ ئەوەی تیۆرییەکی جیا لەسەر ئۆنتۆلۆژی بهێنێتە کایەوە، دەگەڕێتەوە سەر دوو ماتماتیکەر (بیرکار) کە یەکێکیان جۆرج کانتورە و ئەوتریشیان پۆڵ کۆهنە. کانتور و کۆهن کە مانایان بۆ یەک لەهەلومەرجەکانی پێکهێنانی ڕاستی لە فەلسەفەی بادیودا هەیە، نوێسازییەکیش لە بیری فەلسەفیی فەرەنسی، تایبەت بەبوون (کەینوونە) دروست دەکەن. ئەوەی جێی سەرنجە سەبارەت بەتیۆرییبوونی بادیو، ئەوەیە کە ئەم تیۆرییە بەتیۆریی خودەکەیەوە گرێ دراوە. بوون و خود و ڕووداویش ئەمانە زۆر گرێدراوی یەکن و ئەو جێیانەشن کە گفتوگۆی فەلسەفیی بادیو لە ناخی خۆیاندا لەمەر ڕاستی نیشتەجێ دەکەن.

وەکی تریش ئەو ماتماتیکەی بادیو سەبارەت بە تیۆرییبوون کاری لەسەر دەکا و لە کتێبی ""بوون و ڕووداو"" هێڵکارییەکەی فۆرمولێزەکراوە، بریتییە لە ""ئامادەبوونێکی پوخت"". ئەو تێگەیشتنە ماتماتیکییەش کە لە هزری فەلسەفیی بادیودا، ڕیشەی قووڵاو قووڵ ڕۆیشتووە وەدووی ناپایانیدا وێڵە و زەمینەش بۆ فەلسەفە خۆش دەکا بۆ بیرکردنەوە (هزرین) لە فرەگەری (چەندبارەیی- مولٹی پلیسیتی) پو خت. لەم ڕووەشەوە بادیو دوو سەرچاوەی فەلسەفیی هەیە کە فەرەنسین، یەکەمیان دولۆزە و ئەوی تر لیڤیناس. لە دولۆزەوە بیرۆکەی چەندبارەی وەرگرتووە و لە لیڤیناسیش بیرۆکەی ناپایانی. بەڵام خوێنەری ئەم کتێبە ناکرێ ئەوە پشتگوێ بخا بادیو لەمیانەی بایەخدانی بەئۆنتۆلۆژی و ڕاستی، دەگەڕێتەوە لای دولۆز (دولۆز لەمەڕ ستاتۆسی چەندبارەیی)، لای سپینۆزا (سپینۆزا لەمەڕ ئۆنتۆلۆژی ئاکسیۆماتیکی)، لای کانت (کانت لەمەڕ بناغە و خودگەریەتی)[٢١]. بەڵام بادیو لە توێژینەوەکانیدا



ئۆنتۆلۆژی دولۆز وەک ئونتۆلۆژییەکی ڤیتالیست نیشان دەدا، کەچی ئۆنتۆلۆژی سپینۆزا، وەک ئۆنتۆلۆژیی داخراو و ئەوی کانتیش وەک سوبستراکتیڤ

**لایەنی حەڤدەم**: بادیو سەبارەت بەهونەر پازدە تێز دەستنیشان دەکا کە بێ مانا نییە لای خوارەوە پۆلیان بکەم:

– هونەر گواستنەوەی سوبلیم نییە لە ناپایانێکەوە بۆ پایانێ هەزیلی جەستە و سێکسوالیتی. بەڵکو هونەر بەرهەمی خودیەتییەکی (سوبژێکتیڤیتی)ی ناپایانە.

– هونەر تەنیا بریتی نییە، لە دەربڕینی تایبەتیەتی (پارتیکولاریتی) بەڵکو هونەر لە بەرهەمێکی ناشەخسی (نەناسراو) ڕاستیش بریتییە کە خۆی دەگەیەنێتە گشت کەسێک.

– هونەر پرۆسێسی ڕاستییە. ئەم ڕاستییەش هەمیشە ڕاستییەکی هەستیاری یان شەهوانییە. ئەمەش مانای ئەمەیە: گواستنەوەی شەهوانی بۆ ڕووداوی ئیدیا.

– پێویستی بۆ کۆیەتییەکی (پلورالیتی)ی هونەر هەیە.

– گشت هونەرێک لە فۆرمێکی تێکەڵەوە (ناپوختەوە) پەرە دەستێنێ. ئەم تێکەڵییەش لە لای قاڵب بەمێژووی ڕاستی هونەری تایبەت (پارتیکولار) دەدا و لە لایەکی تریش ئیستینزافی ئەم مێژووەش دەکا.

– خودی (سوبژێکتی) ڕاستییەکی هونەری شێوازی ئەو کارانەیە کە پێکی دێنێ.

– ئەم پێکهێنانە وێنەیەک ناپایانە کە لە کۆنتێکستی (سیاقی) هونەریی هاوچەرخماندا تۆتالیتییەک (هەمەی، گشتییەکی) تەولیدییە (جێنەریک).

– ڕیالی هونەر ئیدیالێکی ناپوخت (ناتێکەڵ)ی بیر لێ کراوە لەمیانەی پرۆسێسی ئیمانێنتی (جەوهەری) پوختەیەتییەوە.

– بەتەنیا ماکسیمی هونەری هاوچەرخ نابێ بەئمپریال. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هونەر ناتوانێ دیموکراسی بێ گەر دیموکراسی نیشانەی بێ

لەسەر هاوشانیەتی لەتەک ئیدیالی ئیمپریالی ئازادی سیاسی.

– هونەری نا–ئیمپریال بەپێی پێویست هونەرێکی ئەبستراکتە. ئەمە بەو مانایە دێ کە هونەر خۆی لە تایبەیەتی (پارتیکولاریتی)ی ئەبستراکت دەکا.

– ئەبستراکتی هونەری نا–ئیمپریال لەگەڵ هیچ پوبلیکێ تایبەتدا، یەک ناگرێتەوە. هونەری نا–ئیمپریال لەگەڵ جۆرە ئیتیکێکی ئارستۆکراتی–پرۆلیتاریدا یەک دەگرێتەوە.

– هونەری ئیمپریال پێویستە توند بێ، وەک بەیانێکی ماتماتیکی، موفاجەئەیی وەک کەمینێک لە شەودا.

– هونەر ئەمرۆ تەنیا لە خاڵی دەستپێکردنەوەی ئەوەوە دەتوانێ ببێ کە ئێکسپایەر بوونی نییە.

– ئێکسپایەر ئیدی هیچ سانسۆر ناکا.

– باشترین شت ئەو ڕێگە دیارانەیە کە دەبێ بۆ ناساندنی ئێکسپایەر وەک هەبوویەک بگیرێنە بەر[٢٢].

لێرە و لە قسەکانی بادیو لە بارەی هونەرەوە، ماتماتیک ئامادەبوونی خۆی هەیە. ئەمەو هونەر لەو تێزانەشدا بەجۆرێ فۆرمولێزە کراوە کە دروستکەری ڕاستییە، یان ڕاستی فەلسەفییە. هونەر کە شان بەشانی ماتماتیک و سیاسەت و خۆشەویستی، فەلسەفە پێک دێنێ ڕەکیزەیەکی بنەڕەتیشە بۆ ڕێکخستنی پێوەندیی خود لەتەک ڕاستیدا.

**لایەنی هەژدەم**: سەرچاوەی بیری فەلسەفی بادیو لە بارەی ئیتیکەوە لاکان و کانتە. لە لاکانەوە ئەمە وەردەگرێ: تێگەیشتنێکی تۆپۆلۆژیکانەی دۆز. بەڵام لە کانتەوە ئەمە وەردەگرێ: تێگەیشتنێکی گەردووناویی پرێسکریپشن[٢٣]. بەڵام ئەوی فەلسەفەی بادیو تایبەت بەئیتیک (ڕەوشت) بخوێنێتەوە ئەو سێرکردنەی لا چەسپ دەبێ کە ئیتیک بوونی نییە، بەڵکو ئەوی لەبری ئیتیک بوونی هەیە ئاکسیۆمە (بەدیهیات). یان ئیتیک تەنێ لە ڕاستییەکی سینگولاردا (تایبەت) نەک گشتیدا، بوونی هەیە، وێڕای گشت ئەوانەش وترا ئیتیک لای بادیو، بەهەندێ کاتیگۆرییەوە (لەوانە: ماف یان یاسا، ئەوی تر، مرۆڤ،....)



بەستراوەتەوە[٢٤]. لەو وشانەش کە بادیو لە بواری ئیتیک و تەنانەت سیاسەتیشدا گەلێ بایەخی دەداتێ وشەی ئیخلاسە (دڵسۆزی، فایدەلایتی).

لایەنی نۆزدەم: لە نووسینە سیاسییەکانیدا پێوەندییەکی بەمارکسەوە ماوە، ئەمەش نەک هەر لە نەوەی خۆی، نەوەی بیریارانی فەرەنسیی ساڵانی ١٩٦٠کان، جیای دەکاتەوە بەڵکو لەگەڵ لە بەشێ لە ڕووناکبیر و بیرمەندە پۆست– مارکسیستییەکانی ڕۆژئاواش یەکیشی دەخاتەوە. بەڵام ناشێ ئەوەمان لە بیر بچێ لەم ڕووەوە سوودی لە ئالتۆسیر وەرگرتووە کە یەکێکە لە نەوەی ١٩٦٠کانی فەرەنسا. بەڵام بۆچوونی سیاسییانەی لە بۆچوونی گەلێ لە مارکسییەکانەوە دوورە بۆ نموونە دژی سیستمی پەرلەمێنتارییە، پێی وایە دەبێ سیاسەت لە دەوڵەت دوور بخرێتەوە و سیاسەتیش بەبێ حیزب، بکارێ بەردەوام بێ، لەوانەش گرینگتر دژی سیستمی ئابووری و سیاسیی نیو–لیبرالیزمی ڕۆژئاوایە.

پاش ئەوەی چەند لایەنێکم سەبارەت بەهزری فەلسەفی و شێوازی بادیو لە فەلسەفاندن بەردەست خوێنەری ئەم کتێبە کرد، مایەوە ئەوەش بڵێم کە زۆر ئاساییە لەو خستە ڕووەی من لێرە بەرچاوم خست و ئەوی دوورتریش لە درێژەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبە بەرچاو دەخرێ ئەو دید و بینینانە لای خوێنەر دروست بکا کە ویستی فەلسەفیی بادیو خۆی گیر و ناسانا دەردەخا. بەش بەحاڵی خۆم هیچ لاریم لەوە نییە کە هزری فەلسەفیی بادیو، ئەو فۆرمەی وەرنەگرتبێ بەڵام ناشکرێ خوێنەری فەلسەفی ئەم نووسینەی بادیو و سەرجەم ئەم کتێبەی ئێمە لەوە بێ ئاگا بێ کە خۆڕاهێنان لەسەر خوێندنەوەی نووسینی فەلسەفی لە نێو ئێمە کەمە. نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەو شێوازەش لە فەلسەفاندن لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دوایی کاری لەسەر دەکرێ و یان ئەو جۆرە بیرکردنەوە فەلسەفییەی فەیلەسوفانی نوێی ڕۆژئاوا، بەهەردوو باڵەکەیەوە (واتە فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی و کۆنتنێنتاڵیش) خوویان پێوە گرتووە، بۆ خوێنەری کوردی ئەم نووسینە زۆر ئاشکرا و ڕوون نییە و، بگرە هیچ ئەزموونێکیش لە ناساندنی شێوازی فەلسەفەکردنی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا لە

ناو نووسەرانی ئێمە و لە ناو هەوادارانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە کوردستان و هەندەرانیش بەجۆرێ قووڵ و پڕ و سستماتیک بوونی نییە. ئەم لایەنانە کە لە ئامێزی هەردوو بەندی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبە پەیتا پەیتا دێمەوە سەری ئێستا و بۆ داخستنی ئەم ناساندنە دەمەوێ تەنیا ئەوە بڵێم کە دەبێ خوێنەری ئەم بەندەی کتێبەکە (کە بەویستی فەلسەفاندن لای بادیو تایبەتە) ئەوەی لا زۆر سانا و بەرچاوی بێ کە هزری فەلسەفیی بادیو لە گەلێ شوێن لەم کتێبە خۆی لە فۆرمی گفتوگۆی ورووژێنەرئامێز، ڕەخنەگرانە و جار جارەش فەلسەفیی پوخت و چڕ و ئافۆریستیک (پەندئامێز)یش نیشان دەدا.

### ٣- دارشتنی مانفێستێ لە پێناوی فەلسەفە (*)

ئالان بادیو لەو نووسینەیدا ""مانفێست بۆ فەلسەفە""، کە باس لە هەندێ کێشەی ناسنامەیی چارەنووسسازی فەلسەفی دەکا، بەهیچ جۆرێ بۆ فەیلەسوفە فەرەنسی و ڕۆژئاواییەکان ناکورێژێتەوە، بەڵکو هەندێ ڕاستی دەداتە بەرگوێمان کە فەیلەسوفە فەرەنسی و ڕۆژئاواییەکان ڕەنگە بەو جۆرە نەیانورووژاند بێ. ئەڵبەتە بەشێکیش لەو ڕاستییانەی بادیو لەمیانەی ئەم نووسینە مانفێستییە بەدەستی خوێنەری دەخا بەرهەمی هەستێکی ڕەخنەییانەی فەلسەفییە لە نەوەی خۆی، واتە فەیلەسوفانی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٦٠کانی پاریس و، بەشێک لە فەیلەسوفانی ڕۆژئاوایی. بەبێگومان ئەم ماوەیەش هەندێ لەو تەوژمە فەلسەفییە زاڵانە لە خۆ دەگرێ کە گۆڕەپانی فەلسەفیی ڕۆژئاوا و فەرەنسایان تەنی بووەوە کە پاش بنەماخوازی و پاش تازەگەری لەو ڕووەوە دوو نموونەی بەرچاون. ئەو ڕەخنەیەش کە بادیو لە دوو توێی لاپەڕەکانی ""مانفێست""، لەم بارەیەوە و وەکی تریش، دەیگرێ بەخۆی، جۆرە گفتوگۆێ دێنێتە پێشەوە، کە بەمەزەندەی من، لە لایەک مانای بۆ وتاری فەلسەفیی فەرەنسی بەتایبەت و لە لایەکی تر بۆ خودی وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاواییش بەگشتی هەیە. هەر ئەم مانفێستە بەناوەرۆکەکەشیدا، دیارە، دەخوازێ ئەرکی فەلسەفەکردن، یان ویستی فەلسەفاندن، لەسەرێکەوە قورس



بکا و لەسەرێکی تریشەوە، ئەم مانفێستە کۆشش بۆ ئەوە دەکا کردەی فەلسەفەکردن، یاخود ویستی فەلسەفاندن، لە چەند بوارێک قەتیس نەکا، واتە سیاسی یان زانستی، کە فەلسەفە پێی ناسراوە، بەڵکو ئەو پۆل و بوارانەش بگرێتەوە، وەک شیعری یان ئەویندار، کە بەشێک لە بیریارانی فەرەنسی بێ، یان ڕۆژئاوایی بایەخیان نەداوەتێ. ئەم لایەنە بەخۆی بۆ کاری فەلسەفەکردن پێویست بووە، چونکە دەشێ ئەم مانفێستە وەک هەنگاوێک بۆ شڵەقاندنی گۆمی پرسیارکردن لە بواری فەلسەفەدا تەماشا بکرێ و هەروەها وەک کۆششێکیش بۆ زیادکردنی بواری داهێنانی فەلسەفی. بەڵام خوێنەری ئەم مانفێستە دەبێ لەوە بەئاگا بێ، ئەم نووسینە وەک گەلێ لە نووسینە فەلسەفییە تازەکانی فەیلەسوفانی هاوچەرخی فەرەنسی، بڵێسەی هیچگەرایی لێ بەرز نابێتەوە. بۆیەشە، وا دەڵێم چونکە لەم ساڵانەی دواییدا لە فەرەنسا لە بەشێ زۆر لە بوارە هیۆمانییەکان (مێژوو، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆژی) گەلێ لە مێژووکردی بیر و فەیلەسوف و توێژەرەوەکان کەوتنە بەرهەمهێنانی شاخێک لە بیر و بۆچوونی هیچگەرا و نا-ڕاسیۆنالی کە هەر هەموو لە بنەڕەتدا پەرەیان بەبیرێکی نا-کۆنکرێت و بێ هیوا دەدا. ئەم لایەنەش، واتە ئەوەی فەلسەفەی فەرەنسیی نوێ ئەم ڕەوتەی وەرگرت، کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی بەسەر پرۆسەی گەشەی بیری فەلسەفی و، بەتایبەت ئەو فەلسەفەیەی لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی فەرەنسی لە دەرەوەی فەرەنسا ڕسکا، بەجێ هێشت. نەک هەر ئەوە بەڵکو لە ناوەوەی فەرەنساش کردەی فەلسەفەکردن چوارچێوەدار کرا، چونکە فەلسەفە پتر بەمێژوو و ئەدەب و کۆمەڵناسییەوە لکێنرا.

من هەرگیز نامەوێ لای خوێنەری ئەم باسە، وێنەی ئەوە لەسەر فەلسەفەی فەرەنسی دروست بکەم کە فەلسەفەیەکی هیچگەرا ئاراستەیە، بەڵام بەلامەوە، گرینگە خوێنەری ئەم باسە فەلسەفییە لەوە تێ ڕامێ کە بۆچی فەلسەفەی فەرەنسی زۆرتر لە فەلسەفەکانی تری ڕۆژئاوا ئەو ئاراستەیەی وەرگرتووە؟ واتە چۆن ناوی بەوە گلاوە کە فەلسەفەیەکی شێوە ئاراستە هیچگەرا بێ؟

تەنانەت زۆر بەلامەوە بایەخدارە، هەر ئەم خوێنەرە لە دوو مەسەلەی دیش تێ هزرین بکا کە ئەمانەن: چۆن فەلسەفەی فەرەنسی ئەو ئاراستە خودگەراییيە ""دێکارت ""یەی، کە منداڵدانی فەلسەفەی مودێرنەی ڕۆژئاوا بوو، بەرەو فەلسەفەی پۆست مۆدێرن دژە خود (سوبژێکت) و دژە عەقڵ تێ پەڕاند؟ پاشان بۆچی فەیلەسوفانی فەرەنسی لەم نیو سەدەیەی دواییيدا بەزۆری لە ژێر ڕکێفی بیری فەلسەفەی نا–راسیۆنالی و ئەو شێوە فەلسەفە شیعرگەرائامێزە بوونە کە فەلسەفەی نیچە–هایدگەر پەرەیان پێ داوە؟ سەبارەت بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەمەوێ دەست بۆ ئەوە ڕاکێشم کە من جگە لەوەی لە بەشێکی تری ئەم کتێبە""دۆزی باوبوونی فەلسەفەی فەرەنسی"" بەشێک لەم پرسیارانەم ڕوون کردووەتەوە لە هەندێ باسی تریشدا (بەتایبەت باسی ""کۆنتراکست""دا) کارم لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانەوە کردووە کە لە هەموو ڕوویەکەوە پێوەندییان بەفەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسییەوە هەیە. بۆیە نامەوێ لێرەدا کاوێژی خۆم کەمەوە، بەڵام تەنیا شتێک دەمەوێ باسی لێوە بکەم، مەسەلەی ئەو ناسنامە فەلسەفییەیە کە فەلسەفەی فەرەنسی لەم ساڵانەی دواییيدا بەخۆی بەخشیوە. ئەم ناسنامەیە کە بەری کارکردنی هەندێک بیریاری دیاری کراوە، کە ناوبانگی جیهانییان پەیدا کردووە، لە فەلەکی فەلسەفەیەکی ئەنتی–ڕاسیۆنالی و ئەنتی–هیۆمانیدا دەخولێتەوە. ڕەنگە ئەمە سەد دەر سەد باوەری من نەبێ، بەڵام زۆربەی ئەو ئاوەڵناوانەی دەدرێنە پاڵ ئەو ناسنامەیە ئەم لایەنە پشتراست دەکەنەوە. هەر لەم ڕووەوە ئەوەش بیر دەخەمەوە کە، هەموو ئەوانەی گرینگی بەفەلسەفەی ڕۆژئاوا دەدەن، باش لەو ڕاستییە گەیشتوون، دەربازکردنی بیری فەلسەفیی ڕۆژئاوا لە شێوازی باو و بیری بێ بنەما کارێکی ئاسان نییە بەڵام قەتیسکردنی ئاسۆی داهێنانی بیری فەلسەفیش لە هەندێک بواردا، یان چڕکردنەوەی فەلسەفە لە ئاراستەیەکی هیچگەرایی بێ ئاسۆش، ئەمەش کێشەی بچکۆلانە نییە. ڕاستە و گەلێکیشمان ئەوە پەسند دەکەین کە، ئامانجی تێزە فەلسەفییەکان ئەودەمە یەکانگیر و پڕ ئاسۆ دەبن کە ئەم تێزانە مانای زۆریان لە گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتی و سێرکردنە سیاسی و



زانستی و شیعرییەکاندا هەبێ. بەڵام ئەم ئامانجە نایەتە دی تا فەلسەفەی ڕۆژئاوا ویستی خۆی نەگۆڕێ. گەر فەلسەفەش بەکردار بەشداری لەم لایەنە نەکا، واتە لە گۆڕینی ویستی فەلسەفە، بەبۆچوونی من فەلسەفە لە سەرگەردانی و بێ هیوایی گشت تەمەنی بەسەر دەبا. ئەم وتنەی من ڕاستە مەسەلەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی فەلسەفە دێنێتە پێشەوە (یان داوا دەکا)، بەڵام من ئەم مەسەلەیە بۆ دەرفەتێکی هەڵدەگرم و لێرەدا تەنیا لەو ڕووەوە ئەوەندە دەڵێم کە پێناسەکردنی فەلسەفە، دولۆز وتەنی، کاری فەیلەسوفە بەتەمەنەکانە. بەخۆی ئەو گرنگی پێدانەی بادیو بەپێناسەی فەلسەفە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە تەنێ لە ڕێگەی ئەو پێناسەیەوە، کە ئەم پێناسەیە لە بیرزای بیرمەندە بەساڵاچووەکاندا ئامادەیە، بادیو دەکارێ ئێمە بگەڕێنێتەوە ناو فەلسەفە هەروەها ئەو پێناسەکردنە واشمان لێ بکا بەو نهێنییانە بگەین کە فەلسەفە لە چی پێک دێ و چۆن چۆنیش کردەی فەلسەفەکردن لە توانایدایە لە گەلێک کێشە بەدوورمان بخاتەوە. بەڵام لەم بارەیەوە ئەوەی لێرەدا زۆرتر بۆ من ماناداره یاد بخرێتەوە و پێی لەسەر دابگیرێ، ئەوەیە کە پاش گەڕانەوەمان بۆ ناو فەلسەفە، بۆ سەر فەلسەفەکردن، پێویستە لەوە بەئاگا بین فەلسەفە ناشێ بەبەرهەمهێنانی واتاوە سەرقاڵ بکرێ، بەڵکو بەدۆزینەوەی چارەسەرەوە. دۆزینەوەی چارەسەریش لە فەلسەفەدا تەنیا لە ڕێگەی بایەخدان بەزمان یان دروستکردنی جیهانێک لە ڕەوانبێژی دابین نابێ، بەڵکو لە ڕێگەی پشتبەستن بە سستمێ نا– میتافۆری نا– باو و نا– دووبارە. ئەمەی من دەیڵێم بەخۆی جەختکردنە لەسەر گۆڕینی ویستی فەلسەفە، کە بەڕاستی هیوای هەرە گەورەی منە، بەڵام ئەم هیوایە لە ئێستادا کەوتووەتە گەرووی شێرە فەلسەفییەکانەوە. کەواتە تا شێرە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوا ویستی فەلسەفاندنی خۆیان نەگۆڕن و پشتگیری لەو جۆرە ویستە فەلسەفییەش نەکەن کە دەکارێ هیوا بەبەر فەلسەفاندنێکی تردا بکا، ئەستەمە و گەلێک دژواریشە فەلسەفاندنێک بێتە کایەوە کە ویستی هەمووانی لەسەر بێ.

من پێم وایە گۆڕینی ویستی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا هەمیشە لە ڕسکان (رسکان واتە پێگەیشتن، نمابوون) بووە، بەڵام ئەم ڕسکانە زۆر جار بەقازانجی فەلسەفە نەگەڕاوەتەوە. چونکە بەشێکی زۆر لەو ڕسکانە ئاسۆی داهێنانی بیری فەلسەفی بەرەو ئاراستەی بردووە کە من ناوی دەنێم بەغوربەتکردنی فەلسەفە. ئەو دەمەش کە فەلسەفە دووچاری غوربەت دەبێ، من وای بۆ دەچم، فەلسەفە وەک بوارێک بۆ بەرهەمهێنانی بیر، توانا و شیاوییەکانی ڕەوتی دی وەردەگرێ. یەک لەو حاڵەتانەش، فەلسەفە لە قۆناغی بەغوربەتیبوونیدا پێوەی سەرگەرم دەبێ مەسەلەی لکانیەتی بەشیعرەوە (واتە لکانی فەلسەفە بەشیعرەوە). ئەمەش لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، لە لای شۆپنهاوەر و نیچە و هاوبیرانیدا بەری زۆر بووە. ئەم بەرە دواتر تا بڵێی لە لایەن فەیلەسوف و هزرەڤانانی پاریس و پاش ڕووداوەکانی ئایاری ١٩٦٨ لەوپەڕی بەکاربردندا بووە. یان ئەم بەرە بەواتای ڕوونتر، لە لایەن ئەو بیریار و فەیلەسوفانەوە تا ئەوپەڕی بەکار برا کە ناوی دەبەم بەسێکوچکەکەی بیری فەرەنسی ١٩٦٠کان، کە فوکۆ، دێریدا و دولۆز دەگرێتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە، پێویستە دەست بۆ ئەو سەرنجە ڕاکێشم کە، من نیازم وا نییە بەهۆی ئەم باسەوە غوربەتی فەلسەفە بگێرمەوە، بەڵام لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە دەکارم هەنگاو بەرەو ڕوونکردنەوەی ئەو دۆزە ببەم کە فەلسەفە کاتی خۆی تیا بەسەر دەبا. ئەمەش بەدڵنیاییەوە لە ڕێگەی گفتوگۆکردن و ڕەخنەکردنی بیری فەلسەفیی بادیو ئەنجام دەدەم. بادیو لە سەرەتای ئەو نووسینە مانفێستییەیدا جێ پەنجەی فەیلەسوفە زیندووەکانی فەرەنسا بەباشی دەنرخێنێ و ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا، پێویستیی بەسەرلەنوێ دامەزراندنەوەیە. ڕاستە ئەو دەمەی بادیو ئەم بەرهەمەی نووسیوە (ساڵی ١٩٨٩)، بەشێ زۆر لەو فەیلەسوفانەی لە دوو توێی نووسینەکەیدا باسیان لێوە دەکا لە ژیاندا بوونە (دێریدا، دولۆز، لیوتار، ئەلتۆسێر، لیڤیناس) و بگرە، گومانیشی ناوێ بڵێم، بیری فەرەنسی و بەشێکی زۆر لە بیری فەلسەفی ڕۆژئاواشیان لە چنگدا بووە، بەڵام ئەوەی ئەم جەختی



لەسەر دەکا ئەوەیە کە ئەو فەیلەسوفە باشانە، کە بەقەولی خۆی ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست ڕەنگە تێ نەپەڕێ، فەلسەفە وەک شتێک ناشیاو تەماشا دەکەن (لەوانە: فیلیپ لاکۆ-لابارت، لیۆتار، ژان-لۆک نانسی، دولۆز و... هتد). بادیو هەر لەم ڕووەوە ئەمەش دەڵێ: فەلسەفە ئەو شتەیە قەدەری بەدەست خۆیەوە نییە. هەر سەبارەت بەم لایەنە پەنا بۆ دوو تێگەیشتن دەبا یەکەمیان تێگەیشتنی فیلیپ لاکۆ-لابارتە و ئەوی دیش تێگەیشتنی ژان- فرانسوا لیۆتارە، کە بەپێی تێگەیشتنی ئەوی یەکەم ئارەزووی فەلسەفەمان تێدا نەماوە و بەڵام بەپێی تێگەیشتنی فەیلەسوفی فەرەنسیی دووەم فەلسەفە، وەک ساختمانێک داڕما[1]. بەبۆچوونی من ئەو ئارەزوو نەمانەی فەلسەفە لای فەیلەسوفان موسیبەتە (بەلایە، کاتاسترۆفە). واتە ئەوە موسیبەتە کە فەیلەسوف لە فەلسەفەکردن بکەوێ. بەڵێ ئەوە موسیبەتە و تەنانەت موسیبەتێ گەورەشە ئەو دەمەی بیرمەندان و فەیلەسوفان لەوە دەکەون کاری بیریاری ئەنجام بدەن. بەڵام بەشێ لەو موسیبەتە بۆ خودی فەیلەسوفان دەگەڕێتەوە. ئەمەش نەوە پاش نەوەی ئەو فەیلەسوفانە دەگرێتەوە. من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە، گەیشتنی فەلسەفە بەو دۆزەی کە وا لە حەکیمان و فەیلەسوفان بکا ویستیان بۆ فەلسەفە ڕوو لە نەمان بکا، کێشەیەکە تەنێ خۆیان لێی بەرپرسیارن. هیچیش دوور نارۆین ئەو هەموو تیۆرە فەلسەفییە هیچگەرا و بێ ئامانجانەی لە سەد ساڵی ڕابردوودا گەشەی پێ درا ئاساییە ئەو دیتنەمان لا بڕسکێنێ کە بوونی ئەو تیۆرییانە کاریگەریی خۆیان بەسەر نەمانی هەوەسی فەیلەسوفان بۆ فەلسەفاندن بەجێ هێشتووە. ئەوەش کە فەلسەفە داڕما وەک ساختمانێک ڕەنگە لیوتار پتر لە گشت کەسێک لێ بگا. ئەم، کە ٢٦ ساڵ لەمەوبەر دۆزی زانستی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوای لە کارێکی فەلسەفیی نێودەوڵەتیدا بەناوی""دۆزی پۆست مۆدێرن"" بەوردی ڕوون کردووەتەوە، یەک لەو بیریارە فەرەنسییانەیە دیاردەی فەلسەفەی پۆست مۆدێرنی بەخۆوە گرێ داوە، ئەو دیاردەیەی بیری فەلسەفیی ڕۆژئاوا ژێر گومان دەخا و ڕێگە لە بەردەم هاتنە دنیای ئەو جۆرە بیر و بۆچوونە فەلسەفییانە خۆش دەکا کە لە

ژێر پەردەی واتای وەک پۆست فەلسەفە، کۆتایی فەلسەفە و پایانی مێژوو، بەرهەم دێن. ئەم واتایانە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان دژوارییەکیان خستە ناو بیری فەلسەفییەوە، کاری فەلسەفاندنیشیان سەرلەبەر گۆڕی. ئەم قسانەش بەرەو ئەو تێزەمان دەبا کە بڵێین فەیلەسوفان دەکارن، هەم ڕۆڵ لە ڕسکانی درەختی ویستی فەلسەفاندن ببینن و هەمیش لە وشککردنی ئەم درەختە. ڕەنگیشە فەلسەفەی ڕۆژئاوا پتر لە گشت ئەزموونە فەلسەفییەکانی تر ئەم ڕۆڵەی دیبێ، بەڵام هۆی ئەوە بۆ من بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا لە لایەک پر بەرهەم بوونە و لە لایەکی تر لەسەر بەرهەمهێنان هەمیشە بەردەوامیش بوونە. ئەڵبەتە نەوە دوای نەوەش ئەم دیاردەیە بەردەوام بووە و ڕەنگدانەوەی خۆشی بەسەر کولتوورەکانی تریشەوە هەبووە.

بەڵام ئەم لایەنە ڕووی جیا و جۆراوجۆری هەیە. لای خوارەوەش دەکرێ، بەشێکی بەسەر بکرێتەوە.

ئەوی لای سەرەوە، وتم لەگەڵ ئەو بۆچوونەی بادیو، بەباشی یەک دەگرنەوە کە دەڵێ: زۆربەی فەیلەسوفەکانمان بەرەو شوێنێک ملیان ناوە کە فەلسەفە ئیدی ڕووی تێ ناکا. هەر لەم ڕووەوە بادیو باس لەو هەڵە مێژوووییەش دەکا کە فەیلەسوفێک وەک هایدگەر دووچاری بووە(٢). ڕەنگە دەم و وەختی قسەکردنی بادیو لەسەر پێوەگلانی هایدگەر بەدیاردەی نازیزمەوە پێوەندییەکی زۆری بەو دوو سێ بەرهەمەوە هەبێ کە دووانیان لە فەرەنسا و ئەوی تر لە ئەڵمانیا لە بارەی بێدەنگیی هایدگەر سەبارەت بەدیاردەی""ئاوشویتز"" بەچاپ گەیەندراون. ئەم چاپکراوانەش، بەدڵنیاییەوە، پێویستبوون، چونکە سالانێ بوو فەیلەسوف و ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا لەو هەڵوێستەی هایدگەر بێدەنگ بووبوون. ئەم بێدەنگییەش ئەو دەمە لە فەرەنسا هێنرایە گۆ کە نووسەرێک بەناوی ""فیکتۆر فیراس"" لە ساڵی ١٩٨٧ کتێبێکی بەناوی ""هایدگەر و نازیزم"" نووسی و، پاش ساڵێک لە ئەڵمانیا کتێبێکی بیبلیۆگرافی لەسەر هەمان کێشە لە لایەن، ئوتۆ هوگۆ بەناوی""دۆزی هایدگەر""ەوە نووسرا. بەڵام





زۆری پێ نەچوو دێریدا، کتێبێکی لە ژێر ناوی ""لەمەر ڕۆح"" بەچاپ گەیاند، کە تێیدا فەلسەفە بەسەر ئەو ڕۆحەوە دەکا کە لای هایدگەر پەنهانە. بەخۆی وورووژاندنی ئەو جۆرە بیر و بۆچوونانە لە شوێنێ وەک فەرەنسا بەپێی سێرکردنی من مانای فەلسەفی و ڕووناکبیریی خۆی هەیە، چونکە فەرەنسا لە ڕۆژئاوا تاکە شوێنێکە زۆرترین خوێندنەوەی تێیدا ئەنجام دراوە بۆ بیری فەلسەفیی هایدگەر.جا بۆیە وەگۆهێنانی هایدگەر، وەگۆهێنانی ئەو فەلسەفەیەش دەگەیەنێ کە لە ژێر سایەی ئەم فەیلەسوفەدا ڕسکاوە.

هەر سەبارەت بەم لایەنە و لێرەدا دەکارم ئەوەش بیر خەمەوە، لەم سالانەی دواییدا دەنگی هەندێ فەیلەسوف لە وڵاتانی ڕۆژئاوا نەک هەر تەنیا دژ بەتاوانی هایدگەر بەرز بووەوە، بەڵکو دژ بەو فەلسیەفە ڕۆژئاواییەش بەرز بووەوە، واتە فەلسەفەی مۆدێرنە، کە لە هێنانە دنیای دیاردەی""ئاوشویتز"" بەرپرسیار بووە، لەم ڕووەشەوە دەکرێ، نووسینە فکرییەکانی کۆمەڵناس و ڕووناکبیری ئینگلیزی، بەڕەچەڵەک جووە پۆڵۆنی، زیگمون باومان بەنموونە بهێنرێتەوە کە دەستپێشخەرییان لە هێنانە ئارای جۆرە سۆسیۆلۆژیایەکی پۆستمۆدێرنانە کرد. ئەوەی ئەم کۆمەڵناسە بیریارە بیرمانی دەخاتەوە ئەوەیە کە چۆن پیاوانی زانست و ئەندازیارانی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا هەروەک سەرباز و سیاسییەکان بەشدارییان لە داهێنانی جینۆسایددا کردووە. بەڵام ئەم نموونەیە لای خۆشمان دووبارە بووەتەوە. مەبەستم، ئەم لایەنە دەقاودەق لە جیهانی کوردیشدا گەرای خۆی داناوە. چونکە زۆربەی ئەرشیفەکان بەرەو ئەو سێرکردنەمان دەبەن کە داهێنەرانی ئەنفال هەر لە چەند بیرمەندێکی پارتی بەعسی شۆفێنی و چەند سیاسییەکی بەتەمەن و هەندێ سەربازی پلەداری بەئەزموون پێک نەهاتبوون، بەڵکو لەو ئەندازیار و زانا ئەتۆمی و پزیشکە ناسیۆنالیستە داخ لە دڵانەش پێک هاتبوون کە وەچەی کۆمەڵگەی نوێی سەردەمن. ڕاستە دڕندەیی ئەمانە فەلسەفە و ئیدیایەکی وەحشەتناکی ڕقاویی لە پشتەوە بوو، بەڵام، بەجۆرێک لە جۆرەکان پابەندی ئەو ئیدیا فەلسەفییە فاشیستییە ڕۆژئاواییەش بوو کە بناغەی بۆ لە ناوبردن و بێ سەروشوێنکردن دانا. ئەمەش بەخۆی دەکرێ بکرێ بەئارگومێنت بۆ قسەکردن لەسەر ئەو

دوالیزمەی لای سەرەوە باس کرا، کە زانست و فەلسەفەی ڕۆژئاوای هەمیشە تەنیوەتەوە.

من بۆ خۆم ئەم لایەنە خەیاڵم بەرەو ئەوەش دەبا کە بڵێم: گەر وا بێ دەکرێ دەیەها نموونە لە ئاوشویتز لەم گەردوونە بیمارەدا بدۆزینەوە و دەیەها هایدگەری بێدەنگیش لێرە و لەوێ ئامار بکەین. ئەوەی بۆ من زۆر گرینگە لەم حاڵەتەدا بابەتی سێرکردن بێ ئەوەیە کە، بێدەنگیی هایدگەر لەو دیاردە ترسناکەی پێی دەڵێن نازیزم و، لەو ڕووداوانەی بەهۆی ئەم دیاردەیەشەوە مرۆڤی ڕۆژئاوایی ڕێ بەدی کرد (ڕێکەوتی کرد)، بەهیچ شتێک پاساو ناکرێ. بۆیەشە وا دەڵێم چونکە لە گەلێ لە سەرچاوەکان قسەی ئەوە دێتە پێشەوە گوایە هایدگەر، ئەم بێدەنگییەی لە پای پاراستنی شەرەفی زانست، بەقەولی خۆی پاراستنی زانکۆ، بووە. بەڵام پرسیارە هەرە هزرییەکە کە خۆی لێرە قووت دەکاتەوە ئەمەیە: تۆ بڵێی بکرێ لە بیریارێکی مەزنی وەک هایدگەر ئەم پاساودانە بەبەرائەتەوە وەرگیرێ؟ پێم وا نییە. چونکە هایدگەر بەو بێدەنگییەی ویستی فەلسەفاندنی شێواند، یان و، جۆرە ڕێگەیەکیشی لە بەردەم هزراندندا کردەوە، عاقیبەتەکەی خستنی هزر بوو لە بەرپرسیاریەتی. بەڵام ئەوەی بادیو ڕۆشنایی دەخاتە سەر، بەرەو ئەو تەماشاکردنەم دەبا بڵێم: کەسانێک وەک فلیب-لاکۆ لابارت و لیۆتاری پۆست مۆدێرن لەو بیریارە ڕۆژئاواییانەن لەم تاوانە ڕۆژئاواییە بێدەنگ نەبوونە و تەنانەت فەلسەفەی (یان بیری) ڕۆژئاواشیان بەوە تاوانبار کردووە لەم جۆرە تاوانانە بەرپرسیارە. واتە هێنانە دنیای ئاوشوێتز و هاوشێوەکانی لێرە و لەوێ. ئا لەم حاڵەتەدا پێم وابێ بۆ بادیو پتر باس لە فەلسەفە و فەیلەسوفان جێی باسە، وەک لە شتێکی تر. بەڵام بۆ من ئەوە جێی باسە چۆن چۆنی دەکارێ فەلسەفەی ڕۆژئاوا، خۆی لەم جۆرە تاوانانە پاک بکاتەوە؟ ئایا ئەم خۆپاککردنەوەیە دەشێ بەهۆی بەپایان پێهێنانی ئەم فەلسەفەیە (واتە فەلسەفەی ڕۆژئاوا) بێتە دی یان بەهۆی هەوڵ بۆ سەرلەنوێ سازاندنەوەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا ؟ بەدیتنی من فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ئەفلاتوونەوە تا ئەمڕۆ لەوە نەکەوتووە جارێ ڕۆڵێکی باش و جارێ



ڕۆڵێکی خراپ یاخود تاوێک ڕۆڵێکی بنیاتکارانە و تاوێک ڕۆڵێکی وێرانکارانە نەبینێ. یاخود فەلسەفە تا ئەم دەمەی تیای دەژین لەوە نەخراوە جارێک نەبێ بەهۆکار و جارێکیش بەبەرکار. بەڵام گەلێ وای بۆ دەچن، ئەوەی فەلسەفەی بەرەو ئەم تەنگەتاوییەی هەنووکە بردووە فەیلەسوفان خۆیانن. ڕاستییەکەی من لەو بارەیەوە هیچ دوودڵ نیم گەر بڵێم: بەڵێ ئەوە فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا خۆیانن تا ئەوپەڕی دەستیان لە هێنانە دنیای ئەم دۆزە هەیە و ئەوەش کە بۆ فەلسەفە لە ئەمێستادا بەو جۆرە کاتەکانی گوزەر دەکا. بەڵام بادیو پرسیارەکەی لەم ڕووەوە و تایبەت بەمەسەلەی بیریاریی و دیاردەی ئاوشوێتز جۆرێکی ترە. بادیو دەپرسێ: بۆ دەبێ ئەو بیریارەی پێناسەیەکمان لەسەر نازیزم پێ بدا، هەست بەشکۆداری بکا؟ لێرەدا بادیو هەروەک وتم مەبەستی لیۆتار و لاکۆ-لابارتە[٣]. ئەم، واتە بادیو، پێی وا نییە پێناسەکردنی نازیزم دەشێ بچێتە پۆلی فەلسەفەوە. هۆی ئەمەش زۆر بەکورتی ئەوەیە کە بادیو پێناسەکردنی نازیزم دەباتەوە پۆلی ماتماتیک (بیرکاری، ڕیازیات). چونکە بەبۆچوونی بادیو ئەوە ماتماتیکە لە جووڵە دەکۆڵێتەوە، نەک فەلسەفە. کەواتە فەلسەفە بەپێی سێرکردنی بادیو لە سەرهەڵدانی نازیزم[٤] بەرپرسیار نییە. ئا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ بادیو نایەوێ تاوانەکانی مێژوو بخرێنە ئەستۆی فەلسەفەوە. بەمە بادیو تەنانەت ڕێگە لە لیۆتاریش دەگرێ گەر پێی وابێ یەکەم کەس بووە پێناسەیەکی فەلسەفیی لەسەر نازیزم پێشکێشی کردووین. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بادیو، گومان لەوەش دەکا کە بیرۆکەی ""کۆتایی هەقایەتەگەورەکان""ی لیۆتار شوێنی باوەڕ بێ. بەهۆی ئەم بۆچوونەشەوە بادیو، بەو تێزە دەگا کە گوایە فەلسەفە جارێ نەگەیشتووە بەقۆناغی پایان. ئەم تێزەی بادیو خوازیارە ئێمەی لەسەر ڕابهێنێ ئەو تێگەیشتنەی لێوە سەوز دەبێ کە فەلسەفە لە گشت چرکەیەکدا شیاو نییە و بۆیەشە فەلسەفە ناتوانێ لە بیرۆکەی پایانهاتنی فەلسەفە و کۆتایی مێژووش بگا. تەنانەت بۆ ئەوەش دەچێ کە چارەنووسی فەلسەفە بەدۆزی دروستبوونییەوە وابەستەیە[٥] نەک شتێ دی. من لەم حاڵەتەدا لەگەڵ بەشێک لە بۆچوونەکانی بادیوم. من زۆر

لەگەڵ ئەو سێرکردنە فەلسەفییەی بادیو دام کە خۆی لەسەر ئەو دۆکتورینە (باوەڕ) دادەمەزرێنێ کە گوایە فەلسەفە لە گشت هەلومەرجێکدا شیاو نییە. چونکە ئەگەر وابێ، ئەگەر فەلسەفە لە هەموو بارودۆخێکدا بشێ هەبێ، ئەوا فەلسەفە وەک زۆرترین شتێک خۆی دەردەخست. بەڵام موخابن وا نییە. کەواتە ڕاستە فەلسەفە ناکرێ لە گشت دۆزێکا، لە هەموو هەلومەرجێکدا، بوونی هەبێ. چونکە هەندێ دۆز، هەلومەرج، کە زۆر نالەبارن ناشێ بکارن فەلسەفە بەرهەم بهێنن. بەمجۆرە دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە، فەلسەفە هەلومەرجی خۆی هەیە و شیاویی بوون و نەبوونی بەو هەلومەرجەوە پێوەندیدارە کە هەیە یان ئامادەیە. ئەمە وا دەکا بڵێین: ویستی فەلسەفاندن هەموو کاتێک وەک یەک نییە و لە دۆز و ژینگەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بۆ ئەوی تر گۆڕاندێتە سەر و هەروەها لە قۆناغێکیشەوە بۆ ئەوی تر جۆراوجۆر خۆی دەردەخا. تەنانەت ویستی فەلسەفاندنی نەوەیەک لەوی تریش ناکا و لە نەریت و ئەزموونی فەلسەفییەوە بۆ ئەوی تریش وەک یەک نییە.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی دیتنەکانی لای سەرەوەی بادیو سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەش ڕادەکێشم کە بادیو بەوە قایل نابێ ئێمە باوەڕ بەبیرۆکەی کۆتایی هێنانی فەلسەفە بکەین گەر لەوە نەگەین فەلسەفە لە گشت چرکەیەکدا شیاو نییە ببێ. بۆ ئەوانەش کە دەیانەوێ لە ڕەچەڵەک و مانەوەی فەلسەفە بگەن پێویستە بگەڕێنەوە سەر مەرجی بوونی فەلسەفیی فەلسەفە. بۆ ئەوانەش سەرەتا گرینگە باس بێتە سەر مەرجی هەبوونی فەلسەفە نەک کۆتایی هاتنی فەلسەفە، چونکە تەنیا لە ڕێگەی باس لە هەبوونی فەلسەفەوە شیاوی دێتە پێشێ، بۆ باس لە چارەنووسی فەلسەفە. گومانی ناوێ بادیو بەرەو ئەو سێرکردنە فەلسەفی ئامێزەشمان دەبا کە نازییەکان چۆن توانییان ڕۆڵ لە تێکدانی فەلسەفە، فەلسەفە وەک بیر، ئەمجار خودی بیری سیاسیشدا ببینن. ئەوی بادیو لێرە دەیەوێ سەرنجمانی بۆ ڕاکێشێ پێم وابێ ئەوەیە کە هەستی دژە ڕۆشنبیری نازییەکان نابێ وامان لێ بکا بیر لە کۆتایی فەلسەفە بکەینەوە. چونکە بەوە ئێمە خەونی نازییەکان دێنینە دی. واتە بۆ بادیو ئەستەمە ئێمە لە



ئەمرۆدا بیر لە کۆتایی فەلسەفە بکەینەوە، لە کاتێکدا جارێ فەلسەفە شیاو نییە. ناشیاویی فەلسەفە لە ئێستادا بۆ ئەم بیریارە فەرەنسییە ڕێگرە لە بەردەم بیرکردنەوە لە بیرۆکەی پایانی فەلسەفە کە بەخۆی ساڵانێکە ئەم بیرۆکەیە بووە بەبابەتی گفتوگۆی بیریارانی فەرەنسی. بەڵام ئەم بیریارە فەرەنسییە ئەوە بەدوور ناگرێ کە بەقوربانیبوونی جووەکان پێوەندیی بەبەشداربوونیان لە بواری سیاسەتی شۆرشگێری لە لایەک و لە لایەکی تر فەلسەفەی ڕاسیۆنالیزم (عەقڵگەرایی) نەبووبێ. واتە ئەوان (جووەکان مەبەستە) لەبەرئەوەی لەڕوانگەی نازییە جەلادەکانەوە نوێنەری مرۆڤایەتی بوونە، بۆیە ئەمەیان بەسەر هاتووە، واتە بوونە بەقوربانی(٦). ئا لێرەوە دەشێ خەیاڵی خۆمان بەجۆرێ داڕێژین کە بکارین لە نهێنیی دیتنەکانی بادیو بگەین. چونکە دیتنی بادیو بەرەو ئەو تێ هزرینەمان دەبا کە ئەوەی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا پێی گەییوە بەری بیری بیریار و ڕووناکبیرانی جووە. بەڵام ئەم بەرە بۆ من ئەستەمە وەک یەک تەماشا بکرێ. چونکە بیریارانی جوو لە ڕۆژئاوا کاریگەرییان لە هێنانە دنیای فەلسەفەگەلێکی جۆراوجۆردا هەبووە. هەر لە بیری تازەگەرییەوە بگرە، تا دەگاتە بیری پاش تازەگەری و ئەو فۆرمە فەلسەفییانەش کە لە ئاکامی بیری پاش تازەگەرییەوە سەریان هەڵداوە. هەر بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەو وتنەی بادیو دەمەوێ ئەوەش بیر خوێنەر بخەمەوە کە بیریارانی جوو لە ڕۆژئاوا نەک تەنیا بەرهەمهێنەری زۆربەی شەپۆڵ و تەوژمە فەلسەفییە پڕ و هزرییە قووڵەکانن، بەڵکو نوێنەری تا ڕادەی گشت وتاری ڕووناکبیری هاوچەرخی ئەوروپاشن، هەر لە بواری زانستە ئیمپیرییەکانەوە بگرە تا دەگاتە بواری زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیش. ئەم لایەنە باس زۆر هەڵدەگرێ و خودی بیریاریش کە زۆر جار لە نێو دەستەیەک لە بیریارانی جوودا، قەتیس بووە بۆ نووسینێکی تر هەڵدەگرین بەڵام ئەوەی دەکرێ لێرە ببێ بەبابەتی ئاوڕدانەوە ئەوەیە کە ئەو لایەنانەی لای سەرەوە، پێشتر باس کران وامان لێ دەکەن بۆ ئەوەش بچین کە بیرۆکەی کۆتایی فەلسەفە، بیرۆکەیەکی لە بن نەهاتووە. هۆیەکەشی ئەوەیە، ئەم بیرۆکەیە لایەنی ئایدیۆلۆژی، تیۆلۆژی و

فەلسەفیشی هەیە. بیری بیریارانی ڕۆژئاواش بەوە ناسراوە کە هەمیشە توانای هێنانە دنیای خورپەی فەلسەفییان کەم تا زۆر هەیە. فەلسەفەش کە خۆی وا دەردەخا ڕۆژئاواییە بەو خورپانە کاریگەریی زۆری خستووەتەوە و تەنانەت دەشیخاتەوە. یەکەم کاریگەریش کە دەشێ بیخاتەوە ئەوەیە کە ئەم خورپانە گفتوگۆ دەخەنەوە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کێ ئەم گفتوگۆیانە دەخاتەوە؟ کورتترین وەڵام، لێرەدا کە دەکرێ بەردەست خوێنەر بخرێ، بەمجۆرەیە: من پێم وایە فەلسەفە، کە ناسنامەکەی ئیدی وای لێ هاتووە کە ڕۆژئاوایی بێ، کاریگەریی بەسەر بیری سیاسی و ئایدیۆلۆژی و تیۆلۆژی (لاهوتی)یشەوە هەبووە. ئەوەش کە فەلسەفە ئەم کاریگەرییە دەگێڕێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شارستانیی ڕۆژئاوا بەبێ فەلسەفە ناژی. فەلسەفە کە شوێنێک بۆ بوون، ڕاستی و خود دابین دەکا مانایەکی زۆری بۆ ئەوە هەبووە کە شارستانییەتی ڕۆژئاوا پێی گەییوە. بۆیە دەبێ لەوە بگەین کە کاتێک دەوترێ بیری ڕۆژئاوایی مەبەست لەم بیرە فەلسەفەی ڕۆژئاوایە نەک شتێکی تر. چونکە فەلسەفەی ڕۆژئاوا، کە بیری بەرهەم هێناوە بەشە هەرە گەورەکەی ئەم بیرە ئەوەیە کە پێی دەڵێن فەلسەفە. ئەم بەشەش ئەو بەشەیە کە لە گۆڕانکارییە هزرییەکاندا بەشدارە و ئەمجار چالاکییە مرۆییەکانیشی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی و، ئەمەش بەدڵنیاییەوە کارێکی وای کردووە فەلسەفە لەم حاڵەتەدا ببێ بەبەرهەمهێنەری گۆڕانکارییەکان. بۆیە من پێم وایە هەچ هەوڵێ کە دەشێ بۆ ڕەتکردنەوەی شارستانیی ڕۆژئاوا بدرێ، دەبێ ئەو هەوڵە بۆ هەڵوەشانەوە و پووچکردنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا تەرخان بکرێ. ئەم کارەش لەبەرئەوەی داوای شارەزابوونمان لێ دەکا لەوەی پێی دەڵێن گەشە مێژووییی فەلسەفەی شارستانیی ڕۆژئاوا، دەکرێ، وەک کارێکی تا بڵێی ئاڵۆز و دژوار ببینرێ. هۆیەکە هەر ئەوە نییە ئەو کەسە خۆی لە بەردەم ئەو مێژووە پان و بەرینە ڕاناگرێ کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا خۆی لەسەر بنیات ناوە، بەڵکو مەترسیی ئەوەش لە ئارادایە کە خورپەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، کە لە بن نایەن، بۆ کەسێکی غەیرە ڕۆژئاوایی وەک خۆی هەرس ناکرێ. چونکە ئەو



دوالیزمەی لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا، هەر لە یۆنانی کۆنەوە تا ئێستا بەرقەرارە، گرفتێکی زۆری بۆ ناسنامەی فەلسەفیی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، دروست کردووە کە ڕەنگدانەوەی خۆی لە بواری سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ڕەوشتی و جوانکاریشدا بەجێ هێشتووە. بەڵام ئەم دوالیزمە گەلێک تێزی هێناوەتە پێشێ کە زۆربەی ئەو تێزانە هەوڵن بۆ ڕەخنەکردنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا. گومانی ناوێ، دۆکتورینی (عەقیدەی) کۆتایی میتافیزیک و مرۆڤ و تا دەگاتە کۆتایی مێژوو و ئایدیۆلۆژیاش بەشێکن لەو تێزانە کە بنیاتێکی ڕەخنەگرانەیان هەیە یان بەواتایەکی تر سیمای ئەوەیان تێدا بەدی دەکرێ کە بیرۆکەی کۆتاییەکان هەڵوێستەیە لەسەر ئەو ڕەوتەی فەلسەفە تێی کەوتووە. ئەو ڕەوتەش کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا وەری گرتووە شایانی ڕەخنەکردن و کارکردنی زۆرە ئەمەش بەتایبەت فەلسەفەی ڕۆژئاوا کە زمانحاڵی شارستانیی ڕۆژئاوایە، نوێنەری ئەو فەلسەفەیەشە کە لە ئاستێکی گلۆباڵدا، گفتوگۆ دەکرێ. بۆیە لە گشت حاڵەتەکاندا چ باس لە کۆتای فەلسەفە و چش باس لە هەقیقەتی مێژوویی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، لەو باسانەیە دەبێ بەحەزەرەوە بەر قسەکردن بخرێن. چونکە چ کۆتایی هاتنی فەلسەفەکە و چش مێژووی ئەو فەلسەفەیە، لەوە چووەتە دەرێ تەنیا موڵکی ڕۆژئاواییەکان بێ، یان هیچ نەبێ لەوە چووەتە دەرێ کە تەنیا کاریگەریی لەسەر کەس و شارستانیی ڕۆژئاوا بخاتەوە. بۆیە زیندووکردنەوەی ویستی فەلسەفاندن و ئەمجار جۆرە ویستێکی ڕاستەقینەی ئایندەئامێز، سوودی بۆ گشت مرۆڤایەتی هەیە. بۆیە باس لە ویستی فەلسەفاندن و ڕاستکردنەوە یان ڕێگەگرتن لە ویستە چەوت و هەڵەکان تاکە دەروازەیەکە لە بەردەم کۆشش بۆ کەمکردنەوە لە بەدییەکان و کەنار گیرکردنی هزر و کردە نەزۆک و بێ-باکەکان.

من لە ئاکامی ئەو چەند گوزارەیەی لای سەرەوە ویستم ئەوەش بڵێم کە، فەلسەفەی ڕۆژئاوا، کە دەتوانم ناوی فەلسەفەی خورپە بەرهەمهێنەریشی لێ بنێم، لەتەک خۆیدا لە ناکۆکیدایە. ئەم ناکۆکییەش پێوەندیی بەمێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواوە هەیە، تا شتێکی تر. چونکە ئەم مێژووە هەمیشە داڵدەی

بەرهەمهێنانی بیر بووە. ئەم مانفێستەی بادیوش کە بۆ من ئاماژەیە لەسەر هێنانە کایەوەی ویست بۆ فەلسەفە لەتەک ئەم مێژووە لە گفتوگۆیەکی بێ ڕەهەند بێرەهەند دایە. ئەم مێژووە کە پڕە لە مانفێست، پڕیشە لە تەوژمی فەلسەفە، ئایدیۆلۆژی و سیاسیئامێزی دۆگما کە شارستانیی ڕۆژئاوا وەک تاکە مۆدێلێکی مرۆییی نیشان دەدا. بەڵام دەنگە جیاکانی ناو وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوا، ئەم دیتنەیان گۆڕیوە چونکە ئەو دەنگە جیایانە هەمیشە مانای خۆیان بۆ والاکردنی ڕاستییەکان دیوە. ڕاستییەکان لێرەدا بەو مانایە بەکار دەبەم کە چۆن فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەکرێ فەلسەفییانە بخرێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: چ جۆرە خستنەژێرپرسیارێکی فەلسەفی لێرە مەبەستە؟ تایبەت بەم پرسیارە لێرە ئەوەندە دەڵێم خستنە ژێر پرسیاری فەلسەفی شێوەی زۆرە بۆ نموونە ئەوی بادیو لە نووسینی ناوبراودا ""مانفێست بۆ فەلسەفە"" ئەنجامی داوە شێوەیەکە لە شێوەکانی خستنە ژێر پرسیاری فەلسەفی، بەڵام نابێ ئەوە لە بەرچاو ون بکەین کە ئەم شێوە خستنە ژێر پرسیارانە، بۆ نموونە لەو شێوە خستنە ژێر پرسیارەی بادیو، بۆ من ویستێکدا لە پشتیەوە ئامادەیە کە ئەوەش بەویستی سەرلەنوێ سازاندنەوەی (چاترە بڵێم دووبارە دامەزراندنەوەی) فەلسەفە ناو دەنێم. ڕاستە ئەم ویستە لە ڕێگەی داڕشتنی مانفێستێکەوە هێنراوەتە دی، بەڵام کێ ناڵێ ئەم مانفێستە بۆ ئێستای فەلسەفەی ڕۆژئاوا پێویست نەبووە؟ بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەم پرسیارە گوماناوییە، دەمەوێ بڵێم، دۆزی فەلسەفە لە پاش سالانی ١٩٨٠کان بەولاوە بەقۆناغێک گەیشتبوو دەبایە کەسانێک لە شوێنێکەوە بۆ ژێر تێڕامان خستنی ئەم دۆزەی فەلسەفە، هەر دەرکەون. پاشان دەمەوێ ئەوەش بڵێم، ئەم مانفێستە کە ماهیەتێکی فەلسەفیی هەیە، بەپلەی یەک، وتاری فیکریی ڕۆژئاوا دەکا بەبابەتی گومان و لێ وردبوونەوەکانی. ئەم مانفێستە هەروەک وتم کە بنیاتی فەلسەفیی هەیە، خۆی لە سێرکردنی فەلسەفیی نەوەیەک لە بیریارانی فەرەنسی و بگرە ڕۆژئاواییش جیا دەکاتەوە.، بەپێی تەماشاکردنی من، خۆ جیاکردنەوەی بادیو لە هەندێ بیرۆکە و



تەماشاکردنی فەلسەفیی نەوەی خۆی و نەوەی پێشتریش پێوەندی بەو ویستەوە هەیە بادیو لە شیکردنەوەکەیدا پەنهانی کردووە کە بەخۆی بۆ لەمەولا فەلسەفە لە ڕۆژئاوا دەبێ لە هەندێ ڕووەوە هەڵگری بێ. ئەم بۆچوونەی من لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەم جۆرە مانفێستە فەلسەفییانە بناغە بۆ ئەوەش دادەنێن کە پێی دەوترێ ڕۆشنبیری. واتە ئەو شتەی کە ڕۆشنبیرییە بەگۆڕانەکانی ناو بواری فەلسەفەوە پابەندە. چونکە ئەوە فەلسەفەیە داڵدە بۆ ڕۆشنبیری لە ناو ژیان یان چالاکییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکاندا مسۆگەر دەکا و، هەروەها فەلسەفە کە شوێنی کودەتایە (کودەتا لە بیرکردنەوە) بواری زۆر بۆ گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکانیش دەڕەخسێنێ. بەڵام کێشەکە لەوەدایە گەر ئەزموونی ڕۆشنبیری فەلسەفەی تێدا بەدی نەکرێ چۆن دەکرێ ئەم ئەزموونە ڕۆشنبیرییە ڕیشە بۆ گۆڕانکاری دانێ؟ من لێرەدا بۆ ئەوە دەچم فەلسەفە بۆ دابینکردنی تێگەیشتن لەمەر ڕاستی مرۆڤایەتی هەمیشە ڕەگەزی سەرەکییە. بەڵام ئەمەی دەیڵێم پشتگیری لە بۆچوونێ دەکا کە بەمجۆرە دایدەڕێژم: گشت کۆمەڵگەیەک بۆ ئەوەی بەشداری لە مانادان بەڕاستی بکا، مەرجە دەنگی فەلسەفیی خۆی هەبێ. بەڵام گرینگە ئاماژە بەوە بکرێ کە، پرسیاری گەڕان بەدووی ڕاستیدا، مەسەلەی گرووپێک یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو نییە، بەقەد ئەوەی مەسەلەیەکی سەرتاسەری و هەمیشەیی مرۆڤە. ئەمەش لە ژیانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، واتە ئەوەی کە کەسێک، بۆ نموونە وەک بادیو، بێ و ئەوەمان بیرخانەوە کە ئەرکی فەلسەفە کارکردنە لەسەر ڕاستی، مەسەلەیەکی تازە نییە. ئاشکرایشە ئەوی مانفێست بخوێنێتەوە لەوە حاڵی دەبێ کە بادیو و ئەوانەش کە بادیو ڕەخنەیان ئاراستە دەکا و تەنانەت ئەوانەش پشکنینیان لە ڕاستیی ڕاستی کردووە بەپشکنینەکانیان ڕێگەی جیایان لە بەردەم کاری فەلسەفیدا کردووەتەوە. من نامەوێ بڵێم دەبێ ئێمەی مرۆڤ کۆشش بۆ ئەوە بکەین لە ڕێگەی فەلسەفەوە، ڕاستی دامەزرێنین، بەڵکو دەمەوێ بڵێم، ئەوە فەلسەفەیە لە توانایدایە شوێن بۆ باس لەمەڕ ڕاستی بدۆزێتەوە. واتە تەنێ فەلسەفە، کە مێژووەکەشی شایەتی لەسەر ئەوە دەدا،

بۆی لواوە لە مێژووودا وەدووی ڕاستیدا وێڵ بێ. ئەمە ئەرکی فەلسەفەی ئاڵۆز و دژوار کردووە و وەکی تریش زۆر هەستیار و بەرچاویشی کردووە. واتە وای کردووە فەلسەفە جێی تەماشاکردن و سەرنجدان بێ. چونکە ڕاستی بابەتی زێدە هەستیارە و گرینگییەکی گەورەشی هەیە.

پتر لەوی وترا، ئەوەش دەڵێم کە، من بۆ خۆم لە ڕووی فەلسەفییەوە بۆ ئەوە دەچم، ڕوونکردنەوەی ڕاستی داوای ڕوونکردنەوەی ئونیڤێرسالیزمان (گەردوونێتیمان) لێ دەکا. کەچی ڕاستی بەو جۆرە لای بادیو ڕوو ناخرێ. مەبەستم ئەوەیە، ئەگەرچی بادیو بایەخێکی بنەڕەتی بەبابەتی ڕاستی دەدا بەڵام لەوێڕا ڕاستی وەک بوونێکی پوخت دەورووژێنرێ. لە هەموو ئەمانە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە بادیو وەک ڕووناکبیرێکی فەرەنسی دەیەوێ بەپێچەوانەی ئەو تەوژمە ڕووناکبیرییە هەنووکەیییەوە ڕاستی ڕوون بکاتەوە کە بیریارانی فەرەنسی خوویان پێوە گرتبوو. ڕاستی کە تێمایەکی سەرەکییە لە نووسینی ""مانفێست""دا تێزێکی بناغەییشە لە کارەکانی دواتری بادیودا. هیچ نەبێ لەو شوێنانەی بادیو دادوەری بەسەر بابەتی بوون و واتای فەلسەفەوە دەکا(٧). ڕاستی یان ڕاستیی فەلسەفیش تەنیا لە ڕێگەی ئەو هەلومەرجانەوە (شیعر، زانست و ئەوین و سیاسەت) دێتە دەست کە فەلسەفە لای بادیو پێک دێنن. هەلومەرجەکانیش کە لە ڕێگەی پێکەوە لکانیان بەفەلسەفەوە مەیسەر دەبن، دروستکەری ڕاستین یان ڕاستیی فەلسەفی تەنیا بەو شێوەیە پێک دێ.

بۆ ئەوەی ئەو بینینەی دواترم پتر ڕاڤە بکەم، دەڵێم بادیو لەم نووسینەدا ""مانفێست لە پێناوی فەلسەفەدا""، ڕاستی وەک زۆربەی ڕووناکبیرانی فەرەنسی شی ناکاتەوە. مەبەستیشم لەم دیتنە ئەوەیە کە بیریارانی فەرەنسی لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دواییدا زۆرتر بە""بیرۆکەی کۆتاییەکان""ەوە دەقیان گرتووە کە چەمکی ڕاستی لەوێڕا نە ئەو بایەخ و گرنگییەی هەیە و نەش ڕاستی وەک واتایەک بۆ خستنە ژێر پرسیاری واتای فەلسەفاندن بەکار دەبرێ. من لێرەدا دەڵێم خستنە ژێر پرسیاری گشت کردەی فەلسەفاندن، نەک هەر فەلسەفە، بەمانا ئەبستراکتەکەی. چونکە واتای



فەلسەفاندن ئەو پرۆسەیە دەگرێتەوە کە فەلسەفەی تێدا دێتە دنیا. ئەمەو ئەوەی من بەلامەوە بایەخدارە سەبارەت بەواتای ڕاستی و بیرۆکەی کۆتاییەکان، خوێنەر تێبینی بکا ئەوەیە کە تا ڕادەی زۆر، ئەم بیرۆکەیە تەنیا بەسەر چەمکی وەک ڕاستی باڵادەستی خۆی تاقی نەکردووەتەوە، بەڵکو بەسەر گەلێ بیروبۆچوون و کردەی هزراندنی دیشەوە ئەمەی کردووە. گەر لەم بارەیەوە وردتر بپەیڤم دەڵێم: ئەو ئاوە فیکرییەی هەندێ لە بیرمەندانی فەرەنسی لە نیو سەدەی ڕابردوودا ڕژاندیان لێکدانەوەی ڕاستیی ئاڵۆز کرد. ئەم لایەنە زۆربەی ئەو گوزارە هیچگەرایانە دەگرێتەوە کە تروسکایی لە بەردەم فەلسەفەکردندا کوشت. ئەوەش بەگشتی ئەو چەمک و واتایانە دەگرێتەوە کە بەمەرگ و کۆتایی، بەڕێوە دەچوون، هەر لە مەرگی مرۆڤ و عەقڵ و ڕاستییەوە تا دەگاتە کۆتایی ئایدیۆلۆژیا و مێژوو و فەلسەفە. لێرەدا گەر خوێنەرانێک دەرک بەناڕوونییەک سەبارەت بەم تەماشاکردنەم بکەن ئەوا من هۆیەکە تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە گەلێک لەو خوێنەرانە جارێک لە دوورگەی لەزەت وەرگرتن لە بیرۆکەی کۆتاییەکاندا کاتەکانیان بەسەر دەبەن. ئەوانە کە ناخوازن دەستبەرداری خەیاڵی هیچگەرای خۆیان بن، جیاوازی لە نێوان فەلسەفاندن و نا-فەلسەفاندندا نابیننەوە. ئەوانەش کە جیاوازی لە نێوان ئەم دوو کردارەدا نەبیننەوە، بەدڵنیاییەوە ناکارن فەلسەفە لە نا-فەلسەفە لە یەکتر جودا بکەنەوە. بەکورتی ئەوانە سوفستایین. ئەو دەمەش ئەمانە دەبن بەسوفستای پێویستیان بەوەیە ئەفلاتوون و ئەفلاتوونییە نوێکان بخوێننەوە. چونکە سوفستاییەکان تەنیا لە ڕێگەی گەیشتن لە ئەفلاتوون لە مایە پووچیی هزریی خۆیان دەگەن. لەوەش بگەڕێتەوە سوفستایەکان پێویستە وانەی پێناسەکردنی واتای فەلسەفە و ڕوونکردنەوەی مێژووی ئەم واتایە و ئەرکی فەلسەفەیان بۆ ڕاڤە بکرێ. لە هەموو ئەوانەش گرینگتر سوفستاییەکان دەبێ لەوە بگەن کە درەختی ویستی فەلسەفاندن، ئەو دەمە نەشونما دەکا کە بایەخ بۆ پرۆسەی فەلسەفەکردن بگەڕێندرێتەوە.

وەلێ ئەوەی بەخودی بادیووە لەم ڕووەوە تایبەتە و دەمەوێ خوێنەر پەی بۆ

ببا، ئەوەیە کە بادیو لە تێکستی ناوبراودا (واتە مانفێست)، وەک فەیلەسوفێکی فەرەنسی هاوچەرخ، نەک هەر نایەوێ پا لەو ئاوە نەخشێنێ کە بیریارانی پێش خۆی ڕژاندوویانە یان گەلێک لە هاوتەمەنەکانی پایان تێدا خشاندووە، بەڵکو دەیەوێ هۆکاری ئەو ئاو ڕژاندنەش ڕاڤە بکا کە گەلێک لە ئەمڕۆدا بەجۆرێ لە جۆرەکان پێیان تێ کەوتووە. ڕاستە ڕاڤەکردن، مەبەستم ڕاڤەکردنی ڕوانینی یەکدی، لە نێو فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا نەریتی دوورودرێژی هەیە و ئەم نەریتە نە لە بیریارانی فەرەنسییەوە دەست پێ دەکا و نەش لای بادیو کۆتایی دێ، بەڵکو ئەمە بەخۆی نەریتی خودی فەلسەفە و ئەمجار کردەی هزراندنیشە. ئا لێرەدا مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، بەتایبەت و فەلسەفەی گەلانی دی، باشترین شوێنێکن بۆ گەیشتن لەم بەسەرهاتە. وەلێ، سەرلەنوێ خوێندنەوە و دووبارە شیکردنەوەی سێرکردن و بیر و هزرەکان نە ئەوەندە کارێکی سانایە و نەش تێگەیشتن لێیان ئەوەندە پڕ لە گەرەنتییە. چونکە هەڵوەشانەوە و ڕەتکردنی بیر و هزرێکی دیاریکراو، یان پشتگیریکردن لە بیرۆکە و پەرەدان بەتێزێکی دیاریکراو، گشت جارێک وەک ئەوەی مەبەست بووە بەری نەبووە و نابێ و داری ئەو کارکردنەش بەو شێوەیەی ویستراو بووە سەوز و پڕ بەروبووم نەبووە و نابێ. نموونەش لەو ڕووەوە زۆرە و بەتایبەت ئەو دەمەی دەگەڕێینەوە سەر لاپەڕەکانی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، ئەو لاپەڕانەی لە سەدەکانی ڕابردوودا، پڕ کراونەتەوە، کە پێم وابێ، گەلێ نموونەی لەو جۆرەی تێدا بەرچاو دەکەون کە ڕوونترینیان ئەو هەوڵانەن بۆ ڕەتکردنەوەی بیری میتافیزیکیی ئەفلاتوون دراون، کە بەخۆی ئەو ڕەتکردنەوەیە، بیریار پاش بیریار لە ڕۆژئاوا ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە، هەر لەم ڕووەوە دەکرێ، ئەو کۆششانەش بەنموونە لە بەرچاو بگیرێن کە بۆ سەرلەبەر گۆڕینی بیری فەلسەفیی هیگڵ دراون، ئەڵبەتە زێدەڕۆیی ناکەم گەر مارکس و فرۆیدیش لەم ڕووەوە بەنموونە بهێنمەوە. بەڵام کێشەکە لێرەدا لەو تێزە سادەیەدا خۆی پوخت دەکاتەوە کە بەم شێوەیەیە: ڕەتکردنەوەکان زۆر جار خۆیان تەنێ لە چوارچێوەی ڕەتکردنەوەی ڕووتدا دیوەتەوە.



مەبەستم لەو وتنەی لای سەرەوە زۆر بەکورتی ئەوەیە، فەلسەفەی ڕۆژئاوا کە مێژوویەکی چڕ و پانوپۆڕی هەیە، بەرپرسیارییەکی هزری و تەنانەت ڕەوشتیشی خستووەتە ئەستۆی ئەوانەی نیازخوازن ئەم مێژووە سەرلەنوێ بخوێننەوە، یان ئەوی وتراوە دووبارە ژێر تێڕامان بخەنەوە. بادیو، کە بەباوەڕی من چەند لاپەڕەیەکی ئەم مێژووەی بەباشی بۆ تێ هزرین و لێ خوردبوونەوە بەردەست خوێنەرانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا خستووە، زۆر بوێرانە فەلسەفە بەسەر ئەو هێڵە گشتیانەشەوە دەکا کە دەستیان بەرنەکەوتووە و، تا بڵێی دەرگاش دەخاتە سەرپشت بۆ ئەوانەی دەخوازن گومانی خۆیان لەو بارەیەوە پراکتیزە بکەن. بۆ نموونە، گرنگترین شتێکیش بادیو لەو ڕووەوە تێڕامانی لە بارەوە دەکا، کە لە نووسینەکەیدا زۆر مەسەلەیەکی پەنهان ئاسایە و شوێنێکی فەلسەفیشی بۆ خۆی دابین کردووە، گەر بادیویانە بپەیڤم، مەسەلەی مەرجی جیابوونەوەی فەلسەفەیە لە مێژووەکەی و ئەوی تریش مەسەلەی پێناسەکردنی فەلسەفەیە. ئەم دوو لایەنە کە بادیو بەنهێنی لە ""مانفێست""دا ڕووی گفتوگۆکانی لێ دەکا لە دوو نووسینی کورتدا داڕێژراون، یەکێکیان بەناوی""پێناسەی فەلسەفە""وەیە و ئەوی تریش بەناوی""گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی""، کە دواتر دێمەوە سەری. ئەو دوو نووسینە، کە پاش کتێبی"" مانفێست"" بەماوەی نووسراون، بەجۆرێ زۆر چڕ و پوخت ئەو مەسەلەیە ڕوو دەخەن کە ئاماژەم پێ کرد و تەنانەت ئەو تێگەیشتنەش لە بارەی واتای فەلسەفە و لە لای دی مێژووەکەیەوە بەرجەستە دەکەن کە لە نووسینی"" مانفێست"" لە ژێر لێوەوە گۆ دەکرێ.

حەز دەکەم خوێنەر تێڕامان لەوەش بکا کە بادیو بەپێچەوانەی ئەو تەوژمە فەلسەفییەوە تێ هزرین بەسەر واتای ڕاستییەوە دەکا کە بەلانی کەمەوە سالانێکە بووە بەنەریت لە وتاری ڕووناکبیری و تیۆریی هاوچەرخی فەرەنسی و پاشخانێکی بەهێزیشی لە نێوەندی ئەکادیمیی فەرەنسیشدا پێکەوە ناوە. من بۆ ئەوەی زێتر ڕوون بدوێم، ناچارم نەختێک دوورتر بڕۆم و بڵێم، بادیو ئەوەی لە نووسینی ""مانفێست""دا سەبارەت بەڕاستی خستوویەتییە ڕوو، لە لایەک

بەشێکە لەو هێڵە گشتییەی لە ڕووی هزرییەوە هەر لەسەرەتاوە کاری تێدا دەکا و لە لایەکی تریش ڕەنگدانەوەی بۆچوونی فەلسەفیی خۆشیەتی. وەلێ ئەم بۆچوونەی بادیو وا هەست دەکەم بۆچوونێکە بەرهەمی ڕوانین و دیتنێکی شەخسییە، نەک نەریتی فەلسەفیی چوارچێوەدار. من گەر بمەوێ ئەم سێرکردنەم والاتر نیشان بدەم دەچمەوە سەر ئەو تێزەی بادیو کە لە کارێکیدا بەناوی""سانت- پۆڵ. پێکهێنانی ئونیڤێرسالیزم"" دەیورووژێنێ. ڕاستە جگە لە بادیو لەم سالانەی دوایی، یان هیچ نەبێ هەر لەو دەم و وەختەی بادیو ئەو کتێبەی لەسەر سانت-پۆڵ نووسی، چەند بیریارێ تری ڕۆژئاواییش لەو بارەیەوە پێنووسیان خستە سەر کاغەز کە یەکێکیان بیریارێکی سیاسی و دەروونناسی سلاڤێنییە بەناوی"" سلاڤۆی زیزک"" و ئەوی دیش فەیلەسوفی ئیتالییە بەناوی""جیۆرجیۆ ئاگامبێن"". ئەم سێ بیریارە (بادیو، زیزک و ئاگامبێن) کە دوژمنی سەرسەختی سەرمایەداریی گڵۆباڵن، تیۆریزەکەرێکی باشیشن لە بارەی واتای ڕاستییەوە. بادیو کە وەک بیریارانی دەمی خۆی تەماشای ئاین ناکا، بەبۆچوونی من، سێرکردنی تری بۆ ڕاستی هەیە. بۆ بادیو سانت- پۆڵ پێش ئەوەی کەسایەتیی ئاینی بێ بیریارێ سیاسییە[٨]، ئەمە مانای خۆی لە ڕوونکردنەوەی واتای ڕاستیدا هەیە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ ئەوە کە ئەم گەڕانەوەیەی بادیو بۆ پاوڵس سانت- پۆڵ، کاریگەریی دەروونناسێکی وەک ژاک لاکانی بەسەرەوەیە و ئەمەو جگە لەوەی ئەم دەروونناسە مانای خۆی بۆ گۆڕینی گەلێک دیتنی فەلسەفی و سیاسی و تەنانەت جوانکاری بادیوش دیوە. ئەڵبەتە بۆچوونەکانی بادیو لە گەلێ ڕووەوە بەتایبەت لەو شوێنانەی پێوەندی بەمەسەلەی شیکردنەوەی دەروونی و سیاسەت و ڕاستییەوە هەیە، نەختێ لە بۆچوونەکانی سلاڤۆی زیزکەوە نزدیکە. زیزک کە پۆست مارکسیستیێکی نوێیە، ڕەخنە ئاراستەی فەلسەفەی پۆست- سێکولاریزم و ئەو وتارە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەش دەکا کە بووە بەنوێنەری هزرەڤانیی نوێ. بەڵام ناشێ ئەو ڕەخنەیە بەوە لێک بدرێتەوە کە زیزک پشتگیری لە تێگەیشتنی فەلسەفییانەی وتاری تیۆلۆژیی هاوچەرخ دەکا.



چونکە ئەم بیریارە سلاڤێنییە، بادیوئاسا گەلێ لە تەماشاکردنەکانی سەرچاوە لە شیکردنەوە دەروونییە سیاسییەکانی لاکانەوە هەڵدەگرێ و لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی بیری ئاینیشەوە ڕاڤەی بیری سیاسیش دەکا کە لێرەدا وتاری ڕاستیش دەگرێتەوە. ئەم ڕێچکەیەی زیزک و بادیو، کە لاکانییە، هەڵوێستەکردنی زۆریشی سەبارەت بەو ئاراستە هیچگەرا و سوفستاییە سیاسی و فەلسەفییانە تێدا بەدی دەکرێ کە بینەقاقای ڕاڤەکردنی هاوچەرخی گرتووە. وەکی تریش نووسینی ئەم پۆلە نووسەرە، بۆ نموونە بادیو و زیزک، دەکرێ وەک ئاماژەیەکیش وەربگیرێ بۆ بەتاڵکردنی سیحری ئەو نووسینە نوێیانەی پڕن لە هزری بێ هزر و سەفسەتە. ئەو نووسینانەی ناحەزییان لەتەک واتای ڕاستی و ڕاستیی فەلسەفیدا هەیە.

بەڵام هەر لێرەدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو سێرکردنانەی لای سەرەوە، دەمەوێ بینینی خوێنەر بەرەو ئەوەش ببەم کە بادیو بەدووی ڕاستی لە چەند بوارێکدا وێڵە کە چوار بواری سەرەکین. ئەو بوارانەش لە ناوەڕۆکدا ئەو بوارانەن فەلسەفەیان لەسەر دەوەستێ کە بریتین لە: هونەر، زانست، سیاسەت و ئەوین. ئەم بوارانە کە بواری کارکردنی فەلسەفیی بادیون ئەو شوێنانەشن کە ڕاستی تێیاندا بەرهەم دێ[٩]. کەواتە لێرەوە دەکرێ قسە بێتە سەر فەلسەفە وەک بەرهەمهێنەرێکی ڕاستی نەک شتی تر، بەڵام ئەم ڕاستییە لە ژێر سایەی چەند هەلومەرجێکدا بەرهەم دێ کە لە شیعرگەرایی (هونەر)، بیرکاری (زانست)، سیاسەت و خۆشەویستی پێک دێ. ئەم بۆچوونەش لەسەر ڕاستی کە گەرای خۆی لە ""مانفێست ""دا بەئاشکرا داناوە، بادیو لە کارەکانی دواتریشیدا دێتەوە سەری. چونکە تێزی ڕاستی کە تێزی سەرەکیی نووسینی مانفێستە، هەوێنی ئەو تێگەیشتنانەشە کە پاشان بادیو لە نووسینی ""پێناسەی فەلسەفە""دا دێتەوە سەری کە بەخۆی تێکستێکی کورتە و پاش دوو ساڵێک لە نووسینی مانفێست نووسراوە.

بەپێی ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە بێ، یەکێک لە تێزە بناغەییەکانی بادیو لە"" مانفێست""دا دەشێ لەو تێگەیشتنەدا کرۆکدار بکرێ کە دواتر لە

نووسینی پێناسەی فەلسەفەدا دێتەوە سەری کە فەلسەفە لەم نووسینەدا پێوانەی ڕاستی دەکا. ئەم پێوانەکردنە کە کردەی فەلسەفە خۆیەتی[١٠] شوێنێکیشە بۆ هەڵسەنگاندنی فەلسەفە. پێم وایە سێرکردنی بەمجۆرەی بادیو، بۆ فەلسەفە، هەوڵێکیشە بۆ دوورخستنەوەی فەلسەفاندن لەو زۆنەی کاریگەریی بیریارانی دژە (ئەنتی) فەلسەفەی بەسەرەوەیە. ئەم هەوڵە کە کارێکە بۆ سەرقاڵکردنی فەلسەفە بەخودی خۆیەوە، ڕێگەکردنەوەشە لە بەردەم کردەی فەلسەفەکردن. جا گەر ئەوە وابێ، واتە ئەو هەستەی من ڕاست بێ کە بادیو کار بۆ شتێکی ئاوا دەکا، ئەوا بێ یەک و دوو دەکارم بڵێم ئەوی بادیو کاری بۆ دەکا شتێکی تا بڵێی زۆر پێویست و تەنانەت دەگمەنیشە. بەڵام لەوەش بەئاگام کە کارکردن بۆ ئەوەی وا لە فەلسەفە بکرێ سەرەتا سەرقاڵی خۆی بکرێ و دواتریش فەلسەفاندن ببێ بەکرۆکی ئەو ویستەی لای فەیلەسوفان هەیە کارێکی سانا نییە و لە دژواری و سەختیش، بێ بەری نییە، بەڵام ناشێ هیچ یەکێک لە ئێمە ئەوەش لە بیر بکا کە ئەم ویستە لە ڕادەبەدەر بۆ ئێستای مرۆڤایەتی پێویست و بایەخدارە. زیانبەخش نییە گەر لای خوارەوە بمەوێ تۆزێ زێتر ڕۆچمە نێو ئەم سێرکردنەم.

وای بۆ دەچم بۆ ئەوەی فەلسەفە ئامانجێک لە خۆدا حەشار دا پێویستی بەوەیە ویستی خۆی بۆ فەلسەفاندن تا زووە دەستنیشان بکا. بۆ ئەوەی فەلسەفە ئەمەش بکا، واتە تا ئەم ئامانجە بێنێتە دی، مەرجە فەلسەفە خۆی لەو تەماشاکردنە پووچ و نەزۆکانە پاک بکاتەوە کە ساڵەهایە بەرۆکیان گرتووە. ئەمەش، وای بۆدەچم، فەلسەفە بەکردەوە ناکارێ بیکا، تا وزەی خۆناسی لەخۆدا دانەمەزرێنێ. بۆ ئەوەی فەلسەفە ئەمەش بکا، واتە خۆی بناسێ، پێویستی بەوە دەبێ فەلسەفە سەرلەنوێ پێناسەی خۆی بکاتەوە. ئا لێرەدا گەلێک لە ڕۆشنمەندەکانی بواری فەلسەفە، بۆ نموونە ڕۆژئاواییەکان، دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی لەو بارەیەوە لە مێژووی فەلسەفە وتراوە. بەڵام بادیو لەو نووسینەی لای سەرەوە کە نەختێ لەمەوبەر ناودێر کرا (واتە: پێناسەی فەلسەفە) مێژووی فەلسەفە لە مێژووی ڕەوشتی فەلسەفە بریتی دەکا[١١]. بەڵام





ئایا دیاریکردنی ڕەوشتی فەلسەفە شتێکمان لەسەر ماهیەتی فەلسەفە پێ ناڵێ؟ من لێرەدا وەڵام بەئەرێ دەدەمەوە. چونکە فەلسەفەی ڕۆژئاوا کە بووە بەسەرچاوە بۆ فەلسەفە، بەگشتی لە تاکە فەلسەفەیەک پێک نەهاتووە. هەروەها فەلسەفە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ویستێکدا نقوم کراوە کە نە لەتەک خۆیدا هاوتەریبە و نەش بەرهەمی چرکەیەکی دیاریکراوە.

ئەوەی سەبارەت بەمێژووی فەلسەفە وتم، بەخۆی لایەنێکە لە بۆچوونەکانی بادیو. بەڵام لایەنە زۆر سەرەکییەکەی ئەو وتنە یان سێرکردنی بادیو سەبارەت بەمێژووی فەلسەفە نە تەنیا بەمجۆرەیە و نەش ئاوا سادەیە. بۆ ئەوەی لە کاکڵی ئەو لایەنەش بگەین، بادیو لەمەڕ خودی فەلسەفە دەیکا بەکۆڵەکەی بینینەکانی، دەبێ لێرەڕا بازێک بەسەر هەردوو نووسینی ""مانفێست"" و"" پێناسەی فەلسەفە""دا بدەین و تا دەکرێ گورج خۆ بگەیەنینە نێو ئەو مشتومرە فەلسەفییە گەرمانەی بادیو سەبارەت بەخودی فەلسەفە لە نووسینێکدا بەردەستمانی دەخا کە لە ژێر ناوی ""گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی"" نووسراوە کە پاش نووسینی ""مانفێست"" بەدوو ساڵێ بڵاو کراوەتەوە.

ئەو نووسینەی بادیو کە لای سەرەوە ناوی هات (واتە: گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی) لە گەلێک ڕووەوە یان هیچ نەبێ لە ڕوویەکی زۆر گرینگەوە، لەگەڵ نووسینی مانفێست ئامۆزایە، بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بەمەسەلەی چوونە ناو دالانی واتای فەلسەفە و پێوەندیی ویش بەواتای ڕاستییەوە هەیە. بۆ ئەوەی ئەم ئاشنایەتییە بەجۆرێکی سانا لە تێگەیشتن گەلێکی ئەوتۆ بەرجەستە بکرێ کە بۆ خوێنەری ئەم نووسینە خێرا دەستەمۆ بکرێ، بەچاکی دەزانم لەم حاڵەتەدا پردێک لە نێوان تێزی سەرەکیی مانفێست و تێزی سەرەکیی نووسینی ناوبراودا دروست بکەم کە ئەوەش تایبەتە بەواتای ڕاستییەوە. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەم، واتە لە لای تێگەیشتنەکانی بادیو ڕوونتر لە بارەی واتای فەلسەفەوە بەر شیکردنەوە بخەم و لە لایەکی تریشەوە، هێڵێکی گشتی لە نێوان بۆچوونەکان بنیات بنێم، بەپێویستی دەزانم، تێزە بناغەییەکانی بادیو لەو نووسینەی نەختێک پێش ئێستا ناوم هێنا بەسەر بکەمەوە. چونکە تەنێ

لەم ڕێگەیەوە شیاوە تێزەکان بەیەکەوە گرێ درێن و بەهۆشیانەوە (واتە بەهۆی پێکەوە گرێدانی تێزەکانەوە)، ئەو بینینانەم لە بەردەم خوێنەری ئەم نووسینەم، ڕۆنێم کە ئامانجی سەرەکیی ئەوە بووە کە چۆن ویستی فەلسەفاندن دەکرێ شیاو بکرێ.

من لە گەلێک شوێنی لای سەرەوە ئەوەم ڕەت کردەوە کە فەلسەفە بەبیرۆکەی کۆتاییەکانەوە ماندوو بکرێ و دیسانیشەوە پشتگیریم لەو ڕامانانەی بادیو کرد کە شیاوی لە بەردەم فەلسەفەکردندا دەسازێنێ. لێرەدا و لە سنووری ئەم پەڕەگرافەی گفتوگۆی ئەندێشەی فەلسەفیی بادیو دەکەم، هەوڵ دەدەم لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو (واتە نەک لە گشت فەلسەفەی بادیو)، زەمینە بۆ جۆرە تێ فکرینێک بڕەخسێنم کە دەیەوێ بادیو لە سنووری ئەو پرسیارەدا بێنێتە گۆ کە بەم شێوەیەیە: بۆ دەبێ ئێمە باس لە کۆتایی فەلسەفە بکەین لە کاتێکدا فەلسەفە تا ئەمڕۆ بەتەواوەتی بەئەرکی خۆی هەڵنەساوە؟ تا ئەندازەیەکی زۆریش، ئەوی لە دوو دێری پێشوودا وتم، کرۆکی ئەو نووسینەیە کە بادیو لە بەهاری ١٩٩٠ لە ژێر ناوی"" گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی "" نووسیویەتی. بۆ ئەو مەبەستە لای خوارەوەش سەرەتا ڕۆ دەچمە نێو دالانەکانی ئەم نووسینە و دواتریش گرێبەستێک لە نێوان تێزی ئەم نووسینە و هێڵی گشتیی نووسینی"" مانفێست"" دروست دەکەم.

بادیو لەو نووسینەدا هەر لە سەرەتاوە وەدووی پێوەندیی نێوان فەلسەفە و مێژووەکەیدا وێڵە. بادیو کە لاتەریبییەک لە نێوان فەلسەفە و خودی مێژووی فەلسەفەدا دەبینێتەوە[١٢] بەرپەرچی مێژووگەری لە بواری فەلسەفەشدا دەداتەوە. بەڵام با بزانین ئەمە چ ڕامانێ لە خوێنەری ئەم گوزارانەدا بەرجەستە دەکا؟

لەو باوەڕەدام ئەو ڕامانەی لای خوێنەری فەلسەفی ئەو گوزارانە دروست دەبێ، ئەوەیە کە فەلسەفە لە خودی مێژووی خۆی، بەولاوە شتێکی تر نییە. بەڵام ئایا وایە؟ یان والاتر بپرسم ئایا ئەوە تێگەیشتنی بادیوشە؟ پێم وا نییە ئەوە تێگەیشتنی بادیوش بێ. ئەوەی وا لە من دەکا بەم جۆرە بیر بکەمەوە،



ئەوەیە کە بادیو بۆ بەردەستخستنی ڕوونکردنەوە لەسەر تێمای گەڕانەوەی فەلسەفە خودی خۆی چەند تێزێک پێشنیار دەکا، یەک لەوانە ئەوەیە کە نەختێک پێش ئێستا وتم. واتە ئەوەی کە فەلسەفە ئەمڕۆ لەگەڵ مێژووی خودی خۆیدا تەریب بووە. پێم وایە خوێنەر لە کاکڵی ئەم تێزە ناگا تا شۆڕ نەبێتەوە ناو دواتری ئەم تێزە کە ئەوەش ڕەنگدانەوەی خۆی لە تێزی دووەمدا دەبینێتەوە. تێزی دووەم دەڵێ: فەلسەفە پێویستە بڕین لەگەڵ خودی خۆیدا، لەگەڵ مێژووگەریدا بکا. بەڵام ئەم بڕینە چ مانایەک دەگەیەنێ؟ مەبەستی بادیو لەم پرسیارە ئەوەیە کە خستنە ڕووی فەلسەفی پێویستە، کاری خۆی بەبێ گەڕانەوە بۆ مێژووی خۆی دیاری بکا[١٣]. ئەم لایەنە کە تێزی سەرەکیی بادیویە لە نووسینی ناوبراودا بناغە بۆ ئەو تێگەیشتنەش دادەنێ کە بادیوە پشتگیرییەکی زۆری لێ دەکا. واتە ئەوەی کە گەڕانەوەی فەلسەفە بۆ مێژووەکەی ئارگومێنتێک (بەڵگەیەک) هەڵەیە. واتە لە ڕوانگەی بادیو، دابڕانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، لە خودی مێژووی فەلسەفە مەرجە بۆ بەفەلسەفەبوونی فەلسەفە. گەر زێدە نزیکتر لە بۆچوونی بادیوەوە لێرەڕا قسە بکەم، دەڵێم: فەلسەفە پێویستە واتای خۆی بکا بەسەرچاوە بۆ خۆی نەک مێژووەکەی. ئەم بینینەی بادیو تۆڵەکردنەوە نییە لە مێژووی فەلسەفە، یان بەواتای بەرینتر مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، بەڵکە ئەو دابڕانەی بادیو لێی دەدوێ، بەباوەڕی خۆی، ڕێگەیەکیشە بۆ دادوەریکردنی ئەم مێژووە[١٤]. ئەم شێوە سێرکردنەی بادیو بۆ پێوەندیی نێوان فەلسەفە و مێژووەکەی لە سەرێکی تریشەوە هەڵوێستەکردنیشە لەسەر ئەو جۆرە تەماشاکردنە گشتییەش کە بۆ واتای فەلسەفە لە نێو بیریارانی ڕۆژئاواییدا هەبووە کە بەخۆی شێوە تەماشاکردنێک بووە لەسەر بناغەی قایمکردنی فەلسەفە لە ئامێزی مێژووەکەیدا. ئەم لایەنەی بادیو داکۆکی لێ دەکا بۆ من لە سەرێکی ترەوە هاندەرە بۆ هێنانە کایەوەی تێزێکی تر کە ئەوەش تێزی سێیەمی بادیوە کە بەم جۆرەیە: پێناسەی فەلسەفەبوونی هەیە. با بزانین بادیو چۆن لەم تێزە دەگا. بەپێی ڕوانینی بادیو ئەم پێناسەیە، واتە پێناسەی فەلسەفە کە بوونی هەیە، لە خودی خۆیدا

نەگۆڕێ مێژووییە. بەتەماشاکردنێکی ئەم نووسینە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە ئەم تێزە دەرئەنجامێکی تریشی لە نووسینەکەی بادیودا خستووەتەوە. ئەو دەرئەنجامەش بەمجۆرەیە: ئەو پێناسەیەی ڕووخرا بەبۆچوونی بادیو، بەمەسەلەی جیاکردنەوەی ئەوەی فەلسەفەیە لەوەی فەلسەفە نییە، وابەستەیە. من وای بۆ دەچم ئەمە تەنیا بینینێکی فەلسەفیئاسای بادیو نییە، بەڵکو ئەمە بینینێکە پتر لە دوو سەدەیە لە ڕۆژئاوا زەمینە بۆ گفتوگۆکردنی هەڵچنراوە. ئاشکراشە دیالۆگە بەبڕشتەکانی ئەفلاتوون لەگەڵ بیریارە سوفستاییەکان، زۆرترین زەمینەی بۆ ئەم جیاکردنەوەیە خۆش کردووە. واتە جیاکردنەوەی ئەوەی فەلسەفەیە لەوەی کە فەلسەفە نییە (وەکی تریش ئەوەی فەلسەفییە لەوی کە فەلسەفی نییە). ئەم تێزەی بادیو کە تێزێکی تا بڵێی قووڵە، پەل بەرەو ڕیزێ کێشەی فەلسەفیی تر دی ڕادەکێشێ. یەک لەو کێشانەش ئەوەیە کە سوفستاییەکانی دوێنێ لە ئەمڕۆشدا لێرە و لەوێ بەرچاو دەکەون. ئەم لایەنە کە پاشان دێمەوە سەری بەردی بناغەی ئەو تێمایەیە کە بادیو لە نووسینی گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی باسی لێوە دەکا. من واشی بۆ دەچم ئەم شێوە ڕێگە گرتنە بەرەی بادیو بۆ پێناسەی فەلسەفە شێوە سێرکردنێکی ڕەشانە نییە بۆ ئێستا و ئایندەی فەلسەفاندن، بەڵکە خستنە ژێر پرسیاری ئەو مێژووە فەلسەفییەیە کە هەموو وەختێک لە پشت دیتن و دیالۆگەکانەوە خۆی قوت کردووەتەوە. ئەوەی من لەگەڵ بادیو زۆرهاوڕا دەکا ئەوەیە کە بەپێی بینینی من ئەم جۆرە فۆرمانە لە سێرکردن دۆزێکی لەبارتر بۆ گفتوگۆی فەلسەفی بەگشتی و کردەی فەلسافاندن بەتایبەت دێنێتە کایەوە کە بۆ ئەو فەلسەفەیەی دەیەوێ ببێ بەفەلسەفەیەکی هەنووکەیی زۆرگرینگە. فەلسەفەی هەنووکەییش، بۆ من ئەو فەلسەفەیەیە کە ناخوازێ دەستبەرداری فەلسەفاندن بێ و، هەروەها بەهیچ شێوەیەکیش ئامادە نییە خۆی لەسەر بیرۆکەی پووچ و نەزۆک بنیات بنێ. سەرباری ئەوە، بۆ من هەمیشە ئەو فەلسەفەیە دروست و ساغە کە بۆچوون و دیتنە بێ- بڕشت و بێ- ناواخنەکان لە بۆچوون و دیتنە بەپیت و کرۆکدارەکان جیا دەکاتەوە. ئەم جۆرە فەلسەفانەش کە زۆرترین توانایان تێدا



ئامادەیە بۆ فەلسەفاندن تاکە فەلسەفەیەکیشن کە دەشێ بۆ لەمەولا پشتگیری بکرێن. چونکە فەلسەفە بێ- بڕشت و بێ- ناواخنەکان، کە تا بڵێی هەڕەشەئامێزن، نە بەشداری لە گۆڕانی بنەڕەتیدا دەکەن و نەش فەلسەفاندن لە ژینگەیەکی ڕێک و ڕاستدا پەرە پێ دەدەن. لەوەش بترازێ، فەلسەفە بێ- بڕشت و بێ- کرۆکەکان ئەو جۆرە فەلسەفانەش پێک دێنن کە گشت پرۆسەی فەلسەفاندن لە کێشەی لێکسیکۆنیدا قەتیس دەکەن و خودی واتای فەلسەفەش لەوە دەخەن هەڵوێستئامێز و ئایندەیی بێ.

سەرباری ئەوی لای سەرەوە ورووژێندرا، دەمەوێ ئەوەش بۆ خوێنەری ئەم نووسینە ڕوون بکەمەوە کە دیالۆگی نێوان ئەفلاتوون و فەیلەسوفە سوفستاییەکان، پرۆتاگۆراس و جۆرجیاس، هەمیشە ئەو پۆلە فەیلەسوفە ڕێژەگەرە هزر ناکۆنکرێتانەمان بیر دەخاتەوە کە پێیان دەڵێین سوفیستاییەکان کە ئەمرۆش بیرۆکەکانیان بەهۆی بیریارە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاواوە، لە ناوماندا دەخولێتەوە. لەم ڕووەوە دەچمەوە لای بادیو و تێ فکرینێکی لەو بارەیەوە بەسەر دەکەمەوە کە تێیدا جەخت لەوە دەکا ئەمڕۆ فەلسەفە، کە لە ڕاڕایی مێژووی خۆیدا دەژی، لە ڕوانگەی سۆفستاییە مۆدێرنەکانەوە[١٥] زۆر لاوازە. ڕەنگە ئەمە ڕاستی بێ. واتە ڕەنگە فەلسەفەی هەنووکە فەلسەفەی لاواز و تەنانەت کەمتەرخەم و سستیش بێ. بەڵام هۆی ئەمە چییە؟ واتە ئەوەی کە فەلسەفەیەکی، بەپێی سێرکردنی سوفیستاییە نوێکانی ڕۆژئاوا لاوازە. ئەوەی کە فەلسەفەی ئەمێستا لاوازە، ئەمە دەرئەنجامە و هۆی خۆی هەیە و ئەو هۆیانەش تەنێ فەیلەسوفەکان لێی دەگەن و هەر ئەوانیش لە لاوازییەکەی بەرپرسیارن. من وەک نووسەری ئەم چەند دێرە، خۆم زۆر بەپەرۆش دەزانم لەوە بگەم بۆ دەبێ فەلسەفە لە ئەم ئێستادا لاواز بێ؟ یان فەلسەفە، بەتایبەت فەلسەفەی ڕۆژئاوا، پاش ئەو هەموو کارە فەلسەفییە گەورانە چۆن دەکرێ ڕوو لە لاوازی و سستی بنێ؟ کورتترین وەڵامێکیش کە لێرەدا بۆ من پەسندداره بەردەست خوێنەر بخرێ ئەوەیە کە ئەوی لەم ڕووەوە تاوانبارە فەلسەفە نییە بەڵکە مێژووەکەیەتی.

سوفستاييیەکانیش کە لە گشت چاخ و سەردەمێکدا هەبوونە لەم ڕووەوە بەرپرسیارییەکی زۆریان دەکەوێتە سەر. ئەوەی من لێرەدا وتم وێناکردنێکی شەخسی نییە، لەسەر واتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەقەد ئەوەی ئەوی وترا هەقیقەتی ئەو واتایەیە، واتە واتای فەلسەفە. لەبەرئەوەش سوفستاییيیەکان لە گشت چاخێ گەمەیان (یارییان، وازییان) بەواتای فەلسەفە کردووە و ئەم واتایەیان لە دووری فەلسەفی خۆی دوور خستووەتەوە. سوفستاییيیەکان کە بەپشت بەستن بەڕووناکبیرییە ڕەوانبێژییەکانیان فەلسەفەیان کردووە، فەلسەفەیان لەوە خستووە وەدووی چارەسەردا وێڵ بێ. بەواتایەکی تر خۆشەویستیی سوفستاییيیەکان بۆ قسەکردن، نەک فەلسەفاندن، تا ئەندازەیەکی زۆر لەو نەهامەتییانە بەرپرسیارە کە فەلسەفە لە هەنووکەدا تێی کەوتووە. ئەوەش کە سوفستاییيیەکان بەشێکن لە مێژووی فەلسەفە، ئەمە قەدەری فەلسەفەیە و فەلسەفە ڕوون نییە تا کەی دەبێ بەم قەدەرەوە بتلێتەوە.

سەرباری ئەوی وترا دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە، بەئاوڕدانەوەیەک لە فەلسەفەی ئەم سەد ساڵەی دوای، بەتایبەت لە پاش نیچەوە، دەبینین فەلسەفەی سوفستایی لە فۆرمگەلێکی زۆردا خۆی دەرخستووە و بەرچاوترینی ڕەنگە ئەو شێوە فەلسەفەکردنە بێ کە بادیو پێی وایە ئیدیای ڕاستی بەئیدیای ڕۆڵ بەلەجیاتی دەکا[١٦]. لەبەرئەوەش کە ئیدیای ڕاستی بەئیدیای وەک ڕۆڵ بەلەجیاتی کراوە، ئەمە وای کردووە واتای وەک ڕاستی بۆ نموونە ئەوەندە جێی سەرنجی بیریاران نەبێ. ئەم دەربڕینەی بادیو بۆ من زۆر سەرنجڕاکێشە. چونکە بادیو پێ دەچێ گشت ئەو شۆڕشە زمانەوانییە فەلسەفییەشی مەبەست بێ"" لە دواییدا ڤیتگنشتاین""ەوە هاتووەتە کایەوە. چونکە دەربڕینی وەک ڕۆڵ و یاریی زمانەوانی، کە لەم پەنجا ساڵەی دواییدا کەوتووەتە بەر زۆرترین بەکاربردنەوە، پێوەندییەکی زۆری بەو دوو کارە فەلسەفییە ناودارەوە هەیە کە ڤیتگنشتاین نووسیونی[١٧]. وەکی تریش لێرە دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە بادیو بۆ من تاکە فەیلەسوفێکی فەرەنسیی هاوچەرخە، یان بەلانی کەمەوە تاکە بیرمەندێکی نەوەی پاش ١٩٦٠کانە، باس لە بیری فەلسەفی ڤیتگنشتاین دەکا.



ڤیتگنشتاین، کە ئەندازیارێکی فەلسەفیی فەلسەفەی شیکردنەوەیی و یاخود ئەو فەلسەفە لۆژیکییەیە کە لە کامبرج لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا شکۆدار بووە، هیچ کات نەبووە بەشوێنی بایەخی بیریارانی فەرەنسی یان هیچ نەبێ ئەو پۆلە بیرمەندە فەرەنسییەی کە تەواوکەری ڕێچکەی فەلسەفیی نیچە–هایدگەر بوونە. ئەم گەڕانەوەیەی بادیو بۆ ڤیتگنشتاین هەر پێوەندی بەوتنەکانییەوە نییە لە بارەی سوفستایەتیی بیری ڤیتگنشتاین، بەڵکو پێوەندیی بەوەشەوە هەیە کە بادیو بایەخدەرێکی گەورەشە، بەبابەتی لۆژیک و هەروەها ماتماتیک کە ئەم دوو بوارە نەوەی خۆی بایەخیان نەداوەتێ یان فەلسەفەیان پێوە نەلکاندووە. لەو دوو لایەنەش بترازێ کە باس کرا دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم کە بادیو وەک ڕەخنەگرێک لە فەلسەفەی نوێی فەرەنسی یان ئەو فەلسەفەیەی لە پاش ١٩٦٠کان لە پاریس گەشەی کردووە، قسەی خۆی لەسەر ئەو شۆڕشە زمانەوانییەش هەیە لە بواری فەلسەفەدا لق و پۆپی دەرکردووە. لە قسەکردنەکانیشی مرۆڤ ئەوە دەکارێ هەڵهێنجێنێ کە شۆڕشی زمانەوانی فەیلەسوفانی پاریس، کە لە گەلێک ڕووەوە لەگەڵ بادیو هەر هەموو سەر بەهەمان ژینگەی بیرکردنەوە و تێڕامانی فەلسەفی و هزرین، لە بەشێ لەو سوفستاییيیە فەلسەفییە بەرپرسیارە ئەمڕۆ فەلسەفاندن تێی کەوتووە. ئەم لایەنە کە بەتێکدانی بەشێ لە پرۆسەی فەلسەفاندن کۆتایی هاتووە، تەنیا کردەی بیری بیریارانی فەرەنسی نییە بەڵکو پۆلێ لە بیریار و ئەکادیمیکەرانی ئینگلیزی زمانیش لێی بەرپرسیارن. ئەم لایەنە کە تراژیدییایەکی بێ یەک و دوو، گەورەیە پێوەندییەکی زۆری بەستاتۆسی فەلسەفە و هزری نوێ ڕۆژئاواشەوە هەیە کە تا ئەندازەیەک گەورە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگەی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە.

سەرباری ئەوی وترا، لێرەدا دەمەوێ بۆچوونێکی تریش بخەمە سەر خەرمانەی تێگەیشتنەکانی خوێنەری ئەم باسە، سەبارەت بەمەسەلەی فەرامۆشکردنی ئیدیای ڕاستی. ئەو بۆچوونەش ئەوەیە کە من وای بۆ دەچم بادیو لەو نووسینەدا بەرەو ئەو تێ هزرینەشمان دەبا کە گوایە هاتنی ئیدیای

کۆتایی ڕاستی لەگەڵ هاتنی ئیدیای کۆتایی فەلسەفە، هاوتایە. ئەمەش تا ئەندازەیەکی زۆر وایە، بەڵام خوێنەری ئەم باسە بۆ ئەوەی لە جەوهەری ئەم سێرکردنەی بادیو بگا، پێویستی بەوە دەبێ نەختێ بیر تیژ و هۆش بەرین بێ تا ئەم قسەیەی بادیو لەگەڵ تێزە فەلسەفییەکانی بیریارە پۆست مۆدێرنەکان پێکەوە بخاتە بەر تێڕامان. چونکە خوێنەر گەر ئەمە نەکا نە لە وتنەکەی بادیو دەگا و نەش لەوەی کە ئەوە لیۆتار و هاوەڵەکانی بوون ئیدیای مەرگی فەلسەفەیان، کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆتای ئیدیای ڕاستی، بەرگوێمان خست. بۆیە ئەو پرسیارەی بادیو لێمانی دەکا کێن فەیلەسوفە سۆفستاییە نوێکان، زۆر ساکارانە دەکرێ لەو ڕوونکردنەوەیدا وەڵامەکەی وەدەست بخرێتەوە کە بادیو تایبەت بەکاتیگۆری، ڕاستی بەردەست خوێنەری سەروتارەکەی خۆی دەخا[١٨].

بەڵام بادیو لێرەوە، واتە پاش ئەوەی ئیدیای ڕاستی ڕوو لە نەمان دەکا و ئەمەش بۆ ڕۆڵی فەیلەسوفە سوفستاییە نوێکانی سەردەمی دەگەڕێنێتەوە، خوێنەری خۆی پەلکێشی ناو تێزی چوارەم دەکا. تێزی چوارەم بەم شێوەیە خۆی فۆرمولێزە دەکا: گشت پێناسەیەکی فەلسەفە پێویستە لە سەفسەتە (سوفیستری) جیا بکرێتەوە[١٩]. ئەم تێزە ڕەنگە مەزنترین تێز بێ لای بادیو (ئەڵبەتە لای منیش). چونکە بادیو بەهۆی ئەم تێزەوە دەیەوێ بەوە بگا کە فەلسەفە هەمووی بریتی نییە لە فەلسەفەی سوفستایی. ئەم ترسەی بادیو لە فەلسەفەی سوفستایی گەلێ ڕووی هەیە یەک لەوانە، کە ڕووە هەرە سەرەکییەکەی ئەو ترسەیە، ئەوەیە کە، واتای ڕاستی وەک بابەتێک بۆ فەلسەفە لە لایەن سوفیستاییەکانەوە فەرامۆش دەکرێ. ڕەنگە لە ڕووەکانی تری ئەم ترسە ئەوە بێ کە بادیو فەیلەسوفە سوفستاییەکان بەوە دەچوێنێ کە بەرهەمهێنەری بیری ناڕوونن. من پێش ئەوەی بێمە سەر گفتوگۆکردنی تێزی چوارەم پێم خۆشە چەند سەرنجێ لەسەر ئەو ترسەی بادیو لای خوارەوە بەکورتی بەردەستی خوێنەر بخەم.

بادیو پێی وایە فەلسەفەی سوفستایی فەلسەفەیەکە لە ئەمڕۆدا دەژی. ئەمە



تا ئەوپەری ڕاستە. ئەمە بۆ من مانای ئەوەیە کە مەترسی لە بەردەم تێکدانی واتای فەلسەفەدا زۆرە. دۆکتورینی (باوەڕی) کۆتاییەکان کە بەرهەمی فەلسەفەکردنی بیریارە بەتایبەت فەرەنسییەکانە و، بەتایبەتیش بیریارەکانی پاش سالانی ١٩٦٠کانە، کۆڵەکەی ئەو فەلسەفە هیچگەرایەشە کە ئەمێستا لە زۆربەی نێوەندە فەلسەفییەکاندا دەخولێتەوە. فەلسەفەی سوفستای نوێ کە سەرچاوەکانی جۆراوجۆرە پەناگەیەکیشە بۆ ئەو بیرۆکە فەلسەفییانەی کە بیری فەلسەفی ڕووخێنەر و داکەوتووانە بەخێو دەکەن. من بۆ خۆم ئەمە بەکێشە لە قەڵەم دەدەم. چونکە یەک لەو بیرۆکانەی کە من بەبیرۆکەی کۆتاییەکانی ناو دەنێم ئەو یەکگرتنەوەیەیە کە لە نێو واتای کۆتایی فەلسەفە و کۆتایی ڕاستیدا لە نێو فەیلەسوفاندا لە گشتاندندایە. ئەمە کە موسیبەتێکی فەلسەفییە گەورەترین ئەستەمیش لە بەردەم پرۆسەی فەلسەفاندندا، دادەنێ. فەلسەفاندن کە ئەمێستا بەبیرۆکە ناڕوون و ناکاریگەرەکانەوە گلاوە هیوای لە بەردەم فەلسەفەدا تەسک کردووەتەوە. فەلسەفەی ڕۆژئاوا کە لە ئەمڕۆدا سوفستایەتیی پێوە دیارە، فەلسەفەیەکی، بادیو وتەنی، ئەنتی ئەفلاتوونیشە. وەلێ بادیو ناوەڕۆکی ئەو فەلسەفە سوفستاییە یان ئەنتی ئەفلاتوونییە لە چەند دیاردەیەک قەتیس دەکا کە ڕەنگە بەرچاوترینیان ئەمانە بن: یارییە زمانەوانییەکان، هەڵوەشانەوەگەری، بیری لاواز، بیری جیاوازی، داڕمانی عەقڵ و.. هتد. ئەوەی بەلانی منەوە جێی تێڕامانێ پڕە ئەوەیە بادیو ناوی هەندێ بیریاری سوفستایی نوێ دەبا کە بەشێکیان فەرەنسی نین، لەوانە فەیلەسوفی نیچەگەرا و هایدگەرای ئیتالی، گیانی ڤاتیمۆ، هەروەها فەیلەسوفی پراگماتیستی نوێی ئەمەریکی، ڕیکارد ڕۆرتی و ئەڵبەت پێش ئەمانەش فەیلەسوف و لۆژیکەری نەمساوی ڤیتگنشتاین. ڕاستە بادیو تاو ناتاوێ باس لە ڕۆڵی فەلسەفەی پۆست مۆدێرن وەک فەلسەفەیەکی سوفستایی دەکا، بەڵام ئاشکرایە مەبەستی سەرەکی لە ناوزەدکردنی ئەم واتایە فەیلەسوفی فەرەنسی ژان فرانسوا–لیۆتارە. لە هەمان کاتیشدا دەکرێ ئەوەش بیر بخەینەوە کە بادیو بەهیچ جۆرێ لەم نووسینە ناوی دێریدا ناهێنێ، بەڵام

ئەوەی نەختێ شارەزای فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی بێ، دەزانێ کە کێ واتاگەلێکی وەک هەڵوەشانەوەگەری و جیاوازیی خستووەتە سەر خەرمانەی فەلسەفەی فەرەنسیی، ئەمڕۆوە. پاشان کاتێ کە بادیو ڕەخنە ئاراستەی مۆدێلی بیرکردنەوەی فەلسەفەی سوفستایی دەکا، گلەیییەکی زۆر لەو فەیلەسوفانەش دەکا کە بیری سست و پووچیان لە ڕێگەی تیۆرییەکانیانەوە هێناوەتە ناو فەلسەفەی هەنووکەوە. ئەو فەیلەسوفانە کە بەمەزەندەی بادیو فەیلەسوفهای سوفستاین پێویست دەکا ""کۆمار"" و ""سیمپسیۆم""یان[٢٠] سەرلەنوێ بۆ بنووسرێتەوە. ئەم دیتنەی بادیو دەرهاوێشتەی ئەو دۆزەیە کە فەلسەفەی نوێ لە ئەمێستادا تێی کەوتووە. ئەم بانگەشەیەی بادیو بۆ نووسینەوەی ئەو دوو کارەی ئەفلاتوون مانای ئەوەیە کە تا ئێستاش سوفستاییەکان، پرۆتۆگۆراس و جۆرجیاس، لە ژیاندان.

بەڵام ئەوەی پێوەندیی بەتێزی چوارەمی بادیوەوە هەیە، ئەوەیە کە واتای ڕاستی بۆ سوفیستاییەکان واتای سەرەکی نییە. ئەم سێرکردنەش بادیو بەرەو لقێکی تر لە تێزی چوارەممان دەبا کە بەمجۆرە دایدەڕێژێ: کاتیگۆری ڕاستی کاتیگۆرییەکی سەرەکییە. ئەم جۆرە دانپیاهێنانەی بادیو بەڕاستی بەڵگەیە لەسەر نا–سوفستایی بیری فەلسەفیی ئەم بیریارە فەرەنسییە. نا–سوفستایی بادیوش بەخۆی مانای ئەوەشی تێدا بەدی دەکرێ کە ئەم بیریارە تا ئێستاش ئەفلاتوونییە. ئەم ئەفلاتوونییەتەی بادیو لە ناو ئەو فەلسەفەیەی ئەمرۆ لە فەرەنسادا باڵادەستە شتێ باو نییە. بەڵکو ئەوەی باڵادەستە پێچەوانەکەیەتی. واتە فەلسەفەی قوتابییەکەی (لێرەدا ئەرستۆتالیس) ئەفلاتوون. بەگشتیش لە سەدەی ڕابردوودا، فەلسەفەی فەرەنسی بەزۆری ئەرستۆتالیسی بووە وەک لەوەی ئەفلاتوونی بێ. ڕەخنەکانی بادیوش زۆر جار پێ دەچێ لە هەندێ لە کارەکانی لە لاکان و دولۆز هەر بۆ ئەم مەسەلەیە بگەڕێتەوە. واتە ڕەخنەکانی بادیو کە بناغەی ئەفلاتوونیان پێوە دیارە ئاراستەی ئەرستۆتالیستی ئەو بیرمەندانە دەکرێ کە زەمینەی تری فەلسەفیان بۆ وتاری فەلسەفی ڕۆژئاوا ڕەخساندووە. ئەگەر بەهەڵە لە بادیو تێ



نەگەیشتووبێتم دەکارم بڵێم ئەو زەمینەیە زەمینەی نا– ئەفلاتوونییە. ئەو زەمینەیەش ئەوانە هێناویانەتە گۆڕێ کە دژە – ئەفلاتوونین.

وەکی دیش، دەشێ بوترێ کە فەلسەفەی ئەفلاتوون لە فەلسەفەی ئێستای ڕۆژئاوا و بەتایبەت فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی ئەو کاریگەرییەی نییە و، بگرە تەگەرەی زۆریش لە بەردەم گەشەی ئەم جۆرە فەلسەفەیە لە نێو فەیلەسوفانی فرانکفۆنی نوێدا، ڕۆ نراوە کە بەخۆی دەبایە وا نەبایە چونکە ئەم فەلسەفەیە (واتە فەلسەفەی ئەفلاتوون) لە ڕۆژئاوا بەردی بناغەی فەلسەفاندن بووە. بەڵام هۆی ئەوەی کە فەلسەفەی فەرەنسی فەلسەفەیەکی نا– ئەفلاتوونییە، ئەوەیە کە ئەو جۆرە مۆدێلە فەلسەفییانەی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا لە نێو فەیلەسوفانی نوێی فەرەنسی کاریگەر بوونە بەرهەمی تێڕامان و هزرینی فەیلەسوفە ئەنتی ئەفلاتوونییەکان بوونە بەتایبەت نیچە، هۆسرەل و هایدگەر. هەروەها ئاراستەی نا–ئەفلاتوونی، کە لە ناو فەلسەفەی نوێی فەرەنسیدا لە ژێر ناوی وەک هەڵوەشانەوەی میتافیزیک باو بووە، پاڵنەرێکیش بووە بۆ کۆتایی هێنان بەڕۆڵی عەقڵ و مێژوو و ئایدیۆلۆژیا و ئەمجار واتای وەک ڕاستییش. کەواتە دەشێ لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەم کە تەشەنەسەندنی فەلسەفەی ئەنتی میتافیزیکیش لە فەرەنسا هەر بۆ کاریگەریی بیر و هزری ئەو فەیلەسوفانە دەگەڕێتەوە کە کاریان لەسەر هەڵوەشانەوەی فەلسەفەی میتافیزیکیی ئەفلاتوون کردووە. بەڵام هەندێک ڕۆشنفکری فەرەنسی و غەیرە فەرەنسی بەمجۆرە ناڕواننە ئەم مەسەلەیە. مەبەستم ئەوەیە هەندێک نووسەر و ڕووناکبیری ڕۆژئاوایی پێیان وایە درەختی فەلسەفەی فەرەنسی کە لەم دواییە، سەوز و بەردار بووە، هی ئەوە بووە کە دەستەبژێرگەلێک کاریان تێدا کردووە کە هزرەڤان و بیریارگەلێک بوونە (لیۆتار، بۆدریار، لیڤی _ شتراوس، بارت، دۆلۆز، فوکۆ، دێریدا و.. هتد) کە دوژمنی سەرسەختی پرۆژەی میتافیزیکیی ڕۆژئاوا بوونە. بەڵام بۆ کەسێ وەک بادیو، ئەوەندەی لەم بیرمەندە حاڵی بووبێتم و بەپێی نووسینەکانیشی بێ، خۆی لەو دەستەبژێرەی ناویان لای سەرەوە هات، جیا دەکاتەوە و ڕەخنەی خۆشی لە شێوازی ڕاڤەکردن و

هزراندنەکانیشان هەیە.

ئەو دەستەبژێرە، کە پێ دەچێ بادیوش وا تەماشایان بکا، لەوە بوونەتەوە مرۆڤ لە نووسینەکانیاندا ڕاستی وەک واتایەکی سەرەکی ببینێتەوە و، تەنانەت ئەمانە دۆزێکی فەلسەفیی ئەوەندە جیاشیان بۆ فەلسەفاندن ڕەخسان کە تا بلێی ناپێویست و ناگرینگ بوو. بەڵام ئەم لایەنە نەبووە هۆی ئەوەی بیر و هۆشی فەلسەفی و ڕووناکبیری ئەم دەستەبژێرە بەجۆرێ گڵۆباڵ ڕەت بکرێتەوە. کە بەخۆی دەبایە ئەمە بکرێ. مەبەستم، لەبەرئەوەی کێشەکان لە دەوروبەرماندا لە زیادبووندان و تا بشڵێی هەڕەشەئامێزن دەبایە هزرڤانە هاوچەرخەکان کار بۆ لە گەڕخستنی ئەو بیرزا و تەماشاکردنانە بکەن کە هەرگێزاو هەرگێز بەبەرژەوەندی مرۆڤایەتی ناگەڕێنەوە. ڕەنگە ئەم ڕەتکردنەوەیە لە زۆنی ڕووناکبیری و فەلسەفەی فرانکفۆنیدا نەکرابێ، بەڵام دەرگا داخستنی بەشێک لە زانکۆکان، لەوانە ڕووناکبیرانی کامبرج و گەلێک لە شا ڕووناکبیرەکانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، هەوڵێک بووبێ بۆ فەرامۆشکردنی نەریتی فەلسەفی و هزریی ئەو دەستەبژێرەی لای سەرەوە ناودێر کرا.

ئەم لایەنەی من لای سەرەوە ورووژاندم، کە بابەتێکی ڕووناکبیری قووڵە، کێشەی نێوان دوو نەریتی فەلسەفی و ڕۆشنفکریی گڵۆباڵیش دێنێتە پێشەوە، کە ئێرە شوێنی نییە. بەڵام لەبری ئەوە دەگەڕێمەوە سەر ئاخاوتنی تێزەکانی بادیو. هەر لە هەمان کاتدا، دەبێ ئەوەش بدرکێنم کە ئەو لایەنەی لای سەرەوە، ئاخاوتنی لە بارەوە کرا، ئاراستەی نووسینەکە بەرەو باس لە تێزی پێنجەمی یان دوا تێزی بادیوش دەبا. ئەو دوا تێزەش بەم شێوەیەیە: فەلسەفە شیاوە. ئەم تێزە کە بێ سنوور فەلسەفەئامێزە یان دۆستایەتییەکی بێ ڕادەی لەتەک فەلسەفەدا هەیە لقێکی تری لەسەر دەستی بادیو لێ دەکەوێتەوە کە ئەم ئاراستەیە لە داڕشتن وەردەگرێ: فەلسەفە پێویستە(٢١).

من بەش بەحاڵی خۆم وا هەست دەکەم ئەم دوا تێزەی بادیو، مانایەکی زۆری بۆ ناسنامەی تێکڕای نووسینەکەی "گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی، هەبێ. چونکە



ئەم بیریارە بەم تێزە بەرەو ئەو بینینەمان دەبا کە کردەی فەلسەفەکردن تا هەنووکە شیاوی لە بەردەمیدا ماوە، هەروەها ئەم شیاوییە کە دەکرێ بەدیهێنانی ئامانجەکانی فەلسەفەی تێدا ببینرێتەوە بۆ ئەمێستا پێویستە. ئەوەی کە فەلسەفەکردن پێویستە شایانی تێڕامانێکی گەورەیە. هۆی ئەوەش زۆر بەکورتی ئەوەیە کە دۆزی مرۆڤایەتی لە ئاستێکی ئەوتۆدایە لە توانایدا نییە پشت لە فەلسەفە بکا. تەنانەت پرسی ئەوەش کە فەلسەفە شیاو و پێویستە بۆ بادیو پرسی نە مێژووە و نەش ئایدیۆلۆژیا، نە کۆمەڵناسیی سیاسییە و نەش ئیپستمۆلۆژیا (تیۆری زانین)، ئەڵبەتە پرسی جوانکاریش نییە. ئەدی ئەم پرسە دەبێ پرسی چی بێ؟ بەقەولی بادیو ئەم پرسە پرسی فەلسەفە خۆیەتی(٢٢). ئەم پرسەش کە پرسێکی ئەفلاتوونییە پرسێکی نا-سوفستاییە. دیاریشە ئەم پرسە گەر پرسی ئەفلاتوونی نەبایە نە دەبوو بەپرس لای بادیو و نەش ئەو پرسە بۆ بادیو پرسە کاتێ کە پرسەکە پرسی فەلسەفە خۆی نەبێ. واتە خودی فەلسەفە خۆی نەک شتێ دی بابەتی دێباتی فەلسەفیی بادیوە. هەر بۆیەشە بادیو نووسینەکەی ناو ناوە گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی، واتە خودی خۆی نەک شتێکی تر. چونکە مەسەلەکە خولانەوەیە لە بازنەی فەلسەفە خودی خۆی، نەک مێژوو، یان کۆمەڵناسی یاخود تیۆری زانست. ئەم جەختکردنەی بادیو لە فەلسەفە، لە گەرانەوەی بۆ خودی خۆی، لە لایەک بۆ من، پایەدارکردنی فەلسەفە دەگەیەنێ و لە لایەکی تریش ئەو مرازە دەپێکێ کە کردەی فەلسەفاندن لەسەری دەوەستێ. ئاخر کردەی فەلسەفاندن، مەحاڵە گەر فەلسەفە خۆی نەبێ و فەلسەفەش خۆی نابێ تا خۆی نەناسێ و، خۆشی ناناسێ تا ئەو حەلەی بۆ خودی خۆی نەگەڕێتەوە. بۆ ئەوەی فەلسەفە خۆشی بێ دەبێ لە خۆیدا پشکنین، بەبۆچوونی من، ئەنجام بدا. کەوا بوو، ئەوەی کە فەلسەفە بۆ خودی خۆ بگەڕێتەوە پێیداگرتنی دییە لەسەر تێڕامانی فەلسەفە لە بوونی خۆی. ئەمەش کە فەلسەفەکردن پێوەست دەکا بەماهیەتی خۆیەوە، بوار یان شیاوی لە بەردەم فەلسەفاندنیشدا فەراهەم دەکا. ئەو دەمەش کە فەلسەفاندن شیاوی لە بەردەمدا دەکرێتەوە، مەترسیی ئەوە لە بەین

دەچێ کە واتای ڕاستی نەبێ، بەبابەتی فەلسەفە یان هزر و هۆش توانای ئەوەی نەبێ، بەشداری لە دروستکردنی گۆڕانی بنەڕەتیدا نەکا. ئەوەش کە لای سەرەوە پێم لەسەر داگرت، ئەوە بوو کە لێک ئالان و تێهەڵکێشییەک لە نێو تێزەکانی هەردوو تێکستی"" مانفێست"" و ""گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی""دا دەبینمەوە.

سەرەڕای ئەوەی پێشتریش وترا، دەکرێ بەکورتی دەست بۆ ئەوەش ڕاکێشم کە من لای سەرەوە، هەندێک تێزی بادیوم خستە ڕوو و بەدەم خستنە ڕووشیانەوە برێک گفتوگۆم کردن، جا بۆ من ئەو لایەنە زێدە ناواخن پڕە کە فەیلەسوف تێز بەرهەم بهێنێ. چونکە تێز بەرهەمهێنان کە ئاسۆی ڕاڤەکردن سەرلەبەر دەگۆڕێ لە هیچەوە نایەتە کایەوە. گەلێ لەو نووسینە فەلسەفییانەش کە پاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە گوڕ و تینیان هەر لە بەرزبوونەوەدایە، هۆیەکەی تەنیا ئەوەیە ئەو نووسینانە تێزگەلێکیان پێشنیار کردووە کە برەوی خۆیان هیچ وەخت لەدەست نەداوە. بەڵام گرفتی هەرە گەورەی هەندێ تێز زۆر جار دەشێ لەو خاڵەدا بەرجەستە بکرێ کە ئەو تێزانە دەرگا لەو شیکردنەوە و بینینانە دەکەنەوە کە لەگەڵ دۆخی مرۆڤی ئەو دەمە ناگونجێ کە تێیدا بەرهەم هاتوون یان بەشێ لەو تێزانە بۆچوونگەلێ بەرەو پێشەوە دەبەن کە زیان لە موراڵ و ئەرکی مرۆیی فەلسەفە دەدەن. من ناخوازم لێرەدا دەرگا لە شیکردنەوەیەک بخەمە سەرپشت کە بواری باسکردنی ئێرە نییە بەڵام پتر دەخوازم ئەوە ژێر سەرنج و ڕەخنە کە لەم ڕووەوە پێوەندیی بەبادیوەوە هەیە. خوێنەری باسەکەی بادیوش بێ پێچ و پەنا لەوە دەگا ئەم فەیلەسوفە دەیەوێ شیاوی لە بەردەم کردەی فەلسەفەکردندا ڕەوا بکا و خەسڵەتی فەلسەفەش لەوەدا کۆ بکاتەوە کە فەلسەفە پێویستە. پێویستییش بۆ فەلسەفە، تەنێ لای فەیلەسوف شتێکی دەرک پێ کراوە. بەڵام ئەوەی کە فەلسەفە پێویستە بەری فەلسەفە خۆیەتی. پەردە هەڵماڵینیش لەسەر ئەو ڕاستییە کە فەلسەفە پێویستە ڕۆحێکی نوێ بەبەر فەلسەفە دەکا. وەکی تریش لەم بۆچوونەدا سنوور بەزاندێک بەدی دەکەم کە گرنگیی خۆی هەیە. گرینگییەکەشی، لام وابێ



خوێنەر بەباشی لێم دەگا، پێوەندی بەدۆزی فەلسەفە، یاخود بەکردەی فەلسەفەکردنی هاوچەرخەوە، هەیە. فەلسەفەی ساتەوەختی ئێستا کە بەزۆری بانگەشە بۆ بیرۆکەی کۆتایی دەکا لە بەردەم ئەم تێزەی بادیودا، دۆش دادەمێنێ. ئەوەندەی منیش ئاگەدار بم ئەوەی کە فەلسەفە پێویستە لە دیتنی بادیودا شێوە ڕاڤەکردنێکی تایبەت بەخۆوە دەگرێ. شێوە ڕاڤەکردنەکەش پێوەندیی بەو هەلومەرجانەوەیە کە بادیو لە بەردەم فەلسەفەدا دایدەنێ کە بەخۆی ئەو هەلومەرجانەن کە لە پێکهێنانی فەلسەفەدا بەشدارن.

لێرەوە دەشێ بوترێ شیاویی فەلسەفەکردن بۆ بادیو هەلومەرجدارە. کەواتە فەلسەفە ئەو دەمە هەیە دواتریش مۆرک بەجێ دێڵێ کە هەلومەرجەکانی لە ئارادا بن. ئەو هەلومەرجانەش کە ئەو چوار پایەیەن کە لای بادیو فەلسەفەی لەسەر وەستاوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەوی تر گۆڕانی دێتە سەر. چونکە هەر خۆی بادیو ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کۆمەڵگە هەیە ماتماتیکی بەخۆوە نەبینیوە یان هونەر تێیدا وەزیفەی پیرۆزکردنە (تقدیس)، پاشان کۆمەڵگەی واش هەیە کە خۆشەویستیی تێیدا ونە، تەنانەت کۆمەڵگەش هەیە لەبەرئەوەی سستمی سیاسی تێیدا باڵادەستە، داهێنانی سیاسی تێیدا نەڕسکاوە. بۆیە ئەم هەلومەرجانە سەختە هەر هەموو پێکەوە لە کۆمەڵگەیەکدا ئامادە بن[٢٣]. ڕەنگە ئەو مەسەلەیەش، واتە ئەوەی کە شیاوییەکان هەر هەموو وەک یەک و لە یەک شوێندا ئامادە نەبن، مانای خۆی بۆ ئەوەش هەبێ کە شارستانییەتەکان، وەک یەک بەرهەمهێنەر نەبن. ئەمەشە تا ڕادەیێ وای کردووە ڕەنگی فەلسەفیی ئەزموونێکی کولتووری لەوی دی نەکا و ڕەوشی فەلسەفەکردنیش لە شارستانییەتێکەوە بۆ ئەوی تر جۆراوجۆر بێ. کەواتە ڕەنگرێژکردنی فەلسەفەی مرۆڤایەتی بەیەک ڕەنگ و بەیەک فڵچە، ئاکامی هەڵە و دەستکەوتی نادروست دەخاتەوە کە ڕەنگە یەک لە ڕووەکانی ئەو کێشەیە، ئەوە بێ شیاویی جیاوازیکردن لە نێوان فەلسەفەکاندا لە بەین چێ. من ئەو گریمانەم زۆر پێ تەواو و پەسندە کە خۆی لەسەر ئەو تێگەیشتنە دروست دەکا کە پێی وایە فەلسەفەکان لێک ناچن. بەڵام ئەوەی کە فەلسەفەکان لێک ناچن نابێ بەهەڵە

لێک بدرێتەوە. فەلسەفەکان لێک ناچن چونکە جیاوازیی نێوانیان پێوەندیی بەجیاوازیی شێوەی تێژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە. شێوەی تێژیانی مرۆڤەکان واتە جیاوازی سیستمی دەسەڵات، جیاوازی پێوەندیی نێوان نێر و مێ یان ئەوەی بادیو ناوی دەنێ خۆشەویستی هەروەها جیاوازی لە گەشەی تیۆریی زانست تا دەگاتە ئەو جیاوازییەی لە نێوان کولتوور و شارستانییەتەکاندا سەبارەت بەئەزموونی جوانکاری و داهێنانی هونەری لە ئارادایە. وەک دەشبینین لە ئێستادا نە دەسەڵاتە سیاسییەکان لەیەک دەچن و، نەش ئەزموونەکانی ئەوینداری هەروەها نە نەشونمای تیۆری زانین لە ئەزموونی کولتوورییەوە بۆ ئەوی تر وەک یەک وایە و نەش ڕادەی پەرەسەندی شیعر و هونەر. ئەمە بەخۆی نموونەیەکی زەقە لەسەر ئەوەی، بۆ فەلسەفەی شارستانیی یۆنانی لە ئەزموونی شارستانیی هیندی یان چینی ناکا، هەروەها بۆ گشت مرۆڤایەتی وەک یەک خولیای فەلسەفە نین و کاریگەرییان لەو بوارەدا هاوڕەنگ نییە. ئەوەی فەلسەفەکان هاوڕەنگ نین، خەوشی خۆی هەیە، بەڵام لە داهاتوودا فەلسەفە ئەگەر بیەوێ دەکارێ ئەم خەوشە نەهێڵێ. بەڵام ئەمە دەخایەنێ و مەسەلەی شەو و ڕۆژێ نییە. خۆی لە ڕاستیدا بادیو باشی بۆ چووە کە گشت ئەو هەلومەرجانە کە شیاوی لە بەردەم فەلسەفەکردندا دەکەنەوە، لە یەک شوێن ڕەنگ نییە بوونیان هەبێ. بەڵام هەمووشمان دەزانین کە دۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی یۆنانی کۆن تایبەت بووە و ئەم تایبەتییەتەش مانای خۆی بۆ هاتنە دنیای فەلسەفە لەم ناوچەیە یان کۆمەڵگەیەدا دیوە. حەتمەن ئامادەگیی ئەو هەلومەرجانە تێکڕا و پێکەوە متمانە لە بەردەم ڕسکانی بیری فەلسەفیدا بەباشی ساز دەکەن و لەم ڕووەشەوە ئەزموونێکی کولتووری وەک یۆنانی کۆن نموونەیە لەسەر بەرجەستەبوونی ئەو هەلومەرجانە لە یەک کات و شوێندا و، مرۆڤ دەکارێ درێژەی ئەو ڕووداوە لە کارەکانی ئەفلاتووندا بۆ نموونە بیبینێتەوە. من دەزانم بیری فەلسەفیی ئەفلاتوون، سامی خۆی لە بیری فەلسەفیی بادیودا داکوتیوە بەڵام ناشکرێ، خوێنەری ئەم باسە لەوە نەگا کە ئەفلاتوون بەخۆی ئەو هەلومەرجانەی وەک



خۆی لە فەلسەفەدا بەرجەستە نەکردووە. پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە کرۆکی زۆربەی سێرکردنەکان بۆ شیاوی فەلسەفە لەو گوزارەیەدا بەرجەستەکەم کە خۆی لە دروشمێک حەشار دەدا کە لەسەر دەرگای ئەو ئەکادیمیایە هەڵواسرا بوو کە ئەفلاتوون لە کاتی خۆیدا دروستی کرد. گوزارەکە کە دروشمی ئەکادیمیاکە بوو بەمجۆرە بوو: ئەوی ماتماتیکی (بیرکار، ڕیازی) نییە، بۆی نییە بێتە ژوورەوە. ئەم گوزارەیە کە کاردانەوەی خۆی هەبوو، بەڵام مەرجێکیش بوو کە لە گشت کەسێکدا ئامادە نەبوو. بەڵێ تا ئێستاش ئەو دەربڕینە بۆ بیرمەندان پرسیارهێنەرە، بەڵام تایبەتمەندێکیشی بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوون مسۆگەر کرد. گەر تەماشای کارەکانی ئەفلاتوون بکەین دەبینین شێوە فەلسەفەکردنێکی ئەوتۆی تێدایە کە لەو دروشمەوە دەقاودەق نزیکە کە بەسەر دەرگەی ئەکادیمیاکەیەوە هەڵواسرا بوو. بەڵام ئەم دروشمە وەکی تر ئەوە ناگەیەنێ کە ئەفلاتوون پشتی لە داهێنانی سیاسی یان ڕۆڵی دەسەڵات و کۆمەڵگە کردبێ. ڕاستە ماتماتیک مەرجە بۆ فەلسەفە، بەڵام ئەفلاتوون لە کارە سیاسییەکانی کە سەبارەت بەڕێکستنی شار نووسیویەتی سەرنجێکی زۆر دەخاتە سەر سیاسەتوان، بەڵام ئەفلاتوون لە هەمان کاتدا لە هەندێ کاری تردا (بۆ نموونە، لە کۆماردا) بەئاشکرا شاعیران شاربەدەر دەکا. بۆ ئەم (واتە ئەفلاتوون) شاعیران ناتوانن زانین بگەیەننە ئاستێکی هزری. کەواتە هزراندن لای ئەفلاتوون مەرجی خۆی هەیە کە پێ دەچێ لای شاعیران ئەوە دەست نەکەوێ. بەڵام دەبێ چوارچێوەیەکی (ستاتۆسێکی) سیاسی لە گۆڕێدا بێ تاوەکو فەلسەفە بەرهەم بێ. کەواتە سیاسەت بەبۆچوونی ئەفلاتوون مەرجە بۆ فەلسەفە، یان هیچ نەبێ بۆ ئەوەی زانین بگاتە ئاستی هزری. من لەم حاڵەتەدا خۆم لە بەردەم هەندێک وێنە و سێرکردنی تردا دەبینمەوە کە لای خوارەوە ڕوودەستی خوێنەری دەخەم.

لام وایە خوێنەری ئەم نووسینە ئەوەی لا پەردەپۆش نییە کە فەلسەفە لە پاش ئەفلاتوون پێوەندیی بەشیعرەوە گرتووە. بەرچاویترین نموونەش شیکردنەوەکانی هایدگەر بووە، بۆ شیعرەکانی هۆڵدرلین و چەند شاعیرێکی

تری ئەڵمانی. ئەم تەوژمەش درێژەی کێشا تا کار گەییییە ئەوەی هەندێک لە قوتابییەکانی هایدگەر، لەوانە دێریدا، فەلسەفە بەسەر شاعیرانەوە بکا (سیلان). بەڵام کۆششی هەریەک لەو دوو بیریارە و ئەو بیریارانەش لەسەر ڕێچکەی ئەوان پێوەندییان لە نێوان فەلسەفە و شیعردا، دروست کردووە، پێوەندییەکی زۆری بەدۆزی مرۆڤی سەردەمەوە هەیە. من نامەوێ هیچ جۆرە بینینێک لەسەر ئەم پێوەندییە هەڵچنم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە گشت سەردەمێک جۆرە فەلسەفەکردنێکی تێدا بەدی دەکرێ کە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی ئەو کەسانەیە کە فەلسەفە بەسەر بوون و دەوروبەرەوە دەکەن. واتە گشت سەردەمێک لە خۆیدا دۆزێک لەبارە، بۆ هێنانە دنیای فۆرمێک لە فەلسەفەکردن، بەڵام ئەم جۆرە لێکدانەوەیە، مانای ئەوە نییە فەلسەفەکردن ئاساییە ڕەوتی نادروست و نارەوا وەرگرێ. بۆیەشە وا دەڵێم چونکە بەهەڵە فەلسەفەکردن گەرای خۆی لە ناو فەلسەفەدا کەم تا زۆر داناوە و دەرئەنجامی تا بلێی بەدیشی خستووەتەوە. ئەمەو من هەرگیز پێم وا نییە فەلسەفە، کە شتێ نەگۆڕ و جێگیر نییە، کاری ئەوەی بۆ بکرێ لە پیشەی مرۆیی خۆی دوور بخرێتەوە بەڵام ئەوەش کە فەلسەفە شتێکی نەگۆڕ و جێگیر نییە، نابێ بەرەو ئەو دیتنەمان ببا کە فەلسەفە بۆی هەیە بۆچوون لەسەر شتی بێ بناغە و بێ ئامانج هەڵچنێ. ئەمە دەکرێ بکرێ بەڵام بەزیانی فەلسەفە دەگەڕێتەوە کە ئەوەش کاریگەریی بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە. ئەو دەمەش فەلسەفە لەسەر بناغەی شتی بێ ئامانج و بێ کەڵک دادەمەزرێ، ئەمە کارێکی وا دەکا فەلسەفە، مرۆڤ ڕووەو شوێنێک ببا کە دەربازبوون لەو شوێنە ئەستەم و دژوار بێ.

بۆ ئەوەی بێمەوە سەر ئەوی پێش ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە وەسەرەتای هاتم دەڵێم: ئەوی بۆ من هەر لە سەرەتاوە زێدە سەرنجڕاکێشە کە دەمەوێ دەستی بۆ ڕاکێشم باسکردنی ئەو داخوازییەیە کە ئەفلاتوون لەسەر قوتابیانی ئەکادیمیاکەی هەیبووە کە بەخۆی جۆرە پابەندبوونێکی سوکراتی تێدا بەدی دەکەم. جەختکردنی سوکرات لەسەر لۆژیک و دیالۆگ و عەقڵ پشتیوانیبوونە



بۆ ئەفلاتوون کە پشت بەسەلمێنە و بەڵگە ببەستێ. هەروەها پشتکردنی ئەفلاتوون لە هونەر و یان شیعر و دواتر لە هەستە فەلسەفییە دیۆنیزۆسییەکان و بەتێگەیشتنی من، کۆششیبوونە بۆ کەمکردنەوە لە دەسەڵاتی ئەوی سەرچاوە لە ئاوەز و هزرەوە هەڵناگرێ. ڕاستە ئەو مەرجانە، کە شیاویی لە بەردەم فەلسەفەکردندا قووت دەکەنەوە، بۆ بادیوش هەمان کێشی هەیە بەڵام ئەستەمە هەر هەموو بەسەر یەکەوە لە کات و شوێنێکدا شیاو بن. ڕەنگە هۆی سەرەکی پێداگرتنی بادیو لەسەر ئەو هەلومەرجانە (واتە: ماتماتیک، داهێنانی سیاسی، شیعر و ئەوین) لەبەرئەوە بێ کە ئەمانە لە ڕوانگەی ئەوەوە دروستکەری ڕاستین. سەرباری ئەوی وترا بێ بەها نییە لەمیانەی وتنەکانم، ئاماژە بەوەش بکەم کە بادیو وەک زۆربەی هەرە زۆری بیریارانی فەرەنسی بیریارێکی کۆنتنێنتاڵە، بەڵام ئەمە وای نەکردووە کە بادیو پشت لە لۆژیک بکا، هەروەها لۆژیک کە بناغەکەی ماتماتیکە (بیرکارییە) بادیو زۆرترین بایەخی دەداتێ. واتە ئەم بەپێچەوانەی زۆربەی بیریارانی فەرەنسی و بەتایبەت هاوتەمەنەکانی، کە گرنگییەکی زۆر بەفەلسەفەی نیچە – هایدگەری شێوەی وێژەئامێز و شیعرئامێز دەدەن، بایەخێکی زۆر بەبیرکاری دەدا. مەبەستم ئەوەیە، ئەم بایەخدانەی بادیو بەبیرکاری شتێکی دوورە لە کەلەپووری فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵی هاوچەرخی فەرەنسییەوە و بەڵام لاساییکردنەوەیەکی سادەی فەلسەفەی شیکردنەوەییش نییە. بیریارانی فەرەنسی و بەتایبەت ئەوانەی کە بادیو کردوونی بەسەرچاوەی بیری خۆی (بۆ نموونە ئاڵتویسێر، لاکان) و ئەوانەش کە بادیو ڕەخنەیان ئاراستە دەکا بەزۆری سەر بەو جۆرە کەلەپوورەن کە بایەخ بەبیرکاری نادەن. بەڵام ئەم نەریتەی بادیو (تێکەڵکردنی فەلسەفە بەماتماتیکەوە)، بەزۆری لە لایەن فەیلەسوفانی شیکردنەوەییەوە پیادە دەکرێ. فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی کە بایەخێکی زۆر بەلۆژیک دەدەن، بێ سنوور پێویستیان بەو پێکەوە لکاندنەی نێوان فەلسەفە و ماتماتیک هەیە. ئەو لایەنەش کە باسم لێوە کرد، واتە ماتماتیک، بەجۆرێکی ئەوتۆ کاریگەریی بەسەر هزراندنی بادیو هەیە کە ڕۆڵ نەک تەنیا لە دروستکردنی ڕاستیدا

دەبینێ، بەڵکو ماتماتیک بەجۆرێک لە فەلسەفەی بادیودا فۆرمولێزە کراوە، دەشێ بەهۆیەوە بوونیشی پێ ڕاڤە بکرێ. لەم بارەیەشەوە مواڤین دۆست، لەو دەروازەیەی بۆ وەرگێڕاوەکەی مانفێسێت بۆ سەر زمانی سویدی، نووسیویەتی وای بۆ دەچێ کە باس لە بوون و لە پرسیارە ئۆنتۆلۆژییەکان، بۆ بادیو بابەتی فەلسەفە نییە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بابەتی بوون فەرامۆش کراوە. نەخێر. بەڵکو بادیو لەبری ئەوە بایەخ بەبیرێکی ئاکسیۆماتیک دەدا کە بەخۆی مەسەلەیەکی ماتماتیکییە، تا ئەوەی فەلسەفی بێ. بۆیە ئەوەی پێوەندیی بەبۆچوونی بادیوەوە لە بارەی بوونەوە هەیە مواڤین دۆست بە میتا–ئۆنتۆلۆژیی ناو دەبا[٢٤].

بەڵام ئەو لایەنەی لای سەرەوە هانم دەدا سەرنجێکی تر بەر باس بخەم کە ئەوەش تایبەتە بەپێوەندیی بادیو بەئەفلاتوونەوە. بادیو بەتەواوەتی و دەقاودەق زمانحاڵی ئەفلاتوون نییە. چونکە لەو شوێنەی بادیو شیعر دەکا بەبناغە بۆ فەلسەفە، ناوبراو هەرگیز ئەفلاتوونی نییە. پێکهێنانی فەلسەفە لەسەر بناغەی شیعر ڕەتکردنەوەی ئەو کەلەپوورە فەلسەفییە ئاپۆلۆنییەیە (مەبەست ئاپۆلۆنە خواوەندی ئاوەز) کە دروستکەری ڕۆشنبیری فەلسەفی ئەفلاتوون و مامۆستاکەشیەتی (واتە: سوکرات). بەڵام ناکرێ ئەوە پشتگوێ بخرێ کە ئەوەی بادیو پشتگیری دەکا و دەشیکا بەبناغە بۆ پێکهێنانی کردەی فەلسەفی لەگەڵ داهاتنی تازەگەری گەیشتە ترۆپک. سەردەمی تازەگەری کە تەکنیکی نوێی داهێنا بوونمانی بەرەو ئەو شوێنە برد کە ئێستا وا تەمەنمانی تێدا بەسەر دەبەین. ئەو گازندە و ڕەخنانەش بادیو ئاراستەی بیریارانی پۆست مۆدێرنی دەکا بەم شێوەیە بێ ئاراستەی کەسانێکی دەکا کە پێچەوانەی تێزەکانی بادیو تێفکریون و یان فەلسەفەیان کردووە. مەگەر بیرۆکەی کۆتاییەکان بەرهەمی ئەو بیریار و نووسەرانە نییە کە ڕەخنەیان ئاراستەی زانینی تەکنیکاوی و ئەبستراکتی ڕۆژئاوا کردووە کە بەخۆی بەرهەمی بیرۆکە فەلسەفی و هزرییەکانی تازەگەرانی سەدەی هەژدەی ئەوروپایین. بیرۆکەی کۆتاییەکان، کە هەڵوێستەن لەسەر ئەو ئاستەی زانست و عەقڵ پێگەی، لە



لایەن بادیوە توانجی زۆریان ئاراستە دەکرێ. من کە لە درێژەی پرۆژەی ئەم نووسینە ڕەخنەی ئەندازیارانی ئەو بیرۆکانە دەکەم ڕەخنەی بادیوش دەکەم کە وەک فەیلەسوفی ماتماتیکەر تێما سەرەکییەکەی خۆی لەسەر ئەوە بنیات دەنێ کە دەشێ بەمجۆرە پوختە بکرێ: ئەوە ماتماتیکەرە (بیرکار) نەک فەیلەسوف گفتوگۆی پرسیارە ئۆنتۆلۆژییەکان دەکا. بەم شێوەیە بوون بابەتی دیراسەی ماتماتیکە نەک فەلسەفە[٢٥].

ئەو قسانەش کە بادیو سەبارەت بەمەرجەکانی فەلسەفە بەرچاومانی دەخا وا لە من دەکا ئەوە بەخوێنەر ڕابگەیەنم کە ئەو سێرکردنە من بەرەو ئەوە دەبا کە بەمجۆرە بپەیڤم: ئەو دەمە فەلسەفە دەکارێ لە چاخی خۆی بیر بکاتەوە کە ئەو هەلومەرجانەی لە پێکهاتنیدا بەشدارن، ئامادە بن. ئەم دیتنە کە شێوە دارشتنێکی تری تێزە سەرەکییەکەی بادیوە لە کتێبی مانفێست، من بەرەو دۆزێک دەبا بەمجۆرە بێمە گۆ: وەختێک فەلسەفە لە چاخی خۆیدا ئاکتیڤ دەبێ کە ڕاستی دەکا بەشاپرسی خۆی. بەڵام بەبۆچوونی بادیو ڕاستی بابەتی بەرهەمهێنانی فەلسەفە نییە[٢٦]. واتە ئەوەی کە ڕاستی شاپرسە، با جارێ لێی گەڕێین و لەبری ئەوە بچینەوە سەر مەسەلەیەکی تر، دی ئەوەش بەم شێوەیەیە: فەلسەفە ڕاستی بەرهەم ناهێنێ. ئا لێرەوە ئاڵۆزییەک دێتە پێشەوە کە پێویستی بەنەختێک ڕاوەستانە. من وای بۆ ناچم کە ڕاستی بوارێکی زێڕین نییە بۆ گەیشتن لە وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوا، بەڵام تێگەیشتنێکی مێژووییانە بۆ ڕاستی ڕەنگە تەلیسمی گەلێک لەو وتارانەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە گوزارشت لە بەسەرهاتی تیۆریی ئەزموونێکی کولتووریی تر دەکەن (لێرەدا مەبەست ئەزموونی کولتووریی ڕۆژئاوایە). ڕاستە یەکلاکردنەوەی گوزارشتەکان شتێکی زۆرمان لەسەر ئەو وتارانە و ئەمجار ئەو تێگەیشتنە مێژووییەش پێ دەڵێن، وەلێ پرسیاری ڕاستی بۆ بیریارانی ڕۆژئاوا هەمیشە لە کۆنتێکستی فەلسەفیدا و لە فۆرمی ناتاکشێوە ژێر ڕوونکردنەوە کەوتووە. گومانی تێدا نییە ئەو بیریارانە بەهەمان گوڕ و تینی یەکترەوە ئەو کارەیان نەکردووە. ئەوی سوکرات لە پێناو ڕاستی کردی، ناشێ بەوە بەراورد بکرێ کە

هایدگەر بۆ نموونە کردوویەتی یان ئەوی ئەفلاتوون لەو بارەوە کردوویەتی، ناشێ بەوە بەلەجیاتی بکرێ کە سوفستاییییەکان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا لە پێناو ڕوونکردنەوەی ڕاستی کردوویانە. سەرئەنجام دەشێ بوترێ، وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوا لەگەڵ هەموو ئەو کەموکوڕی و شپرزەییییەی پێوەی دیارە، بەڵام لە دوایین باردا توانیویەتی گوزارشتی خۆی لەمەڕ ڕاستی بەردەست ئەزموونە کولتووری و هزرییەکانی تر بخا، کە بەباوەری من ئەمەشە تێزە سەرەکییەکە کە وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوا خۆی لەسەر ڕاگرتووە. من لێرەدا مەبەستم لەو گوزارشتانە خستنە ڕووی گوزارشتە لەمەڕ دیاردە و ڕووداوەکان.

ناشێ ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە خوێنەر بەرەو ئەو تێڕامانە بەرێ کە گوایە من دەمەوێ لە ڕێگەی زێدە وزەبەخشین بەڕاستی وتارێکی میتافیزیکی تایبەت بەڕاستی، وەک واتای فەلسەفی قوت کەمەوە. چونکە ئەوە خودی ڕاستییە کە ئەو ڕێگەیە لە بەردەم توێژینەوەی فەلسەفی دەکاتەوە ئەوە بکرێ نەک سێرکردنەکانی من. بۆیەشە وا دەڵێم چونکە گشت هەنگاوەکانی بیریارانی پاش جەنگ لە ڕۆژئاوا هەر لە بنەچەوە بۆ ڕەتکردنەوەی وتاری میتافیزیکیی ئەفلاتوون تەرخان کراوە کە لەوێڕا ڕاستی، بەشێکی گەورەی ئەو ڕەتکردنەوانە پێک دێنێ. ئەمە و ڕوانینی میتافیزیکیانەی ئەفلاتوون بۆ ڕاستی، کە تا ساتەوەختی ئێستاش ڕووبەرێکی بەپیتە بۆ تێڕامان، دەکرێ وەک دەروازەیەکیش تەماشا بکرێ، نەک هەر بۆ پەیڤین لەسەر فەلسەفەی ڕاستی، بەڵکە بۆ پەیڤین لەسەر ڕاستیی فەلسەفەی ڕۆژئاواش. گفتوگۆی ڕاستی لە ڕووی فەلسەفییەوە کە خۆی لە دووبارەبوونەوەدا دەبینێتەوە نهێنییەکی زۆری فەلسەفیی تێدا بەدی دەکرێ کە توێژەرەوەی فەلسەفی دەکارێ لە ڕێگەیەوە پۆلێ یەکجار بەپیت بۆ گوزارشت لە بیری فەلسەفیی میتافیزیک بەگشتی بدۆزێتەوە. هەستیاریی واتای ڕاستی، وەک واتای فەلسەفی لەوێدایە کە یەکسەری دەمانباتەوە سەر مشتومڕی بابەتی میتافیزیک نەک شتی دی.

وێڕای ئەوی لای سەرەوە سەبارەت بەبابەتی ڕاستی لای بادیو وترا، دەمەوێ



خوێنەر ئەوەش ڕەچاو بکا، بوارگەلی بایەخدان بەبابەتی ڕاستی بۆ ئەم بیریارە ئەو بوارانەن کە فەلسەفەیان لێ پێک دێ (ماتماتیک، داهێنانی سیاسی، شیعر و ئەوین). وەکی تریش هەریەک لەو بوارانە، شوێنی گرینگی پێدانی بادیون بۆ قسە هێنانە پێشەوە لەسەر خود، ڕووداو و ڕاستی. ئەمەو پێم وایە خراپ نییە ئاماژە بەوەش بکەم لەبەرئەوەی بادیو لە نێو ڕووناکبیرانی فەرەنسی بەو چالاکییە سیاسییانەوە ناسراوە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠کان ئەنجامی داوە (بەتایبەت ماوەی ئایاری ١٩٦٨) ڕاستی لە چەند کردەیەکدا دەبینێتەوە، لەوانە کردەی سیاسی. بادیو کە ماوەیەک ماوی بووە، لە بواری فەلسەفەدا کاریگەریی نووسینە مارکسییەکانی بنەماخوازی فەرەنسی ئاڵتۆسێری بەسەرەوە بووە و تا ئێستاش بایەخێ زۆر بەسیاسەت دەدا. هەروەها بادیو کە ڕۆماننووسە و ئاوردانەوەشی بۆ شیعرەکانی پۆڵ سیلان و مالارمێ و شانۆگەرییەکانی سامویل بێکێت هەیە، شیعر یان هونەر، بەواتایەکی تر جوانکاری، بۆ ئەم فەیلەسوفە لە ژیانی واتای ڕاستیدا، کێشی خۆی هەیە. گەر ئەمە بێ، ڕادە و سنوور فەلسەفەکردن لای ئەم بیریارە و هەروەها ئەوانەش بن شوێنی کارکردنی فەلسەفە، شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە ناوبراو ئەوین لە فەلسەفە دوور نەخاتەوە. ئەوین بۆ ئەم بیریارە کە بواری گەڕانە بەدووی ڕاستیدا، ئەو شتەشە کە فەلسەفەی لێ پێک دێ. ئەمانە (داهێنانی سیاسی، ماتماتیک، جوانکاری و خۆشەویستی) کە بۆ بادیو ماهیەتی فەلسەفەیان پێک هێناوە، پێکهاتەی کردەی فەلسەفیشیان ڕاگرتووە. ئەم شێوە دیاریکردنەی بادیو بۆ فەلسەفە، گومانکردنە لەو بیرۆکەیەی خۆی لەسەر ئەو تێگەیشتنە دروست دەکا کە فەلسەفە بەرهەمهێنەری ڕاستییە. لە ئاکامی ئەو تێگەیشتنەی بادیو ڕەوایە، بەوە بگەم کە پێناسەکردنی فەلسەفە پێ دەچێ مانای خۆی بۆ ئەوە هەبێ کە لە قەوارەی فەلسەفە وەک ئەوەی هەیە، واتە وەک خۆی، بگەین. شارەزابوون لەسەر قەوارەی فەلسەفەش یارمەتیمان دەدا لە شیاوییەکانی فەلسەفە بگەین. ڕەنگە ئەو دەمەش فەلسەفە قەوارەی خۆی تێ دەپەڕێنێ شیاوییەکان ڕوو لە تێکچوون بکەن، یان بەلانی کەمەوە ئەمە کارێکی ئەوتۆ

دەکا فەلسەفە لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە. من تەنانەت پێشم وایە ئەوەی فەلسەفەی ڕۆژئاوای بەرەو بیرۆکەی کۆتاییەکان برد، تێکدانی ئەو قەوارەیە بوو کە فەلسەفە هەر لە دێرزەمانەوە بۆ خۆی چنی بووی. ئەم بۆچوونەم گەر زێدەتر شی بکەمەوە، دەتوانم بەمجۆرە بێمە وتن: من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ دوو شت دام کە ڕەنگە مانا و ناواخنیان زۆر لەیەکەوە نزیک بێ. یەکەمیان ئەوەیە کە فەلسەفە پێویستی بەسەرلەنوێ چنینەوە هەیە. دووەمیشیان ئەوەیە کە فەلسەفە پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە. بەڵام چۆن چنین و پێناسەکردنێک؟ لێرەڕا، ئەوەندە دەبێژم، ئەو سەرلەنوێ چنین و پێناسەکردنەوەیەی من مەبەستمە ئەوەیە کە وا لە فەلسەفە بکرێ لە لای ڕێخۆشکەر بێ بۆ پەیداکردنی زانین لەسەر شیاوییەکانی فەلسەفە و لە لایەکی تریش لەسەر سنوور و ئەرکی فەلسەفە. پێشم وایە ئێمە گەر لە شیاوییەکانی فەلسەفە نەگەین، مەحاڵە لە ئەرکەکانیشی بگەین. ڕاستە مەسەلەی ئەرکی فەلسەفە بەرەو ئەو دوو ڕێیانەشمان دەکارێ ببا کە بەمجۆرە گوزارشت لە خۆی دەکا: فەلسەفە چی پێ دەکرێ؟ خۆ ئاسایشە لێرەدا پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشم کە وەک پێویست ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە ئەوە چییە کە فەلسەفە دەکارێ بیکا؟ یان ئایا کار و پیشەی فەلسەفە ئەوەیە کە شت بکا؟ من لێرەدا بۆ ئەوەی وەڵامی تەنگەبەر و بەرتەسک بەردەست نەخەم، بەپێویستی دەزانم بگەڕێمەوە بۆ لایەنەیەکی تر کە پابەندە بەخودی بەرپرسیاریەتی شرۆڤەکردنی کرۆکی واتای فەلسەفەوە.

شرۆڤەکردنی واتای فەلسەفە، دوو شرۆڤەکردن لەخۆدا دەگرێ، یەکێکیان خودی واتایە و ئەوی دی فەلسەفە، بەڵام فەلسەفە وەک واتا. سەبارەت بەواتای فەلسەفە دەکرێ بوترێ کە واتا لە خودی خۆیدا فەلسەفییە و مێژووی فەلسەفەش فەلسەفییانە بنیات نراوە[27]. واتای فەلسەفە بەقەولی دێریدا کە مێژووی خۆی هەیە، ئەم واتایە شتێکە لە ئەفلاتوونەوە وەرگیراوە[28]. مادەمەکی واتای فەلسەفە لە ئەفلاتوونەوە وەرگیراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە واتای فەلەسەفە میتافیزیکییە. ئەو دەمەش کە واتای فەلسەفە میتافیزیکی



دەبێ، فەلسەفە بەرپرسیاریەتییەکی جوداوازی دەبێ. هەروەها ئەو کاتەی فەلسەفە ڕووی دەمی لە میتافیزیک دەکا خودی گەرووی فەلسەفە پڕ دەبێ لە گازندە و سەرنج. بەڵام نابێ نکوڵی لەوەش بکەین کە ئەو دەمەی فەلسەفە میتافیزیک دەکا بەنێچیری خۆی، وتنەکان نەک هەر بۆ گفتوگۆکردن سەرنجڕاکێش دەبن، بەڵکە ڕووبەرێکی تەواو بەپیتیشن بۆ هزراندن. من لێرەدا مەبەستم لە وتنی فەلسەفی، ئەو وتنە فەلسەفییانە نییە کە لەسەر دەستی هەندێک فەیلەسوف دید و تەماشاکردنی چەقبەستوو و نابڕشتیان بەرهەم هێناوە، بەڵکو ئەو وتنە فەلسەفییانەم مەبەستە کە لە ڕێگەی فەلسەفەکردن بەسەر میتافیزیکەوە، بیرگەلێکی پڕ و قووڵیان بەرهەم هێناون. کارتێکردنی فەلسەفەش ئەو دەمە دەردەکەوێ کە میتافیزیک دەبێ بەزادەی سەرنجدان و لێ ڕوانین.

وەکی تر، دەمەوێ لەمیانەی ئەو چەند دێرەدا بەو تێزە بگەم کە پێی وایە دێباتی فەلسەفە لەمەر میتافیزیک زۆر قووڵترە لە فەرامۆشکردنی. چونکە، هەروەک لای سەرەوەش ئاماژەم پێ دا، پۆلی گفتوگۆی فەلسەفە، جۆراوجۆرە، بەڵام گفتوگۆی فەلسەفە لەمەر میتافیزیک، تا بڵێی فەلسەفەهێنەرە وەلی نەک بەو مانایەی من بمەوێ لێرەدا ئەوە بێژم کە فەلسەفە میتافیزیک بەرهەم بهێنێتەوە. هێندەی ئاگام لە فەلسەفەی ڕۆژئاواش بێ، گشت کۆششێک بۆ ڕەتکردنەوەی میتافیزیک درابێ ئەم ڕەتکردنەوەیە وەکی تر بووە بەبناغە بۆ سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی میتافیزیک و بەرینکردنی ڕووبەری گفتوگۆ فەلسەفییەکان. ڕاستە گەلێک لە ڕەتکردنەوەکان کەوتوونەتەوە تەڵەی میتافیزیکەوە واتە دووبارە میتافیزیکیان بەرهەم هێناوەتەوە، بەڵام با ئەوەش بڵێم کە زاڵبوون بەسەر میتافیزیک ئەو خەونەیە کە فەلسەفە شەوانە دەیبینێ. ئەم شێوە وتنەی من قبووڵ نییە لە لایەن خوێنەرەوە بەوە شی بکرێتەوە کە من تێپەڕاندنی میتافیزیک بەئەستەم دەزانم، بەڵام بەشتێ سادە و ڕووکەشیشی نازانم. چونکە گەلێ لە بیرمەند و ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژی ئەمڕۆ لەسەر ئەم وتنەی من کۆک نین، بەڵام ئاسانیش نییە هاوڕابوون لەو ڕووەوە. ئەو

فەیلەسوفانەی دەیانەوێ تێزی تەسکبین و ناواخن لاواز بورووژێنن لەوێوە دەست پێ دەکەن کە گوایە ساناترین شت بۆ فەلسەفە ئەوەیە کە خۆی لە دەمەتەقێ میتافیزیک بدا. بەڵام من پێم وا نییە ئەوە ڕاست بێ و لەوەش دڵنیام کە ئەو جۆرە دیتنە بۆ میتافیزیک زیان لە فەلسەفە دەدا. کارەساتەکەش لەوەدایە کە ئەم جۆرە زیانانە درەنگ بگرە زۆر درەنگ، جێیان، پڕ دەبێتەوە. چونکە فەلسەفە بۆ ئەوەی گۆڕانی بنەڕەتی دروست بکا، پێویستی بەوەیە لەم دێباتە (دەمەتەقێیە) بەوەڵامگەلێکی ناواخن باوەڕپێکراو و زێدە سەرنجراکێشانەوە بێتە دەرەوە. من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە فەلسەفە مەرجە لەم جۆرە دێباتانە بەسەرکەوتن بێتە دەرێ. چونکە ئەگەر وا بێ ئەوە دواتر ئامانج و مەرامی دێباتەکە بەرەو ویست بۆ بردنەوە دەبرێ. من هیچ وەخت لەگەڵ ئەوەدا نیم فەلسەفە ئەم جۆرە بینین و ڕایانە لەخۆڕا دروست بکا. ئەمەش لەبەرئەوەی ویست بۆ بردنەوە، پەیامی فەلسەفە بەرەو دۆزێکی تەواو جیا دەبا. مەبەستیشم لە جیا شتی نادروست و هەڵەیە کە ناشێ فەلسەفە بکرێ بەهەڵگری شتی نادروست و هەڵە.

دوای نەختێک ڕاوەستان لەسەر بابەتی فەلسەفە و میتافیزیک، دەمەوێ دیسانەوە بێمەوە سەر ئەوەی کە چۆن فەلسەفە ڕاستی بەرهەمهێنەر نییە. ئەم لایەنە کە زۆر لە نێو هەوادارانی فەلسەفە باوە لە لایەن بادیوەوە ڕەت دەکرێتەوە. بەڵام ئەو ڕەتکردنەوەیە ڕوونکردنەوەی خۆی هەیە. ڕوونکردنەوەکەش زۆربەی دۆستانی فەلسەفە دووبارە دەباتەوە سەر ئەو پێوەندییەی بادیو هەر لە سەرەتاوە لە نووسینی ""مانفێست بۆ فەلسەفە"" لە نێوان خودی فەلسەفە و مەرجەکانی بەرهەمهێنانی فەلسەفەدا دروستی کردووە (واتە: ماتماتیک، داهێنانی سیاسی، شیعر و خۆشەویستی). هەر تایبەت بەم لایەنە ناکرێ ئەوەش لە بیر بکەین، ئەم پێوەندییە بەپێی دیتنی بادیو لە ڕێگەی پێناسەکردنی خودی فەلسەفەوە یەکلا دەبێتەوە[٢٩].

من هەر لەم بوارەدا زۆر بەپەرۆشم بۆ ئەوەی ئەوەش بخەمە بەرچاو خوێنەر کە فەلسەفە شوێنێکی زۆری بۆ ناولێنان، ناولێنانی ڕووداوەکان، تێدا بەدی



دەکرێ. ئەمە کە بەهۆی هزرەوە ئەنجام دەدرێ فەلسەفە ڕۆڵی خۆی تێدا دەبینێ. چونکە فەلسەفە لە دوایین باردا، بەبیرکردنەوە لەو چاخەی تێی دایە سەرقاڵە. هەڵبەتە فەلسەفە بۆ ئەوەی ئەمە بکا، واتە بەسەردەمی خۆیەوە سەرقاڵ بێ، بەپێی ڕوانینی بادیو، پێویستی بەئامادەبوونی ئەو هەلومەرجانەیە[٣٠]. ئەو هەلومەرجانە کە سەقامگیربوونی فەلسەفە مسۆگەر دەکەن، فەلسەفە پابەندی چرکەی مێژوویی خۆشی دەکەن. ئەمەش واتە ئەو فەلسەفەیەی کە زادەی ساتی خۆی نەبێ ناکارێ دروست بێ. مەبەستم ئەوەیە مەسەلەیەکی زێدە چارەنووسسازە کە فەلسەفە ڕەنگدانەوەی هزری ساتی خۆی بێ. فەلسەفەش ئەستەمە بەرهەمی ساتی خۆی بێ، ئەگەر فەلسەفە نەبێ، بەزمانحاڵی ئەو گفتوگۆ هزرییانەی بوونی مرۆڤایەتی شیتەڵ دەکەن. بوونی مرۆڤایەتیش کە تێڕامانێکی گەلێک زۆری لە بارەوە کراوە تا ئێستا پێویستی بەزۆرترین تێڕامانە. مرۆڤایەتی کە هەل و دەرفەتێکی زۆری بۆ تێڕامان لەمەڕ بوونی مرۆیی مرۆڤایەتی لەبەر دەستدا بووە ئەمڕۆ بەئاستێکی تر لە تێڕامان گەییوە کە ڕەنگە بەشێکیان ئەوەندە سوودبەخش و کارا نەبن. خوێنەریش لە لایەن خۆیەوە بەتێڕامان لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەکارێ بەئاسانی لەوەی من مەبەستمە بگا و تەنانەت دەکارێ بەو دەرئەنجامانەش بگا کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە تێڕامانە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکان بەری بیرکردنەوە و هزراندنی کەسێن و چاخ بەچاخیش کاریان لەسەر کراوە و بەرەو ئاست و توانای دی براون. لێرەوە دەمەوێ ئەوەش بڵێم، ئەو شیکردنەوە فەلسەفیانەی بیرۆکەی تێگەیشتنەکانیان لەسەر ئەو بناغەیە هەڵدەچن کە گوایە تێڕامانە فەلسەفییەکان دەستیان لە دروستکردنی کاریگەری و کارتێکردن نییە، زۆر زیانبەخش و بێ ئاسۆن. هەر لەم بارەیەوە زۆر بەساکارییەوە دەبێژم: بەهێند وەرنەگرتنی ئەم لایەنەش، واتە تێنەگەیشتن لە کردەی فەلسەفەکردن، زۆرترین زیان لە تێکڕای وتاری ڕووناکبیری دەدا. ئەمەش دەڵێم چونکە پێم وایە کەم پۆلی زانین هەیە، هێندەی فەلسەفە شوێنی کارتێکردن و کاریگەریی بێ. مەگەر سیاسەت لەویش بگەڕێتەوە، شیکردنەوەی

دەروونی. بەڵام چ سیاسەت و چش شیکردنەوەی دەروونی، بێ فەلسەفە، شتێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێ. ئەمە ناڵێم بەئومێدی سەرخستنی وتن و پەیامی فەلسەفی بەڵکو ئەوەی من وروژاندم پێداگرتنە لەسەر ڕاستییەک کە ئەوەش لەم فۆرمەدا خۆی بەیان دەکا: فەلسەفە کتومت بۆ ئەوە هاتووەتە دنیا تا هەڵوێست بگرێ و ئەم هەوڵوێست گرتنەی فەلسەفەش، تا دێ زیاتر دەکا. هێڵی گشتیی نێوان قسەکانیشم لەوەدا خۆی پوخت دەکاتەوە کە فەلسەفە پێوەندییەکی یەکجار توندی بەواتای سەردەمەوە هەیە. ئەم واتایە کە بەدیوەکەی تریدا بۆ من، مانای هەنووکەیی دەگەیەنێ، فەلسەفە تا بڵێی دەهاوێژێتە نێو ڕووبارێ لە بەرپرسیاریەتییەوە.

بۆ من مەسەلەی بەسەردەمیبوونی فەلسەفە گەلێک مەسەلەی سەرنجڕاکێش دێنێتە پێشەوە، لەوانە مەسەلەی فەلسەفە و بەرپرسیاریەتی کە لای سەرەوە تۆزێ لێی دواین، بەڵام مەسەلەیەکی سەرنجراکێشی تر ئەوەیە، کە فەلسەفە ڕۆڵی خۆی لە دۆزینەوەی مانا بۆ ون، واتە بۆ ئەوی ونە، هەیە. بەڵام فەلسەفە ئەو دەمە دەکارێ ئەمە بکا کە لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی ساتی خۆی حاڵی بووبێ. گەڕانەوەی فەلسەفەش بۆ خودی خۆی تا ڕادەی زۆر پێوەندیی بەم لایەنەوە هەیە. ئەمەش وا لە من دەکا بڵێم: ئەو کاتەی فەلسەفە سەرقاڵی ئەسڵی خۆی دەکرێ، تا ئاستێکی بەرچاو فەلسەفە بەوە دەگلێنرێ کە سنووری نێوان هەبوونی خۆی و کارکردنی دیاری بکا. بەڵام ناکرێ ئەمە بەوە لێک بدرێتەوە کە فەلسەفە لە گەڕانەوەی بۆ خودی خۆی، دووچاری تێڕامانی میتافیزیکی دەبێ. هەروەها ئەوە بەهەڵە و نادروست دەزانم فەلسەفە لە ڕەوتی خۆی دوور بکەوێتەوە. بەڵام چۆن دەشێ ئەمە بکرێ؟ بەبۆچوونی من، فەلسەفە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێ لەوەی لە ڕەوتی خۆی دوور نەکەوێتەوە و پاشان ڕەنگڕێژیش بکرێ، بەبەرپرسیاریەتی، گرینگە ئامانج لەخۆدا دروست بکا. ئەسڵی فەلسەفەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە کارکردنی فەلسەفە لەسەر بۆشایی و بایەخدانی بەهیچی گەورەترین گورز لە ماهیەتی مرۆیی فەلسەفە دەدا. کارکردن لەسەر بۆشایی و بایەخدان بەهیچی واتە دوورکەوتنەوە لە ئامانج کە



ئەمەش وا دەکا هزراندن تا ئەوپەڕی تەماوی و تەڵخ بێ. فەلسەفە کە ئامانجی هزری هەیە خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆشی هەیە کە لە شوێنی تر دێینەوە سەری.

ئەوەی من لای سەرەوە وتم دەشێ لەوەدا پوخت بکرێتەوە کە فەلسەفە دەبێ بەچاخی خۆیەوە لە پێوەندیدا بێ. ئەو چاخەش هزراندنی تێدا دەکرێ، ئەو چاخەیە کە ڕووداوەکان لە فەلسەفەدا بنجبەست دەبن. هەچ فەلسەفەیەکیش هزراندن تێیدا لە ئاست ڕووداوەکان بوو ئەوا ئەو فەلسەفەیە زمانحاڵی ڕاستەوخۆی دەم و ساتی خۆیەتی. ئەفلاتوون ئەو دەمەی، بەقەولی بادیو، شارە یۆنانییەکان لە دواکەوتنێکی سیاسیدا تەمەنیان بەسەر دەبرد و لە هەمان کاتیشدا ژیۆمێتری (ئەندازە)– پاش ئودۆکس– لە برەو دابوو، بیری لە کاریگەریی سیاسەت و ماتماتیک لە دروستکردنی هەڵا و گۆڕان دەکردەوە. هەر ئەم باوەڕە دواتر وا لە ئەفلاتوون دەکا شیعر لە مەملەکەتەکەی دەربەدەر بکا. سیاسەت و ماتماتیک کە مەرجی بوونی فەلسەفەن (هزرن) ڕۆڵیان لە پەروەردەی پاشای شار (مەملەکەت)یشدا هەیە. مەگەر ئەم دووانە (پاشا و شار) بەرهەمی فەیلەسوف نین؟ بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەڵێ. مرۆڤ گەر بڕوانێتە دەستووری سیاسەتکردن لە یۆنانی کۆن ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێوەندییەک لە نێوان سیاسەتکردن و فەلسەفەکردندا هەبووە. بۆ نموونە باوکی ئەلەکسەندەری گەورە ئەو دەمەی ئەلەکسەندەری کوڕی جارێ زارۆک دەبێ لە ئەرستۆ داوا دەکا ڕۆژانە بێتە کۆشک و وانەی فەلسەفەی پێ بڵێتەوە. بەڵام واش هەست دەکەم، ڕەنگە بۆ دۆزینەوەی هاوشێوەییەک لە نێوان وێنەی فەیلەسوف و سیاسی لەم ڕووەوە ئەفلاتوون، باشترین سەرچاوە بێ کە مرۆڤ بگەڕێتەوە سەری. ئا لێرەڕا بادیو قسە دێنێتەوە سەر شیعر. هەڵبەتە دەزانم هۆی ئەوەش تەنیا و تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شیعر مەنزڵێ بەرزی لای ئەفلاتوون نەبووە. کەچی بادیو وای بۆ دەچێ کە پێوەندیی نێوان شیعر و سەفسەتە لە هەڵچوون و داچووندایە. وەکی تر پێی وایە شیعر ڕەهەندی نهێنیی سەیر و سەمەری سەفسەتەیە. ئەمەش لەبەرئەوەی شیعر پڕە لە

شەفافییەت و زۆرترین توانای یاریکردن بەزمانیشی تێدایە. ئەفلاتوون کە لە بەشێک لە دیالۆگەکانی بۆچوونی خۆی لەسەر شیعر خستووەتە ڕوو زۆرترین بایەخ بەسیاسی و فەیلەسوف دەدا. بایەخدانی ئەم فەیلەسوفەش بەم دوو کەسە کارێکی وای نەکردبوو کەسی زانا لە بیر بکا. ئەو کە بەئاشکرا لەسەر دەرگای ئەکادیمیاکەی دروشمی"" ئەوەی ماتماتیکی نییە بانەیەتە ژوورەوە""ی هەڵواسیبوو، لە مەملەکەتەکەیدا، ئەسینای ئەو دەمە، زۆرترین باوەڕی بەکەسی زانا-ماتماتیکەر- بوو. هەر لێرەدا پێم وایە شتێکی نادروست و هەڵەش نییە گەر بڵێم ئەو دەربڕینە کەم تا زۆر مانای بۆ ئەوەش هەبوو کە شیاوی لە فەلسەفەدا لە بەردەم زانستگەریدا بکرێتەوە.

من پێم وایە لێرەرا چاترە بچمەوە سەر ئەو پرسیارەی بادیو سەبارەت بەفەلسەفە دەیکا. بادیو خۆی بەو پرسیارەوە سەرگەرم دەکا کە بەم شێوەیەیە: ئایا قۆناغێکی لە تازەگەرانەی فەلسەفە بوونی هەیە؟[٣١] بەڵام بۆ بادیو، ئەم پرسیارە شتێکی تر دەورووژێنێ. هۆیەکەشی ئەوەیە زۆربەی فەیلەسوفانی ئەمرۆی ڕۆژئاوا، خۆیان لە قەرەی باسی کۆتایی قۆناغی تازەگەری دەدەن کە ئەمەش باسی کۆتایی تازەگەریی فەلسەفییش دەگەیەنێ. ئەمەش بیرۆکەیەکە سەرەتاکانی بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچە دەگەڕێتەوە. ویستی فەلسەفیی نیچەش لە ڕێگەی ئەم بیرۆکەیەوە بۆ کۆتاییهێنان بوو بەمیتافیزیک یان بەبیرکردنەوەی میتافیزیکی. ئەم سێرکردنەی نیچە کە لەسەرێکی ترەوە بناغەی بۆ کۆتاییهێنان بەواتای خود دانا، ڕیزێک لە فەیلەسوفی دژە-خودیشی پەروەردە کرد. من وای بۆ دەچم ئەمەی نیچە کردی جۆرە سنووربەزاندێکی فەلسەفی بوو، بەڵام ئەم لایەنە ئاکامی زۆر دژواری لێ کەوتەوە کە بەشێک لەو دژوارییە بریتیبوو لە کەمکردنەوەی شیاوی لە بەردەم فەلسەفاندندا. ئەمەو بەبۆچوونی من پەردە هەڵماڵین لەسەر هەقیقەتی فەلسەفەی نیچە و مانای ئەم فەلسەفەیە بۆ بیرۆکەی کۆتاییهێنان بەفەلسەفە کاریگەری و گرنگیی خۆی لە نرخاندنی فەلسەفەی ناوبراودا هەیە. لام وایە، خوێنەر زۆر بەباشی لەوە دەکا کە کۆتاییهێنان بەواتای فەلسەفە، هیچ



سوودێک بەمرۆڤایەتی نابەخشێ و دواتر پۆلی تر لە زانینیش تا ئەمرۆ شک نابەین بکارێ ئەو ڕۆشنبیریی و دانایییەمان پێشکێش بکا کە فەلسەفە لە توانایدایە بەردەستمانی بخا. تا ئەندازەیەکی زۆریش وای بۆ دەچم پاشەڕۆژی فەلسەفە لەسەر ئەو جۆرە خوێندنەوانە (پەردە هەڵماڵینانە) وەستاوە کە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە فەلسەفە دانایییەی تایبەتمان دەداتێ کە کەم لە پۆلەکانی زانین دەکارن بماندەنێ.

بەڵام بەپێی دیتنی بادیو گەر مەبەستمان بەجۆرێکی تەجریبی لە کاتە تازەکان ئەو قۆناغە بێ کە لە ڕێنێسانسەوە دەست پێ دەکا تا ئەوڕۆ ئەوا بەدڵنیاییەوە، سەختە لە قۆناغێک بدوێین گشت هەلومەرجەکانی تێدا بێ. لەمڕۆشەوە ئەوەمان وەبیر دەخاتەوە کە سەردەمی کلاسیک کە سەردەمی دیکارت و لایبنتزە ئەوی تێیدا زاڵ بوو کە پێی دەڵێن هەلومەرجی ماتماتیکی. ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەریی ڕووداوی گالیلە، کە ئەم ڕووداوە خۆی لە بیرۆکەی خستنەگەری ناپایانی لە ماتماتیک چڕ دەکردەوە. بەڵام بەقەولی بادیو پاش ئەم ئاراستەیە، کەوتینە ناو دۆزێکی ترەوە ئەوەش لە ڕۆسۆوە دەست پێ دەکا بەرەو هیگڵ کە هەلومەرجی حاکمیەتی مێژوویی-سیاسی لەخۆ دەگرێ. بەڵام ئەم هەلومەرجە، وەک خۆی نامێنێتەوە. ئەوەش بەهۆی داهاتنی چرکەی فەلسەفەکردن لەسەر شێوازی نیچە-هایدگەر. کەواتە لەگەڵ ئەم دوو فەیلەسوفە دەرفەت بۆ سەرهەڵدانی هەلومەرجێکی تر ڕەخسا، کە ئەوەش هەلومەرجی هونەر و شیعر بوون. ئەم هەلومەرجە کە بوو بەبناغەی سەرەکی بۆ فەلسەفە، چرکەیەکی فەلسەفیی دژە ئەفلاتوونییە[٣٢]. ئەم چرکەیەش ئەو بیرۆکە فەلسەفییە هیچگەرایەی هێنایە دنیا کە پاشان لێرە و لەوێ لە ڕۆژئاوا و دەرەوەی ڕۆژئاوا موریدێکی زۆری بۆ خۆی کۆ کردەوە.

وەکی تریش خوێنەری ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە دەکارێ پەی بۆ ئەوەش ببا کە ئەو هەلومەرجانەی بادیو لە بەردەم پێکهێنانی فەلسەفە دایدەنێ لەمەوبەر لە ڕۆژئاوا تاک تاک و لە قۆناغە جیا جیاکاندا ئامادە بوونە. بەڵگەشم لەسەر ئەمە تەنیا ئەو جۆرە پۆلکردنە نییە کە بادیو لە کتێبی ""مانفێست""دا

ڕوودەستمانی دەخا، بەڵکو ئەو میراتە زانینییە ڕۆژئاواییەشە کە دیرۆکێکی دێرینی هەیە. هەموو دەزانین کە فیتاگۆرسەکان کۆششێکی زۆریان بۆ خستنە ڕووی بیردۆزە ژیۆمێترییەکانیان کرد هەروەها سەرەتاکانی ماتماتیک لە دوای ئاوابوونی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر دەستی چەند بیریارێک بەرەو هەڵکشانێکی زۆر برا و تا گەیشتە ئەو ئاستەی بیرۆکەی تازەگەریی لێ داتاشرا. ئەم لایەنە کارێکی وای کرد، فەلسەفە لەتەک تیۆریی زانین و لەسەر دەستی ئێپستیمۆلۆژەکان (تیۆریزەکەرانی زانین) لە چوونە نێو یەکدیدابێ و فەلسەفە ئاراستەیەکی ماتماتیکیش وەربگرێ. ئەم ئاراستەیە ڕەنگ نییە پێداویستییەکانی فەلسەفەی پڕ کردبێتەوە، بەڵام بەشێ لە کاری فەلسەفە لەوە، دوور خرایەوە ببێ بەبوێژەری فاکتەری سیاسی یان مێژوویی. هەرچەندە ناشێ ئەوە لە بیر بکەین سەرچڵییەکانی مرۆڤی تازە و ویستی بۆ داهێنان و دۆزینەوە ئەرکی فەلسەفەکردنی گۆڕی و شیاویی تریشی لە بەردەم کردەی فەلسەفەکردندا قوت کردەوە. مەبەستم ئەوەیە ساتەوەختی تازەگەری مەرجی تری خستە بەردەم فەلسەفە و پرسیارەکانی فەلسەفەش، ڕوویان لە ناوچە و گۆڕەپانی تر کرد. جا بۆ هەندێ، ئەو پرسیارانە باس و خواسی فەلسەفییان لە بنڕا کوشت و مرۆڤیان لە فەلسەفەکردن دوور خستەوە. بەڵێ تێکدانی سنوورەکانی نێوان فەلسەفە و شتەکانی تر مرۆڤی بەجۆرێک لە جۆرەکان لە فەلسەفەخستن نزیک کردەوە، بەڵام ئەو پەیامەی بیریاران لە پاش گەشەی تەکنیک و زانینی نوێ فەلسەفەیان پێ بارگاوی کرد، ئەو قۆناغە فەلسەفییەی هێنایە پێشەوە کە بەخۆم ناوی دەنێم لە فەلسەفەخستنی مرۆڤی نوێ. بێ هیچ پێچ و پەنایەک، بۆ ئەوەش دەچم کە دۆخی فەلسەفە لە ساتەوەختی ئێستادا، واتە لە قۆناغی لە فەلسەفەخستنی مرۆڤی تازە، پێویستی بەزۆرترین هەنگاوی فەیلەسوفانەیە، بۆ چاکبوونەوە. بەڵام ئەم هەنگاوانە گەر ئەرک و پەیامی کردەی فەلسەفەکردن نەگۆڕن، ئەوا خۆیان لە ناو قەوارەی ئەنتی- فەلسەفەدا دەبیننەوە.

بۆ ئەوەی لە باس و خواسەکانی بادیو دوور نەکەوینەوە بەپێویستی دەزانم





ڕووی قسەکانم لەو مەرجە فەلسەفییانە بکەم کە بەبۆچوونی بادیو بەفەلسەفاندنەوە لکێندرا. ئەو تەوژمەش لە دێکارتی بابی تازەگەرییەوە سەر هەڵدەدا، تا دەگاتە دەم و وەختی هایدگەر. بۆ بادیو ساتەوەختی هایدگەر گرینگیی خۆی لە فەلسەفەدا هەیە. ئەم گرینگییە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵوەشانەوەی خود کە لە سەردەمی هایدگەر، بادیو وتەنی، دەگاتە ترۆپک. ئەم کارەی هایدگەر بەدیتنی من گورزێک بوو لە فەلسەفە درا. بەڵام هایدگەر وای نەدەبینی. چونکە ئەو پێی وابوو، پەیامی تەنیا بۆ کۆتاییهێنانە بەمیتافیزیک، یان ئەو فەلسەفەیەی میتافیزیک بەرهەم دێنێ. ئەم جۆرە تێگەیشتنە پێوانەی تری هێنایە کایەوە و جەمسەری فەلسەفەکردنیشی سەرلەبەر گۆڕی. ئەمە ناشێ بەجۆرێکی ساویلکانە ڕوون بکرێتەوە و ناوی وەک ڕاچڵەکان و یان سەرچڵی لێ بنرێ. چونکە هایدگەریش، وەک بیرمەندی ڕەتکەرەوەی فەلسەفەی میتافیزیک، بەدووی ڕێگەچارەیەکی میتافیزیکی دەگەڕا تا بوونمانی پێ بپارێزین. بەڵام هایدگەر دواتر لە تێزە سەرەکییەکەی کتێبی (بوون و کات)دا، کە تێزی دکتۆرانامەکەیەتی، تا ڕادەیەک پێ دەچێ پەشیمان بووبێتەوە و لەساڵی ١٩٦٦شدا لە لێدوانێک بۆ گۆڤاری هەفتەنامەی ئەڵمانیی دێر شبیگل بەناوی "تەنێ یەزدانێک دەکارێ ڕزگارمان بکا"، بۆ دەربازبوون لەو میحنەتەی تێیداین، هانا بۆ یەزدان دەبا. ئەم گوزارەیە کە دەرگای لەسەر میتافیزیک خستە سەرپشت، دەرفەتی لە بەردەم فەلسەفەکردنیشدا گۆڕی. بەڵام بیریارە دژە فەلسەفەکانی پاش هایدگەر جگە لەوەی تێزە سەرەکییەکانی کتێبی ناوبراویان کارامایانە باڵا تربرد، هایدگەریان بەوەش تاوانبار کرد کە میتافیزیکەرە.

بۆ ئەوەی پێوەندییەکی چوونە نێو یەکتریئاسا لە نێوان ئەوی لای سەرەوە و لەمەوبەر گفتوگۆکراو و ئەوی لای خوارەوە گفتوگۆ دەکرێ، بنیاتنێم دەمەوێ لەوێوە وەسەرەتا بێم کە چارەنووسی فەلسەفەی هایدگەر لە فەرەنسا بەو جۆرە نەکەوتەوە، هایدگەر چاوەڕوانی بوو. مەبەستم هایدگەر هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوو بەمیتافیزیکەر تاوانبار بکرێ. ڕاستە ئەو دەمەی هایدگەر لە ژیان

بوو کەم تا زۆر ڕەخنە ئاراستەی تێگەیشتنەکانی دەکرا و کۆششەکانیشی بۆ ڕاڤەکردنی واتای بوون وەک خۆی لە لایەن فەیلەسوفانی تری ئەڵمانی بەتایبەت و ڕۆژئاوای بەگشتی، پێشوازییان لێ نەدەکرا و تا کار گەیشتە ئەوەی لە ساڵانی ١٩٦٠کاندا ناو و ناتۆرەیەکی زۆر درایە پاڵی و هەر بۆیەشە لەسەر داوای خۆی هەفتەنامەی دێرشبیگلی ئەڵمانی لە ١٩٦٦دا لێدوانیان لەتەکدا کرد کە بەشی هەرە زۆری بۆچوونەکانی ئەم لێدوانە، کە بڵاوکردنەوەی لەسەر داوای خۆی بۆ پاش مەرگی دوا خرا (هایدگەر لە ١٩٧٦دا مرد)، بەتاوتوێکردنی ئەو لێڵی و بەهەڵە تێگەیشتنانە تایبەتبوون کە لە بارەی دیتنە سیاسی و ڕامانی فەلسەفییەکانییەوە لە ئارادا بوون. بەڵام ئەم مەسەلەیە لە چل ساڵی ڕابردوودا چرۆی تری دەرکرد. ئەمەش ئەو دەمە دروست بوو کە تەوژمێک لە ڕەخنەی فەلسەفی لە فەرەنسا، فەرەنسا وەک شوێنی کاراکردنی بیری فەلسەفیی هایدگەر، سەری هەڵدا. سەرهەڵدانی ئەو تەوژمە لە ڕەخنە کە تا ئەندازەیەک دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠کان ئامانج لێی، ڕەخنەکردنی میتافیزیک یان ڕەخنەکردنی بناغە ئۆنتۆ- تیۆلۆژییەکان بوو و، هەروەها ڕەتکردنەوەی بیری ئەو بیرمەندانەش خۆیان وەک ڕەتکەرەوەی میتافیزیک خستبووە ڕوو کە پێم دابێ بادیو یەکێکە لە بیرمەندەکانی ئەم تەوژمە.

گەر لەم ڕووەوە زێتر ئاماژە لە بەردەم خوێنەر ڕۆنێم دەڵێم: گەلێک لایەنی دی تایبەت بەتاوانبارکردنی هایدگەر جگە لە مەسەلەی میتافیزیکبوونی دەکرێ جێ باس بکرێ کە ساڵانێکە لە بارەیانەوە وتن لە گۆڕێدایە، بۆ نموونە: لکانی ناوی هایدگەر بەدیاردەی نازیزمەوە و، وتن لە بارەی بێدەنگبوونی لە دیاردەی هۆلۆکۆست کە دواتر کاریگەریی خۆی لە تاوانبارکردنی بەئەنتی- سمیتیست (دژە جووگەرا- دژەسامی) نیشان دا و تێکەڵکردنی فەلسەفە بوناویەکەی بەفەلسەفەی سیاسیی ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمانی. ئەمانە کە ڕیزێک تاوانن و لە نێوەندی فەلسەفی و ڕووناکبیریی ڕۆژئاوا شوێنی گەلێک توانج و گازندەی توندن، هایدگەر پێشبینیی نەدەکرد پێی تاوانبار بکرێ. ئەمانە کە



هەموو بەپێچەوانەی ویستی فەلسەفی هایدگەر کەوتنەوە، بۆچوونی لەسەر کردەی فەلسەفاندنی هایدگەریش گۆڕی. بەڵام ئەم بۆچوونانە وەک یەک لە گشت شوێنێک لە ڕۆژئاوا کاریگەر نین. ئەڵبەتە گەلێک لەم دیاردانەش لەم دوو دەیەی دوایی و لە شوێنێک وەک پاریس لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە لە ئەندێشەی ڕووناکبیری، فەلسەفی و سیاسی دەستەبژێرێ کارا بەرجەستە بوو کە ڕووناکبیرێکی فەرەنسی بەناوی فیکتۆر فاریاس بەنێوی ""هایدگەر و نازیزم"" لە کۆتایی ١٩٨٠کاندا نووسیبی. ڕاستە ئەو تەوژمە ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر تێکڕای ئەو دیتن و ڕاڤەکردنانەوە بەجێهێشت کە بیرمەندێکی وەک هایدگەر کاری لەسەر دەکرد، بەڵام خۆ ئەمە یەکەم جار نییە ئەم جۆرە ڕووداو و دیاردانە لە مێژووی بیر و هزری ڕۆژئاوا خۆیان نیشان دەدەن. ڕاستە ئەو گازندە و توانجانە، لەو ئاستە، بۆچوونی ناکۆک و ناچوستی لەسەر شێوەی کارکردنی ئەو بیرمەندانە لە نێوەندە جیاکان وێنا کردووە، بەڵام تێڕامانی بەردەوامی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا لە مێژووی فەلسەفەی خۆیان و ڕۆڵیان لە بنیاتنانی بۆچوون و دیتنی دی ڕەنگە توانیبێتی ڕەوتی شتەکان تا ئەندازەیەک بگۆڕێ. هیچ نەبێ، پاش گشت ڕووداو و دیاردەیەک لەو جۆرە، بیرمەند و ناودارێک لە سات و کاتێکی دیاریکراودا گورج و دەمودەست لەو ناڕەوایی و شێواندنانە دێتە گۆ و کار بۆ یەکلاکردنەوە و ساغکردنەوەی گرفت و ناتەباییەکان دەکا و بەمەش ئەوی بەناهەق وتراوە و تەڵخی لە بینین و تەماشاکردنەکاندا دروست کردووە لەبار دەچن. ڕەنگە گەلێک لە ئێمەش بیرمەندێکی وەک پۆڵ دۆمانی بیربێ، کە چۆن دوو دەیەک لەمەوبەر، بەئەنتی- سمیتیست ناوبرا و پاشان چۆن کەسێ وەک دێریدا لە کات و ساتی خۆیدا قسەی خۆی لەو ڕووەوە کرد. ئەڵبەتە لەم جۆرە نموونانە زۆرن و گەلێکیشمان ئەو توانج و ناشرینییانەمان وەبیر دێن کە ساڵانێک دەدرانە پاڵ هەندێک بیرمەندی وەک: مارکس، فوکۆ و ئاڵتۆسیر و پازۆلینی و دواتریش ئەو هەوڵانەی لەم بارەیەوە دران بۆ سڕینەوەی هیچ نەبێ بەشێک لەو سێرکردنە ناساغ و بێ ویژدانانەی دەدرانە پاڵ ئەو بیریارانە.

پێش ئەوەی بچمە نێو دالەکانی ئەم بەشە، دەخوازم دەست بۆ ئەوە ڕاکێشم لەم بەشەی ئەم نووسینە کار بۆ ڕەتکردنەوەی تێزێکی دیاریکراو لای هایدگەر، بەتایبەت تێزی هایدگەر لەمەڕ بوون، ناکەم بەڵکە لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆیەی لە بارەی تێگەیشتنی بادیو لە کتێبی"" مانفێست بۆ فەلسەفە""دەستم داوەتێ دەمەوێ مشتومڕێ لە بارەی هایدگەر بێنمە پێشەوە کە بادیو لە نووسینەکەیدا بەوردی لێی قووڵ نەبووەتەوە و تەنانەت سێرکردنە پەلە و ڕاگوزارییەکانیشی لە بارەی هایدگەرەوە کارێکی وای کردووە، ئەم ڕاوەستانە، زۆرتر پێویست بێ. واتە بەپێی ئەو پلانە بێ لە سەرەتاوە نەخشەی بۆ داڕێژراوە، من گفتوگۆی بیری فەلسەفیی بادیو لە نووسینی ""مانفێست"" دەکەم و ویستی فەلسەفاندنی ئەم بیرمەندە لە دوو توێی ئەم کارەی دەستنیشان دەکەم. وەلێ گرینگە لێرەدا ئەوەش بڵێم، ئەم وەستاندنەم بەپلەی سەرەکی بەپشتبەستن بەهەندێک شت ئەنجام دەدەم، لەوانە لە لایەک بەپشتبەستن بەبڕگەی وتنەکانی بادیو لە بارەی هایدگەر لە نووسینی ناوبراودا و، لە لایەکی تر بەو لێدوانە ناودارەی هەفتەنامەی دێرشبیگلی ئەڵمانی کە لە ١٩٦٦دا لەتەک هایدگەردا ئەنجامی داوە کە بۆ من و، بۆ ئەم بەشەی نووسینەکەم، زۆر سەرنجڕاکێشە. ئەڵبەتە چەند سەرچاوەیەکی تریش کاریان لەسەر دەکرێ کە ئامانج لەو کار لەسەر کردنە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئەو بۆچوونانەیە کە لەو دوو سەرچاوەیەدا پشتیان پێ دەبەسترێ.

سەبارەت بەو لایەنەی لای سەرەوە درکاندم، کە گوایە هایدگەر میتافیزیکەرە ئەمە لە نێو هەندێک لە بیریارانی فەلسەفەی جیاوازی فەرەنسی و بەشێک لە نەوەکانی تری فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی گەلێک باوە. ڕاستە نەوەی یەکەمی فەلسەفەی جیاوازی، هایدگەر و نیچەیە و هەردووش، کە دوو فەیلەسوفی کۆنتنێنتاڵی ئەڵمانین، بەجۆرێکی زێدە بەرچاو کاریان بۆ ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی میتافیزیکیی ڕۆژئاوا کردووە، بەڵام تا ئێستا ناکۆکییەکی زۆر لە نێو بیریارانی ڕۆژئاوا سەبارەت بەم خاڵە لە ئارادایە. هیچ دوور ناڕۆین، هایدگەر پێش گشت کەسێک ئەوەی ئەمرۆ لە شوێنێک وەک



فەرەنسا لەتەکیدا دەکرێ، ئەوەی لەتەک نیچە و چەند بیریارێکی تردا کردووە. مەبەستم، هایدگەر کە ڕەخنەگر بوو لە، میتافیزیکای، نیچە بەخۆی لە لایەن نەوەیەکی تر لە فەیلەسوفانی جیاوازییەوە، بە میتافیزیکەر ناوزەد بکرێ. ئەڵبەتە نیچەش لەو باوەڕەدا نەبوو کەسێک پاش خۆی بەمیتافیزیکەری ناوزەد بکا. ئەوی هایدگەر لەگەڵ نیچە یان مامۆستاکەی کردی (واتە هۆسرەل) یاخود ئەوی بیریارانی فەرەنسی پاش سالانی ١٩٦٠کان لەگەڵ نیچە و هایدگەر و بەشێکی تر لە بیریارانی ڕۆژئاوا کردیان (هوسرەل، فرۆید) دەگەنە بوون لەو فەلسەفانەی ویستیان ڕەتکردنەوەی نەریتی زاڵی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بوو، بەڵکو نیشانەبوون لەسەر ویست بۆ هەڵوەشانەوەی فەلسەفەی میتافیزیکیی ڕۆژئاوا کە خەونێکی هەمیشەیی و بەردەوامە. ئەم ویستە کە هەوێنی ئەو فەلسەفاندنەش بووە کە ڕۆژئاوا مێژوویەکی پێ دروست کردووە لە ناو گشت ڕووناکبیرییە فەلسەفییەکاندا، وەک خۆی تەماشا ناکرێ. بەڵام ئەو نەریتە فەلسەفییەی ئاماژەمان پێ کرد کە مشتومڕێکی زۆری لە ڕۆژئاوا لە بارەوە کراوە هەوێنی گەلێک تێزی فەلسەفیی قووڵ بووە. فەلسەفەی ڕۆژئاوا کە دەکرێ لە ڕێگەی ئەم نەریتەوە بناسرێ، بەشە هەرە گەورەکەی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواشی پێک هێناوە. هەر جگە لەم لایەنەش دەشێ ئەوەش بیر بخرێتەوە کە وازهێنان لە ترادیسۆن، بۆ هایدگەر ئەستەم بووە. ئەستەم بووە، چونکە ئەو مێژووەی لە ڕێگەی ترادیسۆنەوە دروست بووە بەری بیرمەندانی ڕۆژئاوا بووە و کۆی ئەو ویستە فەلسەفییەش بووە کە لە جەستەی ئەم ترادیسیۆنەدا، بەرجەستە بووە، بەڵام پێ ناچێ هایدگەر تەنیا لە خۆیەوە ڕوانیبێتیە ئەم لایەنە. مەبەستم ئەوەیە ڕاستە گشت پڕۆژەی نووسینی فەلسەفیی هایدگەر بۆ خوێندنەوەی ترادیسۆنە، جا ئەوە خوێندنەوەی ڕیشەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بێ، کە فەلسەفەی یۆنانە، یان فەلسەفەی پاش فەلسەفەی یۆنان، کە ئەمەیان، واتە فەلسەفەی پۆست فەلسەفەیی یۆنان، بەخۆی ڕەخنەیە لەو کەلەپوورە میتافیزیکییەی فەلسەفەی یۆنانی لە پاش خۆی بەجێی هێشت، کە کانت و هیگڵ و نیچە و هۆسرەل چەند ناوێکن لەو هەوڵانەی کە پاش

فەلسەفەی میتافیزیکیی یۆنانی دێنە دنیا و گشت هێزی خۆشیان لە ڕەخنەکردنی ترادیسۆن بەکار دەبەن. کەواتە زۆربەی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا، پێش هایدگەر گەشتی خۆیان بەنێو مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا کردووە و ئەم گەشتەش بەجۆرێک لە جۆرەکان خولانەوە بووە بەدەوری ترادیسۆندا.

من لێرەدا دەمەوێ دەست بۆ ئەو وێنە فەلسەفییە ڕابکێشم کە گەلێ کەس کاتێ دێتە سەر باسی هایدگەر، تێڕامانی لە بارەوە دەکا. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەم خۆم لە گفتوگۆکانی بادیو نزیک دەکەمەوە و بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا دەمەوێ ڕووناکی بخەمە سەر کۆششی فەلسەفیی هایدگەر بۆ هەڵوەشانەوەی خود. ئەم هەڵوەشانەوەیە کە پێشتر نیچە و دواتر هۆسرەل کاریان بۆ کرد خستنە ژێر گومانی واتای خودی گرتەوە، ئەو خودەی کۆژیتۆی دێکارت بناغەی بۆ دانا. ئەم کۆژیتۆییە کە بوو بەئامانج بۆ ڕەخنەکردنی زۆربەی بیریارانی سەدەی بیست، هەڵوەشانەوەی بیرۆکەی کۆتاییەکانیشی بەرهەم هێنا. ڕەنگە تایبەت بەم مەسەلەیە پرسیارێک بشێ لێرەدا لەم فۆرمە خۆی قوت بکاتەوە: ئایا هەڵوەشانەوەی واتای خود پێویستییەکی مرۆیی بوو یان تەنیا بۆ ڕەتکردنەوەی ڕاڤەکردنی فەلسەفی سەدەکانی پێشوو بوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەپێویستی دەزانم بچمە سەر چەند لایەنێک کە بەفەلسەفەی خود و بیرۆکەی کۆتایی میتافیزیکەوە تایبەتە. فەلسەفەی خود کە بیرۆکەی فەلسەفەی تازەگەرییە شوێنی سەرنجێکی زۆریش بووە بۆ ئەو بیریارانەی ڕەخنەیان ئاراستەی فەلسەفەی تازەگەری کردووە. واتە لەگەڵ فەلسەفەی خود باس دێتە سەر تازەگەری، بەڵام تازەگەری وەک چاخێک. بەڵام بادیو لەمیانەی ڕاڤەکردنەکەی بۆ چاخی تازەگەری، سڵەمینەوەیەک سەبارەت بەفەلسەفە لە تێگەیشتنی خوێنەری خۆیدا دروست دەکا کە ئەم شێوەیە وەردەگرێ: ئایا فەلسەفە خاوەنی قۆناغێکە لە تازەگەری یان نا؟

ئەوی بیەوێ لە بادیوەوە وەڵامێکی تایبەت بەم پرسیارەی دەستگیر بێ، ڕەنگە بەو سێرکردنە قایل بێ کە بادیو بەمجۆرە دایدەڕێژێ: بوونی ئەم قۆناغە بۆ زۆربەی فەیلەسوفان شتێکی بڕاوەیە و ئەوەی دوای ئەوانیش دێن کار بۆ



تەواوکردنی (تەکمیلەی دەکەن) دەکەن. بەڵام ئەوانەی کار بۆ کۆتایی پێهێنانی دەکەن، واتای خود دەکەن بەسەکۆی باسەکانیان. ئەمەش بەپێی دیتنی بادیو پێوەندیی بەهێڵکاریی کۆتایی میتافیزیکەوە هەیە کە سەرچاوەکانی بۆ بیری نیچە دەگەڕێتەوە[٣٣]. ڕاستە کۆتاییهێنان بەمیتافیزیک، وەک بیر، خەونی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بووە، بەڵام ئەو ناکۆکییەی لە نێوان بیریاران سەبارەت بەگەیشتن بەبیرۆکەی کۆتاییهێنان بەمیتافیزیک هەبووە، و تا ئەمڕۆش هەیە، ئەوەندە گفتوگۆئامێز و وروژێنەرە تا ئێستا دەرنەکەوتووە کامە بیریار دەشێ وەک کۆتاییهێنەر بەبیری میتافیزیک ناوزەد بکرێ. بۆ من بەگشتی کۆتایی میتافیزیک بەکۆتایی فەلسەفەوە گرێ دراوە و، ئەمەش نیچە و هایدگەر بیر دەخاتەوە کە چۆن ڕەتکردنەوەی میتافیزیکیان کرد بەبناغە بۆ ڕەتکردنەوەی فەلسەفە. واتە هەوڵە فەلسەفییەکانی نیچە و هایدگەر لەم ڕووەوە دەستپێشخەرانەن. ئەوەش کە لەم ڕووەوە ناشێ سڵی لێ بکرێتەوە ئەمەیە: ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفەی پۆست مۆدێرن، فەلسەفەی پۆست میتافیزیک و فەلسەفەی پۆست فەلسەفە لە ئاراستە بەرچاوییەکانی ئەو هەوڵانەن کە دوای نیچە و هایدگەر کاریان لەسەر دەکرێ. یان بەپێی بینینێکی تر، پۆستەکان، بۆچوونی خۆیان لەسەر دیدگا و ڕامانی ئەو بیریارانە هەڵدەچنن کە تێزەکانیان فەلسەفەی خود ڕەت دەکاتەوە.

ڕاستە زۆربەی بیریاران بەتایبەت لە پاش نیچەوە، خۆیان وەک کۆتاییهێنەر بەبیری میتافیزیک خستووەتە ڕوو، بەڵام بەدەگمەن نووسەران و ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا هەر هەموو لەسەر ئەوە کۆکن بیرمەندێکی دیاریکراو وەک بیرمەندی کۆتایی میتافیزیک تەماشا بکەن. مێژووی فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا بەتایبەت لەم سەد ساڵەی دواییدا چەند ناوێک دەدا بەگوێماندا کە وەک فەیلەسوفانی کۆتایی میتافیزیک سێر دەکرێن، بەڵام خودی ئەو فەیلەسوفانە دواتر یەک لە دوای یەک یەکتریان ڕەت کردووەتەوە. ئێمە بۆ نموونە گەر لە نیچەوە دەست پێ بکەین، دەبینین ئەوی نیچە لەم ڕووەوە کاری بۆ کردووە بەهایدگەر هەرس نابێ. واتە نیچە بۆ هایدگەر نەک هەر کۆتاییهێنەر نییە بەمیتافیزیک بەڵکە

نیچە فەیلەسوفێکی میتافیزیکەریشە. لێرەدا داوا دەکەم، خوێنەر بگەڕێتەوە سەر ئەو کارەی هایدگەر لەسەر نیچە نووسیویەتی. چونکە خوێنەر تەنیا بەو گەڕانەوەیە، ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە کە چۆن ڕەتکەرەوەیەکی ئەفلاتوون و شارستانیی نوێی ڕۆژئاوا لای هایدگەر، سەرلەبەر هەڵدەوەشێنرێتەوە. ئەمەو هەر خودی هایدگەر کە قوتابی هوسرەل بووە بەهیچ جۆرێک هوسرەلی وەک کۆتاییهێنەر بەمیتافیزیک قبووڵ نەبووە. ئەم پەتایە تەشەنە دەسێنێ و هەڵاوی دەگاتە نەوەی دووەم و سێیەمی فەلسەفەی جیاوازییش کە هەردوو نەوەکە فەرەنسین. لەم ڕووەشەوە گەلێ لە ئێمە بینی چۆن دێریدا زۆربەی تەمەنی بۆ ئەوە تەرخان کرد بیری میتافیزیک هەڵوەشێنێتەوە، هەروەها زۆربەی هەرە زۆریشمان هەر زوو دەرکمان بەوە کرد، چەند ئەم بیرمەندە پاریسییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنە تیۆرییانەی بیریارانی پێش خۆی وتویانە، بەپەرۆشە بەڵام کەسمان ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکا، کامە بیریار بۆ دێریدا ئەو بیریارەیە کە کۆتایی بەبیری میتافیزیک هێناوە یان چۆن چۆنی میتافیزیک لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا ڕیشەکێش دەبێ. ئەڵبەتە لە پاش دێریداشەوە (لێرەدا مەبەستم قۆناغی پۆست- دێریدایە) ڕوون نییە کێ دەکرێ وەک بیرمەندی کۆتایی میتافیزیک بەرباس بخرێ، ئەمە لە کاتێکدا کە قۆناغی پاش- دێریدا تا بڵێی قۆناغێکی گفتوگۆئامێز و ناڕوونە. هیچ نەبێ لەبەرئەوەی بەشێک لە ڕووناکبیر و بیرمەندانی ڕۆژئاوا، دێریدا بەهیچگەرا ناوزەد دەکەن، واتە بەهەمان ئەو دەردەی دەبەن کە خۆی هەندێکی پێ بردووە. ئەم ناکۆکییەش لە نێوان بیرمەندانی ڕۆژئاوادا سەبارەت بەم مەسەلە چارەنووسسازە ناکرێ تەنیا بەوە لێک بدرێتەوە کە ئامانج و ویست تێدا دروستکردنی دەسەڵاتێکی فەلسەفی و ڕووناکبیریی تایبەتە، بەڵکو دەکرێ بەجۆرێک سێر بکرێ کە مەرام و مەبەست تێدا سەرخستن و ڕووخستنی ئەو ناجۆری و ناکۆکییانەیە لە دیتن و ڕاڤەکردنەکاندا ئامادەن. مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواش کە شایەتە لەسەر ئەم لایەنە، سەبارەت بەگفتوگۆکردنی ئەو لایەنانەی فەلسەفە خواستی لەسەر بووە، هەمیشە ڕوو لە هەوراز بووە. ڕاستە فەلسەفە لە ڕۆژئاوا خواستی لەسەر زۆر



شت بووە، بەڵام چەند فەلسەفەی ڕۆژئاوا ئەو خواستانەی بەجێ هێناوە و هەروەها دواتر گەیاندوشیانیەتییە ئاستی جیا ئەمە، ئامانجی ئەم نووسینە نییە.

هەر لێرەدا و تایبەت بەو لایەنەی تۆزێ لەمەوبەر خستمانە بەر باس، بۆ ئەوە دەچم زۆر ئاساییە، یەکێ لە خوێنەرانی ئەم نووسینە ئەم پرسیارەی تێدا بورووژێ: گەر میتافیزیک نەبایە بیریارانی ڕۆژئاوا چ تێمایەکی تریان دەکرد بەکرۆکی نووسینە فەلسەفییەکانیان؟ من لەم حاڵەتەدا بەو کەسە دەڵێم نەک بیریارانی ڕۆژئاوا، بەڵکە گشت مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەدرێژایی ئەو هەموو سەدەیەی بەسەری بردووە نەیتوانیوە پشت لە میتافیزیک بکا. واتە میتافیزیک، کە بنەڕەتیترین تێمای فەلسەفیی بیریارانی ڕۆژئاوا بووە، هەوێنی گشت سڵەمینەوە و گومان و ڕاراییە فەلسەفییەکانیش بووە. هەر لەو بارەیەوە ئەوەش بەو کەسە دەڵێم کە، باشە چۆن فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا دەکارن ئەمە بکەن لە کاتێکدا فەلسەفە بێ دوان لە میتافیزیک ناکارێ، یان دەرنەکەوتووە کە بکارێ، بژی. پێ دەچێ ئەو فەلسەفەیەی بێ میتافیزیک دەکارێ بژی، بۆ بیرمەندانی ڕۆژئاوا، ئەوە فەلسەفە نییە بەڵکە نافەلسەفەیە. نافەلسەفە بەو مانایە لێرەدا بەکار دەبەم کە شتێکی تر شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوە کە پێچەوانەکەیەتی. وێڕای ئەوە نافەلسەفە، کە لە میتافیزیک نادوێ، ناکارێ گۆڕان دروست بکا گەر ئامانج لە فەلسەفە گۆڕان نانەوە بێ. ئەم بۆچوونە ئەو ڕاڤەکردنە فەراهەم دەکا کە مێژووی میتافیزیک مێژوویەکی بزووێنەرە و سەختە دەستەمۆکردنی. بۆیە تا دێ تروسکایی وتن لەسەر میتافیزیک لە ناو فەلسەفەی ڕۆژئاوا ڕوو لە زیادبوونە و دەرهاوێشتەی ئەمەش ئەو هێڵە گشتییەیە کە کردەی فەلسەفەکردن بەڕوونکردنەوە و تێپەڕاندنی میتافیزیک دەبەستێتەوە. باڵادەستی فەلسەفەی ڕۆژئاوایش کارێکی ئەوتۆی کردووە ئەو مێژووەی میتافیزیکی لەخۆڕا پەنهان کردووە، ناسنامەی فەلسەفەشی بەڕۆژئاوایی کردووە.

بەڵام تایبەت بەوی لای سەرەوە لە بارەی واتای خودەوە باس کرا ئەوا بۆ

زێتر ڕوونکردنەوەی ئەوە دەگەڕێمەوە لای بادیو و ڕاڕایی ئەم بیریارەش سەبارەت بەم واتایە، بەمجۆرەی لای خوارەوە گفتوگۆ دەکەم.

بادیو لە نێوان وێرانکردن و هەڵوەشانەوەی ئەم واتایە کار لەسەر پشتگیریکردن لە ناوەڕۆکی ئەم واتایە دەکا. بۆ ئەوەی ئەمەش بکا هەوڵ دەدا هاودەنگیی خۆی لەگەڵ لاکان سەبارەت بەوەی قۆناغی تازەگەری فەلسەفە بەردەوامە بەرچاو بخا. ئەمە بەتەنیا بۆچوونی بادیو نییە بەڵکو پێش هەموو شتێک بۆچوونی لاکانە کە بادیو لە زۆر ڕووەوە وابەستەی بۆچوونەکانیەتی. ئەڵبەتە بۆچوونی کەسانێک وەک جامبیێ و لاردروشە. بەڵام بەبۆچوونی بادیو ئەم مەسەلەیە بۆ هایدگەر و(نەختێ بۆ دولۆز، لیوتار و دێریدا و، لاکۆ-لابارت و نانسییش) بەو جۆرە نییە. چونکە هایدگەر پێی وابوو قۆناغی ئێستامان قۆناغێکە خودگەریی بەرەو دروستبوونی دەبا. بەڵام بادیو بۆ ئەوەش دەچێ هزر لەم حاڵەتەدا ناشێ هەبێ گەر ئەم دروستبوونە تێ نەپەڕێنێ. ئەگەرچی واتای خود، فاکتەرێکی سەرەکی عەقڵە، بەڵام عەقڵ دوژمنی سەرسەختی هزریشە[٣٤].

بادیۆ لەمیانەی شیکردنەوەکەی تەنێ بەم لایەنانەوە ناوەستێ، بەڵکو بەلایەوە زێدەگرینگە ئێمە لەوە بگەین ناوی هایدگەر چی دەگەیەنێ. ئەم بەخۆی ئەوەی یەکلا کردووەتەوە کە ناوی هایدگەر بۆچوونێک پێک دێنێ، ئەم بۆچوونە گەلێک لایەنی لێ دەبێتەوە. بەرچاویترین بۆچوونیش بۆ بادیو ئەوەیە کە ناوی هایدگەر تەوەرەێ گشتییە بۆ ڕێکخستنی یەکگرتنەوەیەک بەدەوری چەند سەرەباسێ. ئەو سەرەباسانە کە من لای خوارەوە گفتوگۆیان دەکەم لای بادیو چڕ و پڕترن.

من بۆ ئەوەی دەم لە سێرکردنەکانی بادیو لەمەڕ هایدگەر وەردەم بەپێویستی دەزانم لەوێوە وەسەرەتا بێم کە بادیو پێی وایە ڕووی تازەی میتافیزیک کە بەدەوری واتای خوددا دەخولێتەوە لە قۆناغی کامڵبووندایە. ئەم لایەنە دەمانباتەوە سەر تەکنیک. چونکە هایدگەر هەیمەنەی تەکنیک بەمانای تەواوکردنی میتافیزیک تەماشا دەکا و، پێیشی وایە مانای ڕاستەقینەی واتای خودیش لەمیانەی بەبابەتبووندا دێتە دی. بەمجۆرە ئەم بەبابەتبوونەش لە



ئاکامی ناوێکەوە گەلاڵە دەبێ کە پێی دەوترێ هەیمەنەی تەکنیک. بەردەوامیی مرۆڤیش وەک خود هیچ نییە لە نەسخێکی میتافیزیکییی ئەم دامەزراوە. تەکنیک کە دوا ویستی مێژووییە، لووتکەی قۆناغی میتافیزیکی بوونیشە. هەر تەکنیک تاکە پرۆگرامی بیریشە[٣٥]. لێرەوە واتای خود شوێنی لەق دەبێ. بەڵام ئەمە بەرەو کوێمان دەبا؟ بەدڵنیاییەوە دەشێ وەڵامی ئەم پرسیارە بەو جۆرە بدرێتەوە کە گشت هەیمەنەیەک ئاکامی نوێی لێ دەکەوێتەوە، جا هەیمەنەی تەکنیک کە بەخۆی شای گۆڕانەکانە دەشێ گشت ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە. یەک لەو شتانەی دەشێ لەمیانەی هەیمەنەی تەکنیک پێشبینی بکرێ ئەوەیە کە هەیمەنەی جیهانیی تەکنیک کۆتاییی فەلسەفە ئامادە دەکا. ئەمەش نیشانەیە لەسەر بوونی میتافیزیک.

من لێرەدا بڕینێ دروست دەکەم و دەگەڕێمەوە لای هایدگەر و، مەبەستیشم بیرخستنەوەی ئەو تێگەیشتنەی هایدگەرە کە گوایە گشت شتێک کە لەمەڕ کۆتاییی فەلسەفە دەوترێ، مەبەست لێی میتافیزیکە[٣٦]. بەڵام ئەوەی بەچاخی ئێستامانەوە تایبەتە، مەبەست ئەم چاخەی تێدا دەژین، بەقەولی بادیو، چاخی فیگوری کۆتایی میتافیزیک و چاخی بڵاوبوونەوەی هاوشێوەی تەکنیکیشە[٣٧]. ئەم لایەنە لە درێژەی وتنەکانی ترم لای خوارەوە، سەرنجی دەخەمە سەر، بەڵام پێش گشت شتێ دەمەوێ بڵێم هاتنە دی ئەم تەکنیکە میتافیزیکییە کە لە لایەن بیرەوە بەشتێ نیهلیستی (هیچگەرا) لە قەڵەم دەدرێ، هایدگەر وتەنی، ئاکامی دوو شتی سەرەکییە. یەک لەوانە زانستی نوێیە و ئەوەی تر دەوڵەتی تۆتالیتارییە. ئەمەش، واتە هەیمەنەی ئەم شتە میتافیزیکییە نیهلیستییە، بەواتای هاتنە دی نا-بیر دێ. بەڵام بۆچی نا-بیر؟ چونکە تەکنیک نا-بیر بەرەو لووتکە دەبا. هەروەها لەبەرئەوەش تەکنیک نە بیرە و نەش بوون. بەواتای دی لەگەڵ هاتنی تەکنیک نا-بیر زاڵ دەبێ و زاڵبوونی ئەم دیاردەیەش کاڵبوونەوەی بیر دەگەیەنێ. بەڵام مەبەستم لە نا-بیر، دژەبیر نییە، بەڵکو ئەو شتەیە کە بیر نییە. ئەو شتەش کە نا-بیرە شتێکی ترە کە جیایە لە بیر. هەروەها ئەو نا-بیرە کە لە خۆیدا نیهیلیستیە بوونمان دەشێوێنێ.

هایدگەریش کە بوونی (ماهیەتی) تەکنیک بەبوونێ نا–بیر لە قەڵەم دەدا، ئەرکی بیر لەوەدا دەبینێتەوە کە وا لە مرۆڤ بکا لەتەک بوونی تەکنیکدا خۆی رێک بخا[٣٨]. ئەمە مانای ئەوەیە هایدگەر چاوەڕێی ئەوەیە مرۆڤ کۆشش بۆ دۆزینەوەی شیاوی بکا تا خۆی لەگەڵ تەکنیک، کە گۆڕانێکی گەردوونی دروست دەکا، رێک بخا. بەڵام کامە بیر دەکارێ بەبۆچوونی هایدگەر ئەمە بکا، بۆ من ڕوون نییە. چونکە هایدگەر ئومێدی بەوە نەبوو ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمانی ئەمەی، کردبێ، تەنانەت پراگماتیزمی ئەمەریکیش لەوە بەدوور دەخاتەوە لە ماهیەتی تەکنیکی هاوچەرخ گەیشتووبێ[٣٩]. لەوە سەیرتر ئەو بینینانەش کە فەلسەفەکانی پێش خۆی لە بارەی شارستانیی تازەی رۆژئاواوە دایان ڕشتووە ڕەت دەکاتەوە کە یەک لەوانە نیچە و دواتر هوسرەلە.

ئاشکرایە زۆربەی هەرە زۆری ڕوانینەکانی هایدگەر خۆیان لەسەر ئەو وێنە فەلسەفییە هەڵدەچنن کە گوایە تەکنیک کەناربوونی بوون دەگەیەنێ. بەمجۆرە تەکنیک لە خۆیدا ویست و پێوەندییە بەبوونەوە کە مەسەلەی لە بیرچوونەوەی ئەم بوونە، لە ئاکامی دەرکەوتنی تەکنیک شتێ بەڵگە نەویستە. تەکنیک کە دەستگرتنە بەسەر بوونەوە، ویستێک بەرهەم دێنێ کە ئەوەش ویستی بەرهەمهێنانە. ئەم ویستە کە نیهلیستییە تێکدەری بوونیشە. واتە ویستی تەکنیک لە لایەک هێزێکی پاڵنەرە بۆ تێکدانی بوون و لە لایەکی تریش بەنیهلیستیکردنی ئەم بوونەشی بەدەمەوەیە. بەمجۆرە بێ، تێکدانی بوون لە خودی تەکنیکدا ئامادەیە. کەواتە ئەم چاخەی تێیدا دەژین چاخێکی نیهلیستییە چ سەبارەت بەبیر و چش سەبارەت بەچارەنووسی بوون. بوون کە ڕێگەیەکی نیهلیستی گرتووەتە بەر، ویستی نیهلیستیی تەکنیک زاڵە بەسەریەوە[٤٠].

با ئەوەش لە بیر نەکەین تەکنیک کە بەشێ زۆر لە ڕوونکردنەوەکانی هایدگەر سەبارەت بەبوون داگیر دەکا بەو مانایە نایێ کە هایدگەر دژی تەکنیکە. ئەوی هایدگەر، بەپێی وتنی خۆی دەیکا تێگەیشتنە لە ماهیەتی تەکنیک. ترسی هایدگەریش لە تەکنیک لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە مرۆڤایەتی بەگشتی لە



ژێر هەڕەشەی ئەمەدایە کە پێی دەڵێن تەکنیک. هەر بۆیەشە هایدگەر هەر زوو بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە مەترسی تەکنیک زۆر زۆرترە لە مەترسی بۆمبی ئەتۆمی. ئەم مەسەلەیەش هایدگەر بەوە لێک دەداتەوە کە مەترسییەکە ڕەنگە لەوێوە سەرچاوە هەڵگرێ کە پاش ماوەیەکی تر فیزیای بیۆلۆژی مرۆڤمان بۆ دروست بکا. واتە تەکنیک کار بۆ دروستکردنی مرۆڤی باش و خراپ، ژیر و گەوج بکا. ئەمەش بەباوەڕی فەلسەفی هایدگەر گەورەترین مەترسییە[٤١].

ئەوی من تێی گەیشتووم قسەی هایدگەر لە بوون، قسەکردنیشیەتی لە چارەنووسی بوونمان، واتە بوونی مرۆڤ. هەروەها هایدگەر لەم ڕێگەیەوە، واتە لە ڕێگەی باس لە بوونەوە، دەیەوێ قسە لە ئایندەی مرۆیی مرۆڤ بکا. ئەم ئایندەیەش لەبەرئەوەی ناروون و تاریکە، وای لە ڕوونکردنەوەکانی هایدگەر کردووە نیهلیزم باڵبکێشێ بەسەریدا. هەر بۆ نموونە بوون کە بەبۆچوونی هایدگەر لە بەردەم گەشەی تەکنیک دووچاری کشانەوە بووە ئەمە هایدگەری زۆر نارەحەت کردبوو. بۆیە هایدگەر زۆر بەراشکاوی باسی لە داڕمان و تێکچوونی بوونمان دەکرد. واتە هایدگەر هیچ هێزێکی لە بووندا نەدەبینییەوە لە بەرەنگاریی تەکنیکیدا بکارێ کاریگەر بێ. ڕەنگە لە گەلێک ڕووەوە ئەم شێوە سێرکردنەی هایدگەر یارمەتیدەر بووبێ بۆ هێنانە پێشەوەی باس لە نەمانی مرۆڤ. وەکی تریش ئەم شێوە سێرکردنە لە بوونیەتیی مرۆڤ، کە ئەوەش نەمانەکەیەتی، لەگەڵ هاتنی تەوژمی تەکنیک، لق و پۆپی تایبەتی لێ بووەوە. مەبەستم، باس لەم نەمانەی مرۆڤ کە پاش هایدگەر لە لایەن بیریارانی جیاوازی فەرەنسییەوە بەهەموو نەوەکانییەوە بایەخی درایێ و ئاقارێکی فەلسەفیی قووڵی وەرگرت، کە ئێرە جێگای ئاوڕدانەوە نییە لێی، ئەو مانایەی بۆ من هەیە کە مرۆڤ لەگەڵ داهاتنی چاخی تەکنیک، دووچاری نامۆبوونێکی بێسنوور و ئاڵۆزییەکی بێ پایان دەبێ کە ئەوەش بەکۆتاییهێنانی ئەم مرۆڤە یەکلا دەبێتەوە. ئەم بینینەی منیش لە گەلێک لاوە بەسێرکردنی هایدگەر بۆ تەکنیک پابەندە. تەنانەت واشی دەبینم، ئامادەبوونی مرۆڤ لەسەر ئەستێرەیەکی تر لە دەرەوەی ئەستێرەی خۆی، مانای ڕیشەکێشکردنیەتی لەو

ئەستێرەیەی بووە بەداڵدەی، واتە لە ئەستێرە ڕاستەقینەکەی خۆی. بەواتایەکی تر سەفەری مرۆڤ بۆ سەر ئاسمان، واتە بەجێهێشتنی ئەستێرە ڕیشەیەکە، ئەمەش مرۆڤ دەکا بەگەڕۆک، بەڵام بەری ئەم گەڕۆکییەی مرۆڤ دەبێتە مایەی جووڵەی لە ڕادەبەدەر مەترسیدار. یەکەم ئاکامی ئەم گەڕۆکییەش بریتییە لە نامۆبوونی مرۆڤ بەخودی خۆی کە ئەوەش کۆتایی– یان نەمانی– واتای مرۆڤ دێنێتە پێشەوە. تەکنیک کە مەحکوومان دەکا بەوەی شوێنی خۆمان جێ بێڵین، ئەوەشمان لەتەکدا دەکا کە دواتر لە خودی خۆمان بێزار بین. بەواتایەکی تر ئێمە بەرەو نەمان دەچین. بەڵام ئەوەی هایدگەر بۆی دەچێ، ئەوەیە کە مرۆڤ هەر چۆن بێ، مێژوویەکی هەیە ئەم مێژووەش باس لەوە دەکا کە مرۆڤ شوێنێکی خۆی هەبووە. شوێن بەمانای نیشتمانێک. بەڵام پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکە ئەوەیە: تۆ بڵێی شوێنی (نیشتمانی) مرۆڤ تەنیا هەر سەر زەوی بێ و بەس؟ بەبۆچوونی من، تەکنیک توانیی چەند نیشتمانێک بۆ مرۆڤ بدۆزێتەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی موغامەرە نەبڕاوەکانی تەکنیکەوە کە مرۆڤ هەمیشە تیای دەژی[٤٢].

بەم شێوەیە بۆ مرۆڤی سەردەم، گەر تەکنیک بریتی بێ، لە جووڵە و بزاوتن ئەوە بۆ هایدگەر ئەم جووڵە و بزاوتنە لە هەڕەشەیە بۆ سەر مرۆیی مرۆڤ بریتییە. ئەم جووڵەیە کە بەبۆچوونی هایدگەر بەرهەمی تەکنیکە، مرۆڤ لەسەر زەوی ڕیشەکێش دەکا. بەڵام بۆ ئەوەی زۆرتر خوێنەر لە زمانی ڕوونکردنەوەی هایدگەر نزیک بکەمەوە، ئەوا دەگەڕێمەوە سەر ئەو وتووێژەی هایدگەر، کە هەفتەنامەی دێرشبێگلی ئەڵمانی لە ١٩٦٦دا لەتەکیدا کردوویەتی. ئەمەش لەبەرئەوەی هایدگەر لەو لێدوانە بەڕوونی ئەوە گۆ دەکا کە گەلێک لە ئێمە تا ئەمڕۆ بەهەر لێشی تێ ناگەین. ئەوەش ئەمەیە: ئەو تەکنیکەی بۆمبی ئەتۆمی بەدەمەوەیە، کە مرۆڤ لە خودی خۆی ڕادەماڵێ، پێویست بەبوونی ناکا[٤٣].

بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە، دەمەوێ قسەکردنەکەم بەجۆرێک داڕێژم کە پەیبردن بێ بەکێشەیەکی فەلسەفیی تر. ئەوەش مەسەلەی ڕاستیی بوونە. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە قسە لە هایدگەر بەو جۆرەی



لای سەرەوە دەمانباتەوە سەر مەسەلەی سەرنجڕاکێشتر، کە فەلسەفە لە تەمەنی خۆیدا کەم تا زۆر ئاوڕدانەوەی بۆ هەبووە، ئەوەش ڕاستیی بوونە. ڕاستیی بوون کە لەگەڵ هایدگەر فۆرمێکی تری فەلسەفیی وەرگرت، ئامانج لێی، سەرخستنی تێمایەکی تری فەلسەفی بوو، جیا لەوەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا ڕاهاتبوو، وتنی لە بارەوە ساز بکا. بەمجۆرە دەبینین هایدگەر هەر لە سەرەتای نووسینە فەلسەفییەکانییەوە بایەخێکی ڕیزپەڕانە، بەڕاستییبوون دەدا، ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی ڕاستی بوون کە مەسەلەیەکی سەرەکییە، بۆ فەلسەفە، لەگەڵ گەشەی تەکنیک ڕامانێکی زێدەتر داوا دەکا. بەڵام ئەوی لە ڕاستییبوون بیر نەکاتەوە، بەقەولی خۆی مانای ئەوە نییە دژی میتافیزیکە. هایدگەر کە میتافیزیک بەمادەی سەرەکیی فەلسەفە لە قەڵەم دەدا، بیر لەم حاڵەتە دوور دەخاتەوە[٤٤]. چونکە ئەو بیرەی بەبۆچوونی ئەم (واتە هایدگەر) بیر لە ڕاستیی بوون، دەکاتەوە بەتێپەڕاندنی میتافیزیک مەحکوومە. تێپەراندنی میتافیزیکیش بۆ ئەم فەیلەسوفە گرینگترین هەنگاوە بۆ دیاریکردنی ئەرکی بیر. واتە پاش تێپەڕاندنی میتافیزیک ئیدی بیر دەکەوێتە خۆی. یەکەم شتیش بیر لەم ڕووەوە دەیکا وتنەیەتی، بیرکردنەوەیەتی، لەمەڕ ڕاستیی بوون. بەڵام بیر بەتەنیا ئەمە ناکا بەڵکە لە پێوەندی لەتەک مێژووی فەلسەفەدا دەکارێ ئەمە بکا. ئەو دەمەش میتافیزیک لەمیانەی مێژووەوە، مێژووی فەلسەفەوە، دیاری دەکرێ باس لە مێژوویەکی دی دێتە پێشەوە، ئەوەش مێژووی میتافیزیکە. ڕاستە میتافیزیک لەگەڵ هیگڵ بەمێژوویی دەبێ، بەڵام مێژووی فەلسەفە بۆ هایدگەر تەنیا لەمیانەی تێپەڕاندنی میتافیزیکەوە بوونی هەیە. ئەم تێپەڕاندنەش کە کاری بیر دەستنیشان دەکا بیر دەکا بەشتێکی مێژوویی[٤٥]. بەڵام مێژووی فەلسەفە شتێکە بەرهەمی بوونە. بوون کە مادەی سەرەکی بیرە، زۆرترین مانای فەلسەفیی لە بواری تێپەڕاندنی میتافیزیک بۆ هایدگەر هەیە. تێپەڕاندنی میتافیزیک بۆ هایدگەر بەم شێوەیە تێپەڕاندنی فەلسەفەش دەگەیەنێ، بەڵام ئەو فەلسەفەیەی لێرەدا مەبەستە، ئەو فەلسەفەیەیە کە ڕیشەیەکی میتافیزیکیی هەیە.

بۆ زێتر پوختەکردنی ئەوی لای سەرەوە وترا، دەمەوێ هێڵی گشتیی سێرکردنەکانم لەوەدا بەرجەستە بکەم کە ڕاستیی بوون لە هیچەوە نایەتە بەرهەم. ڕاستییبوون کە بوون وەک ماهیەت مەبەستە لێی، ڕووبەڕووی لایەنێکی ترمان دەکاتەوە کە جەوهەری میتافیزیکە. بۆیە لای هایدگەر هەمیشە قسە لە جەوهەری میتافیزیک بەقسە لە ماهیەتیبوون گرێ دراوە. ماهیەتیبوون لە هەبووندایە[٤٦]، بوونیش کە قسەکردنە لە هەبوون، پێچەوانەی ئەو قسەکردنەیە لە بارەی نەبوون یان هیچ دەکرێ. واتە هایدگەر ئەو کاتەی قسە لە بوون دەکا باس لە شتێ دەکا هەیە نەک نییە. بۆیە هایدگەر لەو لێدوانەی لەتەک فیسەر ئەنجامی داوە، بوون لە نەبوون جیا دەکاتەوە[٤٧]. هایدگەر کە باس لە بوون دەکا، واتە نەبوونی یان هیچی پشتگوێ خستووە. پشتگوێخستنی نەبوونیش یان هیچ قورسایی دانانە لەسەر بوون. لە ڕێگەی ئەمەشەوە، واتە بوون، هایدگەر باس لە بوونەوەر دەکا. چونکە بۆ ئەم بیرمەندە تەنیا لە ڕێگەی بوونەوە مرۆڤ دەکارێ دەرکەوێ بەڵام نەبوون بەمانای شاردنەوەی مرۆڤ دێ، کە ئەمەش پێم وابێ هایدگەر پێی قایل نابێ بۆیە هایدگەر بوون لە نەبوون جیا دەکاتەوە و نەبوون یان هیچ ناکا بەبابەتی باس. چونکە لە ڕێگەی هیچەوە ناشێ باس بهێنرێتە سەر بوونەوەر کە ئەمەش لە بوون و کاتدا تێزی سەرەکیی هایدگەرە.

من کە ئەم بەشەی نووسینەکەم بۆ گفتوگۆکردنی دیتنی بادیو لە بارەی هایدگەرەوە تەرخان دەکەم تەنێ لەو چوارچێوەیەدا خۆم قەتیس دەکەم کە تێڕامان و بینینەکانی بادیو خۆیان پێوەی تایبەت دەکەن. بۆیە هەر لەسەرەوەش وتم کە لە ڕێگەی ئەم چەند دێرەوە نەدەخوازم بیری فەلسەفیی هایدگەر، بخەمە تەرازووە و، نەش هەڵوێستە لەسەر پرۆسەی هزرینی هایدگەر و ئەو ئێپۆکە فەلسەفییە وەردەگرم بیری فەلسەفی هایدگەری ژیاندووە. بەڵام خوێنەری ئەم باسەش بێ وەڵام و بێ سەرنج جێ ناهێڵم و تەگەرە لە بەردەم مێتۆدی نووسینەکەم، تا پێم بکرێ، دانانێم. بۆیە دەمەوێ بڵێم: ئەوەندەی لە فەلسەفەی بووناوی هایدگەر ئاگەدار بم لێکدانەوەکانی ئەم فەیلەسوفە لەو سنoورە ناوەستێ کە تۆزێ لەمەوبەر لای سەرەوە کەوتمە دواندنی. چونکە هایدگەر ئەو دەمەی فەلسەفە بەسەر تازەترین دیاردەی کۆمەڵگە و شارستانیی ڕۆژئاواوە دەکا، کە ئەوەش دیاردەی تەکنیکە، دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو فەلسەفاندنەوەیەوە جەوهەری تەکنیک شی بکاتەوە کە ئەمەش دواتر لای هایدگەر بۆ هێنانە دنیای شیکردنەوەیەکی ترە کە ئەوەش شیکردنەوەی پێوەندیی نێوان بوون و مرۆڤە. هەر سەبارەت بەم لایەنە ڕاراییشی ناوێ گەر بڵێم: هایدگەر یەک لەو فەیلەسوفانە بوو زوو دەرکی بەوە کرد بزووتنەوەیەکی جیهانی بۆ چێکردنی دەوڵەتێ تەکنیکی لە ئارادایە بەڵام چەند مرۆڤ و یان فەلسەفە دەکارن بەسەر ئەم بزووتنەوەیەدا کاریگەر بن، لە ڕوانینەکانی هایدگەردا زۆر ڕوون نییە. چونکە بەبۆچوونی هایدگەر، فەلسەفە ناکارێ دۆزی هەنووکەیی جیهان بگۆڕێ. ئەمەش بۆ من بەو مانایە دێ فەلسەفە ناکارێ بەشداری لە گۆڕینی ڕیشاڵی ئەو ڕووداوانە بکا کە بەهۆی گەشەی تەکنیکەوە دێنە کایەوە. هەر لەم ڕووەوە ئەوەش دەڵێم: ئەوەی زۆر سەرنجم ڕادەکێشێ لەو وتووێژەی هەفتەنامەی دێرشبیگل لەتەک هایدگەردا کردوویەتی ئەوەیە هایدگەر لەوێ جگە لەوەی فەلسەفە وەک شتێکی ناکاریگەر لە بەرامبەر تەکنیک دەبینێ، بۆ ئەوەش دەچێ کە فەلسەفە لە توانەوەدایە لە ناو هەندێک زانستی تر لەوانە سیاسەت، دەروونناسی و لۆژیکدا. ڕەنگە ئەمە لە گەلێ سەرەوە کاردانەوەی تەکنیک بێ، بەڵام بۆ هایدگەر ئەوی لەگەڵ هەیمەنەی تەکنیک شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوە سبێرنەتیکە (ئەو زانستەی کاری ئاراستەکردنە). ئەم جۆرە ڕوانینەش بۆ فەلسەفە بۆ من پشت تێ کردنێکە لە فەلسەفە. واتە فەلسەفە ناکارێ لە سەردەمی تەکنیک بەکاری فریادگوزاری هەستێ. ئەم پشت نەبەستنەی هایدگەر بەفەلسەفە، بۆ من دوو ڕەوت وەردەگرێ لە لایەک فەلسەفە جودایە لە بیر و لە لایەکی تر فەلسەفە لەبەرئەوەی میتافیزیکە (هیچ نەبێ ئەو فەلسەفییەی ڕیشەی میتافیزیکیی هەیە) ناکاریگەرە و دەبێ نەمێنێ. بەڵام هایدگەر لەبری ئەوە، واتە لەبری ئەوەی بۆ کۆتاییهێنان بەتەکنیک، پشت بەفەلسەفە ببەستێ پەنا بۆ یەزدان دەبا. واتە بۆ هایدگەر ئەوەی دەکارێ دۆزی

هەنووکەیی جیهان بگۆڕێ ئەوە یەزدانە، یان ئەوەی دەکارێ لەو میحنەتە (تەنگاوییە) دەربازمان بکا کە تەکنیک بۆی ئامادە کردووین تەنێ یەزدانە. ئەوەیشی ئێمە، بەبۆچوونی هایدگەر، تەنیا و تەنیا لەم حاڵەتەدا دەکارین بیکەین، یان پێمان دەکرێ، سازدانی بارێکە لە بیر و شیعردا کە تا بڵێی بۆ هایدگەر ئەم دۆزە، واتە سازدانی بار بۆ بیر و شیعر، یاریدەدەرە بۆ دەرکەوتنی ئەم یەزدانە[٤٨]. ئەمە بەدیتنی من بۆچوونێکی میتافیزیکیی ڕووتە و لێرەوە هایدگەر دەیەوێ لە بەرامبەر ترس لە تەکنیک یەزدانێک قوت بکاتەوە. بۆیە بۆ من لەم حاڵەتەدا ئەو تێڕامانە فەلسەفییەی لە شێوەی پرسیار خۆی دەردەخا بەمجۆرەیە: ئەو یەزدانەی هایدگەر قوتی دەکاتەوە تا چ ئەندازەیەک لە یەزدانەکەی نیچەوە نزیکە، کە نیچە هەر زوو مراندی؟ من وا هەست دەکەم ئەو یەزدانەی هایدگەر دەیەوێ لە ڕێگەی بیر و شیعرەوە دروستی بکا، یەزدانێکە بۆ ڕزگاربوون لە ئالەت کە ئەمە ئەو یەزدانە نییە کە نیچە لە زەرادەشتدا دەیمرێنێ. چونکە هایدگەر چاک لەوە گەیشتبوو کە تەکنیکی نوێ، زیاد لە پێویست دوژمنی سەرسەختی یەزدانە. بۆیە یەزدان لە گشت کەسێ زیاتر لە بوونی تەکنیک زەرەرمەندە. تەکنیک کە بەبۆچوونی من ئاینکوژە، خۆی ئاینێکی ترە. ئەم ئاینە نوێیە کە بێ یەزدان گوزەر دەکا، شوێن بۆ ئاینی تر چۆڵ ناکا سەروەر بێ. بەڵام ناکرێ ئەوە لە بیر بکەین کە شارستانیی گەردوونی، کە ئەمڕۆ دەستی بەسەر زەویدا کێشاوە و بەرهەمی زانست و تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوایە، بەبێ ترادیسیۆنی بیری میتافیزیک بوونی نەدەبوو. ئەستەمە تێگەیشتنیش لە چاخی نوێ گەر لە ڕۆڵی میتافیزیک لە ئەفلاتوونەوە تا نیچە نەگەین کە ڕۆڵی لە خوڵقانی ئەم چاخە دیوە[٤٩].

من سەبارەت بەو خاڵەی لای سەرەوە گفتوگۆم کرد دژوارییەکی فەلسەفی دەبینم. دژوارییەکە لەوێ دایە هایدگەر پێی وا نییە بیر دەکارێ یەزدان دروست بکا. بەڵکە دەکارێ زەمینە بۆ ویستێ ئامادە بکا کە من ناوی دەنێم ویستی هاتنی یەزدان. ئەم هاتنە کە لە چاوەڕوانیدا دەژی بیر دەکارێ ئەم چاوەڕوانیە لە لایەن خۆیەوە بەخێو بکا. هۆی ئەوەش بیر، ئەم ڕۆڵەی دەدرێتێ، دەگەڕێتەوە



بۆ هەیمەنەی تەکنیک بەسەر مرۆڤەوە. واتە هەیمەنەی تەکنیک وا لە مرۆڤ دەکا دەسەڵاتی بەسەر خودی خۆیەوە نەمێنێ. ئەم دەسەڵات لە دەست دانەش، بەمانای ئەوە دێ، بیر، بیری مرۆڤ، ناکارێ ڕێگە لە ڕەوتی گەردوون بگرێ. بەمەش فەلسەفە ئەو شیاوییەی لە بەردەمدا نییە بەگۆڕانی گەورە هەستێ[٥٠] واتە فەلسەفە ناشێ کاریگەر بێ. چونکە هاتنی تەکنیک، یان باشترە بێژم هاتنی ئەم یەزدانە نوێیە، مرۆڤ و، ئەڵبەتە فەلسەفەش، لەوە دەخا کاریگەر بێ. ئەم بۆچوونەی من ئەگەرترووسکاییەکی نیهلیستیشی تێدا بێ، هۆیەکەی بۆ ئەو ترسە دەگەڕێتەوە هایدگەر لە ناخی خوێنەرانی خۆیدا سەبارەت بەهەیمەنەی تەکنیک بەرجەستەی دەکا. بۆیە ڕۆڵی تەکنیک لە وێرانسازی، ئەمە تێگەیشتنی بەردەوامی هایدگەر بووە لە بارەی ئەم دیاردە تازەیەوە، گرینگی بۆ هاتنی یەزدان هەیە. ئەم هاتنە، کە خۆی لە قۆناغی چاوەڕوانیدا دەبینێتەوە، هیوایەکی میتافیزیکیی پوختە و بەس. ئەم دیاردە تازەیە کە وەک دژی بیر و شیعر لە تێڕامانی فەلسەفی هایدگەر خۆی نیشان دەدا خوێنەرانی گرفتاری سێرکردنێکی نیهلیستی دەکا. من دەزانم بیر بۆ هایدگەر واتە کردار)[٥١] ئەمەش کە ئومێدی ئەوە بەخوێنەرانی فەلسەفەی هایدگەر دەبەخشێ کە کەوتنە زۆنی بیرکردنەوە هەنگاوە بەرەو دروستکردنی ویست و شیاوییەکان. ڕەنگە هەر ئەم لایەنەش بۆ هایدگەر یارمەتیدەرێکی گەورە بووبێ تا لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە جێگرێک بۆ فەلسەفە، کار بۆ دروستکردنی شیاوێکی تر و چاوەڕێ نەکراو بکا. بەڵام گرفتەکە لێرەدا لەوەدایە، هایدگەر نە خۆی و نە هیچ فەیلەسوفێکی تر بەفریادگەر نابینێ. مەبەستم هایدگەر قایل نییە، بەوەی فەیلەسوف بەفریادگەر ناوزەد بکا. تەنانەت پێشی وا نییە ڕێگەی دی بوونی هەبێ، بشێ بۆ بەرگرتن لە تەکنیک پشتی پێ ببەسترێ، ئەو تەکنیکەی دۆزی هەنووکەیی گەردوونی گۆڕیوە[٥٢].

بۆ زێتر شیکردنەوەی ئەوی لای سەرەوە، سەبارەت بە""بیر و شیعر "" وتم، لە چوارچێوەی ئەو لایەنانەی کەمێک لەمەوبەر وروژێنران، بەپێویستی دەزانم جارێ تر بچمەوە سەری. لەو ڕووەشەوە، دەمەوێ بڵێم: بیر و شیعر بۆ

هایدگەر مانا بەچاخی ئێستامان دەدەن. بەڵام ئایا ئەم مانادانە ترسە لە شتێک یان بەرهەمی تێگەیشتنێکی فەلسەفیی میتافیزیکییە؟ بەپێی سێرکردنی من و تێگەیشتنیشم لەو لێدوانەی هایدگەر پێش مەرگی لەگەڵ هەفتەنامەی دێرشبیگل ئەنجامی داوە بیر و شیعر لەتەک یەکدا لە چوونە نێو یەکدیدان کە سەرچاوەی ئەم چوونە نێو یەکدییە ڕەنگە بەرهەمی ئەو پەرەپێدانە بێ هاتووەتە سەر، تەکنیکی نوێ. هایدگەریش هاتنی تەکنیکی نوێ، کە چاخێکی تازەی هێناوەتە پێشەوە، دەکا بەبیرۆکەیەکی بۆ وتن لەسەر بەیەکسانیکردنی کردەی مرۆڤایەتی بە""بیر و شیعر ""[٥٣]. ئا لێرەوە دەکرێ بوترێ باس دێتە سەر قۆناغێکی تر لە ژیانی ئەو چاخەی دەیژێین، یان چاترە بڵێم ئەو ژیانەی لە ژێر سایەی تەکنیک دەیژێین. ئەم قۆناغە کە زێدە هەستیارە ناوی شاعیران پرشنگدار دەکا. بەڵام با بزانین کامە قۆناغ لێرەدا پتر مەبەستە؟ ئەڵبەتە ئەو قۆناغەی لێرە سەرنجی دەخرێتە سەر ئەو قۆناغەیە کە تەکنیک تێیدا سەروەرە. بۆ ئەوەی ئەوەش ڕووخەم کە لە سینگی فەلسەفی هایدگەر، سەبارەت بەم قۆناغە پەنگی خواردووەتەوە کۆشش دەکەم بەزمانی بادیو بێمە گۆ: بەقەولی بادیو لە چاخی نوێدا "کە چاخی بەخودبوونی مرۆڤە" و لە چاخی ئەمرۆشدا "کە چاخی بەبابەتبوونی تەکنیکە"، تەنیا هەندێک لە شاعیران (هۆڵدرلین، ڕێلکە و تراکڵ) بوونیان گۆ کردووە. ئەمەش بەلانی کەمەوە هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی بیر لە دەرەوەی هەیمەنەی تەکنیک. ئەم شاعیرانە کە پاسەوانی پرسی بوون بوونە، وتنە شیعرییەکانیان توانیویەتی ڕیشاڵی ئەو بیرچوونەوەیە ببڕێ کە تەکنیک لەگەڵ خۆی هێنابووی[٥٤]. واتە قسە لە شاعیران تاکە شتێکە بۆ هایدگەر لەم قۆناغە کە ترسی ئێمە لە تەکنیک دەڕەوێنێتەوە. بەڵام ئایا وایە؟ ئایا شاعیران زەفەربەرن بەتەکنیک؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی لە درێژەی وتنەکانم لە خوارەوەدا ڕوون دەکەمەوە.

بادیو لە درێژەی ڕاڤەکردنەکانی سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ پاش تەواوبوونی فەلسەفە ئەوی ماوەتەوە بۆمان، تەنیا بانگەوازکردنی ئەو پرسیارەیە «پرسیار لەسەر ماهیەتیبوون» کە شاعیرەکان پاسەوانی لێ دەکەن.



ئەمە کە تێگەیشتنێکی هایدگەرانەیە ئەو تێڕامانەشی لێوە وەبەر دێ کە دەڵێ: ئەم پرسیارە ئەو پرسیارەیە کە مێژووی فەلسەفە لە یۆنانەوە تا ئەمڕۆ سەرقاڵە پێوەی. کەواتە بیر لە ژێر مەرجی شاعیرەکاندا دەخرێتە ڕوو. لە ژێر سایەی ئەم مەرجەش بیر ڕوو لە لێکدانەوەی ڕیشەی فەلسەفە دەکا[٥٥] و هەروەها وەدووی چارەنووسی ڕاستەقینەی خۆشیدا وێڵ دەبێ. ئا لێرەدا بیر خۆی لەتەک مەسەلەیەکی مێژووییدا کۆک دەکا، ئەوەش مەسەلەی پێوەندی بوونە بەڕاستییەوە. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەفلاتوون. لای ئەفلاتوون بیر لە ڕێگەی پرسی ماتماتیکییەوە خۆی دەردەخا. بەڵام ئەم بایەخدانە بەماتماتیک دوور لە شیعر دەبێ بەبناغەیەک بۆ دوورکەوتنەوەی بیر لە شیعر. کە ئەمەش بەقەولی هایدگەر پێچەوانەی ئەو ئاراستەیەیە کە لە یۆنانی کۆندا هەبووە. واتە زمانی شیعری لە یۆنانی کۆندا زمانی بوون بووە. بەڵام ئەم زمانە لەگەڵ ئەفلاتوون دووچاری غوربەت دەبێ. چونکە شیعر لە یۆنانی کۆندا، پێش ئەفلاتوون، لەتەک بووندا کۆک بووە، بەڵام بەهاتنی زمانی ماتماتیکیی ئەفلاتوون، بوون دەکەوێتە زۆنی لە بیر چوونەوەوە. واتە بوون پشتگوێ دەخرێ. ئەو دەمەش ئەفلاتوون لەسەر دەرگای ئەکادیمیاکەی دروشمی"" ئەوەی ماتماتیکی نییە با نەیەتە ژوورەوە""ی هەڵواسی بەمە تەنیا بوونی بیر نەبردەوە، بەڵکو شیعریشی دەربەدەر کرد. دەربەدەربوونی شیعریش ئاڵۆزییەکی خوڵقاند تا ئەمڕۆ بۆچوون بۆ شیعر پێوەی دەناڵێنێ.

من بۆ ئەوەی زێتر ئەوە ڕوون بکەمەوە کە لەو دووسێ دێرەی سەرەوە وتم بەکورتی دەڵێم: بیر بۆ هایدگەر لە وتنی شاعیرەکانەوە ئاراستە وەردەگرێ. ئەمەش داوای لێکدانەوەی وەرچەرخاندنی ئەفلاتوون لەم ڕووەوە دەکا. چونکە ئەفلاتوون وەک ڕابەری میتافیزیکیی بوون، بیری لەوە دوور دەخستەوە کە لە ڕێگەی مەرجی شیعرییەوە بێتە کایەوە. بۆیە گەڕانەوە بۆ دۆزی بیر لە پێش–سوکرات داوایەکی بادیویانەی شێوە هایدگەریانەیە. کەوابێ گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی پێش– سوکرات لەم حاڵەتەدا گەڕانەوەیە بۆ ڕیشەی فەلسەفە. ئەم گەڕانەوەیەش مەرجی سەرەکییە بۆ هایدگەر تا بوون نەکەوێتە زۆنی لە بیر

چوونەوەوە. بەڵام لێرە پێویستە دەست بۆ مەسەلەیەکی تیۆریی گرینگ لای بادیو ڕابکێشم کە پێچەوانەی تێزەکەی هایدگەرە، ئەوەش ئەوەیە کە بادیو ڕووناکبیرییە فەلسەفییەکەی سەرچاوە لە بیرکارییەوە (ماتماتیکەوە) هەڵدەگرێ و تێما سەرەکییەکەشی لەم ڕووەوە دەشێ لەم دەربڕینەدا پوخت بکرێتەوە: ئەوە ماتماتیکەرە (بیرکار) نەک فەیلەسوف گفتوگۆی پرسیارە ئۆنتۆلۆژییەکان دەکا. بەم شێوەیە بوون بۆ بادیو بابەتی دیراسەی ماتماتیکە نەک فەلسەفە[٥٦]. کەواتە سەبارەت بەم لایەنە، واتە بایەخدان بەبوون، بادیو ئەفلاتوونییە تا هایدگەری. بەڵام من بەو مانایە ناڵێم کە بادیو شیعر دۆست نییە. نەخێر. بادیو، کە نووسینی فەلسەفیی لە بارەی بێکیت و سیلان نووسیوە و بەخۆشی دەستی لە نووسینی ڕۆمان هەیە، پشت لە شیعر ناکا بەڵام شیعر پێکەوە لەتەک ماتماتیک و سیاسەت و خۆشەویستیدا جووت دەکا و هەر هەمووش بەسەریەکەوە دەکا بەبناغە بۆ فەلسەفە. مەبەستم هەبوونی فەلسەفە. کەواتە یەکێک لە ژێرخانەکانی فەلسەفە لای بادیو شیعرە. بەڵام لای هایدگەر مەسەلەکە تەواو جیایە. چونکە هایدگەر هاتنی تەکنیک وای لێ کردووە ترسی لێ بنیشێ. ئەم ترس لێ نیشتنەش، هایدگەر بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە کە لەگەڵ داهاتنی چاخی تەکنیک، بوونمان فەرامۆش دەکەین. واتە زەبری تەکنیک بەجۆرێک تەوژممان بۆ دێنێ بوونی خۆمانمان لە بیر دەچێتەوە. جا لەم حاڵەتەدا گرنگترین شتێک کە بۆ ئەم بیریارە شوێنی ئاوڕدانەوەیە، ئەوەیە کە ئەم لایەنە داوای ئەوەمان لێ دەکا، بگەڕێینەوە بۆ خواوەند (یەزدان). ئەم بیرۆکە هایدگەرانەیەش، واتە پەنابردن بۆ خواوەند، زەبری تەکنیک هێناویەتییە پێشەوە. کرۆکی ئەو بیرۆکە هایدگەرییەش ئەوەیە، ئەوی دەکارێ لە گرفتی لە بیرچوو نەوەی بوون دەربازمان بکا خواوەندە. واتە تەنێ خواوەند دەکارێ ئەمە بکا.

وەکی تریش و سەرباری ئەوی گۆ کرا، بۆ من ئەم بیرۆکە هایدگەرییە ئەوە دەگەیەنێ ئاراستەی تەکنیک کە لە لەبیر چوونەوەی بووندا چڕ دەبێتەوە، پێویستیی گەڕانەوە بۆ خواوەند دەکا بەمەرجی سەرەکی بۆ بیرخستەوەی ئەم



بوونە. ئەمەش بۆ هایدگەر بەو واتایە دێ، تەکنیک کە دوا ڕووی میتافیزیکە نیهلیزم (هیچگەرایی) لەگەڵ خۆی دێنێ. بەڵام بەگەڕانەوە بۆ خواوەند، ئەم مەترسییە لە بەین دەچێ. ئەم کارەش لە ڕێگەی وتنی شاعیرانەوە دێتە دی. چونکە تەنێ لەو وتنەدا بوون ئامادەیە و یان بوون پارێزراوە. ئەم وتنەش کە بیری تێدایە، پاسەوانی ڕاستەقینەی بوونە. بۆیە لەم حاڵەتەدا هایدگەر بۆ دەربازبوون لەم تەنگاوییە پەنا بۆ خواوەند، دەبا: تەنێ یەزدانێک دەکارێ ڕزگارمان بکا، ئەمە قەولی خۆیەتی لەو لێدوانەی هەفتەنامەی ناوبراو دە ساڵ پێش مەرگی لەتەکیدا ئەنجامی داوە. بەڵام ئەم ڕزگاربوونە گەر هایدگەرانە سێر بکرێ بەو واتایە دێ زەوی لەو نیهلیزمەی تەکنیک لەتەک خۆی دەیهێنێ پاک دەبێتەوە. ئەمە کە دەقی تێگەیشتنە فەلسەفییەکەی هایدگەرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی هەیمەنەی تەکنیک، بۆ من لێوان لێوە لە میتافیزیک.

سەرباری ئەوی وترا ئاماژە بەوەش دەکەم هایدگەر بەهۆی ئەو وتنەوە کە خستمە ڕوو ئەو دیتنەشمان لا بەرجەستە دەکا کە یەک لەو شاعیرانەی وتنەکانی لە مەترسی تەکنیک دوورمان دەخاتەوە و زەمینەش بۆ گەڕانەوەی، هاتنی، یەزدان خۆشێکی دەکا هۆڵدرلینە. شاعیرێ وەک هۆڵدرلین بۆ هایدگەر تەنیا شاعیرێکی ئاسایی نییە بەڵکو شاعیرێ بیرمەندە (گەر بشێ ئەم گوزارەیە بەکار ببەم). واتە ئەم شاعیرە ئەو شاعیرەیە هایدگەر چاوەڕوانیەتی. مەبەستم ئەو شاعیرەی دەکارێ لە چاوەڕوانی یەزداندا بێ، ئەوا هۆڵدرلینە. کەسێک وەک هۆڵدرلین کە بۆ هاتنی یەزدان زەمینە خۆش دەکا لەو هیچگەرایەش بەدوورمان دەکا کە تەکنیک بەدیاری بۆمان دێنێ. ئەمە کە لە ڕێگەی شیعرەوە هۆڵدرلین دەیکا، پێ دەچێ هایدگەر خۆی لە ڕێگەی بیرەوە کردووبێتی. گەر ئەم دۆکتورینە ڕاست بێ، کەواتە دەشێ هەندێ بۆ ئەوەش بچێ هایدگەر و هۆڵدرلین تەواوکەری یەکن. مەبەست ئەوەیە، ئەوەی هایدگەر لە بیردا باسی لێوە دەکا هۆڵدرلین لە شیعردا شیاویی لە بەردەمدا کردووەتەوە. وتنەکان کە بیر و شیعرن ئەرکی بیرخستەوەی بوون لە ئەستۆ دەگرن. واتە

هایدگەر لە ڕێگەی بیر و هۆڵدرلینیش لە ڕێگەی شیعرەوە دەمانبەنەوە ئامێزی بوون. بەقەولی هایدگەر ئێمە پێویستیمان بەمەیە. ئەم پێویستییەش تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمەی بوونەوەر بوونی خۆمان بیر چووەتەوە. هۆڵدرلین کە لە ڕێگەی وتنە شیعریەکانییەوە ئەم بوونە ئامادە دەکا هایدگەر بەهۆی هزرەوە ئەمە دەکا. چونکە بیرخستنەوەی بوون ئەمە ئەرکی فەلسەفی هایدگەر بووە. بیرخستنەوەی بوون بیرخستنەوەی ئەو جیاوازیەیە کە بوون لەتەک هەبووندا هەیەتی کە ئەمە بۆ زۆربەی فەیلەسوفانی پێش هایدگەر بابەتی باس نەبووە. مەبەستم: ئەرکی بیر بەبۆچوونی هایدگەر لێکۆڵینەوەیە لە بوون، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە بەبۆچوونی ئەو ئەنجام نەدراوە یان هیچ نەبێ لە پاش ئەفلاتوونەوە بوون پشتگوێ خراوە. هەر لەم بارەیەوە دەکرێ ئەوەش بخرێتە ڕوو کە هایدگەر مێژووی فەلسەفە بەبیرخستنەوە دەشوبهێنێ، بەڵام میتافیزیک بەبیرچوونەوە (فەرامۆشکردن). بەمجۆرە میتافیزیک واتە لەبیر چوونی بوون و لەبیر چوونی جیاوازی نێوان هەبوون و بوونیش[٥٧]. بەم پێیە مێژووی بوون بۆ هایدگەر بەلەبیر چوونی بوون دەست پێ دەکا[٥٨]. ئەو مێژووەش کە بەمجۆرە دەست پێ دەکا مێژوویەکی میتافیزیکییە.

من لە کۆی ئەو دیتنانەی هایدگەر و بادیو کە لای سەرەوە گفتوگۆم کردن دەمەوێ ڕەوتی نووسینەکە ڕووەو چەند ئاقارێک بەرم کە لای خوارەوە پۆلیان دەکەم.

یەک لەو ئاقارانە ئەوەیە میتافیزیک، واتە ئەفلاتوون. ئەمەش مێژووێکە ڕۆژئاوا پێی ناسراوە. میتافیزیک کە زمانی ئەفلاتوون گۆ دەکا[٥٩] ئەو مێژووەش لە خۆیدا بەرجەستە دەکا کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا پێی ناسراوە. لێرەوە دەشێ ئەوەش بوترێ ئەفلاتۆنیزم، هایدگەر وتەنی، بەواتای میتافیزیک دێ[٦٠] ئەم لایەنەش ئەو دەمە بوو بەبابەتی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا کە پا نرایە ناو قۆناغێکی فەلسەفییەوە کە بەقۆناغی پاش ئەفلاتوون ناسراوە. یەکەم ترووسکایی ئەم قۆناغەش ئەو کاتە بوو کە هەستی ڕەتکردنەوەی میتافیزیک لە نێو فەیلەسوفانی ڕۆژئاوادا دەستی پێ کرد. ئەمەش بەو واتایە دێ، تێپەراندنی



میتافیزیک واتە تێپەڕاندنی ئەو کەلەپوورە فەلسەفییەی ئەفلاتوون بەردەستی مرۆڤایەتیی خستووە. هەر بۆیەشە هایدگەر بۆ ئەوە دەچێ کە تێپەڕاندنی میتافیزیک واتە ناوێکی تر بۆ ئەفلاتۆنیزم)[٦١]. بەڵام زۆر جار ئەستەمیێک تایبەت بەتێپەڕاندنی میتافیزیکی، ئەفلاتوون دێتە پێشەوە کە لە گەلێ ڕووەوە لە ئەستەمی هەڵهاتن لە چنگ فەلسەفەی مێژووی هیگڵ دەچێ کە ساڵەهایە بیریارانی ڕۆژئاوا پێوەی دەناڵێنن. سەربارەی ئەوە، تێپەڕاندنی میتافیزیک کە هیوای فەلسەفەی ڕۆژئاوا بووە، بەدرێژایی پتر لە بیست سەدە، کاری لەسەر کراوە. وەلێ ئەم تێپەڕاندنە لەو ماوە درێژەدا گەلێک ئاراستە و ڕوانگەی بڕیوە کە بۆ گەلێک لە بیرمەندان لە پاش هیگڵەوە دەست پێ دەکا. ئەمەش بەتایبەت سەرەتا لەگەڵ مارکس چرۆ دەردەکا کە ئامانج لەم قۆناغەدا تێپەڕاندنی ئایدیۆلۆژیای هیگڵە. بەڵام لە دوای ئەم قۆناغە مەسەلەی ناوبراو پا دەنێینە ناو قۆناغێ تەواو جیاواز لەوی مارکس کە ئەوەش قۆناغی نیچەیە کە دیسانەوە خۆی لە ڕەتکردنەوەی هیگڵدا گرمۆڵە دەکا، بەڵام بەتێپەڕبوون بەنێو ئەفلاتووندا. ئەم قۆناغە کە دوا قۆناغ نییە قۆناغێکی لە خۆی هەستیارتر دێنێتە جیهانەوە کە خۆی بۆ تێپەراندنی گشت وتاری میتافیزیکیی ڕۆژئاوا تەرخان دەکا کە ئەوەش قۆناغی هایدگەرە کە لە پشت دروستبوونی ناسینی بوونمانەوە دەبێ. ئەگەرچی ئەو شێوە کارکردنەی نیچە و هایدگەر زۆرترین کاریگەری خستەوە بەڵام بەشێ لەو کاریگەرییانە ڕەتکردنەوەیەکی دژەگەرایانەی بەرهەم هێنا. مەبەستم فەلسەفەی نیچە و هایدگەر تەنیا کۆپیی خۆیان نەخستەوە، بەڵکو ئەو وێنە دژەگەرایەشیان لە پاش خۆیان هێنایە دنیا کە پێچەوانەی گشت نوسخەیەکی بوون کە نیچە و هایدگەر دایانهێنا بوو. واتە، پەسندنەکردنی شێوەی کارکردنی فەلسەفیی نیچە و هایدگەر، بوون بەسەکۆیەکی فەلسەفی بۆ هەندێک بیریاری ڕۆژئاوا بۆ دەرچوون لەو شێوازەی ئەو دوو بیریارە ئەڵمانییە ئیشیان لەسەر کردبوو. ئەم ئەزموونەش بەزۆری لە شوێنێک وەک فەرەنسا چرۆی دەرکرد تا شوێنێکی تر. کەواتە ڕەتکردنەوەکە– یان تێپەراندنەکە– لە ژینالۆژیای نیچە و شێوازی وێرانسازی لای هایدگەرەوە

بەرەو هەڵوەشانەوەگەری دێریدا و ئارکیۆلۆژیای فوکۆ ملی ڕێگەی گرتە بەر. ڕاستە ئەم کۆششانە ئاسۆیەکیان لە بەردەم فەلسەفاندندا کردەوە بەڵام ئەو ئاسۆیە بەزۆری خۆی لە فۆرمی وەک کۆتای فەلسەفەدا دییەوە.

ئاقارێکی تر کە دەخوازم سەرنجی بخەمە سەری، ئەمەیە: میتافیزیک بریتییە لە مێژووی ڕاستیی هەبوون[٦٢]، ئەم ڕاستییە کە بابەتێ فەلسەفی گەورەیە، کتێبی ""بوون و کات""ەکەی هایدگەر بەوردی خستییەوە گۆڕەپانی دێباتی فەلسەفییەوە. ئەم دێباتە کە تا ئێستاش بەکتێبی ناوبراوەوە پابەندە، ناهاوشێوەیییەکی زۆری لە سێرکردن تایبەت بەبابەتی بوون و میتافیزیک خستووەتەوە. چونکە هایدگەر بەوە قایل نییە گشت فەلسەفەکەی وەک هەمەیەک تەماشا بکرێ کە لە بارەی بوونەوەیە. ئەم کە بوون لە بوونەوەر (مرۆڤ) جیا ناکاتەوە، پرسیارە فەلسەفییەکانیشی لەمەڕ بوونی مرۆڤ لەمیانەی وتن لە بارەی ماهیەتی بوونەوە، بەر توێژینەوە دەخا. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیە ئەنجام دەدا کە بوون و بوونی مرۆڤ، پێویستی بەدەرکەوتنە ئەمەش ئەستەمە ڕوو بدا بەبێ دەرکەوتنی، ڕووخستنی ماهیەتی مرۆڤ یان بوونەوەر. ئەم بیرۆکەیە خۆی لەسەر تێگەیشتنێکی فەلسەفی دروست دەکا کە بایەخ بەبوونی بوونەوەر دەدا. بەڵام مرۆڤ لای هایدگەر سەروەری بوون نییە بەڵکو شوانیەتی[٦٣]. لەم بارەیەوە گومان لەوە ناکەم تێزی سەرەکیی هایدگەر لە کتێبی بوون و کاتەوە تا دوا لێدوان کە پێش مەرگی لەتەکیدا کراوە، تایبەت نەبووبێ بەبابەتی بوون. بەڵام بوون لە چوارچێوەی بوونەوەر نەک شتێ تر. بەڵگەشم لەسەر ئەمە ئەو وتنەیەتی کە لە لێدوانێک لە ١٩٦٩دا بەمجۆرە دای دەڕێژێ: بۆ ئەوەی لە بوون بگەین دەبێ بزانین بوونەوەر مانای چییە. بەڵام بوون لە کات دابڕاو نییە. بوون کە بەقەولی خۆی لای یۆنانییەکان بەهەنووکەیییەوە پێوەندیدار بووە، ئاماژەیە لەسەر کات[٦٤].

ئەم شێوە داڕشتنە وام لێ دەکا، بچمەوە سەر لایەنێک کە لای سەرەوە تاوێک لەمەوبەر خستمە ڕوو. ئەوەش مەسەلەی ئەرکی بیرە. هۆی ئەوەش کە بۆ ئەوە دەگەڕێمەوە ئەوەیە کە ئەرکی بیر لە ڕادەبەدەر بابەتێکی گفتوگۆهێنەرە



لەسەر بوون. بەلانی کەمەوە ئەو بوونەی هایدگەر خۆی لێ دەدا. مەبەستم بوون بەپێی فەرهەنگی فەلسەفیی هایدگەر، نەک بەگشتی. بەڵام ئەو پرسیارە فەلسەفییەی دەشێ ڕووی خوێنەری فەلسەفیی ئەم نووسینە ببێتەوە ئەمەیە: گەر هایدگەرانە بدوێین دەکرێ ئەرکێ بۆ بیر ببینرێتەوە؟ بەڵێ بیر ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە ئەرکی بیر نییە پێوەندی لە نێوان بوون و ماهیەتی مرۆڤ دروست بکا[٦٥]. بیر بۆ هایدگەر بیری بوونە واتە بیر تەنیا بۆ ئەم بیریارە بیرکردنەوەیە لە بوون، چونکە لە دوایین باردا بیر ئینتمای بۆ بوون هەیە و بەس. هەر لەم ڕووەوە خوێنەری ئەندێشە فەلسەفییەکانی هایدگەر لەمەر بوون و بیر بەو دیتنەش دەگا کە هایدگەر ڕاڤەکردنی ترمان تایبەت بەم لایەن دەخاتە بەردەست و بگرە ڕێنومایشمان دەکا. کاتێکیش هایدگەر ئەمە دەکا کە زمان لەبری بیر بەکار دەبا و باوەڕیشی بەوەیە زمان دەکارێ ڕۆڵی ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان بوونەوەر و ماهیەتیبوونی ئەم بوونەوەرە ببینێ. بەمجۆرە ئەم بیرمەندە ئەو تێگەیشتنەمان لا دروست دەکا کە گوایە زمان، کە بۆ ئەم داڵدەی بوونە، دەتوانێ ببێ بەو شوێنەی مرۆڤ تێیدا بوون بەسەر بەرێ. بەڵام هایدگەر لە ڕێگەی بایەخدانی بەزمان لە کتێبی"" نامە لەمەڕ هیۆمانیزم""، دێتە سەر ئەو باوەڕەی مرۆڤ بووە بەشوێنی مەترسی. ئەوەش کە زمان لە دەرکەوتندایە بەباوەڕی هایدگەر ئەمە ئاکامە نەک هۆ. ئەم ئاکامەش بەری ئەوەیە کە زمان لە ژێر کاریگەریی میتافیزیکی نوێی خودگەراییدایە.

بەڵام لە کۆی ئەو تەماشاکردنانەی لای سەرەوە ناشیاو نییە خوێنەری ئەم نووسینە بەم تێ هزرینەش بگا: بوونمان کە شتێ سەربەست و ئازاد نییە قۆرخکردنی مەسەلەیەکی میتافیزیکییە. ئا لێرەوە دەکرێ باس لە دوا ئاقار بکرێ. ئەم دوا ئاقارەش خۆی لەسەر ئەو ڕوانینە بنیات دەنێ کە تەکنیک مەترسییە بەسەر بوونمانەوە، واتە بوونی مرۆییمان. بوونی مرۆییشمان کە وەک خۆی نەماوە تەکنیک لێی بەرپرسیارە. ئەوەی لەم ڕووەوە جارێ دی دەمانباتەوە ئامێزی بینینی هایدگەر ئەوەیە کە تێگەیشتن لە تەکنیک بەتێگەیشتن لە جەوهەری تەکنیک گرێ دراوە. تێگەیشتنیش لەمە، کە ئاسان

نییە، ئەو پێوەندییە ڕوون دەکاتەوە کە هایدگەر لە زۆربەی نووسینە فەلسەفی و وانە زانکۆییەکانیدا، سەرقاڵی بووە، واتە پێوەندیی نێوان بوون و مرۆڤ کە بەبۆچوونی هایدگەر لە تەکنیکدا ون دەبێ (دەشاردرێتەوە). واتە مرۆڤ لەگەڵ گەشەی تەکنیک بوونی بیر دەچێتەوە و تەکنیکیش زۆر بەئاسانی مرۆڤ جڵەو دەکا. ئەم سێرکردنە بەرەو ئەو تێ هزرینەم دەبا بڵێم: لێکدانەوەی میتافیزیکییانەی بوون بۆ هایدگەر پەسندکراو نییە، ئەگەرچی ماهیەتی سەردەمی نوێ، کە لە ژێر فشاری تەکنیکدایە، میتافیزیکییە. واتە دۆزی مرۆڤی تازە بەگەشەی تەکنیکەوە گرێ دراوە ئەو ترسەش هایدگەر لەم تەکنیکە هەیبوو ترس بووە لە تێکچوونی بوونی ئەم مرۆڤە. واتە بوونی بوونەوەر دۆخێ تایبەت وەردەگرێ کە لە هەموو ڕوویەکەوە بەمیتافیزیکیی تەکنیک وابەستەیە. بۆیە وتن لەسەر تەکنیک وتن لە هەبوونی بوونمان و میتافیزیکیش دێنێتە پێشەوە گەر گشت مێژووی میتافیزیک نەڵێم. ئەوەش کە پێی دەڵێن ماهیەتی بوون پێویستە ئاماژە بکرێ کە ئەم ماهیەتە لە پێوەندیدایە بەبوونەوە و مرۆیی مرۆڤیش، تەنێ لە ماهیەتیدا (ماهیەتی مرۆڤ) نیشتەجێیە کە تەکنیک تێکی دەدا. بەڵام هایدگەر هەمیشە خۆی لەوە بەدووور دەگرێ پرسیار لەمەڕ بوون و ڕاستیی بوون ڕەوتێکی میتافیزیکی وەربگرێ. لەوە گرینگتر ئەوەیە هایدگەر وتەنی ڕاستی بوون بۆ میتافیزیک بابەتی تێڕامان و لێپرسینەوە نییە. چونکە میتافیزیک بیر لە بوونی بوونەوەر دەکاتەوە و بەس بۆیە میتافیزیک ناکارێ جیاوازی لە نێوان بوون و بوونەوەردا بکات یان ئەم جیاوازییە نابینێ. هەر بۆیەشە ڕاستیی بوون شوێنی سەرنج و تێ فکرینی میتافیزیک نییە. من لای خوارەوە دەمەوێ هەندێ لایەن کە لە ڕووکردنەوەکانی سەرەوەم زۆر سانا خۆیان نەداوە بەدەستەوە، لە ڕێگەی ئەو تێزەوە ڕوون بکەمەوە کە بەمجۆرەیە: تەکنیک هیچگەرایی هێنەرە ئەی ئەرکی فەلسەفە؟ بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر، ئەڵبەتە لە سنووری دێباتکردنی بیری بادیودا، ڕوونکردنەوەی تەکنیک کە هیچگەرایی هێنەرە بەپێویست و گرینگی دەزانم، ئەوە ڕوون بکەمەوە ئەرکی فەلسەفە دەشێ چۆن ڕاڤە بکرێ. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەم لەو پرسیارەوەڕا



دەست پێ دەکەم، کە زۆر لەسەر زاری فەیلەسوفان دووبارە دەبێتەوە، کە ئەم شێوەیە وەردەگرێ وتنەکەی: ئەرکی فەلسەفە چییە؟ ئەمە پرسیارێکە و وەڵامەکەی گەلێک فۆرمی وەرگرتووە. فۆرمەکان زۆر جار لە یەکترەوە دوورن، چونکە شێوەی داڕشتنیان جۆراوجۆرە و تێگەیشتن و واتای جیا لە درزی دەربڕینەکانیشیاندا قایم کراوە. بەڵام من ئەو وەڵامەی لێرە بەرچاوی خوێنەری ئەم نووسینەی دەخەم زادەی بینینی منە لە لایەک بۆ واتای ئەرک و دواتر بۆ واتای فەلسەفە. من وای دەبینم کە نە گشت شتێک ئەرکی هەیە و نەش گشت ئەرکێ وەک خۆی ئەنجام دەدرێ. فەلسەفە کە بەرهەمی مرۆڤە توێژێک لە مرۆڤ بەناوی فەیلەسوفەوە بەرهەمی دێنن. هەروەها فەلسەفە بۆ ئەوە هەیە و بەردەوامە تا ئەرکێ دیاریکراو ئەنجام دا. ئەو دەمەی فەلسەفە ئەو ئەرکە، یان ئەرکێ، بە باشی ئەنجام دەدا ڕێگە لە بیر و بۆچوونی باشی تریش دەکاتەوە. من لێرە مەبەستم لە وشەی باش واتە شتی گونجا و پەسندکراو و ڕوون. بەڵام باش لەبری چی و بەرامبەر بەچی؟ لێرەوە دەکرێ بگەڕێمەوە سەر ئەسڵی پرسیارەکە و ڕوونکردنەوەی مەرامی چییەتیی ئەرکی فەلسەفە. فەلسەفە کە دەوترێ ئەرکی هەیە واتە وەدووی چارەسەردا وێڵە. ئەوەی فەلسەفە بەدووی چارەسەردا وێڵە، ئەمە بەمانای ئەوە دێ کە فەلسەفە وێڵی دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ کێشە، کێشەیەکی دیاریکراو. کەواتە ئەرکی فەلسەفە بەدەستهێنانی ڕێگەچارەیە بۆ ئەو کێشەیەی لەو چرکەیەدا هەنووکەییە. هەچ کێشەیەکیش هەنووکەیی بوو و، فەلسەفەش عەوداڵی شیکارکردنی بوو واتە لەوێڕا و لەو چرکەیەدا، فەلسەفە ئەرکێ بەجێ دەگەیەنێ. بەڵام ئایا هەمیشە فەلسەفە ئەرکێ بەجێ دێنێ؟ باوەڕ ناکەم. چونکە ئەرک بەجێهێنان، کە بۆ من بەمانای هێنانە دنیای چارەسەر دێ، لە فەیلەسوفێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی هەندێ لە فەیلەسوفەکان نەک هەر ئەرک بەجێ ناگەیەنن بەڵکو ئەوی لە لایەن فەیلەسوفانی تریشەوە بەجێگەیێنراون دەشێوێنن. یان هەندێ فەیلەسوف هێندە دژوار و ئاڵۆز دەنووسن دەرگا لە گشت وەڵامێ دادەخەن و زۆربەی پرسیارەکانیش بەکۆڵێ گومان و ڕاراییەوە

بەجێ دێڵن. ئەم خاڵەش ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە شێواز بۆ بەجێگەیاندنی ئەرک لە فەلسەفەدا گرینگە. ئەم شێوازەش کە لە نێوان فەیلەسوفاندا وەک یەک تەماشا ناکرێ مەبەست لێی ئەو شێوازەیە لە فەلسەفەکردن دەگیرێتە بەر کە بەخۆی گشت شێوازێک ویستێک لە فەلسەفاندن قوت دەکاتەوە. بۆ پوختەکردنەوەی ئەوی وتراش ئەوە دەڵێم کە، ئەوانەی بێ مەرام و ئامانج دەنووسن نە بەلایانەوە گرینگە دروستکردنی وەڵام و نەش پێکهێنانی پرسیار. بۆیە لە نێو فەیلەسوفاندا نەک هەر بەیەک چاو تەماشای ئەرکی فەلسەفە ناکرێ بەڵکو تەماشای واتای فەلسەفەش ناکرێ ئەمەش لەسەرێکی ترەوە واتە ویستی فەلسەفاندنی فەیلەسوفان لە یەکەوە نزیک نییە و لە گەلێک ڕووشەوە بارهەڵگری هەمان ئەرکیش نییە. بۆ هەندێ فەلسەفە بێ ئەرکە و فەلسەفە پێویستی بەوە نییە بارهەڵگری ئەرکێ دیاریکراو بێ، بەڵام بۆ هەندێ دی گەر بێتو فەلسەفە لەوە بکەوێ ئەرکی نەبێ وەک ئەوە وایە فەلسەفە لەوە بکەوێ، فەیلەسوف بەرهەمی بهێنێ. دووبارە پوختەی وتنەکەم لەوەڕا چڕ دەکەمەوە کە ئەرکی فەلسەفە ماهیەتیبوون و بەردەوامیی فەلسەفە ڕادەگرێ. چونکە فەلسەفە لە یەکەم ڕۆژی لە دایک بوونییەوە بۆ ئەوە هاتووەتە ژیانەوە کە وتنی لە بارەی کێشەکانەوە هەبێ و بەشداری لە بڕیارڕدان و ڕێکخستنی شتەکان بکا. گەر ئەمەش بێ، پەیامی دێرینی فەلسەفە، کەواتە فەلسەفە لە دێرزەمانەوە ئەرکی بۆ خۆی داڕشتووە، بەڵام گەلێ لە ئەرکی فەلسەفە دەترسێ و بۆ ئەوە دەچێ کە هەر ئەوەندە فەلسەفە ئەرکی بۆ دیاری کرا یان ئەرکی ئەنجام دا ئەوە مانای ئەوەیە فەلسەفە گشت ژیان دەباتە ڕێوە. خۆی ئەم ترسە لە ئەرکی فەلسەفە بەجێیە بەڵام گشت شتەکان لە دوایین باردا لەسەر ئەوە وەستاون، کێ و چۆن فەلسەفە دەکا. چونکە فەیلەسوفە ترسناکەکان، واتە بیر ترسناک و بەمەترسییەکان، دەتوانن گشت ڕەوشت و ڕەفتاری خەڵک بەو جۆرە ئاراستە بکەن کە مەبەستیانە بەتایبەت کە فەلسەفە توانای ئاراستەدانان و ڕەوشت خستەوەی هەیە. هەروەها توانای بڕیاردان و بەڕێوەبردن هەیە. ئەمەو توانای گۆڕین و هەڵا و گۆڕانی هەیە. بەڵام مرۆڤ لە فەلسەفەی ڕاستەقینە هیچ کات



ناشێ بترسێ. چونکە سیفەتی فەلسەفەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە کێشە لە کوێ بێ ئەویش بار و بارگە لەوێ دەخا. ئەو دەمەی فەلسەفە درێغی لە گەڕان بەدووی کێشەکان ناکا و سڵ لە دیاریکردنی شوێنگەی کێشەکان ناکاتەوە ئەو دەمە فەلسەفە دەکارێ ئەرکێک ئەنجام بدا. کاتێک فەلسەفە دەگەڕێ بەدووی کێشە، کاتێک ئێژێ کوا کێشەکە؟ لە کوێیە ئەو کێشەیە؟ ئەو وەختە فەلسەفە دەکرێ، بێ سڵەمینەوە، بێ ڕاڕایی، پشتی پێ ببەسترێ. فەلسەفە گەر کۆچەر نەبوو، گەر لە گشت جێیەک ئامادە نەبوو و گەر لەو شوێنە نەبوو کە بووە بەمندالدانی کێشەکان، نەبوونی چاترە. ئەو دەمەی فەلسەفە کێشەکە دەستنیشان دەکا، ئەو کاتەی فەلسەفە کێشەکە دەدۆزێتەوە، ئەو دەمە دەکارێ بار و بارگە دانێ و لەو کۆچەرییە تاوێ بکەوێ. ئەو ساتەش فەلسەفە ئۆقرە دەگرێ، یانی لێ دەگەڕێ و پشوویەک دەدا ئەوا نیازی دۆزینەوەی چارەسەرە، ئەوانەش کە دۆستی فەلسەفەن و ئامادەن خواستی فەلسەفە بەرەوژوور ببەن، دەبێ بەوردی لەم نیازە بگەن. واتە پاش گشت گەڕان و قەڵبەزەیەک کە فەلسەفە سەرگەردانی دەبێ، باسی تەنێ پشکنینە لە چارەسەرەکان. کەوابێ، دوای گشت دۆزینەوەیەکی کێشەکان فەلسەفە گشت وەختی بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتیی چارەسەری کێشەکان تەرخان دەکا. بۆ کورتکردنەوەی گشت ئەوی وتراش، یان گشت ئەوی وترا، بەرەو ئەو تێ هزرینەمان دەبا بڵێین: فەلسەفە کە خۆی لە قەرەی دۆزینەوەی چارەسەر نەدا، نەبێ خاسترە. ئەم تێ هزرینە تەواو یەکمان دەخاتەوە، لەگەڵ مەسەلەی چییەتیی ئەرکی فەلسەفە. واتە کاتێک فەلسەفە ئەرک لە خۆیدا بنیات دەنێ، بەمە ئامانجیشی دەستنیشان دەکا. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەوی وترا و بۆ هێنانە پێشەوەی ئاخاوتن لەسەر چۆنیەتیی فەلسەفەکردن بەپێویستی دەزانم، بادیو بکەم بەمەرامی قسەکردنە فەلسەفییەکانم چونکە بەبۆچوونی من، یان هیچ نەبێ من وای دەبینم کە، بادیو لە گشت ئەوی لە نووسینی"" مانفێست بۆ فەلسەفە"" گفتوگۆی دەکا، ئامانجی باس هێنانە پێشەوەیە لەسەر مەسەلەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی فەلسەفە. بەڵام ئەم ئامانجە بۆ ئەم نایەتە دی تا

ڕوونکردنەوەی خۆی لە بارەی ماهیەتی فەلسەفەی هاوچەرخەوە نەخاتە ڕوو. ئەو ڕوونکردنەوەیەش کە بادیو دەیخاتە ڕوو، لە هەموو سەرێکەوە بەو مەرجانەوە پابەندن کە فەلسەفە لای ئەم فەیلەسوفە ڕادەگرن. مەرجەکانی فەلسەفە کە لە شیعر (هونەر)، ئەوین، سیاسەت و زانست (ماتماتیک) پێک دێن لای ئەم بیرمەندە پاریسییە ناکارن، دوور لەیەک فەلسەفە دروست بکەن. ڕەنگە شتێک گومان لێ نەکراو بێ گەر بڵێم لە ئەمڕۆدا خواست لەسەر فەلسەفە لە هاتنە خوارەوەدایە. لە لای خوێندکاری فەلسەفە ڕۆژ بەڕۆژ لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا ڕوو لە کەمی دەنێ و لە لای تریش تەوژمی هیچگەرایی، کە باشترین خەڵاتی تەکنیکی نوێیە بۆ ئێمە، لەم ڕووەوە مانای خۆی لە بێبەهاکردنی فەلسەفە دەبینێ. ئەمەو جگە لە ڕۆڵی نێگەتیڤانەی ئەو نووسینە زۆرەی ڕۆژانە لە ڕێگەی مێدیای کۆمەڵگەی کراوەوە سەر دەردێنێ کە بۆ من تا بڵێی فەلسەفەکوژە و سەکۆیەکیشە بۆ پیادەکردنی هیچگەرایی ڕووناکبیری. ئەو وازییە زۆرەش لە ئەمڕۆدا بەوشە و چەمکی فەلسەفی دەکرێ، کە بەخۆی نەرێتی سوفستایەکانە و بۆمان ماوەتەوە، لە گەلێ سەرەوە ئەو مێدیا تازەیە لێی بەرپرسە کە ڕەشەبای جیهانگیری لەتەک خۆیدا هێنای. بۆیە وتن لەسەر ئەرکی فەلسەفە و غەمی دووبارە دامەزراندنەوەی فەلسەفە لە بەردەم دژواری و مەترسیی زۆردایە.

دەمەوێ ئەوەش بیری خوێنەر بخەمەوە کە ئەوی لەمیانەی ئەو چەند لاپەڕەی لای سەرەوە، پێشتر وتم وام لێ دەکا بۆ ئەوەی لە چۆنیەتیی تێگەیشتنی بادیو لە مەسەلەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فەلسەفە بدوێم، دەگەڕێمەوە سەر دیتنی بادیو لەمەڕ فەلسەفە. لەو ڕووەوەشەوە دەڵێم کە فەلسەفە لای بادیو شکڵ بەهزر دەدا ئەم شکڵدانە بەهزر وا هەست دەکەم ئەرکی فەلسەفە دژوار دەکا. بەڵام دیوی تری ئەو وتنە دەکرێ بەمجۆرەش تەماشا بکرێ: لە ڕێگەی فەلسەفەوە دەشێ پراکتیزەی هزری سەردەم بکرێ. هۆی ئەوەی فەلسەفە ئەمەیە من وای بۆ دەچم هەڵە نەبێ و لەم ڕووەشەوە پشت بەبۆچوونێکی بادیو دەبەستم کە بەمجۆرەیە: فەلسەفە ڕاستییەکانی زەمەن تۆمار دەکا. بەڵام من



وای بۆ دەچم تۆمارکردنی ڕاستییەکان لە ئەمێستادا دووچاری قەیرانێکی بووناوی (ئێگزێستێنسیالیستی) بووە. هۆکاری ئەمەش تەنێ لە تەکنیکدا دەبینمەوە. من لە تەکنیک ناترسم بەڵام تەکنیک لە ناخیدا ترسهێنەرە. ئەم ترسە کە بۆ من ئەو هێزە هیچگەراییەیە کە تەکنیک بۆی هانیوین ڕاپێچی ناو ژیانمان کراوە کە من پێم وایە ئەو هێزە گێژی کردووین. من گومان ناکەم کە مرۆڤی تازە لە مرۆڤی نێردەرتاڵ ژیر و قەشەنگتر نەبێ، بەڵام ئەم مرۆڤە تازەیە گێژە گێژ. درمی گێژی ئەم مرۆڤەش لەوەدایە کە بێباکە و زانینێکی زۆری لەسەر ئەوە نییە بێبەها ژیانی گوزەر دەکا. بەڵام ئەرکی فەلسەفە لێرەدا تەنیا ئەوە نییە، وێڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفت و تەنگوچەڵەمانە بێ تەکنیک بۆ ئەم مرۆڤە تازەیەیان دەخولقێنی، لە هەر کوێ بێ بەڵکو ئەوەشە کە چۆن ئەم مرۆڤە تازەیە لەوە بخا گێژ نەبێ. واتە ئەرکی فەلسەفەیە مرۆڤی نوێ لە گێژی بخا. بەڵام نابێ ئەوەش لێرە لە بیر بکەین کە فەلسەفە ئەو توانایەشی هەیە کە مرۆڤ ڕووەوەو گێژیش بەرێ. واتە هیچ دوور ناڕۆین ئەوی تەکنیک (زانست) پێی دەگا فەلسەفە پاساودانی بۆ بکا و بەڕاست و باشی بزانێ. واتە فەلسەفە دەتوانێ تاوێک ڕۆڵی باشە و تاوێکی تریش ڕۆڵی خراپە ببینێ، بەڵام فەیلەسوف دەتوانێ فەلسەفە، لەم دیلێمایە (مائزەق) دەرباز بکا.

لە لاپەڕەکانی لای سەرەوە دیمان چۆن بادیو بەهۆی گفتوگۆکردنی هایدگەر لە بارەی میتافیزیک دەچێتە سەر گەلێک باس لەوانە تەکنیک بەڵام باس لە تەکنیک و میتافیزیک باسێکی هەرە گرینگی فەلسەفی دێنێتە پێشەوە کە دەشێ ناو بنرێ تەوژمی هیچگەرایی. بەخۆی بادیو تا ڕادەیەکی زۆر گەورە هەقیەتی لە باسی تەکنیک و میتافیزیکەوە بچێتە سەر بابەتی هیچگەرای بەتایبەت وا هەست دەکەم باس لە تەکنیک هیچ نەبێ شیاوی لە بەردەم چوونە سەر دەستنیشانکردنی ناواخنی سەردەمی ئێستامان واڵا دەکا. سەردەمی ئێستامان کە زۆر بەگۆڕانکارییەکانی دیاردەی تەکنیک خۆشحاڵ نییە و گفتوگۆی خودی ئەو گۆڕانکاریانەش بۆ فەلسەفە باسێکی بێ مانا نییە، بۆیە بادیو لەو بڕگانەی قسە لەسەر بارودۆخی سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی فەلسەفە

دەکا لە چوارچێوەی فەلسەفی بەرتەسکدا خۆی لە قەرەی ئەو دیاردەیە دەدا. بۆ نموونە بەبۆچوونی بادیو تەکنیک، کە شتێ زۆر پۆزەتیڤ نییە و زۆریش لە خەمی مرۆڤدا نییە، تەوژمێک سەرپەرشتی دەکا کە ناوی هێزی سەرمایەداری جیهانییە کە ناتوانێ زیاد لە پێویست مرۆیی بێ. بەڵام بادیو لەبەرئەوەی ئەم نووسینەی "مانفێست بۆ فەلسەفە" لە ١٩٨٩ نووسیوە و ئەو دەمەش تەکنیک هێندە خێرا و خولقێنەر نەبووە بۆیە گلەیی ئەوە لە تەکنیک دەکا کە بەرهەمەکانی قەبە و نارێکن. بەڵام تەکنیکی ئێستا جۆرێکی ترە و نهێنیی کاریگەرییەکانیشی زۆر جار هەر لە سنووری ئەو جۆراوجۆرییەیدایە. بەڵام ئەوی هەرە گرینگە لەم بوارەدا دەستی بۆ ڕاکێشرێ ئەوەیە کە بادیو هاوکارییەک لە جەوهەرا لە نێوان تەکنیک و زانستدا نابینێتەوە وەک ئەوەی لە نێوان زانست و بیر دەیبینێتەوە. ئەوەندەی ئاگاشم لێ بێ بادیو باوەڕی بەپێوەندیی نێوان تەکنیک و زانست هەیە بەڵام ئەوەی پێی ڕاست نییە ئەوەیە کە گوایە زانستی نوێ دەرئەنجامێکی سەرەکیی هەیمەنەی تەکنیک بێ[٦٦]. من تا ئەندازەیەک لەو باوەڕەدام کە بیر و زانست لەتەک یەکدا لە پێوەندیدان، بەڵام ئەم پێوەندییە دواتر تەکنیک دێنێتە کایەوە. بەواتایەکی تر ئەو ئەوینەی لە گەلێک لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا لەم پەنجا ساڵەی دواییدا لە نێوان بەشێ لە زانایان و هزرەڤاناندا دروست بوو، ئەو گەشە تەکنیکی و زانیاریگەرییەی لێ پێکهات کە ئەمڕۆ لە گشت شوێنێ تێیدا دەژین. لەم ڕووە بادیو هایدگەرئاسا بیر ناکاتەوە. چونکە هایدگەر پێی وابوو تەکنیک بەرهەمی زانستە سروشتییە نوێکانە. کەواتە زانست دروستکەری تەکنیکی نوێیە ئەو گەشەیەش لە ڕۆژئاوا هاتە سەر زانستە سروشتییەکان کاریگەری خۆی نەک تەنیا بەسەر تەکنیکەوە جێ هێشت یان بووە دروستکەری تەکنیکی باڵا بەڵکو هزریشی بەخۆوە گرێ دا. ئەو پێوەگلانەی فەلسەفەش بەزانستەوە لە ڕۆژئاوا لە پاش جەنگ بووە هۆی دروستبوونی ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفەی زانست و پۆزەتڤیزمی نوێش فۆرمێکە لەم فەلسەفەیە. بەڵام بادیو وەک فەیلەسوفێکی کۆنتنێنتاڵ لە فەیلەسوفانی کۆنتنێنتاڵی فەرەنسی جیاوازە، ئەمەش لەبەرئەوەی



بەماتماتیکەوە پابەندە و لە زانستیش ناترسێ. هەر بۆیەشە زانست (ماتماتیک) بەیەکێ لە دینگەکانی فەلسەفە دەزانێ.

بەڵام مێتۆدی نووسینەکەی بادیو بەجۆرێکە کە ئەو شێوە وەستانەی لەسەر تەکنیک دەوەستێ ورده ورده دەیباتەوە سەر باس لە هیچگەرایی. ڕاستە ئەوەی کە سەردەمی ئێستامان هیچەگەرایە. گومانی لێ ناکرێ، بەڵام تیۆریی بادیو لەم ڕووەوە بەهایدگەر و مارکسەوە بەستراوەتەوە. چونکە بادیو هیچگەرایی، هاتنی ئەم پێوەندییە، بەئاوابوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە سادەکان، کۆنەکان، پیرۆزەکان (موقەدەسەکان) دەبەستێتەوە نەک شتێ تر. تەنانەت بادیو دژایەتیکردنی هاتنی هیچگەراییش بەوەی لە قەڵەم دەدا کە حەنینێک یان سۆزێک بۆ ئەو پێوەندییانە لە ئارادایە کە پێی دەڵێن پێوەندییە کۆنەکان، پیرۆزەکان. واتە سۆزێک لە ئارادایە بۆ گەڕانەوەی ئەو پێوەندییانەی پێشوو کە ئەمڕۆ نین و بەسەرچوونە. واتە ئامانج لەم سۆزە گەڕانەوەی پێوەندییە کۆنە بەسەرچووەکانی جارانە، ئەوانەی تەکنیک نەیهێشت بمێنن. بەڵام با بپرسین کامانە پێوەندی؟ لێرە دەکرێ بوترێ پێوەندیی مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و دەوروبەر و پێوەندییە هەمیشەیی و بەسەرچووەکان. واتە ئەوی ئێستا نین. نین، چونکە تەکنیک نەیهێشت. وەلێ بەباوەڕی بادیو نەمانی ئەم پێوەندییانە، کە من ناوی پێوەندییە پیرۆزە سمبۆلییەکانی لێ دەنێم، وا لە کەسێ وەک هایدگەر دەکا، بۆ هۆڵدرلین بگەڕێتەوە. من وا هەست دەکەم لێرە بادیو بەشێوە فەلسەفەکردنێکەوە دێتە گۆ کە دەرئەنجامی تێگەیشتنێکی فەلسەفییانەی مارکس+ هایدگەرە، نەک تەنیا خۆی. چونکە بادیو لە ئاکامی ئەوە بەو دەرخستەیە دەگا کە ئەگەر وەکو ئێمە لە هیچگەرایی بەو جۆرە بگەین، کە بریتییە لە هەڵوەشانەوەی پیرۆزی "موقەدەس"، ئەوا ئەو سەرمایەیەی ئەمڕۆ بوونی هەیە، کە هەیمەنەیەکی جیهانیی هەیە، تاکە هێزێکی هیچەگەرایە وا لە مرۆڤ دەکا لە یەک کاتدا ببێ بەخولقێنەر و قوربانییش. بۆیە ئەم بیرمەندە کۆنە مارکسییە بۆ ئەوە دەچێ لە پیرۆزی خستن "موقەدەس" بۆ مارکس، ئەڵبەتە بۆ بادیوش، هەرگیز هیچگەرایی نییە، بەپێی ئەوەی هیچگەرایی دەبێ

ئەوە بگەیەنێ کە دەروازەکردنەوە لە بوون و ڕاستی شیاو نییە. بەپێچەوانەوە لە پیرۆزی خستن مەرجێکی پێویستە بۆ کردنەوەی ئەو دەروازەیە لە هزر[٦٧]. بەخۆی ئەمەشە، بەقەولی بادیو، ئەو شتەی کە شایانی پێشوازییە لە کتێبی سەرمایەی مارکس. کەواتە ئەوی بیەوێ مارکسییانە بێتە گۆ، دەبێ بڵێ لە پیرۆزی خستن واتە کردنەوەی دەروازە لە بوونێکی تر، لە پێوندی گەلێکی مرۆیی تر. بەڵام بەڕاستی من وای نابینم. چونکە لە لای مارکسیزم، ئەڵبەتە بەبۆچوونی هایدگەر، ناتوانێ تەکنیک ڕوون بکاتەوە چونکە مارکسیزم لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی پێوەندیی نێوان خود و بابەت ئەمە دەکا[٦٨] نەک شتێکی تر. لە لایەکی تر ئەو هیچگەرایەی پێوەندییە نوێکان لەتەک خۆیاندا هێنایان پێوەندییە کۆنەکان بەگشت هزر و هێزێکیانەوە دژایەتیان دەکرد. وا هەست دەکەم ئەم جۆرە گفتوگۆیانە مەرجە ئاراستەیەکی فەلسەفی وەرگرێ بۆیە ئەو پرسیارەی دەشێ ڕووبەڕووی فەلسەفە لەم حاڵەتەدا ببێتەوە ئەمەیە: ئەرکی فەلسەفە لە بەرامبەر هیچگەرای (هیچگەرایی نوێ)دا چییە؟ بادیو پێی وایە فەلسەفە توانای پرۆتێستی نییە[٦٩]. بەڵام بۆ من گەر فەلسەفە توانای پرۆتێستی نەبێ، باشە بۆ فەلسەفە هەیە. مەگەر لە دوایین باردا فەلسەفە بۆ ئەوە نییە کە خۆی لە قەرەی کێشەکان بدا. باشە خۆ لە قەرەدانی فەلسەفە لە کێشەکان بەو مانایە نایە کە فەلسەفە دەبێ (؟) هەڵوێست بنوێنێ. باشە هەڵوێست نواندن بەواتای پرۆتێست خستنەوە نایە. بەدڵنیاییەوە دەڵێم با، چونکە ئەرکی فەلسەفە بۆ هەڵوێستەکردنە لەسەر کێشەکان و هیچگەرایش گەر کێشەیەکێ لە بەردەم فەلسەفەدا، ئەوا ئەرکی فەلسەفە بریتییە لە قەلاچۆکردنی. واتە دیسانەوە ئەوەی بابەتە مەسەلەی ئەرکی فەلسەفەیە. چونکە ئەو شتەی خۆی وەک کێشە نیشان دەدا لە ڕێگەی فەلسەفەوە دەکرێ چارەسەر بکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەرکی فەلسەفەیە ڕووبەڕووی کێشەکان ببێتەوە.

سەرباری ئەوی وترا ئەوەش بیر دەخەمەوە کە بادیو ئەم سەردەمەی ئەمرۆ تیاین بەسەردەمێ دەناسێنێ کە لەسەر دوو لوغز ڕادەوەستێ. لوغزی



یەکەمیان، پاراستنی پێوەندییە پیرۆزەکانە کە گەلێک لە شاعیرە گەورەکان، وەک هۆڵدرلین، بەپەرۆشەوە بۆی دەگەڕانەوە و لوغزی دووەمیان پەرچەکرداری دژایەتیکردنی تەکنیک و گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. ئەو شتانەش کە پاڵپشتی لوغزی دووەمن ئاینە، (لە ئاڕاستە ڕوحییەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئیسلامگەرایی)، سیاسەتە، پەیامییەکانە (بەمارکسیزمیشەوە) ئەڵبەتە زانستە غەیبییەکانیش (تەنجیم)، ئەمانە و ئەو ئەوینە پووکاوەوەیەش کە لە گۆڕانییەکاندا هەیە. لێرە بادیو مەبەستی لە گشت ئەوین نییە، بەڵکو ئەو ئەوینەی بێ ئەوین دەژی. ئەمەش لە ڕیزی نیمچە پێوەندییەکان دادەنێ. بەڵام ئەوەی بادیو گرینگیی پێ دەدا، دوای ئەو ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە فەلسەفە بەوە تاوانبار دەکا لە ژێر کاریگەریی گومانا گۆڕەپانی بۆ حەنین بۆ پیرۆزی، بۆ ئامادەبوون و، بۆ هەیمەنەی شیعر بەجێ هێشتووە. ئەمەش بەبۆچوونی من کارێکی وا دەکا بادیو بەو باوەڕە بگا کە فەلسەفە بەمجۆرە پێک نایە. واتە ئەو چوار مەرجەی کە بادیو هەر لە سەرەتاوە لە نووسینەکەی "واتە مانفێست بۆ فەلسەفە" دەیکا بەپێگە بۆ فەلسەفە ناشێ ئاوا پەرت بکرێن و دوور لەیەک بشێ بەشداری لە خولقانی فەلسەفەدا بکەن. بۆیە لە دوا بەشی ئەم نووسینەی بەویستی فەلسەفاندنی بادیووە تایبەت کراوە دێمە سەر مەسەلەی لکانەکان، ئەو لکانانەی بەهۆیانەوە بادیو دەخوازێ تورمان هەڵداتە ناو باسی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فەلسەفە. بەڵام بۆ داخستنی ئەم بەشەی نووسینەکەم بەپێویستی دەزانم سەرنج بخەمە سەر هەندێ تێگەیشتن و تەماشاکردن کە ئەو لایەنە ناڕوونانە ڕوون دەکاتەوە کە لای سەرەوە کەوتنە درزی وتنەکانمەوە.

یەکەم: ئەوەندەی لام ڕوون و بەرچاوییە، ئەوەیە کە نووسینی ""مانفێست"" دەوڵەمەندی هزری جڵەوی بیر و بۆچوونەکانی دەکا، بەڵام ئەم دەوڵەمەندییە لە گەلێک شوێن خۆی تەسک و پەرت نیشان دەدا. من کە لای سەرەوە و لە چوارچێوەی مێتۆدی نووسینەکە وەدووی ویستی فەلسەفاندنی بادیودا وێڵ بووم، ئەوەشم بەر گفتوگۆ خست کە چەند ئەم ویستە لای بادیو بەگۆڕاندا تێ دەپەڕێ و وەکی تریش بەو گۆڕانە سیاسی- کۆمەڵایەتی، زانستی و

کولتوورییانەوە گرێ دراوەتەوە کە بادیو فەلسەفەی تێدا کردووە. فەلسەفەی بادیو کە ڕۆڵەی چرکەیەکی فەلسەفیی دیاریکراوی فەرەنسی و ڕۆژئاواییە بۆ کردەی فەلسەفاندن بۆچوونی خۆی هەیە یان بادیو لەو نووسینە فەلسەفاندنی خستووەتە بەردەم چەند هەلومەرجێکەوە (شیعری، سیاسی، زانستی و هونەری) کە بیرمەندانی پێش خۆی و کاتی خۆشی بەو جۆرە نەیانبینیوە. ئەو هەلومەرجانە، کە لە بەشی دواترا دێمەوە سەریان، مانایان بۆ سازاندنی فەلسەفە هەیە. ئەمەش وەکی تر مانای ئەوەیە کە فەلسەفاندن لای بادیو کردەیەکی بەهەلومەرجە. هەر ئەمەشە ئەو مۆدێلە فەلسەفییەی بادیو لە ""مانفێست""دا وێڵیەتی بەرباسی بخا. گەر ڕوونتر مەبەستم ڕوو دەڵێم، فەلسەفەکردن لای بادیو پرۆسەیەکی ئازاد نییە، بەڵکو بەچەند هەلومەرجێکەوە گرێ دراوە کە فەلسەفە بەهۆیانەوە لە دایک دەبێ ئەگەر نا فەلسەفە بۆ خۆی، لە خودی خۆیدا نییە بەڵام ئەو چوار هەلومەرجە دروستکەری فەلسەفەن.

دووەم: هەروەک لای سەرەوەش ڕوون و بەرچاوی بوو، بادیو لە نووسینی""مانفێست""دا هەندەسەی کردەیەکمان بۆ دەکێشێ تا بڵێی بابەتی لێکۆڵینەوە و تێ فکرینە، بەڵام ئەم کە دیتنی تایبەت و شەخسی لە بارەی ئەم کردەیەوە هەیە، ڕەوتی نووسینەکەی گۆڕیوە. لەو لایەنانەش کە بەو ڕەوتەوە تایبەتن، زۆر بەکورتی دەشێ ئەمانە یاد بخرێنەوە: سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی فەلسەفە، سەرلەنوێ دروستکردنەوەی فەلسەفە، کارکردن بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی ڕاستی، ڕەخنەکردنی ئاراستە دژە ئەفلاتوونییەکان، بایەخی گەڕاندنەوە بۆ شیعر لە ڕێگەی کردنی بەیەکێ لە مەرجەکانی دروستبوونی فەلسەفە، ڕێگەگرتن لە تەوژمە هیچگەراکانی ناو فەلسەفەی ڕۆژئاوا، خۆ جیاکردنەوەی لە نەوەی ١٩٦٠کانی پاریس لە ڕێگەی بایەخدان بەماتماتیک و کردنی بەبناغە بۆ ئۆنتۆلۆژی (کەینوونەناسی)، بایەخنەدانی بەنیچە و هایدگەر، کە دوو میری فەیلەسوفانی فەرەنسی بوونە، و دواتریش دوورکەوتنەوەی لە وتاری زمانەوانی.

سێیەم: لەبەرئەوەی بادیو لە کارە فەلسەفییەکانیدا وەدووی



ڕادیکالیتێتییەکی سیاسیدا وێڵە، ئەمە وای لێ دەکا بەپێچەوانەی تەوژمی فەلسەفیی، سەردەمی خۆی فەلسەفە بکا. هەر بۆیە لەبری بایەخدان بەبیرۆکەی کۆتاییەکان، کە گەلێ لە هاوتەمەنەکانی لە پاریس پێوەی گلان، ئەم بەپێچەوانەوە، بایەخ بەبیرە سیاسییە شۆڕشگێرانەییەکان دەدا و ئەمەش وای لێ کردووە خۆی لە سەفسەتە و ڕەوانبێژیی فەلسەفی دوور بخاتەوە و خودی فەلسەفەکردنیش لە هەڵویستەکردن بچۆڕێنێ. بۆیە پەیامی سەرەکیی بادیو لە ""مانفێست""دا، خۆی لەو تێگەیشتنە زێدە فەلسەفییەدا چڕ و پوخت دەکاتەوە کە فەلسەفە پێویستی بەسەرلەنوێ سازاندنەوە هەیە. بۆیەشە، بەبۆچوونی بادیو، کۆتای فەلسەفە ئەو دەمە لە نێو دەچێ کە هەلومەرجەکانی فەلسەفە گشت پێکەوە فەلسەفە پێک دێنن و، ئەم پێکەوەنانەش بەبێ ڕارای بۆ بادیو واتە دروستکردنی ڕاستی، ڕاستییە فەلسەفییەکان. ئەم ڕاستییە کە لە ""مانفێست""دا بایەخێ هێجگار گەورەی پێ دەدرێ بەرۆکی نووسینەکانی پاش مانفێستیش دەگرێتەوە. بەڵام ئەم بایەخدانە بەڕاستی لە پاش مانفێست لەتەک بابەتی ڕووداو و خود یەک دەگرێتەوە کە لە خودی نووسینی مانفێستدا ئەم یەکگرتنەوەیە زۆر لاوەکی خۆی دەردەخا. ئەمەش لەبەرئەوەی پرۆسێسی ڕاستی لە ""مانفێست"" بەمەرجەکانی سەرلەنوێ سازاندنەوەی فەلسەفەوە گرێ دراوە ئەوانەش کە هەریەکەیان بەجۆرێکی بەرتەسک باس کراون، بواریان بەوە نەداوە ڕاستی فەلسەفەیەکی زۆری بەسەرەوە بکرێ.

چوارەم : بادیو لەم نووسینەدا بەجۆرێکی پەرت بایەخ بەهەندێک بابەت دەدا کە گەلێک لە فەیلەسوفە گەورەکانی ڕۆژئاوا بایەخی گەورەیان داوەتێ، لەوانە میتافیزیک، خود، ڕاستی و بوون. بەڵام بادیو لە کارەکانی پاش ""مانفێست""دا زۆر بەوردی دێتەوە سەریان و تا ئەوپەڕیش بەکێشە سیاسی، کۆمەلایەتی و ئۆنتۆلۆژییەکانەوە دەیانبەستێتەوە.

پێنجەم: لە گەلێک شوێن لە ""مانفێست""بادیو ڕەخنەی تێزی گەلێک لە بیرمەندانی کۆنتنێنتاڵی فەرەنسی و ئەنگلۆ-ساکسۆنی دەکا، بەتایبەت ئەوەی پێوەندیی بەوتن لە بارەی نەریتی فەلسەفەی کلاسیکەوە هەیە و هەروەها

بەتایبەت ئەو بەشەی دەمانگەڕێنێتەوە لای ئەفلاتوون جا ئەوە لە پێوەندی بەتێگەیشتنی فەلسەفەی کلاسیکەوە بێ، یان تێگەیشتنی ئەفلاتوون بۆ واتای ڕاستی، واتای فەلسەفە و ئەڵبەتە بوونیش و بەتایبەت لەو شوێنەش کە قسە دێتە سەر پێوەندیی نێوان بوون و ماتماتیک. پاشان با ئەوەش بڵێم کە ئەو پێداگرتنە بەردەوامەی بادیو لەسەر ئەوەی کە بناغەی ئۆنتۆلۆژی، ماتماتیکە (ریازیاتە)، واتە بوون چەند بارەیییە (مۆڵتی پلـە، فرەیە) زەمینەیەکی تەواو جیای بۆ تێز و ئارگومێنتەکانی دروست کردووە. ئەڵبەتە جگە لەم لایەنە، بادیو هەوڵ دەدا لە نووسینی ""مانفێست""دا دژایەتییەکی بێ ڕادەی ئەو بیریارانەش بکا کە لە فەلسەفەدا پشتگیری لە بیرۆکەی ""کۆتاییییەکان"" دەکەن. جا ئەو دژایەتیکردنە گەلێک فۆرم وەردەگرێ، هەر لەو ڕوونکردنەوانەی بۆ تیۆریی خود و واتای ڕاستی و فەلسەفەی دەکا، تا دەگاتە واتای وەک جوانکاری، هونەر، سیاسەت و مێژووش. بۆیە زۆر بەئاشکرا لەو نووسینەی دژی ئەو سوفستاییەتە دەوەستێتەوە کە لەم ڕووەوە فەلسەفەگەلێکی وەک پاش تازەگەری (پۆست مۆدێرنە) و پاش بنەماخوازی ڕابەرایەتیی دەکەن.

شەشەم : لە"" مانفێست""دا هیوایەک بۆ فەلسەفاندن لە ئارادایە کە تا ئەندازەیەک پێچەوانەی ویستی فەلسەفیی سەردەمە. ئەو هیوایەش کە بریتییە لە ڕێگەکردنەوە لە بەردەم ویستی فەلسەفاندن، ئەم ویستە بۆ بادیو نایەتە دی تا دڵی ئەو تەوژمە هیچگەرایانە لە لێدان نەوەستێنرێ کە لە ئەمێستادا لە بەردەم کردەی فەلسەفەکردندا تەگەرەن. لەبەرئەوەی ئەم بەشەی نووسینەکەشم بۆ گفتوگۆی داڕشتن و هەندەسەی نووسینەکەی بادیو تەرخان کرا نەکرا بەتەواوەتی ئەو لایەنانە نیشان بدەم کە کۆڵەکەی ویستی فەلسەفی بادیو پێک دێنن بەڵام ئەمەیان دەشێ لە بەشی دواتری ئەم نووسینەم ڕوو بخەمە، ئەوەش لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی مەرامی فەلسەفیی بادیو لەم کارەی من ژێر تێ خوێندنەوەم خست.



## ٤- شرۆڤەکردنی مەرامی فەلسەفیی بادیو لە "مانفێست بۆ فەلسەفە" ویستی سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی (دامەزراندنەوەی) فەلسەفە

### سەرەتایەکی کورت

ئەوی پێی دەڵێن توێژینەوە، ئامانج و مەبەستێک، مەرام و نیازێکی دیاریکراو لە پشت بەرهەمهێنانیەوەیە. بۆیە شرۆڤەکردنی ئەو توێژینەوەیە، پێش گشت شتێک دەبێ بۆ خستنە ڕووی ئەو ئامانج و مەبەستانە بێ کە توێژینەوەی ناوبراو لە پێناویدا هاتووەتە کایەوە. کەواتە گشت توێژینەوەیەک مەرام و نیازێکی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەو ویست و خواستەش لەخۆڕا پەنهان دەکا کە ئەو توێژینەوەیە هەڵگریەتی.

ئەوی لەم چەند لاپەڕەیەی لای خوارەوە، جێی دێبەت و ڕۆچوونە، یەکێکە لە دۆکتورینە (باوەڕە) سەرەکییەکەی فەیلەسوفی فەرەنسی ئالان بادیوە کە لە نووسینی""مانفێست بۆ فەلسەفە""پێداگیری لەسەردا دەکا. پوختەی ئەو دۆکتورینە، خۆی لەو دیتنە چڕ و پوختانە کۆ دەکاتەوە کە گوایە فەلسەفە پێویستی بەسەرلەنوێ دامەزراندنەوە هەیە. ئەمە ویستی بادیوە و لە نووسینەکەشیدا گەلێک درشت خۆی بەردەست دەخا، بەڵام ئەوی بۆ من گرینگ و مەرجە، وردکردن و هاڕینی سێرکردنەکانی ئەو ویستەیە کە بەهۆیەوە بادیو ئەو شێوازە لە فەلسەفاندن دەگرێتەبەر کە تێکڕای کارەکەی جڵەو دەکا، بۆیە ناماقووڵی نییە گەر لێرە بۆ ئەوە بچین بڵێین: پێ دەچێ لەخۆڕا نەبێ ئەم بیرمەندە فەرەنسییە تێکستەکەی ناو ناوە ""مانفێست بۆ فەلسەفە"". ئەمەو بەتایبەت گەلێک لە ئێمە دەزانین زاراوەی ""مانفێست"" کە نەختێک ڕاچڵەکان و ڕۆحێکی پاکتاوسازی تێدایە، گەلێ جار بەهەناسە و ئاوازێک هەڵا و گۆڕا و کارانەوە خۆی دەردەخا و هەندێک جاری دیش جۆرە دیمە ڕووناکبیری دروست دەکا وەک ئەوەی بیەوێ هیوایەک بنەخشێنێ، هیوا بۆ هێنانی شتێکی تر، شتێ لەبری ئەوی هەیە و شتێک بۆ ئاییندە.

لە لاپەڕەکانی پێشوو لەسەر بناغەی تر و لە هەندێک سۆنگە و ڕووی جیاوە،

بیری فەلسەفیی ئەم بیریارە و ئەو ویستە فەلسەفییەش لەم بیرەدا بەرجەستە و پەنهانە دەستنیشان کرا. بەڵام لێرەوە بەدەرخستەی دیاریکراو و دەرهاویشتەی جودا لەوی لەمەوبەر کاری لەسەر کراوە، بیری فەلسەفیی بادیو بەردەست دەخرێ. بۆیە خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە، مەبەستمە لە تێکڕای مەبەستەکان بەسەریەکەوە بگا و لە دوایین باردا بینینی ڕەخنەگرانەی خۆشی نەشارێتەوە و، جیاوازیش تا پێی دەکرێ لە نێوان ئەو فەلسەفەیەی ئەمڕۆ هەیە و ئەو فەلسەفەیەش نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیە کاری لەسەر دەکا، بکا کە بەخۆی ئەو فەلسەفەیەی نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیە کاری لەسەر کردووە لەمیانەی دێبەتکردنی دیتن و هزری بادیووەوە پێی گەیشتووە.

زۆر بەکورتی، دەمەوێ لەمیانەی ئەم چەند لاپەڕەیەوە، لە ڕێگەی گفتوگۆی بینینی فەلسەفییانەی بادیو بۆ فەلسەفە، بەمەبەستێک بگەم کە ئەوەش ویستی فەلسەفاندنە. بەڵام پێم وایە ئەم ویستە ناکرێ ڕوون بکرێتەوە تا گۆڕانێک لە تێگەیشتن بۆ پێکهاتەی فەلسەفە نەکرێ. ئەو گۆڕانەش هەرگیز مەیسەر نابێ، تا فەلسەفە سەرلەنوێ پێک نەیەتەوە. بۆ ئەوەی ئەمەش بکرێ، واتە فەلسەفە پێکهێنرێتەوە، مەرج و پێویستە فەلسەفە وەک ئەوەی هەبووە ڕاڤە بکرێ و ئەو لایەنانەش بەرچاو بخرێن کە لە ژیانی فەلسەفە خاڵی شکستین. کردنی ئەمەش نە کارێکی سانا و نائاڵۆزە و نەش بەگفتوگۆکردنی بەرهەمی چەند هزرەڤانێک ڕوون و واڵا دەکرێ. چونکە فەلسەفەیەکی زۆر لە دنیادا تا هەنووکە بەرهەم هاتووە و ئەمەش بەو مانایە دێ کە بڕوا و دید و ڕوانینێکی هێجگار زۆریش هاتووەتە دنیاوە. بۆیە سازاندنی تێگەیشتن لەمەڕ ویستی فەلسەفاندن و دروستکردنی ئارەزووی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی فەلسەفە کردەیەکی دژوار و زێدە سەختە.

خوێنەری ""مانفێست""، ڕەنگە بەئاسانی دەرک بەوە نەکا کە بۆ بادیو مەسەلەی دروستبوونی ویستێک بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی فەلسەفە زۆر گرینگ و پێویستە؟ ئەم لایەنە کە پاشان ڕوون دەکرێتەوە، ترۆپکی ڕاڤەکردنەکەی بادیو لە نووسینی ""مانفێست"" لەخۆ دەگرێ کە بۆ ئەم بەشەی



نووسینەکەی من بووە بەمایەی سەرنجێکی گەورە. فەلسەفە کە بۆ بادیو شایانی سەرلەنوێ دامەزرانەوەیە، خوێندنەوەی ڕووداوەکان لەم ڕووەوە بۆ دەستنیشانکردنی مانفێستێک بۆ فەلسەفە بەمەرج دەزانێ. ڕووداوەکان کە لە ڕووداوی ماتماتیکی، سیاسی، شیعری و خۆشەویستیدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، بوار بۆ پێکهێنانەوەی فەلسەفە ساز دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش بەپێویستی دەزانم، گفتوگۆی لاپەڕەکانی لای خوارەوە سەبارەت بەو ڕووداوانە تایبەت بکەم کە مەرجەکانی دووبارە پێکهێنانەنەوەی فەلسەفە دەخەنە بەر باس.

**لکانی فەلسەفە و شیاوی سنووردارکردنی فەلسەفاندن:**

١– لکانی فەلسەفە بەزانست، فەلسەفە بەسیاسەت

بادیو لە نووسینی""مانفێست"" گرنگییەکی زۆر بەواتای لکاندن (نووساندن) دەدا. مەبەستی سەرەکیی بادیو لە بەکاربردنی ئەم واتایە، ئەوەیە کە فەلسەفە هەر جارەی بەیەکێ لە هەلومەرجەکانییەوە لکاوە (نووساوە). مەبەستی بادیو لەم هەلومەرجانە، ئەو هەلومەرجانەیە (شیعر، زانست، سیاسەت و خۆشەویستی) کە دەکرێ فەلسەفە پێک بێنن. بەڵام بەباوەڕی بادیو، فەلسەفە ئەو دەمە پێک دێ کە ئەو هەلومەرجانە پێکەوە لە دروستکردنیدا بەشدار بن نەک بەتەنیا. واتە ئەوی بۆ بادیو زۆر گرینگە، لەمیانەی ئەو نووسینەی پێشتر ناوی هات ئەوەیە کە فەلسەفە بەهۆی لکانی بەیەکێک لەو هەلومەرجانەوە، هەرگیز ناتوانێ بوونی خۆی بپارێزێ و ئەو دەمەش کە خوێندنەوەی خۆی لەو ڕووەوە ئەنجام دەدا، ئەوە بۆ خوێنەر یەکلا دەکاتەوە کە فەلسەفە ناشێ ببێ کاتێ بەیەکێ لەو هەلومەرجانەوە دەلکێ. ئەم لکانە کە بادیو بۆ پێ داگریکردن لەسەر پێکهێنانەوەی فەلسەفە زیاد لە پێویست ڕووناکیی دەخاتە سەر، بەشتێکی هێجگار بناغەیی لە قەڵەم دەدا. لەو خوێندنەوەشیدا، ئەوە ڕوو دەخا کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا، هەر جارەی بەیەکێ لەو هەلومەرجانەوە لکاوە، جا ئەوە لکانی فەلسەفە بێ بەهەلومەرجی شیعری، وەک قۆناغی ""چاخی شاعیران""،

یان لکانی فەلسەفە بەمەرجی سیاسییەوە وەک قۆناغی مارکسیزم یاخود لکانی فەلسەفە بەهەلومەرجی ماتماتیکییەوە وەک قۆناغی پۆڵ کۆهن و گۆدێڵ و ئەڵبەتە کانتووریش. هەموو ئەو لکانانەش بۆ بادیو بەمانای وەستانی جووڵەی فەلسەفە دێ. بەواتایەکی تر، ئەو دەمە فەلسەفە دەوەستێ، یان ئەو کاتە فەلسەفە لە جووڵە دەکەوێ کە بەیەکێک لە هەلومەرجەکانییەوە دەلکێ، ئەم لکانە کە فەلسەفە تێک دەدا، فەلسەفە لە پاش ئەم لکانەوە پێویستی بەلێکردنەوە دەبێ. لکان و لێکردنەوە کە دوو واتای دژە جەمسەرن، بادیو لە باسی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی فەلسەفە بایەخێکی زۆریان دەداتێ. بەڵام گرفتەکە لەوێدایە کە بادیو بەهیچ یەک لەو لکانانە قایل نییە کە فەلسەفە لە ڕۆژئاوا پێوەی گلاوە. بەم شێوەیە، بەپێی تێزی بادیو بێ، فەلسەفە ئەو دەمە شیاوە ببێ کە گشت هەلومەرجەکان لە بوونیدا بەشدار بن، جا لەبەرئەوەی لەو قۆناغانەدا فەلسەفە هەر جارەی بەهەلومەرجێکەوە لکاوە بوونی نەشیاو بووە و بۆئەوەی بوونیشی شیاو بکا، داوای سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی (دووبارە دامەزراندنەوەی) فەلسەفە دەکا.

ئەم لایەنە کە لەمیانەی ڕاڤەکردنەکەم دێمەوە سەری، ئەوەش بەرچاو دەخەم کە چۆن تاکە شتێک کە بادیو پێی قایل بێ ئەوەیە کە فەلسەفە تەنیا و تەنیا ئەو دەمە هەیە کە هەر چوار هەلومەرجەکە بەشداری لە پێکهێنانیدا دەکەن، نەک تاک تاک و بەتەنیا.

بۆ ئەوەی بادیو وێنەی ڕوونمان لە بارەی قۆناغەکانی لکانی فەلسەفە پێشان دا، دێتە سەر سەدەی نۆزدە (هیگڵ و نیچە) و لەو ڕووەشەوە جەخت لەوە دەکا کە ئەم مەسەلەیە (واتە لکانی فەلسەفە) لەم سەدەیەدا بەزەقی دەرکەوتووە. بادیو هیچکات قۆناغی لکانی فەلسەفە، یان چاترە بوترێ ئەو دەمەی فەلسەفە لکاویی دەبێ، بەقۆناغێ باش نازانێ و پێشی وایە فەلسەفە لەم قۆناغەدا، واتە لە سەدەی ناوبراودا، دووچاری ئیفلیجبوونێک بووە[١]. بەڵام ناوەڕۆکی لکانەکە لەم سەردەمەدا، لەم قۆناغەدا، بۆ بادیو بەمجۆرەیە: فەلسەفە لەم قۆناغەدا دەلکێ بەزانستەوە. ئەمەش ناو دەنێ لکانی فەلسەفە بەپۆزەتڤیزمەوە. واتە



فەلسەفە بەزانستی دەبێ هەروەها تەنیا زانست دەکارێ ڕاستییەکانی زەمەن تۆمار بکا. بادیو کە پێی وایە ئەم لکانە جارێ هەر زاڵە لەو ڕووەوە ئەزموونی فەلسەفەی شیکردنەوەی بەنموونە دێنێتەوە و پێداگریش لەوە دەکا کە چۆن فەلسەفەی ئەکادیمی ئەنگلۆ- ساکسۆنی لەم لایەنە بەرپرسیارە. دەرئەنجامی ئەم لکانە کە بریتییە لە زاڵبوونی تاکە هەلومەرجێک (هەلومەرجی زانستی یان ماتماتیکی) بەسەر ئەوانی تر (سیاسەت، شیعر و ئەوین) بۆ بادیو فەلسەفەی لێ پێک نایە. پکهێنانی فەلسەفە تەنیا ئەو کاتە دێتە دی کە هەلومەرجەکان پێکەوە فەلسەفە پێک بهێنن. بەم جۆرە دەشێ بوترێ کە قۆرخکردنی فەلسەفە لە لایەن یەکێک لە هەلومەرجەکانەوە، بەوەستانی فەلسەفە کۆتایی دێ. وەستانی فەلسەفە، لە کار کەوتنی فەلسەفە دەگەیەنێ، کە ئەمەش ڕەنگە هۆیەک بێ کە وای لە بادیو کردووە لە نووسینەکەی زۆر خەیاڵ بەسەرلەنوێ دروستکردنەوەی فەلسەفە بدا.

هەر سەبارەت بەم قۆناغە (زاڵبوونی هەلومەرجی زانستی بەسەر فەلسەفە)، بادیو بۆ ئەوەش دەچێ کە لەم دەم و وەختەدا، سیاسەت دەبێ بەداکۆکیکەرێکی پراگماتی لە سیستمی لیبرالی و پەرلەمانی کە ئەمەش هەڵەیە و ئەو هەڵەیەش تا ئەمڕۆ زاڵ و باوە و مرۆڤی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات باجەکەی دەدا. بەڵام چەند مرۆڤی ئەم دوو شارستانییە لەوە دەگا ئەوە هەڵەیە، من وا هەست دەکەم ئەو مەسەلەیە لاسەنگ و ناڕوونە. ئەمە سیاسەت ئەی شیعر؟ شیعر لەم قۆناغەدا، واتە کاتێ فەلسەفە بەهەلومەرجی زانستییەوە دەلکێ، شیعر دەبێ بەبابەتی شیکردنەوە، زمانەوانییەکان. هەرچی دڵدارییە بەبۆچوونی بادیو لەم قۆناغە بەفەنا دەچێ. لێرە بادیو دەیەوێ ئەوەمان نیشان بدا کە چۆن قەرزاری بۆچوونێکی ژان-لۆک نانسییە سەبارەت بەدڵداری لەم قۆناغەدا. نانسی پێی وایە جەوهەری وڵاتێک وەک ئەمەریکا لەوەدایە کە سۆز و سێکس لەسەر حیسابی خۆشەویستی یەک دەگرنەوە[٢]. بەڕاستی ئەم قسەیەی نانسی شایانی ئیستیعارە پێ کردنە. چونکە لەو کاتەوەی لێشاوی زانست هاتووە و زانستیش بووە بەهزر (یان با بڵێین فەلسەفە و شتی تریش) ئەمەریکا زۆرترین

گاڵتەی بەدڵداری کردووە. من وای بۆ دەچم ئەمرۆ ئەمەریکا شوێنی گاڵتەکردنە بەدڵداری. یان ئەمەریکاییەکان دڵدارییەکی لەو جۆرەی خۆیان باوەڕیان پێیەتی دروست کردووە و وێنەیەکیشیان لێی ناردووە بۆ گشت جیهان. ئەم دڵدارییە کە سێکس ڕۆحی پێک دێنێ، نەک سۆز بووە بەدوا مۆدێلی دڵداری. بۆیە پێم وایە دڵداری لەسەر دەستی ئەمەریکییەکان لەوە کەوتووە باوەڕ دروست بکا، واتە دڵداری نابێ بەیەکێ لە بناغەکانی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی فەلسەفە.

بۆ پتر شیکردنەوەی ئەوی لای سەرەوە وترا دەڵێم، کاتێک فەلسەفە دەلکێ بەزانستەوە، ئەرکی فەلسەفە تەنیا لە گفتوگۆی شیکردنەوەیی بریتی دەبێ کە ئەم گفتوگۆیەش زمان دەکا بەئامانج بۆ خۆی. ئەم لایەنە کە پۆزەتیڤ نییە بەزیانی پرۆسەی فەلسەفەکردن دەکەوێتەوە. چونکە فەلسەفەکردن لەگەڵ لکانی بەیەکێک لەو هەلومەرجانەوەی کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ درا ڕەوتێکی بەرتەسک و دیاریکراو وەردەگرێ. چونکە فەلسەفە لە ئاکامی لکانیەوە بەیەک شت، ئەمە فەلسەفە تاکڕەو دەکا. ئەمەو بگرە، بادیو لە وێنەکردنی دیمەنەکانی لەسەر قۆناغی لکانی فەلسەفە بەزانستەوە، وا لە من دەکا بڵێم: ئەمڕۆ هێزی گەلێک لە گفتوگۆ هزرییەکان لەو یارییە زمانەوانییانەدایە کە کاری لەسەر دەکەن. ئەو یارییە زمانەوانییانە کە تێکدەری فەلسەفەن، پەیامی ڕاستەقینەی فەلسەفە دەشێوێنن. چونکە فەلسەفە بەیاریکردن بەوشە پێک نایە و ئەو جۆرە هەڵانەش پیشەی سوفستاییەکان بووە. بەڵام ئەوەی زۆر جێی سەرنجە، لەم بارەیەوە ئەوەیە کە بادیو پێی وایە بەکاربردنی زمان بەو ڕێژە زۆرە ئاساییە لە ئایندەدا ڕێگە لە تەوژمی ئاینی بکاتەوە. بەقەولی بادیو ئەمەش وەک ئەو برینپێچە (پلۆستەر) وایە کە خزمەتی برینەکانی سەرمایەداری دەکا[٣]. من لێرە پێویستە ئەوە بڵێم کە پێشبینییەکەی بادیو تا ڕادەی وەک خۆی هاتە دی. چونکە بادیو ئەوەی پێی وایە بەکاربردنی زمان بەڕێژەیەک زۆر ئاساییە، لە ئایندەدا ڕێگە لە تەوژمی ئاینی بکاتەوە لە ١٩٨٩ وتوویەتی و لە ئێستادا (کە ئەم کتێبە لە نێوان ماوەی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ دا دەنووسرێ) دەرئەنجامەکەی



دەرکەوتووە. ئەو زێدەڕۆییەی گرووپە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوەکان دەینووسن، ئەڵبەت لە بەرامبەر بەشێ لە توندڕەوییە سیاسییەکانی عیلمانی و گرووپە ئیتنی و ئاینییەکانی تر، تەواو ئەو دەرهاویشتەیەیە کە بادیو چاوەڕوانی بووە.

بەڵام بۆ ئەوەی بێمە ناو گفتوگۆکەمەوە لەوێوە دەست پێ دەکەم کە بادیو بۆ ئەوەی وێنەی تەواوترمان لەسەر هەڵەی تاک لکانی هەلومەرجەکان بەفەلسەفەوە ڕوون بکاتەوە، دێتە سەر لکانی سیاسەت بەفەلسەفەوە و لەو ڕووەشەوە دێتە سەر مارکسیزم. بۆ مارکسیزم؟ چونکە بادیو مارکسیزم وەک جۆرە لکانێک تەماشا دەکا. واتە بەو جۆرەی مارکسیزم هەبوو، بەو جۆرەی خۆی لە فەلسەفەدا دەرخست، بەلکان دەیبینێ. بەڵام ئەم لکانە دەشێ ناو بنرێ لکانی فەلسەفە بەسیاسەتەوە. واتە مارکسیزم کە نوێنەرایەتیی فەلسەفە دەکا، دەلکێ بەسیاسەتەوە، ئەمەش وا دەکا فەلسەفە لەسەر حسێبی مارکسیزم ببی بەسیاسەت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مارکسیزم فەلسەفەی لە مەرجی سیاسیدا کۆ کردەوە. ئەمەش ئەو تێگەیشتنە دروست دەکا کە مارکسیزم فەلسەفەی کرد بەسیاسەت. بەمجۆرە گشت سیستمی مانا بەرهەمهێنانیش خۆی لەم هەلومەرجەدا بەرجەستە کرد. گرفتی ئەم قۆناعەش (واتە لکانی فەلسەفە بەسیاسەت) کەمتر نییە لەوانی تر. چونکە کاتێک فەلسەفە دەلکێ بەسیاسەتەوە، ئەوا تەنیا سیاسەت دەبێ بەقسەکەری فەلسەفە و گشت فەلسەفەش خۆی لە هەلومەرجی سیاسیدا دەبینێتەوە و مەرجەکانی تر ئەو بەشدارییە ڕاستەخۆیەیان لە بەرهەمهێنانی فەلسەفەدا نابێ. هەمووش دیمان ئەو دەمەی فەلسەفە بووە بەمارکسیزم، یان مارکسیزم وەک فەلسەفە ڕەفتاری دەکرد، شتەکانی تر (زانست–ماتماتیک–، شیعر–هونەر و خۆشەویستی) لە بێ بەهاییدا دەچەقن. واتە لەگەڵ ئەوەی مارکسیزم دەبێ بەفەلسەفە و ئەمەش دەلکێ بەسیاسەتەوە بەشەکانی تر ئەو بەشدارییە لە پێکهێنانی فەلسەفە ناکەن. یان پێکهێنانەکانیان لە چوارچێوەی پرۆسەی خۆیاندا نابێ، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەو مەرجەدا دەبێ کە بەفەلسەفەوە لکاوە. بۆ نموونە لە حاڵەتی

وەک لکانی فەلسەفە بەسیاسەت کە مارکسیزمی پێک هێناوە، هونەر ئەو بەهایەی نامێنێ. چونکە هونەر و بوارەکانی تری داهێنان سەربەخۆ نابن و کە سەربەخۆش نەبوون ناتوانن شتێک تایبەت بەخۆیان بەرهەم بهێنن. گەر تەماشای قۆناغی بەمارکسیزمبوونی فەلسەفەش بکەین، دەبینین کە چۆن هونەر لەگەڵ بەمارکسی بوونی لە هونەری بوونی خۆی دەکەوێ، یان هونەر لەوە دەکەوێ کە سیاسەت نەکا. هەرچی دڵدارییە لە ژێر سایەی ئەوەی کە مارکسیزم دەبێ بەنوێنەری فەلسەفە فۆرمێکی تر وەردەگرێ. سەبارەت بەم لایەنەش دەگەڕێمەوە لای بادیو و بۆچوونەکانی تایبەت بەم خاڵە.

بادیو پێی وایە، دڵداری لە ژێر سایەی ئەم لکانەی فەلسەفە بەسیاسەتەوە، کە مارکسیزمی لێ پێک دێ، دووچاری جۆرە ونبوونێ دەبێ لە لایەک لەبەر ئەو ڕقەی مارکسیزم لە شیکردنەوەی دەروونی هەیبووە و لە لایەکی تری لەبەر ئەو پوریتانیزمە (پاکتاوگەری)یە سۆسیالیستییەی بەرهەم هات. بادیو لەبەرئەوەی لە نووسینەکانی تری ڕاڤەکردنی تایبەتی لە بارەی دڵدارییەوە ئەنجام داوە دەکرێ بۆچوونەکانی لەو بارەیەوە بەفاکتەر وەربگیرێن.

بۆ بادیو دڵداری"" ڕووداوێکە لە فۆرمی یەکگرتنەوە""، ""بەرهەمهێنەرێکە کە ڕاستی دەخاتە دەرەوەی جیاکردنەوەی شوێنی سێکسی کراوەوە""[٤]. بەڵام ئەوی بەم لایەنەوە تایبەتە پاشان دێمەوە سەری، چونکە بۆچوونی بادیو لە بارەی دڵدارییەوە بەتیۆریی بیریاری فەرەنسی، لاکان لەمەڕ دڵدارییەوە وابەستەیە کە ئەوەش بۆچوونە شیکردنەوەیە دەروونییەکانی لاکان پێک دێنێ، بەڵام ئەوی لێرە ڕووناکیی دەخەمە سەر، پێوەندیی بەهەڵوێستی فەلسەفەی مارکسیزمەوە هەیە لە بارەی شیکردنەوەی دەروونییەوە کە بادیو بۆ ئەوە دەچێ تاکە بوارێک کە دەشێ بەبوارێکی ڕاستەقینەی تازە لە قەڵەم بدرێ کە توانای لێکدانەوەی خۆشەویستیی هەیە، ئەوا شیکردنەوەی دەروونییە. شیکردنەوەی دەروونی ئەوەی لێ ڕادەبینرێ، خۆشەویستی ڕاڤە بکا، بەڵام گرفتی ئەو چرکەیەی فەلسەفە دەلکێ بەسیاسەتەوە ئەوەیە فەلسەفەیەک دێتە دنیاوە کە پێوەندیی لەتەک شیکردنەوەی دەروونی بەو جۆرە نییە. مارکسیزمی لینینی کە





دەروونناسیی تایبەت بەخۆی بەرهەم هێنا، نەیتوانی بەو جۆرە لە دڵداری بگا کە شیکردنەوەی دەروونی بەرهەمی هێنا. چونکە شیکردنەوەی دەروونی ئەوەی لەمیانەی ئەو تێکەڵییەوە بەرهەم هێنا کە لە نێوان زمانەوانی و دەروونناسیدا هاتە کایەوە. ئەمە بۆچوونی منە لەو ڕووەوە، بەڵام بۆچوونی بادیو بەمجۆرە خۆی قوت دەکاتەوە: بەواتاکردنی دڵداری، تەنیا لە توانای شیکردنەوەی دەروونی دایە[٥]. ئەم لایەنە، بەو جۆرەی بادیو فۆرمولێزەی دەکا، لە ژێر سایەی لکانی فەلسەفە بەسیاسەتەوە نەهاتووەتە دی. تاکە هۆیەکیش کە دەکرێ لێرە بەبەڵگە وەربگیرێ، مەسەلەی پشتکردنی مارکسیزم بووە لە شیکردنەوەی دەروونی. بەڵام ئەوی لە ژێر بنمیچی لکانی فەلسەفە بەهەلومەرجی سیاسییەوە بەسەر دڵداری (خۆشەویستی، ئەوین) و شیعر هاتووە، زۆر زۆرتر نییە لەوی زانست بەسەری هاتووە.

ئەوی بەهەلومەرجی زانستییەوە تایبەتە، بەبینینی بادیو، سەبارەت بەڕۆڵی مارکس و مارکسییەکان زۆر ئاڵۆزە. چونکە ئەمانە هەمیشە هەوڵیان داوە، بوونی زانست لە نێوان سیاسەت و زانستدا دروست بکەن. سۆسیالیستییە مارکسییەکان هەر زوو هەوڵیان دا، بادیو وتەنی، سۆسیالیزمەکەی خۆیان لە سۆسیالیزمی ئەوانی تر جیا بکەنەوە کە گوایە ئەوی ئەمان زانستییە و هی ئەوانی تریش خەیاڵی[٦]. ئەم تێگەیشتنەی بادیو بۆ من ئەو سێرکردنەشی تێدا بەدی دەکرێ کە مارکس و مارکسییەکان لە بەرهەمهێنانی دوو لکان تاوانبارن. لکانی یەکەم لکانی فەلسەفەیە بەسیاسەتەوە و ئەوی تریش بەزانستەوە. ئەو دەمەش فەلسەفە لە نێوان ئەم دوو لکانەدا دەخولێتەوە لە هەلومەرجەکانی تر دووردە کەوێتەوە. ئارگومێنتیشم لەم ڕووەوە ئەو ماتریالیزمە مێژوویی و دیالیکتیکییەیە کە مارکس و مارکسییەکان،، بەتایبەت ستالین و ستالینییەکان، کاریان لەسەرکرد کە فەلسەفەی تاوێک وەک سیاسەت و تاوێک وەک زانست دەخستە ڕوو. ئەمەو ئەم ڕەفتارەی مارکسییەکان، بەتایبەت ستالینییەکان، کارێ واشی کرد فەلسەفە بوو بەشتێکی یەکانگیر لە نێوان سروشت و مێژوو. کەوابێ ستالین مانایەکی زۆری

بۆ ئەو پێکەوەلکانەی زانست بەسیاسەتەوە دی. ئەم پێکەوە لکانە ستالینییە کە ناوی پرۆلیتاریای لە خۆ گرت، فەلسەفەی کۆت و بەند کرد. فەلسەفە لە پاش هەوڵە ستالینییەکانەوە دووچاری دارِمانێکی هزری بوو. ئەم پێکەوە لکانە کە فەلسەفەی شەکەت کرد، فەلسەفەی لەسەر تابۆ (قەدەغە) بەرهەمهێنان ڕاهێنا.

بەڵام ناکرێ ئەو لایەنە پشتگوێ بخەین کە بادیو، سەبارەت بەلکانی فەلسەفە بەسیاسەتەوە دێتەوە سەری. چونکە بادیو سیاسەت، وەک ڕووداو نیشان دەدا و لەم حاڵەتەشدا هەندێک لە ڕووداوە سیاسییەکان یاد دەخاتەوە، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی لە ماوەی ١٩٦٣ تا ١٩٨٠ ڕوویان داوە. ئەڵبەتە ئەوەش هەر لە شۆڕشی قوتابیان لە ڕۆژئاوا دەگرێتەوە، تا دەگاتە شۆڕشی کولتووری لە چین، شۆڕشی ئێرانی و بزووتنەوەی کرێکاران و ناسیۆنالی لە پۆڵۆنیا. بادیو بەوە دەچێ چاری ناچار بێ کە ئەم ڕووداوانە بەڕووداوی سیاسی لە قەڵەم دا، چونکە ئەو نایەوێ ئەوە تاووتوێ بکا کە ئەو ڕووداوانە ڕووداوگەلێکی سەرکەوتوو یان ژێرکەوتوو بوونە. بگرە پتر خۆی لەگەڵ بۆچوونی س. لازارۆس کۆک دەکا کە ناوی ئەم ڕووداوانە بەڕووداوی گومڕا ناو دەنێ[7]. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە بۆ بادیو ئەو ڕووداوانەی هزرێک لە پشتیانەوە بووە سروشتێکی تایبەتیان هەبووە و ئەو بەشە ڕووداوانەش کە هزری مارکسی-لینینی پیادەیانی کردووە، ئەو بەشەن کە جێی تێڕامانی بادیون، ئەگەرچی ئەوانە هەڵوەشانەوە. لێرە مەبەستی بادیو بەزۆری شۆڕشی چینی و ڕووداوەکانی ئایاری ١٩٦٨ە.

بەخۆی بادیو باس لە لکانی نێوان سیاسەت و فەلسەفە وەک جۆرە پێکەوە لکانێکی هزری دەکا، نەک جەبری، واتە نەک وەک ئەوەی ماتریالیزمی مێژوویی و دیالکتیکی ستالینی پراکتیزەی دەکرد. بەمجۆرە ئەو جۆرە پێکەوە لکانەی بادیو باسی لێوە دەکا و دەکارێ فەلسەفە پێک بێنێ، ئەو ئەو شێوە ڕووداوە سیاسییانە لە بەرچاو دەگرێ کە دەکرێ ئەم لکانە پێک بێن و ئەوەش لای سەرەوە ئاماژەی پێ درا. واتە گشت تێگەیشتنی بادیو بەرەو ئەو باوەڕەمان دەبا کە ڕووداوی سیاسی دەتوانێ فەلسەفە دروستکەر بێ. ئەمەش کە



بابەتێکی گەورەیە لای بادیو لەم نووسینە خۆمی لێ نادەم.

هەر ئەمە نەبوو دۆزی فەلسەفە یان تەنیا بەمجۆرە نەبوو باری لکانی فەلسەفە بەیەکێ لە هەلومەرجەکانییەوە. چونکە لە ماوەی سەدەی ١٩ و دواتر فەلسەفە دووچاری لکانێکی دووجارە بوو، لکانی فەلسەفە بەسیاسەتەوە و هەروەها بەزانستیشەوە. بەڵام لەگەڵ نیچە فەلسەفە دەلکێ بەهەلومەرجی هونەرییەوە. ئەڵبەتە لەگەڵ هایدگەر ئەم شێوە لکانە دەگاتە لووتکە. بەڵام لەگەڵ قۆناغی فەلسەفیی هایدگەر، فەلسەفە نەک هەر زیاد لە پێویست بەهونەر (شیعر)ەوە دەلکێ، بەڵکو تا ئەوپەڕیش دژایەتی هەلومەرجی زانستی و مارکسی دەکا[8]. هۆی پشتکردنی هایدگەریش لە زانست بۆ بۆچوونەکانی خودی هایدگەر دەگەڕێتەوە لەسەر تەکنیک و ڕۆڵی تەکنیک لە دروستکردنی دەوڵەتی تۆتالیتاری و زانستی نوێ. هەروەها هۆی گەڕانەوەشی بۆ شیعر هەر دیسانەوە بۆ ڕەتکردنەوەی بیرۆکەکانی زانستی نوێیە کە بەهۆی تەکنیکەوە قەراڵستانی خۆی پێک دێنێ کە ئەمەش وا لە هایدگەر دەکا بۆ ڕقەبەرایەتیکردنی تەکنیک، کە وەک تێکدەری بوونمان تەماشای دەکا، پاڵداتە پاڵ شیعرەوە. شیعر کە لە لێکسیکۆنی فەلسەفیی هایدگەردا، بوونمان دەپارێزێ شوێنێکی تێدا بەدی دەکا بۆ بوونەوەر. هەر لێرەشەوە دەکرێ باس لە هۆکاری گەڕانەوەی هایدگەر بۆ هۆڵدرلین و تراکڵ بکرێ.

بەڵام ئەوەی شوێنی تێبینییە ئەوەیە کە بادیو پێی وایە ئەو ڕێگەیەی هایدگەر پێشنیاری کرد، ڕێگەی فەلسەفە نەبوو، بەڵکو ئەوە ڕێگەی فەلسەفە بوو کە نیچە و دواتر برگسۆن گرتیانە بەر کە لە لایەک بەرەو ئەڵمانیا پەلی هاویشت، ئەڵبەتە بەهۆی پیرۆزکردنی فەلسەفیانەی شاعیرەکان و، لە لایەکی تر بەرەو فەرەنسا، ئەوەش بەهۆی بەبتکردنی ئەدەب لەوێ، کە مۆریس بلانشۆ، ژاک دێریدا، ژێل دۆلۆز و ئەوانی تر نموونەن لەسەر ئەو پێنووسانەی ئەم شیاویان لە بەردەم ئەم بەبتکردنەی ئەدەبدا هێنایە کایەوە. ئاشکرایشە ئەم کۆششە نیچەییانەیە، چونکە کۆششی نیچە لەوەدا خۆی پوخت دەکاتەوە کە بزاوتنی هزریی خۆی لە هەلومەرجی هونەریدا ببینێتەوە.

بۆ ئەوەش دەچم کە ئەوی بادیو پێی وایە هایدگەر ڕێگەی فەلسەفەی نەگرتە بەر، مەبەستی ئەوەیە کە لکانی فەلسەفەی بەزانست و بەسیاسەتەوەی گۆڕی بۆ لکانێکی تر کە ئەوەش شیعرە. واتە هزری لە دوو شت دابڕاند و لکاندی بەشیعرەوە، نەک بەهونەرەوە، یان بەو شێوازەی خۆی، نەک لەسەر شێوازی نیچە، کە پێ دەچێ بادیو شێوازی نیچەی پێ فەلسەفییانەتر بێ.

هەر لەم بوارەدا و تایبەت بەلکانی فەلسەفە بەهەلومەرجەکانییەوە، بادیو بۆ ئەوەش دەچێ کە فەلسەفە ئەگەر لە ڕۆژئاوا لە خزمەتی زانست بووبێ و لە ڕۆژهەڵاتیش لە خزمەتی سیاسەت بووبێ، ئەوا فەلسەفەی ئەوروپا ڕۆژئاوایی لە خزمەتی سەرگەورەیەکی (سەید) تر بووە کە ئەوەش شیعرە. بەمجۆرە بادیو وای دەبینێ کە فەلسەفە لە خزمەتی سێ سەرگەورەدا بووە زانست، سیاسەت و شیعر. بەڵام لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئیمانوێل لێڤیناس و بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە لە بارەی ئەوی تر و ئافرەت، بادیو بەو تێگەیشتنە دەگا کە فەلسەفە دەکەوێتە ژێر خزمەتی هەلومەرجی تریشەوە کە ئەوەش دڵدارییە (خۆشەویستییە، ئەوینە)[٩].

ئەوەی من بۆی دەچم و هێندەی لە دیدی فەلسەفییانەی بادیو حاڵی بووبێتم، ئەم بیرمەندە فەرەنسییە، بەلکانی فەلسەفە بەشیعرەوە خۆشحاڵ نییە. چونکە پێی وایە لکانی فەلسەفە تەنێ بەشیعرەوە بەس نییە بۆ پێکهێنانی فەلسەفە. ئەم کە لە خەمی دامەزراندنەوەی فەلسەفەدایە پێی وایە ئەو دەمانەی هەر جارەی فەلسەفە بە لایەکەوە لکاوە، فەلسەفەی لێ پێک نەهاتووە و بۆیە داوای لێ کردنەوەی فەلسەفە لەو لایەنانە دەکا و قامک دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی دەبێ فەلسەفە بەهەر چوار هەلومەرجەکەوە (ماتماتیک، هونەر، خۆشەویستی و سیاسەت) بلکێنرێ نەک یەکێ یان دووانیان. بۆیەشە کە دیمەنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا وێنا دەکا، وەک ئەوە نیشانی دەدا کە ئەم فەلسەفەیە هەر جارە و بەهەلومەرجێک لە هەلومەرجەکانەوە لکێنراوە. ئەمەو ئەو دەمەش کە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو لکانانە دەدا، ڕووگەی باسەکە بەرەو گفتوگۆیەکی ئەوتۆ دەبا کە ئامانجی سەرەکیی ئەو گفتوگۆیە، هەڵوەشانەوەی ئەو لکانانەیە



کە دروست بوونە، ئەمەش تەنیا لەبەر هۆی ئەوەی کە فەلسەفە ناکرێ هەر جارە و لەبەر سایەی تاکە هەلومەرجێکدا بکارێ فەلسەفە بکا. بۆیە ویستی فەلسەفاندن لای بادیو لە ""مانفێست"" ویستێکی دیاریکراو و دیسپلینئامێزە. ویستێکی نائازاد و وابەستەیە. فەلسەفاندن کە پرۆسەیەکە خۆی بەچەند هەلومەرجێکەوە گرێ دەدا، ئەو پرۆسەیە بۆ ئەوەی بێتە دی دەبێ شیاوی بۆ ئامادەبوونی ئەو هەلومەرجانە هەبن. ئەو هەلومەرجانە کە کەم تا زۆر، لە ڕۆژئاوا هەبوونە فەلسەفەیەکیان بەناوی نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوای هێناوەتە دنیا بەڵام بەپێی تێزەکەی بادیو بێ ئەو هەلومەرجانە، تا ئێستا بەسەر یەکەوە و لەتەک یەکدا بۆ بەرهەمهێنانی فەلسەفە کاریان نەکردووە. بۆیە مەرامی بادیو لە ""مانفێست "" دروستکردنی ئەو شیاوییە، شیاویی پێکەوە کارکردنی ئەو چوار هەلومەرجەی ئەم بیریارە دەیکا بەبناغە بۆ دروستبوونەوەی فەلسەفە. چونکە فەلسەفەی ڕاستەقینە، بەبۆچوونی بادیو، تەنیا بەمجۆرە دێتە کایەوە. تەنیا بەم شێوەیە دەشێ هەبێ.

بەڵام بادیو زۆر مخابن بەهیچ جۆرێک لە خەمی ئەو کۆمەڵگانە نییە کە گشت ئەو هەلومەرجانەی تێدا نەهاتووەتە دنیا. بۆ نموونە لای ئێمە هەلومەرجی شیعری گەر بشێ بابەتی باس بێ، دەشێ باس بهێنرێتە سەر خانی، مەحوی، نالی بۆ نموونە. من لەو ڕووەوە هەست دەکەم سەر ڕاحەت و بێ کێشەین. بەڵام بوارەکانی تر ئەوەندە ڕۆشن و ئایندەدار نابینم. بۆ نموونە پۆلی سیاسەت لە ناو ئێمە تا ئەمڕۆ لە قۆناغێکی پارتیزانی و خەوبینینە بەسەرخۆبوونەوە. واتە سیاسەت نەبووە بەبوارێک لە هزر. بەکورتی سیاسەت بۆ ئێمە جارێ لە قۆناغێکدایە چۆن هەبوونمان بسەلێمێنین، بپارێزین و بیخەینە بەرچاو. لەم جۆرە حاڵەتانەش، سیاسەت ناکرێ بوارێک بێ بۆ هزراندن هیچ نەبێ لەسەر دەست ئەو سیاسەتکارانەی ئەمڕۆ نوێنەرایەتیی کەسی کورد دەکەن. چونکە ئەوان جارێ هەر لە هەوای موراقەبەکردنی ڕەفتاری دوژمنانی کورد و دۆزە ناوچەیی و جیهانییەکەدان. بەڵێ زۆر هەقیانە ئەمە بکەن، بەڵام ڕەفتار و مەزاجی شەخسییان ئومێدبەخش نییە کە سیاسەت لە ناو ئێمە پۆلێکە لە هزر

وسیاسەت، بۆ ئەمان جاریٚ هەر لە"" بیرۆکەی فیڵکردن""دا خۆی بەرجەستە دەکا. وەکی تریش ڕۆژانە باس لە فلانە حەکیمی سیاسیی کورد و فیسکانە حەکیم دەکریٚ، گشت هەقایەتی ئەم حەکیمییەش بریتییە لە مەسەلەی چۆن دۆزیٚکی پراگماتیی ئەوتۆ، بهیٚنریٚتە پیٚشەوە کە کورد پەلامار نەدریٚ. بۆ من ئەمە شتیٚکی ترە و ئەوەی سیاسەتکار دەبیٚ هزرەڤان بیٚ، تەواو شتیٚکی دییە. بۆیە ئەم هەلومەرجە، ئەوەی سیاسەت دروستکەری فەلسەفە بیٚ، لە ناو ئیٚمە بوونی نییە، کەواتە پیٚش وەخت تەگەرەیەکمان لە پیٚشە، کە ناکارین بەشداری لە پڕۆژەی سەرلەنویٚ دروستکردنەوەی فەلسەفەدا بکەین. هەرچی ئەوی تایبەتە بەهەلومەرجی زانستییەوە (یان ماتماتیک) باوەڕ ناکەم، کەمترین ڕۆشنایی لەم ڕووەوە بەدی بکریٚ. لەم بارەیەوە بادیو باس لەوە دەکا کە چۆن هەوڵی ئەفلاتوون لەم ڕووەوە شایانی باسکردنە، کە ئەم قسەیەی بادیو بۆ ٢٦ سەدەیەک لەمەوبەرمان دەگەڕیٚنیٚتەوە، بەڵام لە چاخی تازەشدا دەگەڕیٚتەوە لای جۆرج کانتور، پۆڵ کۆهن و گۆدیڵ. ئەوەندەی لە باری زانستی خۆمان گەیشتووبیٚتم ئەوەیە کە لەم بیست و سی ساڵەی دواییدا زۆر تاکی کوردی ماتماتیک و فیزیا و کیمیا و تەکنیکی نویٚیان خویٚندووە، بەڵام گشت ئەو توانایانە دواتر لەوەدا قەتیس بوونە کە چۆن ئەم تاکانە کاری مامۆستاییان لەم بوارەدا دەست بکەویٚ و بتوانن بژین. بەواتایەکی تر، لە ناو ئیٚمە، نە تیۆریی زانستی یان ماتماتیکی سەری هەڵداوە و نەش بەگشتی تاکی کورد حەوسەڵەی ئەوەی هەیە، پیٚوەندی لە نیٚوان فەلسەفە و زانست یان ماتماتیکدا دروست بکا. ئەڵبەتە ئەوەش دەکریٚ بوتریٚ کە لە ناو ئیٚمە دیسانەوە، ئەوانەی لە بواری زانست کار دەکەن، یان خویٚندوویانە نە هوشیارییان لەسەر پیٚوەندیی نیٚوان فەلسەفە و زانست (یان ماتماتیک) هەیە و نەش بەگشتی، ئەوانەی پیٚیان دەوتریٚ نووسەرە ڕەخنەگرەکان، یان بەگشتی ڕووناکبیران لەم پیٚوەندییە دەگەن و یان چارەیان دەویٚ. هەڵەش ناکەم بڵیٚم، نووسەرانی کورد بەگشتی حەوسەڵەی خویٚندنەوەی شتی زانستییان نییە و هەر بەگشی لای ئیٚمە ئەوی خولیای نووسینی ڕەخنەیی و ئەدەب و هونەر بیٚ، حەوسەڵەی شتی زانستی و



بەتایبەت ماتماتیکی نییە. کەواتە ئەم تەگەرەیەشمان هەیە. بەڵام ئەوی پیٚوەندیی بەهەلومەرجی دڵدارییەوەیە، ئەوە زۆر دەگمەن و تاکڕەو نییە و گشت کۆمەڵگەی لەم ڕووەوە نموونە و بەشداری خۆی هەیە. ڕەنگە لەمەیان براوە بین بەڵام بەو جۆرەی خانی باس لە ئەوین دەکا و بەو جۆرەی شیعری کلاسیک لیٚی دەدویٚ، نەک بەو جۆرەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردی ڕەفتاری لەتەکدا دەکریٚ و هەروەها نەک بەو جۆرەش ئەمڕۆ تەماشای ئەویناداری دەکریٚ. چونکە ئیٚستا لە ناو کوردان تاک و تەرا نەبیٚ گشت خەڵک و، تەنانەت گشت کۆمەڵگەکانی سەر زەویش، دڵداری وەک ئامراز و تەنانەت کالا (شمەک) ش تەماشا دەکەن. ئەمەو لەولاوە کیٚشەیەکی ترمان هەیە. ئەم کیٚشەیەش ئەوەیە کە ئیٚمە لە بینین و تیٚزی بادیوەوە دوورین. چونکە لای ئیٚمە شیکردنەوەی دەروونی و فەلسەفە، خۆشەویستی یان ئافرەت ڕاڤە ناکا. ئەوانەی ئافرەت ڕاڤە دەکەن چەند خانمیٚکی خویٚندەوارن کە هەست بەو زوڵمە دەکەن ئافرەت تیٚیدا دەژی و خۆشەویستیش ئەو کاتە ڕاڤە دەکریٚ کە دیوانیٚکی شیعری یان چیرۆکیٚک ڕەخنە دەکریٚ. بەمجۆرە، ئەم پۆلە لای ئیٚمە مەگەر بەلەقەلەق بشیٚ بۆ سەرلەنویٚ دامەزرانەوەی فەلسەفە بەکار ببریٚ.

چونکە بۆچوونی ئیٚمە بۆ خۆشەویستی و مەسەلەی ژیندەر و پیٚوەندیی نیٚوان نیٚر و میٚ، سەرچاوە نە لە فەلسەفەوە هەڵدەگریٚ و نەش لە شیکردنەوەی دەروونی یان ئەو شیکردنەوە دەروونییە لاکانییەی پشت بەزانستی زمان دەبەستیٚ. خۆشەویستی لای ئیٚمە، ئەو دەمە بیر دەکەویٚتەوە کە کاریٚکی ئەدەبی وشەی خۆشەویستیمان لا دەورووژیٚنیٚ. وەکی تریش ئەو ژمارە خانمە قەڵەم بەدەستەی باس لە گرفتی ژیندەری ئافرەت دەکەن ئەوەندە ڕقاوی و ناحەزانە ڕووکردنەوەکانیان دەخەنە ڕوو کە بناغە بۆ تیٚکدانی پیٚوەندیی نیٚوان ژیندەرەکان دادەنیٚن. ڕاستە خۆی ئەم جۆرە نووسینانە، واتە ئەو نووسینانەی پیٚوەندیی نیٚوان ژیندەرەکان تیٚک دەدەن، ئیٚستا بوونە بەمۆدەهگەلیٚکی جیهانی، بەڵام زەرەرمەندی گەورە لەم بەینە هەر ژیندەری ئافرەت خۆیەتی.

لە ڕیزی ئەوانەش کە ڕاڤەی دۆزی نویٚی ئافرەتی کورد دەکەن، نە

شیکەرەوەیەکی دەروونییان تێدایە و نەش فەیلەسوفێک و ئەڵبەتە نەش زمانەوانێک، ئەوی هەیە چەند قەڵەم بەدەستێکی ئەدەبین کە لە ڕێگەی پەخشانە شیعرەوە یان لە ڕێگەی هەندێک تێکستی بەناو کۆمەڵناسییەوە (سۆسیۆلۆژییەوە) میحنەتەکانی ئافرەتی کورد دەلاوێننەوە. بەشێک لەم لاواندنەوانە کە زۆر شیعرئامێز و سۆفستاییین دوژمنگەرا و هەنسکاویشن. واتە یان ناحەزی و ڕق دەبەخشنەوە یان فرمێسک و هەنسک. ئەم دووانەش کە دراماتیسێرەی کێشەی ئافرەتی کورد دەکەن لە گرفتی بێ چارەسەریدا تەمەن بەسەر دەبەن.

٢- لکانی فەلسەفە بەشیعر

لەگەڵ داهاتنی ""چاخی شاعیران""، کە ئەمە دەربڕینێکی بادیویانەیە، لکانێک دێتە کایەوە کە دەشێ ناو بنرێ، لکانی فەلسەفە بەشیعرەوە. ئەم لکانە لە ڕۆژئاوا لە یۆنانی کۆنەوە هەبووە، بەڵام جۆری سەرهەڵدانەکەی و ناوزەدکردنەکەی بەمجۆرەی بادیو نەبووە. لەوی وتم، مەبەستم ئەوە نەبوو بڵێم فەلسەفەی ڕۆژئاوا هەمیشە بەشیعرەوە لکاوە، بەڵکو ویستم ئەوە بڵێم کە پێوەندیی نێوان فەلسەفە و شیعر بەبەردەوام هەمەجۆر و گفتوگۆئامێز بووە و یەک لە ڕووەکانی ئەو گفتوگۆیانەش، کە بۆ من بنەماکەی ئاڵۆزی هێنەرێکی هەمەجۆرە، دۆزی شیعرە لە دەم و وەختی ئەفلاتوون. بەڵام ئەگەر نەختێکی سەرووتر بڕۆین دەبینین لە قۆناغی پاش هیگڵەوە، واتە لەو قۆناغەوەی کە فەلسەفە بەهەلومەرجی زانستی (پۆزەتڤیستی) و یان هەلومەرجی سیاسییەوە لکێنراوە، شیعر دەستی گرتووە بەسەر بەشێک لە کارەکانی فەلسەفەدا. بەڵام ئەم چاخەی بەهۆی لکانی فەلسەفە بەشیعرەوە دێتە دنیا، کە بادیو ناوی ""چاخی شاعیران""ی لێ دەنێ، بەری گشت شاعیرانی ڕۆژئاوا نییە، بەقەد ئەوەی دەستەبژێرێکی دیاریکراو کاری بۆ سازدانی ئەم چاخە کردووە. واتە هێندەی ناوی سیلان و هۆڵدرلین و پێسوا و ڕامبۆ و مالارمێ گۆ دەکرێ، هێندە ناوی تر گۆ ناکرێ. ئەم شاعیرانە کە بەفەلسەفەوە ناویان دەلکێ، نە خۆیان ئاگایان لەم مەسەلەیە بووە و نەش ویستوویانە لەتەک فەیلەسوفاندا لە



پێشبڕکێدا بن. بەڵام ئەم سازدانە زۆر جار دەشێ بەجۆرێکی تریش لێک بدرێتەوە. واتە هاتنە دنیای ئەم چاخە ڕەنگ نییە پلانێکی لە پشتەوە بووبێ، یاخود بەئاگاییەکەوە ئەو لکانە ئەنجام درابێ. بەڵام لەم ڕووەوە دەکرێ ئارگومێنتێکی بادیو بەنموونە بهێنرێتەوە. بەبۆچوونی بادیو تەنێ شیعری ئەو شاعیرانە لە بەرچاو دەگیرێ کە شیعرەکانیان وەک بەرهەمێکی هزری دەبینرێن و شیعریش لەسەر دەستیان خۆی وەک بوارێکدا دەبینێتەوە کە زمان تێیدا لەمەڕ بوون و کات دێتە گۆ[١٠]. کەوابێ بەپێی ئەم ئارگومێنتە بێ نە شاعیرانی "" چاخی شاعیران""خۆیان وەک فەیلەسوف دەرخستووە و نەش ئەو فەیلەسوفانەی (بۆ نموونە هایدگەر و دێریدا) فەلسەفەیان بەسەر شیعری ئەم شاعیرانەوە کردووە و ویستوویانە وەک شاعیر ناوزەد بکرێن.

لە ڕووی فەلسەفییەوە ""چاخی شاعیران""، بۆ من باس لە هەڵا و گۆڕانێک دێنێتە پێشەوە کە فەلسەفە و شیعر پێکەوە دەگرێتەوە. ئەم هەڵا و گۆڕانە کە بۆ دروستبوونی فەلسەفە بەس نییە، تینوویەتی بادیوش تێر ناشکێنێ. بۆیە بادیو سەرباری ئەو خوێندنەوە بەهادارەش، بۆ ئەم چاخەی ئەنجام داوە، بەڵام هەر پێی وایە لکانی فەلسەفە بەشیعرەوە دەبێ لە پاڵ لکانەکانی ترەوە بێ (واتە سیاسەت، زانست و ئەوین). بادیو کە بەمجۆرە دەڕوانێتە پرۆسەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی فەلسەفە، نە وەک هەندێ لە بیرمەندانی ڕۆژئاوا پشت لە شیعر (یان بڵێین هونەر) دەکا و نەش لە زانست (یاخود با بڵێین ماتماتیک)، بەڵکو ئەوی بادیو لەم ڕووەوە دەیکا تا ڕادەی لە بیریارانی هەردوو نەریتە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکەوە جیایە. ئەم کە زانست (بەتایبەت ماتماتیک) دەکا بەیەکێک لە پێکهێنەرانی فەلسەفە هیچ کات بوارە داهێنانییەکان (وەک شیعر، هونەر و ڕۆمان) لەم ڕووەوە لە وتنەکانی فەرامۆش ناکا. بۆیە کە قسە لە چاخی شاعیران دەکا بەچێژێکی پڕ لە هونەر و شیعرگەراییەوە دێتە پەیڤین، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا بایەخپێدەرێکی زۆرە بەماتماتیکیش.

بۆ ئەوەی ئەوی لای سەرەوە وترا، ڕوونتر بێتەوە، دەگەڕێمەوە بۆ قامکدانان لەسەر دیتنێک فەلسەفیی زۆر سەرنجڕاکێشی بادیو. بەپێی دیتنی بادیو ئەوی

بەرهەمی شاعیرانی ""چاخی شاعیران""ی گەیاندووەتە ئاستێکی هزری، ئەو پاڵەپەستۆ هزرییەیە کە لە ناوەوەی هونەری ئەو کەسانەوە کاریگەر بووە بەسەر کارەکانیانەوە. ئەمەش بەبینینی بادیو لە ئاکامی ونبوونی ئەو یارییە ئازادەوە، ڕووی داوە کە لە فەلسەفەدا هەیە[11]. واتە لەبەرئەوەی فەلسەفە لکێنراو بووە بەشتی ترەوە نەیتوانیوە ئەو بوارە هزرییە دروست بکا کە شیعر دواتر هەوڵی داوە دروستی بکا. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بادیو لەبەر دۆزی لکانی فەلسەفە بەزانست و سیاسەتەوە گومان دەکا، شیعر توانیبێتی ئەو ڕۆڵە ببینێ هیچ نەبێ تا کاتی نیچە و هایدگەر.

من دەزانم بادیو مەبەستی لەمەی دەیڵێ چرکەی فەلسەفیی پێش فەلسەفەی جیاوازییە، واتە پێش هاتنە دنیای فەلسەفەی هەردوو بیریارە سەرسەختەکەی ئەڵمانیا (نیچە و هایدگەر). چونکە ئەم دوو بیریارە لە لایەک ئەنتی مارکسی بوونە و وەکی تریش ئەنتی سیاسی. بۆیە ئەو بووژانەوەیەی شیعر لەگەڵ ئەم دوو بیریارە ئەڵمانییە بەخۆیەوە بینیویەتی، پێشتر و بەتایبەت لە دەم و وەختی سەروەریی بیری مارکس و مارکسییەکان بەخۆیەوە نەیبینیوە. بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر ڕوونکردنەوەیەکی بادیو، تایبەت بەم لایەنە بەپێویستی دەزانم لای خوارەوە دەرفەت لە بەردەم قسەکردن لە دیاردەیەک بکەمەوە کە پێوەندیی بەو لایەنەوە هەیە کە بادیو لای سەرەوە قامکی بۆ ڕاکێشا.

من لەوە سڵ ناکەمەوە لکانی فەلسەفە بەهەلومەرجی سیاسییەوە، گرینگ و پێویست نەبێ، بەڵام نەک بەتەنیا بەڵکو لەتەک ئەوانی تر و بێ فەرامۆشکردنی لایەنەکانی تر (واتە شیعر و ئەوین بۆ نموونە). ئەزموونی فەلسەفەی مارکسیش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چەند ئەو ئیدیایەی ئەو ئەزموونەی جڵەو کردووە، دەستی لە پەراوێزکردن و فەرامۆشکردنی بوارە داهێنانییەکاندا هەبووە. ئەڵبەتە ئەمەش لە ڕێگەی بەسیاسیکردنیانەوە ڕووی داوە، نەک شتێکی تر. بۆ نموونە هەر تایبەت بەم لایەنە زێدەڕۆی ناکەم گەر بێژم: لە پاش شۆڕشی بەلشەفییەکانەوە، واتە لە دوای ١٩١٧ەوە و، لە ماوەی ٧٠ ساڵ لە یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران و گشت وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی،



فەلسەفە لە سیاسەت بریتی کرابوو و ئەمەش (واتە سیاسەتیش) لە مارکسیزم و مارکسیزمیش نوێنەرایەتیی گشت واتای فەلسەفەی دەکرد. واتە ئەوی فەلسەفی بوایە، سیاسی بوو و ئەوی سیاسیش بوایە مارکسی بوو یان بەپێچەوانەوە. ئەمەو گشت سیاسەتیش کە لە بنڕا مارکسی بوو زانستی بوو. ئەوی چاویشی بەچاپی کتێبەکانی ماتریالیزمی مێژووی و ماتریالیزمی دیالیکتیکی، کە لە سۆڤیتی جاران یان وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی پێشوو بەچاپ گەیەندراون، خشاندبێ بۆی دەردەکەوێ کە چ یارییەکی بەواتای وەک زانست و سیاسەت کراوە و، چۆنیش مارکسیزم بەفەلسەفە و تەنانەت مێژووشەوە لکێنراوە. ئەمەو هەر لەم قۆناغەدا، کە قۆناغی لکانی فەلسەفەیە بەسیاسەتەوە لە ڕێگەی ناوی مارکسەوە، شیعر لە قەنارە دراوە و شاعیرە دەگمەنەکان لە شیعراندن خراون. ئەوی مرۆڤ زۆر سەرسام دەکا ئەوەیە کە گشت ئەو بلۆکە نەیتوانیوە، ناوگەلێک وەک سیلان و مالارمێ و یان پێسوا و هۆڵدرلین دروست بکا. بەڵام هەر لەم ڕووەوە خراپ نییە مەبەستم لە لای خوارەوە تۆزێ ڕوونتر بەرچاو بخەم.

لە ڕاستیدا من نامەوێ ئەوی پێی دەوترێ ئەدەبی سۆسیالیزم، بێ بەهای بکەم، بەڵام ناکرێ ئێمە جیاوازی لە نێوان هیچ نەبێ ئەزموونەکاندا نەکەین. ناشێ پۆڵ سیلان و ئەو دەنگە شیعرییانە لە یەکتر جیا نەکەینەوە کە بەرهەمی دوو ڕەوتی ئەدەبین. من دەزانم ناکرێ ئەزموونی بۆ نموونە ئانا ئەخماتۆڤا و بوریس پاسترناک و ماریا تزڤیتایڤا لە بیر بکرێ، بەڵام ئەوی لە لایەن ئاڤاناسیڤەکانەوە بەسەر پاسترناک یان تزڤیتایڤا هێنرا لە سۆڤیەتی جاران گەلێ داهێنەری تری ئەو سەردەمەی چاوترسێن کرد کە جیاواز بیر نەکەنەوە. پاسترناک پاش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەب درایی لە وڵاتەکەی خۆی وەک دۆستی ئیمپریالییەکان ناوزەد کرا و بەرپرسی ئەو دەمەی یەکیەتیی نووسەرانی سۆڤیەت (کە ئاڤاناسیڤ بوو) لە یەکێتییەکەیان دەریهێنا و گەورەترین دەردشیان بەقورڕقوڕاگەی پاسترناکی داماوا کرد. بەڵام هەر لەو دەمەدا ئاڤاناسیڤییەکان ئامێزیان بۆ شاعیرە ڕاونراوەکانی وڵاتانی تر

دەکردەوە، بۆ نموونە نازم حیکمەت یەکێکە لەوانە. وەنەبێ ئەو پەتا سیاسییە ئەدەبییە هەڵاوی نەگەیشتبێتە لای ئێمەش. جا کێ هەبوو لای ئێمە ناوی نازم حیکمەتی نەبیستبێ. تەنانەت زارۆکی ناو لانکیش شیعری نازم حیکمەتیان بۆ دەخوێندەوە، بەڵام ناوی بەدەیان شاعیری تریان نەک هەر ئەو دەمە بگرە، تا ئێستاش بەگوێدا نەهاتووە. گەر لە ناو ئێمە شتێکیش لە بارەی ڕامبۆ یان بودلێرەوە وترا بێ ئەوە لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی بووە، ئەمەو لەو دوایەش دوای ئەوەی لە جیهانی عەرەبی بایەخ بەبۆچوونی هایدگەر بۆ شیعر درا، ئەمە کاریّ وای کرد، ناوی گەورە شاعیرانی ئەڵمانی وەک هۆڵدرلین و تراکڵ و ڕێلکە بکەونە ناوانەوە و وردە وردە نووسەرانی کوردیش ئەو ناوانە گۆ بکەن. بەڵام ئەمە بەختی گشت شاعیرانی نەپێکا، چونکە تا ئێستاش سیلان لای ئێمە ناوی هەر لە قۆناغی گۆ نەکردنایە. لەبەرئەوەی ئێمە پشتبەستوو بووینە بەوەرگێڕانەکانی ڕووناکبیرانی عەرەبی، بۆیە هەچ بیریار و ڕووناکبیر یان ئەدیبێک کە لە جیهانی عەرەبی بایەخی نەدرابێتێ، ئەوە لای ئێمەش بایەخینەدراوەتێ، ناو و کارەکانی بەنەناسراوی ماوەتەوە. بۆ نموونە بەسەرهاتی بەجووبوونی سیلان و هەندێ لایەنی تر بەبۆچوونی من ڕەنگە لە پاڵ بایەخنەدانی ڕووناکبیرانی ناسیۆنالی عەرەبییەوە بووبێ، بەئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرە بریندارە. وەکی تریش هەندێک لە شاعیرە دەگمەنەکان، بۆ نموونە پێسوا و ماندلستام و تەنانەت فرێنسێس پۆنج و ڕۆنیە شاریش، لای ئێمە نەک شیعرەکانیان پۆپولێر نەبوونە، بگرە خوێنەرێکی دەستەبژێریشیان نەبووە. بۆیەشە شیعری نوێ و پاش نوێی کوردی، بەزۆری لە دەنگی شیعری ئەدۆنیس، ئەنسی حاج، بەیاتی، سەیاب، سوپەهری و شاملۆ وە نزیکە تا شاعیرانی چاخی شیعر یان ئەوانی کە دواتر ناویان هات (مەبەستم ماندلستام و شار و.. هتد).

پاش ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە دەگەرێمەوە سەر بادیو و ئەو لایەنەی ماوەیەک پێش ئێستا بەکراوەیی جێم هێشت. بادیو لە نووسینەکەی بەکورتی بۆ ئەوە دەچێ کە دۆزی لکانی فەلسەفە بەسیاسەتەوە، ئەڵبەتە پێش نیچە و



هایدگەر، ڕێگر بووە کە شیعر بتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێ یان لەو بەینەدا شیعر بکارێ شتێ بکا. ڕەنگە هەر ئەم لایەنە (واتە ئەوەی سیاسەت ڕێگر بووە) هۆکار نەبووبێ بۆ ئەوەی شیعر نەکارێ ڕۆڵی خۆی ببینێ و لەو ڕووەشەوە هۆ زۆرن. بۆ نموونە شیعر کە لە ""مانفێست ""دا بۆ بادیو بوارێکی داهێنانی و جوانکارییە لای گشت فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا، بەو جۆرە تەماشای نەکراوە و بگرە فەلسەفە لە کێشەشدا بووە لەگەڵی. لە ڕووی مێژوویشەوە پێوەندیی نێوان فەلسەفە و شیعر، یان باشتر قسە بکەم، پێوەندیی نێوان فەیلەسوف و شاعیر، پێ ناچێ باش بووبێ. بەڵگەش لەم ڕووەوە پێوەندیی نێوان ئەفلاتوون و شاعیران بووە. دیالۆگی فایدرۆسیش باشترین بەڵگەیە لەسەر تێگەیشتنی ئەفلاتوون لە شیعر.

بەخۆی گەلێک لەوانەی قسەیان لە پێوەندیی نێوان شیعر و فەلسەفە کردووە، ئاگایان لە نهێنییەکانی ڕەفتاری ئەفلاتوون لەتەک شاعیران هەبووە، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو نهێنییانە دەشێ لەوەدا کورت بکرێتەوە کە ئەفلاتوون نە فەلسەفەکەی ڕەدووی شاعیران دەخا و نەش کۆمارەکەی دەکا بەداڵدەیێ بۆیان. ڕاستە ئەم ڕەفتارە ئەفلاتوونییە دواتر گۆڕانی زۆری هاتەسەر، بەڵام بەرچاوترین گۆڕان ڕەنگە ئەو دادگاییکردنە بێ کە بادیو باسی لێوە دەکا کە لە لایەن نیچە و هایدگەرەوە کرا(١٢). بەخۆی ئەو شێوە ڕەفتارەی نیچە لەتەک ئەفلاتوون پێ دەچێ سەرەتای ئەو ئەنتی ئەفلاتونیزمە بووبێ کە پاشان هاتە کایەوە. گشت ئەوانەش کە ویستیان لە سەردەمی نوێدا ئەندازیاری بەسەر بیری فەلسەفیی نیچەوە بکەن، کە ئەمەش بەزۆری فەیلەسوفانی پاش ١٩٦٠کانی فەرەنسا دەگرێتەوە، هەمان شتیان دووبارە کردەوە. واتە لە لایەک کەوتنە دژایەتیکردنی ئەفلاتوون و لە لایەکی تریش کاریان لەسەر بەشیعرگەراکردنی فەلسەفە کرد کە دێریدا و دولۆز دوو نموونەی بەرچاوی ئەو تەوژمە ئەنتی ئەفلاتوونییەن.

واتە ئەو شێوازەی نیچە لەسەری ڕۆیشت، پاشان بیرمەندانی پاش تازەگەری و پاش بنەماخوازیی فەرەنسی کتومت دووبارەیان کردەوە. وەکی تریش

تەوژمی نیچەگەرای بوو بەناسنامەی بۆ گشت ئەوانەی ویستیان هەڵوێستێکی دژیان بەرامبەر بەفەلسەفەی ئەفلاتوون هەبێ. ئەم لایەنە کە پاشان دێمەوە سەری، نیچە بەرپرسیارە لێی (واتە باوکردنی دیاردەی درمی ئەنتی ئەفلاتوونی) هیچ نەبێ لە سەردەمی نوێدا، واتە پاش سەدەی ١٩، کە ئەوەش ئاکامێکی زۆری لێ کەوتەوە و، یەک لەو ئاکامانەش زۆربوونی شاعیرە کە لە پاش نیچە و لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی نیچە ئەم دیاردەیە دروست بوو.

لەم بارەیەوە بادیو باس لەوە دەکا کە کەسانێ وەک دێکارت، لێپنتز، کانت و، هیگڵیش، دەکرا ماتماتیکی، مێژووکرد و فیزیاناسیش بن، بەڵام ئەوی کە نەبوون ئەوە بوو کە شاعیر نەبوون، واتە نەبوون بەشاعیر. بەڵام پرۆسەکە دواتر بەوە دەچێ بەپێچەوانەوە کەوتەوە. چونکە لە دوای نیچە و هایدگەرەوە هەموو دەیانەوێ ببن بەشاعیر یان وەک شاعیر دەرکەون، یاخود ناو دەرکەن. یانیش هەر هەموو بەخیلی بەشاعیر دەبەن. ئەڵبەتە کە هەر هەموو شاعیرن، بادیو وتەنی، ئەوا یان شاعیرگەلێکی فاشیلن یانیش شاعیرگەلێکی ڕاڤەوان. بۆ نموونە هایدگەر یەک لەو شاعیرە فاشیلانەیە بەقەولی بادیو[١٣].

بەڵام ئەم پەتایە، پەتای بوونە شاعیر، لێرە ناوەستێ و بگرە لێرەوە پەل دەهاوێژێ، بەرەو فەلسەفەی نویی فەرەنسی و، بەشێک لەوانەش کە پاش هایدگەر بەم دەردە دەتلێنەوە دێریدا، لاکۆ-لابارت، ژامبیێ و لاردرویە. ئەم پۆلە بیریارە نموونەیەکن لەسەر دیاردەی حەزکردن بەبوون بەشاعیر. ئەوی بادیو لە بارەی ئەم ناوانەوە دەیڵێ، ئەوەیە کە ئەمانە لەگەڵ ڕەوتی میتافیزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا ڕۆیشتوون. ئەمەو ئەم لایەنە بۆ بادیو بەڵگەشە لەسەر بوونی سەردەمێک بۆ شاعیران. ئەم سەردەمەش ئەو دەمە بوونی دەبێ کە لکانی فەلسەفە دابڕانی تێ دەکەوێ.

من ئەمەی بادیو وەک دابڕان تەماشای دەکا، ناو دەنێم لە لکان بەسیاسەتەوە بۆ لکان بەشیعر. واتە لە لکان بەسیاسەتەوە بۆ لکان بەوەوەی سیاسەت بواری نەدا هەناسە بدا. چونکە ئەو کاتەی سیاسەت گشت قەراڵستانەکانی لە ژێر سایەدا بوو بواری شیعری نەدەدا گوزارە لە بوونی



خۆی بکا. بۆیە ئەم دابڕانە یان قرتانەی نێوان فەلسەفە و سیاسەت تا بڵێی پێویست بوو. وەلێ بادیو بەتوندی دەست بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە چاخێک بوونی هەبووە، ئەم چاخە لە هۆڵدرلین و پۆڵ سیلانەوە دەست پێ دەکا و شیعر لەم چاخەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم چاخە شتێکی لە خۆیدا حەشار داوە. بەباوەڕی من ئەم خۆ حەشاردانەش دەشێ ببرێتەوە سەر مەسەلەی پێوەندیی ئەم چاخە بەبوونەوە. واتە نهێنیی ئەم چاخە پێ دەچێ لەوە دابێ کە لە کرانەوەدا بووە بەسەر بوون. وەکی تریش ماهیەتی چاخی شاعیران لەوەدا دەشێ پوخت بکرێتەوە کە بایەخی بەشتێک داوە کە فەلسەفە لە قۆناغی لکانی بەسیاسەت یان زانست ئەمەی نەکردووە. ئەمەو بشگرە فەلسەفە هەر دەمێک بووە بوونی بیر چووەتەوە، بەڵام بەهۆی لکانیەوە، بەشیعر دەگەڕێتەوە سەری. بۆیە هەڵە ناکەم گەر بڵێم چاخی شاعیران بەکرانەوەی بەسەر بوون چاخێکی تایبەت بەشیعر بۆ خۆی تۆمار دەکا. با ئەوەش لە بیر نەکەین کە بادیو لەمیانەی قسەکانی لەسەر ئەم چاخە جەخت لە بوونی چاخێک دەکا کە گوزارە لە لوغزی کات لە ڕێگەی لوغزی میتافۆری شیعرییەوە کردووە[١٤].

ئەم چاخی شاعیرانە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ پشتگیری لە لکانی فەلسەفە بەشیعرەوە بکەن، مانای خۆی هەیە. چونکە لە ژێر سایەی ئەم چاخەدا فەلسەفە بەئارەزووی خۆی دێ و دەچێ. یان هیچ نەبێ ئەوی فەلسەفە لێی زەوت کراوە وەری دەگرێتەوە. لەم چاخەدا کە باس لە گەشە و مانا و مانای مێژوو و دۆزینەوەی ئەوی تر دەکرێ، فەلسەفە لە ڕێگەی لکانی بەشیعرەوە هەناسەی بەبەرا دەکرێتەوە. بەڵام ئەوی بۆ من تایبەت بەم چاخە زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەو بۆچوونەی بادیوە کاتێک باس لە یەکێ لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم چاخە دەکا کە گوایە چاخی شاعیران چاخێکی ناهەماهەنگە[١٥]. بەڵام گەر وردتر بچمە ناو ئەم نایەکانگیرییەی بادیو دەستی بۆ ڕادەکێشێ دەبینم ناوبراو دەیەوێ لەم ڕووەوە شتێکی تریش بڵێ. چونکە بادیو بۆ ئەوەش دەچێ کە شیعر، بەتایبەت شیعری میتافیزیکی، ئەو شیعرەی زیاد لە پێویست چڕە، ئەو شیعرەی کە ئاراستەیەکی ڕووناکبیریی هەیە، تا

بلێی لە نایەکانگیریدا گوزارەی کردووە. واتە بادیو شیعری ئەو شاعیرانەی چاخی ناوبراو پێک دێنن نایەکانگیر و ناچووست دەبینێتەوە و ئەم جۆرە شیعرەش کە لە پاتۆسی مێژووی گوزارەی کردووە شیعرگەلێکی میتافیزیکیی چڕن. بۆ نموونە بادیو شیعرەکانی هۆڵدرلین لە ڕیزی ئەم جۆرە شیعرانە پۆل دەکا.

من وا هەست دەکەم بادیو گەشبینە بەو ناوەی ناویەتی لە ""چاخی شاعیران"" بەڵام پێی وانییە ئەم چاخە بەس بێ بۆ پێکهێنانی فەلسەفە. ئەم کە دەگەڕێ بەدووی شێوازێکی تردا بۆ پێکهێنانی فەلسەفە ناشێ بەوە قایل بێ، فەلسەفە تەنێ بلکێ بەشیعرەوە. ئەم لکانە بۆ ئەوەی تەواو بێ، دەبێ لەتەک هەلومەرجەکانی تردا کار بۆ پێکهێنانی فەلسەفە بکەن. واتە ویست بۆ فەلسەفاندن لە نووسینی ""مانفێست بۆ فەلسەفە""دا بەکارکردنی تێکڕای هەلومەرجەکان پێکەوە بنجبەستە. واتە شیاوی لە بەردەم فەلسەفەدا نییە بکارێ بەتەنێ لە ژێر هەلومەرجێکی دیاریکراودا، جا ئەوە سیاسی بێ یان زانستی، ئەوین بێ یان هونەر، هەبێ. ئەو هیوایەش بادیو لە نووسینەکەی بەچاخی شاعیرانی دەدا هیوایەکە بەهەلومەرجەکانی ترەوە وابەستەیە. بۆیە کاتێ لە بارەی شیعرەوە دەدوێ ئەمە لە فەلسەفە دانابڕێ، یان کە قسە لە شاعیر دەکا، ئەمە لە فەیلەسوف دوور ناخاتەوە. تەنانەت بادیو بەوردی لەوەش بەئاگایە کە ئەو دەمە ""چاخی شاعیران"" پێک دێ کە شیعر بەفەلسەفەوە دەنووسێ (دەلکێ). واتە نووسانی فەلسەفە بەشیعرەوە نووسانێکی تر دەسازێنێ کە ئەوەش نووسانی شاعیرە بەفەیلەسوفەوە. بەڵام نابێ خوێنەری ئەم باسە ئەوە پشتگوێ بخا کە ""چاخی شاعیران"" دوو خەسڵەت بەرچاوی دەکا کە دواتر کاریگەرییەکی تا ئەندازەیەک نێگەتیڤی خستەوە. لە لایەک ئەم چاخە دۆزێکی دروست کرد کە فەلسەفە لە پێناوی شیعردا ئامادە بێ. ئەوی تریش کە فەیلەسوف پتر خۆی وەک شاعیر دەردەخا. هۆی ئەمەش ڕەنگە ئەوە بێ کە شیعر لەم قۆناغەدا زۆر دەستبەسەر فەلسەفەدا دەگرێ و شاعیرانیش لە فەیلەسوفان ناسراوتر دەبن. ئەمەش وا دەکا خەسڵەتی ئەم چاخە بەجۆرێ




فۆرمولێزە دەبێ کە چارەنووسی فەلسەفە بکەوێتە دەست شیعرەوە. بەڵام ئەم چاخە لەبەرئەوەی بەردەوام نابێ ئەم لایەنانەش دەوەستن.

کەواتە ئارگومێنتی بادیو لەم ڕووەوە بریتییە لەوەی کە ئەم چاخە ئێستا بوونی نییە و کۆتایی هاتووە. واتە بەردەوامییەک لە بەردەم ئەم چاخەدا نابینێتەوە. گەر ئەم چاخەش لە ئێستادا بوونی نەبێ واتە قۆناغی نووسانی فەلسەفە بەشیعریشەوە پایانی هاتووە. واتە نە سیلانێکی تر و نەش هۆڵدرلینێکی ترمان هەیە. نەبوونی ئەمەش، واتە کۆتاییهاتنی ئەم چاخە، یان لێبوونەوەی فەلسەفە لە شیعر، داوای بیرکردنەوەمان لێ دەکا لە پێکهێنانەوەی فەلسەفە.

ئەوی باس کرا لایەنێکە لەو لوغزانەی لە وتنەکانی بادیو سەبارەت بەچاخی شاعیران بەدیم کرد، بەڵام لوغزێکی تر کە شایانی ئاوردانەوەیەکی قووڵترە، ئەوەیە کە بادیو نایەوێ لیستێکی گەورەمان لە ناوی ئەو شاعیرانە بەردەست بخا کە فەیلەسوفانی چاخی شاعیرانن. ئەم گومان دەکا ئەگەر ئەوی لەو چاخە ژیا بێ ئەوە بێ. واتە گشت شاعیرێکی ئەو چاخە فەیلەسوفی ئەو چاخە نەبووە. بادیو کە وا دەڵێ، بەڵگەی ئەوەیە کە تەنیا ئەو چەند شاعیرە شایانی ئەو ئاوەڵناوەن کە هزر لە شیعرەکانیاندا دەبینێتەوە. منیش تا ئەندازەیەک زۆر باوەڕم بەم بینینەی بادیو هەیە. هەروەها منیش پێم وایە کە هۆڵدرلین یان سیلان نەک هەر شاعیر بگرە هزرەڤانیش بوونە، بەڵام ئەگەر بێتو ئەم هاوکێشەیە بەسەر فەیلەسوفانی ئەو دەم و وەختە پێڕەو بکرێ، ڕەنگە گەلێک فەیلەسوفی شاعیریش ببینرێنەوە بەڵام ئەمەیان بابەتی بادیو نییە. ئەو شاعیرانەی بادیو وەک شاعیرگەلێکی بەرچاوی ئەو چاخە تەماشایان دەکا، ئەو جۆرە شاعیرانەن کە بۆچوونی ئەو چاخە لە خۆیاندا حەشار دەدەن و شیعرەکانیان ڕێچکەدار بووە. ئەو شاعیرانە کە حەوت دانە بوونە بەهۆڵدرلین دەست پێ دەکا و بەپۆڵ سیلان کۆتاییان دێ، بەڵام لەو نێوانەدا ناوگەلێک وەک مالارمێ، ڕامبۆ، تراکڵ، پێسوا و ماندلستامیش بەرچاو دەکەون. ئەم شاعیرانە کە چاخێک لە کۆڵ دەگرن، قۆناغێک لە ژیانی فەلسەفە و شیعریش

دەنووسنەوە. ئەم شاعیرانە کە هەم شاعیر و هەم هزرەڤانن، بەرهەمی ئەو لکانەن کە نێوی لکانی نێوان فەلسەفە و شیعری لێ دەنرێ. بەڵام ئەوی کە گوایە ئەم شاعیرانە ڕێچکەداربوونە بەمجۆرە دەشێ شی بکرێتەوە.

بادیو زۆر بەلایەوە مەبەستە لەو نووسینەی (واتە مانفێست) بینینی خوێنەر ڕووەو ئەوە ڕابکێشێ کە واتای بابەت لە ""چاخی شاعیران""دا هەڵتەکێنراوە. بادیو وتەنی بۆ ئەوەی بوون و زانین پێکەوە کار بکەن دەبێ بابەت ئەمەی بەسەر بێ[١٦]. واتە بابەت دەبێ چارەنووسی ئەوەبێ کە هەڵوەشێتەوە. بەقەولی بادیو ڕەنگە هەر ئەمەش بێ، خەسڵەتی بەرچاوی چاخی شاعیران. واتە ئەوەی شیعر نا–بابەتی بێ یان شیعر بێ بابەت گوزەر بکا. بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا هەڵتەکاندنی واتای بابەت داوای هەڵتەکاندنی واتای خودیش ناکا؟ وەڵامی بادیو لەم ڕووەوە ئەوەیە کە شیعری زۆربەی شاعیرانی چاخی ناوبراو بۆ ئەوە بووە کە خود نەهێڵێ جا ئەوە لەسەر دەستی تراکڵ بووبێ یان ڕامبۆ یاخود مالارمێ[١٧]. بادیو لەمەی دەیڵێ مەبەستی ئەوەیە کە کاتێک مالارمێ دەخوێنێتەوە، هەست بەوە دەکا خود ئەو بوونەی لە شیعرەکانیدا نییە یان لە کاتی خوێندنەوەی ڕامبۆ بەوە گەیشتووە کە خود لە قۆناغی فرەگەری و نەمانیشدایە، هەرچی تراکڵە بەبۆچوونی بادیو خود لە شیعرەکانیدا خۆی لە واتای مەرگ بەرجەستە کردووە[١٨]. ئەوەی هەر لەم چوارچێوەیەدا بادیو بەلایەوە گرینگە ئاماژەی پێ بکا ئەوەیە کە ئەوی ئەم لە شاعیرانی چاخی ناوبراو سەبارەت بەبابەت و خود دەرکی پێ کردووە، بۆ نموونە لای هایدگەر، کە بەفەیلەسوفی شاعیران ناوزەدی دەکا، نایبینێ. بەپێی ئەم بۆچوونە دووانەیی خود و بابەت بۆ هایدگەر ئەو شوێنە مەزنەی نییە. بەڵام کە دێتە سەر لاکان، کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی هزری، بادیو باس لەوەدەکا کە لاکان وەک هایدگەر نارِوانێتە دووانەیی بابەت و خود کە ئەمە پاشان دێمەوە سەری.

بەپێی ئەوە بێ کە لای سەرەوە وترا، ئەو ڕێچکەیەی شاعیرانی""چاخی شاعیران""هەیانبووە، ڕێچکەی هەڵوەشانەوەی واتای بابەت (ئۆبژێکت) بووە. بەڵام ئەو شاعیرانە کاتێ کە ئەمەیان کردووە ئەمە لە لایەک مانای بۆ تێکڕای



پرۆسەی شیعریان هەبووە و لە لایەکی تریش مانای تایبەتی بۆ ئەو جۆرە کرانەوەیەشیان هەبووە کە بەسەر بووندا کراونەتەوە. کەواتە مەسەلەی کرانەوەیان بەسەر بوون لەتەک ئەم ڕەفتارەیان هاوکۆک بووە. ئەوی بۆ من لەم بارەیەوە شوێنی تێڕامانێکی قووڵە، ئەو بۆچوونەی بادیوە کە گوایە شیعر ئەو دەمە نابێ بەشیعر کە نا–بابەتی دەبێ[١٩]. ڕاستە شیعر پایەکی جار جارە لە ناو خودە و ئەوی تری لە ناو بابەت، بەڵام ئەم جۆرە هاموشۆیەی، ئەم شێوە پیاسەیەی، شیعر لە نێوان بابەت و خود پێویستی بەتێگەیشتنێکی وردبینانە هەیە. چونکە دابڕان و لێکردنەوەی شیعر لە خود یان بابەت وەک قرتانی دار وایە، لە ڕەگ و ڕیشەوە. بەڵام ئەوی دەشێ وەک سەرنج بخرێتە سەر خەرمانەی ئەوی وترا، ئەوەیە کە گشت شاعیرانی چاخی ناوبراو وەک یەک بابەت و خود لە شیعرەکانیاندا فۆرمولێزە نەکراوە و هەستیشیان بەرامبەر بەبابەت و خود وەک یەک دانەڕشتووە.

بەخۆی دەمەتەقێ لەسەر پێوەندیی نێوان بابەت و خود لە شیعردا کاردانەوەی خۆی بەسەر شیعری شاعیرانی چاخی ناوبراوە هەبووە بەڵام ناشێ، بادیو وتەنی، شیعر خۆی لەسەر ناکۆکیی نێوان بابەت و خود بژێنێ. وا هەست دەکەم لە کاتی قسەکردن لەسەر شیعری چاخی شاعیران ئەم لایەنە، واتە بابەت و خود، ناکرێ قورساییەکی زۆری بخرێتە سەر، یان هیچ نەبێ لە قورسایی باسی بوون زێتری ناشێ بخرێتە سەر، چونکە شیعری چاخی شاعیران، بەوە دەناسرێنەوە کە شیعرگەلێکی بووناوی بوونە، نەک خودی یان بابەتی. بەڵام کاتێک کە باس دەهێنرێتە سەر بوون و شیعری چاخی شاعیران، دەبێ بەبۆچونی بادیو، ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەوەی کە بوون ناجێگیرە. ئەم جۆرە تێگەیشتنەش بۆ بوون، بادیو وتەنی، لای سیلان لە لووتکەدا بووە.

سیلان بۆ بادیو لوبی ئەو قۆناغە پێک دێنێ کە شیعر تێیدا دەلکێ بەفەلسەفەوە. واتە سیلان مەغزایەکە کە ڕووداوێک پێک دێنێ ئەو ڕووداوەش فەلسەفە بەهەلومەرجی شیعرییەوە گرێ دەدا. ئەم بیرمەندە فەرەنسییە پێی وایە زۆربەی پڕۆژە فەلسەفییە گەورەکان، کە لای خوارەوە دێمە سەری،

ئەوانەی جەغت لە لکانی فەلسەفە بەھەلومەرجی شیعرییەوە دەکەن، سەرچاوەی بیریان کارەکانی سیلانە. سیلان مەزنییەکەی لە دیدی بادیو وە لەوێندەرێ دایە کە پاش دەربازبوونی لە ئۆردووگا زۆرەملێکانی نازییەکان بەشیعرە سەرسامەکانی چاخێک پێک دێنێ. ئەو چاخ پێکهێنانە پێ دەچێ لە گەلێ ڕووەوە پێوەندیی بەو دەردانەوە بووە کە پاش دەربازبوونی لە ئۆردووگا ترسناکەکانی نازییەکان لە شێوەی وشەی شیعری هەڵی ڕشتوون. بەڵام ئەم هەڵڕشتنە ڕەوتێکی زۆر نائاسایی وەرگرتووە، چونکە لە ڕێگەی هزرێکی شیعرییەوە داڕێژراون، نەک ئاخ و داخی هەڕەمەکی. ئەو جۆرە دارشتنەی سیلان هەر لە سەرەتاوە دەقی لەسەر گرتووە، جۆرە هەناسەیەکی شیعریی تێدا جێگیر کراوە، کە دواتر بووە بەشوێنی ڕەزامەندیی ویستی گەلێک لە بیرمەندانی هاوچەرخی ڕۆژئاوا. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە بادیو داکۆکی لەوە دەکا کە شیعری سیلان لە بەبتکردنی فەلسەفی دەربازی کردین کە فەلسەفە خەریکبوو تێی دەکەوت و هەروەها سیلان وەک شاعیرێک توانیی شیعر لە تێڕامانە مشەخۆرەکانیش ڕزگار بکا و شیعر بەپێی پێویستییەکانی سەردەم دامەزرێنێتەوە، هەروەها خۆشی لەتەک سیاسەت، دڵداری و ماتماتیکدا یەک بخا[٢٠].

دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئەوە تەنیا بادیو نییە فەلسەفە بەسەر شیعری سیلانەوە دەکا، بەڵکو ئەوە لە ترادیسیۆنی هاوچەرخی فەرەنسیدا گەرای داناوە. ئەمەو بەتایبەت فەلسەفەی هاوچەخی فەرەنسی لەم چەند دەیەی دواییدا پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شیعر و داهێنانە جوانکارییەکاندا (سینەما، شێوەکاری) دامەزراند. بەڵام مانفێستەکەی بادیو لەپێوەندی بەواتای شیعر و شیعرگەرایی و پێوەندیی ویش بەفەلسەفەوە، ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە و لە گەلێک ڕووەوە لەگەڵ بەرهەمی بیریارانی هاوچەرخی فەرەنسی بۆ نموونە ئەوانەی قسەیان لە بارەی شیعرگەرایی سیلان کردووە، لێرە مەبەست دێریدا و لاکۆ-لابارتە، زۆر یەک ناگرێتەوە. بەڵام ئەم یەک نەگرتنەوەیە پێوەندیی بەشێوازی ئەو ویستەوە هەیە، بۆ فەلسەفاندن لای



هەریەک لەو سێ فەیلەسوفە فەرەنسییە (واتە: بادیو، دێریدا و لاکۆ-لابارت) پەسند کراوە. بۆیە چەند خوێندنەوەی نووسینەکەی بادیو، واتە ""مانفێست بۆ فەلسەفە""، لە بارەی شیعرگەرایی سیلانەوە گرینگە ئەوەندەش ئەوی دێریدا، ""شیبۆلێت""و، لاکۆ-لابارت""شیعرگەرایی و ئەزموون"" گرینگە.

بۆیە دەمەوێ لێرە و تایبەت بەم لایەنە تاوێک لەسەر شاعیریەتیی سیلان بوەستم بەتایبەت ئەو لایەنانەی بۆ بادیو بابەتی تێڕامان نەبوونە یان بادیو لە نووسینەکەی هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکردوون. بۆیە ئەم ڕاوەستانەی من لەم بەینە پێوەندیی بەو لایەنانەوە هەیە کە بادیو ئاوڕی لێ نەداوەتەوە کە ئەوەش پێوەندی بەمەسەلەی ناوەڕۆک و ماهیەتی شیعرگەرایی سیلان و دیاردەی بەجووبوون و هەندێک تایبەتگەرایی ترەوە هەیە کە لە ڕێگەی دیتنە فەلسەفییەکانی دێریدا و فیلیپ لاکۆ- لابارتەوە پێی گەیشتووم. بەڵێ بۆ من ئەوە زێدە ڕوونە بادیو گومان لە توانای هزرەڤانیی سیلان ناکا و ئەو چاخەی ناویشی لێ ناوە ""چاخی شاعیران"" کە چاخێکە هزری تێدا بەرهەم هاتووە[٢١] بەسیلان کۆتایی پێ دێنێ، بەڵام ئەو شێوە ئاوڕدانەوەیەی بادیو لە سیلان بۆ من بەس نییە و بەپێویستی دەزانم لەم ڕووەوە هەندێک لایەنەی تر بخرێتە بەرباس کە شایانی تێڕامانی ترن و، ئەمەو ئەم دوو فەیلەسوفە فەرەنسییە هەندێک وتنیان لە بارەی شیعرگەرایی سیلان خستووەتە بەربارس کە لەوانەی بادیو وتوونی جودان. لە هەمان کاتیشدا هەمیشە و بەردەوام قسە لەسەر ڕوانینی هایدگەر بۆ شیعری هۆڵدرلین و ئەو گومراییيانەش دەکەم کە تایبەتە بەپێوەندیی نێوان سیلان و هایدگەرەوە.

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بێژم کە بۆ گەلێک لە شارەزایان لە فەلسەفەی دێریدا و ئەمجار لە فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسییش ئەوە ڕوونە کە دێریدا شێوازی نووسینی بەچەند قۆناغێکدا تێپەریووە، سەرەتا کە خۆی بەفەلسەفەیەکی پوختەوە سەرگەرم کردووە، ئەڵبەتە لە ڕێگەی بایەخدان بەهوسرەل، دواتر وردە وردە کەوتووەتە ناو دروستکردنی پردێک لە نێوان فەلسەفە و ئەدەب و زمانناسی، پاش ئەمە شوێنێکی لە ناو فەلسەفە بۆ سیاسەت دۆزیوەتەوە و

لەوێڕا لەسەر باسی مافی نێودەوڵەتی و ڕاسیزم و ئەوی تر هاتووەتە گۆ و، ئەمەو پێش مەرگیشی بەچەند ساڵێک خۆی بەهەندێ واتای بایەخدارەوە سەرقاڵ کردووە لەوانە: بەرپرسیاریەتی، میوانداری، هاوڕێیەتی، لێبووردەیی، ئەڵبەتە هەر لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێ کە دێریدا پێش دەم و وەختی مردنی لە گەڕانەوەیەکی ورددا بووە بۆ هەندێک واتای وەک مەرگ، مەرگ لە شێوەی هیبە (خەڵات) و، ئاین و زەبر. ئەڵبەتە ئەو درمە فەلسەفییەش کە نیچە لە پاشخۆی بڵاوی کردەوە (درمی پێوەبوون بەڕەتکردنەوەی میتافیزیکی ئەفلاتوون) ئەمیشی گرتەوە. گەلێک لە ئاماژە (سیمتۆم)کانی ئەم درمەش لە جەستەی وتاری هزری دێریدا ئەو دەمە دەرکەوت کە دێریدا نێوانی فەلسەفە و وێژەی بەهێز کرد و، بایەخە زۆرەکانیشی لە ١٩٨٠کان بەولاوە بەمالارمێ، بلانشۆ و باتای و ئارتۆ و تا دەگاتە سیلان بەڵگەن لەسەر ئەوە. ئەڵبەتە هزری ئەنتی ئەفلاتوونی و باکگراوندە نیچەییەکەشی ڕۆڵی خۆی لەوەدا هەبووە گەلێک لە نووسەرانی فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆساکسۆنی دێریدا وەک هزر ناکۆنکرێت و موریدی سوفستاییەکان تەماشا بکەن. بەڵام ئەوی من لێرە دەمەوێ بەکورتی قسەی لەسەر بکا، پێوەندیی بەم لایەنانەوە نییە بەڵکو ئەو بۆچوونانە شیتەڵ دەکاتەوە کە دێریدا لە بارەی شیعری سیلانەوە وتوونی هەروەها بەشێ لەو دیتنانەی فیلیپ لاکۆ- لابارتیش بەرباس دەخرێ کە لە بارەی سیلان و بگرە هایدگەریش وتراون و ئەمەو گەڕانەوەی پەیتا پەیتام بۆ سێرکردنەکانی هایدگەر بۆ هۆڵدرلین و بێدەنگیشی لە شیعرگەرایی سیلانیش لە چەند شوێنێک جێی بایەخ دەبێ.

گشت ئەوی دێریدا لەمەڕ پۆڵ سیلان لە نووسینی""شیبۆلێت"" نووسیویەتی بەخۆی کۆششێک بووە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کردەی شیعرسازی لای پۆڵ سیلان جودا بووە. دێریدا ئەم نووسینەی لە شێوەی کتێبێک بەناوی شیبۆلێت (ناوێکی عیبرییە) لە ١٩٨٦ بەچاپی گەیاندووە کە بەخۆی ساڵێک پێشتر (واتە لە ١٩٨٥) ئەو باسە لە سمینارێک لە ستۆکهۆڵم بەناوی شیعری پۆڵ سیلان پێشکێش کراوە. من پێش ئەوەی بێمە سەر دێباتکردنی سێرکردنەکانی دێریدا



لەمەڕ شیعری سیلان بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەدوو سەرنج بدەم. یەکەمیان ئەوەی چۆن ئەزموونی شیعری سیلان هزرەڤانی تێدایە کە ئەمە بادیوش خەیاڵی داوەتێ. هەروەها ئەوەش کە چۆن شیعر لە پێوەندیدایە بەئازارەوە. ئەوەی کە شیعر لای سیلان لە پێوەندییەکی نەپساودا بووە لەتەک ئازار، ئەمە ئەو تراژیدیا کەسییە دروستی کردووە کە سیلان وەک شاعیرێک تێی ژیاوە کە بەباوەڕی من شارستانیی ڕۆژئاوا لێی بەرپرسیارە. سیلان کە قەدەرێ ڕەش هیچ کات بەرۆکی بەرنەداوە، شیعرەکانی بەوە گەیاند ئەو هەموو هزرەڤانییەی بەسەرەوە بکرێ. بەڵام پێویستە لەوە بەئاگا بین کە سیلان نەینووسی تا بیریاری بەسەر وێنە شیعرییەکانییەوە بکرێ، بەڵکو ویستی ئەو ئازارە لە پێستی ڕاماڵێ کە شارستانیی ڕۆژئاوا بەخەڵات بۆی هانیبوو. ئازار ئەو خەڵاتە بووە کە بەری سیلان کەوتووە، ئەمەش پاداشتی بەجووبوونەکەی بووە. بەجووبوونی سیلان بووە ژەهر چووە گەروویەوە. گەرووی سیلان لەو گەروانە نەبوو کە شیعر بکا بەدۆستی سەما و نەشئە. چونکە من هیچ دیۆنیزۆسییەک لە سیلاندا نابینمەوە. من هیچ نیچەگەراییەک لە سیلاندا شک نابەم. خواوەندی دیۆنیزۆس بۆ سیلان پێ ناچێ ئەو مانا و چێژەی هەبووبێ. ئەو جۆرە تراژیدیایەی سیلان تێی ژیا بۆ وڵاتێک وەک ئیسرایل بووە بەبەهانە بۆ دروستکردنی تراژیدیا بۆ ئەوانی تر. ئیسرایل کە بەری تراژیدایە لەو تراژیدیایەش بەرپرسیارە فەلەستینییەکان تا هەنووکە دەیژێن. ئیسرایل کە نوێنەرایەتیی ئازەرەکانی سیلان ناکا، هیچ هۆشێکی بەڕەخنەکردنی شارستانیی تازەی ڕۆژئاوا نەداوە.

ئەوی زۆر جێی تێڕامانە لەو نووسینەی دێریدا، واتە ""شیبۆلێت""، ئەوەیە کە کاتێک دێریدا لە سیلان دەدوێ لە شاعیرێک دەدوێ لەتەک ئازاردا زۆرترین دۆستایەتیی هەبووە. دێریدا کە جووبونی سیلان دەناسێتەوە لەتەک جووبوونی خۆیا یەکی ناخاتەوە. بەڵام دەشکرێ بۆ ئەوە بچین کە ئەوی دێریدا و سیلانی لە شیبۆلێت کۆ کردووەتەوە هەر هەستی بەجووبوون نییە، بەڵکو دەستنیشانکردنی هزریشە لە شیعری سیلاندا. ڕاستە بۆ دێریدا بابەتی

بەجووبونی سیلان لە شێبۆلیت جێی تێڕامان بووە، بەڵام بەس ئەمە ئەم شاعیر و فەیلەسوفەی کۆ نەکردووەتەوە. ڕاستە سیلان لە شیعری شیبۆلیت دەرکی پێ دەکەی شاعیرێکی جووە و دێریداش ئەو بەجووبوونە دەلاوێنێتەوە، بەڵام لە ژێر لێوەوە نەک ڕاستەوخۆ. وەلێ بەگشتی شێوازی نووسینەکەی دێریدا لەوە بەدوورمان دەگرێ، تەنیا بیر لە بەجووبوونی ئەم شاعیر و فەیلەسوفە بکەینەوە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریش پێ دەچێ دێریدا لە ناو نەوەی خۆی (فوکۆ، لیوتار، بۆدریار)، ئەڵبەت دولۆزی لێ دەرچێ، بۆ دۆزینەوەی تارمایی فەلسەفی لە شیعردا لە زۆربەیان بەسەلیقەتر بووە. ئەم کە گرفتاری لە لای هایدگەر و تاوێ نیچەش بووە لەو بوارەدا بۆ هێنانە پێشەوەی بۆنە بۆ وتن لەسەر شیعر و فەلسەفە کارەمایە. ئەم کە ئەزموونێکی باشی لە ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەفلاتوون هەیە و بەمەراقەوە شیعر و فەلسەفە ئاشت دەکاتەوە دەزانێ چەند سیلان بۆ ئەم قۆناغە ماناداره. بۆیە بادیو کە لە ١٩٨٩دا باس لە هزرەڤانیی بەشێک لە شاعیران دەکا، بەتایبەت ئەوی خۆی دەیانخاتە ناو چاخێکەوە، دێریدا پێشتر دەگمەنیی سیلانی بەرباس خستووە، بۆیە بەباشی دەزانم هەندێک لایەنی ئەو سێرکردنەی دێریدا تایبەت بەسیلان لای خوارەوە بخەمە بەرباس(٢٢). لەو بەرباس خستنەشدا، جگە لەوەی بۆچوونەکانی دێریدا گفتوگۆ دەکەم باس لە خەسڵەتەکانی ئەو دۆزەش دەکەم فەلسەفە بەشیعر و زمانەوانییەوە دەلکێ، کە بەخۆی ئەو دۆزە بەگشتی لە ژێر سایەی بیرمەندانی پۆست مۆدێرنە و پاشتازەگەریی فەرەنسی هاتە کایەوە. وەکی تریش هەر ئەم لایەنەیە کە بادیو تا ڕادەی لە"" مانفێست ""دا پێی قەڵسە و ڕەتیشی دەکاتەوە.

دێریدا لە نووسینەکەیدا کە ناوی شیبۆلێتی لێ ناوە ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ سیلان لە بارەی شیعرێکەوە دەپەیڤێ بوونی نییە. ئەو شیعرەی سیلان لێی دەدوێ ""شیعری ڕەها""یە. ئەم شیعرە بەفیعلی بوونی نییە(٢٣). کەواتە لێکدانەوەکانی دێریدا ئەوە بەرچاوی دەکەن کە"" شیعری پوخت"" بوونی نییە. یان شیعری پوخت ئەو شیعرەیە کە سیلان دەینووسێ و ئەمەش بوونی نییە،



بەڵام ئەم بوونی نییەی دێریدا جەختی لێ دەکا، پێداگیرییە لەسەر دەگمەنیی شیعرگەرایی سیلان. واتە سیلان باس لە شتێک دەکا بێ بوونە. بەتەبیعەتی حاڵیش هەر شتێ کە لە بووندا بوونی نەبوو، ئەوا ئەو شتە گومڕا و تاکە.

بۆ دێریدا تێکستی ""شیبۆلێت""، هەر شیعرگەرایی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکو هەندێ دەرخستەی زمانەوانی و فەلسەفیشی تێدایە. ئەم لایەنە دێریدا پێ دەچێ لە ئاکامی سەرنج خستنە سەر واتای وەک تەنیایی و بەروار پێی گەیشتووبێ. بۆیە هەڵە نییە خوێنەر بۆ ئەوە بچێ کە دێریدا شیعرگەرایی لە گۆکردنی بەروار لای سیلان دەبینێتەوە. هەر لەو بەروارەدا، بۆ نموونە بەرواری ٢٠ یانوەری، نهێنیی ژوانیش بەدی دەکا(٢٤). ڕاستە شیعر لای سیلان زمانی تاکە، هەروەها شیعر تەنیایە، بەڵام تەنیایی شیعر لە جووڵەدایە ڕووەو بوون. هەر ئەم شیعرە تاک و تەنیایەش خۆی لە نهێنیی ژواندا دەبینێتەوە(٢٥). کەواتە ئەم شێوە شیعرەی سیلان نووسیویەتی ویستێک زاڵ و باو دەکا کە ویستی گشت و زۆربە نییە.

ئەوی دێریدا لە بارەی سیلانەوە ئەنجامی دەدا نە لەوی هایدگەر دەچێ کە لە بارەی هۆڵدرلین و تراکڵەوە وتراوە و نەش لە ڕوانینی بادیو کە لە بارەی ""چاخی شاعیران""ەوە وتراوە. چونکە هایدگەر لەمیانەی وتنەکانی لە بارەی هۆڵدرلین و تراکڵ قسە لە ""نەتەوە"" دەکا کە ئەمە نە سیلان لێی دەدوێ و نەش دێریدا . هەروەها بادیوش لەبەرئەوەی بەمەسەلەی لکانی شیعر بەفەلسەفەوە سەرقاڵە، کە چۆن ئەم لکانە فەلسەفەی دابڕاو کردووە، خۆی لە هایدگەر و دێریدا تەواو جیا کردووەتەوە. بەڵام نیەتی دێریدا تا ئەندازەیەک لە نیەتی ئەم دوو فەیلەسوفەوە دوورە (واتە هایدگەر و بادیو). دێریدا دەیەوێ بەهۆی سیلانەوە قسە بێنێتە پێشەوە لەسەر ئەدەبیەتی ئەدەب و فەلسەفە. هەروەک لای سەرەوەش وتم ئەمە بۆ دێریدا مەیسەر دەبێ، چونکە لە لایەک سییەکانی لە ئەنتی ئەفلاتوونی پڕە و لە لایەکی تریش لە هەناوی ڕووناکبیرییەکەیدا نیچەگەرایی گەلێ بێچووی داناوە. کەواتە دێریدا لەوەوە نزیکە کە باسی دەکا، بەڵام خودی سیلان، ئەوی ئەو هەموو هزرەڤانییەی بەسەرەوە دەکرێ، پێ ناچێ

بۆ ئەوە شیعری نووسیبێ کە ئەو دوورییە لە بینین بخاتەوە. خۆ بادیوش لە نووسینەکەی لەوە بەئاگایە کە ئەو شاعیرانەی ناویان دەبا بەشاعیرانی ""چاخی شاعیران""خۆیان نەیانزانیوە ئەوەن (واتە هزرەڤانن).

بۆ ئەوەی نەختێک جیاتر لەوی لای سەرەوە لێی دوام باس لەوە دەکەم، بەجووببوونی سیلان، کە بووە هۆی بەسەربردنی بەشێک لە تەمەنی لە ئۆردووگاکانی قەتڵوعامی جووەکان و هەروەها تێ چوونی دایک و باوکیشی، تێکشانێکی سەیری لە سیلاندا دروست کرد کە تا ڕادەی دۆزێکی هێنایە پێشەوە کە شیعرەکانی سیلان ڕەوتێکی جیا وەربگرن. مەبەستم، سیلان شیعری نەدەنووسی تا وەک هزر تێی بڕوانرێ، بەڵکو شیعر بۆ سیلان دەروازەیەک بوو بۆ تانەگرتن لە ئازار. ئەمەش بەخۆی ڕەوتێکی تەواو جیایە لە ڕەوتی شاعیرانی پێش خۆی. ئەم ڕەوتە کە من ناوی دەنێم ڕاستگۆیی لەتەک خۆدا، تا بڵێی لە پرۆسەی شیعرسازی سیلاندا کاریگەر بووە. ئەو ڕاستگۆییەی سیلان کە نە دێریدا باسی لێوە کردووە و نەش بادیو جەوهەری شیعرگەرایی سیلانە. بەڵام ئەو ڕوونکردنەوانەی لە شیبۆلێتدا خراونەتە ڕوو، زەینی خوێنەر زۆر ڕووەو ئەوە دەبەن کە ئەرکی شیعر وەک یادکردنەوە و پیرۆزکردنی بەروار خۆی دەردەخا. ئەم ئەرکە کە لە بناغەدا ماهیەتی شیعرە[٢٦] بۆ دێریدا مانای خۆشی بۆ واتا شیعرییەکانی سیلان هەیە. بۆیە هەڵە نییە گەر بوترێ : زۆرترین چەمکێک کە دێریدا بۆ جیاکردنەوەی شیعرگەرایی سیلان ڕووناکیی دەخاتە سەر، چەمکی"" بەروار""ە. هۆی ئەم بایەخدانەی دێریدا بەم چەمکە، لای سیلان پێ دەچێ بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە دێریدا پێی وایە ئەوەندەی شیعرگەرایی سیلان لە بارەی ئەم چەمکەوە پێی وتوین، ئەوەندە نە شیعرگەرایی مۆدێرنیتێ و نەش هی پۆستمۆدێرنیتێ پێێ وتوین. ئەڵبەتە سەرچاوەی بایەخدانەکەی دێریدا بەم چەمکە بەبۆچوونی فەیلەسوفێکی سویدی بەنێوی هانس ڕۆین، بۆ ترادیسیۆنی فەلسەفەی دیاردەگەریی هوسرەل دەگەڕێتەوە[٢٧]. ئەمە ڕەنگە بەو جۆرە بێ بەڵام ئەوەی بۆ من شوێنی لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە کە ئەوی سیلان بەردەستی خستین ئەو



شیعرە بووە کە دەبایە نەوترایە. مەبەستی من لەم قسەیە ئەوەیە کە سیلان بەپێچەوانەی ئەو تەوژمە ڕووناکبیرییە ڕۆیشت کە ئەدرنۆ پێشبینی دەکرد. بۆ ئەدرنۆ سەخت بوو، ئەوە هەرس بکا کە پاش هۆڵۆکۆست بشێ و بکرێ شیعر سەر دەربێنێتەوە. ئەدرنۆ وەنەبێ نەیزانیبێ دەکرێ، ئەمە ببێ بەڵام ئەو بەلایەوە گرینگ بوو هۆڵۆکۆست ڕیسوا بکا و وەک شمەک (کالا)ی مۆدێرنیتێش تێی بڕوانێ. هۆڵۆکۆست کە بەرهەمی ئەندێشەیەکی سیاسی ڕۆژئاوایی بوو، ترادیسۆنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا تا بڵێی لە هێنانە دنیای بەرپرس بوو.

ئاشکرایە ئەدرنۆ بەو بۆچوونەی جوانکاریی تازەگەری خستە ژێر پرسیارەوە و هیوای لە گەشەسەندنی قرتان، بەڵام داهێنانەکانی پاش هۆڵۆکۆست بەتایبەت، لەوانە ئەزموونی شیعرگەرایی سیلان، توانیان شوێنێکی تر بۆ گوزارەکردن بدۆزنەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو خودی سیلان لە شیعرێکدا بەناوی "مەرگی فوگ"، کە تێیدا ژیانی ئۆردووگا زۆرەملێکانمان بۆ وێنە دەکا، ڕەخنەی ئەو دیتنەی ئەدرنۆ دەکا کە بەمجۆرەیە: ""نووسینی شیعر، پاش ئاوشوێتز بەربەرییە"". بەگشتیش تێزە ناودارەکەی ئەدرنۆ"" شیعر لە پاش ئاوشوێتز شیاو نییە، نووسینی"" بۆ سیلان بابەتێکی سەرنجڕاکێش بووە. ئەڵبەتە سیلان ئەم لایەنە لە شیعرێک[٢٨] سەرنجدار دەکا و، بۆ دێریدا و تەنانەت بۆ یەکێک لە وەرگێڕەکانی شیبۆلێتیش (ئاریز فیۆرێتۆس) شوێنێ باشە بۆ گەڕان بەدووی مانای شیعر و چۆنیەتیی شیعر نووسین. بۆیە دێریدا لە ئاکامی ئەو تێڕوانینەی ئەم پرسیارە فەلسەفییەی لای دروست دەبێ: چۆن دەکرێ مرۆڤ هیچی بنووسێ؟ بەڵام پێویستە لەسەر زاری وەرگێڕی سویدیی ناوبراو (واتە ئاریز فیۆرێتۆس) دان بەوە دابێنم هیچی لە شیعری سیلان بەتایبەت لە شیعری ناوبراو هیچێکی زیندووە[٢٩].

لایەنێکی تر کە بۆ دێریدا لە شیعرەکانی سیلان سەرنجئامێزە، ئەوەیە کە شیعرگەرایی سیلان پڕە لە گومڕایی و لوغز. ئەم لایەنە وا هەست دەکەم بادیوش ئاماژەی پێ دەکا و ئەو تێڕامانەش لا خوێنەر دروست دەکا کە ئەو

جۆرە شیعرانەی لوغزیان تێدایە ئەو شیعرانەن دەکرێ بەبن بەدۆستی هزر. یەکگرتنەوەی شیعریش بەمجۆرە لەگەڵ هزر و گومڕایی دەکرێ بوترێ ڕێچکەیەکیان لە بەردەم شیعرکاریدا کردەوە کە وەرچەرخاندنێک بهێنێتە دی، شایانی ئاوڕدانەوە بێ. وەکی تریش هەر ئەو ئاوڕدانەوەیەشە کاری وای کردووە ئەو هەموو بیریارییە بەسەر شیعرەوە، بۆ نموونە شیعری سیلانەوە، بکرێ.

بۆ نموونەش یەک لەو لوغزانەی من لە شیعری سیلاندا پەی پێ دەبەم کرانەوەیەتی بەسەر ئەوی تر، یان ڕەفتارکردن لەتەک خۆ وەک ئەوێکی تردا. ئەو شێوازە کە تا بڵێی ناسادەیە تەنیا فەلسەفە دەکارێ وتنی لە بارەوە بێنێتە پێشەوە. ئەم جۆرە مامەڵەیە لە ناو شیعر بۆ گشت شاعیرێکی سەر ناگرێ و هەر هەموو شاعیرانیش وەک یەک گوزارەی لێ ناکەن. بۆیەشە بابەتی ئەوی تر لەتەک باسی تەنیاییدا لە شیعری سیلان یەک دەگرنەوە. چونکە تەنیایی سیلان تەنیاییەک تایبەت بوو، هەروەها تەنیاییەک بوو، شیعر پێویستی پێ بوو. تەنانەت خۆکوشتنەکەشی نیشانەیەکی ڕاشکاوانە بوو لەسەر تایبەتیەتی ئەم تەنیاییە.

ڕاستە سیلان پاش دەربازبوونی لە ئۆردووگاکانی زۆرەملێ لە ١٩٥٠ ژنی هێنا و گرافیکەرێکی فەرەنسی بووە هاوسەری و کوڕێکیشی بەناوی ئێریک لێی بوو، بەڵام ئەم لایەنە تەنیایی و لوغزەکانی سیلانی چارەسەر نەکرد. بۆیە سیلان بۆ کۆتاییهێنان بەو درامایەی شارستانییەک لێی بەرپرسیار بوو لە چرکەیەکدا شیکاری کرد، بەڵام بەمەرگی خۆی ئەوەی ئەنجام دا. ڕەنگە جیاوازیی نێوان سیلان و شاعیرانی چاخی ناوبراو لە چەند شتێک بێ کە یەک لەوانە بۆ من، کە بادیو ئاماژەی پێی نەداوە، ئەوەیە سیلان بەسەرهاتێکی تر بەشیعرەوە گرێی دەدا کە پرسیارە نەتەوەیی و مێژووییەکان نییە، بەڵکو ئەو قەدەرەیە کە دۆزێکی سیاسی بۆی ئامادە کرد بۆیەشە لە یەکێ لە دەربڕینە ناودارەکانی لەمەڕ، مەرگ کە بەمجۆرەیە: ""مەرگە وەستایەکە خەڵکی ئەڵمانیایە""[٣٠] ئەوە بەگوێماندا دەچرپێنێ کە ئەڵمانیا مەرگدۆستە. ئەوی هەر



تایبەت بەم لایەنە دەشێ ڕووناکیی بخرێتە سەر، بۆچوونی هایدگەرە لەسەر شیعری سیلان کە لای خوارەوە زۆر بەکورتی لەسەری دەوەستم.

سیلان نەک هەر تراکڵ و هۆڵدرلینی خوێندووەتەوە کە هایدگەر لەسەری نووسیون بەڵکو خودی کتێبە ناودارەکەی هایدگەریشی بەچاکی خوێندووەتەوە (واتە بوون و کات)، ئەڵبەتە هایدگەریش شیعری سیلانی خوێندووەتەوە. لەم ڕووەوەشەوە لاکۆ- لابارت دیتنمان بەرەو ئەو شوێنە دەبا کە بیری هایدگەر مانای خۆی بۆ سیلان هەبووە[٣١] و بۆ ئەوەش دەچێ، سیلان لە ڕێگەی دیالۆگی هایدگەر دیالۆگی شیعری هۆڵدرلینیش دەکا، بۆیە ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە لەوەش بەئاگامان دێنێ گەر لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەکانی هایدگەر بۆ هۆڵدرلین نەبایە، شیاو نەبوو سیلان شیعرێک وەک توبینگن[٣٢] بنووسێ[٣٣].

بەڵام شتەکان هەر لێرە ڕاناوەستن و تەنانەت کار دەگاتە ئەوەش لە ١٩٦٧ لە تودناوبێرگ* سیلان و هایدگەر یەکتر ببینن. ئەم یەکتر بینینە کە تا ئەوڕۆ شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نەوتراوە[٣٤] بەبۆچوونی لاکۆ- لابارت ئەو شیعرەی لێ بەرهەم هات کە ناوی شوێنی ژوانەکەی لە خۆ گرتووە (واتە تودناوبێرگ). ئەم شیعرە کە ژوانی نێوان شاعیرێک و فەیلەسوفێکە، یان ژوانی نێوان جووەک و غەیرەجوویەکە کە زمانی ئەڵمانی کۆیان دەکاتەوە. لەو شیعرەدا کە ناوی جێی یەکتر بینینەکەی لە خۆ گرتووە، سیلان باس لە هزر دەکا نەک قەتڵوعامی جووەکان، کە ئەمەی لە شیعری "تودسفوگ"دا کردووە. ئەمەو لە درێژەی لێکدانەوەکەی لاکۆ-لابارت ئەو بینینەش لای خوێنەر دەنەخشێنرێ کە سیلان شیعری تۆبینگنی لە بارەی هۆڵدرلینەوە نووسیوە و هەروەها شیعری تودناوبێرگیشی لە بارەی هایدگەرەوە[٣٥].

ئەو شیعرەش کە سیلان لە بارەی ژوانەکەوە نووسیویەتی، بەدەم ڕێگەوە نووسراوە، واتە پاش گەڕانەوەی سیلان لە فرانکفۆرتەوە بەرەو پاریس و ئەڵبەتە سیلان پێش بڵاوکردنەوەشی کۆپییەکی بۆ هایدگەر ناردووە، بەڵام جگە لەم یەکتر بینینە گوایە پاش ١٩٦٧ دووجاری تر هایدگەر و سیلان یەک دەبینن و تەنانەت هایدگەر بەڵێنی ئەوەشی دەداتێ کە جاری ئایندە سەردانی ئەو

شوێنە بکەن کە هۆڵدرلین لێی ژیاوە، بەڵام خۆکوشتنەکەی سیلان، لە یەکی ئایاری ١٩٧٠، ئەم هیوایەی هایدگەر لە هەناسە دەخا.

وا هەست دەکەم گەر شتێ لەسەر ئەو یەکتر بینینەی نێوان سیلان و هایدگەر لە لایەن یەکێکیانەوە بەڕوونی بوترایە، ڕەنگە بۆ گفتوگۆی نەک هەر فەلسەفە و شیعر بەڵکو بۆ خودی ڕووناکبیری و هەڵوێستی ڕووناکبیری و بەرپرسیاریەتیی ئەم ڕووناکبیرییەش، بەهادار و گرینگ بایە. چونکە بەشێ لە ئێمە لەوە بەئاگایە کە سیلان قوربانی دەستی نازییەکان بووە و هایدگەریش وەک ئەڵمانییەکی غەیرە جوو تا مرد شتێکی لەسەر هۆڵۆکۆست نەنووسی و تەنانەت داوای لێبووردنیشی لەو بێدەنگییەی لە دیاردەی ئاوشوێتزیش نەکرد. سیلان کە ئەمەی دەزانی و هایدگەریش باش لە کەتنی خۆی بەئاگا بوو، بۆیە بۆ گەلێک کەس بابەتی پرسیار و گومانە، بۆ تا ئێستا شتێکی دیاریکراو و کۆنکرێت لەسەر ئەو یەکتر بینینەی نێوان هایدگەر و سیلان نەوتراوە. یان تۆ بڵێی ئەم دوو کەسە چیان باس کردبێ؟

بۆیەشە جەخت لەو یەکتر بینینە دەکەم، چونکە هایدگەر لە لایەک بۆچوونی لەسەر شیعر هەبووە و شیعری تراکڵ و هۆڵدرلینی ڕاڤە کردووە و لە لایەکی تر گرفتاری هەقایەتێکی سیاسییە کە تا ئەمڕۆش لە فەلسەفەکەی نابێتەوە و سەرووی ئەمانەش بۆچوونی فەلسەفییانەی لەمەڕ شیعر تێکەڵ بەتێگەیشتنی لە بارەی مێژوو و نەتەوەشەوە کردووە.

بەڵام ئەوی زۆر لە بارەی ئەو یەکتر بینینەوە شایانی وتنە، ئەوەیە کە سیلان لە کاتی یەکتر بینینەکەدا لە کتێبی یادداشتنامەی میوانانی هایدگەردا، چەند وشەیەک یادداشت دەکا کە بەڕاشکاوی تێیدا ئاواتخوازیاری ئەوەیە کە بکرایە هایدگەر لە بۆچوونی پێشووی خۆی پاشگەز بایەتەوە[٣٦]. ئەم ئاواتەی سیلان کە وێنەی تری لای لاکۆ-لابارت نەخشاندووە، تەنێ ئەوانە لەو وێنەیە دەگەن کە بەدەردی سیلان دەبرێن. بۆیەشە وا دەڵێم، چونکە لاکۆ-لابارت لەو کتێبەی لە بارەی سیلانەوە بەنێوی ""شیعرگەرایی وەک ئەزموون"" نووسیویەتی، لە ژێر ناوی پەڕەگرافی""نا-لێبووردەی"" چەند دێرێکی زۆر کورت و چڕی نووسیوە و



تێیدا بانگەشە بۆ نالێبووردەیی لە هایدگەر دەکا. چونکە ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە بۆ ئەوە دەچێ کە هایدگەر نەدەبایە لە دیاردەی هۆڵۆکۆست بێدەنگ بێ. لاکۆ-لابارت پێ داگری لەسەر ئەوەش دەکا کە هایدگەر دەشیا یەکەم کەس بایە، شتێکی لە بارەی دیاردەی ناوبراوەوە بوتایە. هەر سەبارەت بەهەمان بابەت بۆ ئەوەش دەچێ کە ڕیسکە بیر لەم جۆرە بێدەنگییەی نەباتەوە[٣٧].

هەموو ئەوانەی لای سەرەوە وتران وا لە من دەکەن، لای خوارەوە تاوێک بگەڕێمەوە، لای بادیو بۆ ڕوونکردنەوەی لکانی شیعر بەفەلسەفە و ڕۆڵی هایدگەر لەم ڕووەوە.

ئەوی بادیو سەبارەت بەو لکانە باسی دەکا، بابەتی ئامادەبوونە کە بەخۆی ئەم بابەتە بابەتێکی یەکجار فەلسەفی و میتافیزیکی نەبراوەیە، نەک هەر بۆ فەلسەفە، بەڵکو بۆ شیعریش. لەو ڕووەشەوە ئەوە دەدرکێنم کە ئەوی تێ گەیشتووم ئەمەیە: بۆ بادیو پەسند نەکراوە، مانەوە لەسەر سەکۆی ئامادەبوون لە شیعردا. بەڵام ئەم باسە هەروەک حۆی نامێنێتەوە و لە لایەن بادیوەوە باسێکی تر پەلکێشی دەکاتە ناو گفتوگۆی نێوان شیعر و فەلسەفەوە کە ئەوەش مەسەلەی بابەت و خودە. بادیو هەر سەبارەت بەم لایەنە (واتە بابەت و خود) بۆ ئەوەش دەچێ کە چاخی شاعیران ئەو پێوەندییەی بەبابەتبوونی شیعرەوە نەبووە[٣٨]. بۆ ئەوەی بادیو پتر دیتنی خۆی لەم ڕووەوە ڕوون بکاتەوە دێتە سەر هایدگەر. بۆ دەگەڕێتەوە سەر هایدگەر؟ چونکە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، هایدگەر هەوڵی داوە ڕەخنەی فەلسەفی لە خودگەراییدا چڕ نەبێتەوە. لەبەرئەوەی بادیو لەو باوەڕەدایە ئەوی هایدگەر لەم ڕووەوە کردوویەتی لە هەڵوەشانەوەی بابەتگەریی خود بریتی بووە. بادیو ئەم قۆناغەش وەک هەنگاوێک دەخوێنێتەوە کە مانای لە جیاکردنەوەی زانین و ڕاستی یان زانین و هزر لە یەکتر هەبووە. پێ دەچێ لێرەوە بادیو ئیدی پێی باشە، فەلسەفە لە شیعر بکرێتەوە. مەبەست ئەو پێکەوە لکانەی، نووسانەی، نێوان شیعر و فەلسەفە کە چاخی شاعیرانی پێک هێنا، بەرەو قرتان دەبا.

من وا هەست دەکەم، بادیو تا ئەندازەیەک بەڕۆڵی هایدگەر لەم ڕووەوە

قەڵسە. با بزانین بۆ؟ ئەم قۆناغەی پێی دەڵێن لکانی شیعر بەفەلسەفەوە، بەهۆی هایدگەرەوە بەرەو (لایەنی) مێژوویی برا. بەرەو مێژووییبردنی ئەوەش تا ڕادەیەک، بادیو وتەنی، لە بەنازیبوونی هایدگەر بەرپرسیارە. هەر ئەمە وا لە بادیو دەکا، باوەڕی بەچاخی شاعیران لاواز بێ و داوای کۆتایی پێهێنانی دەکا. ئەم چاخە کە دروست بووە بۆ ئەوە دروست بووە کە فەلسەفە و شیعر پێکەوە کار بکەن، ئەو کارکردنە کە بوونی نەما پێویست بەباسی چاخی ناوبراو ناکا. ئەوەشم لای سەرەوە وت کە بادیو لەگەڵ دروستبوونی چاخی شاعیران باس لە ڕیزێک شاعیر دەکا کە بەبۆچوونی بادیو بەهۆڵدرلین دەست پێ دەکا و لەسەر دەستی سیلان کۆتایی پێ دێ. هەروەها ئەوەشم وت کە چۆن بادیو لە نووسینەکەیدا ئومێدی بەم چاخەیە، چونکە لکانی شیعر بەفەلسەفەوە، مانای بۆ پێکهێنانی فەلسەفە هەبووە، بەڵام بیرۆکەی بنچینەیی بادیو تایبەت بەم لایەنە هەر لە سەرەتاوە لە نووسینی""مانفێست بۆ فەلسەفە"" لەسەر ئەو بناغەیە هەڵچنراوە کە فەلسەفە بەهۆی کارکردن لە ژێر بنمیچی چوار مەرجدا پێک دێ: بیرکاری، شیعر، خۆشەویستی و سیاسەت. کەواتە فەلسەفە بەتەنیا پێک نایە و یان بەتەنیا پێکهێنانی فەلسەفە بەزیانی کردەی فەلسەفەکردن دەکەوێتەوە. بۆیە ئەو فەلسەفاندنەی لە نووسینی مانفێستدا ئامادەیە، خۆی وابەستەی هەلومەرج دەکا، ئەو هەلومەرجەش داوای پێکەوە کارکردنی شیعر، ئەوین، سیاسەت و زانست دەکا. کەواتە بێ ئەو پێکەوە لکانەی ئەو چوار هەلومەرجە مەحاڵە فەلسەفەکردن. ئەگەر بادیویانەش بێمە گۆ دەڵێم فەلسەفە کۆی ئەو هەلومەرجانەیە و بەس.

هەر تایبەت بەوی تاوێک لەمەوبار باس کرا، ئەوەش دەڵێم کە وا هەست دەکەم بادیو کە داوای لێکردنەوەی فەلسەفە لە شیعر دەکا تا سنوورێکی دیاریکراو، ناوی هایدگەر مانای خۆی بۆ ئەم داوایەی بادیو هەیە. من داواکەی بادیو کە خوێندنەوەی خۆمم بۆ هەیە، بەشێکی دەخەمە ڕوو، پاش ئەوەش دێمە سەر ئەم لایەنە : چۆن دیتنی هایدگەر بۆ هۆڵدرلین ڕۆحی بۆچوونی فەلسەفیی هایدگەری تێدا کۆ دەبێتەوە.



من نامەوێ هیچ تانەیەک لە هایدگەر بدەم بەتایبەت لەو ڕووەوەی کە پێوەندیی بەبێدەنگی لە هۆڵۆکۆست هەیە یان هیچ نەوتنی هایدگەر لەسەر ئازارەکانی سیلان. بەڵام بەفیعلی دەمەوێ خۆم لە قەرەی ئەو سێرکردنە بدەم کە خۆی لەسەر ئەو بیرۆکەیە پێک دێنێ کە دەڵێ: هایدگەر ڕەخنەگر بووە لە میتافیزیکی نیچە، لەبەرئەوەی نیچە لە تێپەڕاندنی میتافیزیک سەرکەوتوو نەبووە. کەواتە هایدگەر کەموکوڕییەک لە ژینالۆژیاکەی نیچەدا دەبینێتەوە بۆیە خۆی، واتە هایدگەر، ڕێگەی کرانەوە بەسەر بوون دەگرێتە بەر کە ئەوەش هەقیقەتی ویستی فەلسەفاندنی هایدگەرە. ئەم ڕێگەیە ئەو توولە ڕێگەیە بوو هایدگەر گرتیە بەر، بەڵام بەخۆی ئەمە ڕێگەچارەیەک بوو بۆ هایدگەر تا لە چنگ میتافیزیک دەربازی بێ. ئەوەی لەم حاڵەتەدا دەشێ تایبەت بەم توولە ڕێیە بوترێ کە هایدگەر بۆ هاتنە ناو فەلسەفە و هەڵهاتن لە میتافیزیک گرتیە بەر، ئەوەیە کە هایدگەر دەستی دایە کارکردن لەسەر زمان. ئەمەش لە لایەن هایدگەرەوە کرا، تەنیا بۆ ئەوەی ئەو هەڵهاتنەی تۆزێ پێش ئێستا باس کرا مسۆگەر بکرێ. بەڵام توێژەرەوەکان گومان لەوە ناکەن ئەو جۆرە هاتنە ناوەوەیەی هایدگەر زەمینەی بۆ سازاندنی پردێک لە نێوان شیعر و فەلسەفە خۆش نەکردبێ. ئا ئەمە وای لە هەندێک بیریار و ڕووناکبیر کرد لە پاش ئەم ڕەفتارەی هایدگەر ئاسۆیەک لە بەردەم فەلسەفاندن ببیننەوە. بەڵام ڕۆحی ئەم ئاسۆیە تەنیا لە زماندا خۆی قەتیس کرد نەک شتێکی تر. هەر تایبەت بەم مەسەلەیە دەمەوێ پێداگیری لەسەر ئەو ڕاستییەش بکەم کە وتنەکانی هایدگەر لەسەر زمان زێدەترین مانای بۆ لکانی نێوان شیعر و فەلسەفە هەبووە. بۆیەشە بادیو، لە سەرەتا کە قسە لەسەر ئەم قۆناغە دەکا هەندێک ئیلهام لە هایدگەرەوە وەردەگرێ، بەڵام پاش ئەوەی چاخەکە کۆتای دێ، دەست دەکا بەبەڕەخنەکردنی هایدگەر. ئەوەی واش لە بادیو دەکا بەم تێگەیشتنە بگا، خودی شێوە ڕەفتارکردنەکەی هایدگەر بووە لەتەک شیعر و زمان نەک شتێکی تر و یان کەسێکی تر.

بەڵام ئێستا دێمەوە سەر کرۆکی ئەوی دەبێ لە بارەی ڕوانین و شیکردنەوەی

هایدگەر تایبەت بەشیعری هۆڵدرلین بوترێ. من سەرەتا شیعری هۆڵدرلین ڕاڤە دەکەم، چونکە ئەوە هۆڵدرلینە چاخی شاعیران دەخاتە سەرپشت، دواتر دێمەوە سەر هایدگەر و مەیلی بۆ شیکردنەوەی شیعرگەرایی هۆڵدرلین. واتە کە باس دێتە سەر لکانی فەلسەفە بەشیعرەوە، دوو کەسمان دێتەوە یاد، یەکەمیان شاعیرێکی ئەڵمانییە (واتە هۆڵدرلین) و ئەوی تریش فەیلەسوفێکی ئەڵمانی (واتە هایدگەر). ئەوی هۆڵدرلین دەخوێنێتەوە یان هایدگەر زوو دەرک بەوە دەکا کە شیعرەکانی هۆڵدرلین بووناوین. بەبووناویبوونی شیعرەکانی هۆڵدرلین هۆیەک بنەرەتی بووە بۆ ئەوەی هایدگەر ئەو متمانەی لا دروست بێ کە دەم لە شیعرەکانی هۆڵدرلین وەربدا . هەر ئەم بەبووناویبوونەی شیعری هۆڵدرلینیش ئەو متمانەیەشی بەبادیو داوە باس لە هاتنە دنیای چاخێک بەناوی""چاخی شاعیران"" بهێنێتە پێشێ. ئەم چاخە کە دەستپێکەرەکەی هۆڵدرلینە لەسەر ئەو بناغەیە چێ بووە کە شیعرەکانی هۆڵدرلین بووناوین. هەر ئەم بەبووناویبوونەی شیعری هۆڵدرلین، خەسڵەتی لکانی فەلسەفە بەشیعریشی تێدا دۆزراوەتەوە. مەبەست ئەگەر شیعرەکانی هۆڵدرلین، بەو جۆرە نەبایە نە لکانی فەلسەفە بەشیعر بۆ ماوەیەک دەهاتە کایەوە، واتە چاخێک نەدەبوو بەناوی ""چاخی شاعیران""و، نەش هایدگەر قەت و قەت خۆی لە قەرەی شیعرەکانی هۆڵدرلین دەدا . ڕاستە پاش سیلان پێوەندیی فەلسەفە بەشیعرەوە دووچاری ترازانێک دەبێ، وەلێ نهێنیی ئەم لکانە لە مشت شیعرەکانی هۆڵدرلین بووە، نەک کەسێکی تر. چونکە ئەوە شیعرەکانی هۆڵدرلین بووە دەرگای بۆ فەلسەفەکردن بەسەر شیعرەوە خستووەتە سەرپشت. وەکی تریش نابێ ئەو گومانە ڕووناکبیرییە لە بیر خۆمان ببەینەوە کە ئەم ئاوڕدانەوەیەی هایدگەر لە هۆڵدرلین یان دۆزینەوەی بوون لە شیعرەکانی هۆڵدرلین لە بنەڕەتدا گورزێک بوونە و لە خودی وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوا دراون.

وەلێ گرینگتر لەوانەی لای سەرەوە ڕوو خرا، بۆ من ئەوەیە کە زۆربەی توێژەرەوەکان سەبارەت بەنووسینەکانی هایدگەر تایبەت بەشیعرەکانی هۆڵدرلین سەرنجیان خستووەتە سەر، مەسەلەی پێداگیرییەکانی هایدگەرە



لەسەر هۆنراوە مێژوویی و نەتەوەییەکانی هۆڵدرلین. هۆی ئەوەش زۆر بەکورتی ئەوەیە کە هایدگەر لە خوێندنەوەکانیدا هەڵوێستی فەلسەفی هۆڵدرلین دیاری دەکا و ئەو ویستەش لە شیعرییەکانیدا ڕوو دەخا کە ویستی خۆیەتی لەسەر شیعر، واتە گەڕان بەدووی ئامادەبوونی بوون لە شیعردا، ئەمە ویستی هایدگەر بووە و خواستێکی گەورەشی لەسەر بووە. ئەم مەسەلەیە بۆ هایدگەر کە تا بڵێی بەهەند وەرگیراوە گفتوگۆی تریشی هێناوەتە ناو فەلسەفەوە کە دەشێ ناو بنرێ، گفتوگۆی نێوان بیر و شیعر. ئەوەی بۆ من لەم حاڵەتەدا زێدە بابەتێ فەلسەفی و هزرییە، ئەوەیە کە چۆن چۆنی دەکرێ ""بیر و شیعر"" بەیەکدی بچوێنرێن؟ بەڕاستی ئەمە بابەتێکی تا بڵێی هەستیارە و یەکجاریش ورووژێنەرە. لەم چوارچێوەیەدا بەباشی دەزانم بگەڕێمەوە سەر لاکۆ- لابارت. چونکە پرسیار لەسەر پێوەندیی نێوان بیر و شیعر بەپێی بینینی ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە پرسیارێکی ئەڵمانییە یان ئەم پرسیارە بەئەڵمانی کراوە(٣٩). بەڵام ئەوەی لەم بوارەدا ڕوونکردنەوەی بۆ من گرنگ و کاریگەرە ڕوونکردنەوەی، کە لاکۆ-لابارت خۆی لە قەرە نەداوە، ئەوەیە کە بیر چی دەوێ؟ نەک ئەوەی هایدگەر ورووژاندی کە ئامانجی بیر چییە؟ هەروەها شیعر چی دەوێ نەک ئەوەی لەمەوبەر لە بارەی چەمکی شیعرەوە ورووژاندوومە، ئەرکی شیعر چییە؟ هۆی ئەوەش کە من بەو جۆرە پرسیارەکانم دەورووژێنم، بۆ ئەوەی دەگێڕمەوە کە شیعر و بیر لە لکانیان پێکەوە پرسیاری هەستیار دروست دەکەن. بەمجۆرە بێ، پێویستە لەوە حاڵی بین چ شیعر و چش بیر، ئەزموونێکی تاکین و خۆی لە پرۆسەیەکدا قەتیس دەکەن کە ناوی دەنێم بیرکردنەوەی شیعر و بیر. ئەو دەمەش کە دەکارین لە بیرکردنەوەی بیر و شیعر بگەین، لاریمان لەوەدا نامێنێ کە ئەم دووانە، واتە شیعر و بیر، چەند دەکارن بیر بکەنەوە و بەری ئەو بیرکردنەوانەش دەتوانێ چی بەرهەم بهێنێ. ڕاستە خواستێک لە لایەن بیرمەندانی ئەڵمانییەوە تایبەت بەڕوونکردنەوەی بیر و شیعر هەمیشە ئامادە بووە، بەڵام من بۆ خۆم ئەم خواستە دەگەڕێنمەوە بۆ یەک هۆ کە ئەوەش بێ ئەملا و ئەولا پێوەندیی بەسەرمایەی فەلسەفی و شیعری، یان فراوانتر قسە بکەم داهێنانی جوانکاریی ئەڵمانییەوە هەیە. ئەم لایەنە کە بیریارانی

ئەڵمانیی یەک لە دوای یەک ورووژاندووە، لەسەر دەستی نیچە و هایدگەر و قوتابییە فەرەنسییەکانیان (دولۆز، دێریدا، لاکۆ-لابارت) زۆرترین بیریاریی بەسەرەوە کراوە و گەیشتووتە لووتکەی هزراندنیش. ڕاستە ئەم لایەنە هەندێک شتی زیندووی فەلسەفی و هزری و جوانکاریی بەرهەم هێنا، بەڵام گەلێک لە تواناکانی فەلسەفاندنیشی قەتیس کرد و ویستی فەلسەفاندنی تا ئەندازەیەک سەرلەبەر گۆڕی. چونکە لە ژێر سایەی ئەو جۆرە فۆرمە لە هزراندن پرسیارە فەلسەفییە ئەبەدییەکان وردە وردە پشتگوێ خران و یان بەو ئاوازە یۆنانییە سوکراتییە نەکرا بژەنرێن کە فەلسەفە پێویستی پێ بوو. هەروەها ئەوەش لە بیر کرا کە فەلسەفە پێویستی پێیە یاخود گوێڕایەڵی بۆ فەلسەفە ڕووی لە لاوازینا و ئەمانەش هەموو وایان کرد فەلسەفاندن جۆرە ڕیتمێکی وەرگرێ کە ئەمڕۆ سەرگەردانیی زۆری پێوە دیارە. ئەم سەرگەردانییە کە ویستی فەلسەفاندن دەشێوێنێ ئەرک و ئامانجی فەلسەفە بێرادە قورس دەکا. من لێرە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم لکانی شیعر بەبیر، بیری فەلسەفی، ویستی فەلسەفاندنی بەرەو هەڵدێران برد، بەڵام پێ خۆشحاڵم ئەوە بڵێم کە بیر و بیرییاریە سوفستاییەکان لە پاش جەنگی جیهانی بەولاوە، کارێکی ئەوتۆیان کرد فەلسەفاندن ڕەوتێکی تەواو جیا وەربگرێ. ئەمە کە تەنیا بیریار و ڕووناکبیران لێی بەرپرسن دەرئەنجامی زۆری لێ کەوتەوە کە ڕەنگە ئێرە شوێنی باسکردنی نەبێ.

سەرباری ئەوی پێشتر تایبەت بەبینینی هایدگەر وتم، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە، ئەوەی هایدگەر لە شیعرەکانی هۆڵدرلین ڕووناکیی دەخاتە سەر، توانای زمانە لە پەیڤین لەمەڕ بوون. واتە زمانی شیعری هۆڵدرلین مایەی سەرنجێکی گەورەیە بۆ هایدگەر. چونکە هایدگەر لە ڕێگەی زمانی هۆڵدرلینەوە بەوە دەگا بوون لە شیعرەکاندا ئامادەن. واش هەست دەکەم ئەو چاخەی بادیو بانگەشەی دروستبوونی دەکا کە لکانی فەلسەفە بەشیعر چێی کردووە بێ ئەم زمانە شیعرییەی هۆڵدرلین نەدەکرا ببێ بەمایەی تێبینیی فەیلەسوفان. هەر بۆیەشە کاتێک هایدگەر دێتە سەر شیعرەکان بۆ ئەوەی بوون لە ناخیاندا بهێنێتە



دەرەوە، گورج دەچێتە سەر باس لە زمان، زمانی شیعری. زمانەکە کەرەستەی سەرەکیی شیعرە لە بەختی هۆڵدرلیندا دەبێ بەکەرەستەی دۆزینەوەی بوون. بۆیە هایدگەر هەر لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنەوەی شیعرەکانی هۆڵدرلین، ڕۆشنایی دەخاتە سەر زمان و ئەوەش دەکا بەداڵدەی بوون. واتە لە ڕێگەی خوێندنەوەکانی هایدگەر لەسەر ئەو فێربوونە فەلسەفییە ڕادەهێنرێین کە زمان ماڵی (داڵدەی) بوونە. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، واتە کردنی زمان بەداڵدەی بوون، بۆ من ترۆپکی ڕاڤەکردنەکەی هایدگەرە لەمەڕ شیعرەکانی هۆڵدرلین.

بەڵام با بزانین خودی زمان چییە؟ یان زمان لە شیعردا چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە کە هەمان ناواخنیان هەیە دەڵێم: زمان لە شیعرا واتە تێکڕای وتنەکان. ئەو کاتەش کە سەرنج دەخرێتە سەر زمانی تێکستێکی شیعریی دیاریکراو، واتە سەرنج دەخرێتە سەر وتنەکانی ئەو تێکستە. هەر تایبەت بەم لایەنە دەمەوێ تاوێک بگەڕێمەوە لای سیلان و تێهەڵکێشییەک لە نێوان وەڵامەکەم و بۆچوونی هایدگەر و دێریدا سەبارەت بەو پرسیارەی خستمە ڕوو دروست بکەم. بەپێی دیتنی هانس ڕوین، لەو پێشەکییەی بۆ وەرگێڕاوەکەی دێریدای نووسیوە، لە نووسینی "شیبۆلێت"دا، دێریدا، باس لە ئەزموونی فەلسەفیی زمان دەکا. ئەم ئەزموونە بۆ ڕوین ئەو پرسیارە یاد دەخاتەوە زمان دەکارێ چی بکا؟(٤٠) بۆ من ئەم پرسیارە ئاماژەیە لەسەر ئەوەی فەلسەفەی زمانی دێریدا لە چوارچێوەی خۆیدا کار لەسەر پێوەندیی نێوان شیعر و زمان دەکا. بۆیشە وا دەڵێم چونکە ئەو فەلسەفەیی زمانەی دێریدا کاری لەسەر دەکا، سەرچاوە لە بۆچوونە زمانەوانییە فینۆمینۆلۆژییەکانی هۆسرەل و هایدگەرەوە هەڵدەگرێ.

سەرباری ئەوە، ڕوین لەو پێشەکییە جەخت لەسەر پێوەندیی نێوان شیعر و فەلسەفەش دەکا. ئەم جەختکردنە بەخۆی سەرچاوە لەو بیرۆکەیەوە هەڵدەگرێ کە سیلان باوەڕی پێیەتی کە ئەوەش بریتییە لەمە: شیعر بریتییە لە زمانی تاک. ئەم بیرۆکەیەی سیلان بابەتی وتنی دێریداشە، بەڵام هانس ڕوین پێوەندیی نێوان فەلسەفە و شیعر بەجۆرێکی تر ڕوون دەکاتەوە. ئەو

ڕوونکردنەوەیەش لە خودی خۆیدا پێداگرتنە لەسەر لایەنێکی تر. ئەم لایەنەش بۆ هانس ئەم پرسیارە بەرهەم دێنێ: فەلسەفە بەناوی کێوە قسەدەکا؟ بەبۆچوونی هانس فەلسەفە بەناوی هەمووەوە (گشتەوە) قسە دەکا و بەناوی هیچ کەسیشەوە قسە دەکا، لەم حاڵەتەشدا کە فەلسەفە بەناوی گشتەوە قسە دەکا، کارێکی وا دەکا فەلسەفە خۆی لە شیعر جیا بکاتەوە[٤١]. کەواتە فەلسەفە زمانی گشتە و شیعریش زمانی تاک (تایبەت)ە.بەڵام چۆن ئەم زمانە تاکە، واتە شیعر، بەوی تر دەگا یان چۆن شیعر کارێکی وا دەکا ببێ بەهی ئەوی تریش؟ لە پێشەکییەکەی فەیلەسوفی سویدی "ڕوین"دا گەلێدا ڕوون نییە چۆن ئەمە دەشێ بکرێ. ڕاستە ئەم لایەنە بابەتی سەرەکیی دێریدایە لە ""شیبۆلیت"" لە وتنەکانی لە بارەی شیعرگەرایی سیلان بەڵام لێکدانەوەکانی دێریدا تایبەت بەزمان و تاکێتی ئەم زمانە ناواخنێکی ڕووناکبیریی فینۆمینۆلۆژییانەی هەیە تا شێوە ڕووناکبیرییەکی تر. بەڵام بەبۆچوونی هانس ڕوین ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شیبۆلیت حاڵەتی یەکگرتنەوەی نێوان فەیلەسوف (فەلسەفە) و شاعیر (شیعر)ە و ئەو یەکگرتنەوەیەش دەرئەنجامی پێوەندی نێوان گەردوونگەریی و تاکگەرییە (هەمان لاپەڕە). بەڵام من تەنیا بەم بۆچوونە قایل نیم و پێم وایە چ شاعیر و چش فەیلەسوف لە بەکاربردنی زمان هەریەکە بەپێی توانای خۆی ژیرە، بەڵام هەریەکە بەپێی ئەزموون و ڕوانینی خۆشی ئەمە دەکا. هەروەها ویستی فەلسەفاندنیش کە لە گەلێک سەرەوە، پێوەندیی بەزمانەوە، توانای بەکاربردنی زمان، هەیە ئەم توانایە لە بیریار و ڕووناکبیرێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێتەوە.

هەر تایبەت بەم لایەنەش ئەوە بیر دەخەمەوە کە بۆ من ئەوی لە شیعرەکانی هۆڵدرلین بابەتی تێڕامانە وتنەکانیەتی کە ئەوەش زمانەکەی دەگرێتەوە. واتە هێزی شیعرگەرایی گشت وتنێک شیعری لە وتنەکاندایە نەک شتێتر. بەمجۆرە دەمەوێ بڵێم کە ئەوی شیعر پەروەردە دەکا وتنەکانە. وتنەکان کە بەبەرۆکی زمانەوە هەڵواسراون ئەو لکانە دروست دەکا کە بادیو مەبەستیەتی. بۆیە پێی لەسەر ئەوە دادەگرم کە وتنەکان نەبن بوون لە شیعردا چێ نابێ. هەروەها



وتنەکان نەبن داڵدەش بۆ بوون لە شیعردا نایەتە سازدان. بەڵام بوون، بوونمان، پڕە لە ناو و وتنەکانیش لە شیعردا بۆ دامەزراندنی ناو لە جووڵەن. بەواتێ دی، وتنەکان ناو بۆ دیاردەکانی ناو بوون دەدۆزنەوە. چونکە بێ ئەو وتنانە و بێ ئەو ناونانە دیاردەکان ناناسرێنەوە. بەڵام لە بووندا پەچەی زۆر ئامادەیە ئەرکی شیعر ڕاماڵینی ئەو پەچانەیە نەک پاراستن و شاردنەوە و بێدەنگبوون لە ڕووخسار و خەسڵەتەکانین. بەم شێوەیە بەهەند وەرگرتنی ناو لە شیعردا بەمانای بەهەند وەرگرتنی وتنەکانیش دێ. چونکە مانا دۆزینەوە بۆ ناوەکان یارمەتیمان دەدا وتنەکان بناسینەوە. ئەگەر نا ئەوا وتنەکان بێ ناونیشان دەمێننەوە. بۆیە بۆ ئەوە دەچم ئەو کاتەی وتنەکان ناویان دەبێ پەچەکان دەناسرێنەوە و ئیدی پەچە لە بووندا ئەوەندە بەهای نابێ.

من دەزانم سووربوونی هایدگەر لەسەر دۆزینەوەی بوون لە شیعرەکانی هۆڵدرلین مەرامی فەلسەفیی خۆی هەیە و ئەو مەرامەش لەبنڕا بەو سێرکردنە فەلسەفییەوە گرێ دراوە، هایدگەر لەگەڵ نووسینی کتێبی بوون و کاتەکەیەوە پێوەی وابەستەیە. بەڵام بەهۆی هۆڵدرلینەوە و بەهۆی پەیڤین لەمەڕ شیعر، هایدگەر فورسەتێکە بۆ ڕاڤەکردن لەسەر بوون لە شیعردا دەدۆزێتەوە. هایدگەر کە لە کتێبی بوون و کاتەوە تێزی سەرەکیی، گەڕانە بەدووی بوون و وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی بۆ بوون لە نووسینی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا، لە ئەفلاتوونەوە تا هۆسرەل ونە، دەیەوێ ڕەخنە لە میتافیزیک بگرێ. ئەو دەمەش کە وردە وردە دێتە سەر ڕاڤەکردنی تەکنیک و ڕۆڵی تەکنیک لە بیربردنەوەی بوون زۆرتر ڕۆ دەچێتە ناو قووڵایی شیعر و جگە لە هۆڵدرلین پەنا بۆ خوێندنەوەی شیعری "تراکڵ"یش دەبا، بەڵام سەبارەت بەسیلان پێ دەچێ هایدگەر هەر لە قۆناغی خوێندنەوە و تێڕاماندا خۆی هێشتبێتەوە. من پێم وایە، یەک لەو ئارگومێنتانەی کە دەکرێ لێرە بۆ ڕوونکردنەوەی بێدەنگیی هایدگەر لە شیعری سیلان پشتی پێ ببەسترێ ئەمەیە: هایدگەر بەباشی لەوە بەئاگا بووە کە سیلان قوربانی نازیزمە و نووسینیش لەسەر شیعرەکانی سیلان بێ قسەکردن لەسەر ئەو بەقوربانیبوونەی سیلان و چەوتی سیاسیی

نازییەکان و ڕۆڵیان لە بەتراژیدیکردنی ژیانی ملیۆنەهای وەک سیلان، پێویستی بەلانی کەمەوە بەجۆرە هەڵوێستەکردنێک هەیە کە هایدگەر لەخۆیڕا بەدیی نەکردووە، بەڵام لەبری ئەوە، هایدگەر زۆر زۆرزانانە ڕەفتاری کردووە و بێدەنگی هەر سەبارەت بەدیاردەی هۆڵۆکۆست هەڵنەبژاردووە بەڵکو سەبارەت بەشیعری سیلانیش کە دیارە شیعرەکانی سیلان هۆڵۆکۆستی بیر خستووەتەوە.

شتێکی تر کە مەیلی باس کردنیم لەم نووسینە لە بارەی هۆڵدرلینەوە هەیە، ئەوەیە کە هۆڵدرلین کە شارەزاییەکی باشی لە تیۆلۆژی و زمانی یۆنانیدا هەبووە و دۆستی گەلێک لە شاعیرانی ئەو دەمەی خۆی بووە، بەڵام ئەوەندەی هایدگەر بایەخ بەلایەنی مێژووی وتنەکانی هۆڵدرلین دەدا، ئەوندە بایەخ بەلایەنی تیۆلۆژییان نادا، کە بەخۆی وتنێکی تیۆلۆژیی زۆر لە شیعرەکانی هۆڵدرلیندا پەنهانن. بەڵام وتنەکان لە چوارچێوەی جۆرە یارییەکدا قەتیس کراون کە تا بڵێی بێ زیان و میهرەبانن. شیعری هۆڵدرلین کە فەلسەفییە زەمینەی بۆ یارییەک ساز کردووە، کە وتن لەو یارییەدا بێ نیاز دێ و دەچێ. بەواتایەکی تر، وتنی شیعری هۆڵدرلین بێوەیە و دەستکاریی جیهانی دەرەوەی خۆی ناکا.

بۆ ئەوەی ئەوە تەواو بکەم کە پێشتر وتوومە دەمەوێ بچمەوە سەر ئەو بۆچوونەی کە شیعر لە یاری، یاری وتن، یاری زمانەوانی، قەتیس دەکرێ. من دەزانم ئەم نەریتە لە پشت بەشێک لەو سوفستاییییەتە فەلسەفەییەیە کە ئەمڕۆ وتاری ڕۆشنبیری تێیدا دەژی، بەڵام بەبێ پاکانە بۆ هۆڵدرلین ئەو یارییەی لە وتنەکانی هۆڵدرلیندا بەدی دەکرێ یارییەکی بێوەیە، بێ زەرەرە و هەقی کەسی نییە. بەڵگەشم لەسەر ئەوی دەیڵێم باکگراوندی تیۆلۆژیی هۆڵدرلینە لە شیعرەکان، ئەو باکگراوندەی کە شیعرگەراییەکی ساکار و میهرەبانی دروست کردووە. بەڵام ئەم لایەنە نە بادیو باسی لێوە دەکا و نەش هایدگەر بەوردی پێی لەسەر داگرتووە. هایدگەر کە هۆڵدرلین دەکا بەکەرەستەی ڕاڤەکردن لەبەر ئەو ویستە فەلسەفییە بووە کە لەخۆیڕا ئامادە بووە. ویستی



هایدگەر بۆ فەلسەفاندن وای لێ کردووە بەو جۆرە قسە لە هۆڵدرلین بکا نەک شێوەیەکی تر. چونکە باسی هایدگەر لە بوون و مەترسی تەکنیک کە هەردوو پێکەوە لە هزری هایدگەر یەکیان گرتووەتەوە بەرەو ئەو بینینەی بردوە کە گوشار بێنێتە سەر جۆرە ڕامانێک کە ئەوەش بەمجۆرەیە: تەکنیک ڕۆڵی لە بەینبردنی بوونمان هەیە یاخود تەکنیک دەستی لە بیربردنەوەی بوون هەیە. ئەمەش دەنگێکی فەلسەفیی لای هایدگەر دروست کردووە کە هایدگەر پێی وایە بۆ فەلسەفە پێویست بووە. ئەم پێویستییە بۆ ئەم جۆرە فەلسەفەکردنە بەوەش دەشێ لە قەڵەم بدرێ کە پێش هایدگەر بەمجۆرە فەلسەفە نەکراوە، واتە بوون نەبووە بەکەرەستەی فەلسەفە، و هەروەها شیعریش لە لایەن فەلسەفەوە ئەو دەرگایەی لێ نەکراوەتەوە. ڕاستە نیچە پێش هایدگەر کاری لەسەر بوارە داهێنییەکان کردووە، بەڵام نیچە ڕاستەوخۆ لەسەر شاعیرێکی دیاریکراوی نەنووسیوە. هەروەها ڕاستە نیچە خوێنەرێکی باشی هۆنراوەکانی هۆڵدرلین بووە و فەلسەفەی لە ناو شیعردا جێی قایم کردووە، بەڵام نیچە کاری لەسەر لکانی نێوان شیعر و فەلسەفە، هیچ نەبێ لەسەر ئەو شێوازەی هایدگەر، نەکردووە. هەروەها ڕاستە فەلسەفە، چاترە بڵێم وتنی فەلسەفی، لەگەڵ نیچە بەشیعرگەرا دەکرێ و ئاوا دوا زەرادەشتیش نموونەیەکە لەسەر ئەو ویستەی نیچە، بەڵام ئەم لایەنە ئەو ڕەوانبێژییەی بەرهەم هێنا کە بادیوش پێی قەڵسە.

ئێستا دەمەوێ بێمەوە سەر ئەوەی بۆ هۆڵدرلین دەبێ بەیەکەم شاعیری ""چاخی شاعیران""، ئەو چاخەی بادیو ڕامان دێنێ لە گۆکردنی ناوی هۆڵدرلین؟ واتە بۆ چاخی شاعیران لە هۆڵدرلینەوە دەست پێ دەکا؟ من پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە، هەمان کرۆکییە، بەباشتری دەزانم چەند قسەیەک لەسەر بادیو و ئەم پرسیارە بکەم.

ڕاستە بادیو ترۆپکی دیتنەکانی لە بارەی ئەم چاخە و ئەمجاریش لە بارەی هۆڵدرلینەوە لەوەدا چڕ و کۆ دەکاتەوە کە ئەم چاخە بەسەر بووندا دەکرێتەوە. بەپێی تێگەیشتنی من دەشێ ئەم ڕاڤەکردنەی بادیو بکرێ بەپێوەرێک بۆ پەیڤین لە بارەی ئەم چاخەوە، بەڵام بەمەرجێک پێویستە ئەوەش باس بکرێ کە گەلێک

شت تایبەت بەم بوونە لە شیعری شاعیرانی ناوبراو و یان بۆ نموونە هۆڵدرلین هەیە کە بادیو باسی لێوە نەکردووە. بۆیە وەستان تەنیا بەدیار ئەو ڕاڤەکردنەی بادیوەوە بێ ڕۆچوونە ناو شیعری هۆڵدرلین یان شاعیرانی تری چاخی ناوبراو (جا سیلان بێ یان پێسوا یاخود ماندلستام یا مالارمێ و ڕامبۆ) لە لایەک ئەمە بەبەرتەسککردنی داهێنانی شیعریی ئەو چاخە کۆتایی دێ لە لایەکی تر لە ماهیەتی ئەو لکانەش ناکرێ بەجوانی بگەین کە بادیو سەرنجی دەخاتە سەر. بۆیە دەمەوێ نەختێک لەسەر دیدی شاعیرانەی هۆڵدرلین ڕاوەستم و هەندێک تەماشاکردنی سەرسووڕهێنەرانەی ئەم شاعیرە فەیلەسوفە گفتوگۆ بکەم.

هەروەک لای سەرەوەش وتم، لەبەرئەوەی هۆڵدرلین تیۆلۆژیی خوێندووە، ئەمە لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە، یەک لە ڕووەکانی ئەم ڕەنگدانەوەیەش هەوڵەکانی هۆڵدرلینە لە شیعرەکانیدا بۆ باس لەسەر پیرۆز (موقەدەس)ی هێنانە پێشەوە. ئەم پیرۆزییەش تاک جەمسەر نییە و گەلێک دیوی هەیە، لەوانە پێوەندیی نێوان خاک و خواوەند و بوونەوەر. ئا لێرەشەوە هادیگەر وەک فەیلەسوفێک دێتە ناوەوە، چونکە هایدگەر پێویستی بەمجۆرە هاتنە ناوەوەیە هەیە. هەروەها لەبەرئەوەش ئەو باسانەی لای هۆڵدرلین گەشاوە و زیندوون لای هایدگەر لە سیسبوونەوە و نەمان دان. ڕاستە ئەو دەمەی هۆڵدرلین ئەو شیعرانەی نووسیوە گەشەی تەکنیک نەک لە ئاستی ئەمڕۆ نەبووە بەڵکو لە ئاستی ئەو وەختەش نەبووە کە هایدگەر فەلسەفەی بەسەر هۆنراوەکانی هۆڵدرلینەوە کردووە، بەڵام پێویستیی هایدگەر بەهۆڵدرلین، لەوێوە دێ کە هایدگەر پێی وایە تەکنیکبوون لە بیربەرەوەیە و وەکی تریش ئێمەی بوونەوەر بوونمان بیر چووەتەوە. تەکنیک کە ئەو پێوەندییەی لە نێوان خاک و خواوەند، خاک و بوونەوەر و، خواوەند و بوونەوەر نەهێشتووە شاعیر بەهزر دەکارێ ئەم پێوەندییانە دروست بکا بەڵام شێوەی دروستکردنەکە لە شاعیرێکەوە بۆ ئەوی دی جیایە.

هایدگەر هەروەک وتم پێویستی بەهۆڵدرلین بوو وەک ئەوی هەیە نەک وەک



شاعیرێ. بەڵگەشم لەسەر ئەوە ئەوەیە کە سەردەمی هۆڵدرلین و بگرە دواتریش پڕ بووە لە شاعیر بەڵام هایدگەر لە ناو گشت ئەو شاعیرانەی ئەو سەردەمەی هۆڵدرلین و دواتریش تەنیا هۆڵدرلین و پاشان تراکڵ هەڵدەبژێرێ. ئەو پێویستییەی هایدگەریش بەهۆڵدرلین پێوەندی بەو ویستی فەلسەفاندنەوە هەبووە کە لای هایدگەر کارا بووە، نەک شتێکی تر. واتە لێرە مەسەلەکە ویستی فەلسەفاندنی هایدگەرە، ئەم پێوەندییانەی ڕێک خستووە. ئەم ویستەش ناوەڕۆکی هەیە و لە هەندێک حاڵاتدا، دەگاتە ئاستێک کە هایدگەر لە لایەک لە بوون دەدوێ، کە ئەمە لە شیعری هۆڵدرلین ئامادەیە و، لە لایەکی تریش لە پیرۆزی و غەیب و خواوەند کە ئەمانەش بۆ هایدگەر کەرەستەی سەرەکی فەلسەفەن، چونکە هایدگەر بۆ ئەوە دەچوو کە ئەو فەلسەفەیەی بیەوێ لە بوون بدوێ و بیەوێ تانە لە تەکنیک و دەوڵەتی تۆتالیتاری بدا کە بوونیان تێک داوە دەبێ بەدووی ئەو تەلیسمەدا وێڵ بێ کە بوون لە بیر دەباتەوە. وێڕای ئەوە، هۆڵدرلین کە لە ڕێگەی ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان خاک و خواوەندەوە، دێتە سەر پێوەندی نێوان خاک و بوونەوەر ئەم کۆششەی هۆڵدرلین لە لایەن هایدگەرەوە ڕووی تر وەردەگرێ و دەشبێ بەبناغە بۆ وتن لەسەر هەستی نەتەوەییی هۆڵدرلین، بۆیە زۆر کراوانە هایدگەر باس لەوە دەکا کە هۆڵدرلین شاعیری نەتەوەیە. لەو نووسینەش کە هایدگەر لە ١٩٣٠کاندا بەناوی""ماهیەتی شیعر"" نووسیویەتی بەئاشکرا لەوێ دێتە سەر بۆچوونە نەتەوەیییەکانی هۆڵدرلین بەتایبەت ئەو کاتەی هۆنراوەی ""دایکی خاک"" لێک دەداتەوە کە لەوێڕا هایدگەر زۆر بەڕوونی ئەوەی پێوە دیارە کە چۆن بەلایەوە مەبەستە قسە لە هەستی نەتەوەی هۆڵدرلین بکا. ئەڵبەتە ئەم هۆنراوەیە و سروودی بۆ نموونە""زارۆکەکانی ئەڵپ"" ڕوخساری ئەڵمانیاگەرایی هۆڵدرلینی بەچاکی تێدا دەرکەوتووە. واشی بۆ دەچم ئەوی هایدگەر زۆر جار لەتەک هۆڵدرلین یەک دەخاتەوە هەر ئەو هەستە ئەڵمانیانەیە کە لە بەشێ هۆنراوەکانی هۆڵدرلین دایە. بۆیشە گەلێ لە هۆنراوە ئەوینئامێزەکانی هۆڵدرلین نەبوونە بەبابەتی توێژینەوەی هایدگەر. هەر لەم ڕووەوە دەشێ ئەوەش بێژم کە خوێندنەوەی

هۆنراوەی"" یۆنانستان""-گریکلاند- ی هۆڵدرلین یەک لەو هەولانەی تری هایدگەرە بۆ دەستنیشانکردنی هزری نەتەوەیی، خۆی وتەنی، ئەم شاعیرە بیرمەندە. بەڵام بۆ ئەوە دەچم لکانی هایدگەر بەمجۆرە هۆنراوانەوە شیاوییەکی بۆ وتن بۆ هایدگەر هێناوەتە پێشەوە، کە ئەم وتنە خواستێکی گەورەی فەلسەفیی هایدگەریشی لە پشتەوەیە.

بەڵام نابێ ئەوە پشتگوێ بخرێ کە ئەو باسە زۆرەی لە شیعرەکانی هۆڵدرلین لە بارەی سروشتەوە ئامادەیە گەلێک ڕوو و دیوی لای هایدگەر خستووەتەوە. لەوانە باس لە نهێنییەکانی بوون، توانای شاراوەی بوون، لە سەرووی ئەمانە ئەو جوانییە دەرک پێ نەکراوەی لە بووندا قەتیس کراوە. بەڵام هەموو ئەمانە خواوەند بیر هایدگەر دەخەنەوە کە چەند هەڵسووڕێنەری ئەم جووڵە و کردانەیە[٤٢]. ئەمەشە بەباوەڕی من وا دەکا، هایدگەر بێتەوە سەر هۆڵدرلین، نەک فێختە یان گۆتە. وەکی تریش ئەوەش گرینگە بوترێ کە ئەوی هایدگەر دەیکا، واتە ڕۆچوونە ناو هۆنراوەکانی هۆڵدرلین، پێکانی ویستێکە هایدگەر لە بنڕا وێڵیەتی و پێویستییەکیشە بۆ هزری سەردەم. ئەمەو ئەو گەڕانەوەیەی هایدگەر بۆ هۆنراوەکانی هۆڵدرلین، بەبۆچوونی من ڕاکردنیشە لە دەست ئەو تێکستە فەلسەفییە پوخت و هیچگەرایانەی هایدگەر، جاری وایە ڕێکەوتی کردووە و شتێکی ئەوتۆی لێ هەڵنەکڕاندووە. بەکورتی، تێکستەکانی هۆڵدرلین بۆ هایدگەر وێستگەیەکی پشووی فەلسەفییە، چونکە ئەوە تەنیا هایدگەرە، بەو پاشخانە فەلسەفییە ئۆنتۆلۆژییەوە، دەتوانێ ئەو جوولانە لە هۆنراوەکانی هۆڵدرلینا دەستنیشان بکا. لە هۆنراوەکاندا کە ئامادەبوون لە لووتکەدایە پیرۆزی کە خەلاتێکی یەزدانییە هایدگەر بەباشی دەکارێ بیناسێتەوە و بیشیکا بەکەرەستەی توێژینەوە. بۆیە هایدگەر دەرکی بەوە کردووە کە ئەوە تەنێ کاری شاعیرە، ئەڵبەتە شاعیرێک وەک هۆڵدرلینیش، پیرۆزیی ناو سروشت بدۆزێتەوە. هایدگەر کە ڕەخنەی سەرجەم وتاری میتافیزیکیی ڕۆژئاوا دەکا لەوە حاڵی بووە کە لە کوێ ئەو هێزە ئامادەیە کە پێی دەڵێین میتافیزیک. بەڵام ئەوی لە شیعردا هایدگەر داکۆکی لێ دەکا لە فەلسەفەدا



داکۆکیی لێ ناکا. لە شیعردا کە هۆڵدرلین خەریکی بەخێوکردنی پیرۆزییە، ئەمە بۆ هایدگەر شتێکی بێزیانە. ئەمەش لەبەرئەوەی هایدگەر وای بۆ دەچێ شاعیر لێزانە ئەمە بکا. بۆیە پێم وایە پابەندبوونی هۆڵدرلین بەسروشتەوە کە دیمەنێکی تری ئەو بێزەرەییەی شیعری هۆڵدرلین نیشان دەدا بۆ هایدگەر نەبووەتە بابەتی ڕەخنە بەڵکو بووەتە جوانکاریهێنەر.

دیاردەی سروشت بەگشتی باسێکی تیۆلۆژی لای خوێنەری هۆڵدرلین دەخاتەوە، چونکە وەرزەکانی ساڵ کە لە ناخی سروشتەوە هەڵدەقوڵێن کارێکی یەزدانییە و هێزێکی میتافیزیکیشی تێدا بەدی دەکرێ. ئەو جوانکارییەی بەهۆی ئەم سروشتەوە دروست دەبێ نە شتێکی ڕێکەوتە و نەش ئێمە دەکارین چێی بکەین. ئەمە یەزدان چێی دەکا و بەس. بۆیە ئەم جوانکارییە هەیە چونکە سروشت هەیە. مرۆڤ کە بەم خەیاڵە دەگا ئەوە ئەو هزرە لاهوتییەیە بەوەی دەگەیەنێ کە بەخۆی لە دیدە شیعرییەکانی هۆڵدرلیندا تا ئەوپەڕی ئامادەن. بۆ نموونە لە هۆنراوەی ""هەروەک لە ڕۆژی جەژن""دا ئەو هزرە بەجوانی خۆی دەرخستووە. چونکە لەوێڕا هۆڵدرلین لە خەمی جووتیارێکی ئەڵمانیدایە کە لە ڕۆژی جەژندا بەنێو کێڵگەکەیدا پیاسە دەکا و بەروبوومەکانی بەسەر دەکاتەوە. ئەو وێنە شیعریانەی لەو هۆنراوەیەدا ئامادەن ئەوەش دروست دەکەن کە لە ڕۆژی جەژندا یەزدان لە مرۆڤەوە نزیکە. ئەم نزیکبوونەوەیە تەنێ شیعر دەکارێ بینەخشێنێ. چونکە تەنێ شیعرە، شیعرێک وەک شیعری هۆڵدرلین کە بنەمای تیۆلۆژیی هەیە، دەکارێ دڵی ئەو جووتیارە خۆش بکا کە کێڵگەکەی لە ژێر سایەی ئاسمان پارێزراوە. بەڵام ئەو بەروبوومەی ئەم جووتیارە پیاسەی تێدا دەکا، چونکە چاوی خواوەندی بەسەرەوەیە، گەر هەچ ئافاتێکیش لێ با سەرلەنوێ دەکرێ بژێتەوە بۆیە ئەم جووتیارە کەیفخۆشە.

سروشت ئەوەندە جێی ئاوڕدانەوەی هۆڵدرلینە دەکرێ بوترێ زۆربەی ئەو لکانەی بادیو باسی دەکا کە لەگەڵ هۆڵدرلین دێتە دنیا و چاخێکیش پێک دێنێ کرۆکی ئەو فەلسەفەیەش دیاری دەکا کە بەو شیعرەوە دەلکێ. خودی لکانی هایدگەریش بەهۆنراوەکانی هۆڵدرلین باشترین ئارگومێنتە لەم ڕووەوە. چونکە

هایدگەر لە کاتی وتن لە بارەی هۆنراوەکانی هۆڵدرلینەوە، فەلسەفەیەکی تایبەت بەشیعر دروست دەکا کە کاریگەریی میتافیزیکی هۆڵدرلینی بەوردی تێدا بەدی دەکرێ. هۆڵدرلین کە ڕاستییەکانی ناو بوون، وەک ڕاستیگەلێکی یەزدانی و میتافیزیکی باس دەکا، هەروەها جەختێکی زۆریش لە وتنە خواوەندییەکان دەکا هایدگەر تەماشاکردنی فەلسەفیی خۆی بەو دیتنە شیعرییانەی هۆڵدرلین دەلکێنێ.

بۆیە بادیو کە باس لە هۆڵدرلین دەکا، وەک دروستکەری چاخێک، وەک نوێنەری قۆناغی لکانی شیعر بەفەلسەفەوە، دەبایە باس لەو لایەنانەش بکا کە بەهایدگەرەوە تایبەتن، یان ئەو لایەنانەی من لای سەرەوە باسم کردن. چونکە بیرکردنەوەکانی هایدگەر لە کاتی لێکدانەوەی شیعرەکانی هۆڵدرلین زۆر لەو لێکدانەوانە جیایە هایدگەر بۆ هزری فەلسەفیی هۆسرل و کانت یان نیچەی دەکا. بۆیە بادیو دەبایە لە لێکدانەوەی لکانی شیعر بەفەلسەفە ئەو ڕووانە باس بکا کە بەتێگەیشتنی هایدگەر، لە بارەی دۆزی فەلسەفە لە شیعردا، تایبەتن. چونکە لە ڕێگەی ئەوی هایدگەر لە بارەی هۆڵدرلینەوە نووسیویەتی دەکرێ لەوە بگەین لە فەلسەفەی سەردەمدا، پێی دەڵێن لکانی نێوان فەلسەفە و شیعر. ئەم لکانە وەک دیارە تەمەنی درێژ نەبووە، بەڵام بۆ فەلسەفە بەپیت بووە. چونکە وای دەبینم شیعر لە ڕێگەی ئەم لکانەی بەفەلسەفە بەشێ لە دید و دیتنەکانی خۆی گەیاندووەتە ناو فەلسەفەوە. ئەو کارتێکردنەش مرۆڤ بەوردی دەرکی پێ دەکا، کاتێ نووسینی بۆ نموونە ""ماهیەتی شیعر""ی هایدگەر دەخوێنێتەوە.

گەر ڕوونتر بمەوێ بگەڕێمەوە سەر بادیو و ""چاخی شاعیران"" دەمەوێ بەو جۆرە دەست پێ بکەم کە لای خوارەوەیە:

بادیو کە دامەزرێنەری ئەو گفتوگۆیەیە کە من لە سەرەتای ئەم نووسینەوە دەرگام لەسەر خستە سەرپشت، واتە پێکهێنانەوەی فەلسەفە، ئەو گفتوگۆیە لەسەر چەند پایەیەک وەستاوە کە یەک لەوانە لکانی شیعرە بەفەلسەفە کە بەباوەڕی بادیو فەلسەفە پێک دێنێ، بەڵام لەمیانەی گفتوگۆکەدا، دەرک بەوە دەکەین کە فەلسەفە تەنێ لە ڕێگە ئەم هەلومەرجەوە نایەتە پێکهێنان بۆیە



بادیو پاش ئەوەی بانگەشەی کۆتایی چاخی شاعیران دەکا قامک لەسەر ئەو ڕاستییەش دادەنێ کە فەلسەفە دەبێ لە شیعر بکرێتەوە. پێش ئەم لێکردنەوەی شیعرە لە فەلسەفە، دەمەوێ وەگۆهێنانێکی ئەو بۆچوونانە ڕوو بخەمە کە بادیو لەسەر هەندێ لەو لایەنە هەیەتی، کە پێوەندی بەوەوەیە کە لای سەرەوە شی کرایەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ دەمەوێ سەرەتا بێمە سەر ئەوەی کە بادیو سەبارەت بەهایدگەر دەیخاتە ڕوو کە بۆ من وەک دەرخستەی سەیر خۆی دەردەخا، چونکە بادیو باس لە ناتەبایی نێوان شیعر و ماتماتیک دەکا هەروەها ئەم ناتەباییە بەناتەبایی نێوان خود و بابەت دەشوبهێنێ. بەڵام بادیو پێی وا نییە کە پێوەندیی نێوان شیعر و ماتماتیک لە چاخی شاعیراندا بەو جۆرە بووبێ. واتە شیعر و ماتماتیک هێندە دژی یەک نەبوونە. جا ئەوە لای مالارمێ بێ، یان ڕامبۆ یانیش لۆتریامۆن، تەنانەت پێسواش[٤٣]. بەڵام ئەو پێوەندییەی شیعر و ماتماتیک بەیەکەوە دەبەستێ ویستێکی نیهلیستیی دروست کرد کە بەباوەڕی من لە شیعردا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە. ئەوی لەم ڕووەشەوە سەرنجم ڕادەکێشێ بۆچوونێکی بادیوە کە دەڵێ: شاعیرەکان پتر لە ماتماتیکەرەکان دەبێ ئەوە بزانن کە بابەتی ماتماتیکی بوونی نییە[٤٤].

لە ڕێگەی ئەو ڕاڤەکردنە چڕ و پوختەوەی بادیو لە بارەی لکانی شیعر بەفەلسەفەوە نووسیویەتی، وا هەست دەکەم کە بادیو باوەڕی بەپێکەوە لکانی شیعر بەفەلسەفەوە هەیە، بەڵام ئەو باوەڕەی ڕێی ئەوەی لێ نەگرتووە بەو دیتنەش نەگا کە گشت پێکەوە لکانێک زێدەڕۆیی دروست دەکا. بەڵام ئەم لێرە مەبەستی تەنیا لکانی شیعر نییە بەفەلسەفەوە بەڵکو گشت جۆرەکانی لکانە جا ئەوە ماتماتیک بێ بەفەلسەفەوە یان ئەوین بەفەلسەفەوە یاخودیش سیاسەت بەفەلسەفەوە. بادیو ئەم بینینەی خۆی لەسەر بناغەی ئەو ئارگومێنتە دادەمەزرێنێ کە کاتێک فەلسەفە دەلکێ بەیەکێ لەو لایەنانەی ناویان هات ئەوا ئەو لایەنە کاریگەریی خۆی لە ناو فەلسەفە دادەنێ. خۆی ئەمە زۆر ڕاستە و فەلسەفە لەم بارەیەشەوە باجی چاکیی داوە. بۆ نموونە لکانی فەلسەفە

بەسیاسەتەوە گەراییيەکی سیاسیی سەیری لە ناو فەلسەفە دانەنا، یان لکانی فەلسەفە بەسیاسەت بەتایبەت لەو دەمەی سیاسەت مارکسی دەبێ، سەرتاپای فەلسەفە لە سیاسەت و مارکسیزم نقوم کرا. ئەمەو تا دەگاتە سەر لایەنەکانی تر لەوانە شیعر یان خۆشەویستی. بۆ نموونە دیمان کە چۆن شیعر فەلسەفەی قۆرخ کرد و یان چەند ئەوین لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەروونییەوە دەستی بەسەر فەلسەفەدا کێشا کە دواتر بەکورتی دێمەوە سەری.

سەرباری ئەوی وترا، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەم کە خوێنەری مانفێستەکەی بادیو دەکارێ بەو سێرکردنەش بگا کە بادیو بەگشتی زۆر جەخت لەو لایەنە دەکا کە چۆن هایدگەر شاعیران و بیریاران لەتەکیدا کرا کۆ دەکاتەوە. ئەم کۆکردنەوەیە کە دەسەڵاتێک پێک دێنێ تەنیا شاعیران و بیرمەندان پێکەوە سازی دەکەن و ئەمەش بووە ئەو خەونەی شاعیری فەرەنسی ڕونیێ شار دەیبینی. ئەم کۆکردنەوەیە کە بەرهەمی لکانی فەلسەفەیە بەشیعرەوە ماهیەتی ئەو چاخە پێک دێنێ کە بادیو ئەندازیاریی بەسەرەوە دەکا. چاخی شاعیران کە فەلسەفە پێکهێنەرە بەجۆرێکی ئاڵۆز و گومڕاکەر لە لایەن بادیوە وە دەنەخشێندرێ. واتە بەرهەمە شیعرییەکان وەک بەرهەمگەلێکی هزری تێیان دەڕوانرێ. من بەخۆم پێم وا نییە پێسوا، مالارمێ، سیلان یان پێش ئەوانیش، هۆڵدرلین ئەوە نەبووبێتن بەڵام بادیو بەوردی ئەوە ڕوون ناکاتەوە، چۆن هزری شیعری یان هزری جوانکاری، هزری فەلسەفی بەرهەم دێنێ و؟ تەنانەت ئەوەش بەباشی شی ناکاتەوە کە بۆ ئەم چاخە سەرلەبەر ون بوو؟ یان بۆ چاخی شاعیران لە گەشە کەوت و پایانی هات؟ لەبەرئەوەی بادیو گرینگییەکی زۆر بەم چاخە دەدا، بۆیە پێویست بوو بەوردی کۆتاییهاتنی ئەم چاخە ڕوون بکاتەوە و ئەوەش بەرباس بخا کە چەند بەزیانی هزری فەلسەفی کەوتەوە و چەندیش خودی هزری شیعریش کە لە فەلسەفە دادەبڕدرێ زیان لێکەوتوو دەبێ.

ئەوی کە نەوترا لای سەرەوە سەبارەت بەچاخی شاعیران کە پێم وایە لە وتنەکانی بادیوشدا ونە، ئەوەیە کە چاخی شاعیران بەشیعری ئەڵمانی (واتە





هۆڵدرلین) دەستبەکار دەبێ و بەشیعری ئەڵمانییش (واتە سیلان) کۆتایی پێ دێ. ئەمە کە بەخۆی مانایەکی هزریی گەورەی هەیە پێوەندییەکی زۆری بەکەلەپووری هزری ئەڵمانیشەوە هەیە. چونکە توانای هزریی ئەڵمانی لە سێ سەدەی ڕابردوودا لە جیهاندا لە توانای هزری یۆنانی سەردەمی پێش و پاش سوکرات کەمتر نییە. ئەم هزرە ئەڵمانییە کە یەکجار مانای بۆ فەلسەفەی ڕۆژئاوا هەبووە، بۆ تێڕامان لە ویستە فەلسەفییە جیا جیاکانی ڕۆژئاوا بابەتێکی سەرەکیشە. ڕاستە ویستی فەلەسەفاندن لەو سێ سەدە ئەڵمانییە وەک یەک نەبووە بەڵام شتێ سەرسوورهێنەر نییە گەر بڵێم فەلسەفەی ڕۆژئاوا بێ ئەو سێ سەدەیە نەیدەتوانی بەو هێزە لە فەلسەفەکردن بگا کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووە. بەڵێ بەشێ لە فەلسەفەکردنەکانی ئەو سێ سەدەیە جار جار دەشێ وەک ئاستەگ لە بەردەم خودی فەلسەفاندنیش سێرکرێن یان بەشێ لە ویستە فەلسەفییەکان وەک گورزێک تەماشا بکرێن کە لە فەلسەفە بەگشتی دراون بەتایبەت لەو شوێنانەی فەلسەفە دەرگای بۆ هەندێک ویستی ناراسیۆنالی و هیچگەرا و سینیست خستووەتە سەرپشت، بەڵام بەسەر یەکەوە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ماوەی بیست و پێنج سەدەی ڕابردوو دەکرێ بوترێ تاوێک بەئەڵمانی هاتووەتە گۆ. ئەم وتنەی من بەخۆی جۆرە تەئویلکردنێکی ترە بۆ ئەو تێگەیشتنە فەلسەفییەی هایدگەر کە خۆی بەمجۆرە بەیان دەکا: فەلسەفە یۆنانی دەپەیڤێ. بەڵێ فەلسەفە یۆنانی دەپەیڤێ، بەڵام نەک لە ئێستادا. ڕاستە منداڵدانی فەلسەفە یۆنانییە بەڵام دەمێکە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەوە کەوتووە کە هزری فەلسەفیی یۆنانی ڕابەرایەتیی بکا. بەواتای بەرینتر، ئەو دەمەی کتێبە فەلسەفییە سەرەتاییيەکان دەکەینەوە دەبینین ئەم کتێبانە بەبیری بیرمەندانی یۆنانی دەست پێ دەکەن و خودی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواش، گەر گشت جیهان نەڵێم، هەر دەستپێکێکی یۆنانیی هەیە، بەڵام لە ئێستادا هزری یۆنانی نە ئەوەندە بەبرشتە و نەش هیچ کاریگەرییەکی بەسەر مێژووی فەلسەفەی هاوچەرخەوە هەیە. من هەروەک گشت کەسێکی تر لەوە بەئاگام دەربازبوون لە هزری یۆنانی مەحاڵە بەڵام ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفەی نوێ و پاش نوێی ڕۆژئاوا هیچ یۆنانییەتێکی پێوە

دیار نییە و ڕەنگە هەواداران و توێژەوانی فەلسەفەش لە گشت شوێنی لەم گەردوونە لەو ڕاستییە بەئاگا بن کە من پێداگیریی لەسەر دەکەم. مەبەستم بەهەند وەرگرتنی فەلسەفەی یۆنانی شتێکی بەرچاوی و بێگومانە، بەڵام ئەو فەلسەفە یۆنانییەی بناغەی بۆ ویستی فەلسەفی دانا لە نەشونما کەوت و بیریار و ڕووناکبیرانی یۆنانی نەیانتوانی برەو بەهەمان ئاراستە بدەن و فەلسەفەی ڕۆژئاوا و جیهانیش قەرزاری خۆیان بکەن. هەروەک هەموومان دەزانین کە پرسیارە سەرمەدی و جەوهەرییەکانی فەلسەفە تا ئەمێستاش یۆنانین و فەلسەفەی نوێش بێ ئەو پرسیارانە ناکارێ یەک مەتر ڕێکا بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆ فەلسەفەی یۆنانی لەوە کەوت پرسیاری ماهیەتدار و بووناوی بەرهەم بهێنێ؟ بەباوەڕی من هۆ زۆرن کە دەکرێ لەم ڕووەوە پۆل بکرێن بەڵام گرینگترینیان ئەمانەیە:

فەلسەفەی یۆنانی کۆن کە چرکەی ترۆپکی فەلسەفەی ڕۆژئاوایە، گەر نەڵێم گشت مرۆڤایەتی، لە بار و دۆزێکی سەرسووڕهێنەردا لە دایک بوو. لە لایەک دەرکەوتنی شار و دروستبوونی تاک و لە لایەکی تر بەربڵاویی دیسپۆتیزم (جەور و ستەم) کەواتە هەموو ئەم لایەنانە مانایان بۆ ئەم لە دایکبوونە دی. لەوانەش بەدەر، دەکرێ باس لە ڕۆڵی بێ وێنەی تاک بکرێ کە کۆششی بۆ تێڕامان لە دیاردەکانی ناو بوون و ژیان دەکرد. واتە دەرکەوتنی کەسانێکی بلیمەت و هزر ڕیزپەڕ کە بیری ئەو دەمەی خۆیانیان قۆرخ کرد. ئەم قۆرخکردنە کە ماهیەتدار بوو بەدەستەبژێرکردنی بیریاریی کۆتایی هات، کە ئەمەش پرسیار و تێڕامان و سێرکردنی تازە و بێ وێنەی بەرهەم هێنا کە توانییان مێژوویەک بۆ خۆیان تۆمار بکەن. واتە دەستپێشخەری یۆنانییەکان لە بەرزکردنەوەی پرسیارە هەرە جەوهەردارە هیۆمانی، ڕەوشتی، جوانکاری، کۆسمۆلۆژی (گەردووناوی) و سیاسی و زانستییەکان زەمینەی بۆ ویستێک هێنایە کایەوە کە تەنیا لە ڕێگە دانایی و زانینەوە دەشێ مرۆڤ لە خۆی و ئەوی تر و دەوروبەری بگا. کردەی دانایی (حیکمەت) کە یۆنانییە، بەردی بناغەی بۆ پرسیارکردن و گەڕان بۆ دۆزینەوەی وەڵامی گونجاو و کۆنکرێت دانا. ئەم چەند دێرە گەر بەس بێ بۆ ئەوەی وێنەی لەسەر دۆزی فەلسەفەی



یۆنانی کۆن بنەخشێنرێ، ئەوا ئێستا دەمەوێ لە ڕێگەی وێنەیەکی ترەوە ئەوە بنەخشێنم کە چۆن فەلسەفەی یۆنانیی تەنیا لەسەر پرسیار و ڕامانە کۆنەکانی دەژی کە سەکۆێ هزرینی بۆ فەلسەفەی گەردوون دروست کرد. واتە نەک هەر فەلسەفەی ڕۆژئاوا مشەخۆرە لەسەر فەلسەفەی یۆنانی کۆن بەڵکو خودی فەلسەفەی یۆنانی تازەش لەسەر ئەم فەلسەفە کۆنە مشەخۆرە. ئەم مشەخۆرییەی فەلسەفەی یۆنانی تازە، لەسەر فەلسەفەی یۆنانی کۆن تا ئەو شوێنە ئاساییە کە فەلسەفەی یۆنانی تازە، پێویستی بەدەموەردانە لە پرسیارە ئەبەدی و جەوهەرییەکانی فەلسەفە، بەڵام لەوەولا فەلسەفەی یۆنانی تازە وەک گشت فەلسەفە تازەکانی تری ڕۆژئاوا، شتێکی ئەوتۆی خۆی نییە کە گەشەی پێ بدا و ڕێچکەی خۆی پێ دەستنیشان بکا. ئێمە گەر تەماشای فەلسەفەی ئەم دوو سێ سەدەیەی پێشووی ڕۆژئاوا بکەین هەست دەکەین گشت وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەوانەی بەشداریی بەرچاوییان لە بنیاتنانی فەلسەفەی ڕۆشنگەری هەبووە (کە بێرارای فەرەنسا، ئینگلستان، ئەڵمانیا و ئیتالیان) ناسنامەیەکی دیاریکراوی فەلسەفیی خۆیان هەبووە و هەریەکەشیان تا بڵێی لە لایەن خۆیەوە بەرهەمهێنەر و کاریگەر بووە بەڵام یۆنانستان لەم بەینەدا تا بڵێی شوێنی بزرە و ناکاریگەریش بووە. ڕاستە ئەو وڵاتانەی تاوێ پێش ئێستا ناویان خرایە نێو دوو کەوانەوە، گەرووی فەلسەفییان یۆنانی بووە، بەڵام ئاواز و دەنگی خۆیان یەکجار تێکەڵ بەو گەرووە کردووە، بۆیە لە ئەمڕۆدا زۆر ئاساییە باس لە ناسنامەیەکی فەلسەفیی فەرەنسی یان ئینگلیزی و ئەڵبەتە ئەڵمانیش بکرێ. ئەم ناسنامانەش کە ویستێکی دیاریکراویان بۆ فەلسەفاندن بەرهەم هێناوە ویستی یۆنانی بێ ناوە. هۆی ئەوەش ڕووناکبیرانی یۆنانیی تازە لەوەبوونەتەوە هزر بەرهەم بهێنن شان بەشانی هاوڕێ ڕۆژئاواییەکانیان بۆ ئەوە دەشێ بگەڕێتەوە کە تاکی ڕووناکبیری یۆنانی تازە ناچالاکە و توانای هەڵسووڕانی نەماوە. مەبەستم لاوازی دانایی ڕووناکبیرانی تازەی یۆنانی گرفتێکە تایبەتە بەکەسی یۆنانی خۆیەوە نەک کەسێک یان شتێکی ترەوە. لەبەرئەوەش کە فەلسەفاندن کردەیەکی تاکی پوختە ئەم نوشستییەی هزری یۆنانی، تازە تێی کەوتووە تەنیا دەکرێ بۆ

گرفتی تاکی یۆنانی خۆی بگەڕێندرێتەوە کە توانای ئەفراندن و تێ هزرینی نەماوە یان هیچ نەبێ نە لەسەر ڕەوتی دراوسێکانیەتی و نەش لەسەر ڕەوتی باو و باپیرانی.

دوای ئەو نەختە وەستانە لەسەر بۆیەتی لاوازیی بەشداریی فەلسەفەی نوێی یۆنانی لە فەلسەفەی هەنووکەی ڕۆژئاوا دەگەڕێمەوە ئامێزی دوا قسەکردنەکانم لە بارەی بادیووەوە.

ئەوی لەمیانەی ئەم بەشەوە ویسترا، بوترێ ئەوە بوو کە ئەو ڕەوتەی سیلان لەسەری ڕۆی، زۆر کاریگەر بوو بۆ هاتنە پێشەوەی دێبات لەسەر لکانی فەلسەفە بەهەلومەرجی شیعرییەوە. ئەم هەلومەرجە کە شیعرەکانی سیلان مانایان پێ داوە، لای بادیو دەبێ بەترۆپکی قسەکردنەکانی لە بارەی لکانی فەلسەفە بەشیعرەوە. ئەم لایەنە کە لەمیانەی نووسینەکە ڕاڤەکردنی لەبارەوەکرا لە بۆچوونی بەشێک لەو فەیلەسوفانە دانەبڕدرا کە بەلکانی فەلسەفە بەشیعرەوە خۆشحاڵن. بادیو کە لە ژێر لێوەوە ئەو مەسەلەیەی خستووەتە ڕوو (واتە دیدی فەیلەسوفانی تر بۆ سیلان) بۆ من بوارێکی بەپیت بوو بۆ یادکردنەوەی گەلێ ڕووداو و دیاردەی ڕووناکبیری لەوانە : بۆچوونی دێریدا و لاکۆ-لابارت لە بارەی شیعری سیلان و بەجووبوونەکەی و، هەروەها وتنی هایدگەر وەک فەیلەسوفی شاعیران لە بارەی یەکێک لە شاعیرانی چاخی شاعیران (واتە هۆڵدرلین) و دەستپێکەری ئەم چاخەش و، هەروەها گفتوگۆکردنی ئەو لایەنانەش کە پێوەندیی بەبێدەنگی هایدگەرەوە هەیە لە بارەی شیعرگەرایی سیلان. کەواتە ئەوی بادیو نەی کردبوو، بەبابەتی تێڕامان و ڕاڤەکردن من لای سەرەوە لەو ڕووەوە دەستبەکار بووم.

### ٣- لکانی فەلسەفە بەدڵداریی (خۆشەویستی)ەوە

هەلومەرجی ماتماتیکی یەکێکە لەو ڕووداوانەی بادیو باسی دەکا و بەبۆچوونی بادیوش هەلومەرجی ماتماتیکی هەر لە جۆرج کانتورە وە تا دەگاتە پۆڵ کۆهن، دەکرێ بخرێتە ژێر پرسیاری ئەوەی ئەگەر بشێ ڕاستیی ماتماتیکییانە بیری



لێ کرێتەوە. بەڵام مرۆڤ لە لکانی ماتماتیک بەفەلسەفەوە، بەقەولی بادیو، شێکی تر بەدی دەکا کە ڕەنگە لە هەلومەرجی دڵداریدا نەیبینێتەوە. با بزانین ئەم هەلومەرجە کە بادیو پێی دەڵێ هەلومەرجی دڵداری (خۆشەویستی) لە چی پێک دێ؟ بۆ ئەوەی تێگەیشتنێ لای خوێنەری ئەم نووسینە تایبەت بەپرۆسەی چییەتی خۆشەویستی لە هزری فەلسەفیی بادیودا دروست بکەم، بەباشی دەزانم تاوێ بچمەوە سەر ئەو نووسینە تایبەتەی بادیو لەم ڕووەوە نووسیویەتی (خۆشەویستی چییە؟) ئەگەر نا ئەوا ناکارم وێنەیەکی تا ڕادەیەک بەرین لەسەر ئەم هەلومەرجە دروست بکەم، چونکە بادیو لە نووسینی ""مانفێست""دا ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو ئەوینەوە و ئەوەش بەڕوونی ڕاڤە ناکا کە چۆن ئەوین دەکارێ ببێ بەبەرهەمهێنەری ڕاستی، ڕاستیی فەلسەفی.

گشت باسی فەلسەفیی بادیو لە بارەی خۆشەویستییەوە بۆ خستنە ژێر پرسیاری خودی خۆشەویستییە، وەک پرۆسەی بەرهەمهێنەری ڕاستی، ڕاستیی فەلسەفی. ئەمەش لە خستنە ژێر پرسیاری تاکایەتییەوە، خۆوە، دەست پێ دەکا بەلکان بەوی ترەوە بەڵام ئەم لکانە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوی پێی دەوترێ خودی خۆ لەم بەینە لە بیر بکرێ، واتە باس باس نییە لە خۆفیداکردن لە پێناو ئەوی تر. نەک هەر ئەوە تەنانەت بادیو بەوەش قایل نییە کە خۆشەویستی لە ئەزموونی ئەوی تر بریتی بێ، بەڵکو خۆشەویستی لە ئەزموونی جیهان یان دۆزێ بریتییە. ئەمەو مرۆڤ لە درێژەی وتنەکانی بادیو ئەوەش هەڵدەکرێنێ کە ئەوەی پێی دەوترێ خۆشەویستی کە لە بنەڕەتدا دووان، جووت، پێکەوە دروستی دەکەن بەرهەمی ڕووداوێکە[٤٥].

بەڵام ناشێ ئەوە لە بیر بکەین کە بادیو لە ڕێگەی شیکردنەوەی واتای خۆشەویستی (دڵداری) یان پرسیاری خۆشەویستی چییە؟ دەیەوێ نەک هەر ئەوە شی بکاتەوە کە خۆشەویستی چییە و چیش نییە بەڵکو ئەو پرسیار و واتایانەش شی دەکاتەوە کە لە دەور و خولی خۆشەویستیدا دەخولێنەوە، بۆ نموونە: پیاو چییە؟ ژن چییە؟ هەروەها پرسیاری ڕەگەز (جینس) چییە؟ لەم بەینەشدا بادیو دان بەوە دادەنێ کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ئەفلاتوونەوە تا

نیچە کۆششی بۆ ئەوە کردووە کە وشەی ئافرەت واتادار بکا[٤٦]. ڕوونە کە بادیو هوشیارییەکی باشی لەسەر ئەوە هەیە کە چەند ئەمڕۆ گەڕانەوە بۆ واتای ئافرەت هەیە، بەڵام بەوە ناچێ بەو شێوازە مورتاح بێ کە لە گەلێ لەو گەڕانەوانە دەگیرێنە بەر. بۆیە بۆ بادیو ئەوە فەلسەفەیە کە لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە دەکارێ دەستکاریی واتاهای وەک ئافرەت و ڕەگەز بکا. ئەم لەم ڕووەوە لاکان دەکا بەسەرچاوەی خۆی، چونکە لاکان بۆ گەیشتن لەم دیاردەیە گەڕاوەتەوە لای ئەفلاتوون و ئەفلاتوونیش لای بادیو بەهادارە. بۆیە لێرەوە خۆی لەسەر هونەری بەکاربردنی خۆشەویستی لە دامەزراندنی فەلسەفە ڕادێنێ.

ئەگەرچی لاکان تیۆریزەکەری حەز و نائاگاییە بەڵام بۆ بادیو سەرچاوەیەکی گرنگیشە بۆ تیۆریی دڵداری (خۆشەویستی). بەڵام لاکان لە بەکاربردنی خۆشەویستی وەک هەلومەرجی فەلسەفە پتر ئەفلاتوونییە و کاریگەریی بۆچوونەکانی دیالۆگی سیپسیۆم (خوان)ی ئەفلاتوونی بەسەرەوەیە تا شیکردنەوەی دەروونیی فرۆید. ئەڵبەتە بادیو لە ڕاڤەکردنەکانی لە بارەی خۆشەویستییەوە، خۆشەویستی وەک یەکێ لە هەلومەرجەکانی فەلسەفە، لە نێوان لاکان و ئەفلاتوون دەخوولێتەوە. ڕاستە بادیو هێپۆتێزەکانی لاکانی لەو بارەوە زۆر پێی ئاڵۆزە بەڵام پێشی زۆر تازەیە. هەروەها ڕاستیشە کە لاکان قوتابییەکی شیکردنەوەی دەروونیی فرۆیدە، بەڵام لە بارەی تیۆریی دڵدارییەوە بەبۆچوونی بادیو، لاکان ناچێتەوە سەر فرۆید. ئەوی تیۆری خۆشەویستی لاکان، کە بەخۆی تیۆری شیکردنەوەییە، لە فرۆید جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لاکان واتای خۆشەویستی و حەز لە زاراوەی فەلسەفی تێهەڵکێش دەکا. بۆیە بۆ بادیو، لاکان باشترین دەروازەیە بۆ گەیشتن لە خۆشەویستی[٤٧] کەواتە لکانی فەلسەفە بەهەلومەرجی خۆشەویستییەوە (ئەوینەوە) لەو ڕووداوانەیە کە شیکەرەوەیەکی دەروونی وەک لاکان بیر بادیو دەخاتەوە و دەیکا بەسەرچاوەیەکی سەرەکیش بۆ وتن لەسەر لکانی فەلسەفە بەهەلومەرجی خۆشەویستییەوە[٤٨]. بادیو بەخۆی ئاگای لەو بارەوە هەیە کە شیکردنەوەی



دەروونی لە ئاکامی لکانی بەزانستەوە پرسیاری ئەوەی خولقاندووە، ئایا شیکردنەوەی دەروونی زانستە؟ یان ئایا شیکردنەوەی دەروونی بەشێک لە هەلومەرجەکانی فەلسەفە پێک دێنێ؟ سەبارەت بەم پرسیارە بادیو جەخت لەوە دەکا کە لە کاتی ئەفلاتوونەوە تا فروید و لاکان، فەلسەفە تەنیا لە ژێر سایەی چوار هەلومەرجدا بووە (شیعر یان هونەر، ئەوین، زانست و سیاسەت)، بەڵام شیکردنەوەی دەروونی لە ڕیزی ئەو چوار هەلومەرجەدا نییە. بەڵام شیکردنەوەی دەروونی هەمیشە خۆی بەسەر فەلسەفەدا زاڵ کردووە و گومان لەوەش ناکا کە فروید و لاکان دوو فەیلەسوفی مەزن نەبن و ڕۆڵی گەورەشیان لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی واتای خود نەبووبێ[٤٩]. بەپێی دیتنی بادیوش بێ، فروید و لاکان توانیویانە بەگەڕانەوە بۆ ""تێڕامانی دێکارتی"" ئەمەبکەن بەڵام بادیو لەم ڕووەوە بەوەش دەگا کە فروید و لاکان نەیاندەتوانی بەمە بگەن، واتە گەڕانەوە بۆ خود، یان بۆ تێرمانی دێکارتی، بەبێ بانگەشەکردن بۆ دژە فەلسەفە. ئەڵبەتە وەک بەشێک لە ئەنتی فەلسەفەی ئەم دوو فەیلەسوفەش بادیو باس لەوە دەکا کە فروید و لاکان بەرامبەر بەپرۆسەی نا-خودی چاخی شاعیران هەڵوێستیان هەبووە[٥٠].

ئەوی بۆ بادیو تایبەت بەوی لای سەرەوە باس کرا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە لاکان وەک تیۆریزەکەری دڵداری تەماشا بکرێ نەک خود یان هەوەس. کەواتە ئەوی سەبارەت بەلاکان بۆ بادیو بابەتی باسە تیۆری دڵداریەکەیەتی (واتە تیۆری دڵداری لاکان) نەک شتێکی تر. ئەم تیۆرییەش بێ یەک و دوو، بادیو دەیکا بەبناغە بۆ پێکهێنانی فەلسەفە. بەمجۆرە هەلومەرجی دڵداری کە دەبێ بەیەکێ لە چوار هەلومەرجەکانی فەلسەفە پشت بەتیۆریی شیکردنەوەیی دەروونیی لاکان دەبەستێ. بۆیە ئاساییە بوترێ کە لاکان بۆ بادیو ڕووداوێکە لە ڕووداوەکانی پێکهێنانی فەلسەفە[٥١]. ڕاستە لاکان لە دیدی بادیو فەیلەسوفێکی دژە، بەڵام ئەم فەیلەسوفە دژە، مەرجە بۆ بووژانەوەی فەلسەفە. گەر فەلسەفە لە ئەمڕۆشدا شیاو بێ ئەوا لەبەر ئەو هۆگریەیەتی بەلاکانەوە[٥٢]. بەڵام ئەوی لای سەرەوە وترا لە هێزی ئەوە کەم ناکاتەوە کە بادیو لە

نووسینەکەی لە گەلێک شوێندا دەستی بۆ ڕادەکێشێ: لاکان بەهەردوو واتای خود و بابەت بایەخدەرە. ئەو بایەخەش لاکان دەیدا بەبابەت لە چوارچێوەی خوددایە. ئەو خودەش کە لاکان مەبەستیەتی خودە لە بوونیدا[٥٣].

کەواتە بەپێی ئەو دیتنانە بێ، خوێنەری بۆچوونەکانی بادیو لە بارەی تیۆریی لاکان تایبەت بەدڵداری پێی گەییوە ئامادەیە باوەڕ بەو بینینەش بێنێ کە بادیو بەمشێوەیە دای دەڕێژێ: هیچ تیۆرییەک لەمەر دڵداری لە تیۆریی لاکان قووڵتر نییە، ئەڵبەتە دیالۆگی ""خوان""ی ئەفلاتوونی لێ دەرچێ کە بەبەردەوام لاکان لە دیالۆگ بووە لەتەکیدا[٥٤]. بەڵام ئەگەر لاکان لە تیۆریی ئەوینەکەیدا ئەفلاتوونی بێ ئەوا بادیو بۆچوونەکانی تایبەت بەئەوین لە ژێر کاریگەریی هەم لاکان و هەمیش ئەفلاتوونە. واتە بادیو دووجاران لە ژێر کاریگەریی ئەفلاتووندایە.

با بزانین لوبی ئەم تیۆرییەی لاکان خۆی چۆن بەیان دەکا. گەر لەم بارەوە بگەڕێمەوە، لای بادیو ئەوا ئامادەم ئەو بینینەی لێوە قەرز بکەم کە لەم ڕووەوە ڕوونکردنەوەیەکی زۆری تێدا بەدی دەکەم. بادیو ئاماژە بەوە دەکا کە ئەوە لاکان بوو دەیگوت ئەوە دڵدارییە خۆی لە ""بوون "" لە ڕێگەی ژوانەوە نزیک دەکاتەوە (واتە یەککگرتنەوەوە)[٥٥]. لەوی وترا، قووڵتر لەم بارەوە ئەوەیە کە بۆچوونە بادیویەکان سەبارەت بەدڵداری بەرەو ئەو شوێنانەش پەل دەهاوێژن کە دڵداری پێوەندییە لە نێوان دووان و بەهەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی تاکیش، کۆتایی دێ، بەڵام گومان لەوە ناکا کە دڵداری وێنەی ئەم تاکەی بەسەرەوە نەمێنێ. بەڵام تیۆریی دڵداریی لاکان کار لەسەر دەرخستەیەکی لۆژیکی دەکا کە بریتییە لە پێوەندیی نێوان دووانەیەک کە بناغەکەی ڕەگەزی (جنسی)یە. واتە دووان وەک دوو ڕەگەز. ڕەگەزی پیاو و ڕەگەزی ئافرەت. ئەم دوو ڕەگەزەش خود پێک دێنن، یان لە خود پێک دێن. ئەم یەککگرتنەوەیەی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە یەککگرتنەوەی نێوان دوو جەمسەریشە کە یەکێکیان بریتییە لە جەمسەری نێگەتیڤ و ئەوی تریش ڕەگەزە چەندایەتییەکان. کەواتە دڵداری یەککگرتنەوەی نێوان دوو جەمسەری ناکۆکە یەکێکیان ئافرەتە نا–گشت پێک دێنێ و ئەوی تر پیاوە کە گشت دەبەزێنێ[٥٦]. ئەم دڵدارییەش کە لە ئاکامی



یەککگرتنەوەی دوو ناجۆر دروست دەبێ ڕەگەزی نا– پێوەندی دروست دەکا. هەروەها دڵداری کە ڕووداوی یەککگرتنەوەی نێوان دووانە ئەزموونی بێ پایان و تەواو نەکراو جلەو دەکا. بەڵام بادیو زۆر جەخت لەوەش دەکا کە دڵداری بریتییە لە ڕوودانی فرەیییەکی بێ ناویش، ڕووداوێک کە لە دەرئەنجامی ڕەگەز (جنس)ە جیاکانەوە، دروست دەبێ. ئەمەو پێی لەسەر ئەوەش دادەگرێ کە دڵداری بەرهەمی ڕاستییەکە ئاماژەیە، لەسەر ئەوەی ئەم دڵدارییە جێگری زانینە، زانینی ئەوانەی یەکتریان خۆش دەوێ. بەواتای ڕوونتر، دڵداری بەپێی دیتنی بادیو بریتییە لە ڕووداوی یەککگرتنەوەی نێوان دووان (جووتێ) و بەرهەمهێنانی ڕاستی لەمەڕ ئەم دووانە–جووتە[٥٧].

بەڵام هەر تایبەت بەوی لای سەرەوە وترا، دەکرێ ئەوەش بوترێ کە لاکان وای دەبینێ کە خۆشەویستی بەلەجیاتی پێوەندیی سێکسی دەکا و تەنانەت بۆ ئەوەش دەچێ حەسوودییەکی سێسکسی لە پشت ئەویندارییەوە هەیە[٥٨]. بەڵام هەرچی بادیوە نە بەمجۆرە لە خۆشەویستی دەگا و نەش بۆچوونی بۆ خۆشەویستی بەو شێوەیەیە[٥٩]. بەڵکو لەبری ئەوە بادیو خۆشەویستی وەک پرۆسەیەک لە یەککگرتنەوە دەبینێ. بەڵام لەمە گرینگتر بادیو بۆ ئەوە دەچێ کە خۆشەویستی بەرهەمهێنەری ڕاستییە. بەڵام چ ڕاستییەک؟ ئەو ڕاستییەی کە دووان، نەک لایەک یان تاکێک، بەرهەمی دێنێ کە هەردووک بەشداری لەو دۆزە دەکەن کە بەری ڕووداوێکە. ئەمەی بادیو ناوی دەنێ ڕووداو من ناوی دەنێم ڕووداوی یەککگرتنەوە، یان یەککگرتنەوەی دووان، دووانی دژە ڕەگەز.

لە هەمان کاتدا بادیو جەخت لەوەش دەکا کە خۆشەویستی بریتییە لە پرۆسێسی ڕاستیش. بەڵام کامە یان چ ڕاستییەک؟ ئەڵبەتە ئەو ڕاستییەی لێرە بادیو باسی دەکا ڕاستییە لەمەڕ دووان، لەمەڕ جیابوونەوە و لەمەڕ لێکردنەوەش. گشت تێزی بادیوش لە نووسینی ""مانفێست"" خۆی لەوەڕا کورت دەکاتەوە کە خۆشەویستی بەرهەمهێنەری ڕاستییە، ڕاستیی فەلسەفی و ئەم ڕاستییەش دووان پێکەوە دەیسازێنن.

هەر تایبەت بەوی لای سەرەوە وترا، ئەمەوێ ئەوەش دووبارە بدرکێنمەوە، کە

گشت ئەوی بادیو تایبەت بەدڵداری دەیڵێ، سەرچاوە لەو تیۆرییە لاکانییەوە هەڵدەگرێ کە بادیو پەرەی دەداتێ. نەک هەر ئەوە بەڵکو لاکان بۆ بادیو ڕووداوێکیشە لە پێناو فەلسەفە. ئەم بەڕووداوبوونەی لاکان بۆ بادیو تا بڵێی مانایەکی هێجگار مەزنی هەیە. چونکە نە فەلسەفە لای بادیو بێ ڕووداو پێک دێ و نەش لاکان دەشێ ڕووداو نەبێ. ئەو دەمەش کە لاکان دەبێ بەڕووداو تیۆرییەکەی لەمەڕ دڵداری واتای گەورە بەفەلسەفە دەبەخشێ. ئەم تیۆرییە کە لە بارەی دووان-جووت-ەوەیە، لە بارەی وێنەی تاکەوەیە لە نا-پێوەندیەتیی دواندا، کاریگەریی بەسەر گشت پاردۆکسەکانی دڵداریشەوە هەیە. ئەو جۆرە تیۆری دڵدارییەی لاکان قسەی لێ دەکا، پێوەندییەکیش لە نێوان دڵداریی هاوچەرخ و دڵداریی ڕێزئامێز (پڕلە ڕێز) دروست دەکا.

ئەوەی تۆزێک لێرە دەمەوێ لەسەری بێمە پەیڤین، ئەوەیە کە بادیو باوەڕێکی ڕەهای بەبوونی دووانەیی هەیە، ئەمەش نەک تەنیا لە ناو مۆدێلی دڵداری، بەڵکو لە ناو کاری یان بیری سیاسییشدا. بەڵام ئەوەی بۆ من شوێنی تێڕامانە و شتێکی سەرسووڕهێنەریشە، ئەوەیە کە بادیو لە دەرەوەی ئەو پێوەندییە دیالیکتیکییە لە دوانەیی دەدەوێ کە دەشێ لە نێوان ئەو دووانەدا هەبن کە ئەو دووانەییییە پێک دێنن. مەبەستی بادیو لە دووانەیی ئەو دووانە دژەیە کە لە پێوەندییەکدا کۆ دەبنەوە لەوانە ئەو دوو جەمسەرە دژەی دڵداری پێک دێنن یان ئەو دوو لایەنە ناکۆکەی لە بواری سیاسیدا بەرامبەر یەک دەبنەوە لەوانە پرۆلیتاریا و بۆرجوا. بەڵام تێزی بادیو لەم ڕووەوە بەم شێوەیەیە:

بەبۆچوونی بادیو دووانەییەکان (بۆ نموونە پرۆلیتاریا و بۆرجوا) پێویستیان بەبیرێکی سیاسی هەیە بۆ یەکخستن و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. ئەگەرچی بادیو باوەڕێکی زۆری بەبیرۆکەی دووانەیی هەیە، بەڵام پێی وایە دووانەکان دەبێ لەوە بکەون بابەتی بن(٦٠). مەبەستی بادیو لەم بارەیەوە زۆر ڕوونە کە ئەوەش بەو مانایە دێ کە دووانەکان بۆ ئەوەی کۆک بن مەرجە لە ناوەرۆکی بەبابەتبوونی خۆیان بکەون. ئەم لایەنەش بۆ بادیو تاکە ڕێگەیەکە کە بکارێ دووانەکان یەک بخا و ئەمجار پێکەوەش کار بکەن. بادیو ئەم



بیرۆکەیەی تەنیا لە بواری بۆ نموونە سیاسی یان تیۆریی دڵداریدا پیادە ناکا بەڵکو لە بواری بابەتی خێر و شەڕ و گشت دووانەییە ناجۆرەکانی تریشدا پیادە دەکا. کەواتە پرۆسەی دڵداری کە بەرهەمی یەکگرتنەوەی دووانە، پێویستە ئەم دووانە لەوە بکەون بابەتی بن. ئەمە کە بەشدارییەکی بادیوییە لە بواری تیۆری دڵداریدا، بەڵام بەشدارییەکیشە لە بواری خوڵقانی دیدی نوێ تایبەت بەخود.

بەڵام ئەوەی کە شایانی ئاماژە پێ کردنە لێرە کە لای سەرەوە بەهیچ جۆرێ بەرباس نەخرا، ئەوەیە کە ڕاڤەکردنی خۆشەویستی وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفە لە ڕاڤەکردنەکانی فێمینیستەکان دوور دەخاتەوە. چونکە لە هەردوو نووسینەکەی، چ لە ""مانفێست"" و چش لە ""خۆشەویستی چییە؟"" لە ژێر لێوەوە باس لە فێمینیزم دەکا و ئەو نەختە باسەش کە دەیکا ڕەخنەیە لە بۆچوونی فێمینیزم بۆ ئافرەت و خۆشەویستی. ئەمەو بادیو لە وتنەکانی لە بارەی خۆشەویستییەوە، بەرەو ئەو بۆچوونەشمان دەبا کە نایەوێ شوێنێکی دیاریکراو بۆ فێمینیزم و تیۆری کویر «شاز و ناجۆری» دەستنیشان بکا. چونکە خۆشەویستی لای بادیو، خۆی لەسەر ئەو بینینە دروست دەکا کە دووان، دووانی ڕەگەز (سێکس) جیا دروستی دەکەن. بەمجۆرە خۆشەویستی واتە دابەشکردنی ئەمە (واتە خۆشەویستی) بەسەر دوواندا، ئەو دووانەی کە لە ڕووی ڕەگەزەوە (سێکسەوە) جیاوازن. بادیو ئاشکرایە ڕەخنەی خۆی لە سیاسەتی فێمینیزم و لێکدانەوەکانیان هەیە، بەڵام بەزۆری دژی ئەو جۆرە ئاراستە فێمینیزمیانەیە کە پێوەندیی نێوان ژیندەرەکان تێک دەدەن. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ئاراستانە کەم نین و ئیشێکی زۆریش دەکەن دەتوانن زیانێکی زۆر لەو خۆشەویستییە سروشتییە بدەن کە لە نێوان دوو ڕەگەزی جیا (نێر و مێ) دا دروستدەبێ. ئەمەش بەدڵنیاییەوە کارێکی وا دەکا واتای خۆشەویستی و ئەو فەلسەفەیەش تێک بدا کە ئومێدی ئەوەی پێ دەکرێ ڕاستی بەرهەم بهێنێ. بەڵام باوەڕ ناکەم لێکدانەوەکانی بادیو بۆ ئافرەت و ڕەگەز و واتای خۆشەویستی، کە ئەو وێنەیەمان لا دەنەخشێنن کە تەنیا لە

خۆشەویستیدا جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان لەبەر ڕۆشنایی ڕاستیدا دەردەکەون و خۆشەویستیش دۆزێکی بەڕەگەزی (سێکسی) کراوە، لای بەشێکی زۆر لە فێمینیستەکانی ڕۆژئاوا پەسندکراو بن.

هەموو ئەوەش کە لای سەرەوە تایبەت بەخۆشەویستی وترا، بەڵگەن لەسەر ئەوەی بادیو نەک هەر دەیەوێ خۆشەویستی وەک یەکێک لە هەلومەرجەکانی فەلسەفە، بخاتە ڕوو، بەڵکو دەیەوێ فەلسەفەیەکیش، بەدڵنیاییەوە لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەفلاتوون و لاکان، لە بارەی خۆشەویستییەوە بهێنێتە کایەوە.

**بڵاوبوونەوەی پەتای ڕووناکبیریی سوفستایی:**

پەڵەی فەلسەفەی ئەنتی– ئەفلاتوونی بەسەر فەلسەفەی هەنووکەوە

ئەوی لەم بەشەدا بەرباس، واتە بڵاوبوونەوەی پەتای ڕووناکبیریی سوفستایی یان پەڵەی فەلسەفەی ئەنتی– ئەفلاتوونی بەسەر فەلسەفەی هەنووکەوە، تەنیا لە چوارچێوەی ئەم نووسینە کاری لەسەر دەکرێ کە لە سەرەتاوە دەستی دراوەتێ، نەک بەگشتی. واتە ئەو دوو لایەنە، کە خاڵێ هاوبەشی زۆریان تێدایە، لێرە تەنیا لە ڕێگەی هزری فەلسەفیی بادیوەوە گفتوگۆ دەکرێن نەک بەجۆرێکی بەربڵاو.

بەبۆچوونی بادیو دیاردەی ئەنتی ئەفلاتوونیزم لە چاخی ڕابردوو لە نیچەوە دەست پێ دەکا و بەهایدگەردا تێ دەپەڕێ[٦١]. ئەم بۆچوونەی بادیو دەقاودەق ڕاستە و گەر سەدەی پێشوو لەسەر دیاردەی ئەنتی ئەفلاتوونیزم بەنموونە وەربگرین، پێویستە بگەڕێینەوە، سەرەتا لای نیچە و دواتر هایدگەر. ئەم دوو بیریارە مانای گەورەیان بۆ تەوژمی دژە ئەفلاتوونیی سەردەمی نوێ هەیە و ئەنتی ئەفلاتوونیی فەلسەفەی تازەی کۆنتنێنتاڵیش (دولۆز، فوکۆو دێریدا، ڤاتیمۆ... هتد) هەر لە چارەی ئەم دوو بیرمەندە ئەڵمانییەی دەبینم. خاڵی هاوبەشی ئەم دوو بیریارەش ئەوەیە کە لەتەک بایەخدان بەفەلسەفە، بایەخیان بەشیعریش داوە. بەڵام ئەوەی بۆ من لەمە گرینگترە خوێنەر لێی بەئاگا بێ دوو لایەنە کە لای خوارەوە دێمە سەر باسکردنیان.



لایەنی یەکەمیان ئەوەیە بۆ بادیو بایەخ بەئەفلاتوون دەدا کە خۆی ئەم بایەخە لە ناو بیریارانی نەوەی ١٩٦٠کانی پاریس شتێکی دەگمەنە؟ هۆی ئەوەی بۆ بادیو، بۆ ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، بۆ سێ شت (سێ هۆ) دەشێ کورت بکرێتەوە کە لە زاری خۆیەوە دەشێ بەمجۆرە بەرباس بخرێ[٦٢]. هۆی یەکەم ئەوەیە بادیو، کە بایەخدەرە بەمەسەلەی ""هەلومەرجەکانی فەلسەفە"" لەم خاڵەدا خۆی بەهاوڕای ئەفلاتوون دەزانێ. چونکە لە ژێر کاریگەری ئەفلاتووندا دەگەڕێتەوە سەر ماتماتیک (ریازیات) کە بەباوەڕی من ئەم گەڕانەوە و بایەخدانە بەماتماتیک لە ناو بیریارە هاوتەمەنەکانی خۆی لە فەرەنسا تا بڵێی ڕیزپەڕە (ئیستسنایە). چونکە بادیو لە ڕێگەی بایەخدانی بەچوار هەلومەرج (سیاسەت، دڵداری، ماتماتیک و هونەر)، دەیەوێ ویستی فەلسەفاندن سەرلەبەر بگۆڕێ. چونکە ئەمیش وەک ئەفلاتوون پێی وایە فەلسەفە هەیە و بیر دەکاتەوە، بەڵام فەلسەفە ئەمە دەکا نەک لە پێوەندی لەتەک خۆیدا، بەڵکو لە پێوەندی بەشتی ترەوە، بۆ نموونە لە ڕێگەی ئەو خەڵکەی ڕێکەوتی دەکەین یان ئەوی دەیڵێین، ئەمەو ئەو دۆزینەوانەی لە بواری ماتماتیک ئەنجام دەدرێن، یان لە ڕێگەی گفتوگۆ سیاسییەکانەوە هەروەها لە ڕێگەی کارە شیعری و داهێنانە جوانکاری و هونەرییەکانیشەوە و ئەمەو تا دەگاتە چرکەکانی ئەویندارى لای ئەم خەڵکەش. هەرچی هۆی دووەمە ئەوەیە کە فەلسەفە دەکرێ لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ واتای ڕاستی سەرپێ بخرێ. لەم خاڵە دەکرێ بڵێم بادیو زۆر لە بیریارانی هاودەمی خۆی جیاوازە. چونکە ئەوەی گەلێک لە ئاراستە نوێیە فەلسەفییەکانی فەرەنسا لە ١٩٦٠کانەوە شوهرەتی پێێ دەرکردووە، ئەوە بووە کە هێرش بکاتە سەر واتای ڕاستی، ئەمەش کە ماهیەتی ئەنتی ئەفلاتوونیی ئەو ئاراستە فەلسەفییە فەرەنسییانە دەردەخا، ئەوەش نیشان دەدا کە ڕاستی وەک واتای میتافیزیکی بینراوە. بەڵام ئەوەی پێوەندیی بەهۆی سێیەمەوە هەیە کە بۆ ئەفلاتوون بووە بەجێی بایەخی بادیو ئەوەیە کە ئەفلاتوون پرسیاری ئەوەی کە هزراندن (بیرکردنەوە) چییە؟ زۆری لا مەبەست بووە. خۆی ڕاستە فۆرمی پرسیارەکە لە زمانی فەلسەفیی هایدگەرەوە نزیکە، بەڵام ئەوەی بادیو

لێرە مەبەستیەتی ئەوەیە کە ئەفلاتوون بەهزر (بیر) زۆر بایەخدەر بووە.

هەرچی لایەنی دووەمە ئەوەیە کە چ شتێک لە دیدی بادیوەوە دەکرێ بەئەفلاتوونی لە قەڵەم بدرێ؟ بۆ بادیو ئەو شتە ئەفلاتوونییە کە : باس لە کۆتای چاخی شاعیران بکەین، ئەو دەمەی ڕوو لە ئۆنتۆلۆژیا دەنێین، بگەڕێینەوە بۆ فۆرمە هەنووکەییەکانی ماتماتیک (ريازيات)، بایەخ بەدڵداری بدەین و هەروەها دەرگا لە سیاسەت بکەینەوە. لەم چوار شتە ئەوەش هەڵدەهێنجێنین کە ئەو جۆرە بایەخە بەماتماتیک، خۆشەویستی و سیاسەت و ئەڵبەتە پەراوێزکردنی ڕۆڵی شیعر واتە هەنگاونان بەرەو سەرلەنوێ دامەزرانەوەی فەلسەفە. بەڵام ئەوەی کە بۆ زۆربەی لە خوێنەرانی مانفێست ڕەنگە بابەتی تێڕامان بووبێ، ئەوەیە کە ئەفلاتوون گومان لەوە دەکا شاعیرەکان توانای ئەوەیان هەبێ بەشداری لە مەسەلەی دووبارە سازاندنەوەی فەلسەفەدا بکەن. ئەڵبەتە ئەفلاتوون هۆی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە شاعیرەکان هاوڕێی سوفستاییەکانن[٦٣] بەڵام لەبری ئەوە، واتا لەبری توانای شاعیرەکان بایەخ بەلۆگۆس دەدا.

لەم ڕووەوە بادیو شتێکی ئەوتۆ نابێژێ، بەڵام بۆچوونی بادیو لەسەر چاخی شاعیران (کە لای سەرەوە باس کرا) و گرینگیی ئەم چاخە لە مانادان بەبەرهەمهێنانی ڕاستی و بەشداریکردنی ئەم چاخە لە هزراندن بەسە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەوە بگا کە چ وەڵامگەلێک لە هەگبەی بادیودا پەنهانە. لە هەمان کاتیشدا بادیو ڕوونکردنەوەمان سەبارەت بە سوفستاییە نوێکانی ناو فەلسەفەی سەردەم بەرچاو دەخا. ئەم ئەمەش دەکا تەنیا لەبەرئەوەی پێی وایە جۆرجیاس و پرۆتۆگۆراس (کە دوو سوفستاییی سەردەمی ئەفلاتوونن) تا ئێستاش هەن و سەفسەتە بەرهەم دێنن. بۆ ئەوەی شتێک ڕوونتر بێمە گۆ، دەمەوێ بچمەوە سەر ئەو لایەنەی لە شوێنێک لە لاپەڕەکانی لای سەرەوە خرایە بەرباس کە ئەوەش قسەکردنە لەسەر دژە جەمسەری ئەفلاتوون، واتە سوفستاییەکان، کە بادیوش گرنگییەکی گەورەی دەداتێ، چونکە لە ناو فەلسەفەی هەنووکەدا، دەخولێنەوە. بادیو زۆر بەڕوونی دەیەوێ ئەوە



بەگوێماندا بچرپێنێ کە خاڵی هاوبەشی زۆر لە نێوان تەماشاکردن و دیتنی سوفستاییەکانی گریک و بەشێک لە ئاراستەکانی فەلسەفەی هاوچەرخدا هەیە. واتە گاڵتەجاڕییەکانی سوفستایەکان بەفەلسەفە و کردنی فەلسەفەش لە لایەن ئەمانەوە بەکردەیەکی لە یاری ئامێزیی بێ مانا، کە لە ئەمڕۆدا خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەهەڕەشە بۆ سەر فەلسەفە دەزانێ. لەبەرئەوەش کە بادیو لە ""مانفێست ""دا بەسەرلەنوێ بنیاتنانەوەی فەلسەفەوە، سەرقاڵە، بەلایەوە مەبەستە قسە لەسەر ئەو تەگەرانە بکا کە ئەمڕۆ لە ڕێگەی فەلسەفەدا قوت بونەتەوە، یان بەوردی ئاگای لەو کەلێن و بۆشاییانە هەیە کەوتوونەتە ناو جەستەی فەلسەفەی هەنووکەوە، بۆیە دەیەوێ ئەو وێنەیەمان لا دروست بکا کە موعاناتی ئەفلاتوون لە ئێستاشدا هەر بەردەوامە. بۆ ئەو مەبەستەش بادیو بەڤیتگنشتاینەوە دەیگرێ و بەیەکێ لە ڕووەکانی فەلسەفەی سوفستای نوێی لە قەڵەم دەدا. هۆی ئەوەش کە بادیو بۆ ڤیتگشتاین دەگەڕێتەوە، ئەوەیە کە ڤیتگنشتاین لە کارەکانیدا بەتایبەت لە تراکتاتۆس و توێژینەوە فەلسەفییەکاندا، بایەخێ زۆر بەزمان (یاریی زمان) دەدا و گومانیش لە واتای ڕاستی دەکا کە کەڵکدار بێ. ئەمەش من بەرەو ئەو دیتنە فەلسەفییە دەبا بڵێم: تا تارمایی فەلسەفەی سوفستاییەکان لە دەوروبەرماندا بخولێتەوە، ویستی فەلسەفاندن، بەنیوەچڵی ئەنجام دەدرێ و کردەی فەلسەفیش کردەیەکی ناتەواوی فەلسەفی دەبێ. واتە تا فەلسەفەکردن بەشێک بێ لە گشت شتێک یان فەلسەفاندن تێکەڵ بەهەندێک بوار بکرێ کە بواری خۆی نییە، مەترسی لە بەین چوون و ونبوونی فەلسەفە زۆرە. کەواتە لەم حاڵەتانەدا ناکرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە شیاوە فەلسەفەیەکی پوخت هەبێ. بۆ ئەوەی ئەوی دەیڵێم پتر مانادارتری بکەم، دەگەڕێمەوە لای بادیو و لە زمانی ئەوەوە جەخت لەوە دەکەم کە فۆرمی ئەو سوفستاییەتە هاوچەرخەی لەم قۆناغەدا لە نێوماندا دەخولێتەوە، چەند ئاراستەیەکی وەرگرتووە کە گرنگترینیان ئەمانەن: ئەو ئاراستەیەی لە زمانەوانی ئامێزیدا نقوم بووە. هەروەها ئاراستەی جوانکاریگەرایی و دواتریش دیموکراسی. ئەم ئاراستانەش کە تەگەرە لە

بەردەم پرۆسەی سەرلەنوێ سازاندنەوەی فەلسەفەدا دادەنێن بۆ بادیو پەسندنەکراو نین(٦٤).

وەکی تر و بۆ زێدە ڕوونکردنەوەی ئەوی وترا دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم، فەلسەفەی تازە لە قۆناغی دژە ئەفلاتوونیدایە و ئەم قۆناغەش وای کردووە فەلسەفەی هەنووکە مافی خۆی بەئەفلاتوون نەدا و لەبری ئەوە گۆڕەپانی فەلسەفەی نوێ بکا بەشوێنێک بۆ گەمەی نێوان سوفستاییەکان. ئەم تەوژمەش کە لەتەک باوەڕی فەلسەفیی مندا یەک ناگرێتەوە، بۆیە دێمەوە سەر بادیو و بۆ ئەو مەبەستەش دەڵێم، لەو شتانەی بادیو لە ""مانفێست""دا سەرگەرمیەتی مەسەلەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فەلسەفەیە، ئەم پرۆژەیەش کە لەگەڵ ئاراستەی ئەنتی ئەفلاتوونیدا یەک ناگرێتەوە وا لە بادیو دەکا، ئەو لایەنانە بەسەر بکاتەوە، لە پاڵ پەتای بڵاوبوونەوەی دیاردەی فەلسەفەی ئەنتی– ئەفلاتوونیدان. ئەو باسە زۆرەش بادیو لە بارەی دۆزی هەنووکەیی فەلسەفەوە دەیکا، وای لێ دەکا ئەو پێنووس و تەکانە فەلسەفییانە دەستنیشان بکا لە گەشەی فەلسەفەی سوفستای نوێ بەرپرسن. سەرەتا بادیو بۆ ئەوەی هۆشێکمان لەسەر ئەو گەشەیە بداتێ، دەگەڕێتەوە لای ستالین و هەوڵی ئەم پیاوە لە لەکەدارکردنی ئەفلاتوون یاد دەخاتەوە. هۆی ئەمەش بەبێگومان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کاتێک ستالین بڕیاری دامەزراندنی لێکسیکۆنێ (قامووس) فەلسەفیی دا، ناوی ئەفلاتوونی وەک ئایدیۆلۆژیستێکی کۆیلەدار ناساند. ئەمە زوڵمە کە لە ئەفلاتوون کرا بەڵام ئەوە نە تاکە زوڵمێکە کە لە ئەفلاتوون کراوە و نەش دوا زوڵمی ستالینییەکان بووە. ستالینییەکان کە ئێستاش هەن لە ناو گشت ئایدیۆلۆژیا و چین و نەتەوەیەکدا شوێنیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە. بەعسییەکان لای خۆمان و ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی ناوچەکە و تەنانەت ئەو ئیسلامییانەش کە لە خۆیان زیاتر کەس نابینن ئەو گەرا تازانەن ستالینیزمی نوێی دایناوە. بەمجۆرە ستالینیزم گشت ئەوانە دەگرێتەوە، قینیان لەوی ترە، کە وەک خۆیان بیر ناکاتەوە.

بەڵام بادیو لەوێ ناوەستێ و نموونەیەکی ترمان لەسەر ئەنتی ئەفلاتوونی





دەداتێ. بۆ نموونە گشت گفتوگۆکانی بوونگەرایی سارتەر، لەمەڕ ماهیەت بەوە دەشوبهێنێ کە ئامانج لێی ڕەتکردنەوەی ئەفلاتوون بووە. تەنانەت هایدگەریش بەوە تاوانبار دەکا کە وەرچەرخاندنی ئەفلاتوون لە فەلسەفە وەک سەرەتایەک بۆ لە بیرچوونەوەی بوون لە قەڵەم دەدا .بەڵام لەم بەینەدا هیچ وەختێک ئەو هەوڵە هیچ گەراییە زمانەوانیانەش لە بیر ناکا کە بەرۆکی فەلسەفەی نوێیان گرتووە و خۆشیان وەک فەلسەفەگەلێکی ئەنتی ئەفلاتوونی نیشان دەدەن. ئەمەو بۆ ئەوەش دەچێ کە هزری مافی مرۆڤ دەیەوێ ئاراستەی تۆتالیتاریزم (شمولیەت، هەمەیەتی) بۆ ئەفلاتوون بگەڕێنێتەوە– بەقەولی بادیو هەر ئەوەش بووە بیرۆکەی کارل پۆپەر(٦٥). بەڵام ئەوەی زۆر جێی سەرنجە لەم ڕوونکردنەوەیەی بادیو سەبارەت بەدیاردەی ئەنتی _ ئەفلاتوونی ئەوەیە کە ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە نیچە بەداهێنەری دژە ئەفلاتوونیی هاوچەرخ لە قەڵەم دەدا . بەبۆچوونی بادیوش ئەم قۆناغە لەو کاتەوە دەست پێ دەکا کە شیعر بەفەلسەفەوە دەلکێ.

سەرەڕای ئەوی وترا، من بۆ ئەوەش دەچم فەلسەفە لە گەلێک قۆناغیدا دەشێ بەڕووناکبیرییەکی سوفستاییەوە لکابێ کە ئەوەش جەوهەری گشت هەنگاوێ ئەنتی ئەفلاتنوونییە. ئاشکرایە ئەفلاتوونی یۆنانی کۆن، یەکەم دیمەنی ئەو لکانەمان پێشان دەدا، بەڵام ئەوی لەو دەمەدا کاری بۆ لێککردنەوەی فەلسەفە لە ڕووناکبیرییەکی سوفستاییدا نەکردبێ ئەوا پیرەمێردەکەی یۆنان (واتە ئەفلاتوون) بووە. بەڵام نە هەوڵەکانی ئەفلاتوون وەک خۆی لە سەردەمی خۆی و لە پاش سەردەمی خۆی هەرس بوو و نەش سەفسەتەی سوفستاییەکان لەو دەم و وەختە هەناسەی لێ بڕا. دیالۆگی نێوان ئەفلاتوون و سوفستاییەکان کە تا هەنووکەش لق و پۆپی لێ دەبێتەوە لە ئەمێستادا گەیشتووەتە چڵەپۆپە. نیچە کە لە سەردەمی نوێدا بەرپرسیارە بەرامبەر بەبڵاوکردنەوەی پەتای ئەنتی ئەفلاتوونی دەبێ ببێ بەبابەتی گشت ئەوانەی نەک لە فەلسەفەی ئەنتی ئەفلاتوونیی نوێ دەکۆڵنەوە بەڵکو ئەوانەش کە دەخوازن دەم لە فەلسەفەی تازەی کۆنتنێنتاڵ (بەتایبەت فەرەنسی) وەردەن. ئەم پەتایە کە کۆنە، بەڵام

نیچە نوێی کردەوە یان نوێکاریی تێدا کرد. ئەوەش کە نیچە ئەمەی کرد بەبۆچوونی من بۆ خودی هەوڵەکانی نیچە دەگەڕێتەوە، لە نزیککردنەوەی فەلسەفە لە شیعر. فەلسەفە کە لەسەر دەستی ئەفلاتوون لە شیعر تۆرا نیچە بەهەموو هێزێکییەوە لە شیعری نزیک کردەوە. ئەم ئاشتبوونەوەیەی نێوان شیعر و فەلسەفە، نەوەکیشی دروست کرد کە ڕەخنە ئاراستەی عەقڵ و لۆگۆسی تازەی ڕۆژئاوا بکەن. بۆیە گاڵتەکانی نیچە بەزانست و قاقاکانی بەشارستانیی نوێی ڕۆژئاوا، ئەو شەپۆلە فەلسەفییانەی هێنایە دنیا کە دواتر بەپاش تازەگەری و پاش بنەماخوازی ناوزە دکران. ماهیەتی ئەم شەپۆلە فەلسەفییانە کە ڕەتکردنەوەی عەقڵ بوو، ئیلهامێکی زۆریان لە بۆچوونە شیعرگەراکانی نیچەوە وەرگرت. ئەم ئیلهامانە و خودی شیعرگەرای نیچەش هەڵوێستێکی پەرچەکرداری و ناحەزییەکی لە ڕادەبەدەر بوون بەرامبەر بەو هیچگەراییەی زانست لەتەک خۆیدا هێنای. نیچە هەر زوو دەرکی بەو هیچگەراییە کرد و ترسی خۆشی هەر زوو لەو بارەوە بەیان کرد. بۆیە ڕەتکردنەوەی زانست یەک لە خەونەکانی نیچە بوو، ئەم خەونەش کە دژە ئەفلاتوونی بوو ئاراستەیەکی نا-لۆگۆسی و نا-ماتماتیکیی هێنایە کایەوە.

هەروەک لە لاپەڕەکانی لای سەرەوە خرایە ڕوو نیچەم بەوە تاوانبار کرد کە ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی درمی زۆربوونی شاعیر هەبووە، بەڵام ئەم درمە بۆ من دەرخستەیەکی سەیری تریش دەکارێ بخاتەوە کە یەک لەوانە ڕەنگە باوبوونی نووسینی فەلسەفیی شیعرگەرایی بێ. ئەم لایەنە کە لە ژێر سایەی نیچە گەشەی کرد لەبەر هۆی ئەنتی ئەفلاتوونیی نیچە سەری هەڵدا کە ئامانجیش لەوە نزیککردنەوەی شیعر یان ڕەگەزی ئەدەبی بوو لە فەلسەفە، واتە بوونی شیعر بەدۆستی فەلسەفە، بەڵام من وا هەست دەکەم ئەم مەسەلەیە سەفسەتەی، ڕووناکبیریی سەفسەتەئامێزی، بڵاو کردەوە. ئەم ڕووناکبیرییە کە سەرچاوەیەکی نیچەییانەی هەیە بەمجۆرەش دەشێ شیتەڵ بکرێ:

بادیو بۆ ئەوە دەچێ گەر ئەفلاتوون شیعری لە کۆمارەکەی وەدەر نابێ، ئەوا نیچەش ماتماتیکی دەربەدەر کردووە. هەروەها بادیو جەخت لەوەش دەکا ئەوە



نیچە بوو پێی وابوو، مرۆڤی ڕۆژئاوا دووچاری نەخۆشیی ئەفلاتوون بووە و پێویستە ئەم مرۆڤە لەو نەخۆشییە خۆی چاک بکاتەوە[٦٦]. واتە نەخۆشیی ئەفلاتوون بۆ نیچە گرفتێکی گەورەیە لە بەردەم جەستەی فەلسەفە، بەڵام پێم وایە، نیچە بەخۆشیی گرفتێکە فەلسەفەی ڕۆژئاوا پێویستە خۆی لەتەکدا بگۆڕێتەوە. یان هیچ نەبێ فەلسەفەی نیچە پێویستە ئەوەندە ژێر تێ خوێندنەوە بکرێ کە بکرێ لەو هیچگەراییە ڕامالڕێ کە پێوەی گلاوە.

ئەڵبەتە بادیو لە نووسینەکەی (واتە مانفێست) خەفەتباریی خۆی دەردەخا لەو سەرکەوتنەی نیچە لەم ڕووەوە بەدەستی هێناوە، واتە سەرکەوتنی نیچە لە داواکردن لە بەشفابوونی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە نەخۆشیی ئەفلاتوون. ئەم کۆششەی نیچە کە زۆر لە ناو فەیلەسوفانی کۆنتنێنتاڵی فەرەنسی و ئیتالی (فەلسەفەی هەڵوەشانەوەی، فەلسەفەی جیاوازی) ڕەنگی دایەوە فەیلەسوفانی شیکردنەوەیش (فەیلەسوفانی ئەنگلۆ-ئەمەریکی) لێی نەهاتوونەتە دەر، بەڵام نەک لەسەر شێوازی فەلسەفاندنی نیچە و نەش بەو جۆرەی نیچە لە نەخۆشیی ئەفلاتوون دەدوێ. چونکە ڕەتکردنەوەکانی فەیلەسوفانی شیکردنەوەی بەزۆری لەسەر ئەو بناغەیەن کە فەلسەفەی ئەفلاتوون فەلسەفەیەکی ئایدیالیستی (میسالی)یە و کۆڵەکەی ئەو ئایدیالیزمەشە کە بەفەلسەفەی کلاسیکەوە لکاوە.

بۆ پوختەکردنی ئەوی وترا، دەڵێم: باوەڕێ کە لەم بەشەی نووسینەکەم زۆر پێی لەسەر دادەگرم ئەوەیە کە ویست بۆ فەلسەفاندن بێ مانا دەبێ، تا فەلسەفەی نوێ هەڵوێستی خۆی تایبەت بەفەلسەفەی ئەفلاتوون دیاری نەکا. ئەم دیارکردنەش ڕوون و واڵا دەرناکەوێ تا هەستی ئەنتی-ئەفلاتوونی لە ناو فەلسەفەی نوێی سەردەم ڕیشەکێش نەکرێ. کەواتە گەر ڕاست بێ و فەلسەفە پێویستی بەسەرلەنوێ دامەزرانەوە هەبێ، پێویستە مرۆڤایەتی لە پاکتاوسازیی بیری ئەفلاتوونی بکەوێ. گەر بادیویانە بیەیڤم دەڵێم: پێویستە چاخی ئەمرۆمان، ڕۆژئاوا، خۆی لە نەخۆشیی دژە ئەفلاتوونی خاوێن بکاتەوە[٦٧]. چونکە ئەم نەخۆشییە تەگەرە دەخاتە بەردەم نەک هەر پرۆسەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی فەلسەفەوە، بەڵکو خودی کردەی فەلسەفەکردنیشەوە. چونکە

فەلسەفاندن کە لە میراتی فەلسەفیی ئەفلاتوون دادەبڕدرێ شتێکی بێ بەرەکەت و بێ چێژی لێ دەمێنێتەوە. فەلسەفاندن ئەو دەمە زاڵ و کارایە کە لە لەتەک فەلسەفەی ئەفلاتوون بەتایبەت و، فەلسەفەی کلاسیکیش بەگشتی، لە گفتوگۆدابێ.

وەکی تریش پێویستە لێرە و لەبەرئەوەی مەبەست قسەکردنە لەسەر فەلسەفاندنی نوێ و کۆشش بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فەلسەفە، ئەوەش بڵێم کە ئەم دژایەتیکردنەی ئەفلاتوون کە هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە کارا بووە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە، بیرۆکەی ئەم دژایەتیکردنە سەرچاوەیەکی ڕۆژئاوایی هەیە و بیرمەندانی ڕۆژئاوا لێی بەرپرسن. با بزانین بۆ من ئەمە دەڵێم؟ ڕاستە ناوچەکانی ئێمە هەر لە دێرزەمانەوە ئەفلاتوونییە بەڵام ئەم بەئەفلاتوونیبوونەی ناوچەکانی ئێمە ئەوەندەی ئاگام لێ بێ پێوەندی بەخودی ژیانەکەوە هەیە، وەک لەوەی پێوەندیی بەوەوە بێ کە ئەم ناوچانە ئەفلاتوونین بەو مانایەی کە هەڵگری ئیدیا و دیدەکانی ئەفلاتوونن و یان ئەوان ئەمە دەکەن، چونکە لە گشت بیر و هزرێکی ئەفلاتوون شارەزابوونە. لە ڕاستیدا وا نییە و هۆی ئەوەش بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شارەزا لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن، کە ئەفلاتوون کۆڵەکەی ئەم شێوە فەلسەفەیەیە، لە ناو ئێمە بوونی نییە و ئەمەو بگرە ئێمە پسپۆڕیشمان نە لە زمانی یۆنانی و لاتینی هەیە، کە مەرجە بۆ شارەزابوون لە کولتووری فەلسەفەی کۆنی یۆنانی و، نەش لە خودی ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفەی کلاسیک. بۆیە لە ئێستادا ئێمە نە دەکارین وەک خۆی ئەنتی ئەفلاتوونی بین و نەش ئەفلاتوونی.

بۆ داخستنی ئەم پەرەگرافەی نووسینەکەشم دەمەوێ لەو بارەیەوە چەند سەرنجێک لەسەر ئەم دیاردەیە، دیاردەی بڵاوبوونەوەی ڕووناکبیرییەکی سەفسەتەئامێز، لە پێوەندیی بەتەوژمی ڕۆشنبیریی نوێی کوردییەوە بخەمە ڕوو کە دیاردەی ناوبراو لە نێوەندی سیاسی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و مێدیای تازەی کوردی گەرای خۆی چاک داناوە.

ڕاستە فەلسەفاندن لە ناو ئێمە ڕوخسارەکانی ونە و پۆلی فەلسەفەش بێ



ناسنامە و غەریبە بەڵام سەفسەتە تا بڵێی هەیە و شوێنی بۆ خۆی لێرە و لەوێ و، لە ئاخاوتن و نووسینەکاندا، مسۆگەر کردووە، جا ئەوە لە بواری ئاخاوتنی سیاسی بێ یان نووسینی ناوبراو بەئەکادیمی تا دەگاتە نووسینە ڕۆژنامەوانی و کارە ئەدەبییەکانیش. لەوەش ڕاستتر کە وترا ئەوەیە کە سوفستاییەکان لە ناو ئێمە ئەو دەمە هەن کە ڕەوشتی پراگماتییانە سەرووی گشت ڕەوشتێک دەبێ و یاریکردنیش بەوشە و پەیڤ دەبێ بەبناغە بۆ ڕۆشنبیری. هۆی ئەوەش کە ئەم ڕەوشتە زاڵ و سەرکەوتووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گشت شتێک تازە و نوێ پەسندکراو و شایستەیە و پێچەوانەکەشی کە کلاسیکە هەڵە و نابەجێ. هەر بۆیەشە ئەوەی لە نێوەندی سیاسیدا پەسندکراو و جێی باوەڕە، لە ناو ڕۆژنامەوان و ئەکادیمیکەر و نووسەرانیش باوەشی بۆ دەکرێتەوە. گشت نێوەندەکان (سیاسی، ئەکادیمی، مێدیا و ڕۆشنبیری) لەسەر ئەو بڕیارییە زمانەوانییە دەژین کە ئەوی تازەیە ڕاستە و ڕاستیش تەنیا لە ئێستادا هەیە بۆیە تاو ناتاوێ ڕاستییەکان بەرگێکی تر لەبەر دەکەن و ئەمەش وا دەکا ڕاستی لە زۆربوون بێ و بەمجۆرە کار دەگاتە ئەوەی ڕاستی ئەوەندە فرە و هەمەچەشن و ئەوەندە باو و بڵاو بێ کە لە گشت شوێن و ساتێکدا ڕاستی بشێ هەبێ و یان بکرێ سەر دەربێنێ، بۆیە ڕاستی لە ئێستادا قێزەونە، بەڵام ئەمە گوناهی ڕاستی نییە کە وایە یان وای بەسەر هاتووە، بەڵکو گوناهی ئەوانەیە کە لە ناو ئێمە ڕاستی بەرهەمهێنەرن، کە نوێنەری ڕاستین، بەکورتی گوناهی ئەو ڕەوشتەیە کە تۆزێ پێش ئێستا باسمان کرد (ڕەوشتی پراگماتی) کە بەسەر سەرمانەوە لە هەر کوێ بین دەخولێتەوە. عیللەتی ئەم ڕەوشتە هەر لەوەدا نییە کە ڕاستی بکوژە بەڵکو لەوەشدایە کە تێکدەری پێوەندییەکانە کە ڕاستی دروستکەرن. پێوەندییەکانیش، کە مەبەست لێیان پێوەندیی نێوان مرۆڤ و خۆی و، مرۆڤ و مرۆڤ و، مرۆڤ و دەوروبەرەکەیەتی (ئاژەڵ، ژینگە) لە ژێر سایەی ئەم جۆرە ڕەوشتانە بۆگەن دەکەن.

بۆ گەلێ لە سیاسییەکانی ئێمە ئەوە سیاسەتە لەو میحنەتە دەربازمان دەکا کە لای سەرەوە باس کرا و بۆ هەندێ تریش، لەوانە ڕۆشنبیر و نووسەران،

ئەوە سیاسەتە تێکدەری گشت شتێکە، بەڵام گرفتی ئەم توێژە (واتە نووسەر و ڕۆشنبیران) لەوەدایە کە هەروەک سیاسییەکان سایکۆن (پسیکۆپاتن، دەروونبیمارن) و هەروەک سیاسییەکان لە هەوای خۆیاندان و لە پێنووسەکەی خۆیان و ئەو چەند لاپەڕەیەی کە نووسیویانە بەولاوە شتێکی تر نابینن. ئەمان کە بەرهەمی ئەو بێباکییەن کە یەخەی مرۆڤی تازەی سەردەمی گرتووە، بەوە دڵخۆش و شادبین کە ئەوەندە هەزار لاپەڕەیان نووسیوە یان ئەوەندە کتێبیان چاپ کردووە، بەڵام تا ئێستا ئەوەی ئەم دەستەبژێرە سوفستاییە بیری لێ نەکردووەتەوە، ئەمەیە: ئەوەی کە پێی دەڵێن نووسین لای ئێمەی کورد سامی نییە. ئەمە فاجیعەیەک (بەڵایەک، کاتاسترۆفێک) نەک هەر ڕووناکبیرییە، بگرە نەتەوەییشە. ئەی ئەوە فاجیعە نییە کە کەم کەس هەیە نە نووسێ و کەم کەسیش هەیە نەخوێنێتەوە، بەڵام هەردوو گرووپەکە لە ژێر ئەو ڕەوشتە گەنیوەدان کە گشتی ڕاپێچی ناو هیچگەرایی و بێباکی و نادڵسۆزی کردووە. ناماقووڵییە لە ڕادەبەدەر کەسی ڕۆشنبیر یان نووسەر ماوەی جارێک باس لەوە بکا کە ئەوەندە پەڕتووکی نووسیوە یان ئەوەندە لاپەڕەی تا ئەمڕۆ بڵاو کردووەتەوە. من یەک لە ڕەفتارە هەرە سوفستاییەکانی ئەمڕۆی کورد لەو خاڵەدا کۆ دەکەمەوە کە تا هەنووکە پەی بەوە نابەن کە ئەوان (واتە خودی سوفستاییەکانی کورد) لە گشت کەس و توێژکی کۆمەڵگا زیاتر پێویستیان بەفێربوونە، پێویستیان بەچارەسەرە (عیلاجە)، وەکی تر پێویستیان بەوەیە دانرێن و شتیان بۆ ڕوون بکرێتەوە. ئەمان کە گشت هێزێکیان داوەتە لاپەڕە پرکردنەوە، نووسین بڵاوکردنەوە یان لەوە ترسناکتر هەموو هۆشیان لەوەدا بەکار دەبەن کە چۆن داهێنەرێک، نووسەرێک، ڕۆشنبیرێکی هەمەچەشن بن هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە نووسینەکانیان چەند بێ سامن یان بەگشتی بۆ نووسینی کوردی بێ سامە. ئەمان کە تەنیا لە هەوای ئەوەدان لە یەک کات شاعیر بن و کۆمەڵناسیش و ئەڵبەتە سیاسییش یان، چۆن ڕۆماننووس و بیرمەند و ڕۆژنامەوانیش بن و ئەڵبەتە هونەرمەند و ئەکادیمیکەر و بەرپرسی گۆڤاریش خەیاڵیان بەوە نەداوە ئەم شتانە چی لێ بەرهاتووە.



ئەڵبەتە زۆربوونی نێوەندی چاپ و پەخش و هەروەها گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامەش یارمەتیدەرێکی بێ وێنەیە نەک هەر بۆ زۆربوونی ناو و دروستکردنی کەسایەتی و ناوونیشان بەڵکو بۆ بەهێزکردنی ئەو سەکۆیەش کە هەر چۆن و کەی بتەوێ هیچگەرایی و بێباکیی خۆت بگەیەنێ. بەڵام خەوش و گرفتی ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی تەنیا لێرە ناوەستێ، بەڵکو ئەوەش کە مێدیای تازەی کوردی لەسەر پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی پارادۆکسەکان (موفارقەکان) دەژی و ئەمەو لە ڕێگەی ئەم ئیشەوە، ئیشی بەیانکردنی پارادۆکسەکان، هەڵەکانی خۆی نابینێ و خۆشی لێ دەبێ بەنوێنەری ڕاستی. ئەو، واتە مێدیای کوردی، وەک هەموو ئەوانی تر، سیاسی بێ یان ڕۆشنبیر یانیش ئەکادیمیکەر، تۆری (نێتی) خۆی هەیە و شارەزاشە لە هۆنینەوەی سیاسەت یان ژیرە لەوەی لە ڕێگەی دووبارە بڵاوکردنەوەی هەوڵ و بەکاربردنی کێشە و ناکۆکییەکان خۆی بگا بەدەسەڵات یان هیچ نەبێ ببێ بەبەشێک لە دەسەڵات. ڕۆژنامەوانی لای ئێمە کە مەترسیی دروست نەکردووە و هەڕەشەش نییە نە لەسەر توێژی ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەکادیمیکەر و نەش لەسەر سیاسییەکان پێوەندیی بەوەوە نییە کە ڕۆژنامەوانی بەچاوێکی سووکەوە تەماشا دەکرێ، بەڵکو بۆ من پێوەندیی بەدوو شتەوە هەیە. یەکەم پێوەندیی بەوەوەیە کە ڕۆژنامەوانی خۆی پتر لە دەوروبەرەکەی سووکایەتی بەخۆی دەکا و دووەمیش پێوەندیی بەوەیە کە نووسین ئەو سامەی لە ناو ئێمە نییە کە ئەمە تێزی پێشوومە و لای سەرەوە خستمە ڕوو.

بۆ دەبێ نووسین سامی هەبێ لە کاتێکدا نووسین نە بریتییە لە هزراندن (بەمانا ئەفلاتوونییەکەی) و نەش ویستێکی دەگمەنە. نووسین کە بەگشتی کراوە لەوە بووەتەوە، هیچ نەبێ لە ئەمێستادا، ببێ بەپۆلێ بۆ بەرهەمهێنانی ڕاستی لەوەش بگەڕێتەوە چارەسەر. تۆ چۆن دەکرێ لە نووسینی کەسانێکەوە فێربوون لەسەر ڕاستی یان چارەسەر وەربگری کە خۆیان لە گشت ڕوویەکەوە پێویستیان بەوەیە کە لە خودی واتای ڕاستی یان چارەسەر بگەن. من لێرە مەبەستم لە ڕاستی ڕاستییە وەک خۆی، لە ناخی خۆیدا، نەک ڕاستی وەک

بەرامبەرێکی هەڵە (یان درۆ، ساختە)، ئەمە گەر تێزی لاوەکیی ئەو لایەنە بێ کە بۆ نووسین لای ئێمە سامی نییە، ئەوا دواتر دێمەوە سەر ئەو لایەنەش کە بەبەشە سەرەکییەکەی ئەو تێزەی دەناسێنم کە بۆ دەبێ نووسین لە ناو ئێمە سامی هەبێ لە کاتێکدا سیاسیی ئێمە هیچ ئەزموونێکی لە بواری ڕاستیی سیاسییەوە نییە، چونکە سیاسەت هەم بۆ سیاسییەکانمان و هەمیش بۆ خەڵک (هاووڵاتییان) بریتی نییە لە هزر یان لە ناو ئێمە سیاسەتکردن ناوی لەتەک ئەوەدا ڕێ نەکەردووە کە پێی دەڵێن هزراندن. بەکورتی کردەی سیاسیمان بریتی نییە لە کردەیەکی هزری. ئەمەش کە تێزە بنەڕەتییەکەمە تایبەت بەبێ سامیی نووسین وام لێ دەکا کە سوفستاییەکانی کورد تەنیا لە سنووری ڕەخنەگر و ڕۆژنامەوان و مامۆستایانی زانکۆ کۆ نەکەمەوە، بەڵکو بڕیاردەرانی سیاسیی کوردیشی پێوە بگلێنم. سیاسییەکانی کورد کە نە نێوەندی ڕۆژنامەوانی (نە مێدیای کوردی) لێی گەییوە و نەش نێوەندی ئەکادیمی و ڕووناکبیری، ئا ئەمە من بۆ ئەوەی ناگەڕێنمەوە کە سیاسییەکانی ئێمە کەسانێکی گومڕا و بێ وێنەن، بەڵکو بۆ ئەوەی دەگەڕێنمەوە کە سەخت و ئەستەمە سیاسی لە ناو ئێمە دەستنیشان بکرێ. چونکە گەر سیاسی بەکردە سیاسییەکانی بناسرێتەوە، ئەوا ئەو نێوەندانەی لای سەرەوە ناویان هات هەریەکە بەشداریی خۆی لەو کردەیەدا هەیە. باشە با بپرسین کامە ڕۆژنامە یان هەفتەنامە یاخود نووسەر یانیش ئەکادیمیکەری کورد سیاسەت ناکا؟ ئەو سیاسەتکردنەی لە ناو ڕۆشنبیر و ئەکادیمیکەر و ڕۆژنامەوانانـدا باوە، هەر ئەوەش لە ناو ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکاندا باوە. بۆیە دەمەوێ ئەوە بڵێم: لە کۆمەڵگەیەک کە کەسەکانی هەموو سیاسەت بکەن، سیاسەت لەتەک یەکدا بکەن، ناشێ کردەی سیاسی بەئاسانی لە کردەی نا-سیاسی جیا بکرێتەوە. چونکە ئەو دەمەی ئەکادیمیکەرێک یان ڕۆژنامەوانێک نایاخی بێ، هیچ جیا ناکاتەوە لەگەڵ ئەو وەزیرەی یان پەرلەمانتارەی چرکە سیاسییەکانی بەبێ یاخیەتی بەسەر دەبا. بەڵام لەم بەینەدا ئێمە دەبێ جیاوازی لە نێوان یاخیبوون و ئاژاوەگێڕی بکەین. ئێمە دەبێ ئەو سەرنووسەری ڕۆژنامەیەی سەبارەت



بەکێشەیەک یاخی دەبێ یان ئەو مامۆستای زانکۆیەی هەڵوێست لەسەر ڕووداوێک وەردەگرێ لەو سەرنووسەری ڕۆژنامە و مامۆستا زانکۆ ئاژاوەگێڕ و هەلپەرست و بەکورتی دەجاڵە جیا بکەینەوە کە لەبەرئەوەی شتێکی بۆ نەکراوە یان لەبەرئەوەی لە هەوای هیچگەرایی خۆیدا دەتلێتەوە، جار جارە یاخیبوونێک نیشان دەدا. ئەم جۆرە کەسانەش کە ڕۆژانە دەنگیان لێ بەرز دەبێتەوە یەک زەڕڕە لە نرخی ئەو بێدەنگییە شەریفانەیە کەم ناکاتەوە کە هەندێک سەرنووسەری ڕۆژنامە و مامۆستای زانکۆ سەبارەت بەگرفت و دیاردەیەکی دیاریکراو هەڵی دەبژێرن.

بۆیە لە ناو ئێمە و لە ئەمڕۆدا زێدە سەختە لە لایەک نووسین سامدار بێ و لە لایەکی تر گشت سەرقاڵی سیاسەتکردن نەبێ. سیاسەتکردن لە ناو ئێمە کە بووە بەپیشەی گشت و ویستی زۆربەی لەسەرە سیاسەتی لەوە خستووە، هزر بێ. بۆیەشە نێوەندەکان (مێدیا، ئەکادیمی، ڕۆشنبیری) کە هەڵپەی سیاسی داگیری کردوون، نە دەتوانن بەگژ سیاسەتەوانانی ئەمڕۆی کورددا بچنەوە و نەش دەکارن یەکتر شی کەنەوە. کوا ئەو شیکردنەوانەی مێدیا لە بارەی نێوەندی ئەکادیمی و ئەکادیمیکەرانەوە دەیکا، یان بەپێچەوانەوە؟ تەنانەت کوا ئەو ڕاڤەکردنە پێویستەی ئەکادیمیکەر بۆ ڕۆشنبیری دەکا؟ لە بنەڕەتیشدا دەبێ بپرسین کوا پێوەندیی نێوان ئەم سێ نێوەندە لەتەک یەکتردا (مێدیا، ئەکادیمی، ڕۆشنبیری)؟ ئەم سێ نێوندە پشتیان لە هەڵەکانی سیاسی کورد کردووە بەڵام ئەم دیتنە بۆ گەلێک لە خوێنەرانی ئەم چەند لاپەڕەیە، وەک خۆی هەرس نابێ. با بپرسین بۆ؟ هۆی ئەوە زۆر بەپوختی ئەوەیە ئەوی لە مێدیا دەنووسێ و کار دەکا پێویستییەکی هەنووکەیی پاڵی پێوە ناوە، ئەمە بکا. یان فاکتەری حەزکردن، حەزی شەخسی، لە پیشەی ڕۆژنامەوانی (مێدیاکار) ڕای گرتووە بەردەوام بێ، یانیش هەستێکی سیاسیی و نەتەوەیی. ئەڵبەتە ئەم سێ لایەنەش دابڕاو نییە لەو بیرۆکەیەی من پێی گەیشتووم کە کاری ڕۆژنامەوانی لە ناو ئێمە سەرچاوەیە بۆ ژیان. وەکی تریش ئەم بیرۆکەیە لە ئاستێکی بەریندا، ئەوەشمان پێ دەڵێ کە بەخۆی نەک هەر کاری ڕۆژنامەوانی بگرە

بەگشتی کاری نووسین هەروەک کاری سیاسی و حیزبایەتی بووە بەبناغەیەک بۆ نان پەیداکردن و خۆژیان. بۆیە ئەوانەی لە میدیا کار دەکەن لە زۆربوون و گۆڕانان واتە ئەم دەڕوا، ئەوی تر جێی دەگرێتەوە، هەروەک مەڵبەندەکانی ڕێکخستنە سیاسی و حیزبییەکان. هەموو ئەوانەش لە بواری میدیا و کاری ڕۆشنبیری کار دەکەن، یەکتر بەوە تاوانبار دەکەن ""گەر من نەبوومایە تۆ هیچ بووی"". لەمە سەیرتر ئەوانەی لە میدیاکاندا دەنووسن، ڕۆژانە دەنووسن و لە گشت ڕوویەک و لە هەموو بوارێکەوە دێنە قسە، بۆیە ئەوی دەیڵێن نە وەزنی دەبێ وەک هەواڵ، نەش دەبێ بەپشتێ بۆ فاکتە و بەڵگە. هەر بۆیەشە تا ئێستا کارە ڕۆشنبیرییە ڕەخنەییی و نووسینە ڕۆژنامەوانییەکان نەیانتوانیوە ببن بەهەڕەشە بۆ سەر سیاسییەکان و ڕێگەشیان لەو گەندەڵییە هزری و سیاسی و ئەکادیمییە نەگرتووە کە زۆربەی بێزار کردووە. چونکە هێزە سیاسی و حیزبییەکان چاک لەوە گەیشتوون کە ڕۆژنامەوانەکان نە بێ لایەنن و نەش لەوە کەوتوون تۆڕێ خێزانی بەیەکەوە گرێیان نەدا. دواتر با ئەوەش بڵێم کە بواری میدیا کە بووە بەشوێنێک بۆ کۆکرنەوەی هاوڕێی کۆن و ناسیاو و دۆستەکان ناکارێ ڕاستی بەرهەم بهێنێ و توانای موحاسەبەکردن و بەرەنگاربوونەوەشی نییە، وەلێ لەبری ئەوە شتێکی تر دەکا، بۆ نموونە گێرانی هەندێک شانۆگەری لەوانە بڵاوکردنەوەی فایل و ئەرشیف یان قسە لە بەعسیزمی کوردی، بەڵام ئەمە دەکا تا جەخت لەسەر هەبوونی بکات و پاساودانیش بۆ بەردەوامبوونی بهێنێتەوە، نەک ئەوەی ڕاستییەکی نابەرامبەر بەرهەم بهێنێ. دوا سەرنجیش لەم ڕووەوە ئەوەیە کە میدیای تازەی کوردی تا بڵێی سوفستاییە پێوەندی بەنێوەندی ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەوە ئەوەندە لاوازە تا ئەو ڕادەیەی کە دەشێ بوترێ پێوەندییەکە بوونی نییە. بەڵام لەجیاتی ئەوە نێوەندی میدیای کوردی ڕۆشنبیر و ئەکادیمیکەری خۆی دروست کردووە و ماوەی جارێک بەسەریان دەکاتەوە و تێگەیشتنە ڕەوانبێژی و سەفسەتەکانیان بڵاو دەکاتەوە. هەرچی نێوەندی ئەکادیمییە گرفتەکەی لەوەدایە کە سەرقاڵی بەخشینەوەی بڕوانامەیە ئەمەش بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار و سیڤیل دروست بکا. ڕاستە زانکۆکانی کوردستان دەستیان لە نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەسیڤیلکردنی



خەڵک هەیە بەڵام ئەم خەڵکە خوێندەوار و سیڤیلە کەم لەگەڵ ئەو نەوە نەخوێندەوار و ناسیڤیلە جیاوازییان هەیە کە باو و باپیرانی کەسە خوێندەوار و مەدەنییەکەی ئەمڕۆن. چونکە ئەو بایەخە زۆرەی نێوەندەکان بەواتای مافی مرۆڤ و دیموکراسی و یەکسانیی نێوان نێر و مێی دەدەن، شتێکی ئەوتۆی بەرهەم نەهێناوە، بابەتی ئاماژە پێ کردن بێ. تۆ چی لەم واتایانە دەکەی کە تەنیا لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان باس بکرێن لە کاتێکدا یەک دێر لەسەر ئەوە نانووسرێ کە چەند پێشمەرگەی کۆن (نەک هەمووی) و سیاسی کۆن و تازە (یەک دوو کەسێ لێ دەربچێ) سەرقاڵی پارە دروستکردنن، کە چۆن سیاسی کورد لەناکاو بوو بەپارەدار و چۆنیش گشت شار سەرقاڵی عەرزە وەرگرتن و نەسریە مسۆگەرکردنە یان بۆ سیاسیی کورد لە لێدوانە نا–کوردی و بێ شەخسییەکانی ناکەوێ و تاکەی ئەو لێدوانە پڕ لە ناکۆکییانە ناخرێنە بەرباسێکی ڕۆژنامەوانی تێروتەسەل. تۆ چی لە ڕۆژنامەوانی دەکەی پێداچوون بەدووی ئەوەدا ناکا، بۆ پارە ئەمرۆ لای سیاسی و بازرگانی کورد کۆ بووەتەوە؟ لای ئەم دووانە کە زۆرجار هەردووکیشیان هەمان کەسن، یان بۆ هۆی سیاسی و هەنووکەیی ئەم مەسەلەیە شی ناکرێتەوە؟ بۆیە هەڵە ناکەم بڵێم تا ئێستا لە نێوەندی نە ئەکادیمی و نەش ڕۆشنبیریدا گۆڤارێکی ئابووری نییە، قسە لە دۆزی ئابووریی تازەی کوردستان و جیهان بکا. تەنانەت لە ڕۆژنامەکان و لە نێو ڕۆشنبیرانیش نە ئەوە باوە کە بایەخ بەشیکردنەوەی ئابووری بدرێ و نەش ئابووری وەک پۆلێ زانستی شوێنی گرنگی پێدانە. وەکی تریش گشت باسە ئابوورییەکانی میدیا و ناو ڕۆشنبیران لە چەند شتێک کۆ بووەتەوە: نرخی زەوی و خانوو، بودجێتەکەی بەغا و بەشەکەی کورد لەم بودجێتە، ڕێگەدان بەسەرمایەگوزاریی بێگانە و ڕێگەکردنەوە لە بەردەم کەرتی تایبەت.

زۆر بەکورتی دەمەوێ بڵێم: ئەوی لە ڕۆژنامەکاندا بەزۆری دەنووسرێ، لەگەڵ ئەو نووسینە ڕەخنەییانەی لێرەوە و لەوێ چاپ دەکرێن، هێزی خۆیان لەو یارییە زمانەوانی و بەراوردکارییە ڕەوانبێژییەوە وەردەگرن کە بووە بەکۆڵەگەی ئەو ڕووناکبیرییە، سوفستاییەی بەرۆکی وتاری ڕووناکبیریی هەنووکەمانی

گرتووە. گەر بادیوش پێی وابێ پێویستە سەرلەنوێ دیالۆگی سیمپسیۆم (خوان) و کۆمار بۆ سوفستاییە تازەکانی سەردەم بنووسرێنەوە، دەبێ ئێمە پەنا بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی چ تێکست و کارێک ببەین؟ ئێمە کە بەبێ ئەوەی ئەفلاتوونێکمان هەبێ یان سوکراتێک، بەڵام سەدەها (پرۆتۆگۆراس و جۆرجیاس)مان هەیە، دەبێ لە کوێوە وەسەرەتا بێین؟



## چەند ئاکام و دەرهاوێشتەیەک

پێشتر و لە لاپەڕەکانی لای سەرەوە، بەتایبەت لەو شوێنانەی پێویست بوو، هزر و سیستمی فەلسەفیی بادیو بخرێتە ڕوو بۆ نموونە لە ""دەروازە"" و ""ناساندنی بادیو""، دواتر لەو چەند دێرەی لە کۆتایی نووسینی ""بادیو و داڕشتنی مانفێستێک لە پێناوی فەلسەفە"" نووسران ئەوە نیشان درا کە ویستی فەلسەفاندنی بادیو، جۆرە تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی ڕووناکبیریی خۆی هەیە کە تا ڕادەی لە مامۆستا و قوتابی و ئوپۆنێنتکانیشی جیایە. بەڵام لێرە و بۆ داخستنی ئەم بەشە و تێکڕای ئەم بەندەش کە ڕاڤەکردنی ویستی فەلسەفاندنی بادیوی لا مەبەست و پێویست بوو، بەگرینگی دەزانم لای خوارەوە چەند ئاکام و دەرهاوێشتەیەک بەرچاوی خوێنەری ئەم بەندەی کتێبەکەم کە لە هەندێک سەر و ڕووەوە لەوانە جیا بن کە پێشتر بەر تێڕامان خراون:

* منیش پێم وایە فەلسەفە مەرجە خۆی بهاوێتە خواری خوارەوەی جەستە، وەک لەوەی تەنیا ببێ بەئۆرگانێکی (ئەندامێکی) قسەکردن[٦٨]. بەڵام ئەمە چۆن دەشێ ئەنجام درێ؟ هەروەک دیتمان بادیو لە نووسینی ""مانفێست"" کارمەندییەکی گەورە لەسەر نەخشاندنی فەلسەفاندن دەکا، ئەم ئەمە تەنیا لە ڕێگەی ئەو هەلومەرجانەوە دەکا کە دەیکا بەبنەما بۆ هێنانە کایەوەی فەلسەفە. واتە فەلسەفە ئەو دەمە دەبێ کە ئەم هەلومەرجانە پێکەوە کار دەکەن. بەڵام خەوشی ئەم تێزە لەوەدایە کە لەو کۆمەڵگەیانەی یەک لەو هەلومەرجانەی تیا نەڕسکا بێ فەلسەفە سەری هەڵنەداوە تێیدا و بۆیەشە بواری سازاندنەوەی ئەستەمیی تێ دەکەوێ. بۆ نموونە لای ئێمە کە ماتماتیک (یان زانست) لە پلەی نەبووندایە، فەلسەفە لای بادیو بێ ئەم بەشە و بێ ئەم هەلومەرجە، ئەستەمە باسی لێوە بکرێ. بۆیە مرۆڤ بەخوێندنەوەی مانفێست ئەوەی بەچاکی لا ڕوون

دەبێ کە فەلسەفە واتایەک نییە بەڵکو دەبێ و دێتە کایەوە، کاتێک ئەو هەلومەرجانە دەڕەخسێن. ئەو هەلومەرجانەش کە لە یۆنانی کۆندا هەبوونە و لە ڕۆژئاوای ئەمڕۆشدا هەن ئەو هەلومەرجانەن بادیو باسیان لێوە دەکا، ئەمەش وا دەکا فەلسەفە لە درێژەی نووسینەکەی بادیو خۆی وەک باسێکی ڕۆژئاوایی نیشان بدا، بۆیە نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی لە"" مانفێست ""، هەروەک گشت کارە فەلسەفییەکانی تری فەیلەسوف و هزرەڤانانی ڕۆژئاوا، خۆی وەک نەریتێکی زاڵ و باو و ستاندارد پێشان دەدا. ئەمەش کە خەوشێکە لە خەوشەکانی کردەی فەلسەفاندنی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا، نارێکی و نادادپەروەریی ئەو مێژووە فەلسەفییە نیشان دەدا کە بووە بەدەستوورێک بۆ گشت فەلسەفەی مرۆڤایەتی. ئەڵبەتە بادیوش، لەگەڵ گشت ڕەخنە جوانەکانیشی لە شێوازی فەلسەفەکردنی هاوچەرخ، بەڵام لەم حاڵەتەدا بۆ من دیسانەوە یەکێکە لە نوێنەرانی ئەو مێژووە فەلسەفییە، ڕۆژئاواییەی خۆی بەبابی فەلسەفەی جیهان دەزانێ. واتە ئەو دەمەی بادیو لە "" مانفێست""دا باس لە واتای فەلسەفە هەروەک گشت بیریارە ڕۆژئاواییەکان دەکا، لەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕوا کە لە یۆنانی کۆنەوە پیادە دەکرێ. واتە لە وتنەکاندا شوێنێ بۆ فەلسەفەکردنەکانی ئەوی تر، ویستی فەلسەفیی شارستانیی کولتوورەکانی تر، نییە. ڕەنگە ئەمە تەنیا پێوەندی بەو دیدە ڕۆژئاواگەرییەوە نەبێ کە گشت بوارەکانی ژیانی داهێنانی گرتووەتەوە، کە ئەوی ڕۆژئاوایی نەبێ داهێنان نییە یان ناسراو و ستاندارد، نابێ بەڵکو لێرە و بۆ من پێوەندیی بە سێ خاڵی تریشەوە هەیە. خاڵی یەکەم ئەوەیە کە داهێنانە ڕۆژئاواییەکان بەهێز و بەردەوام و ڕاڤەئامێزن بەڵام گەلێ لە بەرهەم و کارە داهێنانییە غەیرە ڕۆژئاواییەکان سست و لاواز و پچڕ پچڕن، ئەمەش وا دەکا گەلێک لە بەرهەم و داهێنانە ناڕۆژئاواییەکان پەسندکراو نەبن و وەک سەرچاوە بەکار نەبرێن و نەبنە جەمسەرێک بەرامبەر بەنووسین و بەرهەمە ڕۆژئاواییەکان. بەڵام خاڵی دووەم ئەوەیە کە پرۆسەی وەرگێڕان لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانە سەرەکییە ڕۆژئاواییەکان (ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیسپانی، ئیتالی، فەرەنسی و



ڕووسی) بێ هێزن. هەرچی دوا خاڵە ئەوەیە کە بیرمەند و ڕووناکبیرە ڕۆژئاواییەکانیش شارەزای و ئاگاییەکی بەرین و قووڵیان لەسەر دۆزی داهێنانی شارستانییە غەیرە ڕۆژئاواییەکان نییە، یان گشت شارەزاییەکی و ئاگاییان تەنیا لەسەر دۆزی سیاسیی ئەو ناوچە و کولتوورانە هەیە کە بەردەوام مێدیای تازەی ڕۆژئاوا لێی دەدوێ (تیرۆریزم، کێشەی جوو-فەلەستینییەکان، مەترسیی ئێران یان کۆریای باکور).

* بادیو کە وەک فەیلەسوفی خود، ڕووداو، ڕاستی و ئەڵبەتە بوونیش، ناوی دەرکردووە ئەمە ئەو دەمە ڕووی داوە کە بادیو نووسینە زەبەلاحەکەی خۆی لە ١٩٨٨ بەناوی ""بوون و ڕووداو"" بەچاپ گەیاندووە، بەڵام خوێنەری ""مانفێست""، کە لە ١٩٨٩ چاپ کراوە، بەتەواوەتی بەری ئەم ناوداربوونەی نەخواردووە. کەواتە ئەوەی بادیو پێی ناسراوە، ڕەنگدانەوەی بەڕوونی و قووڵی لە نووسینی ""مانفێست""دا نییە و بگرە لەبری ئەوە هەندێک دیاردە و کێشەیەکی فەلسەفی لە ڕێگەی جۆرە ڕاڤەکردنێک پچڕ پچڕەوە لە ""مانفێست"" خراونەتە بەرباس کە هەموو بەسەر یەکەوە ئەو وێنەیەمان لا شیرین دەکەن کە چۆن فەلسەفە لە ئەمڕۆدا پێویستی بەسەرلەنوێ سازاندنەوە هەیە. ئەمە کە ویستی بنەڕەتیی بادیوە لە ""مانفێست"" بڕبڕەی پشتی ئەو تێزەشە کە لە بواری فەلسەفاندندا باوەڕی پێیەتی. بۆیە ئێمە هاتین و سەرەتا ڕاڤەیەکی گشتیی مانفێستمان کرد و دواتریش هاتینە سەر مەرامی بادیو لەم تێزەی لە نووسینی ناوبراو بەرچاومانی خست.

* هەروەک باس کرا لە ""مانفێست""دا بایەخێک بەگفتوگۆکردنی بیری فەلسەفیی هایدگەر بەتایبەت لەو شوێنەی پێوەندیی بەبوونەوە هەیە، ئەڵبەتە خودیش، لە ئارادایە بەڵام شێوە ئاوردانەوەکەی بادیو لە ""بوون"" لەوی هایدگەر جودایە، چونکە بادیو لە دەرگای ماتماتیکەوە دەچێتە ناو بابەتی ئۆنتۆلۆژیاوە، بەڵام هایدگەر ئەمەی لە دەرگای شیعرەوە کردووە. بادیو ئەمە لەسەر بناغەی ترادیسیۆنی ئەفلاتوون دەکا، بەڵام هایدگەر دژایەتی ترادیسۆنی ناوبراو دەکا. واتە ئەوەی کە بادیو بایەخ بەماتماتیک دەدا لە

بواری ڕاڤەکردنی بووندا نەریتێ، یۆنانی ئەفلاتوونییە کە هایدگەر خۆی لێ بەدوور گرتووە. بەڵام لە هەمان کاتدا کە بادیو گرنگی بەماتماتیک دەدا، بایەخ بەشیعریش دەدا و وەک مەرجێک لە مەرجەکانی پێکهێنانی فەلسەفەش، تەماشای دەکا کە ڕەنگە لەم ڕووەوە هایدگەری بێ، تا ئەفلاتوونی. چونکە هایدگەر دژی ترادیسیۆنی ئەفلاتوون بایەخی بۆ شیعر گەڕاندووەتەوە و ماتماتیکی لە هزراندنەکانیدا دوور خستووەتەوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی گوایە ئەفلاتوون بوونی لە بیرکردووە. ڕاستە بادیو کاریگەریی هایدگەری بەسەرەوەیە، بەڵام لە نووسینی ""مانفێست"" و لە نووسینەکانی دواتریشی ڕەخنەی ویستی فەلسەفیی هایدگەر و بگرە هایدگەرییە نوێکانی فەرەنساش (دێریدا، لاکۆ- لابارت، ژان- لۆک نانسی) دەکا، بەتایبەت لەو شوێنەی پێوەندیی بەتیۆریی خود و بابەتی ڕاستییەوە هەیە.

* ڕاستە بادیو لەو نووسینەی ئێمە ژێر تێڕامانمان خست، خۆی وەک دژە فەلسەفەی پۆست مۆدێرنەی لیوتار نیشان دەدا، بەڵام هەرگیز ئەنتی هیۆمانیست نییە، وەک ئەوەی هەندێک وای بۆ دەچن. هیچ نەبێ لەبەر ئەو هەموو قسەکردنانەی لەسەر خودی تازەی ڕۆژئاوا و ئەو ڕووداو و بوونانەی ئەم خودە پیادە دەکا و بەتایبەتیش لەبەر ئەو هەموو پشنکنینەی لەسەر واتای ڕاستی دەیکا و ئەڵبەتە پێداگرییەکانیشی لەسەر پێویستیی بۆ فەلسەفە و هەروەها هەوڵەکانی لە بواری ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی ""کۆتاییەکان"" و ئەو فەلسەفە و ڕووناکبیرییە سوفستاییەی بەرۆکی هزری تازەی گرتووە. بەڵام ئەوی لێرەدا، شوێنی ئاماژە پێ کردنە، ئەوەیە کە ناشێ لە بنڕا ئەو ڕەخنە و تیۆرییانە زیندەبەچاڵ بکرێن کە بیریارانی تەوژمگەلێکی فەلسەفیی وەک پۆست مۆدێرنە و پاش بنەماخوازی کاریان لەسەر کردن، بەڵام مرۆڤ دەکارێ تێز و ئارگومێنتی ئەو تەوژمانە و بیریارەکانی لەو شوێنانەی چارەسەر بەدەستەوە نادەن و خۆیان تەنیا وەک سەفسەتە نیشان دەدەن، ڕەخنەکان و تا پێش دەکرێ لێیان دوور کەوێتەوە. چونکە ڕەخنەکانی بیریارانی ئەو تەوژمانە تایبەت بەگەلێک دیاردە و کێشە (لەوانە: نوێنەرایەتی، سەرمایەداریی جیهانی،





ئیرۆسەنتەریزم یان عەقڵی ڕۆژئاواگەری، سێکسیزم، زانینگەری) شایانی لێ فێربوون و ئاوڕدانەوەن. بۆیە بیرۆکەی سەرلەبەر سڕینەوەی هزری فەلسەفیی فەیلەسوفانی نەوەی ١٩٦٠کانی فەرەنسام پێ ڕاست نییە.

* ئەو جۆرە سیاسەتەی بادیو بەدەم لێوەوە لە ""مانفێست""دا ڕاڤەی دەکا و سیاسەتیش دەکا بەبناغە بۆ دروستکردنی فەلسەفە و بەیەکێ لە مەرجەکانی فەلسەفەشی دەزانێ ئەو جۆرە سیاسەتەیە کە خۆی وەک سیاسەتێکی داهێنەرانە نیشان دەدا. سیاسەتی داهێنەرانەش کە بادیو دەیگەڕێنێتەوە بۆ ١٧٩٣ ئەو سیاسەتەیە کە دەبێ لە دەوڵەت دوور بخرێتەوە. واتە سیاسەت دەبێ ئەنتی (دژە) دەوڵەتی بێ و کاریشی لە ناوبردنی جیاوازییە چینایەتییەکان و کەموکوڕییەکان بێ و سیاسەتێک تا دەتوانێ دادپەروەرانە و یەکسانیخوازانەش بێ. ئەمە کە تا بڵێی تێزێکی بەبەهایە، بەڵام بادیو لەبەرئەوەی ئارگومێنتی بەهێزی بۆ مسۆگەر نەکردووە، بەباوەڕی من سەختە لە ئێستای ڕۆژئاوا ئەم جۆرە سیاسەتە بێتە دی. من نامەوێ بڵێم ئەم تێگەیشتنە یۆتۆپییە، بەڵام کارکردن و ڕوونکردنەوەیەکی زۆری پێویستە. چونکە دژایەتیکردنی پەرلەمێنتاریزم و ئەو پرۆسە دیموکراسییەی سیستمی سیاسیی هەنووکەی ڕۆژئاوا کاری بۆ دەکا، هێز و کارێ زۆری دەوێ. ڕاستە و باشیش لەوە دەگەم کە دیموکراسیەت بووە بەبیزنز بەڵام ئەمڕۆ دنیایەک خەڵک خۆیان بۆ ئەوە دەخەنە تالووکەوە و موجازەفەش بەژیانی شەخسی خۆیان دەکەن، کە بکارن شتێک لە وێنەی ژیانی سیاسیی دیموکراسیی ڕۆژئاوا لە وڵاتەکانی خۆیاندا سەر بخەن، بۆیە دەنگی بادیو لە ناو ئەم جەنجاڵە سیاسییەی لە جیهاندا لە ئارادایە، سەختە وەک خۆی بگا. ئەگینا سیاسەتی وڵاتانی هاوچەرخی ڕۆژئاوا لە گەلێک ڕوو و ئاراستەوە، تا بڵێی شایانی ڕەخنەکردن و مایەپووچکردنە. هەر لە ژێر سایەی ئەم دەرهاویشتەیە ئەوەش دەڵێم کە ڕەخنەم لە تێگەیشتنی سیاسییانەی بادیو سەبارەت بەوەی کە ""دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئامانجەکانی شۆڕشی کولتووریی ماو"" هەیە. چونکە ئەم شۆڕشە کە دڕی و دیسپلین و تیرۆرێکی زۆری بەرهەم هێنا، گەلێک لەوانەی

ناحەزی سیستمی سیاسی و ئابووریی نیو-لیبرالیزمی ڕۆژئاوان، دەیانەوێ ئەمە لە بیر بکەن. بەڵێ سیستمی ناوبراو تا بڵێی شایانی مایەپووچکردن و هێرشە، بەڵام ئەمە نابێ لەسەر حسێبی بێدەنگبوون بێ لە هەڵەی ئەزموونە سیاسییەکانی تر. تەنانەت ئەوەشم وەک خۆی بۆ هەرس نابێ کە چۆن بادیو هەوڵەکانی ماو و لینین و ترۆتسکی لە ئاست هەوڵەکانی گالیلێ و ئەنیشتاین لە بواری زانست دادەنێ؟

* دیار و زێدە بەرچاویشە کە ویستی فەلسەفیی بادیو لە نووسینی""مانفێست""دا دژی دژە ویستی ئەفلاتوونییەکانە. هەروەها ڕاستە لە ڕێگەی ئەم داژیەتیکردنەوە بەهەردوو میری سوفستایی هاوچەرخمان (نیچە و هایدگەر) دەناسێنێ و لە مەترسیی ئەو تەوژمە هیچگەرایەشمان ئاگادار دەکاتەوە کە وەرچەرخاندنی وتاری زمانەوانیی نوێ تێی خستووین، بەڵام ئەم بیرمەندە ئازیزە نە لەسەر ڕوونکردنەوەکانی بەوردی دەوەستێ و نەش بەدیلێ زۆرمان لە بەردەم ئەو میراتە بۆ قوت دەکاتەوە کە دەیەوێ لە مەغزماندا بیسڕێتەوە. ئەوی ئەو دەیڵێ ڕاستە و پێشم وایە فەلسەفەی هاوچەرخی هەنووکە بەسوفستایی و هیچگەراکان گەمارۆ دراوە بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە ناشێ لە بیر بکرێ دوو شتە: لە لایەک ئەوەی کە سوفستاییەکان زیرەکن کە ئەمە ئەفلاتوونیش باوەڕی پێی بووە و لە لایەکی تریش ئەوەی کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەو ماوە دوورودرێژەی بەردەوام بووە بێ سوفستاییەکان کاتی خۆی نەگوزەراندووە، بۆیە خستنی فەلسەفە لە هیچگەرایی و سەفسەتە کارێکی سانا و سەرپێی نییە. بەڵێ بادیو زۆر بەباشی ئامانجی خۆی لە نووسینی ناوبراو بەیان کردووە، بەوەی کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە فەلسەفە پێویستی بەسەرلەنوێ دامەزراندنەوە و دووبارە سازاندنەوە هەیە و ئامانجەکەشی تا بڵێی بەهائامێز و سوودبەخشە، بەڵام سەرخستنی ئەم ئامانجە تەکان و کۆششی تری پێویستە و دەستی یارمەتیی بیرمەند و هزرەڤانانی تریشی دەوێ.

* خوێنەری ئەم نووسینە و بەگشتیش سیستمی فەلسەفیی بادیو ئەوەی لا



یەقین و بەرچاوییە کە لاکان بۆ بادیو بایەخدەرە بەخود و بابەت لە یەک کاتدا. واتە لاکان بایەخدەرە بەبابەت لە چوارچێوەی خود. بەڵام خود لە بوونیدا هەر ئەمەش بووە تێگەیشتنی لاکان بۆ خود(٦٩). وەلی بۆ بادیو نە پێوانەی لاکان بۆ خود، بابەتی ئەو گشتییەتییەی بەخۆوە دیوە، نەش ئەوی چاخی شاعیران و تەنانەت نەش ئەوی هایدگەر. بەبۆچوونی بادیو گەر بابەت ئەو مانایەی بۆ چاخی شاعیران و یان بۆ هایدگەر نەبووبێ، بەڵام بابەت بۆ ئەو قۆناغەی کە فەلسەفە دەلکێ بەمەرجی زانستییەوە مانایەکی گەورەی هەبووە، هەروەها بۆ ئەو دەمەش کە فەلسەفە دەلکێ بەسیاسەتەوە، بۆ نموونە قۆناغی مارکسیزمی کلاسیک. چونکە زانست خۆی لەسەر بابەتیەتی بنیات دەنێ، ئەڵبەتە مارکسیزمیش ئەو بایەخەی بەخود نەداوە(٧٠). بەڵام بادیو ڕەخنەی خۆی لەو فەلسەفانە هەیە کە دەیانەوێ بابەتی بن و خود نەهێڵن. ئەمە بۆ من تا ڕادەی گشت ئەو تەوژم و ئاقارە فەلسەفییانە دەگرێتەوە کە لە پاش دێکارتەوە، بەپێچەوانەی ویستی فەلسەفیی کۆژیتۆی دێکارت، گەشەیان کردووە. با ئەوەشمان بیر نەچێ کە ئەو تەوژم و ئاقارە ئەنتی دێکارتییانەش لە ٥٠ ساڵی ڕابردوو و لە شوێنێ وەک فەرەنسا و لە ناو هاوڕێ و قوتابی و ئوپونێنتانی بادیو تا بڵێی لە لووتکەدا بووە.

وەلێ هەر تایبەت بەوی لای سەرەوە وترا شتێکی تریش هەیە کە ئەوەش ئەمەیە: گرفتەکە لەوەدایە کە بادیو وای دەبینێ کە شاعیرانی چاخی شاعیران وەک یەک تەماشای خود و بابەتیان نەکردووە. بۆ نموونە ڕامبۆ لە لایەک لە کارەکانیدا فرە خودی تێدا بەدی دەکرێ و لە لایەکی تر خود لە هەڵوەشانەوە دایە. بەڵام مالارمێ ئەو بایەخەی بەخود نەداوە یان خود لە کارەکانیدا ونە. هەرچی تراکڵە بەبۆچوونی بادیو خود لە کارەکانیدا خۆی لە کەناری مەرگدا دەبینێتەوە. بەڵام ئەوی بۆ بادیو زۆر جێی تێڕامانە سیلانە. چونکە سیلان بۆ بادیو ئەو شاعیرەیە کە زۆر بەجوانی لە پێوەندیی نێوان بابەت و خود گەیشتووە. ئەم شێوە تێگەیشتنەش بەدیتنی بادیو بۆ فەلسەفە، بۆ قۆناغی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی فەلسەفە زۆر پێویستە(٧١). بەڵام بادیو ئەوە ڕوون

ناکاتەوە پاش ئاوابوونی ""چاخی شاعیران""، مەسەلەی هەلومەرجی شیعری چی بەسەر دێ؟ یان لە ئێستادا هیوایەک بەداهێنانی شیعری دەکرێ؟

* هەروەک دیمان بادیو باس لە سێ مەسەلەی سەرەکی دەکا کە پێوەندییان بەسەرلەنوێ بنیاتنانەوەی فەلسەفەوە هەیە، یان بادیو وتەنی فەلسەفە لە ئەمڕۆدا پێویستە کار بۆ هەڵوەشانەوەی سێ لایەن بکا کە ئەمانەن: یەکەم دووانەیی و دووەم بابەت و بابەتیەتی و سێیەمیش ناجیاکارەیی. ئەوی یەکەم و دووەم کەم تا زۆر لێی دواین بەڵام ئەوەی پێوەندیی بەمەسەلەی سێیەمەوە هەیە ئەوەیە کە بادیو لە ڕێگەی ئەم مەسەلەیەوە دەیەوێ بێتە سەر زمان. بادیو باش لەوە حاڵی بووە کە قەڵەمڕەوی زمان ئەمڕۆ بووە بەدۆگمێکی گشتی، بەڵام موخابن بادیو بەخۆشی بۆچوونی بۆ زمان سادە نییە. بەڵێ بادیو لەوە بەئاگایە کە زمان نەوەک ئەوە کەوتووەتەوە کە پۆزەتڤیستەکان تێی دەڕوانن (زمانی دەقاودەق) و نەش وەک ئەوەی کە هایدگەرییەکان (ئاخاوتنی شیعری). هەروەها ڕاستە بادیو باشی بۆ چووە کە ئەم دوو لایەنە ئەوەی پێی دەڵێن تێگەیشتن لە بارەی ماهیەتی زمانەوە شێواندوویانە، بەڵام بەخۆشی تێگەیشتنێکی دیار و ڕوونی لەسەر زمان لای خوێنەری مانفێست دروست نەکردووە و ئەوەشی شی نەکردووەتەوە کە چۆن بوون لە ناو زمان ڕێ بەدی (سودفە) دەکرێ. ڕاستە ئەوەی زمان لە ناو بووندا ببینرێتەوە بابەتێکی فەلسەفیی سانا نییە بەڵام بادیو ئەم مەسەلەیە بەجۆرێک بەرباس ناخا کە تێگەیشتنێکی قووڵ لای خوێنەر لە پاش خۆی بەجێ بێڵێ. هەروەها من دەزانم بۆ بادیو گەر زمان خۆی لە ناو بووندا نەبینێتەوە، هەروەها گەر لە ناو زماندا پێشوازی لە بوون نەکرێ، ئەوا زمان دەبێ شوێنێکی تر بۆ خۆی بدۆزێتەوە جا ئەو شوێنە زمانی شاعیر بێ، یاخود نائاگایی یانیش یەزدان[٧٢] بەڵام دیسانەوە ئەوەشی بەوردی ڕاڤە نەکردووە کە مەترسیی ئەوە لە چییە گەر زمان لە بووندا نیشتەجێ نەبێ.

بەڵام بەبۆچوونی بادیو، ئەوەی لەم میحنەتە دەرمان دێنێ زانستە (وەکی تر مەبەستی ماتماتیکە). چونکە بادیو زۆر باوەڕی بەو بۆچوونەی لایبنتز هەیە کە



هیچ شتێک ناشێ ناجیاکارە بێ بۆ بیر. بەڵام بادیو ئەم پرەنسیپە لایبنتزیە بەسەر ڤیتگنشتایندا پێڕەو دەکا. ئەمەش لەبەرئەوەی بادیو پێی وایە ئەو تێزەی ڤیتگنشتاین باوەڕی پێیەتی (واتە: ئەوی مرۆڤ ناتوانێ قسەی لەسەر بکا، لەو بارەیەوە پێویستە بێدەنگ بێ) خۆی لە بەردەم پرەنسیپی لایپمتزدا ڕاناگرێ. چونکە بادیو بۆ ئەوە دەچێ کە ئەوە شتێکی ناجیاکارەیە، ئێمە لە بەرامبەر تێنەگەیشتنمان لە شتێک بێدەنگی هەڵبژێرین[٧٣]. خراپ نییە ئەوەش بیر بخرێتەوە کە ئەوەی لەم ناجیاکارەیەدا بەدی دەکرێ کە بادیو سەرنجی خۆی دەخاتە سەر، کە بەخۆی ئەو شتە سەرچاوە لە بیرۆکەی ماتماتیکییانەی لایبمنتزەوە هەڵدەگرێ، لە ڕێگەی زمانەوانییەوە گوزارەی لێ ناکرێ. بۆ من ئەمەش ناڕوونییەک لە ناخیدا گیر دەکا کە پێویستی بەواڵاکردنە. بەڵام بادیو لە ڕەخنە کورت و پەرتەکانی لە ڤیتگنشتاین ئەوە بەرباس ناخا کە ڤیتگنشتاینش بەو ڕەوانبێژی و سەفسەتەیە قەڵس دەبوو کە بەرۆکی فەلسەفەی ڕۆژئاوای گرتووە. تەنانەت ئەوەش یاد ناخاتەوە کە چەند فەلسەفاندن لای ڤیتگنشتاین بەڕێساوە پابەند بووە و لە درێژدادڕی و زۆربڵێیی بەدوور بووە.

* بادیو لە ""مانفێست"" باس لە ئەنتی فەیلەسوفەکان دەکا و هەندێکیشمان لەو فەیلەسوفە ئەنتی فەیلەسوفانە بۆ هەژمار دەکا لەوانە: لاکان، نیچە، ڕۆسۆ، پاسکال، کێرکجارد، ڤیتگنشتاین و هەندێ لە هاوچەرخەکانیش وەک لازارۆی بەڵام ئەوەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە بۆ ئەم فەیلەسوفانە ئەنتی فەیلەسوفن و؟ ئەنتی فەیلەسوفی واتە چی و چ زیانێکیشی بۆ کردەی فەلسەفەکردن هەیە؟ لەسەرێکی تریشەوە خوێنەری مانفێست ئەوە دەزانێ کە بادیو بەردەوام باس لە سوفستاییەکان، هیچگەراکان، نوێنەرانی بیری کۆتاییزم لە فەلسەفە دەکا و لەو بەینە ناوی نیچە یان ڤیتگنشتاین گۆ دەکا، بەڵام ئەمانە لە کوێ و لاکان یان پاسکال لە کوێ؟ بۆیە دەبایە بادیو ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەنتی فەیلەسوفی بدایە و ئەوەشی لێک دایەتەوە کە چۆن و بۆ فەیلەسوف دەبێ بەئەنتی فەیلەسوف.

* بەئاسانی خوێنەر لە ""مانفێست ""دا دەرک بەوە دەکا بادیو بناغە بۆ ""کۆتایی کۆتایی فەلسەفە"" دادەنێ، چونکە دۆگمای کۆتایی فەلسەفە بەشتێکی مەترسیدار دەبینێ، بەڵام لەو ڕووەوە کارێکی زۆری نەکردووە، بۆیە نەهێشتنی ئەم دۆگمایە تەکان و تەقەلایەکی تری دەوێ. نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەو دەمەش کە ڕەخنەی هایدگەر و پۆست- هایدگەرییەکان دەکا بەجۆرێک ناو روونانە، خۆی وەک کۆنترا هایدگەر نیشان دەدا و بەوەش تاوانباری دەکا زەمینەی بۆ کۆتاییی فەلسەفە خۆش کردبێ. دەکرا بادیو زۆرتر لەسەر ئەم خاڵە ڕاوەستێ و ئەو هێڵەش کە ئەنتی ئەفلاتوونی هایدگەر بەبیرۆکەی کۆتایی فەلسەفەوە دەبەستێتەوە روون کردایەتەوە.

* بادیو لە ڕەخنەکانی لە فەلسەفەی مارکسیزم، کە پشتی لە شیکردنەوەی دەروونی کردووە، باس لە ڕۆڵی کەسێک وەک ویلیام ڕایش ناکا کە چەند وانەکانی لە بارەی سێکسیزمەوە مانایان بۆ ئەو شۆڕشە کۆمەلایەتی و پەروەردە سۆسیالیزمییە هەبووە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپای کرد. هەروەها باس لە ڕۆڵی ئێپستمۆلۆیای فەرەنسیش ناکا کە چەند ئێپستمۆلۆژە فەرەنسییە نوێکان (ئاڵتۆسێر، باشلار، کانگلێم و سێر) مانایان بەدروستکردنی پردێک دا لە نێوان زانست و فەلسەفەدا. ئەمەو بادیو لە ڕەخنەکانی لە ڤیتگنشتاین ڕوونکردنەوەیەکی ڕوون لەسەر پێوەندیی نێوان بیری ڤیتگنشتاین و فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسیش نادا.

* گەر باس لە سیستمی فەلسەفیی بادیو بکەین، پێویستە ئاماژە بۆ چەند تێزێکی سەرەکی لە هزری فەلسەفیی بادیودا بکەین، کە بناغەترینیان ئەمانەن:

١- بوون چەندبارەیەکی پوختە.

٢- یەکانە واتای سەرەکی ئۆنتۆلۆژی نییە.

٣- ڕووداو چەندبارەیەکە کە بارێکی مێژوویی دراو تێ دەپەڕێنێ.

٤- ڕاستی بەڕووداوەوە گرێ دراوە نەک بەزانینەوە.

٥- ڕاستی لە ژێر سایەی چوار بەرهەمهێنەردا بەرهەم دێ: ئەوین، هونەر، سیاسەت و زانست.



٦- فەلسەفە لە ڕێگەی ئەم بەرهەمهێنەرانەوە هەیە یان لە ڕێگەی ئەم بەرهەمهێنەرانەوە ڕاستی بەرهەم دێ. چونکە فەلسەفە بەخۆی هیچ ڕاستییەک بەرهەم ناهێنێ[٧٤].

چوار تێزی ئەوەڵ بناغەی خۆیان لە گفتوگۆیەکی ماتماتیکی فەلسەفی دادەکوتن[٧٥] ئەمەو جگە لەوەی دوو تێزی ئەوەڵ بناغەن بۆ میتا-ئۆنتۆلۆژی. بەڵام بەپێی ئەو تێزانە بێ، ڕاستی دەکەوێتە دەرەوەی فەلسەفە. هۆی ئەمە چییە؟ هۆی ئەمە ئەوەیە کە فەلسەفە بەپێی سیستمی فەلسەفیی بادیو، ڕاستی بەرهەم ناهێنێ. ئەوی ڕاستی بەرهەمهێنەرە، ئەو چوار هەلومەرجەن کە لە لاپەڕەکانی لای سەرەوە باس کران. ئەمەش کە تێندێنسێکی (ئاراستەیەکی) فەلسەفیی نوێیە بۆ گەلێک لە فەیلەسوفانی نوێ وەک یەک هەرس نەبووە. بەڵام گەر هەرس بن، پێم وایە فەلسەفاندن هەنگاوێکی زۆر دەنێ.

* ڕاستی کە لای بادیو واتای هێجگار هێژایە، شتێکی مۆڵتی پلە (چەندبارەییە، فرەیە) بەڵام ڕاڤەکردنەکانی بادیو لێرە ناوەستێ و ڕاستی بەرەو ئەوەش دەبرێ کە دەبێ بەشتێک جێنریک (تەولیدی) و پرۆسەیەکی میلیتانتیش (جەنگاوەرانە). بەڵام ئەم لایەنانە هەریەکە ڕاستی بەرەو ئاقارێک دەبەن. لە لایەک ڕاستی ملکەچی، ماتماتیک دەبێ و لە لایەکی تریش ڕاستی سەربازئامێزی و جەنگاوەری لەخۆڕا حەشار دەدا. هەروەک دیشمان کە ڕاستی، ڕاستیی فەلسەفی یان ڕاستی لە فەلسەفەدا، لە ڕێگەی چوار هەلومەرجەوە پێک دێ کە یەک لەو هەلومەرجانە ماتماتیکە، کەواتە ماتماتیک بەڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێ، بۆ دروستکردنی فەلسەفە، بەڵام لەو ئەزموونە کولتوورییانەی (وەک ئەزموونی ئێمە) ماتماتیک ئەو بناغەیەی دانەکوتیووە چۆن دەکرێ فەلسەفە بێتە سازین یان ڕاستیی فەلسەفی بکرێ دروست بێ؟ لەم ڕووەوە بادیو وەلامێکی کۆنکرێت و ڕوون بەدەستەوە نادا. من دەزانم پێکهاتەی ئاکسیۆماتیکی ماتماتیک وا لە ماتماتیک دەکا گرینگ بێ بەڵام دروستبوون و گەشەی ماتماتیک ژینگەی تایبەتی خۆی هەیە و گشت کەسێ توانا و شیاویی ئەوەی تێدا نییە لەم بەشە زانستییەدا بەشدار بێ. بۆیە زۆر

ئاسایییە فەلسەفە لە هەندێک لە ئەزموونە ڕۆشنبیرییەکان لە دەرەوەی ماتماتیک (یان بەگشتی زانست) نەشونما بکا و بەپێی ئەو دارشتنە نەتەکایەوە کە بادیو نەخشەی بۆ دادەنێ.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە دەمەوێ بەکورتی بڵێم: ئێمە بەبۆچوونی بادیو بێ ماتماتیک نابینایین، بەڵام ئەم بۆچوونە مەرج نییە لە گشت شوێنێک لەم دنیایە وەک یەک تەماشا بکرێ چونکە زۆربەی کولتوورەکان وەک یەک ماتماتیکی نین و دەست و پەنجە لەتەک ماتماتیکدا نەرم ناکەن. بۆیە دروستبوونی فەلسەفە لە هەندێک شوێن و ناوچەی ئەم دنیایە گەر بەپێی ئەو دەستووره بێ، کە بادیو دایڕشتووە کێشاوی و تەگەراوی دەبێ. من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم هەندێ کولتوور و ناوچە لە بنڕا ماتماتیکین و ئەوی تریش نا-ماتماتیکین، بەڵام زۆر ڕاشکاوانە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بەشێک لە کولتوور و ناوچەکان ئەو بایەخەیان بەماتماتیک نەداوە و هزرێکی ماتماتیکی تێیدا زاڵ و باو نەبووە. بۆیە گەر ئەمە وا بێ لەو کۆمەڵگانە فەلسەفاندن لە مەترسیدا دەژێ.

* ناواخنی بەشێک لە لاپەڕەکانی لای سەرەوە هەر ئەوە نەبوو، هیچگەرای کە دێ، ئەڵبەتە لە ئاکامی هاتنی تەکنیکەوە، پرسیاری ئەوە دێنێتە گۆڕێ کە ""ئەرکی فەلسەفە لە کوێ دایە؟""بەڵکو ئەوەش بوو کە بۆ من ئەستەمە شیکردنەوەی بیرۆکەی پێکهێنانەوەی فەلسەفە و تەنانەت بەردەوامبوون لەسەر ویستی فەلسەفاندنیش، بێ دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر خودی واتای ئەرکی فەلسەفە. چونکە شیکردنەوەی ئەرکی فەلسەفە زۆر گرینگ و پێویستە و یارمەتیدەرێکی باشیشە بۆ گەیشتن لە ئامانج و کار و کردەوەکانی فەلسەفە و خودی کردەی فەلسەفاندنیش.

* نووسینەکەی بادیو نووسینێکی پەڕت و کورت و چڕە. بەڵام من هەوڵم داوە بەسەر ئەو لایەنانەدا تا ئەندازەیەک زاڵ بم، هەروەها بادیو لە گەلێک بڕگەی نووسینەکەیدا پرسیاری زۆر دەخاتە ڕوو، بێ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە کە بەباوەڕی من زۆر بایەخدارن، ماناداریشن بۆ



کردەی فەلسەفەکردنی هاوچەرخ بەڵام من لە لایەن خۆمەوە هەوڵم داوە بەپێی توانا پرسیارەکانی بادیو وەڵام بدەمەوە و تەنانەت پرسیاری ناهاوشێوە و پێچەوانەشی لێ دروست بکەم.

بەڵام ئەوی لەو چەند لاپەڕەیەی لای سەرەوە، سەبارەت بەبادیو وترا، بەرەو ئاکامگەلێکی ئەوتۆشی بردووم پێ لەسەر ئەوە داگرم کە بادیو لە ڕێگەی ئەو کارەوەی، واتە ""مانفێست بۆ فەلسەفە""، دەستکاریی ڕیزێک پرسیاری فەلسەفیی بنەڕەتی دەکا کە هەوەس بەبەر فەلسەفەکردن دەخەن. بەڵام ئەم شێوە نووسینانە، فەلسەفاندنانە، کە لە ئاستێکی گڵۆباڵدا بەچاپ دەگەیەنرێن کۆمەڵێ گفتوگۆ تایبەت دەخاتەوە کە ڕەنگە لەو ڕۆشنبیرییانەی لەسەر خوێندنەوەی ئەم جۆرە نووسینانە ڕانەهاتوون یاخود مێژوویەکی فەلسەفی و ڕووناکبیریی دییان هەیە، وەک خۆی لە دووری لێکدانەوە و بینین و لایەنە جۆراوجۆر و جوداوازەکانی ئەو وێنە و سێرکردنانە نەگەن کە ورووژێندراون. بۆیە ئەم نووسینەی من کە مشتومری کارێکی فەلسەفیی لەو جۆرە دەکا، دوور نییە، سەختی نەیەتەپێش و ئەگەری ئەوەش هەیە ماوەیەک بخایەنێ تا پێوەندییەک لە نێوان خۆی و نووسەر و ڕەخنەگرانی کورد دروست دەکا.

## پەراوێز و سەرچاوەکانی بەندی یەکەم

**١– دیاردەی بەفەرەنسیبوونی فەلسەفە**

1- Descombes, Vincent Modern fransk filosofi 1933- 1978 översättning: Gustaf Gimdal, förord: Staffan Carlshamre, Göteborg: Röda bokför, 1988, S. 9.

2- Ibid, S. 23.

3- Kemp, Peter Språk och Existens. Moderna franska filosofer. överättning: Svante Hansson, Liber Förlag Stockholm, 1979, S. 7.

4- Ibil, S. 7.

5- Ibil, S. 8.

* لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو نووسینەی بەنێوی ""کۆنتراست"" لە هەفتەنامەی جەماوەر و دواتر لەسەر لاپەڕەکانی ماڵپەری دەنگەکاندا لە ٢٠٠٥ دا بڵاومان کردووەتەوە، بەتایبەت ئەو بەشەی لەم مەسەلەیە دەدوێ: دابەشبوونی نێودەوڵەتییانەی فەلسەفە، بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پراکتیکی، هەروەها فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و فەلسەفەی شیکردنەوەیی

6- Kemp, Peter Döden och maksinen: en introduktion till Jacques Derrida. Översattning: Ulf Eriksson, Symposion, 1993, S. 216.

لەو لاپەڕەیەدا کە ئاماژەم پێ کردووە، پێتەر کێمپ بۆ ئەوە دەچێ کە هەڵوەشانەوەگەریی دێریدا ناشیاوی دۆزیوەتەوە

7- Olsson, Anders Okanda texten: en essa om tolkningsteori från kyrkofäderna till Derrida, Bonnier, 1987, S. 670.

ئەم کتێبەی ئەندەش ئۆلسۆن (تێکستی نەناسراو: سەروتار لەمەڕ تیۆریی لێکدانەوە، ١٩٨٧) لەگەڵ کتێبەکەی ستافان کارلشامەر (زمان و کات، ١٩٨٦) کە تێزی دکتۆرانامەکەیەتی و تا ئێستا لە ئینگلیزییەوە نەکراوە بەسویدی، دوو سەرچاوەی تاکن کە ڕووناکبیرانی سویدی لەمەڕ دێریدا نووسیویانە.

٨– لەم بارەیەوە بڕوانە پێشەکییەکەی ستافان کارلشامەر کە بۆ کتێبەکەی ڤینسینتی نووسیوە
Descombes, Vincent Modern fransk filosofi 1933- 1978, S. 8.

9- Descombes, Vincent Modern fransk filosofi 1933- 1978, S. 10.

10- Ibil, S. 12.

11- Ibil, S. 12.

**٢– ناساندنی بادیو**

١– لەم بارەیەوە بچۆ سەر ئەو پێشەکییەی هانس ڕوین بەزمانی سویدی بۆ کتێبی شیبۆلێتی دێریدای نووسیوە:
Jacques Derrida. Schibopleth. Oversattning: Aris Fioretos & Hans Ruin, Symposion, 1990, S. 11.



2- Alain Badiou. Polemics. Translated and with an Introduction by Steve Corcoran, London, Verso, 2006, P. 102.

٣– باشترین کتێبێک کە تا ئەمڕۆ لەسەر بادیو نووسرابێ وای بۆ دەچم کتێبەکەی پێتەر هالواردە بەناوی بادیو: "خودێ بۆ ڕاستی". ئەم کتێبە کە پێشەکییەکی نایابی لە لایەن سلاڤۆی زیزکەوە بۆ نووسراوە یارمەتیدەرێکی چاکە بۆ گەیشتن لەو پۆلانەی بوونە بەشوێنی فەلسەفاندنی بادیو. بۆ ئەم مەبەستە بڕۆ سەر ئەم سەرچاوەیە:
Peter Hallward. Badiou: a subject to tuth. Foreword by Slavoj Zizek. Minneapolis: Minnesota University Press London, 2003.

4- Alain Badiou. Metapolitics. Translated by Jason Barker. London, Verso. 2004, P. xxxi.

٥– بڕوانە ئەم کتێبەی بادیو ""نووسینە تیۆرییەکان"". ڕای براسەر و ئەلبێرتۆ تۆسکانۆ پێشەd;[dd; کورتیان بۆ کتێبی ناوبراو نووسیوە و لەوێرا سیستمی بادیو دەستنیشان دەکەن.
Alain Badiou. Theoretical Writings. Edited and translated by Ray Brasser and Alberto Toscano, London, Continuum, 2004, P. x.

٦– بڕوانە ئەو پێشەکییەی بادیو بۆ کتێبەکەی خۆی نووسیویەتی کە ڕوونکردنەوەش دەدا لەسەر ئەوی وەرگێڕەکانی سەبارەت بەسیستمی بیری ""ئەو"" وتوویانە. بڕوانە ئەم سەرچاوەی لای خوارەوە:
Alain Badiou. Theoretical Writings. Edited and translated by Ray Brasser and Alberto Toscano., London, Continuum, 2004, P. xiv.

7- Alain Badiou. Briefings on Existence. A Short Treatise on Transitory Ontology. Translated, edited and with an introduction by Norman Madarasz. State University of New york  Press, 2006, p. x.

8- Alain Bdiou. Ethics. An Essay on the Understanding of Evil. Translated by Peter Hallward. London, Verso, 2001, P. xxxi.

٩– وەرگێڕی کتێبەکەی بادیو دولۆز: "قیژەی بوون" زۆر بەڕوونی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە بادیو لە ڕێگەی دولۆزەوە دێتە سەر بابەتی بوون و چەندبارەی. بادیو ئەم گەڕانەوەیەی لەم کتێبە بۆ سەر دولۆز ڕەخنەگرانەیە، چونکە ڕەخنەی میتافیزیکی دولۆز دەکا. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە دەروازەکەی وەرگێڕ لویس بورچیل بەنێوی ""پۆرترێتگەری لە فەلسەفە"" کە بۆ کتێبەکەی بادیوی نووسیوە:
Alain Badiou. Deleuze: The Clamor of Being. Translated by Louise Burchill, London, M inneaolis: University of Minnesota Press. 1997, P. x.2

١٠– جاسۆن بارکەر کە یەکێکە لە بادیوناسەکان و وەرگێڕی چەند کارێکی بادیوشە، لەو پێشەکییەی بۆ کتێبی ""میتاپولیتیک""ی بادیوی نووسیوە ئاماژە بەوە دەکا کە بادیو گومانێکی ڕەخنەی لە تێگەیشتنی فەلسەفی ئەو دوو بیریارە فەرەنسییە (واتە دولۆز و لیوتار) دەکا کە بوونە بەسەرچاوەی بیری لە بارەی دوکتورینی چەندبارەییەوە (مۆڵتی پلیسیتێ) و، هەرچی

بیری خۆشیەتی ئەوا بادیو وەک بیرێکی ماتماتیکی لەو ڕووەوە دەیبینێ. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە پێشەکییەکەی بارکەر:
Alain Badiou. Metapolitics. Translated by Jason Barker. London, Verso. 2004, P. xxi

١١- بڕوانە ئەو پێشەکییەی بادیو بۆ کتێبەکەی خۆی "میتاپۆڵیتیک" نووسیویەتی. لەوێرا بەوردی گەشەی بیری سیاسیی خۆی بەردەست خوێنەری کتێبەکەی دەخا. بڕوانە ئەم لاپەڕانە:
Alain Badiou. Metapolitics. Translated by Jason Barker. London, Verso. 2004, P. xxxiv- xxxv.

12- Alain Badiou. Theoretical Writings. Edited and translated by Ray Brasser and Alberto Toscano., London, Continuum, 143, 2004, pp 152,

13- Peter Hallward(ed). Think Again: Alain Badiou and the future of philosophy. London, Continuum, 2004, P. 12.

14- Alain Badiou. Manifest för filosofin & Vad är kärlek? Urval & introduktion av Dariush moaren Dost. översätnin: Carin Franzen, Glänta produktion, 2005, S. 28.

15- Alain Badiou. Briefings on Existence. A Short Treatise on Transitory Ontology. Translated, edited and with an introduction by Norman Madarasz. State University of New york Press, 2006, p. ix.

16- Alain Bdiou. Ethics. An Essay on the Understanding of Evil. Translated by Peter Hallward. London, Verso, 2001, P. xii.

17- Alain Badiou. Manifest för filosofin & Vad är kärlek? Urval & introduktion av Doust. överätnin: Carin Frannen, Glänta produktion, 2005, S. 13.

18- Alain Badiou. Deleuze: The Clamor of Being. Translated by Louise Burchill, London, M inneaolis: University of Minnesota Press. 1997, P. viii.

19- Alain Badiou. Briefings on Existence. A Short Treatise on Transitory Ontology. Translated, edited and with an introduction by Norman Madarasz. State University of New york Press, 2006, p. 17.

20- Alain Badiou. Theoreical Writings. Edited and translated by Ray Brasser and Alberto Toscano., London, Continuum, 2004, P. x.

٢١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

22- Alain Badiou: Fifteen Theses on Contemporary are December 4, 2003, Lacanian ink 22. online.

23- Alain Bdiou. Ethics. An Essay on the Understanding of Evil. Translated by Peter Hallward. London, Verso, 2001, P. xxi.

٢٤- Ivi, xxxi هەمان سەرچاوە لاپەڕەی

## ٣- دارِشتنی مانفێستێک لە پێناوی فەلسەفە

* بەشێک لە بابەتەکانی ئەم بەشە لە دوو هەفتەنامەی ""ڕۆژهەڵات"" کە لە سنە دەردەچێ ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بڵاو کراوەتەوە.



١- ئالان بادیو. مانفێست بۆ فەلسەفە. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ سەر ڕووسی ڤیکتۆر لاپیتسکۆڤە. پێتەربۆرگ، چاپخانەی ماشینە، ٢٠٠٣، لا ٩, -بەڕووسی-

٢- هەمان سەرچاوە بەڕووسی لا ١٠

٣- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٤- هەمان سەرچاوە لا ١١

٥- هەمان سەرچاوە لا ١٣

٦- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە

٧- لەم ڕووەوە داوا لە خوێنەر دەکەم بگەڕێتەوە سەر ئەم دوو کارەی بادیو، یەکەم کتێبی ""بوون و دیاردە""، هەروەها نووسینی ""گەڕانەوەی فەلسەفە خۆی"" کە لەگەڵ نوسخەی ئینگلیزی کتێبی ""مانفێست بۆ فەلسەفە"" بڵاو کراوەتەوە. هەروەها کتێبەکەی پێتەر هالواردیش بەناوی""ئالان بادیو: خودێک بۆ ڕاستی"".

٨- بڕوانە لاپەڕەی کولتووری ڕۆژنامەی داگنس نیوهێتەری سویدی ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١١/١٧ کە لە نووسینی تۆماس ئاندەربێرە.

9- Alain Badiou Manifesto for philosophy by Tow essays: The (Re)turen of philosophy itelf and Definition of phlosophy. Translated, edited, and with an introduction by Norman Madarasz., Stare University of New york Press, 1999, 141.

١٠- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

١١- هەمان سەرچاوە، لا ١٤٣

١٢- هەمان سەرچاوە، لا ١١٣

١٣- هەمان سەرچاوە، لا ١١٤

١٤- هەمان سەرچاوە، لا ١١٦

١٥- هەمان سەرچاوە، لا ١١٦

١٦- هەمان سەرچاوە، لا ١١٧

١٧- لێرەدا مەبەست ئەم دوو کارەیە:"" تراکتاتۆس لۆژیکۆ- فیلۆسۆفیکۆس""، "" تویژینەوە فەلسەفییەکان"".

١٨- لەم ڕووەوە بڕوانە لاپەڕەکانی پاش ١١٧ لە سەروتاری ""گەڕانەوە فەلسەفە خۆی"". ئەم سەرچاوەی لای خوارەوە.

١٩- هەمان سەرچاوە، لا ١١٩

.٢- ""کۆمار"" و ""سیمپسیۆم"" دوو کاری فەلسەفیی ئەفلاتوونن.

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٦

٢٢- هەمان سەرچاوە، لا ١٣٦

٢٣- -ئالان بادیو. مانفێست بۆ فەلسەفە. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆسەر ڕووسی، فیکتۆر لاپیتسکۆڤە. پێتەربۆرگ، چاپخانەی ماشینە، ٢٠٠٣، ل١٤١. - بەڕووسی-

٢٤- لەم بارەیەوە بڕوانە ئەو دەروازەیەی داریوش موعاوەن دۆست بۆ نوسخە سویدییەکەی ""مانفێست بۆ فەلسەفە""ی نووسیوە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Alain Badiou. Manifest för filosofin & Vad är kärlek? Urval & introduktion av Dariush Moaven Doust. Översätnin: Carin Franzen, Glänta produktion, 2005, SS. 8- 12.

٢٥- بڕوانە دەروازەکەی مواڤین دۆست، ل ٧

٢٦- بڕوانە نوسخە ڕووسییەکەی ""مانفێست بۆ فەلسەفە"" کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە.""بڕوانە ل ١٨

٢٧- لەم سەرچاوەیەدا بڕوانە ئەو مێزگردەی دێریدا لەتەک چەند نووسەرێ ئەنجامی داوە کە بەخۆی لە بارەی ئەو تێکستەوەیە کە ناوبراو لەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەدا پێشکێشی کردووە کە لە بارەی وتاری هۆمانییەوە بووە کە لە ئەپریلی (نیسانی) ١٩٩٤دا بەستراوە. دێریدا لەوێڕا باسێ لە ژێر ناوی""لەمەڕ دیسپلینی هیۆمانی و فەلسەفی: ماف بۆ فەلسەفە لە ڕوانگەی کۆسمۆپۆلیتیکییەوە"" پێشکێش دەکا. خودی ئەم تێکستەی دێریدا خۆی لەسەر ئەو باسە پێک هێناوە کە دێریدا لە ئایاری ١٩٩١دا لەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییە پێشکێشی کردووە کە یۆنسکۆ لە پاریس سازی کردووە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

,edited, and with commentrary by Peter pericles Derrida, J, Ethics, Institutions, and the right to philosophy, translated Trifonas, Lanham Md: Rowman & Littlefiled. 2002, P.22

٢٨- هەمان سەرچاوە ل ١٧ و ٣٧

٢٩- بڕوانە نوسخە ڕووسییەکەی کتێبی ""مانفێست""، ل ١٦

٣٠- هەمان سەرچاوە، ل ١٨

٣١- هەمان سەرچاوە، ل ٢١

٣٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢١

٣٣- هەمان سەرچاوە، ل٢١

٣٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٢

٣٥- هەمان سەرچاوە ل ٢٣

٣٦- هایدگەر، ١٩٧٢:ل ٥٧

٣٧- هەمان سەرچاوە ل ٢٣

٣٨- هایدگەر ئەم بۆچوونانە لەو لێدوانە دەخاتە بەرباس کە هەفتەنامەی ""دێر شبیگل""ی ئەڵمانی لەتەکیدا سازی کردووە. لێرەدا دەمەوێ چەند سەرنجێک لە بارەی ئەم لێدوانەی هایدگەرەوە



بخەمە بەرچاو خوێنەر کە هەفتەنامەی دیر شبیگلی ئەڵمانی لە سێپتەمبەری ١٩٦٦دا لەتەکیدا ئەنجامی داوە. لێدوانی ناوبراو ئەو دەمە لەتەک هایدگەردا کراوە کە لە ئەڵمانیا لە مێدیاکاندا باس لە پێوەگلانی هایدگەر بەدیاردەی نازیزمەوە دەکرا. هەفتەنامەی ناوبراو لە ئاداری ١٩٦٦ نامەیەکی لە لایەن هایدگەرەوە بەدەست دەگا کە تێیدا هایدگەر هەندێک ڕوونکردنەوە سەبارەت بەو مەسەلانە بەرچاو دەخا کە لە مێدیاکاندا لە بارەی ئەو پێوە گلانەوە دەوترێ بۆیە لە سێپتەمبەری هەمان ساڵ دوو کەسی ئەو هەفتەنامەیە "ڕودۆڵف ئۆگستین، جۆرج فۆڵف" پلان بۆ سازدانی لێدوانێک لەتەک هایدگەردا دادەڕێژن. بەڵام لەسەر داوای هایدگەر بڵاوکردنەوەی ئەم لێدوانە بۆ پاش مەرگی هەڵدەگیرێ بۆیە لێدوانەکە لە ٣١ی ئایاری ١٩٧٦دا بڵاو دەکرێتەوە. ئەم لێدوانە لە هەمان ساڵدا لە لایەن ماریە پ. ئاڵتەر و پۆن د. کەپوتۆ کراوە بەئینگلیزی. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە.

The Heidegger controversy: A Critical Reader, Edited by Richard Wolin, The Mit Press, Lodon, 1993, P. 110.

٣٩- هەمان سەرچاوە، ل١١١

٤٠- نوسخەی ڕووسیی مانفێست، ل ٢٥-٢٤

٤١- هایدگەر لە لێدوانێکدا گوزارە لەم مەترسییە دەکا کە لە ٢٤ی سێپتەمبەری ١٩٦٩ لەگەڵ ڕیکارد فیسەر ئەنجامی داوە کە لە هەمان ڕۆژدا لە کەناڵی دووی تەلەفزیۆنی ئەڵمانی پەخش کراوە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: العرب و الفكر العالمی، العدد الرابع خريف ١٩٨٨، ل ٣

٤٢- بڕوانە ئەو لێدوانەی لە هەفتەنامەی"" دێر شبیگل""ی ئەڵمانی لەگەڵ هایدگەردا ئەنجام دراوە. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

The Heidegger controversy: A Critical Reader, Edited by Richard Wolin, The Mit Press, Lodon, 1993, P. 106.

٤٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦-١٠٥

٤٤- عبدالسلام بنعبدالعالی. اسس الفكر الفلسفی المعاصر. دار التوبقال للنشر، المغرب، ١٩٩١: ل ٣٩

٤٥- هەمان سەرچاوە ل ٤١-٣٩

46- Heidegger, Martin, Varat och Tid. Del, Lund: Doxa. 1981, S. 66.

٤٧- بڕوانە لێدوانەکەی ڕێکارد فیسەر لەتەک هایدگەر ل ٥

٤٨- بڕوانە لێدوانەکەی هەفتەنامەی دێر شبیگلی ئەڵمانی ل ١٠٧

٤٩- هۆلفگانگ شیرماشەر، ١٩٨٤، ٦٠٩-٦٠٣

٥٠- بڕوانە لێدوانەکەی هەفتەنامەی دێر شبیگلی ئەڵمانی ل ١٠٩

٥١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١١

٥٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠

٥٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٠٣

٥٤- بڕوانە نوسخەی ڕووسیی کتێبەکەی مانفێست، لا ٢٦

٥٥- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٦

٥٦- بڕوانە دەروازەکەی دۆست کە لای سەرەوەش ئاماژەی پێ کراوە، لا ٧

٥٧- بڕوانە کتێبەکەی بنعبدالعالی، لا ٤٣

٥٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٣

٥٩- هایدگەر، ١٩٧٢: لا ٦٧

٦٠- هەمان سەرچاوە، لا ٥٧

٦١- بڕوانە لێدوانەکەی هەفتەنامەی ئەڵمانی، لا ٧٣

٦٢- بڕوانە کتێبەکەی بنعبدالعالی، لا٤٤

63- Martin Heidegger. Brev om humanism. Översättning: Daniel Birmbaum och Sven- Olov Wallenstein, Stockholm, Thales, 1996.

٦٤- بڕوانە ئەو لێدوانەی ڕێکارد قیسەر لەتەک هایدگەردا ئەنجامی داوە، لا ٤

٦٥- باشترین سەرچاوە لەم ڕووەوە پێم وایە، ئەم بەرهەمەی هایدگەرە: ""نامە لەمەڕ هیۆمانیزم"" کە لای سەرەوەش ئاماژەی پێ کراوە.

٦٦- بڕوانە مانفێست لا ,٢٨

٦٧- بڕوانە هەمان سەرچاوە، لا ,٣١

٦٨- بڕوانە لێدوانەکەی قیسەر، لا ,٤

٦٩- بڕوانە مانفێست، لا ,٣٢

**٤- شرۆڤەکردنی مەرامی فەلسەفیی بادیو لە ""مانفێست بۆ فەلسەفە""**

١- ئالان بادیو. مانفێست بۆ فەلسەفە. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ سەر ڕووسی، فیکتۆر لاپیتسکۆڤە. پێتەربۆرگ، چاپخانەی ماشینە، ٢٠٠٣، لا, ٣٤ -بەڕووسی-

٢- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ,٣٥

٣- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە.

4- Alain Badiou. Infinte Thought: Truth and the return to philosophy. Translated and by Oliver Feltham and Justin Clemens. London: Continuum, 2003, S. 1630.

٥- بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخەی ڕووسی، لا ,٣٥

٦- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

٧- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا,٥٢

٨- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ,٣٩

٩- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.



١٠- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٠

١١- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

١٢- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

١٣- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٤١

١٤- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

١٥- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

١٦- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٧

١٧- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

١٨- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

١٩- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٢.

٢٠- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٥٥.

٢١- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٢

٢٢- هەندێک لایەنی ئەم چەند دێرەی لێرە تایبەت بەبینینی فەلسەفییانەی دێریدا لە بارەی سیلانەوە دەخرێتە بەرباس لە هەندێک ڕووەوە، سەرچاوە لەو بینینانەوە هەڵدەگرێ چەند ساڵێک لەمەوبەر (١٩٩٨) لە دوو توێی نووسینێکدا بەنێوی""ئێپۆکی پاش بنەماخوازی: لەمیانەی خستنە ڕووی بیری ژاک دێریدا""بڵاومان کردووەتەوە کە دواتر لە دوو توێی کتێبێکدا دووبارە بڵاو کراوەتەوە کە ناوی"" بیری پۆست مۆدێرنیزم""ی لە خۆ گرتووە. بڕوانە بیری پۆست مۆدێرنیزم چاپی سوید ٢٠٠١، لا ٣٤١- ٣٣٧.

23- Jacques Derida. Schibboleth. Översättning: Aris Fioretos & Hans Ruin, Symposion, 1990. S. 45. 23

وەکی تریش دەمەوێ لێرە ئاماژە بەوەش بکەم کە بۆ خوێنەرانی سویدیزانی ئەم بەشە نووسینەی من لەسەر سیلان نووسیومە باشترە بگەڕێتەوە سەر بەشێک لەو شیعرانەی سیلان (کە لە نووسینەکەی من یان ئەوی دێریدا، واتە شیبۆلێت، ناویان هاتووە) کە لە ژمارەی ٣٥-٣٤ی گۆڤاری"" کریز""ی سویدی ساڵی ١٩٨٧ بڵاو کراوەتەوە کە لە وەرگێڕانی دوو فەیلەسوفی سویدییە بەناوی سڤێن- ئۆلۆڤ والنشتاین و ئەوی تر دانییێل بیرنباوم.

٢٤- بڕوانە هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕەی پێشوو.

٢٥- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ,٣٧

٢٦- بڕوانە ئەو پێشەکییەی هانس ڕوین، وەرگێڕی کتێبەکەی شیبۆلێتی دێریدا، نووسیویەتی. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە و لا ١٩:

Jacques Derrida. Schibboleth. Översättning: Aris Fioretos & Hans Ruin, Symposion, 1990. S.

٢٧- سەبارەت بەو خاڵەی کە کاریگەریی فەلسەفەی هوسرل لەو شیکردنەوەیە بەسەر دێریداوە دیارە لەم ڕووەوە، بڕوانە ئەم لاپەڕانەی پێشەکییەکەی هانس ڕوین لا١٣، ١٦، ١٧

28- Engführun

٢٩- هەروەک لای سەرەوە ئامـاژەی پێ کراوە، نووسینەکەی شیبۆلێتی دێریدا، لە لایەن دوو وەرگێڕی سویدییەوە کراوە بەسویدی کە یەک لەوانە هانس ڕووینە و ئەوی تر ئاریز فیۆرێتۆسە. هانس ڕوین پێشەکییەکی بۆ وەرگێڕاوەکە نووسیوە کە لای سەرەوەش ئاماژەی پێ کرا، بەڵام وەرگێڕی دووەم نووسینێکی لەتەک کتێبەکەی دێریدا بڵاو کردووەتەوە بەناوی ""هیچی""یەوە کە لە شێوەی پاشەکی لەگەڵ وەرگێڕاوەکە چاپ کراوە. بەخۆی ئەو نووسینەی فیۆریتۆس لە ساڵی ١٩٨٨ لە یەکێ لە زانکۆکانی ئەمەریکا لە کۆنفرانسێک لەژێرناوی""ستینۆگرافیی هیچی""پێشکێش کراوە.

لەم ڕووەوە بڕوانە نووسینەکەی ئاریز فیۆریتۆس، لا ,١٤٧

30- Philippe Lacoue- Labarthe. Poetry as Experience. Translated by Andrea Tarnowski. Stanford University Press 1989. S. 8.

٣١- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لا ,٣٢

32- Tübingen

٣٣- بڕوانە کتێبەکەی لای سەرەوەی فیلیپ لاکۆ- لابارت، ,٣٣

* Todtnauberg

٣٤- ئەگەرچی لەم دواییە کتێبێ لەسەر سیلان و هایدگەر بەچاپ گەیەندراوە، بەڵام بەباوەڕی من وردەکاریی ئەو ژوانە تا هەنووکە بەرباس نەخراوە. بۆ ئەوانەی مەستی ئەم ژوانە و بیری سیلانن، دەکارن بگەڕێنەوە سەرئەم سەرچاوەیە کە لەم دواییە چاپ کراوە:
Paul Celan and Martin Heidegger: An Unresolved Conversation, 1951- 1970. James K. Lyon 2006.

بەخۆی ئەو ژوانە نهێنییەکەی لەوەدا نییە کە شاعیرێک لەگەڵ فەیلەسوفێک کۆ دەکاتەوە بەڵکو نهێنیی ئەم ژوانە، لەوەدایە باسی بەسەرهاتێک دێنێتەوە بیرمان تا بڵێی بوارە بۆ هزراندن. ئەو بەسەرهاتەش بەکورتی لە لایەک سیلانمان بیر دەخاتەوە کە قوربانیی ئەو بەسەرهاتەیە و لە لایەکی تریش هایدگەرمان بیر دەخاتەوە کە لەو بەسەرهاتە بێدەنگ بووە.
ڕاستە پێش ئەم ژوانە ئەم دوو لایەنە (سیلان و هایدگەر) یەکتریان خوێندووەتەوە و گوێبیستیناوی یەکتر بوونە، بەڵام هێمنی و نهێنییەک ئەو گوێبیستییەی ڕاگرتووە، کە کەم کەس لێ دەگا. هۆی بنچینەیی ئەو مەسەلەیەش جووبوونەکەی سیلان و هەروەها بێدەنگییەکەی هایدگەر بووە لەو قەتڵوعامەی لە سەردەمی نازییەکان لە ئەڵمانیا بەسەر جووەکان هاتووە، کە باوک و دایکی سیلان لە قوربانییەکانی ئەو قەتڵوعامەن..
دەمەوێ هەر لەبەر سایەی ئەم پەڕاوێزە ئەوەش یاد بخەمەوە کە ڕۆژێک پێش یەکتربینینەکە،



واتە لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٦٧ سیلان لە زانکۆی فرێبۆرگ شیعری خوێندووەتەوە. بەڵام ڕۆژی دواتر لەگەڵ هایدگەر لە تۆتنوبیری یەکتر دەبینن کە شوێنی نیشتەجێبوونی هایدگەر بووە. پاش یەکتربینینەکەش سیلان بەرەو پاریس دەگەڕێتەوە و لە ڕێگە سیلان شیعرێک لە بارەی ئەو ژوانەوە دەنووسێ و ناوی شوێنی یەکتربینینەکەی لێ دەنێ (واتە تۆتنوبیری). گەلێ لەوانەی لەسەر پێوەندیی سیلان و هایدگەر قسە دەکەن، بەگەرمی لە بارەی ئەم ژوانەوە دێنە پەیڤین، بەڵام تا ئەوڕۆ، شتێکی دیاریکراو لەسەر ئەو ژوانە کە شایانی تێڕامان بێ نەوتراوە (بڕوانە پەڕاوێزی ٤٥ لە کتێبی ""شیبۆلێت""ی دێریدا و لە لاپەڕەی ١٢٨ کە لە نووسینی ئاریز فیۆرێتۆسە، هەروەها بڕوانە کتێبەکەی لاکۆ- لابارتیش).
وەکی تریش بەباشی دەزانم هەر لێرە چەند دێرێک لەسەر ژیانی سیلان بەکورتی بنووسم تا خوێنەر شارەزاییەکی لەسەر بەشێ لە هەقایەتەکانی سیلان هەبێ.
سیلان لە ١٩٢٣ لە بنەماڵەیەکی جوو لە شارۆچکەیەکی ڕۆمانی بەناوی شێمیڤفیسی هاتووەتە دنیاوە. ئەم شارە لە ١٩٤١ لە لایەن هێزە ڕۆمانی و نازییە ئەڵمانییەکانەوە داگیر دەکرێ و جووەکانی ئەم شارە بەخێزانی سیلانەوە ڕاپێچی ئۆردووگا زۆرەملێکان دەکرێن. باوک و دایکی سیلان لە ماوەی مانەوەیان لەو ئۆردووگایانە وەک گشت جووەکانی تر دەمرن و سیلان نەبێ کە پاش هاتنی لەشکری سووری یەکیەتی سۆڤیەتی ئەو دەمە بۆ سەربەستکردنی گیراوەکانی ئەو ئۆردووگا زۆرەملێیانە، دەربازی دەبێ. ئەڵبەتە سیلان پاش دەربازبوونی لە ئۆردووگا زۆرەملێکان ماوەیەک لە بوخارست و دواتر ڤیەننا دەژی و لە ١٩٤٨ بەرەو پاریس کۆچ دەکا و تا کاتی خۆکوشتنی لە ئەپریلی ١٩٧٠ لەوێ دەژی. پاش دوو ساڵ لە خوێندن دەبێ بەمامۆستای زمان و ئەدەبی ئەڵمانی لە ئێکۆل نۆرمال سوپەریێر لە پاریس کە یەکێکە لە کۆلێژە ناودارەکانی فەرەنسا، لە ساڵی ١٩٥٢ گیسیلە لێسترانژی خواستووە کە، ژنە گرافیکەرێکی فەرەنسی غەیرە جوو بووە و کوڕێکی بەناوی ئێریک لێ بووە. ئەڵبەتە پێوەندیی سیلان و هاوسەرەکەی بەماوەیەک پێش مردنی لەوپەڕی خراپیدابووە و گەلێ دراماش لەو بارەوە دەگێڕدرێنەوە. لەم دواییەش ئێریک و هاوسەرەکەی سیلان کتێبێکیان بەچاپ گەیاندووە بەناوی ""کۆریسپۆندێنس"" کە ئەو ٧٠٠ نامایەی تێدا بڵاو کراوەتەوە کە سیلان و گیسیلە ئێسترانژی، هاوسەرەکەی سیلان، لەتەک یەکدا گۆڕیویانەتەوە. سیلان لە ئەپریلی ١٩٧٠دا خۆی لەسەر یەکێک لە پردەکانی پاریس، بەناوی پۆنت میرابۆ، کە دەڕوانێتە سەر دەریای سین فڕێ داوەتە خوارەوە. ئەم پردە ناوی لە یەکێک لە شیعرەکانی سیلانیش هاتووە. هەروەها سیلان ساڵێک پێش مەرگی (واتە لە ١٩٦٩) سەردانی ئیسرایلی کردووە

35- Philippe Labarthe. Poetry as Experience. Translated by Andrea Tarnowski. Stanford University Press. 1989. S.

٣٦- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ,١١٠

٣٧– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ,١٢٢

٣٨– بڕوانە مانفێست، نوسخەی ڕووسی، لا ,٤٣

٣٩– بڕوانە کتێبەکەی فیلیپ لاکۆ– لابارت کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، لا ,١٤

٤٠– بڕوانە پێشەکییەکەی هانس ڕووین کە بۆ کتێبەکەی""شیبۆلێت""ی دێریدای نووسیوە، لا ,١٢

٤١– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ,١٤

٤٢– بۆ نموونە هۆنراوەکانی وەک .Germanier, der Rhein گەلێ وێنەی لەم جۆرەی تێدایە

٤٣– بڕوانە مانفێست، نوسخەی ڕووسی، لا ,٤٥

٤٤– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ,٤٦

٤٥– بڕوانە نووسینەکەی بادیو بەناوی""دڵداری چییە؟"" کە لەتەک نوسخە سویدییەکەی ""مانفێست بۆ فەلسەفە"" چاپ کراوە. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم سەرچاوە و لاپەڕەیە:

Alain Badiou. Manifest for filosofin & Vad är kärlek?. Urval & introduktion av produktion, 2005, S. Dariush Moaven Doust. Oversätnin: Carin Franzen, Glänta 108

٤٦– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ,١٠٥

٤٧– بڕوانە ئەو لێدوانەی لەژێر ناوی ""ئۆنتۆلۆژی و سیاسەت""لەتەک بادیودا کراوە کە لە کتێبی ""بیری ناپایان""دا بڵاو کراوەتەوە. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم سەرچاوە و لاپەڕەیە:

٤٨– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا ,٤٩

٤٩– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

٥٠– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

٥١– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ,٥٠

٥٢– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ,٥١

٥٣– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕەی ,٥٨

٥٤– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

٥٥– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ,٥٠

٥٦– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ,٥١

٥٧– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی,٥١

٥٨– بڕوانە نووسینەکەی""دڵداری چییە؟""ی بادیو کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، لا ,١٠٨

٥٩– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

٦٠– بڕوانە نووسینی مانفێست نوسخەی ڕووسی لا ,٥٧

٦١– بڕوانە ئەو لێدوانەی لەتەک بادیو لە ژێر ناوی""سیاسەت و فەلسەفە"" لە کتێبی ""ئێتیک""دا بڵاو کراوەتەوە. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم سەرچاوە و لاپەڕەیە:



62- Alain Bdiou. Ethics. An Essay on the Understanding of Evil. Translated and introduced by Peter Hallward. London, 119 Verso, 2001, P.

٦٢– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ١١٩ و ,١٢٠

٦٣– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا ,٦٢

٦٤– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا ,٦٢

٦٥– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا ,٦٤

٦٦– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا ,٦٥

٦٧– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا ,٦٦

68- Ingmar Persson. Stankar: att filosofera till slutet. Stoklholm: Bonnier, 1991. S. 8.

٦٩– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا,٥٨

٧٠– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا,٥٩

٧١– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا,٦٠

٧٢– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا,٦٠

٧٣– بڕوانە کتێبی مانفێست، نوسخە ڕووسییەکە، لا,٦١

٧٤– بڕوانە ئەو پێشەکییەی موعاوەن دۆست بۆ نوسخە سویدییەکەی کتێبی ""مانفێست""ی نووسیوە. لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم سەرچاوە و لاپەڕەیە:

Alain Badiou. Manifest för filosofin & Vad är kärlek? Urval & introduktion av Dariush Moaven Doust. överätnin: 11 Carin Franzen, Glänta produktion, 2005, S.

٧٥– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو و لاپەڕە.

بەندی دووەم:

# ویستی فەلسەفاندن لە هزری فەلسەفی ڤیتگنشتاین لە "تراکتاتۆس"دا

تراکتاتۆس ئاڵۆزیی خستە هزری فەلسەفیی ڕۆژئاواوە

# دەروازە و ڕوونکردنەوە

تراکتاتۆس نووسینێکی یاریئامێز، بیرێکی پڕ لە گەمە و شێوازێکی دژوارئاسای ڕیزپەرە. ئەمەیە ئەو بەرهەمەی ڤیتگنشتاین نووسیویەتی، ئەو بیرمەندەی ویستی بەهۆی چەند لاپەڕەیەکەوە کە لێوانلێوە لە ئیحا، پارادۆکس و ئاماژەگەلێکی وازیگەرا کۆتایی بەفەلسەفە بهێنێ یان زەمینە بۆ ویستێکی فەلسەفی بسازێنێ کە ڕیشاڵی بیرۆکەی لۆژیکێکی پۆزەتڤیستیی ئەنتی ـ فەلسەفیی تێدا دەرکەوێ. ئەمە سەبارەت بەکارەکەی و هەرچی خودی خۆشیەتی دەشێ لە ڕێگەی تەماشاکردنی وێنەیەکییەوە ئەو دیتنەمان لا دروست بێ، کە بەباوەڕی من ڕیزێک پرسیار دەورووژێنن کە سەرەکیترینیان ڕەنگە ئەمە بێ: بۆ ئەم مرۆڤە وا مۆن (عەبووس) و تووڕەئامێز دیارە؟ ڕەنگیشە ئەم پرسیارە بەتاکە جارێ خوێندنەوەی تراکتاتۆس وەڵامی خۆی کتوپڕ چنگ بکەوێ.

هەروەک دواتریش دەردەکەوێ تراکتاتۆس[١] کە شوێنی شرۆڤەکردنی جیهان و ڕەتکردنەوەی فەلسەفەیە، بوارێکی بەپیتیشە بۆ دروستکردنی سەختی لە ڕاڤەکردن و گومڕایی و ناڕوونی لە دیتن و خولّقانی ناسانایی و پەرتی لە فەلسەفەکردن. هەڵبەتە تاکە شوێنیکیشە یان یەکەم جێیە، پێم وا بێ، بەهۆیەوە دەکارین ڤیتگنشتاینیش بناسین. ناسینی ڤیتگنشتاین لە ڕێگەی تراکتاتۆسەوە ئامادەیە ئەو سێرکردنە لای خوێنەر بەرجەستە دەکا کە ڤیتگنشتاین بێ تراکتاتۆس ناشێ هیچ بگەیەنێ، یاخود ڕەنگە ئەو پرسیارە میتافیزیکییەش لای ئەو خوێنەرە دروست بکا کە بەمجۆرە خۆی دەشێ فۆرمولێزە بکا: دەکرا تراکتاتۆس کەسێکی تر جگە لە ڤیتگنشتاین بینووسیبایە؟ ئەم پرسیارە بەخۆی پرسیارێ قەدەرییە و تەنانەت تراکتاتۆس وەک کارێ فەلسەفیش هەر لە سەرەتاوە خۆی بەجۆرێ دەخاتە ڕوو وەک بلّێی



گشت قەدەری فەلسەفی ڤیتگنشتاینیشی لەسەر ڕاوەستابێ. چونکە پێش ""تراکتاتۆس"" فەلسەفەی ڕۆژئاوا یان زمانی فەلسەفیی ئەڵمانی و ئینگلیزی بەنموونە گەلێ بەرهەمی بەخۆوە دیوە بەڵام تراکتاتۆس لەگەڵ هەموو ئەوەش لە بارەوەی وتراوە توانیی شوێنی لە ناو دید و ویستە فەلسەفییەکاندا بزر نەبێ و تەنانەت نەوەیەک لە فەیلەسوف بخاتەوە. لەمەش کە وترا سەیرتر ئەوەیە، بەسەرهاتی خێزانی ڤیتگنشتاین و کەنارگیرییە فەلسەفییەکەی ئەم پیاوە و هەروەها شێوازە ئاڵۆزگەراکەی لە فەلسەفاندن و ڕەفتاری ڕۆژانەی لەم بەینەدا پێ دەچێ گەلێ مانایان بۆ هەڵبژاردنی ئەو شێوازە لە فەلسەفەکردن و ئەو ویستەش هەبووبێ کە لە ""تراکتاتۆس""دا بەو جۆرە و لەو ئاستەدا خراوەتە گەڕ[٢]. ئەو ئاستەش کە ""تراکتاتۆس "" خۆی تیا ڕوو دەخاتە، هەریەکە بەجۆرێک دەیبینێ بەڵام لەگەڵ گشت جیاوازی نێوان بینینەکان"" تراکتاتۆس"" تا دوا چرکە کار بۆ شرۆڤەکردنی بینینێک دەکا کە دەیەوێ بەهۆی ئەو بینینانەوە خۆی لە گشت بینینەکانی پێش خۆی جیا بکاتەوە و ئەمجار بینینگەلێکیش لە بیری سەردەمی فەلسەفیی خۆیدا نیشتەجێ بکا کە بۆنی ویست و خواستێکی فەلسەفییانەی ڤیتگنشتاینیانەی لێ بێ و بەس.

من دەزانم لە جۆری ڤیتگنشتاین و دواتر لەم شێوە کارە فەلسەفییانە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، نە دەگمەنن و نەش ڕیزپەڕ. بەڵام ڕاوەستانەکەی من لەسەر ڤیتگنشتاین نە لەسەر ئەم بناغەیەیە و نەش لەسەر ئەوەی کە بۆ ئەم بیرە هاتووەتە دنیاوە، بەڵکو تەنیا و تەنیا لەسەر ئەو بناغەیەیە کە بیری ناوبراو کردەی فەلسەفەکردنی دژوار و ناسانا کرد کە ئەوەش وەکی تر ئەو ویستە فەلسەفییەی داڕشت کە نەوەیەک پاش خۆی پێوەی بگلێن. ئەمەش کە ڕەنگدانەوەی خۆی، لە لایەن خۆیەوە و لە چوارچێوەی گرینگی و مانای ئەم بیرە، بەسەر مانای واتای فەلسەفەوە جێ هێشتووە، بۆ من پەسندکراو نییە یان بەلانی کەمەوە وەک زۆربە ناکارم بیری فەلسەفیی تراکتاتۆس وەک خۆی، تراکتاتۆس لە خودی خۆیدا، هەرس بکەم. بەڵام ئەم سێرکردنە ڕێگر نەبووە لە بەردەم ئەوەی من خۆم بەدۆزینەوەی ویستی فەلسەفی ڤیتگنشتاینەوە لە

""تراکتاتۆس""سەرقاڵ نەکەم. ئەو ویستە کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە کار بۆ دامەزراندنی ئیتیکێک دەکا کە لۆژیک، فەلسەفەی بیرکاری (ماتماتیک) و فەلسەفەی زمان دەکا بەدینگە (پایە) بۆ خۆی. بەڵێ ویستەکە ئیتیکییە هەروەک خۆشی لە گەلێ بۆنە و وەڵام و نامە و نووسیندا ئاماژەی پێ کردووە، بەڵام ئەم ئیتیکە ئیتیکێکی ڕووت و بێ سەروبەر نییە، ئەگەرچی هەندێک لە توێژەرەوەکان بێ سەروبەری و بێ تەرتیبییەکی هێجگار گەورە لە هزری فەلسەفی تراکتاتۆس بەدی دەکەن، بەڵام ئەو ئیتیکە زۆر پێ دەچێ خواستێکی کەسی و ویستێکی بەئامانج لە پشتییەوە بێ. بۆیە من لە دوو توێی ئەم بەشەی کتێبەکەم، کە تایبەتە بەویست بۆ فەلسەفاندن لای ڤیتگنشتاین، کار بۆ ڕوونکردنەوەی ویستی فەلسەفیی""تراکتاتۆس"" دەکەم کە گەلێک بیرۆکەی سەیری تێدا هەڵدەهێنجێنم کە زەمینەیەکی گونجاو بۆ گفتوگۆکردنی تێزی سەرەکیی ئەم کتێبە خۆش دەکا کە ئەوەشە دەستنیشانکردنی ویستە بۆ فەلسەفاندن لای فەیلەسوف کە لە گەلێک ڕووەوە ئەو ویستە بەستراوەتەوە بەگەلێک بیرۆکە و دیدبینی کە پاشان لە دوو توێی نووسینەکەدا دەردەکەون چین. هەر بۆ نموونە یەک لەو بیرۆکانەی کە خۆی کردووە بەویستێکی تۆکمە لە ""تراکتاتۆس"" کە من دەمەوێ لەسەری بێمە وتن بیرۆکەی کۆتای فەلسەفەیە کە بەباوەڕی من، ئەم بیرۆکە ڤیتگنشتاینییە کە لە ""تراکتاتۆس""دا نیشتەجێ کراوە بەشێ گەورە لە نیاز و خواستی فەلسەفیی ئەم فەیلەسوفە نەمساوییە دەردەخا کە لە کردەی فەلسەفاندندا پیادەی کردووە. هەڵبەتە ئەو وەستانەی من لەسەر ئەو بیرۆکەیە، کە تا ڕادەیەک کورت و چڕ خۆی دەردەخا، لە بنەڕەتدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنەیە کە ""تراکتاتۆس "" خۆی بۆ مەڵاس داوە، واتە ڕەتکردنەوەی فەلسەفە. ڕەتکردنەوەی فەلسەفە کە ویستی ""تراکتاتۆس"" بووە دەبێ لەو چوارچێوەیەدا لێی بگەین کە ڤیتگنشتاین بۆی چووە.

سەرباری ئەوی وترا، ""تراکتاتۆس""، هەروەک لای سەرەوەش ئاماژەی پێ کرا، کارێکی هزری لۆژیکی پۆزەتڤیستیی ئەنتی–فەلسەفییە کە دۆخی خۆی لە



ڕێگەی ئەو تێگەیشتنە فەلسەفییەوە بەیان دەکا کە بەمجۆرەیە: گەشەی کێشەی فەلسەفی لە بەهەڵە تێگەیشتنی لۆژیکی زمان دایە. ئەو هەوڵەش ڤیتگنشتاین لەو ڕووەوە دەیدا، بۆ بەرچاو خستنی ئەو لۆژیکەیە، هەروەها ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی ئەو لۆژیکەش. ئەو ڕێگەیەش""تراکتاتۆس"" لە ڕوونکردنەوەی ئەم لۆژیکە، دەیگرێتە بەر بەشێدا لە ڕیشاڵی ئەو ویستە پێک دێنێ کە ڤیتگنشتاین باوەڕی پێیەتی. ئەو باوەڕە کە تا بڵێی ناکۆکئامێزە کەشێکی سەیر و گفتوگۆئامێزی لە نێو فەیلەسوفاندا دروست کردووە. ئەمەی من وتم بەو مانایە نایێ بمەوێ تانەی فەلسەفی لە تراکتاتۆس بدەم بەڵام لە ڕاستیدا لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەی ""تراکتاتۆس"" ئەو سێرکردنەم لا دروست بووە کە بەمجۆرە گوزارەی لێ دەکەم: لە ""تراکتاتۆس""دا توانایەک پەنهانە کە تێی ڕادەبینم ئەو توانایە تێڕامانەکانمان پەرت و نایەکانگیر بکا. من کە لەگەڵ پەرتکردن و نایەکانگیرکردنی بیردا نیم لەتەک بۆچوون و سێرکردنە (هیچ نەبێ زۆربەی) سەیر و ناساناکانی ئەم فەیلەسوفە نەمساوییەشدا نیم، بەڵام ئەمە بەو مانایانانە کە بیری فەیلەسوفی ناوبراو بخرێتە ژێر گڵەوە و یان پشت لەو ویستە بکرێ ڤیتگنشتاین کاری لەسەر کردووە.

هەر بۆ نموونە سەبارەت بەوی لای سەرەوە ئاماژەم پێ دا، دەمەوێ ئەوەش بیر بخەمەوە کە لە کەم زانکۆ و نێوەندی توێژینەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، هەوڵ نەدراوە ڕاڤەکردن و شیکردنەوە لە بارەی ئەم بەرهەمە تاقانەیەی ڤیتگنشتاین ئەنجام نەدرێ و یان بازنە و پرۆگرام و سمیناری فەلسەفی لە بارەوە تایبەت نەکرێ. ساڵانێکی زۆرە گشت تەرمینێکی دیراسی ئەم کتێبە دەکەوێتە ناو مەنهەجی خوێندن و بگرە وانە و سیمیناری تایبەتیشی لە بارەوە ساز دەکرێ و، بەزۆری ئەوانەش ئەرک و بەرپرسیاریەتیی ئەو وانە و سمینارانە دەگرنە ئەستۆ کە لە بیری فەلسەفی ڤیتگنشتاین یان لە فەلسەفەی لۆژیکی نوێ پسپۆرن. لەم ساڵانەش تا بڵێی بایەخ بەڤیتگنشتاین لە نەشونمادایە و ئەمەش بەزۆری پاش ئەوەی فەلسەفەی لۆژیک لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا شوێنێکی زۆری بۆ خۆی داگیر کردووە، بەتایبەت پاش گەشەی تەکنیک و زانستی نوێ. ئەم

لایەنانەش تا ئەندازەیەک ژینگەیەکی فەلسەفی ئەوتۆی هێناوەتە پێشەوە کە ئەم کارەی ڤیتگنشتاین (واتە تراکتاتۆس لۆژیکۆ- فیلۆسۆفیکۆس) لە زۆربەی بەشە فەلسەفییەکانی زانکۆکانی وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆنی (ئەڵبەتە ئەسکەندەناقیش) ببێ بەئینجیلی فەلسەفی. بەپێویستیشی دەزانم لێرەدا دەست بۆ ئەوە درێژ بکەم مەبەستم لەو بەشە لە فەلسەفە بەزۆری بەشی فەلسەفەی تیۆرییە (کە فەلسەفەی شیکردنەوەی و فەلسەفەی زانست دەگرێتەوە) کە پشتی تا ڕادەیی زۆر بەبیری فەلسەفی فیتگنشتاین دەبەستێ کە ئەوەش بەخۆی لەسەرێکی دییەوە بۆ من ئاماژەیە لەسەر پشتبەستنی فەلسەفە بەلۆژیک و زمان و فاکتە. واتە پشتبەستن بەو شتانەی تراکتاتۆس سەرنجی خۆی تا ئەوپەڕی خستووەتە سەر.

هەروەک لای سەرەوە ئاماژەم پێ دا من بەخۆم لەگەڵ گەلێ لە تەماشاکردن و ڕاڤەکردنە فەلسەفییەکانی ڤیتگنشتایندا هاوکۆک نیم و بگرە لەتەک ئەو چارەسەرە فەلسەفی و لۆژیکییانەشدا تەبا نیم ناوبراو بۆ گەلێک لە کێشە فەلسەفییەکان پێشنیاری دەکا. ئەمەو هەر بەگشتیش تا بڵێی لەگەڵ گەلێک لەو ئاراستە و بیرۆکانەشدا نارێک و ناچوەستم کە فەلسەفە زمانەوانییە ئەبستراکت و پۆزەتڤیزمیە لۆژیکییەکان، بەتایبەت ئەوەی پێی دەڵێن لۆژیکی ماتماتیکی، کاری لەسەر دەکەن کە نووسین و توێژینەوەکانی ڤیتگنشتاین لەم دوو سێ دەیەی دواییدا لە پشت پەرەسەندنی بەشێ زۆریانەوە بووە. بەڵام ئەمە، هەروەک وتم، ڕێگە لەوە ناگرێ هەڵوێستە لەسەر ویستی فەلسەفی تراکتاتۆس نەکەم کە وەک گەورەترین بەرهەمی ڤیتگنشتاین و بەرهەمی سەردەمی لاویی ئەم فەیلەسوفە سێر دەکرێ. هەڵوێستەکەی من کە سەرچاوە لەو مەرام و ئامانجەوە هەڵدەگرێ کە نووسینی ئەم کتێبەی لە پشتەوەیە ئەو مەرام و ئامانجە پێویستییە مێتۆدی و تیۆریشی هێناوەتە پێشەوە بۆ تێ خوێندنەوەی بیری ئەم بیرمەندە نەمساوییە. ئەم پێویستییەکی کە خۆی بەسەر چەند مەبەستێکدا دابەش دەکا دیارترینیان بۆ خستنە ژێر پرسیاری ناواخنی ویستی ئەو کارە فەلسەفییەی ڤیتگنشتاینە (مەبەست تراکتاتۆس). ئەڵبەتە ئەم



خستنە ژێر پرسیارەش مانای لە پێوەندی بەئایندەی کردەی فەلسەفەکردنەوەوە دەستنیشان دەکا نەک لە پێوەندیی بەشتێکی ترەوە. مەبەستێکی تر لەو مەبەستانەی ئەم نووسینە خۆی بۆ مەڵاس داوە ژێراڤەکردنی بخا بریتییە لە پارادۆکسەکانی تراکتاتۆس و کاریگەریی ئەمەش بەسەر بیرۆکەی کۆتایی فەلسەفەوە. هۆی ئەوەش کە بەمجۆرە بیر دەکەمەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە ڤیتگنشتاین تا دوا لاپەڕەی ""تراکتاتۆس"" مەبەستی خۆی بەجۆرێکی سیستماتیک ڕوون و ئاشکرا ناکا. ئەوەش کە تراکتاتۆس دەخوێنێتەوە هەر زوو دەرک بەوە دەکا ئەم نووسینە لێوانلێوە لە پارادۆکس. ڕەنگە یەک لەو پارادۆکسانە ئەو کۆششە بێ لە تراکتاتۆسدا بانگەشەی بۆ دەکرێ، واتە ڕەتکردنەوەی فەلسەفە، کە تراکتاتۆس لە گەلێک شوێن و حاڵەتی تردا بەپێچەوانەکەیەوە کار دەکا.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم، ئەو ڕەخنەکردن و گفتوگۆکردنانەی لەم نووسینەدا کاریان لەسەر دەکەم، بەسەرجەم و تێکڕای نیاز و مەرامی فەلسەفیی ئەو کارەوە گرێ دراوە، کە لە سەرەتاوە خۆم پێی وابەستە کردووە کە ئەوەش دۆزینەوەی شیاوییە لە بەردەم فەلسەفاندندا، بەڵام ئەو شیاوییە ناشێ مسۆگەر بکرێ گەر ویستی ئەو فەیلەسوفەی شی دەکرێتەوە، دەستنیشان نەکرێ. ئەو شیاوییەی لێرەدا من مەبەستمە وابەستەیە بەویستێ بۆ فەلسەفاندن کە بیری کۆتاییزم، کە وا خەریکە گەرووی فەلسەفە سواغ دەدا، ڕەت دەکاتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ ئەوەی من لەم ڕووەوە دەیخەمە ڕوو کەمترین سەرنجن کە سەبارەت بەو کارە فەلسەفییەی ڤیتگنشتاین لام کۆبوونەتەوە.

ئەوی من لای سەرەوە وتم جۆرە ئاماژە پێدانێک بوو بۆ ئەو پرۆسێسەی دواتر لەسەری دەڕۆم بەڵام ئەو ناڕوونی و گومڕاییانەی لە تراکتاتۆسدا شاراوەن زۆرترین مانایان بۆ ئەوە هەبووە کە قسەکردن لە بارەی ئەوەشەوە بهێنمە پێشەوە کە تایبەتە بەو ئاڵۆزکاریانەی لە ڕێگەی ئەو ویستە فەلسەفییەوە هاتە دنیا کە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسا باوەڕی پێ بووە. واتە لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە دەمەوێ ئەوە نیشان بدەم بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین

لە تراکتاتۆسدا دەرگای لە جۆرە سەختی و گومڕاییيەک کردووەتەوە کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا تا ئێستاش پێوەی گلاوە. چونکە سەرقاڵبوونی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس بەپێکهێنانی لۆژیک ڕێگەی لە فەلسەفەی ماتماتیک و زمان و ئاگایی بەشێوازێکی تر کردەوە و ویستێکی فەلسەفیی ئەوتۆشی خستە بەردەم فەیلەسوفانی پاش خۆی کە فەلسەفە فەلسەفەیەکی ئەنتییانە –دژانە– بێ. خوێنەر، ئەڵبەتە بەبێگومان، لە ناواخنی ئەم وتنەی من ناگا تا لە لایەک ""تراکتاتۆس"" نەخوێنێتەوە و لە لای تر ئەو پێوەندییە دەستنیشان نەکا کە لە نێوان بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین و بیری فەلسەفیی هاوچەرخدا هەیە، هیچ نەبێ ئەو بیرە فەلسەفییە هاوچەرخەی پێی دەڵێین فەلسەفەی شیکردنەوەیی تازە کە لە ماوەی ئەم پێنج دەیەی دواییدا بێ سنوور برەوی پەیدا کردووە.

هەر لە دوو توێی ئەم دەروازەیەدا، دەمەوێ دەست بۆ ئەوە ڕاکێشم بەهۆی چەند بەشێکەوە تیشک بخەمە سەر ئەم نووسینە، مەبەستیشم لە هەریەک لەو بەشانە ئەوەیە ""تراکتاتۆس"" بەو جۆرە ڕاڤە بکەم کە لە لایەک لە ئەندێشەی نووسینی فەلسەفیی تراکتاتۆسەوە نزیک بێ و لە لایەکی تریش لەتەک ئەو مەرام و ئامانجە کۆک و چوست بێ کە تێکڕای ئەم کارە فەلسەفییە (واتە تراکتاتۆس) کۆششی بۆ دەکا. هەروەها بەهۆی ئەم بەشەی نووسینەکەمەوە دەمەوێ ئەوە نیشان بدەم کە تراکتاتۆس وەک بەرهەمێکی فەلسەفی – لۆژیکی کردەی فەلسەفەکردنی لە سانایی ڕاماڵی و ویستی بۆ فەلسەفەکردنیش لە پاش خۆی تا ئەندازەیەک سەرلەبەر گۆڕی. ئەم گۆڕانە کە بۆ من زۆر نێگەتیڤانەیە، فەلسەفاندنی لە پاش خۆی چوارچێوەدار و دیاریکراو کرد. واتە فەلسەفەکردنی لە لایەک بەلۆژیکی کرد و لە لایەکی تر بەدەستەبژێر کرد. ئەمەو بیری ڤیتگنشتاین لە ""تراکتاتۆس"" کە لە بنەڕەتدا ئامانج لێی کۆتاییهێنانە بەفەلسەفە و هەڵوەشانەوەی چارەسەرە فەلسەفییەکانی پێش خۆی (بەتایبەت فەلسەفەی کلاسیک)، کە کێشە فەلسەفییەکانیان شی کردووەتەوە، بیری فەلسەفەی ڕۆژئاوای ڕووەو بیری کۆتاییزم (پایانی) برد. ئەمە (واتە ڕەتکردنەوەی فەلسەفە و بانگەشەکردن بۆ مەرگی فەلسەفە) کە ویستێکی



فەلسەفیی گەلێک لە فەیلەسوفانی سەردەمیشە، بەتایبەت نەوەی نیچە– هایدگەر لە فەرەنسا، من لەگەڵیدا نیم. من کە دژی بیری کۆتاییزمم لە فەلسەفە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی بیرۆکەی فەلسەفەدام، بەڵام بەهیوای سەرلەنوێ دامەزرانەوەی فەلسەفەدا هەروەک ئەوەی بادیوش باوەڕی پێیەتی. بەڵام من دەقاودەق لەگەڵ تێزی بادیودا نیم. ئەم لایەنەش تا ئەندازەیەک لە بەندی یەکەمی ئەم کتێبە ڕوون کراوەتەوە.

بۆ داخستنی ئەم دەروازەیە دەست بۆ ئەوە درێژ دەکەم کە ئەم نووسینە کە خۆی بەسەر چوار بەشدا دابەش دەکا لە بەشی یەکەمدا، سەرەتا وێنەیەک لەسەر ڤیتگنیشتاین و ژینگەی نووسینی ئەم کارە فەلسەفییەی ئەم بیرمەندە لۆژیکەرە بەردەستییەک دەخەم و هەروەها جیاوازیی نێوان ئەم کارە و کارە ناودارەکەی تری زۆر بەکورتی بەسەر دەکەمەوە کە بریتییە لە خستنە ڕووی ڕوونکردنەوەیەکی چڕ لەسەر دژە جەمسەری نێوان ""تراکتاتۆس""، وەک کاری سەردەمی لاویی ڤیتگنشتاین و ""توێژینەوە فەلسەفییەکان""، وەک کاری سەردەمی پیری. دواتر دێمە سەر بەشی دووەم کە ئەوەش بۆ خستنە ڕووی پوختەی بیری ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس تایبەت دەکرێ. ئەم خستنە ڕووە لە ڕووی مێتۆدییەوە، مانای تایبەتی خۆی بۆ ئەو ڕەخنانە هەیە کە پاشان لە بەشی سێیەمی نووسینەکەمدا دێمەوە سەری. ئەڵبەتە وای بۆ دەچم، بەبێ ئەم خستنە ڕووە، خوێنەر نە دەکارێ لە پرۆسێسی دواتری نووسینەکە بگا و نەش لەو گومڕایی و ناساناییيانەی، بەبینینی من، لە ""تراکتاتۆس""دا حەشار دراون. لە بەشی سێیەمدا وردتر دێمەوە سەر ئامانجی نووسینەکەم و ڕوونکردنەوەی پێوەندیی نێوان تێزی سەرەکیی نووسینەکەم (واتە: کردنەوەی شیاوی لە بەردەم فەلسەفەکردندا، یان پێویستی بۆ ویست بۆ فەلسەفاندن) و نووسینی ""تراکتاتۆس "" وەک بەرهەمێکی فەلسەفیی دژواریهێنەر. هەرچی بەشی چوارەمە بۆ وتن لەسەر پێوەندیی ڕووناکبیری فەلسەفیی ئێمە (ئێمەی کورد مەبەستە) و تراکتاتۆس تەرخان دەکرێ کە بەهۆیەوە ئەوە نیشان دەدەم چۆن ئێمەی کورد نەک هەر بەتراکتاتۆس بەڵکە بەگشت فەلسەفەی

ڤیتگنشتاینیش ئاشنا نین و لەوە ترسناکتریش بەسەرجەم نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیش ئاشنا نین کە فەلسەفەی ڤیتگنشتاین بەشێکە لێی یان ئەم فەلسەفەیە هیچ نەبێ لە ماوەی ئەم ٥٠ ساڵەی دواییدا، مانای بۆ پەرەسەندن و نەشونمای گەلێ لە دیتن و ڕاڤەکردنەکانی ""تراکتاتۆس "" دیوە. دوا بەشیش بەو پەڕەگرافە کۆتایی دێ کە بەناوی چەند سەرنج و دەرخستەیەک نووسراوە کە لەوێرا دەرئەنجامەکان دەخرێنە ڕوو و ئەو ئاکامانەش پێشچاو دەخرێن کە لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە پێی گەیشتووم.



## ژینگەی نووسینی تراکتاتۆس

بیری ڤیتگنشتاین لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا و، بەلانی کەمەوە لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دواییدا، دەکرێ بەیەکێ لە بیرە هەرە ئاڵۆز و ناسادەکان بژمێردرێ. بۆیەش دەڵێم لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دوایی چونکە ئاڵۆزیی بیری ڤیتگنشتاین پتر پاش مەرگی دەرکەوت، واتە دوای ساڵی ١٩٥١، ئەوەش پاش ئەوەی کارەکانی، کە بەخۆی ئەو وانانە بوون کە لە ماوەی مامۆستایەتیی لە کامبرج وتووبوونییەوە، لە لایەن قوتابییەکانییەوە بوون بەپەڕتووک و بڵاوبوونەوە. بەڵام ڤیتگنشتاین تا ڕۆژی مردنی، واتە تا ڕۆژی ٢٨ی ئەپریلی ١٩٥١، تاکە پەڕتووکێک کە بەزمانی دایکی، واتە ئەڵمانی، بڵاوی کردبێتەوە، کتێبی"" تراکتاتۆس لۆژیکۆ- فیلۆسۆفیکۆس"" بووە کە لە نێوەندی فەلسەفیی ڕۆژئاوا بە"" تراکتاتۆس"" ناسراوە و منیش هەر بەو ناوە بانگی دەکەم. ئەم کتێبە کە تا بڵێی سەرنجڕاکێش و سەرسامئامێزە، سەرەکیترین دەروازەشە بۆ ناسینی بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین و ئەو ویستەی لەم بیرەدا بەرجەستەیە. ئەم کتێبە ئەگەرچی لە دەرەوەی نێوەندیی ئەکادیمی نووسراوە، بەڵام دواتر لە زۆربەی کۆلێژە فەلسەفییەکانی زانکۆکانی وڵاتانی ئەنگلۆ-ساکسۆنی (ئەڵبەتە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیش)دا بووە بەئینجیلی فەیلەسوفانی لۆژیک و زمان.

بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر هەندێ لایەنی گرنگ کە پێوەندی بەدۆزی نووسینی تراکتاتۆسەوە هەیە دەمەوێ دەست بۆ ئەوە ڕاکێشم باری خێزانی و بنیاتی خوێندنی ڤیتگنشتاین کاریگەریی خۆیان بەسەر تێکڕای بیرکرنەوە فەلسەفییەکانی ئەم بیریارەوە بەجێ هێشتووە. ئەم بیریارە کە کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندی پیشەساز بووە، ئەم لایەنە کاریگەری خۆی هەبووە بەسەر ڕەوتی خوێندنی لە قوتابخانە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تر، زەبری ئەم پیاوە (واتە باوکی ڤیتگنشتاین) و ئارەزووی ئەم باوکە کە ئەم کوڕەی ڕوو لە خوێندنی

تەکنیکی و ماتماتیکی بنێ، دیسانەوە مانایان لە داڕشتنی بیری ئەم کەسەش هەبووە کە پاشان ئەم بیرە بەکتێبێکی ٨٠ لاپەڕەیی ئارەزووی کۆتاییهێنان بەبیرکردنەوەی فەلسەفیی تێدا سەوز بووە. بەڵام دوور نییە گەلێک لەوانەی کتێبی بیبلیۆگرافیان لە بارەی ڤیتگنشتاینەوە نووسیوە نەیانەوێ، ئەو ڕەشابیییەی لە بیری ڤیتگنشتایندا ئامادە بووە، سەبارەت بەپێکهێنانی خێزان و تێگەیشتنی بۆ ئافرەت و گەلێک شتی تریش بۆ کاریگەریی زەبری باوکی لە ناو خێزانەکەیان و مەسەلەی خۆ کوشتنی براکانی نەگەڕێننەوە. ڤیتگنشتاین کە سێ برای خۆیان کوشتووە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر تێگەیشتنیەوە بەجێ هێشتووە. بەڵام ئەم لایەنانە بەدرشتی لە دوو توێی دەربڕینەکانی ڤیتگنشتایندا دەرنەکەوتوون.

بەهۆی ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە، ویستم ئەوە بڵێم، باوکی ڤیتگنشتاین کە دەیویست ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی ئاراستەی خوێندن و خواستی ڤیتگنشتایندا ببینێ ئەو هیوایەی وەک خۆی نەهاتە دی. بۆ نموونە کاتێک ڤیتگنشتاین ڕشتەی ئەندازیاریی دەخوێند، ئەمە خواستی باوکی لەسەر بووە بەڵام ئەم خواستە دواتر لە لایەن ڤیتگنشتاینەوە لە بنڕا گۆڕدرا. سەرەتا باوکی دەینێرێ بۆ بەرلین پاش ماوەیەک لە خوێندنی تەکنیکی لەوێ لە ١٩٠٨ دەگاتە مانشستەر بۆ خوێندن لە کۆلێژی تەکنیکی ئایرۆدینامیک. لەو ماوەیەدا کە لە ئینگلیستان دەبێ، ئاشنایەتی لەگەڵ نووسینەکانی ڕاسێل پەیدا دەکا. بەڵام پاش ماوەیەک واز لەم خوێندنە دێنێ و بایەخی ڕووەو ماتماتیکی پوخت و دواتر فەلسەفەی ماتماتیک دەڕوا. لە ١٩١٢ مل دەنێ بەرەو کامبرج و لەوێ دەبێ بەدۆستی ڕاسێل و هەندێک لە بیرمەندانی ئەو دەمەی کامبرج، لەوانە جۆرج ئیدوارد مۆر. ڕاسێل گوایە لە یەکەم بینینەوە دەرکی بەوە کردووە ئەم قوتابیەی ببێ و نەبێ یەکێکە لەم دووانە: شێت یان عەبقەری (بلیمەت). بەڵام پاش ماوەیەکی کورت بۆی دەردەکەوێ، ئەم قوتابییەی عەبقەرییە نەک شێت. پاش ئەو نەختە کاتەی ڤیتگنشتاین لە کامبرج بەسەری دەبا، ئەوەندەی پێ ناچێ بەرەو نەرویج دەڕوا کە ئەمەش لە ماوەی (١٩١٤ –١٩١٣) دەبێ. بەڵام لە



دەم و وەختی جەنگی جیهانی یەکەم خۆبەختانە دەچێتە ڕیزی سوپای نەمساوی–هەنگارییەوە و ئەوەندەشی پێ ناچێ دەکەوێتە ئۆردوگایێکی ئەسیرییەوە لە باکوری ئیتالیا. ئەم ماوانە بەگشتی بەنووسینی تراکتاتۆس بەسەر دەبا کە دواتر لەوێوە ڕەوانەی ڕاسلی دەکا بۆ کامبرج.

من وای بۆ دەچم سەرەتای بیرکردنەوەی ڤیتگشتاین لە نووسین دەشێ بۆ ئەو ماوانە بگەڕێندرێتەوە لە بەرلین دەبێ و پاشان ئەو کاتانەش کە لە کامبرج دەبێ. کەواتە ئەم دوو ماوەیە بەپێی ڕوانینی من باشترە پێش ماوەی چوونی بۆ نەرویج و دواتر کەوتنە ئۆردوگای ئەسیرییەوە لە باکوری ئیتاليا سەرنجی بخرێتە سەر. چونکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە ئەڵمانیا دوای ئەوەی ڤیتگنشتاین فرێجە (لۆژیکەر و ماتماتیکەرێکی ئەڵمانییە) دەبینێ ئامۆژگاری ئەوەی دەکا، بچێ بۆ بینینی ڕاسل. واتە فرێجە پێی چاترە ڤیتگنشتاین چاوی بەڕاسێل کەوێ. ئەمە بەخۆی ئاماژەیەکی چاکە لەسەر ئەوەی مرۆڤ لەوە بگا کە ڤیتگنشتاین هەر زوو خەیاڵی نووسینی باسێکی فەلسەفیی هەبووە.

ئەو ماوەیەش کە لە کامبرج چاوی بەڕاسل دەکەوێ، پتر لە فەلسەفەی لۆژیک نزیک دەبێتەوە. بۆیە پاش چوونی بۆ نەرویج (ڕوون نییە بۆ ئەو سەفەرەی وا کتوپڕ بۆ ئەوێ کردووە) و تا ماوەی بەئەسیربوونەکەی پێ دەچێ بۆ تۆمارکردنی ئەو سەرنج و تێبینییانە تەرخانکردبێ کە پاشان، پێم وایە، تراکتاتۆسی لێ پێک هێنا. هەر بەخۆی دەستنووسەکەی تراکتاتۆس زۆر لەو جۆرە نامیلکە ڕۆژانەییانە دەچێ کە هەندێک کەس لەبەر باخەڵیاندا هەڵی دەگرن و تێبینی و سەرنجی هەنووکە و کاتی خۆی تێدا تۆمار دەکەن. ئەم تیۆرییەشم لەسەر ئەم بناغەیە دامەزراندووە: بۆ من تراکتاتۆس زۆر پچڕ پچڕ و پەرت و نایەکانگیر خۆی دەردەخا، ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبەمەوە سەر ئەو ئارگومێنتەی بەهۆیەوە دەمەوێ پێ لەسەر ئەوە داگرم کە"" تراکتاتۆس"" دوورە لەوەی بەجۆرێکی سیستماتیکی فەلسەفی یان بەپێی دیسپلینی دیاریکراوی ئەکادیمی نووسرابێ. ئەمەش تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ڤیتگنشتاین ویستوویەتی کارێکی جیا یان نەنووسراو بنووسێ، بەڵکو

شێوەی نووسینەکەی و قۆناغە جیاکانی تۆمارکردنی، باشترین بەڵگەن لەسەر ئەو ویستەی لە ""تراکتاتۆس ""دا هەر لە سەرەتاوە چاندراوە. تراکتاتۆس کە بەسەر حەوت پەرەگرافدا دابەش کراوە، جار جارە پێوەندییەکی زنجیرەیی لە نێو پەڕەگرافەکانیدا بەدی دەکرێ و جار جارەش نەخێر. سیستمی نووسینەکە کە تاوێک ئێتیکییە و تاوێک میتافیزیکی یان لۆژیکی و تاوێکی تریش زمانەوانی و یان فەلسەفی، کارێکی ئەوتۆی کردووە تراکتاتۆس ببێ بەزمانحاڵی بیرکردنەوەیەکی پەرت و ناچوست. بەڵام هەموو ئەوانە بەسەر یەکەوە، ئەو کۆڵەکە فەلسەفییە دروست دەکەن کە ڤیتگنشتاین وێنەی بۆ کێشاوە. کە ئەوەش بۆ ئەوە بووە کە ببێ بەتێزێکی ئێتیکی. هەروەک ئەوەی لە نامەیەکیشدا ڕوونی کردووەتەوە.

سەرەڕای ئەوی لەو چەند دێرەی لای سەرەوە وترا، دەمەوێ ئەوەش بڵێم، کە کەم کەس نکوڵی لەوە دەکا ڤیتگنشتاین بەگشتی و تراکتاتۆس بەتایبەت خاوەنی بیرێکی سادە و ساکار بێ، بەڵام من تەنیا بەو ناساکارییانە هۆگر دەبم کە بەتراکتاتۆسەوە، تایبەتن. هەروەها ڤیتگنشتاین بۆ من، پێم وابێ وێنەشم تا بڵێی زۆرە، واتە ئەو بیریارەی ئاڵۆزی خستە بیری فەلسەفیی ڕۆژئاواوە. تەنانەت زۆر جاریش بەخۆمم وتووە گەر بۆ نموونە تراکتاتۆس نەنووسرایە یان ڤیتگنشتاین بەگشتی وەک فەیلەسوف بوونی نەبایە، تۆ بڵێی فەلسەفەی شیکردنەوەیی یان فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا بەو ئاستە لە ئاڵۆزی و گومرایی بگەیشتایە کە هەنووکە پێی گەیشتووە؟ من بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێم: ڤیتگنشتاین بەگشتی و تراکتاتۆسەکەشی بەتایبەتی، بەرپرسیارە هیچ نەبێ لە بەشێک لەو ئاڵۆزییەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ماوەی ئەو هەشت دەیەیەی ڕابردوو تێ کەوتووە. دڵنیاشم ئەو توێژینەوە فەلسەفییە زۆرەی لە کۆلێژەکانی فەلسەفە (هێندەی ئاگام لێیە) لە بارەی فەلسەفەی ڤیتگنشتاین و پێوەندیی وی بەفەلسەفەی ڕۆژئاواوە ئەنجام دراون، ئەوە دەردەخەن کە بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین، بەتایبەت لە پاش بڵاوبوونەوەی توێژینەوە فەلسەفییەکان، چەند کاریگەر و زاڵ بووە. لەم ڕووەوە گرینگە،



ئاماژە بەوەش بکەم من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم فەلسەفەی شیکردنەوەیی نوێ، بێ ڤیتگنشتاین نەدەشیا ببێ؛ چونکە ئەم فەلسەفەیە پێش ئەم هاتووەتە دنیاوە، بەڵام بەسەرهەڵدانی ڤیتگنشتاین، بەتایبەت لێرەدا تراکتاتۆس، مەبەستە، فەلسەفەی شیکردنەوەیی ڕۆژئاوا، لە لایەک کەوتە ناو بارێکی فەلسەفیی دییەوە و لە لایەکی تریشەوە ڕەوتێکی تری وەرگرت کە ئەوەش ئەو ڕەوتە لۆژیکییە بوو کە بیری لۆژیکی ڤیتگنشتاین زاڵی کرد بەسەر تێگەیشتنی فەلسەفەی تیۆرییەوە. بەڵام ئەم ڕەوتە و ئەم بارەش بۆ من بە ئاڵۆزیێ دێتە پێش چاو کە وەکی تر ئەم ئاڵۆزییە فەلسەفەی بەرەو ئایندەیەکی گومڕا و دیتنێکی پڕ لە پایانخوازی برد. وەکی تر، دەمەوێ بڵێم: ئەو ئاڵۆزییەی بەهۆی تراکتاتۆسەوە، فەلسەفەی ڕۆژئاوا تێی کەوت، پەیامی فەلسەفەی بەرەو بیرۆکەی پایان برد، یان هیچ نەبێ بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا یارمەتیدەر بوو بۆ گەیشتن بە(بۆ ڕۆیشتن ڕووەو) بیری کۆتایی فەلسەفە. بیری کۆتایی فەلسەفەش کە دژە بیری ویستی فەلسەفاندنە، دەرگا لە گشت شیاوییەک دادەخا لە بەردەم فەلسەفەکردندا . ئەم لایەنەش کە بابەتی سەرەکیی منە، داوام لێ دەکا هەڵوێستەیەک لە ئاست تراکتاتۆسدا بکەم. واتە هەڵوێستەکردنی من لە ئاست تراکتاتۆس شتێکی ڕێکەوت نییە، بەڵکە بەمەرام و خواستی بنەڕەتیی ئەو تێزەوە پێوەندیدارە کە بەگشتی کاری لەسەر دەکەم. واتە تێزی کردنەوەی شیاوی لە بەردەم فەلسەفەکردندا یان وەکی تر ویست بۆ فەلسەفاندن. بەمجۆرە ئەو ویستەی من لەم نووسینەدا زەقی دەکەمەوە لە هەموو ڕوویەکەوە دژە جەمسەری بیرۆکەی کۆتاییە لە فەلسەفەدا . بیرۆکەی کۆتایی فەلسەفەش کە دژی ویستی فەلسەفاندنە شایانی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیە.

من لەگەڵ هەموو ئەوی لای سەرەوە سەبارەت بەئاڵۆزیی بیری فەلسەفیی تراکتاتۆس وتم، مەبەستم ئەوە بوو ئەوە بیر بخەمەوە نە تراکتاتۆس کارێکی فەلسەفی سادەیە و نەش ڤیتگنشتاین، وەک بیریار خاوەنی بیرێکی ساکار و ڕوونە. بەڵام ئەمە وا لە من ناکا هەندێک سێرکردنی ئەم بیریارە ڕاڤە نەکەم و

زەینی خوێنەری ئەم چەند دێرەش بەرەو ئەو ئاڵۆزکارییە ڕانەپێچم کە تراکتاتۆس زمانحاڵیەتی. ڕەنگە چەپکێ لەو ئاڵۆزکارییانەی سەبارەت بە""تراکتاتۆس"" لە ئارادایە، لەوێوە سەر دەربێنێ کە تراکتاتۆس بۆ گەلێک لەوانەی فەلسەفە پیشەیان بووە، ئەوە بووە کەئەم نووسینەی ڤیتگنشتاین لە چی دەدوێ؟ خۆی ڕەنگە ئەمە ڕاست بێ و لە چی دووانی تراکتاتۆس، یەکێک بێ لە پرسیارە فەلسەفییە ڕۆژئاواییە هەمیشە زیندووەکان، بەڵام گرفتەکە لەوێ دایە، کە ئەمە بۆ ڤیتگنشتاین، ئەو بایەخەی نەبووە و یان بۆ ئەو، ئەوە براوە بووە ئەم کتێبە تەنێ دەبێ بەشوێنی تێگەیشتنی ئەوانەی جارێ لە جاران بیریان لەو بیرکردنەوانە کردووەتەوە کە ئەم کتێبە دەری دەبڕێ. بەڵام جەختیش لەوە دەکا ئەم کتێبە کتێبێکی سەرەتایی نییە، واتە کتێبی دەستپێک نییە. ئەو خوێنەرەش کە بەتێگەیشتنەوە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە دەکەوێتە بەر چێژێک(٣). دیارە بۆ ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان، وەک ڤیتگنشتاین بیریان لەوە نەکردووەتەوە فەلسەفە، بکەن سەختە بکارن، لە ناوەڕۆکی ئەو گوزارە و دەربڕینانە بگەن تراکتاتۆس ڕەخنەی دەکا یان ڕێنوێنیی دەکا. ئەوەتا ڤیتگنشتاین لەو پێشەکییە چەند دێرییەی بۆ کتێبەکەی نووسیویەتی بەمجۆرە لە ئامانجی بیرکردنەوەکانی دەدوێ:

""ئەم کتێبە لەو کێشە فەلسەفییانە دەدوێ کە فۆرمولێزەکردنیان، بەباوەڕی ڤیتگنشتاین، لەسەر بەهەڵەتێگەیشتن لە لۆژیکی زمانمان ڕاوەستاوە. مرۆڤ، بەقەولی خۆی، دەشکارێ مانای گشتیی کتێبەکە بەکورتی لەم پەیڤەدا پوخت بکاتەوە: ئەوی دەشێ بوترێ دەکرێ بەڕوونی بوترێ و، ئەوەشی مرۆڤ ناکارێ لە بارەیەوە بدوێ پێویستە مرۆڤ لەو ڕووەوە بێدەنگ بێ. ئەڵبەتە هەر ئەم کتێبە بۆ ڤیتگنشتاین دەکرێ، وەک ئەوەش تەماشا بکرێ کە دەیەوێ سنوورێک بۆ نەک بیر، بگرە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەکانیش دابنێ. بۆ ئەوەش کە سنووری بۆ بیرکردنەوە دانرێ پێویستە بیر لە هەردوو لای سنوورەکە بکرێتەوە (واتە ئێمە مەرجە بتوانین بیر لەوە بکەینەوە، لە شتێک ناکرێ بیری لێ بکرێتەوە) ""(٤). ئەم دان پیداهێنانەی ڤیتگنشتاین کارێکی ئەوتۆی کرد



بیرلێنەکراو لە دەربڕینەکاندا سەرنجی بخرێتە سەر. ئەمە بەو واتایە دێ، بیرکردنەوە و بیرلێنەکراو کە وەک دوو واتا تەماشا دەکرین، دەشێ وەک یەک شوێنی تێڕامان بن. واتە تەنیا چییەتیی بیرکردنەوەکان ناچنە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو چییەتیی بیرلێنەکراوەکانیش. بەڵام ئەو سنوورە لەم حاڵەتەدا خۆی وتەنی لە ڕێگەی زمانەوە دەبێ. بەم شێوەیە، ئەوە زمانە بیرکردنەوە لە بیرلێنەکراو جیا دەکاتەوە، ئەوەشی کە دەکەوێتە دەرەوەی ئەم سنوورە بێ مانایە(٥). بێ ماناش ئەو واتا هێژایەیە کە تا دوا هەناسەی فەلسەفی لە سییەکانی تراکتاتۆسدا دێ و دەچێ و زۆرترین ئەندێشەی فەلسەفیی تراکتاتۆسیشی مۆنۆپۆڵ کردووە، تەنانەت ئەم واتایە لە گەلێک لەو توێژینەوانەی کە تایبەت بەتراکتاتۆس ئەنجام دراون، بووە بەمایەی شرۆڤەکردنی گەلێک لە تێگەیشتنەکانی ڤیتگنشتاین لەم نووسینە نۆبەرەیەی.

بەپێی ڕوانینی من بێ مانایی لە فەلسەفە هەر بێ مانایە، هەر چۆن گوزارەی لێ بکرێ، بەڵام پارادۆکسەکە لە تراکتاتۆسدا بۆ من ئەوەیە کە چەند ڤیتگنشتاین بەرەنگاری بێ مانایی دەبێتەوە ئەوەندەش خۆی بێ مانایی لە نێو سییەکانی تراکتاتۆسدا پەنهان و جێ دەکاتەوە. ئەو کە فەلسەفەی کلاسیک، یان باشترە بڵێم، ئەو پرسیارانەی فەلسەفەی کلاسیک سەرقاڵ بووە پێوەی، بەبێ مانا دەزانێ خۆی لە بەشێکی زۆر لەو بێ ماناییە فەلسەفییە، لە تراکتاتۆس و دواتر لە کارەکانی تریشیدا، دەربازی نەبووە. باشە ئەوە بێ مانایی نییە گشت فەلسەفە لە کۆتاییدا بکرێ بەیارییەکی زمانەوانی؟ یان گشت جیهان ببێ بەپارچەیەک لە فاکتە؟ یاخود ئەوەی کە هەموو فەلسەفە ببێ بەڕەخنەی زمان؟ من دڵنیام ڤیتگنشتاین، ئاگاییەکی باشی لەسەر فەلسەفەی کلاسیک، ترادیسیۆن، هەبووە بەڵام ئەم ئەو ئاگاییە لە تراکتاتۆسدا ئاوەژووانە بەرچاو دەخا. ئەو نایەوێ دان بەوەدا بنێ، بەری بیرکردنەوەی کێیە و تەنانەت بەئاشکراش ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە دەیەوێ بیری کێ ڕەت بکاتەوە. بەڵام تاکە شتێ کە زۆر پێوەی سەرگەرمە، ئەوەیە کە زۆر ئاشکرایانە ئەو شێوە کارکردنەی فەلسەفەی کلاسیک لەسەری ڕۆیشتووە، ناواخن پووچ دەکا.

ئەمەش کە تێزێک سەرەکییە لە ""تراکتاتۆس""دا، هەناوی ئەو ویستە فەلسەفییەش نیشان دەدا کە ڤیتگنشتاین لەم نووسینە نۆبەرەیەوە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێ.

بۆ زێدە شیکردنەوەی دیتنەکانی لای سەرەوەم، دەگەڕێمەوە لای ڤیتگنشتاین خۆی. چونکە ناوبراو لەو پێشەکییەی لە ١٩١٨ نووسیویەتی بۆ تراکتاتۆس، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە نایەوێ هیچ سەرچاوەیەک بخاتە بەردەست کە لە نووسینی ئەم کتێبەی (نامیلکەیە) پشتی پێ بەستووە. چونکە پێی وایە ئەوە تەنیا خۆیەتی بیری لەم شتانە کردووەتەوە کە گوزارەی لێ کردوون. تەنانەت جەخت لەوەش دەکا، بەلایەوە مەبەستدار نییە ئەم کارەی چۆن لە لایەن فەیلەسوفانی دییەوە تەماشا دەکرێ. بەڵام زۆر بە ڕێزەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە سوودێکی زۆری لە نووسینەکانی فرێجە و ڕاسێلی هاوڕێی وەرگرتووە[٦]. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم دوا واتایە، دەمەوێ ئەوە بیر بخەمەوە، ڕاسێل و فرێجە (فرێجە فەیلەسوف و لۆژیکەر و بیرکاریناسێکی ئەڵمانییە) مانایەکی زۆریان بۆ دروستبوونی مەیلی فەلسەفە لای ڤیتگنشتاین هەبووە. بەڵام ئەم مەیلە بۆ فەلسەفە مەیلێکی ئاسای نەبووە، چونکە مەیلی ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفە لێدانی ئەو ئارەزووە بووە کە لە لایەن باوکییەوە بەسەریدا سەپێنراوە و هەروەها ئەو هەوەسەی لە ڤیتگنشتایندا بۆ ڕەتکردنەوەی فەلسەفە سەزبووە. جا لێرە دەکرێ ئەم ڕەتکردنەوەیە بەوەش لێک بدرێتەوە کە ویستێک بووە لە ڤیتگنشتاین، بۆ هەڵوەشانەوەی فەلسەفەی کلاسیک، هەروەها شێوە چارەسەرەکانی ئەم فەلسەفەیە بۆ کێشە فەلسەفییەکان کە ناوبراو پێی وابووە، شێوە چارەسەرەکانی ئەم فەلسەفەیە، پێویستی بەگۆڕانە و ئەم گۆڕانەش ڤیتگنشتاین وای بینیوە داوامان لێ دەکا لۆژیکی زمانمان بگۆڕین، بۆیە دەکرێ تراکتاتۆس وەک چارەسەر و ڕێنیشاندەرێک بۆ ئەو کێشانە و وەک دەستوورێکیش بۆ گۆڕینی لۆژیکی زمانمان هاتبێتە کایەوە.

هەرچی ئەوەشە کە پێوەندیی بەلێدانی ئارەزووە وێنەکراوەکەی باوکییەوە هەیە، ئەوەندە دەڵێم کە، ڤیتگنشتاین پاش ئەوەی لە لایەن باوکییەوە بۆ



مانشستەر دەنێردرێ، بۆ خوێندنی ئەندازیاری واز لەم ڕشتەیە دێنێ و لەبری ئەوە ئارەزووی بۆ نووسینەکانی ڕاسیل لەمەڕ بناغەکانی بیرکاری لا دروست دەبێ. هەر لەو دەم و وەختەشدا ڕوو لە کامبرج دەکا و لە بەردەست ڕاسێل لەوێڕا سەرقاڵی خوێندنی لۆژیک و بیرکاری (ماتماتیک) دەبێ. ئەم بایەخدانەی ڤیتگنشتاینیش بەڕاسیل هاوشانی ئەو بایەخدانە دەبێ کە ناوبراو دەیدا بەکارەکانی فرێجە لەمەڕ بیرکاری و لۆژیک کە بەخۆی ئەم بایەخدانەش بەمجۆرە بەفرێجە، هەوڵێ بوونە لە لایەن ڤیتگنشتاینەوە بۆ تێگەیشتن لە بنەماکانی لۆژیک و وەزیفەی زمان. تەنانەت ڤیتگنشتاین لەو پێشەکییە یەک لاپەڕەییەی بۆ کتێبی تراکتاتۆس نووسیوە، بەڕوونی جەخت لە کاریگەریی فرێجە و ڕاسیلی هاوڕێی دەکا کە بۆ نووسینی تراکتاتۆس تاکە سەرچاوەی بیری بوونە.

پاش ڕووخستنە ڕووی ئەو چەند تێگەیشتنەی لای سەرەوە، لەسەر تراکتاتۆس دەمەوێ قامک بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشم کە زۆربەی ئەوانەی خوێندنەوەیان بۆ ئەم کارە کردووە پێیان وایە، تراکتاتۆس کارێکی فەلسەفیی ئاڵۆز و گومڕا و ناسانایە. ڕەنگە بەشێکی زۆر لەوانە لەسەر ئەوە کۆک بن ئەم ئاڵۆزی و گومڕاییە هۆیەکەی ئەوە بێ کە گەیشتن لە ناوەڕۆک و واتاکانی ڤیتگنشتاین لەم کتێبە ئاسان نەبێ و هەروەها پەیبردن بەدووریی مانا و مەغزای دەربڕینەکانی ڤیتگنشتاینیش ئەستەم و ناسانا بێ. ئەوەیشی بەوردی تەماشای سیستمی نووسینی کتێبەکە بکا هەست بەوە دەکا، ئەم کتێبە ئەگەرچی بەجۆرێ زنجیرەیی نووسراوە، بەڵام ئەو زنجیرەییە لە ناسانایی و گومڕایی دەربڕین و گوزارەکانی کەم نەکردووەتەوە و، جگە لەوەش خستنە ڕووەکان لەم کتێبە کە لە ڕووی واژە و گوزارەوە تا بڵێی قورس و ئاڵۆزن، ئەم لایەنە سەختییەکی زۆری بۆ گەیشتن لە ئامانجی ئەم نووسینە فەلسەفییە دروست کردووە. تەنانەت ئەوی ئەم کتێبەش بایەخی دەداتێ، تەنیا زمان و لۆژیک نییە، کە گەلێک وای بۆ دەچن، بەڵکو شان بەشانی ئەوانە گرنگییەکی زۆر بەجیهان، دەربڕین، ڕستە و گوزارەش دەدا . ڕاستە ئەم کتێبە کارێکی زۆر

بۆ ئەوە دەکا بیرەکان ڕوون بن و، ڕوونی و سانایی لە بیرا ئامادەبێ بەڵام تراکتاتۆس ئەوەی بەش بەحاڵی خۆی زۆر بەسەختی کردووە. بەپێی تەماشاکردنی من ئەم لایەنەش، واتە ئەوەی تراکتاتۆس ناڕوون و ناسادەیە دەربڕین و گوزارەکانی، ڕوخساری هەرە دیاری ئەو کارەی (واتە تراکتاتۆس) پێک هێناوە. هەروەها ڕاستە تراکتاتۆس شوێنێکی دیار و بەرچاوی لە دنیای فەلسەفەی ڕۆژئاوا و نێوەندە ئەکادیمییەکانی ئەم دنیایەدا هەیە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەوە بەوەوە تایبەتە کە ئەوەی پێی دەڵێن ئیمپریزمی لۆژیکی بەهۆی تراکتاتۆسەوە هاتووەتەئارا و تەنانەت دەشێ ئەوەش بوترێ کە بۆچوونەکانی تراکتاتۆس مانایەکی زۆریان بۆ هێنانە جیهانی فەلسەفەی زمانەوانی لە شوێنێک وەک زانکۆی کامبرج و دروستکردنی بازنەی فەلسەفی لۆژیکی و زمانەوانی لە ئۆکسفۆردیشدا دیوە. ئەمەش بەبۆچوونی من ئەو دەمە کرا کە ئامانجی سەرەکی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا خۆی لەوەدا گرمۆڵە کرد کە فەلسەفە تێپەڕێنێ. مەبەست ئەوەیە، ئەو دەمە کاریگەری تراکتاتۆس گفتوگۆئامێز و ڕێچکەشێکێنەرکەوتەوە کە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا دەخوازێ فەلسەفە لە کۆڵ بکاتەوە و لەبری ئەوە بایەخ بەزانینی لۆژیکی بدا، یان بەواتای جیا لە گشت ئەوی وترا، ئەو کاتە تراکتاتۆسەکەی ڤیتگنشتاین لە لایەن ئەوانی دییەوە سەرنجی خرایە سەر کە تراکتاتۆس لەبری کارکردن لەسەر فەلسەفە، بناغەی بۆ شیکردنەوەی زمان دانا. بەڵام لەم ڕووەوە دەمەوێ ئەوەش بڵێم: هەمیشە کە باس دێتە سەر شوێنی فەلسەفیی تراکتاتۆس گومرایی و نادیارییەکی زۆر دەبێ بەمیوانی دیتن و تێگەیشتنەکان کە ئەوەش بەزۆری پێوەندیی بەخودی هەوڵە فەلسەفییەکانی ئەم کارە و ئەمجار ناوەرۆکی فەلسەفیی خودی تراکتاتۆس یان بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا هەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەش پێوەندیی بەجۆری کارکردنی ڤیتگنشتاینەوە هەیە لەسەر زمان. چونکە کارکردن بەگشتی لەسەر زمان، یان بەتایبەتی کارکردن لە بواری فەلسەفەدا لەسەر زمان، تا کاتی نووسینی تراکتاتۆس شتێکی دەگمەن و بێ وێنە نەبووە بەڵام شێوەی کارکردنەکەی



ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا ڕەنگە ئەوە بووبێ. واتە دەگمەن و بێ وێنە بووە، ڤیتگنشتاین کە کاری لەسەر زمان کردووە نموونەی وەک فرێجە و ڕاسێل دێنێتەوە، بەڵام فەلسەفەی زمان و لۆژیک لەم دوو بیرمەندە جیاوازەوە دەست پێ ناکا. بەڵام شێوەی کارکردنەکەی فرێجە و ڕاسێل بۆ ڤیتگنشتاین جێی سەرنج بووە، بۆیە ڤیتگنشتاین گەڕاوەتەوە سەریان (واتە سەر فرێجە و ڕاسێل)، یان ناویان لەو پێشەکییە بەسوپاسەوە گۆ دەکا، بەڵام ئەمەش دیسانەوە ئەوە ناگەیەنێ کە تراکتاتۆس کۆپییەک بێ لە بیری فەلسەفەی زمانەوانی یان لۆژیکیی فرێجە و یان لە ڕاسێل بەڵکو، بەباوەڕی من، ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا هەوڵێکی بەدەستەوەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دوو ئەزموونە. بۆیە دەڵێم دوو ئەزموون چونکە ئەم دوو بیریارە (واتە فرێجە و ڕاسیل) زمانحاڵی دوو ئەزموونی فەلسەفی ڕۆژئاواییِن یەکێکیان ئەڵمانی و ئەوی تر ئینگلیزییە. ڕاستە هەردوو بیریارەکە مانایان بۆ گەشەدان بەنەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی نوێ، گەورەیە و ئەوەش کە پێی دەڵێن فەلسەفەی بیرکاری و بیرکاری لۆژیکی لە ژێر سایەی تێگەیشتنی بیرکاری و لۆژیکی ئەم دوو بیریارە، نەشونمای کردووە، بەڵام ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا کە بەزۆری بەدەور و خولی ئەندێشەی لۆژیکی ئەم دوو فەیلەسوفەدا دەخولێتەوە دەیتوانی لە شوێنێکی تریشەوە دەست پێ بکا. ئەم دەستپێکردنەی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس لە فرێجە و ڕاسیلەوە بۆ من لە لای بەواتای ئەوە دێ کە ڤیتگنشتاین فەلسەفەی کلاسیکی لا مەبەست نییە و لە لایەکی تریش ئەو فەلسەفەیەشی لا مەبەست نییە کە هیچ دوور نەڕۆین ١٠٠ یان ٢٠٠ ساڵێ پێش نووسینی تراکتاتۆس بەئەڵمانی نووسراوە کە زمانی دایکی ڤیتگنشتاین بووە، کە بەزۆری من مەبەستیشم لەو فەلسەفەیە فەلسەفەی کەسانێ وەک : کانت، هیگڵ، مارکس، و نیچەیە. ڕاستە فەلسەفەی ئەم بیرمەندانەی ناوی هات لە لایەک جیایە لە فەلسەفەی فرێجە و ڕاسێل و لە لایەکی تریش لەو فەلسەفە نوێیەش کە ڤیتگنشتاین خۆی بۆ مەڵاس داوە گەشەی پێ بدا (واتە فەلسەفەی شیکردنەوەیی نوێ) بەڵام خۆ دەبایە لەو شوێنانەی کە پێوەندی بەئیتیک، عەقڵ

و لۆژیکەوە هەیە بچووایەتە سەر هیچ نەبێ کانت و هیگڵ بەتایبەت ئەم دوو بیریارە کە فەلسەفەکەیان پێیەکی لە ناو فەلسەفەی تیۆرییە و ئەوی تری لە ناو فەلسەفەی پراکتیک، زۆریان لەو ڕووەوە وتووە. بەڵام پێ دەچێ هەر زوو ڤیتگنشتاین و پێش نووسینی تراکتاتۆسیش سنووری بیرکردنەوە و ڕاڤەکردنی خۆی دەستنیشان کردبێ و بڕیاریشی دابێ چشتێک بۆ ئەم دەکرێ، وەک کێشەی فەلسەفی ببینرێ و چیش دەکرێ نەبینرێ. ئەو کە گشت ئەو پرسیارانەی فەلسەفەی کلاسیک پێوەی سەرقاڵ بووە بەبێ مانا دەزانێ، ئەمە باشترین ئاماژەیە لەسەر جۆری کارکردنی لە ناو فەلسەفە. بۆیە هەڵە ناکەم بێژم ئەو ویستە فەلسەفییەی لە تراکتاتۆسدا خۆی مەڵاس داوە ئەو ویستەیە کە ڕەتکردنەوەی گشت فەلسەفەی کلاسیک لە کۆڵ دەگرێ. ئەم ویستە کە ڕێگە، بەباوەڕی من، لە بەردەم فەلسەفاندندا تەسک دەکاتەوە، گورزێکی تا بڵێی بەهێزیش لەو غەمە فەلسەفییانە دەدا پێش تراکتاتۆس سارێژ کراون. یان ئەو دەمەی ویستی فەلسەفاندن دەبێ بەهەوێنێک لە ڕەخنەی زمان ئەمە وا لە کردەی فەلسەفەکردن دەکا تەنیا شتێک بڵێ و تەنیا لە شوێنێکەوە ملی ڕێگە بەرەو فەلسەفاندن بگرێتە بەر. بەواتایەکی تر، فەلسەفاندن کە لە تراکتاتۆسدا زۆر گومڕا و لێڵە پارچەیەکیشە لە لۆژیک کە ئەمە نە هەموو فەلسەفەیە و نەش فەلسەفە بێ لۆژیک دەکارێ گوزەر بکا. ڕەنگە لۆژیک زۆرجار لەبری زمان لە تراکتاتۆسدا بەکار ببرێ، بەڵام وا هەستیش دەکەم چەند لۆژیکی نوێ لەو هیچگەراییە بەرپرسیارە کە فەلسەفەی تازە تێی کەوتووە، ئەوەندەش تراکتاتۆس لێی بەرپرسیارە.

بەڵام باس لە چۆنیەتیی بەکاربردنی زمان لە لایەن ڤیتگنشتاینەوە، هەمیشە دەمانباتەوە سەر وتن لە بارەی کارێکی تری فەلسەفی- زمانەوانیی ئەم بیریارە، نەمساوییەوە کە ئەوەش کتێبی""توێژینەوە فەلسەفییەکان""ە کە پاش مەرگی بەدوو ساڵ (واتە ساڵی ١٩٥٣) بەچاپ گەیەندراوە. لە ڕاستیدا لەو کارانەی ڤیتگنشتاین لە پاش تراکتاتۆس نووسیویەتی، گەلێک زۆرن وەلێ ناودارترینیان ئەوەیانە کە ناومان هێنا کە شوێنی تێڕامانێکی فەلسەفیی پڕە و



لە دوای مردنی بەدوو ساڵ قوتابییەکانی کامبرجی کۆیان کردووەتەوە بۆ بەچاپ گەیاندن. ئەوی بۆ گەلێک لە خوێنەرانی ئەم دوو کارە فەلسەفییە جێی ئاوڕدانەوەیە ئەوەیە کە بۆچوونێکی زۆر دێباتئامێز لەسەر پێوەندیی نێوان ئەم دوو کارەی ڤیتگنشتاین لە ئارادایە کە کورتەی ئەو دێباتانەش ڕەنگە ئەوە بێ کە ڤیتگنشتاین لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا لە بۆچوونەکانی تراکتاتۆس پاشگەز دەبێتەوە. ئەم لایەنە لە نێوەندە فەلسەفییەکاندا خاڵی مشتومڕکردنە و تا هەنووکەش نەبڕاوەیە. ئەو مشتومڕەش بەخۆی لەوێوە دەست پێ دەکا گوایە ""تراکتاتۆس"" و "" توێژینەوە فەلسەفییەکان"" دوو ڤیتگنشتاینمان بۆ زەق دەکەنەوە. گەلێک لە یارانی بیری ڤیتگنشتاین ئەم مەسەلەیە ڕەت دەکەنەوە و هەرگیزیش بەوە قایل نین ڤیتگنشتاینی ناو تراکتاتۆس لە ڤیتگنشتاینی ناو توێژینەوە فەلسەفییەکان جودا بێ. واتە دانهێنان بەو جیاوازییە، واتە دانهێنان و باوەڕکردن بەبوونی دوو ڤیتگنشتاین، بۆ هەندێک لە یارانی ڤیتگنشتاین شتێکی هەڵەیە. بەخۆشی بیرۆکەی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەندێک لەوانەی توێژینەوەیان لەسەر ڤیتگنشتاین کردووە، بۆ ئەوە دەچن ئەو ڤیتگنشتاینەی تراکتاتۆسی نووسیوە، دەکرێ بەڤیتگنشتاینی لاو لە قەڵەم بدرێ و ئەویشی توێژینەوە فەلسەفییەکانی نووسیوە، دەکرێ بەڤیتگنشتاینی پیر (پێگەیشتووتر) لە قەڵەم بدرێ. ئەوانەش کە باوەڕیان بەم دابەشکردنە هەیە بۆ ئەوە دەچن ڤیتگنشتاین لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا لە گەلێک لە بۆچوونەکانی تراکتاتۆس پەشیمان دەبێتەوە، واتە لە بۆچوونەکانی سەردەمی لاوی. تەنانەت هەر ئەمانە پێشیان وایە هیچ جۆرە بەردەوامگەری و تەواوگەرییەک لە نێوان ئەو دوو کارەدا بوونی نییە. بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە ئەو گەشەکردنە فەلسەفییەی لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا هەیە، هەمان ئەو ماهیەتە فەلسەفییەی نییە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا وە سەرەتای هاتووە. چونکە ڤیتگنشتاین لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا بەجۆرێ دەنووسێ وەک بڵێی پێشتر، واتە پێش نووسینی توێژینەوە فەلسەفییەکان، کاری فەلسەفیی تری نەنووسیوە یان ڤیتگنشتاین لە توێژینەوە

فەلسەفییەکاندا بەجۆرێک بیر دەکاتەوە، وەک بڵێی کێشە فەلسەفییەکان چارەسەری خۆیان لە تراکتاتۆسدا لە بندا دیوەتەوە. بەڵام ئەمە هەرگیز وا نییە. چونکە گەلێ ئارگومێنت هەن کە ئەم لایەنە ساغ دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەو شێوە کۆتایی پێ هێنانەی ڤیتگنشتاین تراکتاتۆسی پێ کۆتایی دێنێ. مەبەستم دوا دەربڕینەکانی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس جۆرە وێنەی لای خوێنەر دروست دەکەن کە فەلسەفەکردن پرۆسەیەکە لە پووچی یان ویست بۆ فەلسەفاندن گەڕانە بەدووی هیچیدا. بەڵام ئایا وایە؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر[٧]. ئارگومێنتێکی تریش کە دەشێ لەم ڕووەوە وەک نموونە وەرگیرێ، ئەو شێوە مامەڵەکردنەی تراکتاتۆسە کە لەتەک فەلسەفەدا دەیکا کە بەخۆی مامەڵەکردنەکە وەک فۆرمێ لە میتافیزیک خۆی دەردەخا. بەڵام ئەمە دەبایە بەو جۆرە نەبایە و چارەسەر بکرایە. چونکە من وای دەبینم کە تراکتاتۆس لە لایەک کۆشش بۆ ڕەتکردنەوەی میتافیزیک دەکا کەچی لە لایەکی تر میتافیزیک بەرهەم دێنێ. هەردوو ئەم لایەنەش ئارگومێنتێ تر زەق دەکەنەوە کە بەمجۆرەیە: بەپێی دیتنی من، تراکتاتۆس وەڵامی تەواوەتی بۆ ئەوە نەدۆزیوەتەوە کە چۆن بێ مانای بەرهەم نەیەت. چونکە تراکتاتۆس پێیوایە ئەوی سەبارەت بەکێشە فەلسەفییەکان وتراوە دەچێتە خانەی بێ مانایییەوە بەڵام خۆ تراکتاتۆسیش لەو ڕووەوە تەخسیری نەکردووە. باشە گەر وابێ گشت فەلسەفەکردنێ لە پاش تراکتاتۆس کراوە بێبەری نییە لەو بێ مانایە یان هەچ فەلسەفێ کە لە دوای تراکتاتۆسەوە لە دایک دەبێ لە بێ مانایی (بەقەولی ڤیتگنشتاین نۆنسێنس) زیاتر هیچی دی بەرهەم ناهێنێ. بەڵام ئایا وایە؟ ئایا فەلسەفە ویستە بۆ بەرهەمهێنانی بێ مانایی (نۆنسێنس) ؟ نەخێر ئەمە وا نییە و فەلسەفە، گشت مێژووی فەلسەفە، بریتی نییە لە بێ مانای بەڵام فەلسەفە دەکارێ بێ مانایی بەرهەم بهێنێ یان دەشێ وا لە فەلسەفە بکرێ ویستی بۆ بێ مانا تێدا سەوز بێ، وەلی ئەمە بەو مانایە نایە ویست لە فەلسەفەدا بەبێ مانایی بەرهەمهێنان مەحکوومە. بەواتایەکی تر، ڕاستە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا ڕووداوی بەرهەمهێنانی بێ مانایی بەخۆوە دیوە کە



ئەوەش لە فۆرمی ڕوانین و باوەڕ (دۆکتورین) بەرهەم هێناندا خۆی دیوەتەوە، بەڵام مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەیە کە فەلسەفە کار بۆ هەڵوەشانەوەی بێ مانایی بکا (یان کردووە) نەک پیشەی ئەوە بێ بێ مانایی بچێنێ.

من بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەوی وتم ئەوەش دەڵێم، ئەوی کارەکانی پاش تراکتاتۆسی خوێندبێتەوە، لەوانە توێژینەوە فەلسەفییەکان، بەو تێگەیشتنە گەیشتووە کە ڤیتگنشتاین لەسەر هەمان ئەو ڕەوتە فەلسەفییە کار ناکا کە لە تراکتاتۆسدا کاری لەسەر کردووە. ئەم لایەنە لە نێوان توێژەرەوەکان، لەمەڕ بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین لە لایەک لە تراکتاتۆس و لە لایەکی تر لە توێژینەوە فەلسەفییەکان، قسەی زۆری لەسەرە و ئەم قسانەش ناڕێککەوتن و ناتەباییەکی زۆریان بەرهەم هێناوە. لەم ساڵانەی دواییشدا دوای ئەوەی کۆنفرانسێکی زۆر لەمەڕ بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین لە زۆربەی کۆلێژەکانی فەلسەفە و بەتایبەت لە دێپارتەمێنتی-بەشی- فەلسەفەی تیۆری لە وڵاتانی ڕۆژئاوا (بەتایبەت ئەسکەندەناڤیا)دا ساز کرا، بەئاشکرا باس هاتە پێشەوە لەسەر بوونی دوو ڤیتگنشتاین، ڤیتگنشتاینێکی ناو تراکتاتۆس و ڤیتگنشتاینێکی ناو توێژینەوە فەلسەفییەکان یان ڤیتگنشتاینی پۆست _ تراکتاتۆس. بەباوەڕی من باسیش لە بوونی ئەم دوو ڤیتگنشتاینە ڕەنگە خوێنەرانی فەلسەفەی ڤیتگنشتاین بەرەو هەندێک چارەسەری تیراپیی ببا کە هیچ نەبێ خوێنەری پۆست – تراکتاتۆس بەلایەوە ئاسایی بێ کاری کەسێک بخوێنێتەوە کە بەشێک لە بیرکردنەوەکانی پێش خۆی ڕەت دەکاتەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیە کە بەڕاستی زۆر ناڕوون و شاراوەیە، تەنیا بەهۆی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی وردەوە دەکرێ دەرخرێ.

بەخۆی پەشیمانی ڤیتگنشتاین لە بەشێک لە ڕوانینەکانی تراکتاتۆس بەوە دەچێ بۆ ئەو کەسانەی شارەزای فەلسەفەی ڤیتگنشتاین هەن و هەروەها ئاگاییەکی درشتیان لە دووری و ڕەهەندەکانی ئەو بیر و بۆچوونانە هەیە کە لە بارەی ڤیتگنشتاین بەگشتی و تراکتاتۆس بەتایبەت، بڵاوبوونەتەوە. مەسەلەیەکی نەختێ سەر سووڕهێنەر بێ. بۆ ئەوەی شتێ لەو ڕووەوە

ڕوونکردنەوە بدەم ئەوا لەوێوە دەست پێ دەکـــــەم کـــــە پاش نووسین و بڵاوکردنەوەی تراکتاتۆس ڤیتگنشتاین دەست لە نووسین و تەنانەت فەلسەفەش هەڵدەگرێ و خۆی بۆ کاری تر تەرخان دەکا کە هیچ پێوەندییەکیان نە بە فەلسەفەوە هەبووە و نەش بەو باوەڕانەوەی لە تراکتاتۆسدا ڕووخرابوون. لەو کارانەش بۆ نموونە بوونی ڤیتگنشتاین بەمامۆستا لە قوتابخانەی میللی بۆ ماوەی چەند ساڵێ و لە چەند گوندی جیا جیای نەمسا. بەڵام دواتر بەرەو ڤیەنا دەگەڕێتەوە و لەوێ بۆ ماوەی لە ڕاهیبگایەک کاری باخەوانی دەکا و پاش ئەوەش یەک دوو ساڵێ بەدروستکردنی خانووێکەوە بەسەر دەبا بۆ یەکێ لە خوشکەکانی هەر لەو ماوەیەدا کە لە ڤیەننا دەژی بازنەێ بەناوی بازنەی ڤیەننا[8] دروست دەبێ، کە دواتر دەبێ بەبنکەی بۆ بایەخدان بەلۆژیکی پۆزەتڤیزم یان لۆژیکی ئیمپریزم، بەڵام سەیر لەوەدایە ڤیتگنشتاین لەو ماوەیەدا هیچ بەشدارییەک لەو ڕووەوە ناکا ئەگەرچی پێش چەند ساڵێ بەر لە دروستبوونی ئەم بازنەیە کارێ پڕ لە فەلسەفەی لۆژیکیشی نووسیوە. ئەمانە بۆ گەلێ لە توێژەرەوەکان هەموو نیشانەن لەسەر ئەوەی ڤیتگنشتاین بۆماوەی دەستبەرداری فەلسەفە دەبێ. بەڵام دواتر و پاش ئەم دابڕانە کورتە و بەهۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ ""براور"" جارێ تر بایەخی بۆ فەلسەفە دەگەڕێتەوە و لە ١٩٢٩ سەفەر بەرەو کامبرج دەکا. بەڵام لەوێ دوای ئەوەی سەرقاڵ دەبێتەوە بەفەلسەفە و دەکەوێتە ناو ژیانی ئەکادیمییەوە و دەست دەداتە وتنەوەی وانەی فەلسەفە دەگاتە ئەو باوەڕەی کە بەشێ زۆر لە بۆچوونەکانی لە تراکتاتۆس هەڵە و بێ مانان. بەڵام ئەم هەنگاوەی ڤیتگنشتاین زۆر سادە نەنراوە و کارێ ئاسانیش نییە دانانی دیوارێ لە نێوان تراکتاتۆس و توێژینەوە فەلسەفییەکان کە ئەم کارەیان، واتە توێژینەوە فەلسەفییەکان، بەبەرچاویترین بەرهەمی ڤیتگنشتاین لە قەڵەم دەدرێ پاش گەڕانەوەی بۆ نێوەندی فەلسەفی و کارکردنی لە بواری ئەکادیمی. وەکی تریش گرینگە لێرەڕا ئەوە وەبیر بخەمەوە باس لە تراکتاتۆس و توێژینەوە فەلسەفییەکان هەمیشە باس دێنێتە سەر ئەوەی جیاوازی نێوان ئەم دوو بەرهەمە چییە؟ مرۆڤیش بۆ ئەوەی لەم لایەنە



بگا دەبێ زانینی وردی لە بارەی گشت سێرکردنەکانی ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفە و کێشە فەلسەفییەکان هەبێ، واتە بۆ ئیتیک، میتافیزیک و لۆژیک کە لە تراکتاتۆسدا ڤیتگنشتاین فەلسەفەی لێ بریتی دەکا. هەروەها دەبێ ئەم مرۆڤە ئاگایێ نادرشت و وردی لەسەر گشت ڕوانینی ناوبراو بۆ زمان و شت یان شتەکانی ناو جیهان هەبێ. بەڵام هەموو ئەوانەی ویستوویانە دیوارێ بخەنە نێوان تراکتاتۆس و پۆست – تراکتاتۆس ئاماژە بەوە دەکەن کە تراکتاتۆس بایەخێ زۆری بەزمان داوە و هەروەها زمان بۆ تراکتاتۆس وێنەیەکە لە ڕاستی بەڵام ئەم بۆچوونە لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا ڕەوتێ تر وەردەگرێ، ئەو ڕەوتەش ئەوەیە کە ئەوەی بوونی هەیە ""یاری زمانە"". کەواتە ماهیەتی زمان لە توێژینەوە فەلسەفییەکان وەک تراکتاتۆس نییە.لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا ماهیەتی زمان جیاترە. چونکە لە تراکتاتۆسدا بەخۆی ماهیەت لە نێوان زمان و ڕاستیدایە بەڵام لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا مانائامێزی زمان بەفۆرمەکانی ژیانەوە گرێ دراوە هەر لەم بارەیەوە دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم زۆربەی جیاوازییەکان لە بارەی ڤیتگنشتاینی لاو و ئەوی دواتر پێوەندی بەبۆچوونی ڤیتگنشتاینەوە هەیە بۆ جیهان. چونکە جیهان لە تراکتاتۆسدا جۆراوجۆرە. جاری وا هەیە ئەم جیهانە ماتریالی، میکانیکییە بەڵام جاری وا هەیە ئەم جیهانە لە تراکتاتۆسدا جیهانێ سۆبژێپکتیڤە (خودییە). ئەم بۆچوونەش بەزۆری لەو تێگەیشتنە فەلسەفییەی ڤیتگنشتاینەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە لە تراکتاتۆسدا وەک سولیپزیسم** خۆی دەردەخا.

بۆیە زۆرینەی توێژەرەوەکان لە کۆلێژەکانی بەشی فەلسەفەی تیۆری بەوە گەیشتوون کە ڤیتگنشتاین لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا جیاوازتر لە تراکتاتۆس بیر دەکاتەوە. تەنانەت بەشێ زۆر لەوانە بۆ ئەوەش دەچن توێژینەوە فەلسەفییەکان نەک هەر لە تراکتاتۆس جودایە بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ بەرپەچدانەوەی ئەوی لە ترکتاتۆسدا وتراوە. بەواتای تر، ڤیتگنشتاین لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا، بەباوەڕی گەلێ توێژەرەوە و پسپۆڕ لە بیری فەلسەفی ڤیتگنشتاین، ئەوی وتویەتی جیاوازە لە تراکتاتۆس و بگرە لە گەلێ



ئازاد حەمە (٢١)

شوێندا ڤیتگنشتاین نەک هەر ڕوونکردنەوەی تر و جیاوازتر لەوی لە تراکتاتۆسدایە بەدەستەوە دەدا بەڵکو دژی گەلێ بۆچوونی خۆشی دەوەستێتەوە. ئەمە بۆچوونی هەندێ لە توێژەرەوەکانە چ لە وڵاتانی باکور (واتە ئەسکەندەنافی) و چش لە نێو بیریارانی ئەنگلۆ-ئەمەریکی بەڵام گەلێ توێژەرەوەی دی پێیان وایە پێوەندییێ نەپچڕاو لە نێوان هەردوو ڤیتگنشتاینەکەدا هەیە. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو ڤیتگنشتاینەی تراکتاتۆسی نووسیوە و ئەوی پۆست-تراکتاتۆسیشی نووسیوە هەر یەکن[٩].

بۆ پوختەکردنەوەی ئەوی لەمەوبەر وترا دەڵێم: پاشگەزبوونەوەی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس لە هەندێ لە دیتن و وتنەکانی بەوە دەچێ بۆ ئەو خوێنەرە فەلسەفیانەی ڕووناکبیریێ ئەوتۆیان لەسەر فەلسەفەی ڤیتگنشتاین نییە و هەروەها زانیاریێ ئەستوور و پڕیان لەسەر ئاراستە و ئاقارەکانی ئەو بیر و بۆچوونانە نییە کە لە بارەی ڤیتگنشتاین بەگشتی و تراکتاتۆس بەتایبەت وتراوە تێڕامانێ ئاسای بێ و سەرسووڕهێنەر نەبێ. بەڵام بەش بەحاڵی خۆم دەمەوێ ئەوە بڵێم: بەڵێ ڕاستە ڤیتگنشتاین لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا جیاواز لە تراکتاتۆس بیر دەکاتەوە بەڵام ئەمە نە باوەڕی گشت ئەوانەیە ئەو دوو کارە سەرەکییەی ڤیتگنشتاینیان خوێندووەتەوە و نەش ئەم لایەنە ئەو بیرۆکەیە لاواز دەکا کە من باوەڕم پێیەتی لە تراکتاتۆسدا ئامادەیە. ئەو بیرۆکەیەی من بۆی دەچم لە تراکتاتۆسدا نیشتەجێیە تێمای کۆتای بیری فەلسەفەیە، یان کۆششکردن بۆ ڕەتکردنەوەی فەلسەفە، کە ئەمەش تا ڕادەی ویستی فەلسەفاندنی گۆڕی. ئەم گۆڕانە کە لە حەزی فەلسەفی منەوە نزیک نییە تەگەرەش لە بەردەم تێگەیشتنم لە تراکتاتۆس و ئەو فەلسەفەیەش تراکتاتۆسی بەرهەم هێناوە و ئەوەش تراکتاتۆس بەرهەمی دێنێ دروست دەکا.

دوا شتیش کە دەمەوێ لە بارەی ئەوەوە بیڵێم کە لای سەرەوە وەسەرەتای هاتم ئەوەیە کە، دەزانم کەلێنێ لۆژیکی لە نێوان تراکتاتۆس و توێژینەوە فەلسەفییەکاندا هەیە، جا ئەوە لە پێوەندی بەڕوونەکردنەوەی هەندێ شتەوە



بێ لە تراکتاتۆس وەک: نەوتراوئامێز، بێ مانای، جیهان و تا دەگاتە فاکتە یان ئەو شوێنانەی کە زۆر چارەسەرنەکراوانە جێی هێڵراون بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بەپرسیارە مورالّی، ئاینی و تا دەگاتە میتافیزیکییەکانیشەوە هەیە. ئەمەو پرسیارە پتر پراکتیکییەکانیش لەوانە پرسیارە کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە تراکتاتۆسدا لە ئاستی پەی پێ بردندا خۆی قەتیس دەکا. بەباوەڕی من مەسەلەی پەی پێ بردن هەمیشە بەسەر خوێنەری تراکتاتۆس زاڵە و، بەبەردەوام خوێنەری تراکتاتۆس دەکرێ خۆی لە هەستی پەی پێ بردندا ببینێتەوە. گەر ڕوونکردنەوەیەکیش لەم ڕووەوە لەسەر تراکتاتۆس و کارەکتێری هەستی پەی پێ بردن لای خوێنەر بدەم دەڵێم: خوێنەر زۆر ئاسایە لە کاتی خوێندنەوەی پەڕەگرافەکانی تراکتاتۆس (کە حەوت پەڕەگرافە) هەمیشە بیر لەوە کاتەوە ڤیتگنشتاین مەبەستی لە وتنی ئەمە بەو جۆرە و درکاندی ئەوە بەو شێوەیە و گوزارەکردن و یان نەکردنی لەو فۆرمە دەبێ چی بێ و چی نەبێ. چونکە دەربڕین و وتن و سەرنجەکانی تراکتاتۆس ئەوەندە ئیحائامێز و ئاماژاوین زۆر سەختە خوێنەرێ ئاسای بکارێ لە تراکتاتۆسەوە فێری فەلسەفەکردن بێ یان هیچ نەبێ بەهۆی تراکتاتۆسەوە لەوە بگا خەوشەکانی فەلسەفاندنی فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا لە کوێدا بووە. بۆ نموونە فەلسەفەی کلاسیک کە تراکتاتۆس هێرشێ ڕاستەوخۆی دەکاتە سەر.

## پوختەی بیری ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا

دەکرێ بڵێم ئەم بەشەی نووسینەکەم دینگە (پایە)ی سەرەکی نووسینەکەیە. چونکە لەم بەشەدا کاکڵی دیتن و هەناوی ڕاڤەکردنەکانی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس نیشان دەدەم. بەڵێ هەر ئەم بەشەش دەکرێ وەک ئاڵۆزترین و ناسادەترین بەشی نووسینەکەم سێر بکرێ، بەڵام ئەمەیان من لێی بەرپرسیار نیم. چونکە من بەرپرسیارییەکە دەخەمە ئەستۆی ڤیتگنشتاین و ئەو شێوازەی تراکتاتۆسی پێ نووسراوە. ئەوەش کە خودی ڤیتگنشتاین لەو گومراییيانە بەرپرسیارە کە نووسینی تراکتاتۆس هەڵگریەتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، مەبەستم لەسەر ئاستی نێوەندەکانی فەلسەفە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، شتێ ناشاراوە و بەرچاوییە. بەڵام وای بۆ دەچم تراکتاتۆس ئەگەرچی کارێ فەلسەفی سەختئامێزە و، بۆحاڵیبوون سانا نییە بەڵام بۆ ئەوانەی دەکارن دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو جۆرە فەلسەفەیە نەرم دەکەن کە لە کۆلێژەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەوتریتەوە ئاسانترە حاڵیبوون. ئەو تێگەیشتنە جیهانییەش کە لەسەر ئەم کارە هەیە کاریگەریێ ئەوتۆی بەسەر منەوە بەجێ هێشتووە کە بۆ ئەو دیتنە بڕۆم کە ناکرێ تراکتاتۆس هێندە سانا و ساکار بکرێ کە زۆربە لێی بگا. چونکە ئەوە دواتر دەبێ بەکێشە لە بەردەم پێکهاتەی زمانەوانی و سیستمی مانای ئەو کارە فەلسەفییە. بەڵام ئەوەی من لێرەڕا، لەم بەشەڕا، دەیکەم ئەوەیە کە بەجۆرێ ڕوونتر بیری ڤیتگنشتاین ڕووخەم. واتە ڕوونتر لەوی لە تراکتاتۆسدا ئامادەیە. من دەزانم ئەمە نە ڕیشەی کێشەکە چارەسەر دەکا و نەش هەقایەتی تێنەگیشتنیش لەم بەشە یان سەرجەم تێکستی تراکتاتۆس یەکلا دەکاتەوە. بەڵام خوێنەری ئەم نووسینە پێش ئەوەی دان بەئاڵۆزکارییەکانی ناو تێکستی تراکتاتۆس یان ڕاڤەکردنەکەی من بەسەر ئەو تێکستەوە بێنێ پێویستە دان بەو دەرخستە هزریانە بهێنێ کەوا لای خوارەوە



لە چەند گوزارەیێ چریان دەکەمەوە کە بەباوەری من ئەو دەرخستانە بەشێ تری ئەو بەرپرسیاریانە شی دەکەنەوە کە لای هەندێ لە خوێنەرانی ئەم نووسینەم گومرایە:

یەکەم: ئەوەی وەک شتێ سەرەتا دەمەوێ دەستی بۆ درێژ بکەم و، ناششێ لە لایەن هیچ خوێنەرێکەوە پشتگوێ بخرێ، بەدیتنی من، ئەوەیە کە خوێنەری ئەم نووسینە دەبێ لەوە بەوردی حاڵی بێ کە لە نێو ئێمەدا هیچ ئارەزوویێ بۆ فەلسەفەی شیکردنەوەی، کە بەخۆی فەلسەفەی ئەنگلۆ- ئەمەریکییە، ئامادە نییە.

دووەم: نەک هەر لەبەرئەوەی ئارەزوو بۆ فەلسەفەی ناوبراو لە نێو ئێمەدا بوونی نییە بۆیە ئێمە لە تێکستی تراکتاتۆس ناگەین بەڵکو لەبەرئەوەش کە لە نێو نووسەر و ڕووناکبیرانی ئێمە هیچ جۆرە دانایی و زانیارییەک لەسەر ئەو بەشانە ئامادە نییە کە نەک هەر لە فەلسەفەی شیکردنەوەیەوە دێنە دەر بەڵکە زانین و تێگەیشتن لەسەر ئەو بەشە فەلسەفییەش ئامادە نییە کە بەفەلسەفەی تیۆری ناوزەد دەکرێ.

سێیەم: بەدەر لەو دوو خاڵەی پێشتر درکێنران ترسناکتر بۆ ئەزموونی ڕۆشنبیرمان، بەسێرکردنی من، لە نێو ئێمەدا هیچ ئاگای و بینینێ لەسەر ئەو ئاراستە فەلسەفییەش بوونی نییە کە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس بۆ فەلسەفەکردن گرتوویەتیە بەر. واتە لە لای ویستی فەلسەفی فەلسەفەی شیکردنەوەی بۆ ئێمە ئاشکرا و ڕوون نییە و لە لای دیش ئەو ویستە فەلسەفییەش لە تراکتاتۆسدا پەنهانە شاراوەیە. ئەم لایەنانەش بمانەوێ نەمانەوێ دەبن بەچەند هۆیێ بنچینەیی بۆ نەگەیشتن لەم بەشەی نووسینەکە لە لای و خودی نووسینەکەش لە لای تر. کەواتە من زۆر دڵنیام دواتر ئەم تێنەگەیشتنە دەبێ بەفاکتەری سەرەکی بۆ تێنەگەیشتن لە تێکڕای بیری ڤیتگنشتاین بەڵام واشی دەبینم کە ئەم تێنەگەیشتنە لە کۆتایدا تاوانەکەی ناکەوێتە سەرشانی بەندە. چونکە بۆ ئەوە دەچم ئەمەیان (کردەی تێنەگەیشتنەکە) لە لای کێشەی ڕووناکبیری تاکییە (ئیندڤداڵە) و لە لای دیش

کێشەی دەستەجەمعی. ئێمە کە تا هەنووکە فەلسەفەکردنمان لە قسەکردن، قسەی ڕۆژانە و سەرپێی، جیانەکردووەتەوە و ئاشنایەتیشمان بەزۆربەی هەرە زۆری واتا و بیرۆکە و ئەندێشە گرووندئامێزەکانی بەشێ زۆر لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە پلەی هیچدایە ئەستەمە بکارین ئەو تێنەگەیشتنەمان لە تێکستێ وەک تراکتاتۆس بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە ئەوە خۆمانین لە تێنەگەیشتنەکانمان بەرپرسین. ئەم لایەنە کە پاشان لە دوا بەشی نووسینەکەم دێمەوە سەری (ڕووناکبیری فەلسەفی ئێمە و تراکتاتۆس) دەمەوێ ئەم سەرەتایە بۆ چوونە سەر لایەنی دی بەکار بەرم کە ئەوەش پێوەندی بەڕوونکردنەوەی ئەو شێوازەوە هەیە کە لەم بەشەدا بۆ خستنە ڕوو و دێبات (گفتوگۆ)کردنی ناواخنی بیری ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا گرتوومەتە بەر.

بەخۆی خستنە ڕووی بیری ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس بەو جۆرەی من کردوومە مەحاڵە و، دڵنیاشم خوێنەری ئەم باسە لەمیانەی خوێندنەوەی تراکتاتۆس لەوە دەگا کە وێڵبوون بەدووی سادەیی لە بیری ئەم بیریارە ئەستەمە. چونکە بیری ڤیتگنشتاین، ئەمەی من دەیڵێم شتێ براوەیە، لە سادەیی بەدەرە و بگرە بەشێ لەو ئاڵۆزییەش لە ماوەی ئەم ٨٠ ساڵەی دوای کەوتووەتە ناو فەلسەفەی شیکردنەوەی ڕۆژئاواوە لە پاش چاپکردنی کتێبی ""تراکتاتۆس""ەوە بووە. بەڵام لەم خستنە ڕووەدا بەش بەحاڵی خۆم تەقەلا بۆ ئەوە دەکەم بیری ڤیتگنشتاین، ئەوی لە تراکتاتۆسدا پەنهانە، بەجۆرێ بەردەست بخەم یەکانگیر و چووست و هاوتا بێ. ئەمەش بۆ ئەوەی تراکتاتۆس لەو چڕی و پوختییە ڕامالم کە بنجبەستە پێوەی. هەروەها وای بۆ دەچم گەر خستنە ڕووەکە ڕوویێ پەرت و نایەکانگیریشی وەرگرتبێ ئەمەیان خواستی منی بەسەرەوە نەبووە و بەخۆی ئەو لایەنە بەرهەمی تراکتاتۆس خۆیەتی. ئەم لایەنەش، واتە پەرتی و نایەکانگیری لە تراکتاتۆس، بووە بەکرۆک بۆ ئەم بەرهەمە فەلسەفییە جیهانییە. مەبەستم ئەوەیە ئەم کتێبە لە نێوەندە ئەکادیمیەکاندا بەوە بەناوبانگە کە کتێبێ کورت و پوخت و چڕ و ناکۆئامێزە.

ئەم بەرهەمە کە پاش نووسینی بەچەند ساڵێ بەزانکۆی کامبرج پێشکێشی



کراوە پلەی دۆتسێنتی لەسەر وەرگیراوە و لە لایەن کەسانێ وەک برتراند ڕاسل و جۆرج ئیدوارد مۆرەوە سەرپەرشتی کراوە[١٠] کە هیچ وەخت ئەو نێوەندە وەک خۆی لێی نەگەییوە. بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەم گوزارەیە دەمەوێ ئەوە بیر خەمەوە کە، زۆربەی ئەوانەی خوێندنەوەیان بۆ ئەم کارە کردووە پێیان وایە تراکتاتۆس کارێ فەلسەفی ئاڵۆز و گومڕایە. چونکە هەر هەموو ئەوانەی ئەم کارەی ڤیتگنشتاینیان خوێندووەتەوە و یان هەوڵیان داوە ڕوونکردنەوە لە بارەیەوە بدەن بەوە گەیشتوون حاڵیبوون لە ناوەڕۆک و واتاکانی ڤیتگنشتاین لەم کتێبە و هەروەها پەیبردن بەدووری مانا و مەغزای دەربڕینەکانی ئەم کارە فەلسەفییە کارێ قورسە. ئەوی بەوردیش تەماشای سیستمی نووسینی کتێبەکە بکا هەست بەوە دەکا ئەم کتێبە بەجۆرێ زنجیرەیی نووسراوە بەڵام ئەو زنجیرەییە لە ناسانایی و گومڕایی دەربڕین و گوزارەکانی کەم نەکردووەتەوە. تەنانەت ئەوی ئەم کتێبەش بایەخی دەداتێ تەنیا زمان و لۆژیک نییە کە گەلێ وای بۆ دەچن بەڵکو شان بەشانی ئەوانە گرنگیی زۆری بەجیهان، دەربڕین، ڕستە و گوزارەش دەدا. بۆیە خستنە ڕووەکانی دوو تۆیی کتێبی تراکتاتۆس، کە لە ڕووی واژە و گوزارەوە قورس و ئاڵۆزن، کێشەی زۆر بۆ حاڵیبوون و گشت تێڕامانێ دروست بکەن کە لەو بارەیەوە بشێ بکرێ.

نووسینی تراکتاتۆس کە هەر لە دەستپێکەوە گومڕا و سەخت خۆی دەردەخا ئەم لایەنە بێ یەک و دوو لە ڕووخسارە هەرە دیارەکانی ئەو کارەیە. گەر لە یەکەم دەروازەشەوە دەست پێ بکەین کە بۆ تراکتاتۆس نووسراوە ئەوا دەبێ پێشەکییەکەی ڕاسل بەنموونە بهێنینەوە کە یەکەم پێشەکییە لە دنیادا بۆ تراکتاتۆس نووسرابێ کە بەئاشکرا ڕاسل لەو پێشەکییە باس لەو ئاڵۆزییانە دەکا لە تراکتاتۆسدا پەنهانن بەڵام ئەم پێشەکییە هیچ کات بەدڵی ڤیتگنشتاین نەبووە و تەنانەت ناوبراو هەمیشە بەو تێگەیشتن و لێکدانەوانەش قەڵس بووە ڕاسل لەمەڕ تراکتاتۆس هەیبووە. هەر لە ڕۆژی گفتوگۆکەشەوە بگرە، لەو ڕۆژەوەی تراکتاتۆس وەک کارێ ئەکادیمی لە زانکۆی کامبرج لە لایەن لێژنەی دیاریکراوەوە گفتوگۆ کراوە، ڤیتگنشتاین بەدید و ڕوانینەکانی ڕاسل و

ئەمجار مۆریش قایل نەبووە و، تەنانەت ڤیتگنشتاین لە گەلێ بۆنەشدا هەمیشە ئەوەی نیشان داوە ئەوی ئەم لە تراکتاتۆسدا وتویەتی بۆ ئەمان هەرس نابێ و توانجی ئەوەشی لێ گرتوون کە ناتوانن لێی حاڵی بن. بەڵام پاش گەڕانەوەی ڤیتگنشتاین بۆ کامبرج، بۆ وانە وتنەوە لە فەلسەفە، بەباوەڕی هەندێ لە نووسەران ڤیتگنشتاین بیری ڕوونتر دەبێ. بەواتای تر ڤیتگنشتاین ئەوی لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا وتویەتی، بەباوەڕی گەلێ توێژەرەوە و پسپۆڕ لە بیری فەلسەفی ڤیتگنشتاین لە ترکتاتۆس جیاوازە و بگرە لە گەلێ شوێندا ڤیتگنشتاین نەک هەر ڕوونکردنەوەی تر و جیاوازتر لەوە نادا کە لە تراکتاتۆس دا بەرباسی خستووە بەڵکو دژیشی دەوەستێتەوە.

دوا سەرنجیشم لەم ڕووەوە ئەوەیە کە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم هەریەک لەو پەرەگرافانە پوخت بکەمەوە تراکتاتۆسی لێ پێکهاتووە[١١] ئەمەش بەجۆرێ دەکەم کە پوختکردنەوەکەم ببێ بەزمانحاڵی بیری فەلسەفی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس. ئەمەو ئەم کارە فەلسەفییە ناوبراوە کە لە حەوت بەش پێک دێ هەر بەشەی (ژمارەی حەوتەمی لێ دەرچێ کە لە دێرێ پێک دێ) لە چەند دێرێ پێک دێ کە ناوەڕۆکی بەشەکە یان ناونیشانی پەڕەگرافەکە ڕوون دەکاتەوە یان کۆڵەکەی بیری پەڕەگرافەکە پێک دێنێ.

## ١- جیهان گشت ئەوەیە کە هەیە

بۆ ڤیتگنشتاین ئەوی هەیە جیهانە و ئەم جیهانە گشت ئەوەیە کە هەیە. ئەم جیهانە لە لایەن فاکتەوە (هەقیقەت، فاکتوم) پوختەکراوەتەوە نەک شت. جیهان لە لایەن فاکتەوە دیاری دەکرێ و تۆتالیتێی فاکتە ئەوەش دیاری دەکا چی لەم جیهانەدا ئامادەیە و تەنانەت ئەوەش کە ئامادەنییە. پاشان فاکتە کە لە مەودای لۆژیکیدا جیهان پێک دێنێ ئەم جیهانە بەخۆی بەسەر فاکتەدا دابەش دەبێ.

ئەمەی لای سەرەوە تا ڕادەی چڕکراوەی دیتنی ڤیتگنشتاینە لە پەڕەگرافی یەکەم. هەروەک دیارە هەر لە سەرەتاوە ڤیتگنشتاین خۆی بۆ جۆرە نووسینێ



فەلسەفی تاک و جیا ئامادە دەکا. ئەو شێوازەی لەم پەڕەگرافەدا گیراوەتە بەر بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەیەکە کە خۆی لەسەر دامەزراندنی فاکتە بنیات دەنێ. جیهان کە فاکتەیە بۆ ڤیتگنشتاین گشت ئەوەشە کە ئەم جیهانە لەخۆیڕا کۆی کردووەتەوە. ئەم لایەنە، واتە ئەوەی جیهان لە لایەن فاکتەوە دەستنیشان دەکرێ، دڵی فەلسەفی و لۆژیکی تراکتاتۆسە. دەستکاریکردنی ئەم دڵە بەدڵنیاییەوە بەتێکدانی گشت جەستەی زمانەوانی تێکستی تراکتاتۆس کۆتای دێ.

## ٢- ئەوی هەیە، واتە فاکتە، بوونی حاڵەتی شتە

حاڵەتی شت پێوەندییە لە نێوان بابەتەکان (ئۆبژێکتەکان– شتەکان). مەسەلەی ماهیەتدارە بۆ شتەکان کە شیاوی ئەوەیان تیدا بێ لە حاڵەتی شت پێک بێن. شت لە شتدا بوونی هەیە. بەڵام شت لە دەرەوەی شیاویدا بوونی نییە هەروەها شتیش لەتەک شوێندا لە پێوەندیدایە. ئەمەو شوێن لە دەرەوەی شوێن بوونی نییە هەروەک چۆن کات لە دەرەوەی کات بوونی ئەستەمە. شت کە سەربەخۆیە ئەم سەربەخۆییە لە شیاوی شتەکاندا دەردەکەوێ و شتەکان لەتەک یەکدا لە پێوەندیدان. بەڵام بۆ ناسینەوەی بابەت پێویستمان تەنێ بەناسینەوەی خاسیەتی ناوەکی بابەتەکان دەبێ. بابەتەکان گەر پێ دراو بن ئەوا حاڵەتی شتیش پێ دراوە. گشت شتێکیش شوێنی خۆی هەیە یان لە گشت جێیەکدا شت خۆی دەبینێتەوە. ئەم شتە، بابەتە، کە شوێنی هەیە شوێنەکەی هەمیشەییە. ئەو پەڵە –لەکە–یەی، بۆ نموونە، بەسەر کراسێکەوەیە پەڵەکە شوێنێکی هەیە بەڵام ئەم شوێنە سوورە کە ڕەنگی پەڵەکە دیاری دەکا. ئەم شوێنە کە شیاویی شتەکە، بابەتەکە، پێک دێنێ لە شوێندا ئامادەیە، واتە لە شوێنی شتەکەدا.

هەموو دەربڕینێ لە بارەی ئاڵۆزییەوە دەشێ هەڵوەشێتەوە. لەبەرئەوەی بابەت تاکە ماهیەتی (سوبستانسی) جیهان چێدەکا بۆیە بابەت ناکارێ ئاڵۆز بێ. جیهان سوبستانسی نەبایە مانای وتن (پروپۆزیشن، ساتس) لە ڕاستی وتنێ

دی دەوەستا. بۆیە ناگونجێ وێنەی، ڕاست یان هەڵە، لەسەر جیهان بدرێ. سوبستانسی جیهان تەنیا دەکارێ فۆرم دیاری بکا نەوەکو هەندێ خاسیەتی ماتریالی. ئەوەی هەیە ئەوەیە کە دوو بابەت لەگەڵ ئەوەشدا هەمان فۆرمی لۆژیکییان هەیە کەچی هەر لەیەک جودان. جودان نەک لەبەرئەوەی خاسیەتی دەرەکیان جیایە بەڵکە لەبەرئەوەی تەنیا جودان و هیچی تر. زۆر جاریش هەندێ شت، بابەت، لەیەک جودان لەبەرئەوەی ئەو شتانە هەمان خاسیەتی یەکتریان نییە جا بەمە دەکرێ ئەو شتانە بێ هیچ شتێ لێک جیابکرێنەوە چونکە لەیەک ناکەن. بەڵام هەندێ جار هەندێ شت لەگەڵ یەکدا ئەوەندە لەیەک دەکەن کە ناکرێ یەکێکیان لەوی دی جیا بکرێتەوە ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی ئەو شتانە لێک دەچن.

سوبستانس لەوە پێک دێ کە هەیە. ئەوەش بریتییە لە فۆرم و ناواخن. فۆرمی بابەت لە شوێن، کات و ڕەنگ پێک دێ. تەنیا ئەو دەمەی بابەت بوونی هەیە فۆرمی جیهان بوونی دەبێ. بابەت و جیهان یەک شتە و هەمان شتیشە. شکڵی بابەت حاڵەتی شت دروست دەکا. لە حاڵەتی شتدا بابەتەکان لەتەک یەکدا یەکانگیرن. بەڵام ئەم پێوەندییە بەشێوازێ دیاریکراو دەبێ. ئەم شێوازە بنەمای حاڵەتی شتەکەیە. فۆرمیش شیاوی بنەمایە. بنەمای فاکتەش لە بنەمای حاڵەتی شت، شتەکە، پێک دێ. تۆتالیتێی گشت ئەم شتانەش بریتییە لە جیهان. مەبەست لەم شتانە حاڵەتی شتە. حاڵەتی شت بەیەکەوە گرێ نەدراوە. ئەم تۆتالیتێیە ئەوەش دیاری دەکا کە حاڵەتی شتەکان لەم پێک نایێ. ئەوەش کە حاڵەتی شت لە شت پێک دێ و یان پێک نایێ دروستکەری ڕاستییە. ڕاستی هەمە–تۆتال– جیهانە.

ئێمە خۆمان دەکەین بەوێنەی لە فاکتە. وێنە، کە شت لە شوێنێ لۆژیکیدا دەخاتە ڕوو، مۆدێلێکە لە ڕاستی. وێنە کە فاکتەیە بەڵام لە وێنەدا ئامرازی وێنە بەرامبەر بابەت دەوەستێتەوە. وێنە لەوە پێک دێ کە ئامرازی ئەم وێنەیە لەسەر شێوازی دیاریکراو لە پێوەندیدان لەتەک یەکدا. ئەم ئامرازەش لە وێنەدا نوێنەرایەتی بابەت دەکا، شوێنی بابەت دەگرێتەوە. ئامرازی وێنە کە لەتەک



یەکتردا بەجۆرێ دیاریکراو لە پێوەندیدان ئەم پێوەندییە ناو دەنرێ بنەما و شیاویی ئەم بنەمایەش ناو دەنرێ فۆرمی وێنەیی. فۆرمی وێنەی شیاوییە، شتیش هەروەک ئامرازی وێنە لە پێوەندیدایە لەتەک یەکدا. بەمجۆرە وێنە بەڕاستییەوە گرێ دراوە.بۆ ئەوەی وێنەیەکیش بوونی هەبێ پێویستە فاکتە لە ئارادا بێ، فاکتەیێ کە لە پێوەندی دابێ لەتەک ئەوەی کە دەبێ بەوێنە. بۆ ئەوەی ئەو وێنەیە وێنەی بێ لەو شتەی وێنەی دەکرێ پێویستە ئەو وێنەیە و ئەمجار شتە وێنەکراوەکە لە پێوەندیێ ناسنامەییدا بن لەتەک یەکدا. فۆرمی وێنەی ئەو شتە هاوبەشەیە وێنە لەتەک ڕاستیدا دەیبێ. وێنە ئەو ڕاستییە دەکێشێ کە هەیەتی. وێنەی شوێنی هەمیشە شوێنییە و وێنەی ڕەنگیش هەمیشە ڕەنگ کراوە. واتە گشت وێنەی، گشت فۆرمێ دەبێ شتێ هاوبەشی لەگەڵ ڕاستیدا هەبێ. ئەوەش کە دروستی دەکا فۆرمێ وێنەییە. لەبەرئەوەی فۆرمی وێنەیش فۆرمی لۆژیکیە بۆیە ئەو وێنەیەی دروستدەبێ وێنەی لۆژیکیە.واتە هەموو وێنەی وێنەی لۆژیکییە بەڵام هەموو وێنەی وێنەی شوێنی نییە. ئەوەش کە جیهان دروست دەکا وێنەی لۆژیکییە. وێنە شتی هاوبەشی لەگەڵ ئەوە هەیە کە دروستی دەکا. ئەوی وێنە نوێنەرایەتی دەکا ماناکەیەتی. ڕاستی و ناڕاستی مانای وێنە پێوەندی بەماناکەوە هەیە کە ئەوەش پێوەندی بەڕاستی وێنەکەوە هەیە. واتە بۆ ئەوەی لە وێنەیەک بگەین، بزانین ئەم وێنەیە ڕاستە یان ناڕاستە، دەبێ بزانین چەند ئەم وێنەیە بە ڕاستییەوە پێوەندیدارە. وێنەی ڕاستی پێش وەخت بوونی نییە. هەروەها وێنەی ڕاستی ئاپریۆری (بێ ئەزموون، بەدیهی) بوونی نییە.

ڤیتگنشتاین لەم پەڕەگرافەی لای سەرەوەدا وردتر ڕۆ دەچێتە نێو دالەنەکانی فاکتەوە کە بۆ ئەو دەستنیشانکەری جیهانە. جیهان کە هەر لە سەرەتاوە فاکتە پێکی دێنێ لووبی تێگەیشتنە ئیحائامێزەکانی ڤیتگنشتاینە و گشت هەبوونی جیهانیش هەڵدەسووڕێنێ. ئەوەی زۆر گرینگە لەو دەربڕینە پەرتانەی لای سەرەوە سەرنجی بخرێتە سەر بەلای منەوە چەند شتێکە کە لای خوارەوە لە هەندێ فۆرمی بەرتەسکدا وتنیان لە بارەوە بەچاو دەخەم.

ئەوەی لەو نەختە وتنانەی پەڕەگرافی دوو تێیگەیشتم ئەوەیە کە شیاویی بۆ بوونی شت مەرجە. شتیش بۆ ئەوەی هەبێ دەبێ شوێنی هەبێ. شوێنیش دەبێ چونکە شت هەیە. جگە لەوە دەشێ ئەوەش بوترێ کە شت بەشتەوە گرێ دراوە. ئەم گرێدانە پێوەندییە نەک شتێ تر. شتیش لەو شوێنەی کە ئامادەیە، یان کە هەیە، بابەتە. جەوهەری شتیش تەنێ لە جیهاندا دەردەکەوێ. ئەم دەرکەوتنەش وابەستەیە بەفۆرمەکەیەوە، واتە فۆرمی شتەکە نەک دەرکەوتنی شتەکە لە جیهاندا. بەمجۆرە شت لە فۆرمدا دەردەکەوێ یان شت فۆرمدارە. فۆرمداربوونی شتیش مانای بۆ دیاریکردنی پێوەندی نێوان شتەکانیش دەبێ. هەر سەبارەت بەجەوهەری شت لە جیهاندا لەو لایەنانەی تراکتاتۆس بایەخی دەداتێ ئەوەیە کە جەوهەری جیهان بابەتی هەیە. هەر لەبەرئەوەی بابەتی هەیە واتە ناواخن و فۆرمی هەیە. لەمە سەیرتر کە دەکرێ لە تراکتاتۆسدا بەدی بکرێ ئەوەیە کە تەنیا ئەو دەمەی بابەت بوونی هەیە فۆرمی جیهانیش بوونی دەبێ.

لایەنێ تر کە لەو بیرە لۆژیکییە گەمەئامێزەی تراکتاتۆس شایانی تێڕامانە ئەوەیە کە شتەکان لەیەک جودانین لەبەرئەوەی خاسیەتەکانی لەیەک جودان. بەڵکو هەندێ جار شتەکان لێک دیناکەن و لەیەک ناچن تەنیا لەبەرئەوەی لەیەک ناچن و بەس، لەم حاڵەتەشدا تراکتاتۆس پێی ڕەوا نییە ئێمە هیچ هۆیێ بۆ ئەم لایەنە ببینینەوە. ئەم لایەنە ڤیتگنشتاین بەجۆرێ گوزارەی لێ دەکا وەک ئەوەی ئەو دەیڵێ دەبێ پەسندکراو بێ و شیاویش لە بەردەم هیچ هۆ و ڕوونکردنەوەی تردا ناکاتەوە.

هەر ئەو پەڕەگرافی دووەمە خەیاڵم بەرەو ئەوەش دەبا بڵێم، ڕاستە بۆ ڤیتگنشتاین لە لۆژیکدا شتی سەرپێی، کاتی، بوونی نییە[١٢] بەڵام شتە سەرپێییەکان دەکرێ ناڵۆژیکی بن بەڵام هەشبن. گەر وابێ پرسیارە فەلسەفییەکە لێرەدا کە دەکرێ ڕووی ڤیتگنشتاین خرێ دەکرێ بەمجۆرە بێ: ئایا شتی ناڵۆژیکی فاکتەیە؟ بەخۆی دەشێ وەڵامی ئەم پرسیارە بەمجۆرە بدرێتەوە. گەر ڤیتگنشتاینانە فەلسەفە بکەین ئەوە دەبێژین ئەوی لە جیهاندا و



لە واقیعدا، هەیە فاکتەیە. واتە ئەوی دەکەوێتە ناو بوونەوە، لە بووندا بوونی هەیە، فاکتەیە. ئەمەش وا لە من دەکا بڵێم گەر وابێ ئەوی هەیە فاکتەیە بەڵام مەرج نییە گشت فاکتەیێ لۆژیکی بێ. چونکە گشت ئەوی هەیە گەر فاکتە بێ ناشێ ئەو هەموو شتە لە هەمان کاتدا لۆژیکی بێ. بەڵام خودی فاکتە چۆن دروست کراوە ئەمە پرسیارێ دییە و خۆی لەم بەینەدا قووت دەکاتەوە. بەپێی سێرکردنی ڤیتگنشتاین، کە من لەتەکیدا ناکۆکم، فاکتە ئەو شتەیە کە بەهۆی حاڵەتێ ڕاستەوە پێناسە دەکرێ بوونی، واتە تا حاڵەتی شت بوونی نەبێ فاکتە بوونی نابێ. دیسانەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە جیهان بەهۆی فاکتەوە دەناسرێ یان دەستنیشان دەکرێ و ئەم جیهانەش، واتە فاکتەبوونەکەی، بەهۆی دێری تاکەوە دێتە سازاندن. دێری تاک، یان دەربڕینی لەم جۆرە، مانائامێزە یان تەنیا شتێکە کە ماناداره بۆ ڤیتگنشتاین چونکە ئەوی ئەوە، واتە دێری تاک، دروستی دەکا دەشێ ڕاست یان هەڵە بێ. بەڵام جیهان بەخۆی لای ڤیتگنشتاین واقیعە. ئەڵبەتە واقیعێ کە فاکتە دروستکەریەتی. وەلێ خودی جیهانەکە دروستکردنەکەی دیاری کراوە. فاکتەکەش کە بەهۆی حاڵەتی شتەوە ڕوون دەکرێتەوە ئەو حاڵەتە ناشێ ڕاست نەبێ. لێرەدا مەبەست لە گوزارەی ڕاست ئەوەیە کە دروستکەری فاکتەیە[١٣].

### ٣- وێنەی لۆژیکی فاکتەی بیرە

حاڵەتی شت بیرئامێزە. تۆتالیتێی گشت بیرێ ڕاست وێنەیەکە لە جیهان. ئەو بیرەی بیرئامێزە شیاوە. ئێمە ناتوانین بیر لە شتێ ناڵۆژیکی بکەینەوە. بەڵام لە وتندا بیری دەربڕین بەجۆرێ خستنە ڕووانە خۆی دەردەخا. فۆرمی وتن مانای هەیە بەڵام ئەم مانایە فۆرمەکە دیاری دەکا. وتن کە نیشانەی هەیە ئەم نیشانەیە فاکتەیە. فاکتە تاکە شتێکە دەکارێ مانا بەرهەم بهێنێ. بەڵام ناو، ناوی ئاسای ناتوانێ. بەڵام ناو هەروەک خاڵ وایە ئاراستەی خۆی هەیە. لە وتندا دەشێ بیر بەجۆرێ داڕێژرێ کە ئامرازی نیشانەی وتن ڕووبەڕووی بابەتی بیر بوەستێتەوە. ئەم ئامرازانە کە ناوی نیشانەی تاکیان لێ دەنرێ وتن

هەمان ناوی نابێ. ئەم نیشانە تاکانە لە وتندا ناوی تریان هەیە. وتن تەنیا یەک ڕاڤەکردنی هەیە. ئەوی وتن گوزارەی لێ دەکا ڕوون و دیاری کراوە. تەنیا وتن (دەربڕین) مانای هەیە و تەنیا لە هەمانگیری وتندا ناوێ مانای هەیە. گشت بەشێکیش لە وتن کە مانای وتن کارەکتێریزە دەکا ناو دەنرێ گوزارە. وتن (دەربڕین) بەخۆی گوزارەیە. گوزارە ئەو ماهیەتەیە لە مانای وتندایە. گوزارە تەنیا لە وتندا مانای هەیە. وتن ناتوانێ هیچ لە بارەی خۆیەوە بڵێ. نیشانەی وتن بیرە.

ئەوی سەبارەت بەم پەڕەگرافەی ڤیتگنشتاین زێدە شایانی تێ هزرینە ئەوەیە کە هێزی پەڕەگرافەکە لە بایەخدانیەتی بەبیر. بیر وەک شتێ پر. بەڵام کامە بیر لەم حاڵەتەدا مەبەستە؟ ئەلبەتە ئەو بیرەی ڕاستە. ئەم بیرەش کە وا دەبێ بوونی هەیە ئەم بوونەش لە شیاوییەکەیدایە نەک شتێ دی. بەڵام شیاوی بیر بۆ تراکتاتۆس واتە ئەو بیرەی لۆژیکییە. کەواتە هەچ بیرێ لۆژیکی نەبێ شیاو نییە. بیریش، پێم وابێ، بەمجۆرە بێ، واتە وێنەیەک بێ لە جیهان، فاکتەیە. ئەو بیرەش فاکتەیە کە لۆژیکییە. چونکە تراکتاتۆس لە بنەڕەتدا لەم ڕووەوە ئارگومێنتی خۆی لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێنێ کە گوایە وێنەی لۆژیکی فاکتە بیرە. بەڵام هەرچی وێنەیە تراکتاتۆس لە پەڕەگرافی پێشووتر کاری لەسەر دەکا. وێنە کە فاکتەیە مۆدێلێکیشە لە ڕاستی(١٤). هەر بەقەولی ڤیتگنشتاین لەو پەڕەگرافەی ناوم هێنا وێنە بەڕاستییەوە گرێ دراوە. بۆ ئەوەی وێنەیەکیش بوونی هەبێ پێویستە فاکتە لە ئارادا بێ، بەڵام فاکتەیەک کە لە پێوەندیدا بێ لەتەک ئەوەی کە دەبێ بەوێنە.

## ٤- بیر وتنێ (دێرێ، دەربڕینێ) مانائامێزە

مرۆڤ توانای زمان خوڵقانی هەیە. گشت مانایەک گوزارە لە خۆی دەکا بێ ئەوەی ئاگایمان لەسەر ئەوە هەبێ گشت پەیڤێ چۆن و چ واتای دەبەخشن. هەروەک ئەوەی کاتێ مرۆڤ دەدوێ و نازانێ دەنگەکان چۆن خۆیان دەردەخەن. زمان دێزاینی بیر دەکا.



زۆربەی ئەو وتن و پرسیارانەی لەسەر شتی فەلسەفی وتراون هەڵە نین بەڵکو بێمانان (نۆنسێنسن). بۆیە هەچ پرسیارێ لەم ڕووەوە بکارێ دەکرێ فەرامۆش بکرێ و وەڵام نەدرێتەوە چونکە بێ مانان. زۆربەی پرسیار و وتنی فەیلەسوفەکان لەسەر ئەوە وەستاوە کە ئێمە لە لۆژیکی زمانەوانی خۆمان ناگەین. گشت فەلسەفە بریتییە لە ڕەخنەی زمان. ئەمەش لەمەوبەر ڕاسل ڕوونی کردووەتەوە کە فۆرمی لۆژیکی وتن پێویستی بەوە نییە ببێ بەڕاستی بۆ ئەم فۆرمە. وتن وێنەیەکە لە ڕاستی. وتن مۆدێلێکە لە ڕاستی کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە. بۆ ئەوەی لە جەوهەری وتنیش بگەی بیر لە نووسینی هێرۆگلیڤی بکەرەوە.

لەبەرئەوەی وتن وێنەیەکە لە ڕاستی من لە مانای وتن دەبێ بگەم بێ ئەوەی ئەمەم (شتێکم) بۆ شی بکرێتەوە. وتن مانای خۆی پێشان دەدا. وتن کە ڕوونکردنەوەیەکە لە حاڵەتی شت دەکرێ ئەم وتنە ڕاست بێ. ئەو دەمەش وتنێ ڕاست دەبێ گرینگە بزانین چۆن ئەم وتنە خۆی دەخاتە ڕوو. ئەوەی کە وتن توانای گوزارەکردنی مانای نوێی هەیە لە جەوهەری وتندا ئامادەیە. گشت ناوێ نوێنەرایەتی شتێ دەکا. بەڵام لۆگێکی فاکتە نوێنەرایەتی ناکرێ. ڕاستی لەگەڵ وتندا بەراورد دەکرێ. وتن دەشێ ڕاست بێ تەنیا لە ڕێگەی بوونی بەوێنەی ڕاست. تۆتالیتێی (گشتییەتی) وتنی ڕاست بریتییە لە ڕاستی سروشتی تۆتاڵ.

فەلسەفە یەکێ نییە لە زانستە سروشتییەکان. پەیڤی فەلسەفە دەکرێ بوترێ کە دەکەوێتە ژێر یان سەر زانستە سروشتییەکان نەک تەنیشت. ئامانجی فەلسەفە ئەوەیە کە بیر لە ڕووی لۆژیکییەوە ڕوونتر بکا. فەلسەفە بیرۆکە نییە بەڵکو چالاکییە. کارێ فەلسەفی لە بنەڕەتدا لە ڕوونکردنەوە پێک دێ. ئەنجامی فەلسەفە وتنی فەلسەفی نییە. بەڵکو ڕوونکردنەوەی وتنەکانە. شیکردنەوەی دەروونی لە نزیک فەلسەفەوە نییە بەڵکو لە نزیک شیکردنەوەی سروشتییەوەیە. تیۆری زانین سەر بەفەلسەفەی شیکردنەوەیە. تیۆری داروین پێوەندی بەفەلسەفەوە نییە و بگرە هێپۆتێز (گریمان)ێکیشە لە زانستە سروشتییەکان.

ئەوی بیری لێ دەکرێتەوە دەشێ بیری لێ بکرێتەوە و ئەوی گۆ دەکرێ دەکرێ گۆبکرێ. وتن ناتوانێ فۆرمی لۆژیکی بخاتە ڕوو بەڵکو فۆرمی لۆژیکی لە وتندا بەرجەستەیە. ئەوی لە زماندا بەرجەستە دەبێ ناخرێتە ڕوو. ئەوی لە زماندا گۆی دەکەین ناتوانین بەهۆی زمانەوە گۆی بکەین. وتن فۆرمی لۆژیکی ڕاستی پێشان دەدا. ئەوی پێشان دەدرێ ناشێ بوترێ. فۆرمە لۆژیکییەکان بێ ژمارەن. ناو تەنیا لە وتندا، لە کۆنتێکستی وتنی ئێلێمێنتاردا دەردەکەوێ. وتنی تاوتۆلۆژی (واتە دووبارە)* وتنێ ڕاست نییە. ئەم جۆرە وتنە مانای نییە. تاوتۆلۆژی وێنەی نییە لە ڕاستی.

سەبارەت بەم پەڕەگرافە دەمەوێ ئەو لایەنانە بەرباس بخەم کە پێوەندی بەوتن و وتنی تاوتۆلۆژییەوە هەیە لە تێگەیشتنی فەلسەفی تراکتاتۆسدا. ڕاستە ئەم لایەنە دەمانباتەوە سەر دیدی ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفە بەڵام لەو بارەیەوە دەمەوێ باس لەوە بکەم ئەوەی بەمەسەلەی فەلسەفەوە تایبەتە، کە تراکتاتۆس وەک چالاکی تەماشای دەکا، هەڵدەگرم بۆ بەشی سێیەمی باسەکەم. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بیڵێم سەبارەت بەوتن ڕەنگە پێکەوە گرێدانی هەندێ خاڵی هاوبەشی نێوان پەڕەگرافی ٣ و ٤ بێ. بەپێی ئەوەی ئەوی تراکتاتۆس لەسەر وتن فۆرمولێرەی دەکا خۆی وا دەردەخا کە وتن لە پێوەندیدایە لە لای بەڕاستی و لە لای تر بەوەی لە ناخی وتندا ئامادەیە کە ئەوەش مانایە. چونکە وتن فۆرمی هەیە و ئەم فۆرمەش مانای هەیە. واتە ئەوەی فۆرمی وتن دیاری دەکا ماناکەیەتی، یان ئەوە مانایە کە فۆرمی قسەکردن دەستنیشان دەکا. بەڵام با بپرسین چۆن ئەم ڕێسایەی کە ڤیتگنشتاین کاری لەسەر دەکا دەکارێ مانا بەرهەم دێنێ یان بەگشتی چۆن دەکرێ مانا بەرهەم بێ؟ ئەوی مانا بەرهەمدێنێ بەپێی مەغزی ڤیتگنشتاین فاکتەیە. بەڵام لەو بیرە فەلسەفییە یاریئامێزەی تراکتاتۆسدا، ئەوەندەی لێی حاڵی بووبێتم، مانا لەتەک وتندا لە پێوەندیدایە. وتن کە مۆدێلێکە، وێنەیەکە، لە ڕاستی ئەم ڕاستییە، ئەوەندەی لە تراکتاتۆس گەیشتووبێتم، ماناداره چونکە لە گەرووی وتندا مانا حەشار دراوە. هەرچی وتنی تاوتۆلۆژییە بەمجۆرە نییە. چونکە ئەم جۆرە وتنە نە وێنەیەکە لە ڕاستی و نەش مانا لە ناخیدا پەنهانە.





ئەمە بۆ من مانای ئەوەیە وتنی تاوتۆلۆژی شیاوی لە بەردەم بەمانابووندا ناکاتەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکە ئەم وتنە لە پێوەندیشدا نییە لەتەک ڕاستیدا. تاوتۆلۆژی کە هیچ دەڵێ لەبەرئەوەیە کە مانای لە خۆیدا بەرجەستە نەکردووە. ئەم جۆرە بۆچوونە دواتر ڤیتگنشتایناسەکان زۆر پێوەی سەرقاڵبوون بەتایبەت فەیلەسوفی شیکردنەوەی ناوداری ئەسکەندەنافی جۆرج فۆن ڕایت کە دواتر دێمەوە سەری.

## ٥- وتن (ڕستە، دەربڕین) فونکشونێکی ڕاستی وتنەئێلێمێنتێرەکانە

(وتنەئێلێمێنتێرەکان فونکشونی ڕاستی خودی خۆیانن)

وتنەئێلمێنتێرەکان ئارگومێنتی ڕاستی وتنەکانن. تاوتۆلۆژی بەدووی وتنەکانەوەیە کە هیچ دەبێژن. هەموو وتنە لۆژیکییەکان هەمان شت دەڵێن. ناسنامەی بابەت لە ڕێگەی ناسنامەی نیشانەوە گوزارە دەکرێ. وتنی ئێلێمێنتار لە ناو پێک دێ. ریالیتێی ئیمپیری لە ڕێگەی تۆتالیتێی بابەتەوە سنووردار دەکرێ. سنوورەکانی زمانی من (مەبەست لە من لێرە ڕاناوی من مەبەستە لێی) مانای سنوورەکانی جیهانی منە. جیهان جیهانی منە، ئەو خۆی لەوەدا دەردەخا کە سنوورەکانی زمان مانای سنوورەکانی جیهانی منە. جیهان و ژیان یەکن. من جیهانی خۆمم. خود پێوەندی بەجیهانەوە نییە. لەوێوە من دێتە ناو فەلسەفەوە کە ""جیهان جیهانی منە"".

لەم پەڕەگرافەدا ڤیتگنشتاین ڕاشکاوانە تێگەیشتنی سۆلیپسیزمیانەی خۆی بەیان دەکا. بەڵام جەختیش لەوە دەکا وتنەکان ئەو دەمەی لۆژیکی دەبن هەمان شت دەڵێن. بەڵام لە فەلسەفەدا بەقەولی خۆی مرۆڤ ناکارێ پسیکۆلۆژییانە لەسەر من بدوێ. ئەو دەمەش من دێتە ناو فەلسەفەوە کە جیهان جیهانی من بێ. بەڵام ئەم لەو بڕوایەدایە منی فەلسەفی مرۆیی نییە (نامرۆڤە). ئەوەی لەم بەینەدا زۆر سەرنجم ڕادەکێشێ ئەو تێگەیشتنە فەلسەفییە سۆلیپسیزمییەیە ڤیتگنشتاین لە شوێنێکدا پێی دەگا کە گوایە خود پێوەندی بەجیهانەوە نییە بەڵکو خود سنوورێکە بۆ جیهان[١٥].

ئەگەرچی تێگەیشتنە سۆلیپسیزمییەکانی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس ڕێگەی زۆریان بۆ گفتوگۆ لە بارەی من لە لای و جیهان لە لای کردەوە بەڵام ئەو دوو لایەنە تا هەنووکەش بۆ دەستنیشانکردنی تێگەیشتنی سۆلیپسیزمیانەی ڤیتگنشتاین بابەتی تێڕامانن. سەیر لەوەدایە ڤیتگنشتاین سەرچاوەی بیری دیاری ناکا چۆن بەو بەڵگانە گەیشتووە جیهان جیهانی خۆیەتی تەنانەت ئەوەش دیاری ناکا چۆن خۆی جیهانی خۆیەتی. بەڵام ئەوی لەمە زێتر بۆ من شایانی تێ هزرینە لەم پەڕەگرافەدا ئەوەیە کە ڤیتگنشتاین پێی وایە ئادەمیزاد لە فەلسەفەدا پسیکۆلۆژیانە (دەروونناسیانە) ناکارێ لە بارەی منەوە بێتە گۆ. لە ڕاستیدا من ڕاڤەکردنم بۆ ئەم تێ هزرینەی ڤیتگنشتاین ئەوەیە کە فەلسەفە ناتوانێ ئەمە بکا چونکە فەلسەفە دەکەوێتە دەرەوەی زانستە سروشتییەکانەوە. کەواتە ڤیتگنشتاین فەلسەفە لەوە بەدوور دەگرێ سەر بەزانستە سروشتییەکان بێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فەلسەفە لەم حاڵەتەدا لە توانایدا نییە وتنی لەسەر ئەوە هەبێ کە پێی دەوترێ من. سەبارەت بەم لایەنەش بەمجۆرە دێنمە گۆ: دیارە ڤیتگنشتاین ئاگای لە دێکارتی بابی کۆژیتۆ هەیە بەڵام نایەوێ ڕاستەوخۆ شتێ دیاریکراو لەم ڕووەوە بڵێ. لە لای تریش ڤیتگنشتاین نایەوێ ئەو هێزەش بەفەلسەفە بدا کە شیاوی ئەوەی تێدایە وتنی لەسەر من هەبێ. بۆیە بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم بەوەیە کە ویستی فەلسەفە بۆ وتن ناکرێ لە ویستی بۆ گۆکردن لە بارەی ""من""ەوە دوور بخرێتەوە. ئەم بۆچوونەم وام لێ دەکا تیۆری سولیپسیزمی ڤیتگنشتاین وەک خۆی پەسند نەکەم.

**٦- فۆرمی گشتیی فونکشونی ڕاستی بەمجۆرەیە:** (بڕوانە لاپەڕە ٣٠٦ لە تراکتاتۆس)

ئەو فۆرمە شتێ ئەوتۆ ناڵێ. فۆرمی گشتیی ژمارە باس لەوە دەکا ئەوی لە نێو ژمارەکاندا هاوبەشە واتای ژمارەیە. وتنەکانی لۆژیک تاوتۆلۆژین. وتنەکانی لۆژیک هیچمان پێ ناڵێن. خاسیەتە لۆژیکی و شکڵیەکانی زمان و جیهان ئەوە نیشان دەدەن کە وتنەکانی لۆژیک تاوتۆلۆژین. وتنە لۆژیکییەکان بناغەی



جیهان ڕوون دەکەنەوە یان ڕاستتر بوترێ دەخەنە ڕوو. دەکرێ مرۆڤ لە لۆژیک بگا کە گشت وتنێ لۆژیکی بەڵگەی خودی خۆیەتی. لۆژیک بیرۆکە نییە بەڵکو ئاوێنە– وێنەی جیهانە. لۆژیک ترانسندنتاڵە. ماتماتیک مێتۆدێ لۆژیکییە. وتنی ماتماتیکی بیر دەرنابڕێ. لۆژیکی جیهان ماتماتیک نیشان دەدا لە یەکسانیدا. گشت وتنەکان هاوشێوەن. مانای جیهان پێویستە بکەوێتە دەرەوەی جیهان. وتنی ئیتیک بوونی نییە. ئیتیک ناوترێ. ئیتیک و جوانکاری هەمان شتن. مەرگ ڕووداوی ژیان نییە. مرۆڤ ژیان ناژی. ژیانمان بێ کۆتاییە. گومانخوازی ڕەت ناکرێتەوە نییە بەڵکو بێ مانایی ڕوونە. ئەو دەمەی مرۆڤ ناکارێ بپرسێ (سڵ دەکاتەوە لەوەی بپرسێ). سڵکردنەوە تەنیا لەو شوێنەی پرسیارێ هەیە دەشێ ئامادە بێ. پرسیار تەنێ لەو جێیەدا ئامادەیە کە شتێ دەکرێ بوترێ.

مێتۆدی سەرەکی لە فەلسەفەدا ئەمەیە: هیچ نەوترێ جگە لەوەی دەشێ بوترێ. وتنەکانم، بۆ ئەوانەی لێم دەگەن، بێ مانا دیارن. ئەوانە دەتوانن بەم وتنانە وەک پەیژە سەرکەون. ئەو دەمەش بەسەر دەکەون دەکارن پەیژەکە تووڕ هەڵدەن. ئەو کەسەی بەم وتنانە سەر دەکەوێ پێویستە ئەم وتنانە تێپەڕێنێ ئەو دەمەش ئەمە دەکا ئەو کات جیهان ڕاستەقینەتر دەبینێ.

من وای بۆ دەچم ورووژێنەرترین پەڕەگرافی تراکتاتۆس پەڕەگرافی شەشەمە بەمەرجێ ئەگەر پەڕەگرافی حەوتەمی لێ دەرچێ کە لە دێرێ پێکهاتووە و تا بڵێیتیش ماناداره. ئەم پەڕەگرافە، واتە شەشەم، گشت مەرام و ویستی فەلسەفی تراکتاتۆسی تێدا چڕبووەتەوە. تەنیا لە ڕێگەی ئەم پەڕەگرافەوە، بەتایبەت دوا دێرەکانی پەڕەگرافەکە، مرۆڤ لەوە دەگا ڤیتگنشتاین نەک هیچ فەلسەفەکردنێکی بەدڵ نییە بەڵکە شێوەی فەلسەفەکردنەکەی خۆشی پێی تەواو و کامڵ نییە. ڤیتگنشتاین کە وتنەکانی خۆی بێ مانا دێتە بەرگوێ باشە چۆن دەشێ مرۆڤ ببێ بەخوێنەری وتنهایێ کە ناتەواو و ناکامڵ بن؟ بەڕاستی ئەمە پرسیارێکە دەشێ گشت خوێنەرێکی تراکتاتۆس بیری لێ کاتەوە. وەکی تریش ئەو شیاوییەی ڤیتگنشتاین لە بەردەم گومانکردن لە وتنەکانی والای

دەکا بۆ من بێماناى تێدا بەدی دەکرێ. چونکە ئەو کە وتنەکانی خۆی پێی بێ مەرامە ئەمە دەرگا لە فێربوون دادەخا و ڕێگە، ئەڵبەتە ڕێگەی پێشوەخت، لە بەردەم سڵکردنەوە دەکاتەوە. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە تێکستی تراکتاتۆس لە نێوەندی ئەکادیمی ئەوەندە بۆچوونی جیای لە بارەوە وتراوە ئەم لایەنە کارێ وای کردووە ئەو بێ مانابییەی ڤیتگنشتاین لە دێر و دەربڕینەکانی خۆیڕا دەیبینێتەوە لە لایەن ئەوانی ترەوە فەلسەفەی پێوە دەکرێ، یان بەسەرەوە دەکرێ و، تەنانەت ئەو وتنە زۆرەش کە لەو ڕووەوە وتراوە ستاتۆسێکیشی بۆ تراکتاتۆس دروست کردووە کە زۆر جار لە ویستی ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفەکردنەوە دوورە. ئەمەیان بەپێی دیتنی من. وەلێ سەبارەت بەگومان و سڵەمینەوەکانی ڤیتگنشتاین لە بارەی وتنەکانیەوە دەمەوێ ئەوە بدرکێنم کە، ئەوە هەڵەیە مرۆڤ ئەوەندە لە وتنەکانی بەگومان و ڕارا بێ و، شوێنێ بۆ تێگەیشتن لەم وتنانە و فێربوون لێیانەوە والاّ نەکا. سڵەمینەوەکانی ڤیتگنشتاین بەجۆرێ دەرگا لەوی تر دادەخا کە شیاوی لە بەردەم فەلسەفەکردنیش دەسڕێتەوە. من دەزانم فەلسەفەکردن لای ڤیتگنشتاین زۆر کۆنکرێتئاسا و مەرامدارە ئەمەش هەر لەبەرئەوەیە کە بنیاتی وتنە فەلسەفییەکان لە لۆژیک هەڵچۆڕاوە بەڵام ئەمە هەرگیز پاساودانی ئەوە ناکا مرۆڤ وتنی خۆی پێ بێ ئامانج بێ وەلێ هەر ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە خوێنەری ئەم نووسینە وابزانێ من نیازم ئەوەیە بڵێم ئەوی دەوترێ، یان دەخوازرێ بوترێ، دەبێ سەد دەر سەد ڕاست و ڕەوا بێ. ڕاستە بەڕاستزانین و بەڕەوازانینی دیتن و بینینی خۆ کارێ نادروستە و ڕێگەش لە گشت بەڵگە هێنانەوە و ڕوونکردنەوەی پێچەوانەوە دەگرێ بەڵام ڕەتکردنەوە و پووچکردنی دیتن و هزری خۆش بەدەست خۆ ئەمەش لە هیچگەرایێ فکریی زیاتر شتێ تری ناو نانێم. من زۆر جار خۆم ناکۆک و ناتەبا دەبینمەوە لەگەڵ گەلێ لەو ڕاڤەکردنە فەلسەفییانەی کە بنیاتی فەلسەفی زمانەوانییان هەیە بەڵام ئەمەش لە لایەن خۆمەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە نووسینە هاوچەرخە ڕەخنەیە زمانەوانییەکان ڕێگە لە بەردەم جۆرە ڕێژەگەرایێ ناڕوون و بێ بەربەستدا



دەکەنەوە. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم: ئەوەی کە سالانێ لەمەوبەر کواین بەدێریدای وت من پێم وایە ئەمرۆ دەبێ بە کواینییەکان بوترێ. کواین ئەو دەمەی لە ناوەندی ١٩٩٠کاندا دژی ئەوە بوو دکتۆرای فەخری لە لایەن کامبرجەوە بەدرێدا بدرێ تاکە هۆکارێ کواین دەیکرد بەپاڵپشت بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیەی ئەوە بوو کە گوایە ناروونی لە نووسینەکانی دێریدادا بەدی دەکا. من گومان لەوە ناکەم بەشێ لە بیریارانی کۆنتنێنتاڵی فەرەنسی، بەتایبەت نەوەی نیچە- هایدگەر ناڕوونی لە ڕوونکردنەوەکانیاندا و تەنانەت هیچگەرایێ فەلسەفیش لە دیتن و بۆچوونەکانیاندا ئامادە نەبووبێ بەڵام من بۆ ئەوە دەچم ئەم لایەنە فەیلەسوفانی شیکردنەوەی لێی دەرباز نەبوونە. مەبەستم بەکورتی ئەوەیە، ئەو ئاڵۆزی و سەختەیەی ڕاڤەکردنی فەلسەفی لە ژێر سایەی بیریارانی تازەی کامبرج و هارفارد و ئۆکسفۆرد دووچاری بووە مانای خۆی بۆ دروستکردنی ناڕوونی ڕووناکبیری و بێ هەڵوێستیش دیوە. من لەو ڕووەوە گومان ناکەم کە سەرهەڵدانی لۆژیکی ماتماتیکی یان شیکردنەوەی لۆژیکی مانای بۆ ئەم کێشەیە نەبووبێ هەروەها لەوەش ناسڵەممەوە کە لە سەردەمی ئەمرۆدا لە دەرەوەی هارفارد و کامبرج زانینێ شیکردنەوەیی بەو جۆرە پوخت و چڕەی هەیە شیاوە نەشونمای. بەڵام زۆر موخابن پشتکردنی فەلسەفەی شیکردنەوەی لە ڕاڤەکردنی دیاردە کولتووری- ئاینی و کۆمەلایەتییەکان بەزیانی نەک هەر ئەو فەلسەفەیە گەڕاوەتەوە کە لە کۆلێژەکانی فەلسەفە لە کامبرج و هارفارد بۆ نموونە دەوترێتەوە بەڵکە بەپلەی یەک بەزیانی زانستە مرۆییەکانیش گەڕاوەتەوە، کە من وای بۆ دەچم ڕەفتاری لۆژیکانەی ئەو کۆلێژانە لەتەک فەلسەفە کارێ وای کردووە ئەو زانستانە کەمتر فەلسەفەدار بن یان ئەو جۆرە کارکردنەی بیریارانی نوێ لەسەر لۆژیک کارێ وای کردووە فەلسەفە لە زانستە مرۆییەکان دوور کەوێتەوە. من پۆلێ لە وتنەکانم لەم ڕووەوە بۆ ئەو بەشە هەڵدەگرم کە ناوم ناوە ڕووناکبیری فەلسەفی ئێمە و تراکتاتۆس.

## ٧- ئەوی مرۆڤ ناتوانێ قسەی لەسەر بکا، لەو بارەیەوە پێویستە بێدەنگ بێ

ئەم گوزارەیە دوا گوزارەی ڤیتگنشتاینە لە تێکستی تراکتاتۆس کە بەخۆی بریتییە لە تاکە دێرێ کە ئاماژە و زناکێ (نیشانە) زۆری لە ناخی خۆرا شاردووەتەوە. بەڵام ئەم شاردنەوەیە نە گومڕایی لە تەماشاکردن دروست کردووە و نەش دژواری لە ڕوونکردنەوە بگرە بەپێچەوانەی زۆربەی تێگەیشتن و دەربڕینەکانی تری تراکتاتۆسەوە ئەم گوزارەیە تا بڵێی دارشتنە زمانەوانییەکەی سانا و ناسەختە. هەروەها دەمەوێ ئەوەش بدرکێنم کە، ئەم گوزارەیەی ڤیتگنشتاین لە ئاستی فراواندا ناوداره و گەلێ لەوانەش کە تراکتاتۆسیان لەبندا نەخوێندووەتەوە یاخود هەر لەبندا ڤیتگنشتاین ناناسن بەم دێرەی ڤیتگنشتاین ئاشنان. مەغزا و ئەندێشەی فەلسەفی ئەم گوزارەیە، کە ڤیتگنشتاین تراکتاتۆسی پێ کۆتایی دێنێ، هێندە پڕە دەکارێ هاوکێشەی گەلێ لەو سڵەمینەوە و ئاڵۆزکارییانە شیکار بکا کە تراکتاتۆس پێی ناسراوە. ڤیتگنشتاین لە ڕێگەی ئەم دەربڕینەوە تەنیا نایەوێ وامان لێ کا باوەڕمان بەدرێژدادڕی و زۆر وتن نەبێ بەڵکو ئەوەشی بەلاوە مەبەستە ئەو دەمەی ئێمە ناکارین ڕوونکردنەوە بدەین، چونکە زانیاریمان نییە، پێویستە بێدەنگی، نەوتن، هەڵبژێرین. نەوتن کە بۆ ئەم لە حاڵاتی وادا زێدە بەهاداره پیێم وابێ باس لە ئابووری زمانیش دەورووژێنێ. چونکە ئابووریکردن لە قسەکردن یەکێکە لەو باوەڕانەی فەلسەفەی لۆژیک لەم ساڵانەی دوای هێنایە بەرباس. ئەم جۆره ئابوورییە گرینگە چونکە بەر لە بەلێشاو بەکاربردنی وشە و دەربڕین دەگرێ. ئەمەش لەبەرئەوەی وتن تەنیا بۆ ئەوە نییە بووترێ و بەس بەڵکو بۆ ئەوەشە ئەم وتنە بۆ وتنی شتێ بوترێ یان وتن دەبێ لە بارەی شتێکەوە بوترێ نەک ئەوەی شت لەخۆڕا بوترێ. واتە وتن مەرجە بزانرێ کەی و چۆن دەوترێ. ئەڵبەتە زاراوە و گوزارەش بۆ ئەوە نەهاتوونەتە دنیا تەنێ بەکار ببرێن و بەس بەڵکو پێویستە بزانرێ بەچ شێوە و لە چ ئاستێکدا دەکرێ ئەم زاراوە و گوزارانە بەر بەکاربردن بخرێن. بۆیە مرۆڤ کە تراکتاتۆس دەخوێنێتەوە و، دوا جار دەشبینێ کە ئەم کاره بەم دەربڕینە کۆتای دێ، لەوە دەگا چەند



فیتگنشتاین لە بەکاربردنی قسە و دێر و وشە هەستیار و وردبین بووە. ئەو کە بەخۆی لە تێکستی تراکتاتۆسدا لەخۆڕا نادوێ و بێ بۆنە نایەتە گۆ ئەمە زناکێ بەهێزە لەسەر بیری زمانەوانی ئەم بیریارە. بیری زمانەوانی ئەم بیریارە کە شیکردنەوەی لۆژیکی پاڵپشتیەتی خۆی زۆر لە فرە بەکاربردنی دەربڕین و دێری بێ بنەما و هەڕەمەکی بەدوور دەگرێ. بۆیە هەڵە ناکەم گەر بۆ ئەوە بچم ئەوەی فیتگنشتاین لە گەلێ بیریاری تر جیا دەکاتەوە گەلێ شتە بەڵام یەک لەوانە دیقەتئامێزی ڤیتگنشتاینە لە بەکاربردنی دێر و دەربڕین. ئەو بەباشی دەزانی ئەم دیقەتە پێویست و مەرجیشە بەڵام زۆر جار ئەو لایەنە، موخابن، گومڕای بۆ گەلێ لە بۆچوون و دیتنەکانی دروست کردووە. دەمەوێ هەر تایبەت بەم لایەنانە ئەوەش بڵێم کە نێوبانگی فەلسەفی ئەم تێکستە کاری وای کردووە زۆر جار هێپۆتێزێ (گریمانێ) زۆر لە بارەی سەختی بنیاتی زمانەوانی تێکسنی ناوبراو لێره و لەوێ فۆرمولێره بکرێ کە تا ڕادەی ئەو هێپۆتێزانە بۆ من هەرگیز سەرووی ئەو ڕوونکردنەوەیە نین ڤیتگنشتاین لە پێشەکی و تەنانەت لە دوا دێری تراکتاتۆس (بەتایبەت پەڕەگرافی شەشەم) بەجۆرێ زۆر کراوە و پڕ لە ڕوونییەوە بەرباسی خستووە. مەبەستم لەمە ئەوەیە کە ڤیتگنشتاین لەو پێشەکییە یەک لاپەڕە و نیوییە زۆر کورتەی بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە و تەنانەت لە دوا دێرەکانی پەڕەگرافی شەشەمیشدا ئاماژە بەبۆچوونهایەک دەکا کە ئەوەی لێی وردبێتەوە لەوە حاڵی دەبێ ڤیتگنشتاین چ جۆره فەلسەفەکردنێکی پێی قبووڵە و چۆنیش دەڕوانێتە خوێنەری کتێبەکەی. بۆ ڕوونترکردنەوەی ئەم لایەنەی باسی لێوە دەکەم خوێنەر دەگەڕێنمەوە سەر دوو پاساژی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس. یەکەمیان ئەوەیانە کە لە پێشەکی تراکتاتۆسدا هاتووە و ئەوی تریش ئەو پاساژەیە کە لە دوا دێرەکانی پەڕەگرافی شەشەمە:

> ئەم کتێبە ڕەنگە تەنێ بۆ ئەوانە شوێنی حاڵیبوون بێ کە جارێ لە جاران بیریان لەوانە کردووەتەوە کە ئەم کتێبە گۆی دەکا (پێشەکی).

وتنەکانم، بۆ ئەوانەی لێم دەگەن، بێ مانا دیارن. ئەوانە دەتوانن بەم وتنانە وەک پەیژە سەرکەون. ئەو دەمەش بەسەر دەکەون دەکارن پەیژەکە توورِ هەڵدەن (پەرِەگرافی شەشەم).

بۆ ئەوەی لایەنێکیش لەو ناروونیانە شوێن تێرِامان بخەم کە لای سەرەوە ورووژاندم دەڵێم: ڤیتگنشتاین لە نووسینەکەی هێمای زۆر بەکار دەبا ئەو هێمایانەش زۆر جار نارِوونی لای خوێنەر دروست دەکەن بەتایبەت ئەو خوێنەرانەی مەیلێ باشی هێماگەراییان نییە. لەم رِووەشەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من زۆر باوەرِم بەو بۆچوونەی رِاسل هەیە کە لە پێشەکییەکەی بۆ تراکتاتۆس ئاماژەی پێ دەکا کە گوایە تیۆری سیمبۆڵیزم (هێماناسی) لە تراکتاتۆسدا پەنهانە و ئەوەش بەقەولی خۆی لە دێری ١ ,٢ ەوە دەست پێ دەکا[١٦]. بەڵام خوێنەری تراکتاتۆس دەشتوانێ پێوەندی لە نێوان ئەو هێمایانە و خودی وتندا ببینێتەوە. چونکە وتن لە تراکتاتۆسدا بەهێماوە پێوەندیدارە. ئەو هێمایانەش بەتەبیعەتی حاڵ وایان لە گوزارە و دێرەکان کردووە کورت و چرِ و رِەهەندتەسک بن. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە، کورتی و چرِی و ئەمجار رِەهەندتەسکی دەربرِین و دیتنەکانی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس کەم کەس مەیلی هەیە بۆی و کەم کەسیش لێی دەگا. رِەنگە هۆی ئەوە گەلێ جۆراوجۆر و ناهەماهەنگ بێ. بەڵام یەک لەوانە پێوەندی بەخودی تەماشاکردنی ڤیتگنشتاینەوە هەیە بۆ نووسین. نووسین لای ڤیتگنشتاین وەک ئەوەی لە تراکتاتۆسدا وێنە کراوە نموونەیەکە لە نووسینی دژوارِ و سەخت. لەوێرِا، لەو نووسینەدا، بیرکردنەوەی هەرِەمەکی و بێ بناغە نە شوێنی دەبێتەوە و نەش دەکارێ ئەو ئاڵۆزییە لە تێگەیشتن دروست بکا. مەبەستم نووسینی هەرەمەکی و بێ بناغە هەڵە دروست دەکەن نەک ئاڵۆزی لە تێگەیشتن. واتە نووسینی هەڵە و بێ ئامانج جودایە لە نووسینهای لە شێوەی تراکتاتۆس. تراکتاتۆس نووسینێ بێ ئامانج یان هەڵە نییە بەڵکە نموونەیەکە لەسەر نووسینی ناسانا و قورس. ئەم مرۆڤە کە تراکتاتۆسی نووسیوە، دڵنیام، بۆ داتاشینی گشت وشە و نیشانەی کە دواتر دێر و گوزارەکانی لێ پێک هێناوە زۆرترین وەرزشی



بیرکردنەوەی لەسەر کردبێ. بۆیە ناشێ تراکتاتۆس وەک کارێ فەلسەفی هەرِەمەکی یان بێ هیوا ببینرێ بەڵام موخابن ئەم لایەنە پاساودانی ئەو هێزە زۆرەش لە سڵەمینەوە ناکا کە لەو نووسینەدا قایم کراوە. یان موخابن تراکتاتۆس لەبەرئەوەی نەختێ کراوەتر و رِاستەوخۆتر یاخود ئاشکراتر و رِوونتر مەبەست و مەرامەکانی رِون نەکردووەتەوە نەیتوانیوە تێگەیشتن لەسەر خۆی دروست بکا. سەیر و سەمەرەی ئەم نووسینە لە شوێنێ تریشیدایە بۆ نموونە ڤیتگنشتاین نە رِاستەوخۆ قسە لەسەر ئاین دەکا و نەش لەسەر رِەوشت یان نە بەرِوونی باس لە سیاسەت دەکا و نەش ئەوەش کە پێی دەڵێن مرۆڤ، کە گشت وتاری فەلسەفی کلاسیک سەرگەرم بووە پێوەی.

ڤیتگنشتاین لە دوو تۆیی تێکستەکەیدا (واتە تراکتاتۆس) باسێ زۆر لە وتن دەکا ئەو باسە زۆرەش لە وتن نەک هەر لەبەرئەوەیە کە وتن خواستێ لۆژیکی لەسەرە بەڵکە بۆ ڤیتگنشتاین باس لە وتن بناغەیە کیشە بۆ باس لە مانا و رِاستی. چونکە من باوەرم بەوەیە، کەسێ کە دەڵێی واتا مانا دەبەخشی دەبێ ئەم کەسە ئەوەش بزانی بەخشینی مانا واتە پێدانی رِاستی. ئەو دەمەش کە رِاستی لە رِێگەی ماناوە دەبەخشرێ واتە فاکتەی بەرهەم دەهێنرێ. ئەم وردەکارییە مرۆڤ لێی ناگا تا بەوردی لە مەغزای وتن لای ڤیتگنشتاین نەگا. چونکە بۆچوونی ڤیتگنشتاین بۆ وتن لە پەرِەگرافی حەوتەمەوە دەست پێ ناکا بەڵکە بەدرشتی لە پەرِەگرافی سێیەم و چوارەمەوە دەست پێ دەکا. کەواتە ڤیتگشتاین لەو دوو پەرِەگرافەوە دەست بەدانانی رِێسایەک لە بارەی وتنەوە دەکا. بەپێی ئەو رِێسایەش بێ فۆرمی وتن مانای هەیە. واتە ئەوی مرۆڤ دەیلێ لە مانادا خۆی رِادەبینێتەوە. لە وتندا کە مانا جێگیرە ئەم وتنە رِۆڵی دەرخستنی، رِووخستنی، ئەم مانایەی بەدەستەوەیە. بەڵام ئەم وتنە دەبێ هەمانگیر بێ. هەمانگیریی وتن بەمانای مانا دێ. چونکە تراکتاتۆس پێی وایە وتن لە هەمانگیرییدا مانای هەیە.

ئەم گوزارەیە (ئەوی مرۆڤ ناتوانێ قسەی لەسەر بکا، لەو بارەیەوە پێویستە بێدەنگ بێ) کە ڤیتگنشتاین تراکتاتۆسی پێ کۆتایی دێنێ پێم وایە جۆرە

ڕێسایەکە ڤیتگنشتاین هەر لە سەرەتاوە لە تراکتاتۆسدا کاری لەسەر کردووە کە بەخۆی بەهۆیەوە ڤیتگنشتاین دەیەوێ مێتۆدێ تایبەت بەوتن داڕێژێ. هەر ئەم ڕێسایەش وای لە تراکتاتۆس کردووە باوەڕی بەو دۆکترینەش هەبێ لە بارەی وتنەوە دەوترێ کە دەڵێ وتن وێنەیەکە لە ڕاستی. ڕاستی وتن،، بەبێگومان، گرینگە سەرنجی بخرێتە سەر چونکە لە وتندا ڕاستی دەبێ ئامادەبێ بەڵام گشت وتنێ ڕاستیئامێز نییە. بەڵام ئەوەی چۆن ڕاستی وتن بەپێی دیتنی ڤیتگنشتاین دروست دەبێ بۆ من ڕوون نییە. ئەگەرچی من بۆ خۆم بەو سێرکردنە گەیشتووم وتن خۆی مانای خۆی نیشان دەدا چونکە ماهیەتی وتن مانای تێدایە. واتە مانا لە جەوهەری وتندا نیشتەجێیە. بەپێی گوزارەکەی تراکتاتۆس بێ ئەگەر لە کۆتاییدا وتن، قسەکردن، نەکارێ ئەوە چارەسەر بکا کە پێویستە لەسەر شانی بیکا ئەوە دەبێ ئەمە بەقسەنەکردن و بێدەنگبوون چارەسەر بکرێ. بەڵام قسەنەکردن بەباوەری من دەبێ شتێ خۆی و ئیختیاری بێ نەک بەزەبر. واتە تاک، قسەکەر، خۆی دەبێ بێدەنگی بەسەر خۆیدا بسەپێنێ. ئەو کاتەش تاک ئەمە دەکا دەزانێ ئەو چەند ئاگایی، زانیاری، لەسەر ئەو شتە هەیە یان نییە کە قسەی لەسەر دەکا. لێرە مەسەلەکە تەنیا زانیاری نییە بەڵکو ئەوەشە کە مرۆڤ دڵنیا نەبێ لەوەی دەیڵێ یان خۆی تێ نەگا لەوەی باسی دەکا. لەم حاڵەتەشدا مرۆڤ کە نەیزانی چی دەڵێ، لە بارەی چییەوە دەدوێ، چۆن دەتوانێ ئەم مرۆڤە وتن یان تێگەیشتن بدا. گشت تاکێ مەرجە لەوە بەئاگا بێ قسەکردن، وتن، چەند ئەرکێ مرۆییە ئەوەندەش بەرپرسیاری ئیتیکی بگرە زمانەوانیشی لە پشتەوەیە. زۆر جار لە ئاکامی وتنێ نادروست و هەڵەوە کێشەی گەورە دێتە پێشێ یان بەهۆی نەوتن و نەدرکاندنی قسەکردنێکەوە ڕەنگە بەزمێ کۆمەڵایەتی یان سیاسی بەمانای وشەکە بێتە پێشەوە. بۆیە وتن و نەوتنی شتێ وەک یەک گرنگن بۆ ڕەخنەی زمان.

لایەنێ تر حەز دەکەم سەبارەت بەو دێرەی ڤیتگنشتاین، کە ناونیشانی پەڕەگرافی حەوتەمیشە، قسەی لە بارەوە بکەم ئەوەیە کە وتن دەبێ وتراوئامێز



بێ[17] بەڵام ئایا وتراوئامێزی بەسە بۆ ئەوەی لەوە بگەین کە وتراوە یان دەوترێ؟ من پێم وایە کاتێ شتێ دەوترێ ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوی وتراوە گشت ئەوەیە کە دەبایە بوترێ. لەم ڕووەوە دەچمە سەر لایەنێ کە لە تراکتاتۆسدا یەکێکە لە لایەنە نێوەندییەکان. ئەم لایەنەش بریتییە لە مەسەلەی وتن و پێشاندانی ئەم وتنە. بەباوەڕی توێژەرەوەی سویدی بەنێوی فریدریک شێرنبێری ڤیتگنشتاین ئەم لایەنەش وەک گەلێ لە تێماکانی تری لە فرێجەوە وەریگرتووە و دواتر گۆڕانی خستووە تەسەر[18]. ئەم ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیە دەڵێ کە فرێجە جیاوازی خستووەتە نێوان ئەوی دەوترێ و ئەوی نیشان دەدرێ بەگەلێ جۆر. بەڵام بەبۆچوونی شێرنبێری لە گەلێ نووسین فرێجە ئاماژەی بەوە کردووە کە وشەکان بەشی ئەوە ناکەن ئامانجی خۆیان بپێکن بۆیە لەم بارەیەوە فرێجە پشت بەویستە باشەکانی خوێنەر دەبەستێ تا ئەوە تێپەڕێنن کە وتراوە[19]. بەخۆی گەشتی فرێجە لەم ڕووەوە سەرەتا لەوێوە دەست پێ دەکا کە گوزارەی چ مانایەکی هەیە و دواتریش ئەوەی کە چۆن ئەم گوزارەیە ئەم مانایە نیشان دەدا. بەڵام ڤیتگنشتاین تایبەت بەم لایەنە بەجۆرێ تر ئەندێشەی خۆی فۆرمولێرە دەکا. ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا تێگەیشتنێ زۆر لەسەر وتن، وتنی شتێ، دێنێتە بەرباس. بەڵام ئەم وتنە بۆ ئەم گرینگە شیاویی لە بەردەمرا بکرێتەوە. واتە بۆ ئەوەی شتێ بڵێی دەبێ توانای لە ئارادا بێ بۆ وتنی ئەم شتە. ئەو توێژەرەوە سویدییەی پێش تۆزێ ناوی هات باس لەوە دەکا ڤیتگنشتاین پێش نووسینی تراکتاتۆس، ئەو ماوەیەی لە نەرویج دەبێ (ساڵی ١٩١٤) بۆ مۆری ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی زمانێ بتوانێ شتێ گۆ بکا یان شتێ بڵێ کە بشێ بوترێ پێویستە ئەم زمانە هەندێ خاسیەتی هەبێ. تراکتاتۆسیش لەم ڕووەوە ئەو توانایەی تێدایە ئەوە پێشچاو بخا کە هەندێ زمان دەتوانێ هەندێ شت نیشان دا کە پێویستە نیشان بدرێ[20]. بەڵام ئەم لایەنەی تراکتاتۆس باسی لێوە کرا، کە بەخۆی لە ژێر کاریگەری فرێجەدا بیری لێ کراوەتەوە، وا لە گەلێ لە ئێمە دەکا بیر لەوە بکەینەوە ئەوی تا ئێستا وتراوە و ئەوانەش نەوتراون. ئەوانەی کە وتراون ئەڵبەتە زۆرن و ڕەنگە بەشێ

زۆریشیان نەوتنیان باشتر بووبێ بەڵام ئەوانەی نەوتراون چۆن دەکرێ شیاوی لە بەردەم وتنیاندا بکرێتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خۆم باوەرم بەو بۆچوونەیە کە گشت زمانێ خاسیەتی خۆی هەیە. ئەوەش کە ئەو شیاوییە دروست دەکا ئەو خاسیەتەیە نەک شتێ تر.

سەرباری ئەوی لای سەرەوە لە بارەی پەڕەگرافی حەوتەم وتم دەمەوێ ئەوەش بێژم کە من هەروەک ئاشکرایە لە چەند لاپەڕەیەکی لای سەرەوە پوختەی بیری فەلسەفی ڤیتگنشتاینم لە گەرووی تێکستی تراکتاتۆسەوە بەردەست خست بەڵام مەرامەکەی من ئەوە نەبوو بیری ئەم بیرمەندە ڕاهێنم بەڵکو ئەوە بوو کە ئەوە نیشان بدەم چەند داڕشتنەکانی ئەو ئاڵۆزکاری دروستکەرن. هەروەک پێشتریش وتم پوختەکردنی بیری ئەم بیریارە نەمساوییە کارێ سانا نییە و لە دژواری و گومڕاییش هیچ وەخت بەدەر نییە. ئەو پوختەیە ئەگەرچی ناڕوون و ئاڵۆز دیارە بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەو سەختی و ناساناییيەیە لە تراکتاتۆسدا پەنهانە. لەو باوەڕەشدام ئەو پوختەیەش نەبێ خوێنەری ئەم نووسینە نە لەو ڕاستییە دەگا کە تایبەتە بەوەی لە بارەی بیری فەلسەفی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس دەوترێ و نەش لەو شێوە وتنەی منیش دەگا کە لە دوو توێی ئەم نووسینە وتراوە.

هەر سەبارەت بەپوختەکردنەکە دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم کە، ئەو پوختەکردنەی من بەردەست خوێنەرم خستووە، کە لە گەرووی نووسینەکەی ڤیتگنشتاینەوە وەرگیراوە، ئەگەر نەختێ پەرتیش خۆی دەرخا ئەوە هەر زادەی ئەو دەربڕین و وتنە پچڕ پچڕ و نایەکانگیرانەیە تراکتاتۆسی پێی بنیات نراوە. ڕاستیشە لە کۆتایی گشت پەڕەگرافێکدا هەندێ ڕوونکردنەوە و سەرنجم خستووەتە بەردەست بەڵام وا هەست دەکەم ئەوانەش سانایێکی ئەوتۆیان تێدا بەدی نەکرێ. من حەز ناکەم خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە ئەم دانپیاهێنانەی من بەوە ڕاڤە بکا کە لە ژێر کاریگەری ڤیتگنشتاین دەربازم نەبووە. بەخۆی ئەم لایەنە بەهیچ جۆرێ وا نییە بەڵکو مەسەلەکە بەجۆرێ دییە. تراکتاتۆس کە واژە و ئاماژە و بیرۆکە و واتاهای زۆر جۆراوجۆر و نوێ بەسەریدا زاڵە، یان



زیاد لە پێویست تێدا بەکار دەبرێ، مرۆڤ ئەو دەمەی هەچ تێگەیشتنێ لەسەر تراکتاتۆس دەدا مەحکومە بەوەی بەشێ لەو واژە و واتایانە یان بیرۆکانە جارێ تر بەکار بەرێتەوە. ڕاستە مەسەلەکە ڕوونکردنەوەی واژە بەواژە و ئاماژە بەئاماژە نییە بەڵام بەکاربردنی ئەو لێکسیکۆنەی ڤیتگنشتاین کە لە تراکتاتۆسدا هاتووە شتێکە هاتنە دەرەوە لێی ئەستەمە.

سەرباری ئەوی وتم دەمەوێ دەست بۆ ئەوەش ڕاکێشم کە، هەوڵم داوە بەشداریی زۆر چڕ و کورت لە ڕوونکردنەوەی بیر و تێگەیشتنەکانی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس بکەم کە بەهۆی ئەو بەشدارییەمەوە کارم بۆ ئەوە کردووە ڕێگەیەک لە بەردەم ڕوونکردنەوەی ئەو فەلسەفەیدا بکەمەوە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا باوەڕی پێ بووە. هەروەها ئامانجێ ترم لەو ڕوونکردنەوانەی لای سەرەوە ئەوە بووە کە بیر و تێگەیشتنەکانی ڤیتگنشتاین بەجۆرێ نەرمونیان بکەم لە تێگەیشتنەوە نزیک بن. ئەگەرچی ئەوە نە کارێ ئاسانە و نەش بەتەنیا کاری منە و تەنانەت کاری ئەم بەرهەمەش تییە بەڵام ئەوەی من دەیکەم جۆرە کۆششێکە بۆ بەشداریکردن لە ڕوونکردنەوەی بیری ئەم بیریارە ئاڵۆزە و ئەم کارە گومڕا و دەگمەنە.

پاش ئەو چەند دێرەی لایسەرەوە بەرباسم خست ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە، زمان لە ترکتاتۆسدا زۆرترین شوێنی هەیە. ئەم شوێنەی زمان هەیەتی شان بەشانی جیهان و لۆژیکە. واتە زمان و جیهان و ئەمجار لۆژیک لەو شتانەن دەستیان بەسەر باس و بابەتەکانی ڤیتگنشتاین لە ترکتاتۆسدا گرتووە. بەپێی بۆچوونی ترکتاتۆس لای زمان و جیهان بنیاتی هاوبەش هەیە. هەریەک لە زمان و جیهان دروستکەرین. زمان بەهۆی وتنەوە (ڕستەوە، دەربڕینەوە) دروست دەبێ بەڵام جیهان بەهۆی ئەتۆمەوە. هەروەها لای ڤیتگنیشتاین ئەو وتنانەی وتنی ئێلێمێنتێرن وتنی سەرەکین و وتنی لۆژیکی تاوتۆلۆژین (دووبارەن). ئەم جۆرە وتنانەش ئەو وتنانەن کە هیچ ناڵێن. واتە مەغزایان نییە. ئەو وتنانەی سەرەکین و دەتوانن شتێ بڵێن دەبێ لە بواری زانستە سروشتییەکانەوە بجووڵێن. گەر ئەمە نەکرێ ئەوا ئەوی دەوترێ مانای نییە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بیر بخەمەوە کە مەبەستم لە گوزارەی مانا نەبوون ئەو تێگەیشتنەیە کە ڤیتگنیشتاین پێی دەڵێ نۆنسێنس. هەچ وتنێکیش کە نۆنسێنس دەبێ ئەو وتنە مانابەخش نابێ. وتنیش کە مانابەخش نەبوو نەک بێ لۆژیکە بەڵکو ناکاریگەریشە.



## تراکتاتۆس و کردەی فەلسەفەکردن

هەنگاوێ بەرەو بیرۆکەی کۆتای فەلسەفە

تراکتاتۆس وەک کارێ فەلسەفی شایانی تێ هزرینێ زۆرە بەڵام ئەو تێ هزرینانە خوێنەر بەرەو چی و کوێ دەبەن ڕوون نییە. ئەوەش ڕوون نییە تراکتاتۆس چەند مەیل بۆ فەلسەفەکردن لای خوێنەر ڕا دروست دەکا. نەخێر و موخابنیش ڕوون نییە ئەگەر تراکتاتۆس ئاواتخوازیاری ئەوەی تێدا بەدی کرێ خوێنەری فەلسەفی لە نووسینی فەلسەفی نزدیک بکاتەوە. ئەمەو ئەم کارە فەلسەفییە کارێ نییە لەسەر کارێ دی وەک هەندێ لە کارە فەلسەفییەکان بەڵکو کارێکە تایبەت بەخۆی. واتە ڕاستی و نهێنی تراکتاتۆس لەوەدایە لە نەریتی فەلسەفی خۆیەوە نزیکە ئەم نەریتەش کە ڕچەشکاندنێ فەلسەفی مەرامی بووە ڕیزێ ناسادەیی و ناساکاری فەلسەفی خستووەتەوە بەڵام دەکرێ بەدڵنیاییشەوە بوترێ، تراکتاتۆس کارێکیشە بەپێی ئەوەی نیازکار بووە شیاوی بخاتە بەردەم گۆڕینی هەندەسەی فەلسەفەکردنەوە دەشێ لە گەلێ ئاراستەوە تەماشا بکرێ. بۆیە دەمەوێ بۆ چەسپاندنی مەرامەکانم دەست بۆ ئەو لایەنە ڕاکێشم کە لەم پەڕەگرافەی ئەم نووسینەدا دێمە سەری کە بەخۆی دەستنیشانکردنی تێگەیشتنی ڤیتگنشتاینە بۆ واتای فەلسەفە و ئەو ویستە فەلسەفییەی لە هەناوی تراکتاتۆسدا خۆی قایم کردووە. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەم بەپێویستی دەزانم پەیتا پەیتا بچمە سەر تراکتاتۆس تا ڕوانینی فەلسەفیانەی ڤیتگنشتاین بۆ کردەی فەلسەفی گفتوگۆ بکەم و ئەو خواستە فەلسەفییەش لەم کارەدا بەرچاو بخەم کە خۆی مەڵاس داوە. ڕاستە نە دیتنی ئەم خواستە سانایە و نەش بەرچاوخستننی نادژوارە، بەتایبەت تراکتاتۆس، وەک کارێ فەلسەفی، کە شوهرەتێ نێودەوڵەتی هەیە، لە بەرهەمهێنانی ڕیزێ ئاڵۆزکاری فەلسەفی کە ئەمڕۆ فەلسەفە تێی کەوتووە بەدەر نییە.

گەلێ لەو ئاڵۆزکاری و تەنانەت گومڕاییيانەش کە دەدرێنە پاڵ ئەم کارە فەلسەفییە، بەباوەڕی من، هێندێکی دەشێ بۆ هەڵوێستی خودی ڤیتگنشتاین پاش بڵاوکردنەوەی تراکتاتۆس بگەڕێندرێتەوە. هەروەک لەمەوبەریش ئاماژەم پێ دا پاش بڵاوبوونەوەی تراکتاتۆس، واتە دوای ساڵی ١٩٢١، ڤیتگنشتاین پشت لە نووسین یان بەواتای تر پشت لە فەلسەفە دەکا. لەو ماوەیەدا سەرقاڵ دەبێ بەهەندێ شتەوە کە پێوەندییان بەفەلسەفەوە نییە. بۆ نموونە ماوەێی دەبێ بەمامۆستا لە قوتابخانەیەک میللی لە یەک لە گوندەکانی نەمسا و دواتر پاش وازهێنان لەم کارە دووساڵێ دەبێ بەباخەوان لە ڕاهیبگایەک کە دوای ئەمە خۆی بەدروستکردنی خانوویەکەوە بۆ یەکێ لە خوشکەکانی سەرقاڵ دەکا. پاش ئەم دابڕانە کەمە سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر فەلسەفە و لە ١٩٢٩ دەگەڕێتەوە کامبرج. هەر لەو ماوەیەدا بەیارمەتی ڕاسێل و مۆر پاش گفتوگۆکردنی تراکتاتۆس وەک تێزێ ئەکادیمی دەبێ بەدکتۆر لە فەلسەفە[٢١]. ئەم دابڕانە کورتەی ڤیتگنشتاین لە فەلسەفە زۆربەی توێژەرەوەکان بەوە لێکی دەدەنەوە ڤیتگنشتاین هەوڵی داوە دەست لە فەلسەفە هەڵگرێ. واتە پاش نووسینی تراکتاتۆس قۆناغێ تازە لە ژیانی ڤیتگنشتاین دێتە پێشەوە کە دەشێ ناونرێ دەست هەڵگرتن لە فەلسەفە ئەم لایەنەش بۆ من ئارگومێنتێکە لە گەلێ ڕووەوە بەو بۆچوونانەوە وابەستەن کە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس لە بارەی فەلسەفەوە هەیبووە. واتە شێوەی کارکردنەکەی لەسەر فەلسەفە لە تراکتاتۆس ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر ئەو دوورکەوتنەوەیەوە هەیە. بەم شێوەیە دوورکەوتنەوەی ڤیتگنشتاین لە فەلسەفە و سەرگەرمبوونی بەشتی ترەوە نیشانەیە لەسەر ئەوەی فەلسەفە ئەو مانایەی بۆ ئەم نییە. لەو ماوەیەشدا کە ڤیتگنشتاین پشت لە فەلسەفە دەکا فەیلەسوفی بەریتانی بەناوی فرانک ڕامسای بۆ دیتنی ڤیتگنشتاین و قسەکردن لە بارەی تراکتاتۆسەوە ڕووەو نەمسا سەفەر دەکا، بەڵام دەگێڕنەوە گوایە ڕامسای لەو سەفەرەی دڵشکاوانە بەرەو بەریتانیا دەگەڕێتەوە و شتێ ئەوتۆ لە ڤیتگنشتاین سەبارەت بەوی لە تراکتاتۆس لە بارەی تێپەڕاندنی فەلسەفەوە وتوویەتی، حاڵی نابێ. من لەم




حەقایەتەی ڕامسایەوە بەو فێربوونە دەگەم کە ڤیتگنشتاین پێ ناچێ ئەوی لە بارەی فەلسەفەوە لە تراکتاتۆسدا وتوویەتی خۆی حاڵیبوونی لە بارەوە هەبووبێ. ئەگەر نا ڤیتگنشتاین دەبایە دواتر درێژەی بەو لایەنانە بدایە کە بەو خاڵەوە تایبەتن. ئەم ئەمەی نەکردووە، نەک لەبەرئەوەی مەبەستی ئەوە نەبووە فەلسەفە بەهۆی تراکتاتۆسەوە ڕەت نەکاتەوە بەڵکو مەسەلەکە بەدیوێ ترە. واتە ئەوەیە کە ڤیتگنشتاین بەتەواوەتی بیری خۆی لەو ڕووەوە بۆ کۆ نەبووەتەوە و، بگرە بەباوەڕی من، ئەوەشی بەچاکی لا گەلاڵە نەبووە کە چۆن ویستوویەتی بەویستی خۆی لەو بارەیەوە بگا. ڕەنگە هەر ئەم هەستەش بێ، کە من بۆی چووم، وای لە ڤیتگنشتاین کردبێ، پاش ماوەیەک لە دابڕان جارێ تر بگەڕێتەوە ناو فەلسەفە و هەروەها سەر مەسەلەی فەلسەفەکردن. ئەوەش بەدڵنیاییيەوە پاش گەڕانەوەی بۆ کامبرج. بۆ ئەوەی ڤیتگنشتاین ئەم گەڕانەوەیەشی بۆ سەر فەلسەفە مانادار بکا، بەبینینی من، بەپاشگەزبوونەوە لە هەندێک لە تەماشاکردنەکانی دەستی پێ کردووە. واتە فەلسەفە بەو جۆرەی لە تراکتاتۆسدا کاری لەسەر کراوە، دەبێ بەهۆکارێ، بەباوەڕی من، بۆ کشانەوە لە فەلسەفە. ئەم کشانەوەیەش تەنیا لە ڕێگەی ئەو شێوە تەماشاکردنەوە دروست بووە کە ڤیتگنشتاین لەسەر فەلسەفە و فەلسەفاندن هەیبووە. بۆ ئەوەی لەم ڕەوتەش خۆی بەدوور بگرێ دێتە سەر دەستبەرداربوون لە هەندێک لە سێرکردن و جیهانبینینەکانی. هیچ نەبێ ئەمە دیتنی منە لەسەر ئەم لایەنە و پێم خۆشە خوێنەری ئەم نووسینە لێی بەئاگا بێ.

سەرباری ئەو چەند گوزارەیەی لای سەرەوە بەباشی دەزانم، ئاماژە بەوە بکەم، فەلسەفە کە بەری بیرکردنەوەی مرۆڤە لە گشت سەردەمێ ڕووی لە ئاڵۆزی ناوە. بەڵام ئەوی لێرەدا پێویستە بیر بخرێتەوە ئەوەیە، ئەم ئاڵۆزییە داوای، خواستی، فەلسەفە نەبووە بەڵکو ئەوە ژیانی مرۆڤە لەو ئاڵۆزییە بەرپرسیارە. ئەو ژیانەش ئەمڕۆ، بەبۆچوونی من، بمانەوێ و نەمانەوێ لە هەر شوێنێک بێ ڕووی لە ئاڵۆزی ناوە. مەبەستم بەواتایەکی تر، ئاڵۆز بیرکردنەوەی مرۆڤ کارێ ئۆتۆماتیکی و لەخۆوە نییە بەڵکو بەرهەمی خودی بەئاڵۆزبوونی

ئەو جیهانایە مرۆڤ تێیدا دەژی. بەڵام ئایا ئەم جیهانە لەخۆڕا و یان خۆبە خۆی خۆی ئاڵۆز بووە یان ئەوە مرۆڤە، چاترە بڵێم بیرکردنەوەکانی مرۆڤە، ئەو جیهانەی بەرەو ئاڵۆزی بردووە؟ وەڵامێک کە نەختێک هەڵگری جۆرێک لە دیقەت بێ و بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بکرێ بەکار ببرێ، پێم وایە ئەمەیە: فەلسەفە لەخۆڕا ڕووی لە ئاڵۆزی نەکردووە، بەڵکو ئاڵۆزییەکانی ژیان، بیرکردنەوە و تێڕامانە فەلسەفییەکانی ئاڵۆز و گومڕا کردووە. چونکە ئەوەی فەلسەفە دەکا لە کۆتاییدا فەیلەسوفە کە ئەویش مرۆڤە. بەڵام بۆ ئاڵۆزی بەرهەمهێنان لە بیر ڕەنگە بۆ بەشێکمان ئەمە پرسیارە نێوەندییەکە بێ. وەڵامی ئەم پرسیارە لە فەیلەسوفێکەوە بۆ ئەوی تر، دەگۆڕێتەوە. مەبەستم تەنیا ئەوە نییە مرۆڤێکی فەیلەسوف سادە بیر دەکاتەوە و ئەوی تر ئاڵۆز بەڵکو ئەوەشە کە بەشێک لە فەیلەسوفان ئاڵۆزییەکانی ناو ژیان زووتر و خێراتر لەوانی دی دەبینن و، ئەم بینینەش زۆر جار وایان لێ دەکا، لە شتەکان نەگەڕێن تا نەیانهێننە گۆ و یان لە بارەیانەوە نەدوێن. بەڵام ئەم حاڵەتە تەواو لە حاڵەتی ""تراکتاتۆس"" جیاوازە. چۆن؟ هۆیەکەش ئەوەیە ئەو ئاڵۆزییەی ڤیتگنشتاین دەیبینێ و تراکتاتۆسی لەو ڕووەوە کردووە بەبارهەڵگری نە کەسێکی تر، بەو شێوەیە دەیبینێ و نەش لەو فۆرمە ئاڵۆز و گومڕائامێزە دەیخاتە بەرباس کە تراکتاتۆس بووە بەنوێنەری. ئا لێرەوە بەپێویستی دەزانم بێمە سەر هەندێ لایەنی تراکتاتۆس و ڕوونکردنەوەی کورت و خێرای لە بارەوە بخەمە بەرچاو. ئەم چەند دێرەش بەشێکن لەو سەرنج و تێڕامانانەی سەبارەت بەبیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین بەگشتی و تراکتاتۆس بەتایبەتی لام کەڵەکە بوونە.

سەرەتا دەخوازم لەوێوە وەسەرەتا بێم کە، ئەو دەمەی مرۆڤ تراکتاتۆس دەخوێنێتەوە دەرک بەوە دەکا کە نە لە بەردەم کارێکی فەلسەفیی ڕووکەشە و نەش بیرکردنەوەگەلێکی سەرپێیی. ئەمەی من لێرە دەیڵێم تەنێ بەوە پاساودان ناکرێ فەلسەفە لە تراکتاتۆس، یان بەواتای دی گشت فەلسەفە بەبۆچوونی تراکتاتۆس، لە ڕەخنە بریتییە زمان کە ئەم بۆچوونە ڤیتگنشتاین، تا



دواهەناسە کاری بۆ دەکا. بەڵکو ئەوەش کە بەڕەخنەبوونی زمان لە تراکتاتۆس فەلسەفەیەک دێنێتە دنیا جیا لەوی لەوەوبەر لە ڕۆژئاوا هەبووە. ڕاستە ڤیتگنشتاین لەو دەروازە کورتەی بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە سوپاسی فرێجە و ڕاسیل دەکا، بەڵام ئەم سوپاسە بەو مانایە نایە تراکتاتۆس شوێنی بەکاربردنی گشت ئەو سەرمایە فەلسەفییە زمانەوانییەیە ئەو دوو فەیلەسوفە نووسیویانە بەڵکو ڤیتگنشتاین لەو بەرهەمەیدا لە گەلێ شوێن خۆی لە ڕاسل جیا دەکاتەوە و تەنانەت دەگێڕنەوە کە ڤیتگنشتاین تا مردیش فرێجەی لە ڕاسیل پێ فەیلەسوفتر بووە[٢٢]. ئەم لایەنە کە کێشەی هزری قووڵی لە پشتەوەیە نامەوێ لەم نووسینە بەسەری بکەمەوە وەلێ لەوی وترا بەماناتر ئەوەیە کە لە تراکتاتۆسدا ڤیتگنشتاین هەوڵێکی بەدەستەوەیە بۆ لەباربردن و لە کۆڵکردنەوەی فەلسەفە یان ڤیتگنشتاین دەیەوێ بەجۆرێ لە جۆرەکان کۆتایی بەفەلسەفە بێنێ، بەڵام ئەم، ئەمە، بەباوەڕی من، لە ڕێگەی کۆتاییهێنان بەمیتافیزیک دەکا. بەپێی ئەم هێپۆتێزە بێ (گریمان)، ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا ئەو فەلسەفەیەی دەیەوێ کۆتایی پێ بێنێ میتافیزیکە. باشە بۆ دەبێ تراکتاتۆس خەیاڵی خۆی لەم لایەنەدا وەبەر بهێنێ؟ بەکورتی هۆیەکەی ئەوەیە کە میتافیزیک بۆ تراکتاتۆس دژە زانستە و شتی دژە زانستیش شایانی لەباربردنە. کەواتە ویستی فەلسەفی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا ویستێکی تایبەت و شەخسییە یان ویستێکە لە بنڕا بەئەزموونێکی فەلسەفیی دژە ڕەوتەوە پابەندە. ئەمەو من دەزانم ئەو ویستەی لەم کارەدا نەشونما دەکا لەگەڵ باری فەلسەفیی ئەو دەمەی ڕۆژئاوا ڕێ دەکا، بەڵام بەجۆرێ ناهاوشێوە[٢٣] و هیچ نەبێ دوور لەو ئاراستەیەی تراکتاتۆس لەسەری دەڕوا. چونکە ئەو شێوە فەلسەفەکردنەی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا کاری لەسەر دەکا، خۆی لەو بیرۆکەیەدا پوخت دەکاتەوە کە گشت فەلسەفە، بەفەلسەفەکەی خۆشیەوە، بریتییە لە ڕەخنەی زمان، بەڵام ئەم بیرۆکەیە ئەو کاتە خۆی بەیان دەکا کە فەلسەفە لەبار دەبرێ و دواتر فەلسەفەیەکی دی لەبری ئەو فەلسەفەیەی ڕەخنە دەکرێ، یان لەبار براوە، دێتە کایەوە. من لەم بارەوە بۆ ئەوە دەچم ئەو

فەلسەفەیەی پێ دەچێ تراکتاتۆس دەیەوێ لەباری بەرێ، فەلسەفەی کلاسیکە و ئەو فەلسەفەیەش ڤیتگنشتاین دەیەوێ بیهێنێتە کایەوە، پتر نیشانەکانی لە پاش تراکتاتۆسەوە دەردەکەون. واتە لە""توێژینەوە فەلسەفییەکاندا"" ئەو ڕچەشکاندنەی ڤیتگنشتاین خۆی بۆ مەڵاس داوە دیمەنەکانی دەڕسکێن.

سەرەتا پێش ئەوەی بێمە سەر هەندێک لایەنی سەرەکی کە کرۆکی ئەم بەشە دەستنیشان دەکەن، دەمەوێ بڵێم: گشت ئەوانەی تراکتاتۆسیان خوێندووەتەوە ویستوویانە لەو ویستە فەلسەفییە بگەن لەم بەرهەمەدا پەنهانە یان تێکڕای ئەوانەی ئەم کارەی ڤیتگنشتاینیان خوێندووەتەوە، دەیانەوێ بپرسن: ئەم کارە لە چی دەدوێ؟[٢٤] بەڵام هەندێ جار فۆرمی، ڕێزمانی پرسیارەکە بۆ هەندێک خوێنەر ڕەوتێکی تری وەرگرتووە و تا ڕادەیەک ئەم شێوە داڕشتنەشی لەخۆڕا بەرجەستە کردووە: تراکتاتۆس چ کێشەیەکی فەلسەفیی چارەسەر دەکا؟ گەر ئەم پرسیارە بکەم بەسەکۆی وتنەکانم لە بارەی تراکتاتۆسەوە ئەوا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو ڕێگە دەگرمە بەر کە دوو مەرامیان هەیە: ڕێگەی یەکەم مەرامەکەی بریتییە لە ڕاڤەکردنی دیتنی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس، لەمەڕ فەلسەفە و هەروەها مەرامی ڕێگەی دووەمیش بریتییە لە دێباتکردنی بۆچوونی ئەوانەی لە ڕوانگەی خۆیانەوە تیۆریزەیان بەسەر تراکتاتۆسەوە کردووە. سەبارەت بەڕێگەی یەکەم ئەوە دەخەمە پێش چاو. چۆن ڤیتگنشتاین لە فەلسەفە دەگا و کاریگەریی ئەمەش بەسەر ویستی فەلسەفییەوە چییە و، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەم لایەنەش بەسەر خودی فەلسەفەکردنەوە. بەڵام بەهۆی ڕێگەی دووەمەوە دەمەوێ ئەو جیاوازییە لە دیتن بۆ تراکتاتۆس نیشان بدەم کە لە هەندێ جەمسەرەوە زۆر لێکدییەوە دوور نین.

کەواتە، سەبارەت بەڕێگەی یەکەم دەمەوێ ئەوە بدرکێنم، ئەوەی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا دەیکا دەبێ، بۆ هەموو خوێنەرێکی تراکتاتۆس شتێکی ڕوون و ئاکسیۆمی (بەدیهی) بێ کە ناوبراو لە تراکتاتۆسدا فەلسەفەیەکی تایبەت بەبیرکردنەوەی خۆی بەرهەم دێنێ. بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ بپرسرێ: بۆچوونی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا بۆ فەلسەفە چییە؟ یان ڕاستیی فەلسەفە لەم



کارەدا چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمەوێ لەوێوە دەست پێ بکەم کە گەلێک لە فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ بۆچوونە فەلسەفییەکانی، یان نەریتی فەلسەفیی، پێش خۆیان بەزۆری نارێک و ناتەبا بوونە و هەریەکەش بەجۆرێ ئەو نارێکی و ناتەبایەی پراکتیزە کردووە. گەر لەم ڕووەشەوە ڤیتگنشتاین و تراکتاتۆسەکەی بەنموونە بهێنینەوە، دەبینین یەک نەگرتنەوەیەکی فەلسەفی لە نێوان نەریتی فەلسەفیی تراکتاتۆس و نەریتی فەلسەفیی پێش تراکتاتۆسدا بەدی دەکرێ. ڕاستە ڤیتگنشتاین لە ژێر کاریگەری فرێجەدا، بۆچوونەکانی خۆی تایبەت بەفونکشونی (وەزیفەی) زمان و بناغەکانی لۆژیک هەڵچنیوە، بەڵام دواتر ئاراستەیەکی تایبەت بەخۆی هێناوەتە کایەوە و لەسەری بەردەوام بووە. ئەم شێوە کارکردنەی ڤیتگنشتاین لەسەر فەلسەفە کە لە تراکتاتۆسەوە ڕێچکەکەی دیاری دەکرێ، زمان دەکا بەبناغە بۆ خۆی بەڵام ئەم شێوە کارکردنە لەسەر فەلسەفە کردەی فەلسەفەکردنی ناساکار کردووە. ڕاستە ڕەوتی فەلسەفەکردنی ئەم بیریارە، پاش گەڕانەوەی بۆ کامبرج، واتە پاش ساڵانی ١٩٣٠، وردە وردە ڕوو لە هەڵگەڕانەوە دەنێ و لە کارەکانی دواتری لە هەندێ لەو بۆچوون و دیتنانە پەشیمان دەبێتەوە کە تراکتاتۆسی پێ بنیات ناوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین لەو ناسادەییە بەرپرسیار نییە، بیری فەلسەفی لە ٨٠ ساڵەی ڕابردوودا، پێوەی گلاوە. ئەم لایەنە بۆ زۆربەی توێژەرەوەکان، وەک یەک هەرس نابێ و هەر هەمووش وەک یەک تەماشای قۆناغی پۆست–تراکتاتۆسیش ناکەن. هەر لەو بارەیەوە دەمەوێ ئەوەش بێنمەوە یاد، فەلسەفە لە تراکتاتۆسدا کە دەبێ بەزمان، ئەم زمانە تاکە ئامرازی بیرە و ئەمەو فەلسەفەکردنەکەی ڤیتگنشتاینش لێرەوە ڕێچکە دەگرێ، بۆ گەیشتن بەڕاستی. ئەو ڕاستییەی گشت ترادیسیۆنی فەلسەفیی ڕۆژئاوا، ویستوویەتی بەجۆرێک لە جۆرەکان پێناسەی بکا. ئەمەش بەو مانایە دێ، ویستی فەلسەفیی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا بەجۆرێک خۆی فۆرمولێزە دەکا کە زمان دەکا بەسەکۆیێ بۆ پەیڤین لە ڕاستی. ئەو دەمەش ڤیتگنشتاین ئەرکی فەلسەفە

لەوەدا نابینێتەوە کە بریتی بێ لە خستنە ڕووی تیۆری لەمەڕ دیاردە و ڕەهەندەکانی ڕاستی، ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ ئەوە ئەرکی زانستە سروشتییەکانە ئەمە بکا، نەک فەلسەفە. بەڵام ئەوەی تایبەتە بەمەسەلەی ""ڕاستیی فەلسەفە چییە"" ئەوا ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا بەڕوونی ئەوەمان پێ دەڵێ کە ڕاستیی فەلسەفە بریتییە لەوەی کە فەلسەفە چالاکییە[٢٥]. بەڵام با بپرسین فەلسەفە چۆن چالاکییەکە؟ ئەوی لە تراکتاتۆس گەیشتوویێ دەزانێ، فەلسەفە چالاکییەکی زمانەوانییە، چونکە گشت فەلسەفە بۆ ڤیتگنشتاین لە ڕەخنەی زمان بریتی بێ[٢٦]. هەر ئەم بەچالاکیبوونەی فەلسەفە دیتنی ڤیتگنشتاین بەرەو ئەوەش دەبا، فەلسەفە لەوە دوور بخاتەوە لە بیرۆکە بریتی بێ[٢٧]. خوێنەری تراکتاتۆسیش هەمیشە دەتوانێ ئەوەی لا ئاشکرا بێ ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا ئامانجی فەلسەفە لەو تێگەیشتنەدا پوخت دەکاتەوە کە ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە بیرکردنەوەکان لۆژیکییانە ڕوونتر بکاتەوە)[٢٨] [٢٩]. ئەوەش کە بۆچی ڤیتگنشتاین بۆ ئەوە دەچوو ئێمە ناتوانین بیر لە شتی نالۆژیکی بکەینەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە ئەگەر وابێ، واتە بیر لە شتی نالۆژیکی بکەینەوە، ئەوا بیرمان نالۆژیکی دەبێ. ئەو دەمەش کە ئێمە بیرمان نالۆژیکی دەبێ پێ دەچێ لە دیتنی تراکتاتۆسەوە ئەمە بەو واتایە بێ کە ئێمە ناکارین ڕوون بیر بکەینەوە. ڕوون بیرنەکردنەوەش واتە نالۆژیکی لە بیرکردنەوە. بەڵام بۆ گرفتەکە لەوەدایە کە گشت بیر لۆژیکی نییە.

بۆ پتر نەشونمادان بەو چەند دێرەی لای سەرەوە بەپێویستی دەزانم بگەڕێمەوە سەر توێژینەوەی توێژەرەوەی سویدی بەناوی گونار سڤێنسۆن کە لە بارەی بوونی ""مێتۆد لای ڤیتگنشتاین"" ئەنجامی داوە[٣٠]. سەرەتا دەمەوێ بڵێم، ئەوی بۆ سڤێنسۆن مەسەلەیەکی نێوەندییە، بوون و نەبوونی مێتۆدە لای ڤیتگنشتاین، بەڵام شێوەی نووسینەکەی من ئەو داوایەم لێ ناکا لەسەر ئەم لایەنە ڕاوەستم، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ لێرەدا، گرنگی پێ بدەم، ئەو ڕوونکردنەوانەیە، سڤێنسۆن لەو گەشتەی بۆ ڕوونکردنەوەی بوونی مێتۆد لای ڤیتگنشتاین دەچێتەوە سەری، ئەوەش بێ سڵەمینەوە، مەسەلەی



پێناسەکردنەکانی ڤیتگنشتاینە بۆ فەلسەفە. لەم ڕووەوە سڤێنسۆن دەگەڕێتەوە بۆ پێش تراکتاتۆس، بەتایبەت بۆ پایزی ١٩١٢، بۆ ئەو دەمەی ڤیتگنشتاین لە"" کلوبی ڕەوشتی زانست"" لە کامبرج باسێک بەناوی ""فەلسەفە چییە؟""پێشکێش دەکا و لەوێ ڤیتگنشتاین فەلسەفە وەک گشت دەربڕینە (دێرە) بناغەییەکان پێناسە دەکا، ئەو دەربڕینانەی توانای ئەوەیان تێدایە ڕاست بن، بەبێ بەڵگە هێنانەوە[٣١]. بەڵام چۆن مرۆڤ ئەم جۆرە دێرانە دەکارێ بخولقێنێ ڕوون نییە و، ئەوەش ڕوون نییە ڤیتگنشتاین لەم ڕووەوە چۆن بیر دەکاتەوە. بەڵام ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا، کە پاش چەند ساڵێ تر نووسیویەتی، بەجۆرێکی تر پێناسەی فەلسەفە دەکا. فەلسەفە لە قۆناغی نووسینی تراکتاتۆسدا بریتییە لە چالاکی. ئەم چالاکییە دەرئەنجام نییە بەڵکە خودی فەلسەفەکەیە. مەبەستم ئەوەیە کردەی فەلسەفی لە تراکتاتۆسدا خۆی وەک کردەیەکی لە چالاکی دەردەخا. بەڵام مرۆڤ دەبێ لەم حاڵەتەدا بزانێ تێگەیشتنی ڤیتگنشتاین بۆ واتای چالاکی چییە؟ ئەوەندەی من لەم فەیلەسوفە حاڵی بوومە چالاکی کردەیەکی زمانەوانی و ڕەخنەییە. گشت کردەیەکیش کە بەرهەمی ئەو پرۆسێسە بێ ئەوا، فەلسەفەیە. بەپێی ئەم بیرۆکەیە بێ، ئەو دەمە شتێک فەلسەفی دەبێ کە شێوە فۆرمێکی ڕەخنەیی- زمانەوانی وەردەگرێ. من ئەم ڕوونکردنەوەیەی خۆمم پێ پەسند نییە کە کردەی فەلسەفی لەو جۆرە پرۆسێسە تایبەتە و بەتێگەیشتنی خۆشمی نازانم و بەڵکە لەمیانەی ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنی ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفە هەڵم هێنجاوە. واتە من ئەو شتە دەڵێم کە ڤیتگنشتاین دەشێ بیری لێ کردبێتەوە، نەک ئەوەی خۆم چۆن دەروانمە فەلسەفەکردن. بۆ ئەوەی تێگەیشتنی خۆم بخەمە بەرچاوی خوێنەر و ناکۆکیی خۆشم لەو ڕووەوە لەتەک ڤیتگنشتایندا یەکلا بکەمەوە، دەڵێم: کردەیەکی فەلسەفە یان فەلسەفەکردن ناکرێ بەتاکە پرۆسێسکەوە ببەسترێتەوە. واتە کردەی فەلسەفەکردن جگە لەوەی کردەی زمانەوانییە، بەڵام ئەم کردەیە لەوە بەدوورە لە دەرەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەنووکەییەکاندا بتوانێ بەردەوام بێ. چونکە ئەو کێشانە قسە لەسەر چرکە

بووناوییەکانی مرۆڤ دەکەن. من لە ڕێگەی ئەم پێناسە کورتەوە، ڕێگە لە جۆرە تێگەیشتنێکی ڕێژەگەرانە ناکەمەوە. چونکە ئەمڕۆ تێگەیشتنێکی ناکۆک لە بارەی ئەم لایەنە (واتە تێگەیشتنی ڕێژەگەرانەی فەلسەفی) لە ئارادایە و، ئەمەو بەتایبەت من پێم وایە ڕێژەگەری لە تەماشاکردنی بۆ فەلسەفە ناشێ هەر هەمووی ئەوی دەیلێ بەڕاست بزانرێ. نەخێر من نە بەمجۆرە بیر دەکەوە و نەش پێم وایە تێگەیشتنی ڕێژەگەری سەرلەبەر چارەسەرێکی فەلسەفییە، بەتایبەت ئەو دەمەی باگراوندێکی هیچگەرا ئەو تێگەیشتنە پیادە دەکا. ئەمە سەبارەت بەڕێژەگەری لە تەماشاکردن، بەڵام بۆ زێدە ڕوونکردنەوەی ئەوی ماوەیەک پێش ئێستا وتم، ئەوە دەڵێم: ئەو چالاکییەی ڤیتگنشتاین باسی لێوە دەکا، وا هەست دەکەم، بریتییە لە ڕەخنەی زمان کە ئاکامی ئەوە دەربڕینی فەلسەفی نییە بەڵکو ڕوونکردنەوەی دەربڕینەکەیە. ئا ئەمە سەرەکیترین مەسەلەی ڤیتگنشتاینە سەبارەت بەفەلسەفە و فەلسەفاندن. بۆیە وا دەڵێم چونکە ڤیتگنشتاین دەربڕینە فەلسەفییەکان بەمەسەلەی بنەڕەتی لە ژیانی فەلسەفە دادەنێ. دەربڕینی فەلسەفە کە مانایەکی زمانەوانیی لای ڤیتگنشتاین هەیە ئەو شتەیە، پێم وا بێ، کە کێشە فەلسەفییەکانی تێدا دادەڕێژرێ. بەڵام با ئەوەش بڵێم، بۆ ڤیتگنشتاین ئاکامی گشت ڕەخنەیەکی زمانەوانی نابێ تەنیا لە دەربڕینەکان بریتی بکرێ بەڵکو لەوەش کە چۆن ئەو دەربڕینانە ڕوون بکرێنەوە. من ئەم لایەنە لە ڕووی فەلسەفییەوە تا بڵێی پەسند دەکەم بەڵام موخابن لە تراکتاتۆسدا ئەم لایەنە زۆر بەرتەسک و عاسییانە خۆی دەردەخا. ڕاستە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا گەلێ جەخت لەوە دەکا کە ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە بیر ڕوونکراوانە خۆی دەرخا[٣٢] یان بەڕوونی بیر بخاتە ڕوو، بەڵام ئەفسووس ئەمە لە تراکتاتۆسدا بەناڕوونی کراوە، ئەگەر نەڵێم گشت تراکتاتۆس لە ناڕوونیدا چەقیوە.

بەخۆی نەک بۆ من، بەڵکە بۆ زۆربەی ئەوانەش تراکتاتۆسیان شی کردووەتەوە، ئەوە ئاشکرا نەبووە، چۆن ئەم چالاکییە و ئەمجار ئەم ڕوونییەی کە تراکتاتۆس لێی دەدوێ، دەشێ ئەنجام بدرێ. لەبەرئەوەی ڤیتگنشتاین ئەو



وەختەی باس لە ڕوونیی دەربڕینە فەلسەفییەکان دەکا، خۆی دەخاتە پارادۆکسەوە، بۆیە بۆ من ئەوە شتێکی براوەیە کە دەربڕینەکان لە تراکتاتۆسدا نە ئەوەندە ڕوونن و نەش بێلایەن. ئەمەش تەنێ لەبەرئەو هۆیەی ڤیتگنشتاین لە گەلێک شوێن لە تراکتاتۆسدا ناڕوونی لە تێگەیشتنیدا دەچۆڕێ. بۆیە هەروەک زۆربەی شیکەرەوەکانی تراکتاتۆس وای بۆ دەچم ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفە و فەلسەفەکردن لە تراکتاتۆس ناڕوون و گیرە دەستەمۆکردنی. لەم ڕووەشەوە جارێکی تر دەگەڕێمەوە لای گونار سڤێنسۆن، کە بەزۆری لە ""توێژینەوە فەلسەفییەکان""ی ڤیتگنشتایندا پسپۆڕە تا تراکتاتۆس. بەبۆچوونی ئەم توێژەرەوەیە دەربڕینە فەلسەفییەکان بۆ ڤیتگنشتاین سەرەکین. منیش پێم وایە ئەمە بەمجۆرەیە بەڵام ئایا بەتێگەیشتن لە بۆچوونی ڤیتگنشتاین بۆ ""دەربڕینە فەلسەفییەکان"" دەکرێ لە ئامانجی فەلسەفەکردنی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس بگەین؟ وا هەست دەکەم ئەمە دوور نییە هاتنەدی. بەڵام ئەوی بیەوێ ئەمە بکا دەبێ بزانێ چی لە مەغزی فەلسەفی ڤیتگنشتاین بە دەربڕینی فەلسەفی لە قەڵەم دەدرێ و چیش نادرێ. ئەوەی دەمەوێ لێرەڕا بچمەوە سەری ئەو سێرکردنەیە سڤێنسۆن لە توێژینەوەکەی پشتی پێ دەبەستێ. چونکە سڤێنسۆن باس لەوە دەکا کە نووسەرێ بەنێوی هیلمی لە کتێبێکدا بەناوی ""ڤیتگنشتاینی دواتر"" پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ڤیتگنشتاین لە کارەکانی دواتری، واتە پاش تراکتاتۆس، واز لەوە دێنێ فەلسەفە تەنیا لە دەربڕینی فەلسەفی بریتی بکرێ بەڵکو لەبری ئەوە بایەخ بەمێتۆد دەدا[٣٣]. ئەم کێشەیەی هیلمی باسی لێوە دەکا، بەوە دەچێ بۆ سڤێنسۆن مانادار بێ، بەڵام حەیف بۆ من ئەو گرنگییەی لەم نووسینەدا نییە، چونکە من وەک سڤێنسۆن بەدووی ئەوەدا، عەوداڵ نیم مێتۆد لای ڤیتگنشتاین بدۆزمەوە. بەکورتی مەبەستی من ئەوە نییە لەوە پشکنین بکەم ئایا شتێک هەیە پێ بڵێین مێتۆدی فەلسەفی لای ڤیتگنشتاین، جا ئەوە لە تراکتاتۆس بێ یان لە کارەکانی پاشتر، بەڵکە مەبەستی نێوەندیی من ئەوەیە باس لە لایەک لەوە بکەم، چۆن تێگەیشتنی فەلسەفیی ڤیتگنشتاین فەلسەفەکردنی ناسادە و دژوار کرد و لە لایەکی تریش ئەوەی کە چۆن بیرە عاسی و نایەکانگیرەکانی ئەم

بیرمەندە، فەلسەفەی لە سێرکردنی کۆتاییانەوە نزیک کردەوە.

بۆ ئەوەی زێتر خوێنەری ئەم نووسینە بەتەماشاکردنی سڤێنسۆن لە بارەی واتای فەلسەفە لای ڤیتگنشتاین ئاشنا بکەم بەپێویستی دەزانم بچمە سەر ئەم لایەنە: فەلسەفە لای ڤیتگنشتاین بریتییە لە چالاکی. بەبۆچوونی سڤێنسۆن ئەوەی کە فەلسەفە چالاکییە، ئەم چالاکییە فۆرمێکە لە ڕەخنەی زمان، بەڵام ڕۆڵی مێتۆد لەم بەینەدا چییە؟ بۆ سڤێنسۆن مێتۆد بەمجۆرە مێتۆدێکە بۆ کارکردن لەسەر ڕەخنەی زمان. بەڵام بۆ دەبێ ڕەخنەی زمان کاری لەسەر بکرێ؟ یان بەگشتی بەکاربردنی مێتۆد بەرەو چیمان دەبا؟ ئەم پرسیارە بۆ سڤێنسۆن، پێم وا بێ، ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن لەوەی ڤیتگنشتاین چۆن چۆنی مێتۆدی بەکار بردووە. من وا هەست دەکەم سڤێنسۆن دەیەوێ زەمینە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو پێشەکییە خۆش بکا ڤیتگنشتاین بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە. ئەم گەڕانەوەیە مەبەست تێیدا ئەوەشە ئامانجی فەلسەفە وەک ئەوەی ڤیتگنشتاین لێی دەگا بخرێتە بەرباس. وای بۆ دەچم نەک هەر سڤێنسۆن، بەڵکە گشت ئەوانەش ئەو پێشەکییەی ڤیتگنشتاینیان خوێندووەتەوە دەرکیان بەوە کردووە کە ڤیتگنشتاین بێ هیچ پێچ و پەنایەک ئامانجی خۆی لەو دیتنەدا بەرجەستە دەکا کە تراکتاتۆس لەسەر ئەو بناغەیە نووسراوە کە گوایە کار لەسەر کێشە فەلسەفییەکان بکا، ئەو کێشانەی بەجۆرێ فۆرمولیزە کراون کە لەسەر بە هەڵەتێگەیشتنی لۆژیکیی زمانمان خۆیان ڕاگرتووە. بەڵام ڤیتگنشتاین، پاش ئەم پێشەکییە و لە کارەکانی دواتری بەقەولی سڤێنسۆن، بەجۆرێکی جیاتر ڕەفتار دەکا، یان با بڵێین فەلسەفە دەکا. بۆ سڤێنسۆنیش ئەوە نیشانەیە لەسەر سەرهەڵدانی مێتۆد لای ڤیتگنشتاین. بەڵام سڤێنسۆن بۆ ئەوەی ئەمە بکا دەچێتە سەر "" توێژینەوە فەلسەفییەکان""، بەڵام لەبەرئەوەی من لەو ڕووەوە باس لە ڤیتگنشتاین ناکەم بەپێویستی نازانم بچمە سەر ""توێژینەوە فەلسەفییەکان "". نەک هەر ئەمە بەڵکە باسکردن بەو جۆرە لە ڤیتگنشتاین دەمباتەوە سەر جۆرە بەراوردکارییەک لە نێوان ڤیتگنشتاینی ناو تراکتاتۆس و ڤیتگنشتاینی پاش تراکتاتۆس کە تا ڕادەی و لە چوارچێوەی



باسەکەدا لەم لایەنە قووڵ بوومەتەوە و نامەوێ پتر بێمەوە سەری.

بەڵام سەبارەت بەو خاڵەی کە گوایە فەلسەفەکردن لای ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس هەمیشە خۆی لە دەوروبەری کێشە فەلسەفییەکاندا چەقی بەستووە، دەمەوێ ئەوە وەبیر بێنەوە کە چۆنیەتیی فۆرمولێرەکردنی کێشەکان بۆ تراکتاتۆس زۆر مانای هەبووە. چونکە تراکتاتۆس گرنگیێ بێ تخووبی بەفۆرمی گوزارەکان (دەربڕینەکان) داوە. فۆرمی گوزارەکان کە کاریگەریی بەسەر ماناشەوە هەیە، نهێنییەکەیان لە داڕشتنی زمانەوانییاندایە. ئەمانە وەکی تر ئاماژەن لەسەر ئەوەی دەربڕینی زمانەوانی دواتر دەبێ بەهەناوی ئەوی ڤیتگنشتاین پاش تراکتاتۆس لێی دێتە گۆ. جا ئەوەی تراکتاتۆس لە بارەی کێشە فەلسەفییەکانەوە دەیەوێ دووبارەی نەکاتەوە جۆری کارکردنی فەلسەفییانەی بیریارانی کلاسیکە. بۆیەشە بۆ من ئەوی زۆر شایانی تێڕامانە لەو توێژینەوەیەی سڤێنسۆن ئەوەیە کە ناوبراو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە مەرامی فەلسەفەکردن لای ڤیتگنشتاین لە مەرامی فەیلەسوفانی کلاسیکەوە دوورە. واتە مەرامی فەلسەفیی ڤیتگنشتاین نە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە میتافیزیکییە، ئۆنتۆلۆژییە (بووناوییە)، ئێپستمۆلۆژییە (تیۆریزانینە)، ئیتیکییە (ڕەوشتییە)، ئێستاتیکییەکانە (جوانکاری) و نەش بۆ سێمانتیکییە (نیشانەناسییە)کان، تەنانەت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە ئێگزیستێنسیالیستییەکانیش (وجوودییەکانیش) نییە لەمەڕ مرۆڤ و دۆزی بیری مرۆیی. بەواتایەکی تر لەوی دەربڕا، دەمەوێ تێگەیشتنی ئەم توێژەرەوە سویدییە لەوەدا پوخت بکەمەوە کە ناوبراو بۆ ئەوە دەچێ مەرامی فەلسەفیی ڤیتگنشتاین نێگەتیڤانەیە. بەڵام با بزانین چۆن مەرامێک نێگەتیڤییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەچمەوە لای هەر ئەم توێژەرەوە سویدییە کە بەگەڕانەوەی بۆ هەندێک نووسینی ڤیتگنشتاین لە ساڵی ١٩٤١ ئاماژە بەوە دەکا ڤیتگنشتاین بۆ ئەوە دەچوو کە مەرامی کۆششی گشت بیرمەندێک بۆ ئەوە بووە فەلسەفەکردن دەبێ لە پێناو ئازادبوون بێ لە بیر[٣٤]. بەڵام ئەوی ئەو تێگەیشتنەی ڤیتگنشتاینی بیربێ کە بەڕاسیلی وتووە (لۆژیک""فەلسەفە"" دۆزەخە)[٣٥] بەوردی لەوە دەگا ڤیتگنشتاین هەمیشە مەرامیتر لە گەرووی

فەلسەفیدا پەنهان بووە.

سەبارەت بەو خاڵەی، لای سەرەوەش واتە ئەوەی دەربڕینەکان دەبێ ڕوون بن، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا دژی ئەوەیە، فەلسەفە تەنیا لە وتن بریتی بکرێ. سەبارەت بەم لایەنە تا بڵێی من لەتەک ڤیتگنشتایندا کۆکم، چونکە بۆ ڤیتگنشتاین تەنێ وتن ئامانج نییە بەڵکو وتن دەبێ وتراوئامێز بێ. واتە وتن لە ناخیدا مەرجە وتنێکی وتنئامێزی تێدا بەدی بکرێ. یان وتنئامێزی لە وتندا بوونی هەبێ. بەڵام بۆ ڤیتگنشتاین ئەوەش گرینگە وتنەکان، وتنە فەلسەفییەکان، ڕوون بکرێنەوە و ڕوونئامێز بن. بۆیە بۆ ڤیتگشتاین ئەوە ئەرکی فەلسەفەیە کە بیرەکان ئامادە بکا و سنووریشیان بۆ دانێ[٣٦]. واتە مەرجە بۆ ئەم بیریارە ئەوی دەوترێ، ئەو شتە فەلسەفییانەی دەوترێن، ڕوون و ئاشکرا بن. چونکە وتنی ناڕوون و نائاشکرا، بێ مانا و نافەلسەفییە. دیارە و زۆریش ڕوونە کە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا سنوور بۆ بیرکردنەوە دەکێشێ، ئەم سنوورەش بێ یەک و دوو لەبەرئەوە دەکێشرێ تا بزانرێ ئەوە چییە دوترێ یان چی دەشێ بوترێ. ئەمەو ئەوەش بیر دەخەمەوە کە مرۆڤ کە تراکتاتۆس دەخوێنێتەوە، بەئاشکرا دەرک بەوە دەکا کە چوونە ناخی وتن و پشکنین لەم وتنە بەردی بناغەی گەلێ لە هزرینە فەلسەفییەکانی ڤیتگنشتاینە. واتە دیقەتکاری لە وتن کە پاڵنەری گەلێ لە ڕستە فەلسەفییەکانی ڤیتگنشتاینە ڕچەشکاندێ فەلسەفیشی تێدابەدی دەکرێ. هەر بۆ نموونە دەشێ ئەوە یادبخەینەوە کە ڤیتگنشتاین لەگەڵ ئەوەدا نییە گشت شتێ بوترێ بۆیە لە دوا پەڕەگرافی تراکتاتۆسدا (واتە: ئەوی مرۆڤ ناتوانێ قسەی لەسەر بکا، لەو بارەیەوە پێویستە بێدەنگ بێ) وتنێک پێک دێنێ کە تاکە دێرێکە کە بەهۆیەوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە وتن ون دەبێ ئەو وەختەی ئێمە ناتوانین قسە لەسەر شتێک بکەین. بەبۆچوونی من ئەم دێرە، ئەم وتنە، کە لای سەرەوە دەستم بۆ ڕاکێشا لە لایەک سەرجەم فەلسەفەی تراکتاتۆس لەخۆدا چڕ دەکاتەوە و لە لای دیش سنوورێ بۆ کردەی فەلسەفەکردن دادەنێ. ئەو سنوورەش بێ ڕارای دەڵێم ئەو ویستە فەلسەفییە بووە کە لە ڤیتگنشتایندا



ئامادە بووە و ویستراوە نیشان بدرێ. چونکە ڤیتگنشتاین لە ڕێگەی ئەم وتنەوە (واتە: ئەوی مرۆڤ ناتوانێ قسەی لەسەر بکا، لەو بارەیەوە پێویستە بێدەنگ بێ) ئەوەمان پێ دەڵێ کە وتنی فەلسەفی لەخۆڕا بەرهەم نایە و کردەی بێدەنگیش بێ بەها نییە. گەر وتن لە ئارادا نەبوو، ئەوە بێدەنگی شوێنی وتن دەگرێتەوە بەڵام بێدەنگی ئەو دەمە لە دایک دەبێ کە مرۆڤ شتێ ئەوتۆی نەبێ لەو بارەیەوە بیڵێ. واتە گەر وتن پێویستی نەکرد ئەوا نەوتن سەر هەڵدەدا و بەمجۆرە بێدەنگی شوێنی قسەکردن دەگرێتەوە. هەر ئەم تێگەیشتنەی ڤیتگنشتاین وا لە خوێنەری تراکتاتۆس دەکا خەیاڵی بۆ ئەوەش بچێ کە وتن دەبێ وتنێکی بەبناغە بێ. واتە وتن ئەو دەمە وتنە کە لەسەر بناغەیەک داڕێژرا بێ. ئەگەر واش نەبێ، ئەوا وتن لە شتێکی هەڕەمەکی و بێ مانا زیتر شتێ ئەوتۆ نییە. بەمجۆرە ئەو دەمەی وتن هەیە، مانا هەیە کاتێک وتنیش ناکارێ هیچمان پێ بڵێ، ئەوە بێدەنگی باڵ دەکێشێ بەسەر وتندا. بۆیە ئەو دەمەی دەدوێین دەبێ پێویستییەک بۆ وتن لە ئارادا بێ.

ئەوەی سەبارەت بەو لایەنە دەکرێ ئاماژەی پێ بدرێ کە لای سەرەوە خرایە بەر باس ئەوەیە کە تراکتاتۆس هەر لە سەرەتاوە دەیەوێ ڕێگە لە بەردەم فەلسەفەکردن بگۆڕێ ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تراکتاتۆس زۆر جەخت لەوە دەکا چی دەشێ بوترێ و چی ناشێ بوترێ. واتە تراکتاتۆس دەیەوێ وتنی فەلسەفی سنووردار بکا و فەلسەفە بەجۆرێک بێتە وتن کە نەکرێ لە هەموو بارەیەکەوە بدوێ. من کە لەگەڵ گەلێ لە دیمەن و دیتنە فەلسەفییەکانی تراکتاتۆسدا هاوڕا نیم، بەڵام دەکارم بۆ ئەوە بچم، ئەم جۆرە کارکردنە لەسەر وتن پاش تراکتاتۆس و بەتایبەت لە نێو بیرمەندانی کامبرج و ئۆکسفۆرد تا بڵێی ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە، هیچ نەبێ لە بواری تیۆریی مانادا.

سەبارەت بەو پرسیارەش کە لای سەرەوە تۆزێک لەمەوبەر خستمە ڕوو، (واتە ئەو کێشە فەلسەفییەی لە تراکتاتۆسدا ئامادەیە چییە؟) ئەوا لەو بارەیەوە دەمەوێ بڵێم: بۆچوون بۆ کێشەی فەلسەفی لە تراکتاتۆسدا بێ مانایە. چونکە ڤیتگنشتاین پێی وایە ئەو وتنە، دەربڕینە، فەلسەفییانەی لەمەڕ شتی فەلسەفی

وتراون، نووسراون، هەڵە نین بەڵکو بێ مانان[٣٧][٣٨]. بەڵام ئەمە هەموو سێرکردنەکەی ڤیتگنشتاین نییە، چونکە تێگەیشتنی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس لە بارەی فەلسەفەوە تا بڵێی ئاڵۆز و ناکۆکیدارە. ئەمەش سەرەتا بەو تێگەیشتنە دەست پێ دەکا کە زۆربەی پرسیار و وتنە فەلسەفییەکان بێ مانان[٣٩]. بۆ زێتر ڕوونبوونەوەی ئەوی وترا دەمەوێ ئەوەش بیر بخەمەوە کە لە بنەڕەتدا بۆچوونی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس لەسەر جیاکردنەوەیەک توندی نێوان فەلسەفە و زانستی ئیمپیری بنیات نراوە. کەواتە هەچ وتنێک سەر بەزانستی ئیمپیری بێ، پێوەندیی بەفەلسەفەوە نییە، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. بەڵام فەلسەفە لەوە بەدوور ناگرێ ڕێزمانێکی لۆژیکیی نەبێ[٤٠]. ئەم بۆچوونانەش، بێ ئەملاو و ئەولا، دێباتێکی یەکجار زۆری لە بارەوە لە ئارادایە و بەشێ زۆریش لەو دێباتانە پشتیوانییەکی بێ تخووبی ئەو لایەنانە دەکەن کە ڕێگە لە بەردەم فەلسەفەیەکی زمانەوانی خۆش دەکەن. لەم ڕووەشەوە زێدەڕۆیی ناکەم گەر بڵێم ئەو فەلسەفە زمانەوانییەی لە پاش ئەم تێندێنسانەوە ڕسکاوە چارەنووسی کردەی فەلسەفی لە گەلێ لەو دانیشگایانەی خۆیان لەسەر زانینی ئیمپری بنیات دەنێن گۆڕیوە. بەتایبەت پاش نزیککبوونەی تراکتاتۆس لە فەلسەفەی زمان.

بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگەی دووەم گفتوگۆ بکەم، دەمەوێ لەوێوە دەست پێ بکەم کە زۆربەی ئەوانەی وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە کە ئامانجی ڤیتگنشتاین لە فەلسەفەکردن لە تراکتاتۆس چییە لەسەر ئەوە کۆکن کە فەلسەفە بۆ ڤیتگنشتاین بریتییە لە ڕەخنەی زمان. بەڵام ئامانج لەم ڕەخنەی زمانە چییە؟ ئەوی بەوردی تراکتاتۆس بخوێنێتەوە لەوە دەگا ئامانج لەم ڕەخنەی زمانە چارەسەرکردنی کێشە فەلسەفییە ئەبستراکتەکانە. ئەڵبەتە لە ڕێگەی ئەم جۆرە ڕەخنەیەوە ڤیتگنشتاین هەوڵ دەدا سیستمێک بەکار بەرێ کە شیاویی ئەوەی تێدابنیات بنرێ ویستەکانمان بەجۆرێ بەکار بەرین کە بکارین کێشەکانمان ڕوون بکەینەوە. بۆیە لەم ڕووەوە بەپێویستی دەزانم سەرەتا تۆزێ لەسەر خودی ویستی فەلسەفیی تراکتاتۆس ڕاوەستم و پاش ئەوەش بێمە سەر ئەو لایەنەی



پێوەندیی بەجۆراوجۆری لە ڕوانین هەیە سەبارەت بەتراکتاتۆس

گەر لە بناغەدا ئەم کتێبەی ڤیتگنشتاین هەوڵێک بووبێ بۆ پووچکردنی فەلسەفە، هەروەک وێدبێریش پێی لەسەر دادەگرێ، وا هەست دەکەم ئەم هەوڵە دواتر بەدروستکردنی فەلسەفەیەکی تر کۆتایی دێ. واتە لە ڕێگەی ئامانجی کۆتاییهێنان بەفەلسەفە، ڤیتگنشتاین فەلسەفە بەرهەم دێنێتەوە. بەڵام ئەو فەلسەفەیەی ئەم بیریارە بەرهەمی دێنێتەوە، لە ویستی خۆیەوە نزیکە. ئەم ویستەش کە ڕووناکبیرییەکی زمانەوانی باڵی بەسەردا کێشاوە، دواتر ڕۆحی ئەو بەرهەمە کورت و چڕ و پوختەش دروست دەکا کە بەناوی تراکتاتۆسەوە دێتە دنیا. ئەڵبەتە لێرە مەرجە دەست بۆ ئەو خاڵەش ڕاکێشرێ کە تراکتاتۆس بەشێوازی خۆی فەلسەفە دێنێتە دنیا یان تراکتاتۆس بەپێی تەماشاکردنێکی بنیاتنراو لەسەر ڕەخنەی زمان فەلسەفە قوت دەکاتەوە ئەمەش دەکا پاش ئەوەی پێشتر ئەوی پێی دەڵێن فەلسەفەی کلاسیک ڕەت دەکاتەوە بەڵام بەو جۆرەی خۆی دەیەوێ ئەو ڕەتکردنەوەیە وێنە دەکا. واتە ئەو دەمەی فەلسەفە لە تراکتاتۆسدا ڕەت دەکرێتەوە کۆششێک بەهێمنی و لە نهێنیدا لە ئارادایە بۆ سەرلەنوێ قوتکردنەوەی فەلسەفە و ئەم فەلسەفەیەش خۆی وەک فەلسەفەیەکی زمانەوانی نیشان دەدا یان نزیکتر لە تراکتاتۆس بدوێم دەڵێم، فەلسەفە بەهۆی تراکتاتۆسەوە دەبێ بەڕەخنەی زمان. لە ڕێگەی ئەمەوە تراکتاتۆس دەیەوێ چارەسەری بنەبڕانە بۆ کێشە فەلسەفییەکان بدۆزێتەوە، ئەو کێشانەش ڤیتگنشتاین دەیەوێ لە تراکتاتۆسدا چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ناوی کێشە فەندەمێنتاڵەکانی لێ دەنێ[٤١].

ڕاستە گەلێک لەوانەی توێژینەوەیان لە بارەی تراکتاتۆسەوە ئەنجام داوە، جەخت لە گرنگی پێدانی ئەم کارە فەلسەفییە بەزمان دەکەن. ڕاستە ڤیتگنشتاین لە کارەکانی دواترشیدا بایەخی بەزمان داوە، بەڵام نەک بەو ماهیەتە، چونکە ماهیەتی زمان لە بەرهەمەکانی پاش تراکتاتۆس تەنیا لەمیانەی بەکاربردنەوە دەردەکەوێ[٤٢]. بەڵام ڕەخنەی سەرەکیی وێدبێریی لەم ڕووەوە لە ڤیتگنشتاین، کە بۆ من گەلێک پەسند کراوە، ئەوەیە کە گوایە

ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا زمان لەتەک میتافیزیکەوە دادەنێ، ئەڵبەتە لێرەدا وێدبێری مەبەستی لە میتافیزیک ئەو میتافیزیکەیە تراکتاتۆس هەوڵی تووڕهەڵدانی دەدا[٤٣]. ئەم لایەنە بۆ من، بەو جۆرە نییە چونکە ئەوەی من لێی گەیشتووم، ئەوەیە کە میتافیزیک ئامانجی نووسینەکەی ڤیتگنشتاین نییە. بەڵکو ئەوی ئامانجیەتی لۆژیکە کە دژە جەمسەری میتافیزیکە. ئەم لۆژیکە کە لۆژیکی زمانە، یان ستروکتۆری لۆژیکی زمانە، جەمسەری بنەڕەتی تراکتاتۆسیشە. هۆی ئەوەی من بەو جۆرە دەدوێم دەتوانم لە ڕێگەی دەربڕینێکی تراکتاتۆسەوە بەڵگەداری بکەم. بەڵگەدارکردنەکە بەم شێوەیەیە: تراکتاتۆس پێی وایە ئەوی وتنی (دەربڕینی) میتافیزیکی بەرهەم دێنێ هیچی نەوتوە[٤٤].

بۆ پتر شیکردنەوەی ئەو چەند تێگەیشتنەی لای سەرەوە دەمەوێ بگەڕێمەوە لای تراکتاتۆسناسێکی فینلاندی- سویدی بەناوی جۆرج هنریک ڤۆن ڕایت کە سالآنێک لە کامبرج قوتابی و هاوڕێی ڤیتگنشتاین بووە. بەپێی دیتنی ئەم تراکتاتۆسناسە، بۆچوونی ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفە، هەروەها بۆچوونیشی بۆ زانستە سروشتییەکان، ماتماتیک، لۆژیک، ئیتیک و ئاین، لە ڕیزی ئەو بۆچوونانەیەتی کە لە بارەی ماهیەتی زمانەوە هەیبووە[٤٥]. ئەمەش بەجۆرێکی تر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەرامی تراکتاتۆس لە فەلسەفەکردن بۆ ئەوە بووە کە فەلسەفە بەزمانەوانی بکرێ. ئەو دوو سێرکردنەش، ئەوی وێدبێری و ئەوی ڤۆن ڕایت، وا لە من دەکەن بڵێم: تێگەیشتنی ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفە بەگشتی بە بۆچوونییەوە بۆ جەوهەری زمان وابەستەیە و ئەمەش تا ڕادەیەک تا کاتی مەرگی پێوەی گرێدراو بووە. کێشەی فەلسەفیش کە هەر لەم ڕووەوە شی دەکاتەوە لەو دۆزەدا دەیبینێتەوە کە زۆربەی پرسیارە فەلسەفییەکان بێ مانان، نەک هەڵەن[٤٦]. بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، بەقەولی خۆی، کە بێین و وەلآمی ئەو پرسیارانە بدەینەوە بەقەدئەوەی گرینگە لەبری ئەوە بێ مانایی ئەو پرسیارانە ڕوو بخەین[٤٧]. بەلآم گەر نەختێک نزیکتر لە خودی تراکتاتۆسەوە، نەک تراکتاتۆسناسەکانەوە، قسە بکەم ئەوا دەمەوێ لەسەرەخۆ خوێنەر



بگەڕێنمەوە سەر ئەو گۆیانەی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا لە بارەی فەلسەفەوە وتوونی، کە کەم تا زۆر بیرۆکەی کۆتاییهێنان بەفەلسەفەی تێدا بەدی دەکرێ، بەلآم لە هەمان کاتیشدا بەشێنەیی ڤیتگنشتاین کار بۆ هێنانەوە دنیای فەلسەفەیەکی تریش دەکا، بەلآم ئەمەیان بەو جۆرە دەکا، خۆی دەیەوێ. لە پەڕەگرافی ٤دا ڤیتگنشتاین بەمجۆرە دێتە گۆ:

> زۆربەی ئەو وتن و پرسیارانەی لەسەر شتی فەلسەفی وتراون، هەڵە نین، بەڵکو بێ مانان (نۆنسێنسن). بۆیە هەچ پرسیارێک لەم ڕووەوە بکرێ، دەشێ فەرامۆش بکرێ و وەلآم نەدرێتەوە، چونکە بێ مانان. زۆربەی پرسیار و وتنی فەیلەسوفەکان لەسەر ئەوە وەستاوە کە ئێمە لە لۆژیکی زمانی خۆمان ناگەین. گشت فەلسەفە بریتییە لە ڕەخنەی زمان. ئەمەش لەمەوبەر ڕاسێل ڕوونی کردووەتەوە کە فۆرمی لۆژیکی وتن، پێویستی بەوە نییە ببێ بەڕاستی بۆ ئەم فۆرمە.

پێش ئەوەی لەسەر ئەو نەختە ڕوانینەی لای سەرەوەی ڤیتگنشتاین ڕاوەستم دەمەوێ، ئاماژە بەشتێک بدەم کە لێرە باسکردنی مانای خۆی هەیە. ئەو شتەش ئەوەیە، من دەرکم بەوە کردووە مرۆڤ ئەو وەختەی تێکستەکانی ڤیتگنشتاین دەخوێنێتەوە لە ئاکامی ئەو هەموو پرسیار و هاوشێوەیی و وازیانەی لە دوو توێی تێکستەکانیدا ڕێ بەدی دەکا، زۆر ئاساییە هەست بەسەر لێ تێکچوونێک بکا و، ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکی وەک ئەمانەش ببێتەوە: ئەوی مەبەستە چییە؟ (واتە ئەوی ڤیتگنشتاین لە تێکستی تراکتاتۆسدا بەردەست خوێنەری دەخا)، ئارگومێنتەکان لە کوێدان؟ چ باسە بەتەواوەتی؟[٤٨]. بەلآم ئەو سەر لێ تێکچوونەی خوێنەر لە خوێندنەوەی تێکستەکانی ڤیتگنشتاین ڕووبەڕووی دەبێتەوە، گونار سڤێنسۆن بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە کە ئەوە ڕەنگدانەوەی شێوازی نووسینی ڤیتگنشتاین خۆیەتی[٤٩]. بەلآم پێ دەچێ ئەو شێوازەی ڤیتگنشتاین لە نووسین یان لە فەلسەفەکردن گرتوویەتییە بەر بەئاگاییەوە کرابێ. بەمەش پێم وانییە کەس

لەوانەی کارێ لە کارەکانی ڤیتگنشتاینی خوێندبێتەوە لاریی لەمە هەبێ کە من دەیڵێم.

بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەکانیشم دیمەن گومڕا و ناچوست نەیەتە دەست، ئێستا دەگەڕێمەوە سەر ئەو چەند وتنەی لای سەرەوەی ڤیتگنشتاین. بۆ ئەو مەبەستەش لەوێوە وەسەرەتا دێم، گەر مرۆڤ بەوردی بڕوانێتە دیتنی ڤیتگنشتاین سەبارەت بەفەلسەفە لە تراکتاتۆسدا ئەوەی لا ڕوون دەبێ کە ڤیتگنشتاین ڕاستەوخۆ و کراوە، واتە بەڕوونی، باس لە تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ فەلسەفە، فەلسەفەکردن ناکا. بەڵام تەماشاکردنی خۆشی ناشارێتەوە. بەبۆچوونی من ئەوەی ڤیتگنشتاین بۆچوونی خۆی ناشارێتەوە ئەمە شتێکی جیایە و ئەوەش کە ناوبراو بەڕوونی و بەزمانێکی لە ئاخافتنێکی والا باس لە مەسەلەکان ناکا شتێکی تەواو جیایە. چونکە ئەوەی من تێبینیم کردووە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس زۆر پەرتانە و بەجۆرێکی زێدە پەرش و بڵاو، باس لە فەلسەفە و فەیلەسوف دەکا کە بەباوەڕی من دەبایە زۆر یەکانگیر و بەرینانە لەو ڕووەوە قسەی کردبا. هۆی ئەم جەختکردنەی من لەم لایەنە بەمجۆرە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مادامەکی ڤیتگنشتاین دەیەوێ ئەو کێشانەی فەلسەفەی کلاسیک کاری لەسەر کردووە ڕەت بکاتەوە و هەروەها ئەوەش ڕوون بکاتەوە، کە فەلسەفەکردن بەو جۆرە نابێ کە فەیلەسوفانی کلاسیک پێوەی سەرقاڵ بوونە، دەبایە ڤیتگنشتاین بەخۆی شیکردنەوەکانی هەم هەمئاهەنگ و یەکانگیر بایە و هەمیش ڕوونتر. چونکە من وای بۆ دەچم مرۆڤ کە شتێکی هەڵدەوەشێنێتەوە، دەبێ لەبریدا شتێکی تر دروست بکاتەوە یان بەلانی کەمەوە دەستپێشکەری دروستکرنەوەی شتێکی تر بکا. من نامەوێ بڵێم ڤیتگنشتاین لەم ڕووەوە هیچی نەکردووە، بەڵکو دەمەوێ پێ لەسەر ئەوە دابگرم، کە ڤیتگنشتاین دەبایە لە تراکتاتۆسدا بەڕوونی (نەک بەناڕوونی) و یەکانگیرانە (نەک پەرتانە) و تێروتەسەلانە (نەک پچڕ پچڕانە) واتای فەلسەفە و کردەی فەلسەفەکردن و تەنانەت ئەرکی فەیلەسوفیشی ڕوون کردبایەتەوە. بەڵام ئەفسووس ئەمە نەکراوە. هۆی ئەوەش ڕەنگە بیگەڕێنمەوە بۆ هەندێ شت



لەوانە: ئاشکرایە فەلسەفە لای ڤیتگنشتاین لە گەروویەکی لۆژیکییەوە هەڵدەقوڵێ کە توانای زۆروتن و درێژدادڕیی نییە، ئەمەش وا دەکا وتن چوارچێوەدار و دیاریکراو بێ. وتنی لۆژیکی کە زۆر کورت و چڕ و پوختە، شوێنی فرەوتن و زۆربڵێیی تێدا نابێتەوە. ئەمە و ناشبێ ئێمە تایبەتمەندیی ڤیتگنشتاین لە بەکاربردنی واتا و دەربڕین و نیشانە، کە تا بڵێیی لەو ڕووەوە زۆر بەدیقەت و وردکار بووە، لە بیربچێ. ئەمە بەخۆی لایەنێکە، بەڵام لایەنێکی تر کە دەشێ سەرنجی بخرێتە سەر، ئەوەیە کە ڤیتگنشتاین نایەوێ ئەوە نیشان بدا نیازی وایە، هیچ نەبێ بەئاشکرا، فەلسەفەیەکی دیاریکراو، لەبری ئەو فەلسەفەیەی نائاشکرایانە ڕەتی دەکاتەوە، زەق بکاتەوە. ڤیتگنشتاین کە لە تراکتاتۆسدا زۆر توند و ئاڵۆز و پەرت دەنووسێ بۆ ئەوانەی ئاگایان لە بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین (پێش تراکتاتۆس و لە تراکتاتۆس و پۆست–تراکتاتۆس) هەیە، ئاسانتر لەوە دەگەن چەند ڤیتگنشتاین ژێراوژێر مانا بەرهەم دێنێ و پێچاوپێچیش دەچێتە ناو مەبەستەکانییەوە. ئەم لایەنە کە لە دنیای فەلسەفەی ڕۆژئاوا شتێکی بەناوی یاریی زمان، هێنایە سازاندن، بەدڵنیاییەوە تایبەتمەندییەتییەکی لە فەلسەفەکردندا خوڵقان و ئەو شێوازەشی هێنایە ئاراوە کە هەندێک لە ئێمە لە پاش تراکتاتۆس دەرکی پێ کردووە. جا ئەوە لەسەر دەستی خودی ڤیتگنشتاین بێ، بەتایبەت لە کارەکانی دواتری، یان لەسەر دەستی بیرمەندان و گەشەپێدەرانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئینگلیزی.

لەو چەند دێرەی ڤیتگنشتاین لای سەرەوە ئەوی زۆر شوێنی تێڕامانە ئەو دەربڕینەیە کە بەمجۆرە خۆی دەردەخا: "" شتێک کە دەوترێ یان هەڵەیە یانیش بێ مانا"". ئەوەی بۆ ڤیتگنشتاین بەمجۆرە دێتە گۆ، هۆیەکەی ڕەنگە ئەوە بێ ڤیتگنشتاین جیاوازی دەخاتە نێوان ئەوەی هەڵەیە و ئەوەش کە بێ مانایە. بەپێی ئەم جیاکردنەوەیەش، ئەوی بێ مانابێ، ڕەنگ نییە، هەڵە بێ. بەڵام دەبێ لەوە بەئاگا بین کە ئەوەی بێ مانایە ئەو وتراوانەیە کە لەسەر شتی فەلسەفی وتراون. گرینگیشە لەوە بگەین مەبەستی ڤیتگنشتاین کێیە؟ واتە کێین

ئەوانەی ئەو شتە بێ مانایانەیان وتووە؟ من وای بۆ دەچم ڤیتگنشتاین مەبەستی سەرەکیی فەیلەسوفانی کلاسیکە. چونکە ئەوە تەنیا فەیلەسوفانی کلاسیکن کە ڤیتگنشتاین پێی وایە شتی بێ مانایان وتووە، بەتایبەت ئەو شتانەی لە بارەی کێشە فەلسەفییەکانەوە دایان ڕشتووە یان وتوویانە. بەڵام ئەوی بەلای ڤیتگنشتاینەوە لەم حاڵەتەدا زۆر مەبەستە، ئەوەیە کە ئەو شتە بێ مانایانەی وتراون وەڵام نەدرێنەوە. من وا هەست دەکەم لۆژیکێکی فەلسەفیی زێدە ڕوون و جوان لەم تەماشاکردنەی ڤیتگنشتایندا ئامادەیە. چونکە منیش لەو باوەڕەدام وەڵامدانەوەی شتی بێ مانا، وتن لەسەر وتراوی بێ مانا، بێ مانایی مەزنتر لە قەبارە دروست دەکا. بەڵام ئەم پشتگیرییەی من لە دیتنەکەی ڤیتگنشتاین نییە بۆ فەلسەفەی کلاسیک بەڵکو بۆ ئەوەیە کە شتێ بێ مانا شایانی وەڵامدانەوە نییە. وەکی تر من پێم وایە نە گشت فەلسەفەی کلاسیک بریتییە لە وتنی بێ مانا و نەش فەیلەسوفانی پێش کلاسیک و پاش کلاسیک لە وتنی شتی بێ مانا بەدوور بن.

بەڵام لایەنێکی تر کە ڤیتگنشتاین لەو کۆپلەیەدا تایبەت بەفەلسەفەکردن ترووسکایی دەخاتە سەر، مەسەلەی بەهەڵەتێگەشتنی لۆژیکی زمانمانە. هۆی ئەوەش دەباتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە لۆژیکی زمانی خۆمان ناگەین. بەڵام دواتر ڤیتگنشتاین بەجۆرێک کار لەسەر فەلسەفە دەکا کە ئەم کێشەیە بەشێوازی خۆی چارەسەر دەکا. مەبەستم ئەو دواتر بەهۆی ئەوەی کە فەلسەفە دەکا بەپارچەیەک لە زمان دەیەوێ، ئەو لۆژیکە بهێنێتە کایەوە کە لێی دەگەین. هەروەها پێ دەچێ ئەو بەهەڵەتێگەیشتنەی ڤیتگنشتاین باسی لێوە دەکا کە لە زمانماندا هەیە، بەهۆی بوونی زمان بەزمانێکی لۆژیکی چارەسەر بێ. ئەم لایەنە بەوە ناچێ سەد دەر سەد بەو جۆرە بێ. چونکە تێگەیشتنی ڤیتگنشتاین بۆ گەلێک شت لە تراکتاتۆس ناڕوونیی لێ دەتکێ و شتێکیش کە ناڕوون بێ ئاساییە بەهەڵەتێگەیشتن دروست بکا. بۆیە ڕەخنەکانی ڤیتگنشتاین لە لۆژیکی زمانمان دەشێ بەهەند وەربگیرێ، بەڵام لەو بارەیەوە گەلێ ڕەخنەی تر هەن کە شیاوییان تێدایە کە ئاراستەی تراکتاتۆس بکرێن. بەڵام بەشێکی



زۆریش لەو ڕەخنانەی ئاراستەی تراکتاتۆس دەکرێن، گرینگە بزانین، دیسانەوە تراکتاتۆس ئاسا گومڕا و پارادۆکساڵن.

هەر لە هەمان پەرەگرافدا، واتە پەڕەگرافی ٤، ئەڵبەتە بەپچڕ پچڕی و پەرتی، ڤیتگنشتاین هەندێک سێرکردنی تر لە بارەی فەلسەفەوە گۆ دەکا کە تا ڕادەیەک بەشێکی بۆ من، پەسند کراوە، بەتایبەت ئەوەی کە فەلسەفە ناکرێ ببێ بەبەشێک لەو بەشانەی زانستە سروشتییەکانی لێ پێک دێ. خۆی ئەم دیتنە تەواو دروستە، بەڵام ئەوەی دروست نییە ئەوەیە کە فەلسەفە بەزۆرەملێ لە دەروونناسی جیا بکرێتەوە. بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەم تێگەیشتنە کورتەی من داوا دەکەم، خوێنەر بگەڕێتەوە پەڕەگرافی ٤، کە لەوێڕا ڤیتگنشتاین هەندێ بۆچوونی تاک و تەرا لەسەر فەلسەفە بەسەر یەکەوە، بەم شێوە دەخاتە ڕوو:

> فەلسەفە یەکێک نییە لە زانستە سروشتییەکان. پەیڤی فەلسەفە دەکرێ بوترێ ئەوەش دەکەوێتە ژێر یان سەر زانستە سروشتییەکانەوە، نەک تەنیشت. ئامانجی فەلسەفە ئەوەیە کە بیر لە ڕووی لۆژیکییەوە ڕوونتر بکا. فەلسەفە بیرۆکە نییە بەڵکو چالاکییە. کارێ فەلسەفی لە بنەڕەتدا لە ڕوونکردنەوە پێک دێ. ئەنجامی فەلسەفە، وتنی فەلسەفی نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوەی وتنەکانە.

ڕەنگە بەشێکی زۆر لە خوێنەرانی تراکتاتۆس بۆ ئەوە بچن کە ئەم کۆپلەیە سامئامێزە. بەڵام هۆی ئەوەی ئەم کۆپلەیە سامێکی تایبەتی هەیە بۆ گەلێک لەوانەی تراکتاتۆسیان خوێندووەتەوە، ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەو دیتنانەوەی لەم کۆپلەیەدا پەنهانن، خوێنەری تراکتاتۆس لەوە دەگا فەلسەفە نە بەشێکە لە زانستە سروشتییەکان و نەش ئەو پێوەندییەی بەبیرۆکەوە (دۆکترین) هەیە. لە ڕاستیدا ئەوەی فەلسەفە بەشێ نییە لە زانستە سروشتییەکان گومانی لێ ناکرێ، بەڵام ئەوەی کە فەلسەفە بیرۆکە نییە، ئەم لایەنە نەختێک ئاڵۆزە، چونکە دیار نییە مەبەستی ڤیتگنشتاین لە واتای بیرۆکە چییە. بەڵام ئەو بۆ

ئەوەی ئەوە یەکلای بکاتەوە کە فەلسەفە بیرۆکە نییە، فەلسەفە بەچالاکی دەشوبهێنێ. ئەمە مانای ئەوەیە کە فەلسەفە کردەیە نەک تیۆری. ئەوەش کە زیاتر وام لێ دەکا بڵێم فەلسەفە لە تراکتاتۆسدا بۆ ڤیتگنشتاین کردەیە، کردەیەک پێکهاتوو لە چالاکی، ئەوەیە کە فەلسەفە لە تراکتاتۆس خۆی لەوە بەدوور دەگرێ کە ببێ بەکارێکی هزریی ڕووت. گەر لە دواتری دەربڕینەکانی ڤیتگنشتاین، هەر لە پەڕەگرافی ٤، وردبینەوە لەوە دەگەین کە ڤیتگنشتاین زۆر ئەوەی لا مەبەست بووە ئەوی وەک شتی فەلسەفی دەوترێ، پێویستە ڕوون و ڕەوان بێ. منیش لەتەک ئەوەدام فەلسەفەکردن پێویستە لەتەک ڕوونیدا پێوەندیدار بێ، بەڵام هەندێک جار، ئەوە سەختە، مەیسەربوونی بۆ نموونە تراکتاتۆس خۆی نموونەیەکە لەسەر کارێکی ئاڵۆز. من مەبەستم لە ڕوونی ئەوەیە کە دەبێ لە نووسیندا ڕوونی سەروەر بێ، هەروەها بۆ ئەوەی ئەمە بێتە دی دەبێ ڕوونکردنەوە لە ئارادا بێ. ئەو دەمەش ڕوونکردنەوە لەسەر شتەکان، شتە فەلسەفییەکان دەدرێ، دەشێ بوترێ، ڕوونی شوێنی بەخۆی گرتووە. بەڵام لەمیانەی ڕوونکردنەوەی شتی فەلسەفیدا بمانەوێ و نەمانەوێ وتن هەیە، ئەو وتنەش کە فەلسەفییە مەرجە کراوە و ڕۆشن بێ، بەڵام بۆ ڤیتگنشتاین وتنی فەلسەفی ئاکامی فەلسەفەکردن نییە بەڵکو ڕوونکردنەوەی وتنەکان ئاکامەکەیە. بەڵام ئەم بیریارە کاتێک دژوارترین دیدی فەلسەفیی خۆی لە پەڕەگرافی ٦ دا دەخاتە بەردەست خوێنەرانی تراکتاتۆس کە گومان لەوە دەکا ئەوی ئەو دەیڵێ وتن بێ، یاخود مانادار بێ. ئەمە بەخۆی مانای ئەوەیە کە ڤیتگنشتاین گومان لە خۆشی دەکا کە توانیبێتی لە تراکتاتۆسدا فەلسەفەی کردبێ. ئەو گومانە کە کوشتنی کردەی فەلسەفەکردنی بەدەمەوەیە زناکێ (نیشانە)یەکی توندیشە لەسەر بێ ماناکردنی ویست بۆ فەلسەفاندن. ڤیتگنشتاین کە وتنە فەلسەفییەکانی خۆی لەوە بەدوور دەگرێ، خوێنەری تراکتاتۆس مانایان بداتە پاڵ، ئەمە بۆ من سڵکردنەوەیەکی هیچگەراییە لە لایەک و لە لایەکی تریش ڕێگەکردنەوەیە لە هەڵوەشانەوەی دڵنیایی لە وتن و بیرکردنەوە. هەر سەبارەت بەلایەنی دووەم ئەوەش دەڵێم ڤیتگنشتاین نایەوێ، ئێمە لەوی دەیڵێین و لەو مانایەش بەوتنەکانمان دەوترێ بێگومان بین. واتە



ڤیتگنشتاین ئێمە لە نێوان دوو جۆرە وتن دێنێ و دەبا: وتنێکی ئێمە دەیڵێین و وتنێکیش ئەوانەی وتنەکانی ئێمەیان پێ دەگا. بۆ ئەوەی زێتریش خوێنەر لەو بۆچوونانەی ڤیتگنشتاین نزیک بکەمەوە داوا دەکەم خوێنەر بگەڕێتەوە دوا وتنەکانی ڤیتگنشتاین کە لە پەڕەگرافی ٦ بەم شێوەیە فورمولێزە کراوە:

> مێتۆدی سەرەکی لە فەلسەفەدا ئەمەیە: هیچ نەوترێ جگە لەوەی دەشێ بوترێ. وتنەکانم، بۆ ئەوانەی لێم دەگەن، بێ مانا دیارن. ئەوانە دەتوانن بەم وتنانە وەک پەیژە سەرکەون. ئەو دەمەش بەسەر دەکەون، دەکارن پەیژەکە توور هەڵدەن. ئەو کەسەی بەم وتنانە سەردەکەوێ پێویستە ئەم وتنانە تێ پەڕێنێ، ئەو دەمەش ئەمە دەکا ئەو کات جیهان ڕاستەقینەتر دەبینێ.

من پێش ئەوەی بێمە سەر ڕاڤەکردنی ئەو کۆپلەیەی ڤیتگنشتاین دەمەوێ بگەڕێمەوە لای سڤێنسۆن چونکە ناوبراو لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا شتێک هەیە پێی بوترێ مێتۆدی فەلسەفیی ڤیتگنشتاین، بەو تێگەیشتنە گەیشتووە کە ڤیتگنشتاین لە فەلسەفەکردنەکانیدا بەڵگە دەهێننەوە. ئەم لایەنەش سڤێنسۆنی، بەقەولی خۆی، لەتەک هەندێ لە فەیلەسوفانی زانکۆی ئۆپسالا لە وڵاتی سوید خستووەتە ناکۆکییەوە. چونکە فەیلەسوفانی زانکۆی ناوبراو، پێیانوایە ڤیتگنشتاین لە فەلسەفەکردنەکانیدا نەک بەڵگە ناهێنێتەوە، بەڵکو خۆی هەر زۆریش لە بەڵگەهێنانەوە بەدووردەگرێ[٥٠]. کەواتە ڕێککەوتنێ ئەکادیمی هیچ نەبێ لە سوید لە نێو بیرمەنداندا لە ئارادا نییە کە ڤیتگنشتاین خاوەنی مێتۆدێکی فەلسەفیی دیاری کراوبێ، بەڵام مرۆڤ لە ئاکامی نووسینەکانی ڤیتگنشتاین خۆیەوە، کە لێرە تراکتاتۆس مەبەستە، دەتوانێ لەوە بگا کە ڤیتگنشتاین باسی مێتۆدی هێناوەتە پێشەوە، بۆ نموونە لەو کۆپلەیەی لای سەرەوە کە کورتەی هەندێک گوزارەی ڤیتگنشتاینە لە پەڕەگرافی شەش لەوێ، ڤیتگنشتاین قسە لە بوونی مێتۆد لە فەلسەفەدا دەکا. کەواتە ڤیتگنشتاین مەبەستی بووە فەلسەفە مێتۆددار بێ. بەڵام ئەو جۆرە بەکاربردنەی واتای مێتۆد بۆ سازکردنی ڕێگەیە بۆ وتن. هەر لەم بارەیەوە

ئەوەش دەڵێم کە ئەوی لە بۆچوونەکانی توێژەرەوەی سویدی، سڤێنسۆن تێبینیم کرد ئەوە بوو کە بەبۆچوونی ئەم توێژەرەوەیە گرێ بیرە فەلسەفییەکان تەنێ دەکرێ بەهۆی، بەکاربردنی مێتۆدەوە بکرێنەوە. بەڵام ئەو مێتۆدەی سڤێنسۆن پێی لەسەر دادەگرێ مێتۆدێکی تێراپییە (عیلاجی). مێتۆدی تێراپیش لە تراکتاتۆسدا زاڵە.

بۆ زێدە یەکانگیرکردنی تێگەیشتنەکان لەسەر ئەم لایەنە دەمەوێ ئەوەش بڵێم، ئەوی بۆ ڤیتگنشتاین مەرجی سەرەکییە، ئەوەیە لە فەلسەفەدا مێتۆد هەیە بەڵام ئەم مێتۆدە بۆ دەستنیشانکردنی وتنە، واتە ئەوی دەوترێ. ئەوە لایەنێک لەوی پێوەندی بەو چەند دەربڕینەی لای سەرەوە هەیە، بەڵام لایەنێکی تر ئەوەیە کە ڤیتگنشتاین بایەخێکی زۆر دەخاتە سەر وتن، بەڵام سڵیش لە وتنی خۆی دەکاتەوە. ئەمە مانای ئەوەیە ئەوی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس وتوویەتی دەشێ وتنهایێ بێ مانا بن یان دەکرێ بەوتنی ئەوی تر، خوێنەر، مانادار بکرێن. ئەم دەرگاکردنەوەیە لە بەردەم شیاوی وتن بەخۆی دەرگاکردنەوەشە لە بەردەم کردەی فەلسەفاندن. بەڵام ڤیتگنشتاین دوای ئەو هەموو وتنانەی لە تراکتاتۆس لەسەر وتن وتوونی داوای ئەوە لە خوێنەر دەکا کە وتنەکانی تێ پەڕێنرێن. شتێکی بەڵگەنەویستە ئەم وتنانە شیاویی تێپەڕاندنیان تێدایە، بەڵام لەو شوێنانەی فەلسەفەکردن جۆرە جوانییەکی، یان ڕاستییەکی، تێدا بەدی دەکرێ، زۆر شتێکی هیچگەراییە ئەوە بکرێ، واتە وتنەکان تێ پەڕێنرێن. چونکە من لە وشەی تێپەڕاندن، وەک ئەوەی لە دوا لاپەڕەی تراکتاتۆسدا هاتووە، وا تێدەگەم کە دەبێ ئەو شتەی وتراوە ڕەت بکرێتەوە، ئەمەش بۆ من ئەو سێرکردنەم لا دروست دەکا کە ئەو شتە هەر لە بندا، هەر لە ئەوەلەوە، نەوترایە باشتر بوو. بەڵام هەموو ئەو وێنانەی ڤیتگنشتاین لەسەر ئەو فەلسەفەیە دروستی دەکا کە لە تراکتاتۆسدا حەشار دراوە و ئەمجار ئەوی تراکتاتۆسیش کار بۆ دروستکردنی دەکا فەلسەفەیەکی، فەلسەفەکردنێکی، نایەکانگیری پەڕتە کە تایبەتکاریی ڤیتگنشتاین زاڵە بەسەرییەوە. بۆ ئەوەی ئەم تایبەتکارییە پتر ڕوون بکەمەوە، دەگەڕێمەوە لای



ئەو شێوە پۆلکردنەی تراکتاتۆسناسی سویدی، ئاندەش وێدبێری لە بارەی هزری ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس خستوویە بەردەستمان[٥١].

وێدبێری، خوێنەری تراکتاتۆس لەسەر ئەوە ڕادێنێ، کە فەلسەفە بەبۆچوونی تراکتاتۆس، خۆی وەک پرسیارێکی فەلسەفیی تایبەت نیشان دەدا. بەڵام با بپرسین گەر فەلسەفە ئەمە بێ، ئەو فەیلەسوفەی ئەم فەلسەفەیە دێنێتە دنیا، دەیەوێ چ ویستێک لەو فەلسەفەیەیدا بنیات بنێ؟ بەخۆی ویستی فەلسەفی لەم حاڵەتەدا بمانەوێ و نەمانەوێ ناڕوون و ئاڵۆز دەبێ. ڤیتگنشتاین کە فەلسەفەکردنی، پرسیارە فەلسەفییەکانی، پێش خۆی بەبێ مانا دەزانێ تایبەتکارییەکانی لە فەلسەفەکردن لە تراکتاتۆس ئەو گومانەی لای خوێنەر ڕیشەکێش نەکردووە کە ئەمیش بێ مانایی بەرهەم نەهێنابێ.

لایەنێکی تر کە ئەم تراکتاتۆسناسە سویدییە سەبارەت بەکردەی فەلسەفەکردن لە تراکتاتۆس دەیوروژێنێ، ئەوەیە کە دیدی ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفە لەسەر بناغەی دانانی سنوور لە نێوان فەلسەفە و زانستی ئیمپیری دامەزراوە. بۆ ئەوەی وێدبێری ئەم لایەنە لە بەردەم خوێنەری تراکتاتۆس واڵاتر بکا سەرنجی خوێنەر بەرەو ئەوە ڕادەکێشێ کە دەرئەنجامی ئەو سنووردانانە لە نێوان فەلسەفە و زانستی ئیمپیری کارێکی وا دەکا ئەوی بەدەربڕینی، پرسیاری، فەلسەفی لە قەڵەم بدرێ بەئیمپیری ناشێ لە قەڵەم بدرێ و بەپێچەوانەشەوە ئەوی بەگوزارە و دەربڕینی ئیمپیری دەناسرێ، ناکرێ بەفەلسەفی بناسرێ. ئەڵبەتە شتێکی بەڵگەنەویستیشە، ئەم دابەشکردنە من بەرەو ئەو تەماشاکردنە بەرێ بڵێم هۆی ئەوەی وێدبێری بەم ڕوانینانە گەیشتووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تراکتاتۆس بەخۆی پشتگیرییەکی زۆر لەو بۆچوونە فەلسەفییە دەکا کە خۆی بەمجۆرە بەیان دەکا:

> دەروونناسی لە نزیک فەلسەفەوە نییە، بەڵکو لە نزیک شیکردنەوەی سروشتییەوەیە. تیۆریی زانین فەلسەفەی دەروونناسییە. تیۆریی داروین پێوەندیی بەفەلسەفەوە نییە و بگرە هێپۆتێزێکە لە زانستە سروشتییەکان[٥٢].

واته ڤیتگنشتاین ئەو ڕوانینە زیندەوەرناسییانەی داروین، لە دوو سەدەی ڕابردوودا، هێناویەتییە دنیا بەڕوانینگەلێکی نافەلسەفیان دەزانێ و گشت ڕوانینێکی لەو جۆرە، لەوە بەدوور دەگرێ کە فەلسەفەیان تێدا بێ. ئەمە کە وەڵامێ ڕاستەوخۆیە بۆ گشت ئیمپیریستە زانستییەکان، کە وتنەکانیان فەلسەفی نییە، سەرەتای جەنگی ڤیتگنشتاینیشە لەگەڵ زانستی ئیمپیری کە لە تراکتاتۆسدا بەئاشکرا ئەم جەنگە بەیان دەکرێ. ئەم جەنگە کە لە هەندێک دەربڕینی وەک ئەمانەی لای خوارەوە خۆی داڕشتووە، چەند سەرێکی هەیە کە تەنیا لەگەڵ زیندەوەرناسی (بایۆلۆژی) نییە، بەڵکە لەتەک دەروونناسیشدایە (پسیکۆلۆژی):

""دەروونناسی لە فەلسەفەوە نزیک نییە، بگرە لە زانستی تری سروشتییەوە نزیکە "" ٤. ١١٢١)، ""لە فەلسەفەدا چۆن مرۆڤ دەتوانێ نا- دەروونیانییە لە بارەی منەوە بدوێ"" (٥,٦٤١)، ""ئەو شتە لۆژیکی نییە تەنیا موتیڤێرینگێکی دەروونییە"" (٦,٣٦٣١)، ""ویست وەک دیاردە تەنیا شوێنی بایەخی دەروونناسییە"" (٦,٤٢٣).

ئەوی مرۆڤ لەو دابەشکردنەی ڤیتگنشتاین، لە نێوان ئەوی فەلسەفییە و ئەوی فەلسەفی نییە یان ئیمپیرییە، فێری دەبێ، ئەوەیە کە شتی فەلسەفی شتێک نییە سەر بەزانستە سروشتییەکان بێ، ئەوەش کە سەر بەزانستە سروشتییەکانە لە دەرەوەی گشت فەلسەفاندنێک دەبێ، بۆ نموونە دەروونناسی (پسیکۆلۆژی)، زیندەوەرناسی (بیۆلۆژی) کە ناتوانن فەلسەفە بکەن یان لە کردەی فەلسەفیدا بەشدار بن، بۆیە وێدبێری بۆ ئەوە دەچێ کە بەقەولی ڤیتگنشتاین گشت دەربڕینێک لەمەڕ ڕاستیی پێوەندی بەزانستە ئیمپیرییەکانەوە، زانستە سروشتییەکانەوە، دەبێ[٥٣]. باشە گەر ئەمە مەسەلەکە بێ، دەبێ ئەرکی فەیلەسوف لەم بەینەدا چی بێ؟ گەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بگەڕێمەوە لای وێدبێری ئەوا لە زمانی ئەوەوە دەڵێم ئەرکی فەیلەسوف لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە یان خۆی بەلای تاوتۆلۆژییەکان



(دووبارەکردنەوەکان) ڕابکێشێ یانیش بێدەنگی هەڵبژێرێ. لێرەدا ئەوەی گرینگی دەخرێتە سەر، لە لایەک زمانە و لە لایەکی تریش ئەوەی زمان گرینگیی دەداتێ. بەڵام لەم خاڵە. گرینگتر ئەوەیە کە زمان لە چ بوارێ کار دەکا و چی بەرهەم دێنێ؟ من بەپێی خوێندنەوەم بۆ تراکتاتۆس پێم وایە ئەم لایەنە لای ڤیتگنشتاین، نەک هەر ڕوون نییە، بەڵکو زۆر ناکۆنکرێتانەش خۆی دەدا بەدەستەوە. لەم حاڵەتەدا من دەمەوێ پێداگیری لەسەر مەسەلەیەکی تر بکەم. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە فەلسەفە بۆ ڤیتگنشتاین لە زمان پێک دێ. ئەم زمانە ناواخنێکی هەیە کە ئەوەش سینتاکسێک، یان ڕێزمانێکی، لۆژیکییە. من دەزانم تراکتاتۆس لەسەر ئەم ڕێسایە نووسراوە، بەڵام شێوەی کارکردنی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس یان ئەو ناواخنەی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا زمانی لێ پێک دێنێ ناڕوونی لە ڕاڤەکردن هێناوەتە کایەوە کە ئەوەش بۆ من بووەتە هۆی ئەوەی لێڵییەک لە تێگەیشتن دروست بکا. بەڵام وێدبێری ئەگەرچی پێی وایە تراکتاتۆس ناکۆکئامێز و سەختە بەڵام بۆ ئەوەش دەچێ کە ڤیتگنشتاین ئامانجی لە فەلسەفە ئەوەش بووبێ کە فەلسەفە پێویستە هەڵە و ناتەواوییەکان لە زماندا ئاشکرا بکا[٥٤]. سەبارەت بەم لایەنەش دەمەوێ، ئەوە بڵێم کە من لەتەک هەموو ئەو شتانەدا کۆکم کە بەبۆچوونی تراکتاتۆس کە بەئەرکی فەلسەفەوە تایبەتە، بەتایبەت مەسەلەی دەستی فەلسەفە لە گێڕانی ئەم ڕۆڵانە: ڕۆڵی فەلسەفە لە ڕوونکردنی بیرکردنەوەکان، هەروەها ڕۆڵی فەلسەفە لە خستنە ڕوو و والاکردنی کەموکوڕی و نادروستییەکان.

سەبارەت بەم لایەنەی قسەم لە بارەوە کرد، دەمەوێ دیسانەوە بێمەوە سەر بەشێک لەو دیتنانەی لای سەرەوە کە گەلێ جار، لەمەڕ تراکتاتۆسەکەی ڤیتگنشتاین دووبارەم کردووەتەوە کە بەشێ لەوانەش کەم یان زۆر پێوەندییان بەوەوە هەبووە کە من ڕەخنەی ئەوەم لە تراکتاتۆس هەیە کە لە ناڕوونی، پارادۆکس و ئاڵۆزکردنی بیر و بۆچوونەکانی خۆیدا نوقمە. لەو بارەشەوە دەڵێم: ئەو ئەرکەی تراکتاتۆس بۆ فەلسەفەی داڕشتووە، بەباوەڕی من دەبایە لە ڕوونی و چوستی لێوانلێو بێ، چونکە وای بۆ دەچم ویست بۆ فەلسەفە هیچ

وەخت نەشونما ناکا گەر فەلسەفاندن لە ئاستێکی باڵا بەیەکانگیری و یەکانگیرییەوە گرێ نەدرێ. ئەو فەلسەفانەش کە لە ئاڵۆزکاری و ناچوستیدا کردەی فەلسەفەکردنیان بەرهەمهێناوە ئەرکی هزرین و تێرامانیشیان شێواندووە. ئەو دەمەش ئەرکی هزرین دەشوێنرێ فەلسەفە نەبوونی چاترە.

سەرووی ئەوی وترا، من وا هەست دەکەم فەلسەفەی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس، ئەو توانایەشی تێدایە خوێنەر بەرەو ئەو سێرکردنەش ببا کە فەلسەفەکردن کردەیەکی زمانەوانییە. ئەم تێگەیشتنە تراکتاتۆسییە بەو واتایەش دێ گەر فەلسەفە کارکردەیەکی زمانەوانیی نەبێ، ڕاستیی نابێ یان ڕاستی فەلسەفی تەنیا لەوەدایە کە دەبێ زمانەوانی بێ. بۆیە وا دەڵێم، چونکە وێدبێری، کە کەسێکی شارەزا و پسپۆڕە لە بواری تێکستی تراکتاتۆس، لەو پێشەکییەی بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە تا دوا دێر تێگەیشتنێ ڕاڕا و ناهاوتا لەسەر تراکتاتۆس بەردەست دەخا کە پێ دەچێ ئەوە بچکۆلەترین ئاماژە بێ لەسەر ئەوەی خوێنەری سادە و ناسادەی تراکتاتۆس ناکارێ لە تارمای ئەو پارادۆکس و ناتەباییانە دەربازی ببێ کە لە تراکتاتۆسدا پەنهانن. مەبەستم ئەوەیە، خوێندنەوەی تراکتاتۆس خوێنەر دووچاری جۆرە پێوەبوونێک دەکا کە من تا ڕادەیەک ئەمە ناوی دەنێم جۆرە سەرئێشەیێ فەلسەفی. ئەو سەرئێشەیەش سەرچاوە لەو فۆرمی فەلسەفەکردنەوە وەردەگرێ کە لە کون و کەلەبەرەکانی دەربڕین و گوزارەکانی تراکتاتۆسدا خۆی قایم کردووە. هیچ دووریش نارۆم شێوەی کۆتایی پێ هێنانەکەی تراکتاتۆس شتێکی زۆر بەڵگە نەویستە لەسەر ئەوی من لەو ڕووەوە لێی دەدوێم:

> مێتۆدی سەرەکی لە فەلسەفەدا ئەمەیە: هیچ نەوترێ جگە لەوەی دەشێ بوترێ. وتنەکانم، بۆ ئەوانەی لێم دەگەن، بێ مانا دیارن. ئەوانە دەتوانن بەم وتنانە وەک پەیژە سەرکەون. ئەو دەمەش بەسەر دەکەون دەکارن پەیژەکە توور هەڵدەن. ئەو کەسەی بەم وتنانەدا سەردەکەوێ، پێویستە ئەم وتنانە تێ پەڕێنێ ئەو دەمەش ئەمە دەکا ئەو کات جیهان ڕاستەقینەتر دەبینێ.



ئەم کۆپلەیە دیتنەکانی، کە زۆر ناکۆکئامێز و ڕاڕائامێزن، بۆ ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر تراکتاتۆس کردووە، دەتوانن بەو تێرامانە بگەن کە ڤیتگنشتاین دەشێ بەخۆشی دەرکی بەوە کردبێ. بەڵام سیحری ئەو بەردەوامییە لەسەر ئەو دیتنانە لە چیدایە؟ بەباوەڕی من یەک لەو ئارگومێنتانەی دەشێ لەم بارەیەوە پشتی پێ ببەسترێ ئەوەیە کە بۆچوونی ڤیتگنشتاین، بۆ فەلسەفە جۆرە بۆچوونێکی پایانیانەیە. واتە ئەو هەستەی لە تراکتاتۆسدا سەبارەت بەکردەی فەلسەفی ئامادەیە هەستێکی ناجۆرە و لە هەوڵ بۆ مراندنی فەلسەفەوە نزیکە. بەخۆی ڤیتگنشتاین ئەو هەستە لە ژێر پەردەی بۆچوونی وەک ڕەتکردنەوەی ڕێگەچارەکانی فەلسەفەی کلاسیک پیادە دەکا یان جار جارە لە ژێر ناوی وەک گوایە فۆرمولێزەکردنەکانی فەلسەفەی ناوبراو ناڕوونیی زمانەوانیی تێدایە و پێویستە سەرلەبەر هەڵوەشێتەوە، بەڵام من وا هەست دەکەم ئەو ناحەزییەی بەرامبەر بەفەلسەفە لە تراکتاتۆسدا پەنهانە بۆ هەموو کەسێک سانا نییە، هەرسکردنی. بەڵام بەبۆچوونی وێدبێری بەپێی تراکتاتۆس فەلسەفە، فەلسەفەی ڕاست، بریتییە لە بێ مانایی. ئەمەو وێدبێری پێیشی وایە تراکتاتۆس شیاویی ئەوەشی تێدایە ئەو سەرنجە لای خوێنەر دروست بکا کە فەلسەفە لە چالاکییەکی تێراپی- عیلاجی-[٥٥] بریتییە، ئەو چالاکییەی بەشداری لە ڕزگارکردنی پەتێنتەکان (کلیانتەکان- نەخۆشەکان) لە بێ ماناییەکانی کێشە فەلسەفییەکاندا دەکا[٥٦].

## ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە و تراکتاتۆس

لەبەرئەوەی تراکتاتۆس تێکستێکی فەلسەفیی گفتوگۆئامێزی گڵوباڵە، دەکرێ بخرێتە تای تەرازوویەکی فەلسەفیی خۆمانەوە و لەو بەینەشدا وتن بەپێ پێویست، بهێنرێتە سەر ئەم تێکستە و توانای ڕووناکبیریی فەلسەفیی خۆشمان لە ئاست ئەم تێکستە. بۆیە لەم بەشەی نووسینەکەم دێمە سەر سێ لایەن کە بەهۆیانەوە ئاواتخوازیارم زەمینە بۆ وتن لە بارەی ڕووناکبیری فەلسەفی ئێمە (خۆمان) و ئەم تێکستە فەلسەفییە (واتە تراکتاتۆس) بسازێنم. بۆ ئەو مەبەستە دەمەوێ ناوونیشانەکەم، دابەش سێ لایەن بکەم. یەکەمیان، ناو دەنێم ئاوازی فەلسەفیی تراکتاتۆس بەگەرووی ڕووناکبیریی ئێمە نامۆیە و دووەمیش ناو دەنێم ڕووناکبیری فەلسەفیی ئێمە سەر بەنەریتێکی فەلسەفیی دیاریکراو نییە و سێیەمیش ناو دەنێم تێ هزرینێک لەمەڕ دەربڕینێکی یاریئامێزی وەک"" لەو نووسینە حاڵی نابم"".بە هۆی ئەو سێ لایەنەوە دێمە سەر باسی هەندێک گرفت و دیاردەی فەلسەفی کە مانای خۆیان بۆ وتنی فەلسەفیی لەمەولامان پێ دەچێ ببێ.

### ١- ئاوازی فەلسەفیی تراکتاتۆس بەگەرووی ڕووناکبیریی ئێمە نامۆیە

بەڵێ و موخابن ئاوازی فەلسەفیی تراکتاتۆس بەگەرووی فەلسەفیی ئێمە نامۆیە. گەر ئەم ئاوازەش بەگەرووی فەلسەفیی ئێمە نامۆ بێ، ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە نە لە دوور و نە لە نزیکەوە بەو فەلسەفەیە ئاشنا نین لە تراکتاتۆسەوە هەڵدەقوڵێ، لە لایەک و نەش ئەو فەلسەفەیەی تراکتاتۆس پشتگیریی لێ دەکا و یان بناغەدانەریەتی لە لایەکی تر. ئەوەش زۆر بەڵگەنەویستە کە بوونی ئەم دوو لایەنە گەلێک هۆی لە پشتەوەیە کە لە درێژەی نووسینی ئەم بەشەدا بەوردی خۆم لە قەرەیان دەدەم.



سەرەتا دەمەوێ ئەوە بزانم ئەو ئەزموونە ڕووناکبیرییەی پێی دەڵێن وتاری ڕووناکبیریی کوردی کە ڕووناکبیرییە فەلسەفییەکە بەشێکە لێی و، جێی مەبەستی منیشە لەم نووسینە، چەند بەتێکستی فەلسەفیی تراکتاتۆس و، ئەو فەلسەفەیەی لەو تێکستەدا پەنهانە و ئەو فەلسەفەیەش لەم تێکستەوە دێتە دەر، پێوەندیدارە؟ کە ئەم نووسینەی من قسەی لە بارەوە هێنایە سازاندن. کەوابێ، تراکتاتۆس لەم بەینەدا وەک نموونە لەسەر ئەو تێکستە فەلسەفییە وەردەگرم کە هیچ پێوەندییەکی بەو بنیات فەلسەفییەوە نییە کە ساختمانی ڕووناکبیری فەلسەفی یان بەگشتی وتاری ڕووناکبیری ئێمەی سازاندووە. لێرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم نیازی من لەم بەشەی نووسینەکەم نیشاندانی ئەوەیە کە ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە هیچ پێوەندییەکی نەک هەر بەو فەلسەفەیەوە نییە لە تراکتاتۆسدا حەشار دراوە، یان بەو فەلسەفەیەشەوە تراکتاتۆس ئامادەیە بیهێنێتە دنیا، بەڵکە بەگشت ئەو نەریتە فەلسەفەیەشەوە پێوەندیدار نییە کە پێی دەڵێن نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی کە وا تەمەنی ١٠٠ساڵ تێ دەپەڕێنێ، کە پێم وابێ تراکتاتۆس بەجۆرێک لە جۆرەکان مانای خۆی بۆ هەبووە.

ئەوەش ئاوازی تراکتاتۆس بەگەرووی فەلسەفی ئێمە نامۆیە ئەمە شتێ بەڵگەنەویستە بەڵام ڕوونکردنەوەی پێویستە. ئەم ڕوونکردنەوەیەش لە لای پێویستی بەکەمێک ڕوونکردنەوەی ئەو فەلسەفەیەوە هەیە لە تراکتاتۆسدا جێی قایمە و لە لایەکی تریش ڕوونکردنەوەی ئەو فەلسەفەیەی تراکتاتۆس لە پێوەندیدا بووە پێوەی، کە لێرەدا مەبەست لەو فەلسەفەیە، فەلسەفەی شیکردنەوەییە. بۆیە پێش ئەوەی بێمە سەر گرفتی گەرووی ڕووناکبیریی فەلسەفیی خۆمان بەکورتی لە خوارەوە، گەشتێکی تەسک و خێرا، بەنێو چڕینی نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەییدا دەکەم، هەروەها گەشە و کاریگەریی ئاوازی ئەم فەلسەفەیە لە دنیای فەلسەفەی ڕۆژئاوا و نێوەندی ئەکادیمی بەکورتی دیاری دەکەم و ناهاوکۆکی خۆشم لەتەک ئەم فەلسەفەیەدا و لە چوارچێوەی باسەکەدا تا پێم بکرێ نیشان دەدەم.

سەرەتا دەمەوێ لەوێوە دەست پێ بکەم کە نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەی وەک نەریتی ڕۆژئاوایی دژە جەمسەری نەریتی فەلسەفیی ڕۆژئاوای ترە کە پێی دەوترێ فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ. ئەم دوو نەریتە فەلسەفییە بەگشتی قۆرخی سەرجەم وتاری فەلسەفی دنیایان کردووە. ئەم قۆرخکردنەش جۆرە دابەشکردنێکی هێناوەتە دنیاوە کە هەر ناوچە و شوێنێ سەر بە نەریتی دیاریکراو بن. ئەوەی من لێرە و بەکورتی بەزۆری تێبینی دەخەمە سەر نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیییە. ئەم نەریتە فەلسەفییە، واتە فەلسەفەی شیکردنەوەیی، کە لە چەند ئاراستەی جیا جیای فەلسەفی پێک دێ لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بەرچاوترین نەریتی فەلسەفی بووە. ڕاستە ئەم نەریتە فەلسەفییە لەبەر جیاوازیی ئاراستەکانی بەتێزێکی یەکانگیر و دیاریکراوی فەلسەفییەوە نەهاتووەتە مەیدان، بەڵام جۆراوجۆریی شێوەی کارکردنی بیریارانی و بۆچوونیان بۆ کێشە فەلسەفییەکان، ئەمە لەوە کەم ناکاتەوە بڵێم: فەلسەفەی شیکردنەوەیی بەزۆری سەرچاوە لە ڕێبازێکی فەلسەفییەوە هەڵدەگرێ کە ئەوەش فەلسەفەی زمانە. فەلسەفەی شیکردنەوەیی کە فەلسەفەیەکی ئینگلیزی زمانە، لە لایەن زانکۆ ئەنگلۆ –ساکسۆنییەکانەوە هەر لە سەرەتاوە دەستی بەسەر گیراوە. ئەڵبەتە سەرەتا زانکۆکانی ئینگلستان، وەک کامبرج و ئۆکسفۆرد دەگرێتەوە و دواتریش زانکۆی وڵاتانی تری ئینگلیزی زمان و، لەوەش بترازێ زۆربەی هەرە زۆری کۆلێژەکانی فەلسەفەش لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤی و ئەوروپای ڕۆژهەڵات. بۆ ئەوەش کە ڕووی جیای ئەم نەریتە فەلسەفییە بخەمە بەرچاو بەلامەوە مەبەستە تێزی سەرەکیی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، وەک ئەوەی لە نێوەندی ئەکادیمی جێی باسە، لەم چەند تێزەی لای خوارەوە پوخت بکەمەوە:

یەکەم: ڕەخنەکردنی هەڵوێستی میتافیزیکیی فەلسەفەی کلاسیک لە پلاتۆنەوە تا دەگاتە بیریارانی تازە، ئەڵبەتە ئەو بیریارە تازانە بیریارانی کۆنتنێنتاڵیش دەگرێتەوە. چونکە بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفانی تازە، کە کۆنتنێنتاڵەکان دەگرێتەوە، بەتێزەکانی فەلسەفەی کلاسیکەوە سەرگەرمن.



کەواتە ڕەخنەی فەیلەسوفانی شیکردنەوەی لەم حاڵەتەدا ئاراستەی پێکهاتەی سیستمی میتافیزیک دەکرێ، دووەم: فەلسەفەی شیکردنەوەی پێی وایە فەلسەفەی کلاسیک، لە چۆنیەتی فۆرمولێرەکردنی کێشە فەلسەفییەکاندا کەوتووەتە هەڵەوە. بۆیە پێشنیاری فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەوەیە ئەو کێشانە سەرلەنوێ داڕێژرێنەوە. ڕوونتر بێمە وتن دەڵێم: بەپێی ڕوانینی بیریارانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، کە زۆربەیان بەتەماشاکردنی زمانەوانییەوە، دێنە ناو جیهانی فەلسەفەوە، ناڕوونییەکی زمانەوانی لە لێکدانەوەکانی فەیلەسوفانی کلاسیکدا بەدی دەکرێ کە ئەوەش داوای سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو کێشانە دەکەن کە کاریان لەسەر کراوە. واتە بۆ بیریارانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، ئەو گوزارانەی کێشە فەلسەفییەکانی فۆرمولێرە کردووە، شایانی سەرلەنوێ داهێنانەوەن و سێیەم: فەلسەفەی شیکردنەوەیی دەخوازێ کێشە فەلسەفییەکان لە پێوەندی لەتەک خۆیاندا ڕاڤە بکرێن، نەک بەگشتی. واتە فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی بایەخ بەگشتییەتیی ڕوونکردنەوەی جیهان و هەقیقەت بەڕاست نازانن. ئەمەش لە ڕوانین و تێزەکانی فەیلەسوفانی کلاسیک گەلێک جیایان دەکاتەوە.

سەرباری ئەوی وتم، دەمەوێ دەست بۆ ئەوەش ڕابکێشم کە گشت ئەوانەی لە بارەی تێزی سەرەکیی فەلسەفەی شیکردنەوەیییەوە، دەنووسن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئاراستە جیاکانی ناو ئەم فەلسەفەیە کارێکی ئەوتۆی کردووە فەلسەفەی ناوبراو، بەچەند تێزێکەوە بنیشێتەوە و ئەمەش لە لایەن خۆیەوە وای کردووە لەم بەینەدا جیاوازی لە نێوان چەند نەوە و شێوازێ بکرێ. بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەمەی وتم، دەچمەوە سەر بەشێک لە بۆچوونەکانی هەندێک لەو نەوە و شێوازانە. بۆ ئەوەی ئەم جیاوازییەش لە بینین بۆ تێزی فەیلەسوفانی شیکردنەوەییدا ڕوون بکەمەوە، بەپێویستی دەزانم، لەوێوە دەست پێ بکەم کە هۆی ئەمە تا ئەندازەیەک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی وەک یەک بایەخ بەزمان نادەن. ئەمەش دیسانەوە بەهۆی ئەوەوەیە کە لێکدانەوەی زمان لە نێو فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی دوو ڕەوت وەردەگرێ

یەکێکیان پێی دەوترێ لۆژیکی فۆرماڵ و ئەوی تر زمانی ڕۆژانە. بۆ نموونە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا لە ڕەوتی یەکەمەوە نزیکە و بەڵام لە پاش تراکتاتۆس پتر لە ڕەوتی دووەمەوە نزیک دەبێ. وەکی تریش ئەو فەیلەسوفانەی بەدەربڕینی لۆژیکییەوە (لەوانە مۆر، ڕاسێل) پێوەندیدار بوونە و هەروەها ئەو فەیلەسوفانەش بە فەیلەسوفە پۆزەتڤیستە لۆژیکییەکان (یان ئیمپریستە لۆژیکییەکان) ناو دەنرێن لە ڕەوتی یەکەمەوە نزیکن. هەرچی بەشێ ترە لە فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی (وەک ڕایل، ئایار و کواین) بایەخیان بەزمانی ڕۆژانە داوە. ڕاستە کواین ئەو بەشە لە فەلسەفەی شیکردنەوەی پێک دێنێ کە پێی دەڵێن فەلسەفەی پراگماتیزم، بەڵام ئەم ئاراستەیە و ئاراستەی شیکردنەوەیی لۆژیکی، بەگومانەوە دەڕواننە میتافیزیک، بەتایبەت ئەو سیستمی بیرکردنەوە میتافیزیکییەی ئەم فەلسەفەیە خۆی لەسەر ڕاگرتووە.

ئەمەو با ئەوەش بڵێم، شیکردنەوەی لۆژیکی ئەو دەمەی لە کامبرج گەشەی دەکرد، بەزۆری مۆر و ڕاسیل کاریان بۆ ئەم گەشەکردنە دەکرد. جۆرج مۆر کە بایەخی بەتیۆریی مانا دەدا بەبۆچوونی ئەم فەیلەسوفە، فەلسەفە ئەرکی ئەوەیە بایەخ بەمانا بدا، بەمانای ڕاستییە ""کۆمۆن سێنس""ەکان دژ بەئیدیالیزم. واتە دژ بەدیدی فەلسەفیی لیبنتز و بێرکلی. باشە بۆ ئیدیالیزم؟ چونکە بەپێی ئیدیالیزم لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە، دیاردەی (شتی، بابەتی) فیزیایی بوونی نییە بەڵکە گشت شتێ لە بوونیدا ڕۆحییە. لە ڕووی تیۆری زانینیشەوە ئەوی دەیژێین هەیە نەک ئەوی نایژێیین. ئەو شتەش کە دەیژێین بوونێکی مێنتاڵی یان دەروونیی هەیە، نەک فیزیایی. بۆیە ئەوی هەیە، ڕۆحییە نەک فیزیایی، دەروونییە نەک فیزیایی. گەر ئەمەش بێ، جەوهەری تێزی ئیدیالیزم، ئەوا مۆر ئەم تێزە لە ڕێگەی کۆمۆن سێنسەکەیەوە ڕەت دەکاتەوە.

بۆ زێدە شرۆڤەکردنی ئەوی وترا زۆر بەکورتی دێمە سەر هەندێ بۆچوونی فەیلەسوفی فینلەندی- سویدی، جۆن هنریک ڤۆن ڕایت لە بارەی هەندێک لە دیوە شاراوەکانی فەلسەفەی شیکردنەوەییەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە مۆرەوە دەست پێ دەکەم، لەو سەروتارە ناودارەی بەناوی ""داکۆکییەک لە کۆمۆن



سێنس"" نووسیویەتی کە لەوێرا باس لەوە دەکا کە ئەم (واتە مۆر خۆی) زانیویەتی و نەیتوانیوە گومان بکا کە ئەم مرۆڤ بووە، جەستەیەکی هەبووە، هەرگیز لەسەر مانگ نەبووە، پێش ئەوەی ئەم بەماوەی زۆر لە دایک بێ گەردوون بوونی هەبووە و چەندین شتی تریش. ڤۆن ڕایت پێی وایە ئەمانە دیدی کۆمۆن سێنس بوونە واتە بەرهەمی کارکردنێکی- هزری فەلسەفی یان توێژینەوەیەکی فەلسەفی نەبوونە. بەڵام مانائامێزیەکی فەلسەفی- لۆژیکییان تێدایە. هەموو ئەوەش مۆر باسی لێوە دەکا، واتە ئەوەی ئەو هەیە وەک مرۆڤ یان ئەوەی ئەو جەستەی هەیە، ئەمانە بەڵگەن لەسەر بوونی شتی ماتریالی (واتە فیزیی). واتە بوونی شتێکی دەرەکی- جیهانێکی دەرەکی-. ئەم لایەنەی مۆر، قسەی لە بارەوە دەکا، واتە ئەوەی تەنیا ئاگای بوونی هەیە و شتێ تر لە دەرەوەی ئاگایی ئەم بوونی نییە، یان تەنیا جیهانی دەرەکی بوونی هەیە و شتی تر بوونی نییە، لەو کێشانەیە فەلسەفەی شیکردنەوەیی گەلێک باسی لێوە کردووە. بەڵام بەگشتیش دەشێ بوترێ کە شۆڕشی مۆر، بەبۆچوونی ڤۆن ڕایت، بۆ ڕەخنەکردنی ئیدیالیزم بووە، نەک بۆ گەڕان بەدووی زانینێکی دڵنیا، چونکە ئەو پێی وابووە (واتە مۆر)، ئەو ئەمەی هەیە کەچی ئامانجی ڕاسێل لە فەلسەفە بۆ گەیشتن بووە بەزانینێکی دڵنیا لەمەر ڕاستی. ئەم ئامانجەش بێ یەک و دوو ڕاسێلی بەرەو لۆژیک بردووە[٥٧]. بۆیەشە لێرە ڕاسێل بەنموونە دێنمەوە، چونکە پاش مۆر، فەیلەسوفێکی ناوداری ئەو دەمەی کامبرج بووە.

بۆ زێدەوتن لە بارەی ئەوەی لای سەرەوە وترا، ئەوەش دەڵێم، ڕوونکردنەوەکانی مۆر لەو بارەیەوە بەخۆیان ئاماژەیەک بوون لەسەر ئەوەی فەلسەفە، سینتاکسی لۆژیکیی زمانی زانستە. هەرچی ڕاسیلە ئەو دەمە لە کامبرج لە ڕووی لۆژیکی فۆرماڵەوە گەشەی بەفەلسەفەی شیکردنەوەیی دەدا. واتە ناوبراو کاری لەسەر فۆرمی لۆژیکیی دەربڕین دەکرد. ئەڵبەتە ئەم ئاراستەیەی لەم دەمو وەختە لە کامبرج نەشونمای کرد، دواتر ڕەوتی تری وەرگرت، کە پۆزەتڤیزمی لۆژیکی و سێمانتیکی فۆرماڵ دوو بەشی سەرەکی بوون لێی. هەر تایبەت بەم لایەنە ئەوەش دەڵێم: ڕاسێل هەمیشە پێی وا بووە

وەک بناغە بۆ ماتماتیک لۆژیک دڵنیاترین زانستە لە گشت زانستی تر. بۆیە زۆربەی ئەوانەی پەی بۆ ئەوە دەبەن لۆژیک و ماتماتیک سەرچاوەی بیری ڕاسێل بوونە هەڵەیان نەکردووە. بەڵام چۆن ڕاسێل ئەم دوو لایەنەی کردووە بەسەرچاوەی بیری خۆی؟ من وای بۆ دەچم ڕاسێل ئەمەی لە کولتووری فەلسەفی ترەوە هێناوە. ئەمەش بەبێ ڕاڕایی فریجەم بیر دەخاتەوە. ئەم بیرخستنەوەیەش تەنیا لەسەر دوو تەماشاکردن بنیات دەنێم. یەکێکیان تەماشاکردنی ڤۆن ڕایتە، کە پێی وا بووە تاکە فەیلەسوفێک مانای بۆ ڕاسێل هەبووبێ، فریجە بووە. ئەوی تریش تەماشاکردنی ڤیتگنشتاینە کە ئەم پیاوە هێندەی هۆگری فریجە بووە هێندە هۆگری ڕاسێل نەبووە. ڕاستە هۆگربوونەکەی ڕاسێل بەفریجە، کاردانەوەی فەلسەفی جیای هەبووە لە چاو هۆگربوونەکەی ڤیتگنشتاین بەفریجە. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ ئەو هۆگربوونەی ڤیتگنشتاین ئەو سوپاسە گەورەیەی لێ پێک هات کە لە تراکتاتۆسدا بەئاشکرا خۆی دەردەخا. وەلێ هەر تایبەت بەم هۆگربوونەی ڤیتگنشتاین دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ کە ڤیتگنشتاین هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووە کە ماتماتیک دیسپلینێکی تایبەت بەخۆیەتی و جیایە لە لۆژیک. ئەمەش بۆ من مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ڤیتگنشتاین نەیویستووە لۆژیک لە ماتماتیکدا هەڵچۆڕێنێ یان هیچ نەبێ ڕاسێل ئاسا ڕەفتار لەتەک لۆژیکدا بکا. بەڵام تەماشاکردنی ڕاسێل بۆ فریجە، بەدیتنی ڕایت لەسەر ئەو بناغەیە بووە کە فریجە تاکە کەسێک بووە، مێتۆدی شیکردنەوەیی لۆژیکیی لە بواری کێشەی فەلسەفیدا بەکار بردووە، ئەمەش بۆ ڕاسێل کودەتای فەلسەفی بووە و کاردانەوەی تا بڵێی بەسەر فەلسەفەکردنی ڕاسێلیشەوە جێ هێشتووە. ئەمە لە لای و لە لای تر من بۆ ئەوەش دەچم ئەو جۆرە فەلسەفەکردنەی ڕاسێل کاری لەسەر کردووە، زەمینەسازاندێکیش بووە بۆ یەکخستنی لۆژیک و ماتماتیک، بەڵام ئەم لایەنە حەزی فەلسەفی ڤیتگنشتاینی لەسەر نەبووە بەڵام مانای خۆی بۆ فەیلەسوفانی پۆست-ڕاسێل لە کامبرج هەبووە. واتە بەشێک لە فەیلەسوفانی کامبرج تا ئێستاش لە ژێر کاریگەریی نەریتی فەلسەفیی ڕاسێلدا فەلسەفە دەکەن.



بەڵام من پێش ئەوەی بێمە سەر پێکهاتەی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، دەمەوێ لە چوارچێوەی ئەوەی تۆزێ پێش ئێستا لێی دوام چەند دێڕێک بخەمە سەر خەرمانەی وتنەکانم و بۆ ئەوەی ئەوەش بکەم دەچمەوە سەر دیتنێکی وەرگێری تراکتاتۆس بۆ سەر زمانی سویدی، واتە ئاندەش وێدبێری، چونکە وێدبێری وای بۆ دەچێ کە ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس لە نێو هەردوو کولتوورە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکەدایە، واتە کولتووری فەلسەفەی ئینگلیزی و ئەوی تری ئەڵمانی[٥٨]. من کە یەکجارەکی وەک وێدبێری بیر ناکەمەوە، ناکۆکیی خۆم لەم ڕووەوە بەمجۆرە ڕوون دەکەمەوە:

بۆ ئەم مەبەستە دەمەوێ ئاماژە بەدوو سەرنج بدەم. سەرنجی یەکەم ئەوەیە کە تراکتاتۆس پتر، تا ئێستاش، لە نێو فەیلەسوفانی ئینگلیزی زماندا بایەخی دەدرێتێ، وەک لە نێو فەیلەسوفانی ئەڵمانی و بەتایبەت فەرەنسی زمان (یان ڕووناکبیرانی فرانکفۆنی). ئەو وڵاتانەش کە سەر بەم دوو زمانە نین بۆ نموونە وڵاتانی ئەسکەندەنافی زۆرتر لە ژێر سیحری فەلسەفەی تراکتاتۆس و فەلسەفەی تیۆریی شیکردنەوەییدان. هەرچی فەیلەسوفانی لاتینی زمانە (ئیتالی، ئیسپانی، پورتوگالی) لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و ئەو فەلسەفە ڕەخنەییەن کە پێی دەوترێ فەلسەفەی ڕەخنەیی ئەڵمانی کە ئەوەش دیسانەوە دەچێتەوە ژێر کەپری فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵەوە. سەرنجی دووەمم ئەوەیە کە ئەوەی پێی دەڵێن ئیمپریزمی لۆژیکی، ئەوا تراکتاتۆس بەرپرسیارە لە نەشونمای کە ئێستا نەریتێکی فەلسەفیی ئەنگلۆ-ئەمەریکییە و ئەوەندە لە ناو کولتوورە فەلسەفییە غەیرە شیکردنەوەییەکاندا باو نییە. تەنانەت وێدبێری بەخۆشی باس لەوە دەکا کە فەلسەفەی ڤیتگنشتاین مانای خۆی بۆ ئەو بزووتنەوە فەلسەفییەش هەیە کە بەناوی ئیمپیریزمی لۆژیکی لە ئەمڕۆدا لە گەشەدایە[٥٩]. جگە لەو دوو سەرنجە دەمەوێ دەست بۆ ئەوەش ڕابکێشم کە وێدبێری ئەم بۆچوونەی (واتە تراکتاتۆس لە نێوان هەردوو کولتوورەکەدایە) لەسەر ئەو قسەیەی ڤیتگنشتاین بنیات ناوە کە لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێ داوە. واتە ئەوەی کە ڤیتگنشتاین کەڵکی لە فریجە (فەیلەسوفێکی ئەڵمانی

زمان) و ڕاسێل (فەیلەسوفێکی ئینگلیزی زمان) وەرگرتووە. ڕاستە ئەم دوو فەیلەسوفە نوێنەرایەتیی دوو کولتووری فەلسەفی جیا دەکەن، کە دوو زمانی جیا لە خۆ دەگرێ، بەڵام شێوەی کارکردنی فرێجە لە ناو فەلسەفەیی ئەڵمانی زۆر لە شێوەی کارکردنی فەلسەفیی ڕاسێل لە ناو فەلسەفەی ئینگلیزی دوور نییە. فرێجە کە لۆژیکەر و فەیلەسوف و بیرکارێکی لێهاتووی سەردەمی خۆی بووە (لە ١٩٢٥ مردووە)، هەروەک گەلێ لە بیرمەندانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی بەئەندازە و بیرکاری و فەلسەفەیەکی لۆژیکیی ئاڵۆزەوە سەرقاڵ بووە. ئەمەو لەبەرئەو تێزانەی لەو بوارانەدا کاری لەسەر کردوون بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی مۆدێرنیش لە قەڵەم دەدرێ. لەم ڕووەشەوە ڕاسێل وەک فەیلەسوف هەمان تایبەتمەندی فرێجەی هەیە تەنیا شتێ نەبێ کە لە ڕاسێلدا هەبووە و لە فرێجەدا نەبووە ئەوەش ئەوەیە کە ڕاسێل ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتیش بووە و داکۆکیکەرێکی گەورەش بووە لە بزووتنەوەی ئاشتیخوازی و چەککردنی ئەتۆمی بۆیەشە لە ساڵی ١٩٥٠ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.

مەسەلەیەکی تر هەر لە ژێر سێبەری ئەم لایەنە حەز دەکەم، باسی لێوە بکەم، ئەوەیە کە تراکتاتۆس وەک کارێکی لۆژیکی–فەلسەفی، سەر بەبنەماڵەیەکی فەلسەفیی ناوداری ئەوروپایە کە ئەوەش ئەو بەشە فەلسەفییە تیۆرییە کە گروندی بۆ فەلسەفەی شیکردنەوەی داناوە. ڕاستە بەشێک لەو فەیلەسوفانەش کە بیری فەلسەفیی کۆنتنێنتاڵ پێک دێنن (وەک هیگڵ، هۆسرەل بەتایبەت) بایەخیان بەلۆژیک داوە، بەڵام پێم وایە بایەخدانەکەیان بەلۆژیک، جیاواز بووە لە بایەخی بیریارانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی. بۆیەشە ئەو بایەخەی هەندێک جار لە هەندێک لە بەشەکانی فەلسەفە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا (بۆ نموونە وڵاتانی ئەسکەندەنافی) بەهۆسرەل یان هیگڵ دەدرێ لەو چوارچێوەیەدا قەتیس دەکرێ کە بەبواری کارکردنی ئەو جۆرە بیریارانەوە تایبەتە کە لە تێزی بیرمەندانی فەلسەفەی شیکردنەوەییەوە نزیکە، بۆ نموونە ئاگایی و لۆژیک.

سەرباری ئەوی وترا، هەر لەم بوارەدا، ئاماژە بەدوو شتی تریش دەکەم،



ئەمەش بۆ ئەوەی پێوەندیی تراکتاتۆس بەفەلسەفەی شیکردنەوەیەوە لای خوێنەر بەگومڕا و نادیاری نەمێنێتەوە. شتی یەکەم تایبەتە بەوەی کە فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی هاوچەرخ، بەگشتی لەسەر ئەوە کۆک نین فەلسەفەی ناوبراو چ جۆرە پێکهاتەیەکی هەیە یان کێ بەفەیلەسوفێکی شیکردنەوەیی دادەنرێ و کێش دانانرێ. ئەمە بۆ من بەو واتایە دێ کە ڕەنگە تێگەیشتن بۆ فەلسەفە لەم حاڵەتەدا، مانای خۆی بۆ ئەم جۆراوجۆرییە لە بیرکردنەوە هەبێ. ئەم ناکۆکییەش لەمەڕ بۆچوون بۆ فەلسەفەی شیکردنەوەیی بۆ من دەرخستەیەکی تریشی لێ دەبێتەوە کە ئەوەش ناو دەنێم جۆراوجۆری لە بیرکردنەوەی فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی بۆ واتای فەلسەفە. بەڵگەشم لەسەر ئەمە بۆچوونی فەیلەسوفێک وەک دومێتە کە فەلسەفە لە تیۆرییێکی سیستماتیک بریتی دەکا کە لە بارەی مانای دەربڕینە زمانەوانییەکانەوە دەدوێ. واتە فەلسەفە بەم پێیە زانستە و تیۆرییەکە کە سیستماتیکانە پێکهاتووە و گروند دیسپلینێ دیاریکراوی خۆشی هەیە. بەڵام فەیلەسوفێک وەک کواین ئەم دیتنەی دومێت ڕەت دەکاتەوە و پێی وا نییە فەلسەفە سیستماتیکانە پێک هاتبێ. لە ڕاستیدا من لەگەڵ بەشێک لە ڕەتکردنەوەکانی کواین دام کە هەندێ لە دەرخستە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی پووچەڵ دەکا بەتایبەت ئەو بەشەی پێوەندیی بەبۆچوونی پۆزەتڤیستە لۆژیکییەکانەوە هەیە. بەڵام وا هەستیش دەکەم ئەو ڕەتکردنەوانەی کواین بەس نین بۆ دروستکردنی تیۆرییەک لە زانینی تۆکمە. ئەوەش نەک هەر لەبەرئەوەی کواین یەک لەو فەیلەسوفە پۆزەتڤیستە هاوچەرخانەیە بەگومانەوە دەڕوانێتە میتافیزیک، بەڵکە لەبەرئەوەش کە کواین لەو نووسینە ناودارەی بەنێوی ""دوو دۆگمای ئیمپیریسیزم"" نووسیویەتی بۆ هێنانە کایەوەی تێۆرییەکی پۆزەتڤیستی لەمەڕ مانا هێرشێکی زۆر دەکاتە سەر جیاکردنەوەی نێوان ڕاستیی شیکردنەوەیی/ سینتێتیکی (پێکهاتەی)[٦٠]. بەڵام ئەم لایەنە خاڵی سەرەکی نییە، بۆ ناسراویی کواین، بەڵکو ئەوە خاڵی سەرەکییە کە ناوبراو شرۆڤەکەرێکی ناودارە، لە بواری ئەوەی پێی دەڵێن لۆژیکی ماتماتیکی. بەڵام

ئەمەیان بەڕەخنەکردنی بەشێک لە تێزی پۆزەتڤیستەکان دەستی پێ کردووە بەتایبەت ئەو بیرۆکەیەی لەسەر ئەو بناغەیە کار دەکا کە دێرە (گوزارە) ڕاستەکان لەبەر هێزی کۆنفیشونی زمانەوانییان لۆژیکییانە ڕاستن. لەوە گرینگتر ئەوەیە کە کواین بۆ ئەوەش دەچێ فەلسەفە شوێنێکی تایبەتی بۆ تێکرای تیۆرییەکانمان لەمەڕ ڕاستییەوە نەبێ. ئەم تێگەیشتنە پۆزەتڤیستییە فەلسەفییەی کواین بۆ من زناکێ ڕوونە لەسەر ئەوەی کە تێگەیشتنی فەلسەفی کلاسیک لە بارەی تیۆریی زانینەوە پێویستە ڕەت بکرێتەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیە بۆ من ئەو واتایەشی هەیە کە کواین و کواینییەکان بۆ ئەوە دەچن ڕاڤەکردنەکانی ترادیسیۆن ناتوانن شتێکی ئەوتۆمان لەمەڕ ڕاستییەوە پێ بڵێن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە، بەو جۆرە نییە و من دژی ئەم ڕەتکردنەوە پۆزەتڤیستییەم. چونکە سێرکردنە فەلسەفییەکانی ترادیسیۆن هێندە، بەرتەسک و سەرپێیی نین تا ئاوا بەئاسانی بشێ بخرێنە نێو دوو کەوانەوە یان بەجۆرێ لە جۆرەکان سنووردار بکرێن بەڵام زۆربەی پۆزەتڤیستەکان و تەنانەت ئیمپیریستەکانیش، زۆر بەدڵنیاییەوە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە تیۆریی زانینی کلاسیک، تووڕ هەڵبدرێ و ئەوەش کە ئەمان (واتە فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی) لەم ڕووەوە پێشکێشمانی دەکەن، ئەوەیە کە ئێمە دەبێ تەنیا باوەڕمان بەبوونی زانستێکی ئیمپیری هەبێ لە بارەی زانین و "ڕاستی"یەوە کە بەباوەڕی من، ئەم جۆرە زانینە بەس نییە بۆ لاوازکردنی گشت تیۆریی زانینی کلاسیکی. ئەوەی بۆ من زۆر گرینگە لێرە ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە تیۆریی زانینی فەلسەفەی کلاسیک (یان فەلسەفەی نەریتی) بڕبڕەی پشتی ئەم فەلسەفەیەیە. ئەمەش زۆر بەکورتی ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە شرۆڤەکردنی شتێکی لەم جۆرە پێویستی بەتیۆرییەکی مەزنترە و ئەڵبەتە بەوەش کە ئەم تیۆرییە شایانی ئاوڕدانەوە و تێ خوێندنەوەی جۆراوجۆرترە.

شتی دووەم کە لێرە شایانی دەستنیشانکردنە ئەوەیە کە فەلسەفەی شیکردنەوەیی کە زانست و تەکنیکی لە پشت بووە، ڤۆن ڕایت وتەنی، میراتگرێکی چاکی فەلسەفەی ڕۆشنگەری بووە، بۆیەشە بەقەولی ئەم، ڕاسێل



زۆر جار بەڤۆڵتێر بەراورد کراوە. بەڵام ئەوەی زۆر شایانی تێڕامانە لەم وتنەی ڤۆن ڕایت ئەوەیە، ئەو ڕیشەیەی شیکردنەوەیی دەباتەوە سەر ڕۆشنگەری، وەک ئەو سەرەتایە وایە کە ڕۆشنگەری لەسەر دەستی هیگڵ دووچاری بووە، واتە گەڕانەوە بۆ ئیدیالیزم. ئەمە خاڵی سەرەکیی ئەو لایەنە نییە کە من لێرە دەمەوێ بگەڕێمەوە سەری بەڵکو ئەوی بۆ من شتێ زۆر گرینگە و دەکرێ لێرە ئاماژەی پێ بدرێ، ئەوەیەکی ئەو گەشەیەی هاتە سەر زانست و تەکنیک، دوا جار گۆڕانێکی زۆری لەتەک خۆ هێنا، ئەمەش کارێ وای کرد فەلسەفەی شیکردنەوەیی نەتوانێ پرۆبلێماتیسێرەی کاریگەرییەکان بکا ئەمە. کە دەکرێ وەک کێشەیەک تەماشا بکرێ، فەلسەفەی شیکردنەوەیی ڕێکەوتی کرد نەیتوانی زاڵ بێ بەسەری، لەم ڕووەوە گەر بچمەوە سەر ڕایت دەڵێم: لێرەوە واتە پاش ئەوە ی فەلسەفەی شیکردنەوەیی نەیتوانی لە بەردەم ئەو گۆڕانانەی کە تەکنیک و زانست دروستیان کرد شتێکی ئەوتۆ بکا دوو شەپۆلی ڕووناکبیری، ویستی مانا بەخۆی بدا . ئەو دوو شەپۆلە ڕووناکبیرییەش کە لە پاش جەنگ سەرین هەڵدا یەکەمیان باسی لەوە دەکرد فەلسەفە و زانست دوو جۆرە ڕووناکبیریی جیان. ڕایت وای بۆ دەچێ ئەم بۆچوونە بیرۆکەی ئەو نووسینەیە (واتە شیکردنەوەیی لۆژیکی چییە؟) فردریک وایزمان لە گۆڤاری زمانحاڵی بازنەی ڤیەننا "ئێرکنتنیس" ساڵێک پێش جەنگ نووسیویەتی، بەڵام نووسینی دووەم (پێوەندی لە نێوان پۆزەتڤیزمی لۆژیکی و قوتابخانەی شیکردنەوەیی کامبرج) کە لە لایەن ماکس بلاکەوە نووسراوە لە هەمان گۆڤار پشتگیری لە فەلسەفییەکی زانستی دەکا[٦١]. ئەم دوو ئاراستەیە بۆ من نەک هەر دەتوانن پێوەندیی نێوان تراکتاتۆس و فەلسەفەی شیکردنەوەیی ڕوون بکەنەوە، بەڵکو دەتوانن پێوەندیی نێوان تراکتاتۆس و فەلسەفەش ڕوون بکەنەوە. چونکە تراکتاتۆس پێی لەسەرئەوە دادەگرێ کە فەلسەفە لە زانستەوە دوورە و هەرچی بەشێ لە ئاراستە فەلسەفییەکانی تری پاش جەنگە جەخت لەوە دەکەن کە فەلسەفە ناکرێ لە زانستەوە دوور بخرێتەوە و ئەوەش کە ماکس بلاک لەو نووسینەی باسی لێوە دەکا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە. ئەو دوو نووسینەش

بەجۆرێکی تر ئەوەش یەکلا دەکەنەوە کە ئەوی ڤیتگن شاین لە تراکتاتۆس سەبارەت بەپێوەندیی نێوان فەلسەفە و زانست (زانستە سروشتییەکان) باسی لێوە دەکا بۆ فەیلەسوفانی شیکردنەوەی نە مەسەلەی براوەیە و نەش گشت فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی سەر بەیەک ئاراستەی فەلسەفین. بۆیە هەڵە نییە گەر ئاماژە بەوە بکرێ کە تراکتاتۆس لە نێو بیریارانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی وەک یەک ناخوێنرێتەوە و لە زۆربەی نێوەندەکانی ئەم فەلسەفەیەش وەک یەک هاوبێچووی تیۆری و هزریی دانەناوە.

ئەو نەختە دیتنە کورت و پوختەی سەرەوە لەسەر پێوەندیی نێوان تراکتاتۆس و فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەوەمان پێ دەڵێ کە هیچ یەک لەم دوو فەلسەفەیە، بەگەرووی فەلسەفیی ئێمە ئاشنا نین. ئەم ئاشنا نەبوونە کە گرفت و تەنگوچەڵەمەی خۆی هەیە و گەلێک دیوی نادیار و شاراوەی تریش لەخۆدا حەشار دەدا، کردەی فەلسەفەکردنی ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە دەپرسم: چۆن دەتوانێ ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە، ئێمەی کورد، کە بەخۆی ویستی فەلسەفاندنیشمان دەگرێتەوە، کە بەکردە فەلسەفییەکانی دەنازێ، بەردەوام بێ، لە کاتێکدا بەنەریتی فەلسەفی لەبنڕا نامۆیە؟ باشە ئەمە چ گەروویەکی فەلسەفییە لە ئێمەدا هەیە کە تا ئێستا شتێکی دیاریکراوی لە بارەی ئەم نەریتە فەلسەفییەوە (مەبەست نەریتی فەلسەفەی شیکرنەوەییە) نەچڕیوە؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە لە درێژەی وتەکانم دەخەمە بەرباس

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە لەوێوە دەست پێ دەکەم کە سەرهەڵدان و گەشەی هەندێک تەوژم و ڕێباز و تەنانەت نەریتی فەلسەفیش دۆز و ژینگەی خۆیان هەیە و هۆکاری دیار و بەرچاویش لە پشت بەردەوامبوون و نەشونماشەوە هەیە. بۆ نموونە لە سوید و فینلەندا تراکتاتۆس بەتایبەت و کارەکانی تری ڤیتگنشتاین بایەخی زۆری دەدرێتێ هۆی ئەمە بەقەولی لۆژیکەری فینلەندی- سویدی، ڤۆن ڕایت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاووهەوای فەلسەفی لە وڵاتانی باکور (ئەسکەندەناڤیا) لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە، پتر ئاووهەوایەکی فەلسەفیی لۆژیکی-شیکردنەوەیی بووە. ئەگەرچی



لەم دەم و وەختەدا فەلسەفەی بوونخوازی لە باکور زاڵ بووە بەڵام ئەم زاڵبوونە ئەو کێشەی نەبووە[٦٢]. ئەمە وایە، بەڵام نەگبەتییەکەی ئێمە ئەوەیە کە ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە لە لایەک بە نەریتێکی فەلسەفی (لێرە مەبەست فەلسەفەی شیکردنەوەییە) لەبنڕا ئاشنا نییە و، لە لایەکی تریش بێ هۆ و بێ مەرام خووی بەنەریتێکی فەلسەفیی ترەوە (مەبەست فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵە) گرتووە، کە لە سەرێکەوە نە دەزانێ ئەم نەریتە ناوی چییە (واتە نازانێ کە ئەوەی ئەم لێوەی نزیکە و خولیایەتی پێی دەوترێ فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ)، نەش بۆچی ئەم لەم نەریتە فەلسەفییەوە نزیکە تا نەریتێکی تر. هەروەها ڕووناکبیرانی کورد لەوەش بێ ئاگان کە لەم نزیکبوونەوەیە چ سوود و کەڵکێک وەرگیراوە. لە سەرێکی تریشەوە ئەوەندە هەڵەئامێزانە ئەم ڕووناکبیرانە ڕەفتاریان لەتەک بیر و هزری بیریار و هزرەڤانانی ئەم نەریتە کردووە، مرۆڤ ئاواتخوازیاری ئەوەیە کە هەر پێی ئاشنا نەبانایە زۆر خاستر بوو.

بۆ ئەوەی ماناش بەم بەشەی نووسینەکەم بدەم، بەپێویستی دەزانم پێداگری لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو گرفتە (ئاشنانەبوونی ڕووناکبیرانی ئێمە بەنەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی) بکەم کە لە لای سەرەوە خستمە ڕوو. بۆیە پێش ئەوەی بێمە سەر توانای ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە (خۆمان) بەپێویستی دەزانم ئەو لایەنانە بەرباس بخەم کە ئەوە ڕوون دەکەنەوە، فەلسەفە بەمانای ڕووناکبیری لای ئێمە نەبینراوە. بۆ ئەو مەبەستەش لەوێوە دەست پێ دەکەم، ئێمە کە لە مێژووی نوێدا وەک نەتەوەیەکی ژێردەست و داماو تەماشا دەکرێین، ئەمە تەنیا دیتنی ئەوی تر نییە بۆ خۆمان بەڵکو پێش گشت کەسێ دیتنی خۆمانە بۆ خۆمان. ئەم دیتنەش وای لێ کردووین زۆرتر و بەبەردەوام سەرگەرمی کێشە نەتەوەیەکەمان بین تا ئەوەی لە گۆڕان نانەوە لە بواری تێز و بیرۆکە هزری و ئەندێشەییە نێودەوڵەتییەکاندا بەشدار بین. ئەو کۆنفلیکتە ئەکادیمی و ڕووناکبیریانەش کە لە نێوان ئەو دوو نەریتە فەلسەفییە ئەورووپایەدا هەن بۆ ئێمە نە مانای هەیە و نەش ئەوەندە ترسناک و ئامانجدارە. یان بەگشتی تا ئەو ڕادەیە ئێمە بەدێباتە ڕووناکبیرییەکانەوە

سەرقاڵین کە باس لە شتە گشتی و باوە ڕۆژانەیەکان دەکا کە ئەمەش هیچ جۆرە تێکستێ تاک و دەگمەن دروست ناکا. بۆ نموونە هەر زوو هەندێک باسی وەک کۆتایی مێژوو و بابەتی جیهانەگیری و پێکدادانی شارستانیی و تیرۆریزم و ئیسلامیی سیاسی و یان ناوی هەندێک تەوژم و ئاقاری هزری و فەلسەفی و سیاسی جێی خۆیان لە ناو ئێمە کردەوە، لە کاتێکدا نە لە وردەکارییەکانی ئەو باس و یان تەوژم و ئاقارانە ئاگەدارین و نەش بەشداریی هزری دیاریکراومان لەو ڕووەوە هەیە. بۆیە پێش ئەوەی بێمە سەر ناشازیی گەرووی ڕووناکبیریی فەلسەفیی خۆمان، بەپێویستی دەزانم بێمە سەر ئەو باسانەی کە بۆنی ڕووخستنی بەشێک لە درمە ڕۆشنبیرییە سەرەکییەکانمانی لێ دێ.

سەرەتای ئەو درمە لەوێوە دەست پێ دەکا کە بوون و نەبوونی فەلسەفە لە ناو دەستەی نووسەر و ڕووناکبیرانمان نە غەمێکی گەورەی دروست کردووە و نەش فەلسەفە، وەک ڕووناکبیرییەکی تایبەت و جیا لە ڕۆشنبیرییەکی گشتی جیا کراوەتەوە. ئەو دەستەبژێرەش کە لە نێو ئێمە دەیان ساڵ کاری ڕووناکبیریی کردووە، کاری سیاسی و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی و حزبی و مێژوویی و هونەریشی کردووە، یان هەموو ئەمانەی بەسەر یەکەوە کردووە. واتە حزبی بووە، گۆڤاری دەرکردووە، نوێنەری ڕۆشنبیری و چەوساوە بووە، بەواتایەکی تر لە یەک کاتدا نووسەر و زمانناس و وێژەر و مێژووکردیش بووە. بۆیەشە کە یادی گەلێک لە ڕووناکبیرانی کورد دەکرێتەوە لە یەک کاتدا وەک ڕۆژنامەوان و سیاسەتوان و بیرمەند و وێژەریش یاد دەکرێنەوە. ئەوەش کە وای کردووە تاکی ڕووناکبیری کورد، گشت ئەو خانە فێربوونە جیایانە بەیەکەوە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، بۆ بلیمەتی و ڕیزپەڕیی توانای ئەم تاکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ دۆزی سیاسیی تاکی کورد دەگەڕێتەوە کە وای لەم تاکە کردووە بۆ سەرفەرازیی خۆی و کۆمەڵگەکەی گشت کارێکی ڕووناکبیری بکا. بەڵگەشم لەسەر ئەوە ئەو بیست ساڵەی ڕابردووە کە چۆن دیم لە هەندەران برادەرانم لە یەک کاتدا نووسەر، سیاسی، یان چاترە بڵێم حزبی، ڕۆژنامەوان، ئەدیب و هزرڤان و ئەکادیمیکەریش بوون. گۆڤاریان دەردەکرد، کاری حزبیان دەکرد، وێژەر و



بیرمەندیش بوونە لە هەمان کاتدا. گرفتەکەش کە ئەمان ئەمەیان کردووە لەبەرئەوە بووە هەستی کوردبوونیان لە پاڵ ئەو ڕەفتارانەیانەوە بووە، نەک شتێکی تر. بەڵام دەکرێ هەستی بەکوردبوون وا بکا کەسانێک ماوەیەک گۆڤارێک دەرکەن و قسە بەگشت حزبە کوردییەکان بڵێن و دواتر، واتە پاش دە و یان پازدە ساڵێ لە کاری ڕۆژنامەوانی، بیێنو لە گشت ئەوەی وتویانە و نووسیویانە و بڵاویان کردووەتەوە پاشگەز بینەوە و ببن بەکارمەندێ لە ناو داوودەزگای ئەو حزبەی ئەم کەسانە گشت ماوەی پێشوو ڕقەبەرایەتیان کردووە. باشە چی لەم جۆرە کارە ڕۆژنامەوانییانە بەرهەم دێ؟ ئایا ئێستای ئەو کەسانە لە هیچی لێوانلێو نییە؟ ئایا ئەم کەسانە دەشێ بۆ لەمەولا وەک دەستەبژێری کورد سێر بکرێن؟ ئایا دەشێ بۆ لەمەودوا ئومێد بەوتن و زانین و ڕوونکردنەوەکانی ئەمانە بکرێ؟ من پێم وانییە پاشگەزبوونەوە و ڕەخنەکردنی خۆ و دەست لە هەڵە هەڵگرتن شتێ خراپ بێ بەڵام ئەوە خراپە و بەد و نامرۆییە کە تۆ لە کارەکانتدا پراگماتی و سایکۆ (دەروون نەخۆش) بیت و، بەهەستی سایکۆیانەوە بێت و گشت چەوتی و ناشیرینی و هەڵەکانی ئەو دامەزراوە سیاسی و حزبییانە بەباش و ڕاست بزانی کە تۆ ساڵانێک ڕەتت کردووەتەوە. پارادۆکسەکە لێرە هەر ئەوە نییە بۆ دەبێ تاکی کورد لە سیاسەتەوە بچێتە ناو ڕووناکبیرییەوە، یان لە ئەدەبەوە ڕوو لە ماڵی ڕۆشنبیری بکا، یاخود لە ڕۆژنامەوانییەوە سەر دەربێنێ و ڕوو لە وێژە و سیاسەت بکا، بەڵکو ئەوەشە کە گەلێک لەم تاکە کوردانە، نە لەسەر بوارێک ئۆقرە دەگرن و قووڵ دەبنەوە و، نەش هەنگاو دەنێن بۆ دوورخستنەوەی ئەوی سیاسییە لەوی نا-سیاسییە. بۆ ئەمان کە سیاسەت تەنیا کوردایەتییە ئەو کوردایەتییە (ئەڵبەتە بەو جۆرەی ئەوان تێیگەیشتوون) بۆ من بکوژێک گەورەی ڕووناکبیرییە گەر خودی گشت زانین نەڵێم. چونکە گەر بەناوی کوردایەتییەوە نەبێ تاکی کورد بەهۆی دەرهێنانی چەند ژمارەیەکی گۆڤارێ یان ڕۆژنامەیەکەوە نابێ بەسۆپرمان. کێ لەوانەی لە هەندەران گۆڤار یان ڕۆژنامەیان دەردەکرد، قسەیان بە حزبی کوردی و وتاری سیاسیی کوردی نەوت؟ کوان ئەوانە؟ چی لە

وتنی ئەو قسانە سەوز بوو؟ ئەڵبەتە هیچ. بۆ؟ چونکە قسەی پراگماتی و بنیات سایکۆ ناتوانێ شتێ ڕوون و دیار بروێنێ. هەروەها بۆچوون و سێرکردنی دەروون شەکەت و داخ لە دڵ بێ ئامانجی و نەزۆکی بەرهەم دێنێ. هەر بۆ نموونەش ئەو دەمەی ئەو گۆڤار و یان ڕۆژنامانەی لە هەندەران گرووپ و حزبە کوردییەکانیان ڕەت دەکردەوە، شان و شەوکەتی ناشیرینی و چەوتییەکانی ئەو گرووپ و حزبانە وەک ئێستا نەبوو. بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی شوێنی گشت زانینێکی لە ناو ئێمە گرتووەتەوە، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی ڕۆحی کوردایەتیمانە ئەوە ڕۆژنامەوانییە نەک هەر بەرپرسیارە لە نەبوونی پۆلی زانینی تر، بەڵکو ئەوەش کە چەند ڕووناکبیریمان شێواوە. حەسوودی بواری ڕۆژنامەوانی لەوەدایە کە کوردایەتی بەخۆیەوە گرێ داوە. واتە مان و نەمانی کوردایەتی لە مشتی ڕۆژنامەوانیدایە، نەک شتێکی تر. بەڵام ئایا وایە؟ ئایا ئەوە فێڵی ئەو دەستەبژێرە نییە کە لە هێزی ڕۆژنامەوانی زیاتر لە خۆیدا شتێ دی شک نابا؟ بێگومان وایە. بۆیەشە بەناوی ڕۆژنامەوانییەوە، بەناوی نووسەری و ئەدیبییەوە، مرۆڤی ڕۆژنامەوانی کورد، هەمیشە بۆی هەیە لە ڕاوەرێوییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکاندا بەشدار بیت. بۆیە کەسێک کە ئەمڕۆ لە نێوەندی ڕۆشنبیری یان هەفتەمانە و گۆڤارێ کار دەکا پاش ماوەیێ لە سەنتەر و مەڵبەند و دەزگای ڕاگەیاندنێ تر خۆی دەبینێتەوە. ئەو شوێنانەش، واتە گۆڤار، هەفتەنامە، سەنتەر، دەزگا و بنکەکان، کە ئابوورییان وابەستە و نائازادە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتێکی سیاسیی دیاریکراویش دەکەن کە ئەمەش وا دەکا تۆ کە لە ناوچەیەکی جوگرافییەوە بۆ ناوچەیەکی جوگرافیی تر دەگوێزیتەوە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی دیارە تۆ ئیتر لەسە رئەوە بڕیارت داوە سەر بەو دەسەڵاتە سیاسییە نەبی کە پێشتر نانتی داوە. ئەم یارییە جەوهەری ئەو بیرۆکەیەش ڕوون دەکاتەوە کە چەند سیاسەت و ڕۆژنامەوانی لای ئێمە ناز بەسەر یەکەوە دەکەن. یان چەند گرووپی سیاسی و گرووپی ڕۆژنامەوانی پێکەوە دەکارن کار بکەن و یان کار نەکەن. یاخود چەند ئەم دوو گرووپە یاریزانن لە قۆرخکردنی ئەوەی پێی دەڵێن ڕوشنبیریی کوردی. بەڵام نە ئەم



یارییە بۆ هەمیشە ئاوا سەر دەگرێ و نەش ڕۆژنامەوانی و سیاسەت دەتوانن تا هەمیشە ببن بەنوێنەری کورد. ئەوەش کە ئەو دووانە (سیاسەت و ڕۆژنامەوانی) دەستبەرداری یەک نابن لە لای زیانی چاکیان لە ئەندێشەی سیاسی و هزری کورد داوە و لە لای دیش شەقی زەمانە وا دەکا کە نە کورد تەنیا بەسیاسەت بژی و نەش ئەوەی گشت وتاری ڕووناکبیریمان ببێ بەڕۆژنامەوانی. بەڵام تا ئەو دەمەی هزر ونە، تا ئەو شوێنەی بێ بیری زاڵە زۆر ئاساییە نەک هەر سیاسەت و ڕۆژنامەوانی ئاوا ناز بەسەر یەکەوە بکەن بەڵکو سیاسەت و ڕۆژنامەوانی ببن بەبنیاتنەری وتاری ڕۆشنبیریشمان. بۆیە گەر بویسترێ زۆر بەکورتی ئەوە دەستنیشان بکرێ بۆ ئێمەی کورد بەفەلسەفەی شیکردنەوەیی ئاشنا نین دەکرێ لەم ڕووەوە گەلێ هۆی سەرەکی بەنموونە بهێنرێتەوە کە خستنە ڕووی ئەو هۆیانە وام لێ دەکا گەلێک لایەنی تر، بەسەر بکەمەوە بۆیە بەمجۆرەی لای خوارەوە، دەست پێ دەکەم:

ئەوەندەی لەم ڕووەوە ئاگاییم هەبێ، بۆ ئەوە دەچم ڕەنگە نەبوونی پسپۆڕ لە بواری ئەم بەشە لە فەلسەفە (واتە فەلسەفەی شیکردنەوەیی) یەکێک بێ لەو هۆیە سەرەکییانەی وەک بەڵگە بهێنرێتەوە. ئەمەش هۆی زۆری تری لێ دەبێتەوە و یەک لەو هۆیانە ئەوەیە لەو وڵاتانەی لێیان ژیاوین، فەلسەفە وەک جۆرێک لە جۆرەکانی دیسپلین، زۆر پۆپولێر نەبووە و هۆیەکی تریش ڕەنگە ئەوە بێ ئەو وانانەش سەبارەت بەفەلسەفە وتراونەتەوە بەزۆری لە دەور و خولی فەلسەفەی نا- شیکردنەوەییدا خولاونەتەوە کە ئەوەش تاوێ فەلسەفەیەکی ئیسلامی بووە و تاوێ دیش فەلسەفێ تێکەڵ و بێ سەروبەر. واتە نەختێک سیاسی (بەتایبەت نەتەوەیی و نەتەوەییەکی شۆفێنیش) و نەختێک ئاینی، نەختێک عیلمانی بووە و نەختێک و، بگرە زۆریش، دژە عیلمانی. ئەمەش لەبەرئەوەی گەر عیلمانی ئەوروپای بگەیەنێ ئەوا لەو ناوچانەی کورد لێی دەژی هەستی دژە ئەوروپایی، کە هەمیشە لە سەوزبوون و لە نەشونمادایە، بەزیانی بیری عیلمانیش کەوتووەتەوە. چونکە عیلمانی، ئەوروپایی بیر دەخاتەوە و ڕق لە ئەورووپاش واتە ڕق لە عیلمانی و ئەو فەلسەفەیەش کە پاڵپشتیەتی. لەوە

ڕوونتر بدوێم دەڵێم: فەلسەفە، یان ئەو فەلسەفەیەی لە ناو ئێمە وردە وردە جێی خۆی کردووەتەوە (یان خەریکە دەکاتەوە)، هەمیشە وەک شتێ ئەوروپایی تەماشا دەکرێ و ئەمەش وای کردووە هێرشکردنە سەر فەلسەفە شتێ ڕەوا بێ. یان کاتێک هێرش دەکرێتە سەر ئەوروپا، ئەم هێرشە فەلسەفەش بگرێتەوە. من لێرە باس لە هێرشی دەسەڵات دەکەم بۆ سەر فەلسەفە نەک هاووڵاتی. چونکە بۆ هاووڵاتی هەمیشە فەلسەفەی ڕۆژئاوایی تاکە شوێنێک بووە بۆ فێربوون، فێربوونی شتێکی تر. شتێک کە لە فێربوونەکانی دەسەڵاتەوە دوورە. بەڵام ئەو ویستەی هاووڵاتی بۆ فەلسەفەی ڕۆژئاوا شتێکی تر، شتێکی جیای بەرهەم نەهێناوە. مەبەست لە جیا ئەوەیە ئەو لەو فەلسەفە ڕۆژئاوایەی پێی گەییوە و ئەوەش کە دەسەڵات لە ڕێگەی دامەزراوەکانییەوە پێی گەیاندووە، نەیتوانیوە لە ڕووناکبیرییەکی تێکەڵ و دژە یەک، زێتر شتی تری لای خۆی بخوڵقێنێ. مەبەستم، لە گۆڤارە هزرییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردەوە بگرە کە لە شاخ و یان لە شار بەنهێنی دەردەهات تا دەگاتە ئەوی ڕژێمی عێراق و دواتر ئەوی لە وڵاتانی تری عەرەبی دەردەهات و دەگەیشتە دەستی نووسەری کورد لە زانین و زانیارییەکی پارادۆکساڵ و تێکەڵ بەولاوە شتێکی ئەوتۆ نەهاتە سازاندن. بۆیە لای ئێمە خەڵک فەلسەفەی ڕۆژئاوای وەک حەزێکی شەخسی وەرگرتووە (حەزەکە بەنهێنیش بووە) و ناچارانەش بەگشت فێربوونەکانی دەسەڵاتیش لە هەمان کاتدا قایل بووە چونکە زەبری دەسەڵات سەرووی حەزی خەڵک بووە. جا ئەم پێوەندییە دوو جەمسەرییە ناکۆک و دژە وای کردووە لە کۆتاییدا هەر فەلسەفەی دەسەڵات سەرووی فەلسەفە هاوردەکە، فەلسەفەکەی ئەوی تر، بێ. بۆ زۆرتر ڕوونکردنەوەی ئەم وتنانە چەند نموونەیەکی سەرپێیی دێنمەوە کە دەشێ وەک بەڵگەش تەماشا بکرێن. بۆ نموونە عێراقی بەعسیزم هەمیشە و، لە ڕۆژی دروستبوونی بیرۆکەی بەعسیزمەوە، وەک وڵاتێکی سۆسیالیزمی خۆی نیشان داوە بەڵام ئەدەبیاتی سیاسی و فەلسەفیی بیرمەندانی سۆسیالیزم، لە زۆربەی کۆلێژەکانی زانستە مرۆییەکان (بەتایبەت فەلسەفە، مێژوو، ئابووری) یاساغ بووە یان ئەو لاپەڕە و





دێرانە تەنیا نایاساغ بوونە کە لە ئەندێشەی سیاسیی دەسەڵاتەوە نزیک بوونە. بەڵام لەبری ئەوە، ئەو ئەدەبیاتانە لە ڕێگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە گەیشتوونەتە دەست خەڵک. بەڵام چۆن گەیشتنە دەستێک؟ ئەڵبەتە زۆر سەقەت و هەڵەئامێزانە. لە لایەک لەبەرئەوەی ئۆپۆزیسۆن بەچەند لاپەڕە و کتێبێکی ئەو بیرە ئاشنا بووە و ئەوەشی بۆ مەبەستی پارتیزانی و تەعبیئەی خەڵک بەکار بردووە. لە لایەکی تر لەبەرئەوەی کەسانێک تێکستەکانی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی لە ناوی یەک دوو بیریاری سیاسیی سۆسیالیزم (مارکس، لینین و... هتد) زیاتر ناوی تری نەبیستووە. پاشان وەرگێڕانەکان بەجۆرێک خراونەتە ڕوو کە ڕەخنە بوونە لە دیاردەی جەور و زۆرداری و چەوسانەوە نەک ئەوەی ئەو ئەدەبیاتانە فەلسەفەن و ئەمجار فەلسەفەیەکی سیاسییش. بەڵام نە گشت کاری بیرمەندانی سۆسیالیزم تەنیا لەوە دەدوێ کە لای ئێمە فەلسەفەی سیۆسیالیزمی لێ بریتی کراوە و نەش گشت بیری سۆسیالیزم بریتییە لە بیری ئەو چەند بیرمەندە کە ژیانی پارتیزانی وای لێ کردبووین، ناویان گۆ بکەین. مەبەستم لێرە ئەوەیە کە چەندین لایەنی پەروەردەی تر هەن ئەو ئەدەبیاتانە لێی دواون، ئێمە پێیان نامۆ بووینە و، لە هەموو ئەوانە سەیرتر، بۆیە لای ئێمە ئەو ئەدەبیاتانە ڕەواجی هەبووە، چونکە ئێمە ژێردەستە و داماو ژیاوین و، پەنابردن بۆ ئەو جۆرە ئەدەبیاتانە بۆ ئێمە پەنابردن بوونە بۆ چارەسەر، بەڵام چارەسەرەکە زۆر جار دەروونی و ڕۆحی بووە، بۆیەشە ئەدەبیاتی سۆسیالیستی ئەو بیرمەندانە لای ئێمە هێندە ئازیز و هێژابوونە تا ئەو ڕادەیەی بوونە بەتێکستگەلێکی پیرۆز (موقەدەس). ئەمەش چەند شتێکی لێ بووەتەوە لەوانە: دەسەڵات هەمیشە ئەو تێکستانەی وەک دژە جەمسەری خۆی زانیون و تا پێشی کرابێ دژایەتییانی کردووە و، لەو ڕووەشەوە قوربانییەکی زۆر دراوە، ڕەنگە بۆ نموونە شەهیدێکی زۆرمان لەسەر خوێندنەوەی کتێبی ئەو بیرمەندانە و بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونیان دابێ. با ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەو بیرە، (واتە سۆسیالیزم) وڵاتهایەکی، یان بلۆکێکی بەکامیل، لە پشتەوە بووە، ئەمەش وای کردووە ئەو جۆرە بیرە بۆ ئەو ڕژێمانەی

وەک ئەو بلۆکە بیریان نەکردووەتەوە یان لەبەرئەوەی ئەو جۆرە ڕژێمانە پێوەندیی سیاسی و بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو بلۆکانە نەگونجاوە ئەمە کارێکی ئەوتۆی کردووە ئەو بیرە (بیری سۆسیالیزم) لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو ڕژێمانە شتێکی پەسند نەکراو بێ و، هەر بۆیەشە ئەو ڕژێمانە ئامادەبوونە، ئەو خەڵکانەی سۆزیان لەگەڵ ئەو بیرە یان بلۆکە هەبووە، بێ سەر و بن بکەن. شتێکی تریش کە هەر لەم بوارەدا، شایانی باسکردنە ئەوەیە، لەبەرئەوەی ئەو بیرە لای ئێمە هەر لە سەرەتاوە شتێ دەرەکی بووە، دواتریش هەروەک شتێکی دەرەکی ماوەتەوە. واتە ئەم بیرە لە ناو ئێمە زۆر کەم و بەدەگمەن و بگرە لە ئاستێکی زۆر تەسکیش توانیویەتی گۆڕان لە ڕەفتار و خوو و ڕەوشتی کەسەکانی ناو کۆمەڵگا بکا. هۆ لەم ڕووەشەوە زۆرە و یەک لەوانە ئەوەیە کە ئێمە تەنیا لە ژێر ڕکێفی ئەو بیرە دەرەکییانە نەبووینە. بەڵکو لە ژێر ڕکێفی شتی تریش بووینە: بۆ نموونە دیدی دەسەڵات بۆ شتەکان کە ئەمە کەم ترسناک نەبووە و کەمیش کاریگەریی بەسەر خوو و ڕەوشتی سیاسی و کۆمەڵایەتیمانەوە نەبووە. یان بۆ نموونە دیدی ئاینی. بەڵام ئەوەی زێدە بابەتی لێ خوردبوونەوەیەی، لەم چوارچێوەیە ئەو پرسیارەیە کە بەم شێوەیەیە: چۆن ئێمە دەکارین لەتەک بیری سۆسیالیزم هاوکۆک بین کاتێ بیری ئاینی لە کۆمەڵگەی ئێمە هەوائاسا هەڵدەمژرێ؟ مەبەستم بیری سۆسیالیزم کە بیری ئیلحادییە ناکرێ دەقاودەق ئێمە هەڵگری بین کاتێ گشت یەکێ لە ئێمە پەروەردە کۆمەڵایەتییەکەی تا سەر ئێسقان لاهوتییە. بۆیە هەڵە ناکەم بڵێم ئێمە حەزمان لە بیری سۆسیالیزم کردووە و ئەم حەزە لە بیر کە لە ناو ئێمە هەر بەردەوامە ئەفسووس هیچی لێ بەر نەهاتووە. هەروەها ئێمە لەبەرئەوە حەزمان لە بیری سۆسیالیزم کردووە، چونکە ستەم و جەورێکی زۆرمان بەدەست بیری غەیرە سۆسیالیزمەوە، یان بەدەست ئەو جۆرە بیرانەوە دیوە کە دیسپۆتیزمی بوونە. وایە ئێمە حەزمان لەو بیرە بووە، چونکە دژە بیری دەسەڵات بووە و ناحەزی گەورەی ڕژێمیش بووە. حەزمان لێ کردووە چونکە لە ڕووی دەروونی و مێنتالییەوە پێویستمان بەو بیرە هەبووە. لە هەموو ئەمانە



سەیرتر ئەو بیرە کە دەرەکی بووە، بۆ ئێمە شتێ دەگمەن و ئەفسوناوی بووە بۆیە نامۆیی خۆمانمان پێی سارێژ کردووە. ئەمەش هەر دیوێکی ڕووحی و ڕەوانی هەیە. ئەم لایەنەش، واتە کە نامۆبوونی خۆمانمان بەو بیرە سارێژ کردووە، وای کردووە ئەو بیرە نەکارێ ڕەوشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنی تیۆلۆژیشمان (لاهووتیشمان) بگۆڕێ. پاشان ئەو جۆرە بیرە کە خۆی وەک بیری چەوساوە و ژێردەستەکان، دەرخستووە وای کردووە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ (مامۆستا، بازرگان، قوتابی، نانەوا، هونەرمەند و بەقاڵ) وەک یەک قبووڵی بکەن و خۆشیان بکەن بەفیدای. بەڵام ئەم قبووڵکردنە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی بنەمایی دروست نەکردووە. هۆیەکەشی کە نەختێکی لە لای سەرەوە خرایە ڕوو، دەکرێ چەند لایەنێ تریشی، لای خوارەوە بخرینە بەرباس.

لەو بارەشەوە، ئەوەندە بەخوێنەر دەڵێم: تۆ تەماشا ساڵانێکە بیری سۆسیالیزمی لەگەڵ ئەوەش کە بیری گەورە گەورەی نێونەتەوەیی و گڵۆباڵیی لە ناو ئێمە لێ کەوتووەتەوە، بەڵام هەر بەسەر دەروون و ڕۆحی ئێمە کاریگەر نەبووە و، قەتیش ئاگاییی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی ئێمەی نەگۆڕیوە. بۆ نموونە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، گەر لە ناوەوەی یان دەرەوەی (واتە هەندەران) کوردستان ژیابێتن، لە ماوەی ٢٠– ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هەر چۆن بیریان کردبێتەوە لە کۆتاییدا بوونەتەوە بەخۆیان. واتە بوونە بەوەی هەن (هەبوونە) نەک بەوەی کە دەکرا بن (بکرێن). ئەمە تراژیدیایە لە هەمان کاتیشدا پارادۆکسێکی ماڵوێرانکەرە. ئەوەی کە ئەمە تراژیدیایە ئەوەیە کە تێکست، ڕوانین، ناتوانێ بمانگۆڕێ. وەلێ ئەوەی کە ئەمە پارادۆکسێکی ماڵوێرانکەرە ئەوا بەچەند دێرێ ڕوون دەکەمەوە. ناماقووڵییە نووسەرێک یان ڕووناکبیرێکی کورد بە باگراوندێک تا ڕادەی باشی یان مامناوەندیی ئەکادیمییەوە بیست و یان سی ساڵ و بگرە پتر لەوە لە تەمەنی هەڵگری بیرێک بێ و لەناکاو و بگرە بێ هۆ ببێ بەهەڵگری بیرێکی پێچەوانە و یان بیرێک کە تەواو دژی گشت بیری ڕابردووی بووە. من ئەمە ناو نانێم گۆڕان ئەمە ناو

دەنێم پارادۆکس، ئەڵبەتە پارادۆکسێک ماڵوێرانکەرانە. باشە گەر مەسەلەکە وابێ چۆن دەکرێ ئەم جۆرە کەسانە بیریان بۆ لەوەولا شایانی ئاوڕدانەوە و تێڕامان و گفتوگۆ بێ؟ باشە ئەوان لە هەرچی بدوێن بۆ لەوەولا ناشێ جێی سڵەمینەوە و گومان بێ؟ ئاخر ئەوە سەرگەردانی و هیچگەرایییە مرۆڤ ٣٠ ساڵ لە تەمەنی نەتەوەیی (ناسیۆنال) بێ لەناکاو و بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک ببێ بەدژە نەتەوەیی، یان بەپێچەوانەوە ئەم مرۆڤە بەشێکی زۆر لە ژیانی نێونەتەوەی (ئینتەرناسۆنالی) بێ و لەناکاو و بێ هۆ، ببێ بەپاسۆک یان ببی بە ئاینێ کە کوردایەتی پێ کوفر بێ. ئەم جۆرە گۆڕانانە، کە گۆڕان نین و گۆڕان وا نابێ، ناشێ لە لایەن ئەم جۆرە مرۆڤانەوە بەسەروتارێ پاساو بدرێنەوە و یان ناششێ بەوە ڕاڤە بکرێن کە ئەم کەسە گۆڕانی بەسەر ڕوانین و جیهانبینییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی داهێناوە. چونکە بیرۆکەکەی من لەم ڕووەوە بەمجۆرەیە: ئەوە جیایە پێی دەڵێن گۆڕان، ئەوەش جیایە کەسێک ماوەی چەند ساڵێک سەرگەرمی بیر و بۆچوونێکی سیاسی و فەلسەفی بێ و پاشان بەناوی گۆڕانەوە دژی خۆی بوەستێتەوە و ببێ بەهەڵگری بیری پێچەوانە. مەبەستم بەواتای دی، سەیرە و زۆریش سەرسامئامێزە نووسەرێک یان سیاسییەک یاخود بەگشتی ڕووناکبیرێکی کورد، هەر جارە و بیرێک قبووڵ بکا و ئەو دەمەش ئەو بیرە قبووڵ دەکا، هەوڵی ئەوە بدا، چۆن ڕووی هیۆمانی و ڕەوشتی و شارستانیی بەم بیرە بدا و گشت بیرکردنەوەیەکی تر بەهەڵە و کۆن و نامرۆی لە قەڵەم بدا. بەواتایەکی ڕوونتر، زۆر کارێکی ناساغانە و سایکۆیانەیە (نەخۆشانەیە) کەسێک ماوەیەک کۆمۆنیست بێ، دواتر ستالینی، پاشماوەیەک دژ بەهەموو ئەمانە بوەستیتەوە و بانگەشەی لیبرالیزم بکا و لەسەر شێوازی لیبرالیزمی نوێی ڕۆژئاوا بیر داڕێژێ و خۆی سەرگەرمی واتای وەک کۆمەڵگەی مەدەنی، مافی مرۆڤ و ئازادیی ژیندەر و تاک بکا و پاش سالانێکی دی ببێ بەدژە ڕۆژئاوایی و پێی وا بێ ئەوە ڕۆژئاوایە لە گشت ئەو پاشکەوتن و وێرانسازییانە بەرپرسیارە، ئێمەی کورد (یان ڕۆژهەڵاتی) تێیدای ژیاوین و ئەمجار لە ئاکامی ئەوە ببێ بەکەسێکی



هیچگەرا و یانیش خۆی بکا بەکەسێکی عاریف و خواناس. لەبەرئەوەی هەریەک لەو نازناو و ئیدیایەنەی ئەو کەسە کوردانە لە ماوەی بیست و سی ساڵی ڕابردوو، هەڵگری بوونە، جێی باس و ڕوونکردنەوەیەکی زۆرن، بەباشی دەزانم لای خـــــوارەوە چەند ڕوونکردنەوەیەکی تەسک لەو بارەیەوە و، لە چوارچێوەی باسەکە، بخەمە بەردەست.

شتێکی زۆر ئاساییە کەسێک خولیای بیری نەتەوەیی بێ، بەڵام نەک بەو مانایەی کە شۆڤێنیستەکان خولیاین، واتە مرۆڤ دەشێ نەتەوەی بیر بکاتەوە، بەڵام بێ زیان گەیاندن بەئەندێشەی نەتەوەیی کەسێ تر، کەسێ کە لەگەڵ ئەم مرۆڤە هاونەتەوە نییە. بەڵام بیرە نەتەوەیەکان لە ناوچەکانی ئێمە لەبەرئەوەی لە گەروویەکی سیاسیی ناحەز و دیسپۆتیستانەوە هەڵقوڵاون و نەشونماشیان کردووە (هیچ نەبێ ئەم بیرۆکەیە تا هەنووکەش دەیخوا) ناکارن نە ڕێز لە بیری نەتەوەیی ئەوی تر بگرن و نەش دەکارن لەتەک بیری نەتەوەیی غەیرە خۆیان خۆمان بگونجێنن. هۆی ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لەبەرئەوەی کەسی ناوبراو زۆر جەور و چەوسانەوەی دیوە بۆیە گشت نەتەوەی غەیرە خۆی بەدوژمنی هەرە گەورەی (هیچ نەبێ لە نهێنیدا) خۆی دەزانێ. ئەم دیاردەیەش مەسەلەیەکی مێژوویی قووڵە و گرفتەکە ناشێ بخرێتە ئەستۆی تاکە کەسێک یان گرووپێ دیاریکراوەوە. بەڵام ئەوی مرۆڤ خۆی بیری نەتەوەی خۆی ساغ و بەتەندروستی بکا یان خۆی لەوە بەدوور بگرێ کە ماوەی جارێ نەبێ بەهەڵگری بیرێ دیاریکراو ئەمە ڕەنگە مەسەلەیەکی کەسی (شەخسی) بێ و خودی کەس (تاک) بەخۆی بتوانێ زاڵ بێ بەسەریدا. چەند ئەوە ئاساییە مرۆڤ دەکرێ و هەڵە نییە کە هەڵگری بیری نەتەوەی بێ، بەڵام بێ زیان گەیاندن بەوی تر، ئەوەندەش ئاساییە کە ئەم مرۆڤە دەکارێ ببێ بەهەڵگری بیرێ نا–نەتەوەییش (واتە بیرێکی ئینتەرناسیۆنالیزم)، بەڵام سەرخستن و بەرزکردنەوەی پرسیارە سیاسی و ڕەوشتییەکانی ئەم بیرە، دیسانەوە پێویستی بەوەیە کە ئەم کەسە بەجۆرێک کاری لەسەر بکا کە بەبریندارکردنی هەستی سیاسیی ئەوی تر، کۆتایی نەیێ. بەڵام ئەوە تاوانی کەسەکە خۆیەتی

کە ناکارێ بەبیرێکەوە ئۆقرە بگرێ، نەک خودی بیرەکە. واتە مرۆڤ خۆی تاوانبارە لەوەی تاوێکی تر ناسیۆنالیستانە بیر دەکاتەوە و تاوێک دی میتا-ناسیۆنالی یان زۆر جار و بگرە لەبەر هۆی نەبوونی زانیاری و کەمی ئاستی خوێندەواری، یاخود لەبەر هۆی پراگماتی و مەبەست و بەرژەوندی شەخسی ئەو مرۆڤە دەیەوێ نەتەوەی بەسەرووی نەتەوەی و ئیسلامی بەعیلمانی تێکەڵ بکا. کەواتە سەرئەنجام مرۆڤ دەکرێ وەک ئەوەی دەیەوێ بیر بکاتەوە، بەمەرجێک ئەو بیرکردنەوەیە زیان بەبیری ئەوی تر نەگەیەنی و پرەنسیپە مرۆیی و شتە ڕەوشتی و مۆراڵییە سەرەکییەکان پشتگوێ نەخا. بەڵام حەیفێ ئەم سەرئەنجامە بۆ نووسەر و ڕووناکبیرانی ئێمە بەو جۆرە نییە. چونکە ڕابردووی گەلێ لە نووسەران و خوێندەوارەکانمان یان نەتەوەیی بووە یانیش دژە نەتەوەیی. لە هەردوو حاڵەتەکەش ئەم دووانە لە پێوەندییاندا لەتەک یەکدا تا بڵێی زیانیان بەیەک گەیاندووە و تا بشڵێی هەست و ڕۆحی یەکتریان دەستکاری کردووە و زۆر بێ ویژدانانەش پێیان بەڕاستییەکاندا ناوە. ئەمان ئەمەیان کردووە، چونکە زانیویانە باس لە ڕاستییەکان زیانیان پێ دەگەیەنێ یان هیچ نەبێ ئەو ڕاستییە لە ئێستا باسکردنی گرینگ و پێویست نییە و بۆ کات و شوێنی تر باسەکەی هەڵگیراوە، بۆیە زۆر جار و زۆر بەئاسانی و بێ گرفت، تراژیدیایەک وەک هەڵەبجە یان ئەنفال یان دڕندیەتیی سیاسەتی ئەمەریکاییەکان یان بەگشتی ڕۆژئاواییەکان یەکمان دەخاتەوە و بگرە یەک هەبوون و یەک ناوونیشانیشمان بۆ دابین دەکا. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ، ئێمە لە ئاکامی ڕووداو و دیاردەکان گۆڕاوین. ئەمە هیچ کات ناشێ ناو بنرێ گۆڕان، ئەمە بیرتەنکی و بیرلاوازیی ئێمە دەگەیەنێ کە چۆن زەبری ئەوی تر دەمانگۆڕێ و چۆن زۆرداری و خواستەکانی ئەوی تر و ئەوی غەیرە کورد یەکمان دەخا. مەگەر ئێمە هەمیشە ئەوی تر یەکی نەخستووین؟ مەگەر دیرۆکی باو و باپیرانمان لە پەندوەرگرتن لەوی تر پڕ نین؟ خۆی بۆ ئەوی تر باش بوون، دەست بەسینگەوەنان بۆ ئەوی تر بووە بەنەریتمان بەڵام ئەی چیمان بۆ خۆمان کردووە؟ چیمان بۆ یەک کردووە؟ من لەگەڵ ئەوەدام ئەو ڕەوشتە مرۆییە



بەرزانەمان تێدا بێ واتە لە یەکتر بووران، دەست بەسینگەوە گرتن بۆ یەکتر یان لەوی ترەوە فێربوون بەڵام ئەمانە لە کوێ ئەوە لە کوێ تۆ تەنیا لە خەمی ئەوەدا بی ئەوی تر لێ ترازی بێ، یان تۆ هەمیشە لە ترسی ئەوی تر لەتەک خۆتدا تەبا یان باش بی، یاخود بۆ دەبێ ئێمە باش بین بۆ ئەوی تر، بەڵام فیرعەونئاسا لەتەک یەکدا ڕەفتار بکەین؟ مەبەستم سینگفراوانی و لێبووردەیی و بیرکردنەوە لەوی تر هەڵە نییە بەڵام قەتیش ئەوە ڕاست نییە مرۆڤ کەسی خۆت بکەی بەقوربانیی ئەوی تر. باشە مرۆڤ چۆن دەکرێ دڵسۆزی ئەوی تر بێ، بەڵام تا ئەوپەڕی ناحەزی کەسی خۆی بێ؟ بۆیە پێم وا نییە ئەوە هەڵە بێ کەسێک نەتەوەیی بێ یان میتا نەتەوەیی، ئیسلامی یان بێ باوەڕ بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەو کەسە نە زەرەر بەدیدی ئەوی تر بگەیەنی و نەش تەنیا لە فەلەکی دیدی ئەوی تردا بخولێتەوە.

دوای ئەو ڕوونکردنەوەی لای سەرەوە لە بارەی هۆیە سەرەکییەکان و لق و پۆپەکانی ئەو هۆیانە لەو بارەوە دێمەسەر هۆیەکی تر (واتە هۆی ئاشنانەبوونی ئێمە بەفەلسەفەی شیکردنەوەیی) کە ڕەنگە لە گەلێک دیوەوە، تەواوکەری هۆی پێشوو بێ. ئەو هۆیەش ئەوەیە کە فەلسەفەی ئیسلامی لە کۆلێژەکانی فەلسەفەی ئەو شوێنانەی کورد لێی ژیاوە، تا بڵێی زاڵ بووە. ئەم زاڵبوونەش، کە هۆی مێژوویی خۆی هەیە لە لای، بەپێی مەسەلەی نەریتی ئەم زاڵبوونە هاتووەتە دنیاوە و لە لای تر لەبەر هۆی سیاسی یان تیۆلۆژی. سەرباری ئەم هۆیە و هۆی پێشووش کە ڕوونکەرەوەی هۆی سەرەکی یەکەمن، کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ درا، دەمەوێ دەست بۆ هۆیێ تر ڕاکێشم کە ئەوەش پێوەندیی بەباری ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگە و ناوچانەوە هەیە، کورد لێیان ژیاوە کە ئەم لایەنەش وای کردووە، بەدەگمەن خەڵک حەوسەڵەی خۆگونجانی لەتەک نەریتی یان کولتووری فەلسەفەی شیکردنەوەی هەبێ. بەڵگەشم لەسەر ئەوە ئەوەیە کە نووسەر و هەوادارانی فەلسەفە لە ناو ئێمە تاقەتی دەست و پەنجە نەرمکردنیان لەگەڵ فەلسەفەی زمانەوانی و لۆژیکدا نییە. لێرەدا بەگشتیش ئەو فەلسەفە زمانەوانی و لۆژیکییە مەبەستە کە

بناغەیەکی ماتماتیکیی قورسی هەیە کە ئەوەش بەرهەمی ٥٠ساڵی ڕابردووە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە دەکرێ بوترێ کە ئەو جۆرە فەلسەفەیەی زۆر لە نێو ڕووناکبیر و هەوادارنی فەلسەفە لە ناو ئێمە باو بوونە ئەو بیر و بۆچوونە فەلسەفەییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بوونە کە بەزمان و ئەندێشەی وێژەیی و ڕووناکبیری مێژوویی گوزارەی لێ کراوە. بەڵام ئەم گوزارەکردنە هیچ تێزێ دیاریکراوی بەرهەم نەهێناوە و ناسنامەی فەلسەفییە خۆشی دەستنیشان نەکردووە. هۆکەشی زۆر بەکورتی ئەوەیە کە ئەم ناتوانێ ئەمە بکا، چونکە تا ئێستا ئەوەی دیاری نەکردووە، سەر بەچ نەریتێکی فەلسەفییە یان چ نەریتێکی فەلسەفی تەبەنی دەکا. من ئەم لایەنە کە لە بەشی دووەمی ئەم بەشەی نووسینەکەم دەخەمە بەرباس دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر هۆیەکی تر. لەو هۆیانەی کە لێرە ڕووناکی دەخەمە سەر، بێ هیواییە بەوەی پێی دەڵێن ڕووناکبیرانی کورد لە هەندەران. چونکە ئەگەر ڕزگارکەری ئێمە لە بەشێ لەو کێشانەی لای سەرەوە ڕوو خرا هیوابەستن بێ بەو دەستەبژێرە کوردەی لە هەندەران (تاراوگە) دەژی ئەوا دەکرێ لەم بارەیەوە بڵێم: موخابن ڕووناکبیرانی کوردی هەندەران تا هەنووکە دەرنەکەوتووە چەند دەشێ ئومێدیان پێ بکرێ. بەڵام لە هەمان کاتیشدا گرینگە لەوە بەئاگا بین کە ئەم دەستەبژێرە زادەی چەند قۆناغ و دۆزێ جیایە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەی وتم بەباشی دەزانم لەوێوە دەست پێ بکەم کە ئەو دەستەبژێرەی لە دەرەوە ژیاوە گەر قۆناغ بەقۆناغیش بیگرین ئەو بایەخەیان بۆ فەلسەفە بەگشتی و بەتایبەت بۆ فەلسەفەی شیکردنەوەیی نەبووە ئەمە و بگرە ئەو دەستەبژێرە لە یەک دوو بوار زیاتر سەرگەرمی شتێ تر نەبوونە. ئەمە لە لای و لە لای تر جالیەی کورد بەگشتی زۆر دەمێک نییە لە دەرەوە دەژی و لەو کاتەوەش جالیەی کورد هاتووەتە دەر، کە دەکرێ بۆ ناوەندی ١٩٥٠کان بگەڕێندرێتەوە، هەر هەمووی بەئامانجی خوێندن نەهاتووەتە دەرەوە. چونکە بەشێکی بۆ کاری سیاسی هاتووەتە دەرەوە یان لەبەر جەوری سیاسی ڕووی کردووەتە وڵاتی ئەوروپایی و بەشەکەی تریش جۆراوجۆرە کە هەندێکی بۆ کارکردن بووە و هەندێکیش بۆ



خوێندن ڕێگەی وڵاتێکی گرتووەتە بەر بەڵام ئەم دەستەبژێرەی بۆ خوێندن ڕووی لە دەرەوە ناوە هەر لە سەرەتاوە زۆر کەم بووە و دواتر وردە وردە زیادی کردووە بەتایبەت لە دوای هەرەسی ١٩٧٤ەوە. ڕاستە ئەو دەستەبژێرەی پاش هەرەسی ناوبراو ڕووی لە خوێندن کردووە ساڵ بەساڵ ڕێژەکەی ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە بەڵام گرینگە بزانین ئەو دەستەبژێرە مەرامی لە خوێندن چی بووە و دواتر ویستی بۆ چ جۆرە خوێندنێ پتر بەهێز بووە. گومانی ناوێ بەشێ لەو دەستەبژێرە پێش ئەوەی بێتە دەرەوە خوێندکاری ڕیشتەی ئەکادیمی بووە (بەزۆریش بەکالۆریۆسێکیان هەبووە) بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵکانێکی سادە بوونە و خاوەنی ڕووناکبیرییەکی ڕیزپەڕ و بێ وێنە نەبوونە و ئەگەرچی ئەمانە وەکی تر کەسانێکی دڵسۆز و خەباتگێڕ و خێرخواز بوونە و لە هەوای کێشەی نەتەوەیی خۆیان بوونە، بەڵام ئەفسووس ئەمە ئەسڵی کێشەکە چارەسەر ناکا.

ئەمانە کە زۆربەیان سەر بەئیدیای سیاسیی دیاریکراو بوونە لە ژێر کاری ئەندێشەی سیاسی و هزری سەردەمی خۆشیان بوونە کە ئەو ئەندێشە و هزرە بەزۆری هەڵگری دیدی سیاسییانەی نەتەوەییش بووە یانیش نێونەتەوەیی بەڵام بەدرێژایی ڕۆژگار و زەبری زەمانە و ئەو جەورەی هاتە سەر کورد، وردە وردە هەر هەموو بوونەوە بەکوردخواز بەڵام لە فۆرمی جیادا. مەبەستم بەکورتی لە فۆرمی جیا ئەوەیە ئەو دەستەبژێرە خوێندەوارەی لە ١٩٥٠کانەوە ڕووی لە هەندەران نا، ئەڵبەتە لە ژێر ڕکێفی هۆی جیاجیا، یان نەتەوەیی بیری کردووەتەوە یانیش سەرووی نەتەوەیی (کۆمۆنیستی بۆ نموونە) بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەندێشەی هەمیشە سیاسی ئەم بیرکردنەوەیەی ڕاگرتووە. بەڵام نکوڵی لەوەش ناکرێ کە جار جارە و تاک و تەرا کەسانێ لەملا و لەولا بوونی هەبووە کە مەیلێ دیاریکراوی سیاسیشی نەبووە و ئامانجیشی تەنیا هاتنە دەرەوە بووە بۆ خوێندن یان ژیان لە کۆمەڵگەکانی ئەوروپا. وەلێ ئەو دەستەبژێرەی ناوی هات، واتە ئەوی ناو نرا کە گوایە ڕۆڵەی قۆناغێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بووە، ڕشتەی خوێندنەکانیان دواتر لە یەک دوو بواردا خۆی گیر کردووە ئەڵبەتە ئەو ڕشتانەش ئەو جۆرە ڕشتانە بوونە کە ستاتۆسێکی کۆمەڵایەتییان بەدواوەیە کە ئەوەش لەو زەمانەدا ڕشتەی

ئەندازیاری و پزیشکی بوونە کە تا هەنووکەش دوو ڕشتەی بەرچاون، لەو دوو ڕەشتەیەش بگەڕێتەوە، ڕشتەگەلێکی تر بوونە کە پێوەندییان بەبرینی نەتەوەیی و کێشە کۆمەڵایەتی و مێژوویییەکانەوە بووە کە لەم حاڵەتەدا دەشێ بوترێ بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، مێژوو و ئابووری و سیاسی دوو بەشی سەرەکی بوونە و جێی بایەخێکی گەورەی ئەو دەستەبژێرە خوێندکارەش بووە کە لە پاڵ کاری سیاسی خوێندووشیانە. سەیرەکەش لەوەدایە قوتابیانی هەموو ئەم بەشانەش بەجۆرێ لە جۆرەکان هەوڵیان داوە تێزە زانکۆیەکانیان بەکوردی بکەن. جاری واش هەبووە ئەو بەکوردیکردنە ئەوەندە لەیەکەوە نزیک بووە تا ئێستاش سەختە ئەوی لە بەشی ئەدەب و زمان نووسراوە لەوە جیا بکرێتەوە کە لە بەشی مێژوو یان تیۆری سیاسی و تەنانەت کۆمەڵناسیش نووسراوە. دەکرێ ئەمە چ ناوێکی لەسەر دابنرێ. من ناوی دەنێم کۆلاپس (دارمان)ی ئەکادیمی. ئەم کێشەیە، واتە کار بۆ بەکوردیکردنی تێزە ئەکادیمییەکان،، بەباوەڕی من کێشەیەکە چەند دەیەکە (چل یان سیساڵێ دەبێ) ئەندێشەی ئەکادیمی یان ڕووناکبیری گشت زانکۆکارانی ئێمەی داگیر کردووە بەڵام کۆلاپسە هەرە نوێیەکە ئەوەیە ئەم دیاردەیە لە ئەمڕۆشدا دەژی. ئەم دیاردەیە لە زەمەنێکدا دەژی کە زەمەنی کوردە یان هیچ نەبێ ڕۆژ ڕۆژی تاکی کوردە بەڵام ئەم تاکە ئەفسووس تا هەنووکە هەواڵی ئەوەی پێ نەگەییوە کە ڕۆژ ڕۆژی ئەمە (واتە ئەم تاکە کوردە) هۆی ئەوەش کە ئەم تاکە کوردە لەم مەسەلەیە بێ خەبەرە، من بۆ ئەوەی دەگەڕێنمەوە کە تاکی کورد بەگشتی و لە گشت کاتە جیاکانیشدا لە هەوای خۆیدایە. ئەمەش تا بڵێی گرفت و بەزمی بۆ ئەم تاکە دروست کردووە، بەڵام ئەو لەم ڕووەوە بێ باکە. بێ باکە، چونکە حەوسەڵەی ئەوەی نییە کات لە تەماشاکردن لە خۆی بەسەر بەرێ. بەباوەڕی منیش بێ باکترین تاکی کورد ئەو تاکەیە کە پاش ڕاپەرین هاتە دنیا.

پاش ئەو خستنە ڕووە کورتەی هەندێک لەو هۆیانەی کە ئەوەیان ڕاڤە کرد، بۆ بەنەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئاشنا نین، بەپێویستی دەزانم ئەمجارەیان و لای خوارەوە لە ڕوویەکی ترەوە بێمە ناو هۆیەکان و وزە و



تێگەیشتنێکی تر بەڕاڤەکردنەکەم بدەم کە وەکی تر دروستکردنی شیاوییە لە بەردەم ڕوونکردنەوەی هۆکان.

من دەزانم زۆربەی هەرە زۆری خوێنەرانی ئەم باسە نە بەبیری ڤیتگنشتاین ئاشنان و نەش تراکتاتۆسیان خوێندووەتەوە. لەم ڕووەشەوە، هۆ زۆرە کە پشتگیری لەم جەختکردنەی من دەکا. من لێرە بەشێک لەو هۆیانە دەخەمە ڕوو بۆ نموونە : ئەو بیریار و ڕووناکبیر و نووسەرانەی لە نێو ڕووناکبیر و نووسەرانی عەرەب و فارسدا نەناسرابێتن، تا ڕادەیەکی گەورە لە ناو ئێمەش نەهاتوونەتە ناسین. بەڵام کە شتەکە بەکوردەوە تایبەت دەکرێ، ڕەنگە شتی تریش لەم ڕووەوە شایانی وتن بێ بۆ نموونە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد هەروەک ڕووناکبیرانی عەرەب و فارس دۆستایەتیان بەنەریتێک (ترادیسیۆن)ی فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەنگلۆ- ئەمەریکییەوە نییە. هۆیەکە لێرەدا ڕەنگە بۆ هەندێک ئەوە بێ کە ئێمە خاوەنی نەریتی جیاین، بەڵام لە هەقیقەتدا تا ئێستا یەکلا نەبووەتەوە کە ئێمە خاوەنی نەریتێکی جیاین. پاشان هەر ئەوەش نییە کە ئێمە خاوەنی نەریتێکی جیا نین، بەڵکو ئەوەیە کە ئێمە بێ نەریتین. ئەمە و هۆی ئەوەش لەو لاوە بوەستێ کە فەلسەفە لە ناو ئێمە وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی ئەو بایەخەی نییە. فەلسەفە لە ناو ئێمە نە بەدامەزراوەی بووە و نەش وەک تیۆرییەکی زانین تەماشا دەکرێ بەڵکو فەلسەفە لای ئێمە بەس بریتی بووە (یان بریتی کراوە). بەزۆری لە هەوەس و حەزی شەخسی و ویستی تاکی و هەڕەمەکی و ئەو ویستەش کە زۆر مەزاجی و پەڕتە شتێکی دیاریکراوی بەرهەم نەهێناوە کە بکرێ لێرە و لەوێ نوێنەرایەتیمان بکا. پاشان ئێمە کە سەر بەکەلەپوورێکی فەلسەفیی عیرفانین، نە ئەوەندە ئەو جۆرە فەلسەفەیەمان پێ هەرس دەبێ کە کەسانێک وەک ڤیتگنشتاین و هاوبیرانی یان گەشەپێدەران بەو فەلسەفەیە کاریان لەسەر کردووە و نەش دەرکمان بەوە کردووە، ئەم جۆرە نەرێتە فەلسەفییە (واتە فەلسەفەی شیکردنەوەیی) دەشێ بوونی هەبێ. ئەگەر نا، تا ئەمڕۆ چەند لاپەڕەیەکمان لەسەر ڤیتگنشتاینیش نەنووسی بێ، خۆ دەکرا لەسەر مۆر یان فرێجە یاخود کواین و ڕاسێل

بنووسیبایە. من مەبەستم لێرە لە ڕاسێل ئەو ڕاسێلەیە کە وەک فەیلەسوفێکی لۆژیک یان چاترە بڵێم لۆژیککەر و ماتماتیککەر ناسراوە نەک وەک ڕەخنەگری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ئێمە تەنیا ڕاسێلمان بەو جۆرە ناسیوە.. بەڵام من وای بۆ دەچم شتێ هەر زۆر نالۆژیکییە ئێمە مۆر بناسین، بەڵام ڤیتگنشتاین نەناسین یان کواین بناسین، بەڵام کارناپ نەناسین، چونکە بیری بیرمەندانی پۆزەتڤیستی و ئیمپیری یان بەگشتی فەلسەفەی فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی بەهەموو جۆرەکانییەوە پێکەوە گرێ دراون و لە تۆڕێک زانینی یەکانبەست پێکهاتووە کە یەک لەوی تر دەدوێ. بۆیە ئەستەمە دابڕانی تیۆری زانینی بازنەی کارناپ لە بیری فەلسەفی بۆ نموونە ڤیتگنشتاین یان دابرانی ڤیتگنشتاین لە دێباتەکانی بیرمەندانی ئیمپیریسیزم و دواتر پۆزەتڤیزم. بۆیە من وای بۆ دەچم ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە، کە مەبەست لێی ویستی فەلسەفیمانە، پێوەندیی بەتراکتاتۆسەوە لە پلەی هیچدایە. نەبوونی پێوەندیش لە نێوان تراکتاتۆس، یان بەگشتی سەرجەم فەلسەفەی ڤیتگنشتاین و، ڕووناکبیری فەلسەفی ئێمە باشترین بەڵگەیە لەسەر نەبوونی پێوەندییش لە نێوان ڕووناکبیریی ئێمە و سەرجەم نەریتی فەلسەفەیی شیکردنەوەییش.

بۆیە بۆ زۆرتر پێداگرتن لەسەر گرفتی ئەو ئاشنانەبوونەمان دەمەوێ ئەو لایەنەش بیر بخەمەوە کە لە نێو ڕووناکبیرانی عەرەب و تەنانەت فارسیش بایەخدان بەڤیتگنشتاین لە لای و لە لای تر بەنەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە پلەی هیچدایە. تەنانەت لە قۆناغی خوێندنی فەلسەفەش لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ئەو بایەخە بەڤیتگنشتاین بەتایبەت و فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەنگلۆ- ئەمەریکیش بەگشتی نادرێ. هۆش لەم ڕووەوە زۆرە، بەڵام یەک لەو هۆیانە ئەوەیە کە فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە جیهانی عەرەبی ئەوەندە پۆپولێر (ناسراو) نییە و هۆی دووەمیش ئەوەیە کە پسپۆر لە فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەنگلۆ- ئەمەریکی زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ یان بەگشتی فەلسەفەی فرانکفۆنی (فەرەنسی زمان). دەشکرێ ئەم دوو هۆیە، بەوە ڕوون بکرێتەوە کە خودی ئەو نەریتە فەلسەفی و کەلەپوورە فکرییەی لە



جیهانی عەرەبیدا هەمیشە کاری کردووە ئەو پێوەندییە ڕوحی و ئەندێشەیەی لەگەڵ بیری فەلسەفی ئەنگلۆ-ئەمەریکیدا نەبێ. ئەم لایەنە کولتووری فارسیش دەگرێتەوە. بۆیە دەبینین چ لە نێو ڕووناکبیریانی جیهانی عەرەبی و چش لە نێو ڕووناکبیرانی فارسیشدا فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ ساڵەهایە شوێنی بۆ خۆی لە جیهانی فەلسەفەکردندا دۆزیوەتەوە. بەواتای تر فەلسەفەی فەیلەسوفانی فەرەنسی (یان چاترە بڵێین فەلسەفەی فرانکفۆنی) لە نێو نووسەرانی فارس و عەرەبدا بازارێ فکری گەرمی هەیە. ئەڵبەتە لەوەش بگەڕێتەوە، ئەندێشەی فەیلەسوفانی ئەڵمانییە، بەتایبەت ئەوانەی بناغەیان بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ داناوە (لەوانە نیچە و هایدگەر)، کە لە نێو نووسەر و ڕووناکبیرانی عەرەب و فارسدا بازاڕێکی تا بڵێی چاکی هەیە(٦٣).

کە باسیش دێتە سەر مەسەلەی پۆپولێربوونی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ لە ناو ئێمە و مانای فەلسەفەی ڕەخنەییی ئەڵمانی بۆ ئەم فەلسەفەیە، دەبێ دوو شت لە بیر نەکەین: یەکەم ڤیتگنشتاین ئەو بەختەی لەم بازاڕی فیکرییەدا نەبووە. ڕاستە ڤیگنشتاین فەیلەسوفێکی ئەڵمانی زمانە، بەڵام دوای چوونی بۆ کامبرج و کارکردنی لەتەک کەسانێک وەک ڕاسێل و مۆر (جۆرج ئیدوارد مۆر) لە زانکۆی ناوبراو، ئەمە وای کرد پتر وەک فەیلەسوفێکی ئینگلیزی تەماشا بکرێ، واتە چووە سەر نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی. دووەمیش ئەوەی، ڤیتگنشتاین لەبەرئەوەی فەیلەسوفی ناو دوو کولتووری فەلسەفی بووە بۆیە لە لێکسیکۆنی فەلسەفیدا بەفەیلەسوفێکی ئەڵمانی- ئینگلیزی دەناسێندرێ. بەڵام ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانی زمانە وەک فەیلەسوفە ئەڵمانی زمانەکانی تر بۆ نموونە: فرۆید، هیگڵ، کانت، مارکس، ئەدرنۆ، گادامێر، نیچە، شۆپنهاوەر، هایدگەر، هۆسرەل و هابرماز، هۆرکهایمەر و چەندین فەیلەسوف و ڕووناکبیری تری ئەڵمانی زمان لە ناو ڕووناکبیرانی نەک تەنیا ئێمە بەڵکو ڕووناکبیرانی دراوسێکانیشماندا نەناسراوە. ئەو بایەخنەدانەش بەم فەیلەسوفە، یان هەر فەیلەسوفێکی تر، لە نێو ڕووناکبیرانی دراوسێ کورد بەباوەڕی من جگە لەوەی بەزیانی وتاری فەلسەفی- ڕووناکبیریی ئەم

دراوسێیانەمان گەڕاوەتەوە، بەزیانی کارە فیکرییەکانی ڕووناکبیرانی کوردیش کەوتووەتەوە.

بەڵام کە باس دێتە سەر کاریگەریی فەلسەفەی ڕەخنەیی ئەڵمانی بەسەر فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و کاریگەریی ئەم فەلسەفەیەش بەسەر ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمەوە پێویستە ئەوەش بدرکێنم کە گەلێ بیریاری تر کە مانایان بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و شیکردنەوەی وەک یەک هەبووە کاریگەرییان لە ناو ئێمە ئەوەندە لە بەرچاو ناگیرێ، لەوانە کانت. بۆیەشە وا دەڵێم، چونکە کانت فەیلەسوفێ یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن لە هەردوو فەلسەفەی تیۆری و پراکتیک. یان واتایەکی تر، کانت دەروازەیەکی گرینگە بۆ گەیشتن لە بابەتی عەقڵ، ڕەوشت، ماف، لۆژیک، میتافیزیک، جوانکاری و تیۆری زانین. بایەخنەدانیش بەکانت وەک خۆی زنجیرەیێ کێشە دێنێتە پێشەوە کە باسکردنی لێرە بەپێویست نازانم، بەڵام لەبری ئەوە دێمەوە سەر خاڵێکی تر کە پتر لە ماهیەتی ئەوی لای سەرەوە باس کرا، نزیکم دەکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش دەمەوێ لەوێوە دەست پێ بکەم کە ڕاستە ئێمە زۆرتر لە نەریتی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵەوە نزیکین، بەڵام ئەم نزیکبوونەوەیە هیچ نەریتێکی یان تێزگەلێکی دیاریکراوی فەلسەفیی لە ناو ئێمە نەڕواندووە. نەک هەر ئەمە، بگرە ئەم نزیکبوونەوەیە، بەجۆرێکی سیستماتیک و لەسەر بناغەیەکی دیاریکراویش نەبووە بەڵکە بەجۆرێکی زۆر ڕێکەوت و ناجۆرانە بووە، بەڵام سەبارەت بەم لایەنە دەبێ پێداگری لەسەر مەسەلەی تریش بکرێ کە ئەوەش ئەمەیە: ئەو فەلسەفەیەی بەڕێکەوت ئێمە لێی نزیکبووینەتەوە (کە مەبەست فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵە) بەشێکی زۆری ئەوی ئەم فەلسەفەیە لێی دواوە، هەر بەڕێکەوت لە بەشێکی لەو خوو و ڕەوشتە کۆمەڵایەتی و نەریتە کولتووریانەمانەوە نزیک بووە کە ئێمە هەڵگرین. ئەمە تا ڕادەیەک جەوهەری مەسەلەکەیە نەک شتێکی تر. واتە خولیابوونی ئێمە بەفەلسەفەی کۆنتنێنتاڵی فەرەنسی بەتایبەت و ئەمجار ئەڵمانیش بەگشتی.

گەر بچووکترین نموونەش لەسەر ئەو لایەنە بهێنمەوە کە تاوێک پێش ئێستا



لە سەرەوە باسم کرد، دەتوانم باس لەوە بکەم کە بۆ نموونە ئێمە بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفانی ئەڵمانی بەتایبەت قۆناغی پێش هیگڵ و سەردەمی هیگڵ و پاش هیگڵیش بەهۆی مارکسیزمەوە دەناسین ئەو ناسینەش بەدڵنیاییەوە سیاسی بووە تا فەلسەفی، یان فەلسەفیێ پوخت، یان سیستماتیک. ئەڵبەتە ناسینێک لەم جۆرەش، نا–فەلسەفی یان نا–سیستماتیک، ڕێی نەداوین (ڕێمان نادا) لە سیستمی فەلسەفیی ئەو فەیلەسوفانە بگەین کە لەو دەم و وەختە زێڕینە فەلسەفییە ئەڵمانییەدا دەرکەوتوون. ئەو جۆرە ناسینە کە بەزیانی بیری فەلسەفیمان گەڕاوەتەوە، کارێکی ئەوتۆشی کردووە نەتوانین جیاوازی لە نێوان سیستمە فەلسەفییەکاندا بکەین و تەنانەت لە ویستی فەلسەفیی ئەو فەیلەسوف و قۆناغە فەلسەفییانەش بگەین. لەو ڕووەشەوە دەڵێم: هیگڵ کە لە فیختە جیا بووە هەردووش لە هۆڵدرلین و ئەمیش لە شلینگ جیاواز بووە. دەرک نەکردنی ئێمەش بەو جیاوازییە وای کردووە، ئەزموونێکی تری فەلسەفیی ئەڵمانی پێش ئەمانەش نەناسین، بەتایبەت ئەو هێڵە فەلسەفییەی لە هۆڵفەوە دەست پێ دەکا بەرەو کانت. من دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئێمە کە وەک خۆی لە فەلسەفەی (هۆڵف و کانت) بەئاگا نەبین لەو فەلسەفەیەش بەئاگا نین لەسەر دەستی (هێردەر و هامان) لە ئەڵمانیا لە گەشەکردندا بووە. چونکە (هێردەر و هامان) هەمیشە لەتەک بۆچوونەکانی کانت و هۆڵف لە گفتوگۆیەکی گەورەدا بوونە. هەرچی سەرهەڵدانی فەلسەفەی هێرمینۆتیکی ئەڵمانیشە، کە تا بڵێی لەم ڕووەوە شایانی باسکردنە، پێوەندییەکی زۆری بەخوێندنەوەی لە لایەک ئینجیل و تەورات هەبووە لە لایەکی تریش بەتێکستە فەلسەفییەکانی بیریارانی ئەنتیک (یۆنانی کۆن). باشە بایەخدان لە ناو ئێمە بەم فەلسەفەیە چ مانایەکی هەیە ئەگەر بایەخێکی ئەوتۆمان بۆ تێکستە ئاسمانییەکانی ئەو میللەتانە نەبێ کە پێی دەڵێن ئەورووپی؟ یان کوا ئێمە لە ڕێگەی ئەم فەلسەفەیەوە، تێکستە کۆنەکانی هزرەڤان و بوێژەرە کوردەکانمان خوێندووەتەوە یان تێکستی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرەکانمان پێ ڕاڤە کردووە؟ بەبۆچوونی من ئەم لایەنە و ئەوانی تریش کە باس کرا ڕوویەکی تری

هۆی هەڵەی گەیاندن و بەکاربردنی ئەو فەلسەفەیەن کە بەنێوی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ لە ناو ئێمە خولاوەتەوە و تا ئێستاش دەخولێتەوە.

بۆ زۆر ڕوونکردنەوە و پوختکردنەوەی ئەوی لای سەرەوە، سەبارەت بەناڕێکی و هەڵەئامێزیی ئاشناییی ئێمە بەبیر و هزری بیریار و شەپۆلە جیاکانی ناوبراو بەفەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ وترا، بەئەرکی خۆمی دەزانم، چەند وتنێک لەم بارەیەوە بەرچاو خوێنەری ئەم نووسینە بخەم:

گشت ئەو ئاراستە و ڕەوتە فەلسەفییانەی لە ناو ئێمە باو بوونە، وەک بنەماخوازی (ئەڵبەتە پاش بنەماخوازی، پاش تازەگەرییش)، بوونناسی (ئاراستە فەرەنسی یان ئەڵمانییەکەی) و هێرمۆنتیک (و سێمیۆلۆژیش)، لە ئاراستە و ڕەوتە فەلسەفییە سەرەکییەکانی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵن کە وەک فەلسەفەیەکی سینتێتیسکیش ناوزەد دەکرێ. هۆی ئەوەی ئەم فەلسەفەیە لە ناو ئێمە باو بووە ئەوە بووە کە ئەم فەلسەفەیە ڕاستەوخۆتر قسەی لەسەر کێشەی تاک و کۆمەڵگە لە ژیان و لە مێژوو، هەروەها لە گرفتە سیاسی و کولتوورییەکان کردووە. واتە باوبوونی ئەم فەلسەفەیە لە ناو ئێمە لەسەر ئەو بناغەیە نەبووە کە ئەم فەلسەفەیە، واتە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ، دژە جەمسەری فەلسەفەی شیکردنەوەییە، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە فەلسەفەیەکی ناوبراو فەلسەفەی ئاسان بووە بۆ تێگەیشتن و بۆ دەست وپەنجە نەرمکردن و هەروەها ئەوەش کە لە ژیانی ڕۆژانە دەدوێ و دووانەکەشی نەرمتر و کراوەترە. لەوەش بگەڕێتەوە ئەوەیە کە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکانی دەوروبەرمان (دەوروبەری کورد مەبەستە) لە ئێمە زۆر زیاتر بەنەریتی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵەوە سەرگەرم بوونە و لە ڕێگەی وەرگێڕانە زۆر و پەلەکانیانیشەوە کاریگەرییەکی تا بڵێی گەورەیان بەسەر شێوازی نووسین و تێ هزرینی نووسەرانمانەوە بێ وێنە بەجێ هێشتووە. ئەمەش وای کردووە شێوازی دارشتنی ڕووناکبیری و تێڕامانەکانیشمان لەیەک بچن.

وێڕای ئەو چەند وتنە دەکرێ ئەوەش بڵێم کە، ڕاستە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ بایەخێکی زۆری بەزمان داوە، بەتایبەت پاش ١٩٦٠کان، بەڵام ئەم بایەخە جیا



بووە لەوی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، فەلسەفەی لۆژیک و یان لۆژیکی ئیمپریزمی، لەو بارەیەوە ئەنجامی داوە. فەلسەفەی شیکردنەوەیی کە پتر بایەخی بەلایەنی لۆژیکیی زمان و هەروەها تیۆریی مانای زمان داوە لە ناو ئێمە ئەم بایەخە نەناسراو بووە، بەڵام فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ کە بایەخی بەزمان داوە لە چوارچێوەی کێشە کولتووری (ئەڵبەتە ئەدەبییەکانیش مەبەستە لێرە) و کۆمەڵایەتییەکان ئەمەی کردووە هەر بۆیەشە بایەخەکانی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ بەزمان لە ناو ئێمە باو بوونە و ئەم بایەخانە بۆ تێگەیشتنیش ئاسان بوونە. سەرباری ئەوە، زۆربەی ئاراستە جیاکانی ناو فەلسەفەی ناوبراو (واتە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ)، وەک بنەماخوازی و پاش بنەماخوازی و نیشانەناسی، کە لە ڕێگەی زمانەوە ڕوونکردنەوەیان لەسەر تێکستە ئەدەبی و دەروونی و جوانکارییەکان داوە، بۆ ئێمە ڕوونکردنەوەکانیان پتر لە ڕوونکردنەوەی بیریارانی فەلسەفەیەکی تر سیحرئامێزتر بوونە. چونکە لە لایەک نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد دەقیان بەو ئاراستە فەلسەفییانەوە وەرگرتووە کە ناویان هات و، لە لایەکی تریش، ئەلتەرناتیڤیان لە بەردەمدا نەبووە بۆ بەراوردکاری لە نێوان ئەو ئاراستە فەلسەفییانەی پێیان گەیشتووە و ئەوی تر. ئەوی نییە. ئەوی پێیان نەگەیشتووە و هیچ زانیارییەکیان لە بارەوە نییە.

سەرنجێکی تر کە هەر لەم ڕووەوە دەکرێ باس بکرێ، ئەوەیە کە، ڕاستە نزیکبوونەوەیەکی لە نێوان هەندێک ئاراستەی فەلسەفی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕەخنەی کوردی هەبووە بەڵام لە لای ئەو چەند تێکستە ئەدەبی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی– کولتوورییانەی کە دەنگی ئەو ئاراستە فەلسەفییە بوونە لە ڕێگەی وەرگێرە عەرەبەکانەوە بەردەست نووسەر و ڕەخنەگرانی کورد کەوتوون و لە لای تریش ئەو تێکستانە هەر جارەی بەجۆرێک و بۆ مەبەستێک بەکار براون. بۆ نموونە هیچ ڕەخنەگر و نووسەرێکی کورد نییە، بارت یان کریستیڤا یاخود دێریدا بۆ خوێندنەوەی تێکست و شیکردنەوەی بابەتی ڕۆشنبیری بەکار نەبا و بێ بۆنە و لەخۆڕا لە وتن و

گفتوگۆ و هەڤپەیڤینەکانیدا ناویان گۆ نەکا بەڵام لە هەمان کاتدا بەسەدان ناو و بیرۆکە و تێزی تر هەن کە زۆر گرینگن لە بواری کاری ڕەخنەیی و ڕۆشنبیری دەخەنە زۆنی فەرامۆشییەوە. زۆر جاریش سەیرەکە لەوەدایە کە تێکستی بارت یان کریستیڤا یاخود دێریدا بۆ نموونە لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگرانی کوردەوە بۆ چەند ئامانج و مەبەستێکی جیای ڕووناکبیری و ئەدەبی و ڕەخنەیی بەکار دەبرێن لە کاتێکدا ئەو تێکستانە بۆ ئامانج و مەبەستگەلێکی دیاریکراو و سنووردار نووسراون کە بەشێکی زۆر لەو نووسەر و ڕەخنەگرانە تا هەنووکە دەرکیان بەم مەسەلەیە و بەجیاوازیی بەرهەمەکان نەکردووە. بۆیە کاریگەریی تەوژمی سیمیۆلۆژیی بارت یان تێکستناسیی کریستیڤا و هەڵوەشانەوەی دێریدا تا ئێستا لای ئێمە بەوردی و وەک ئەوەی هەیە و هەبووە دەرنەکەوتووە. چونکە ئەو تەوژمانە لەو گۆڕانکارییە فەلسەفی و هزرییانە بەدەر نین لە ناو فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ لە لایەک کراوە و لە لایەکی تریش ئەوی بیرمەندانی فەرەنسی لەو ڕووەوە خستوویانەتە سەر خەرمانەی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە بەگشت کارەکانی بیرمەندانی کۆنتنێنتاڵ ئاشنا نین نەمانتوانیوە لەوەش بگەین شوێنی بیرمەندانی هاوچەرخی فەرەنسی لەم بەینە چییە و ستاتۆسی فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی لە چ ئاستێکدایە. بەواتای تر دەمەوێ بڵێم: ئێمە گشت کارەکانی بارت، کریستیڤا یان دێریدامان بۆ نموونە لەسەر فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵی فەرەنسی چنگ نەکەوتووە و بێگومان ئەو کارانەشمان چنگ نەکەوتووە کە لە بارەی ئەم کارانەوە نووسراون، جا ئەوە لە لایەن نووسەرانی هەمان نەریتی فەلسەفییەوە نووسرابێ کە بارت و دێریدا ئینتیمایان بۆ هەیە و هەبووە یان نەریتێکی تری فەلسەفییەوە، بۆ نموونە نووسەرانی نەریتی شیکردنەوەیی. بەدەر لەوی وتیشم، ئەوەش دەڵێم کە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵی هاوچەرخ تەنیا لە فەیلەسوف و بیریارانی فەرەنسی بەتایبەت و ئەڵمانی بەگشتی پێک نەهاتووە، بەڵکو لەو دەنگە فەلسەفییەش پێک هاتووە کە فەیلەسوفانی کۆنتنێنتاڵی ئیتالی و ئیسپانی و هەندێک لایەنگرانی ئەمانە لە ناو فەیلەسوفانی ئەنگلۆ–



ئەمەریکیدا بەرزی دەکەنەوە.

لەوی لای سەرەوە باس کرا مانادارتر و پێویستتر، کە بەخۆی بایەخی بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی سەرەکیی ئەم بەشەی نووسینەکەشم هەیە، ئەمەیە: ئەوی زۆر زۆر گرینگە لەم بەینەدا ئاماژەی پێ بدرێ ئەوەیە کە، فەلسەفەی شیکردنەوەیی کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەتەک بیرکاری و ئەندازە و فیزیک و یان بەگشتی زانستە سروشتییەکاندا هەیە بۆ نووسەر و ڕووناکبیرانی فەلسەفیی ئێمە بابەتی بایەخ پێدان نین و ئەو جۆرە زانین و دیتنانەش کە لە ئاکامی ئەم پێوەندییەوە بەرهەم دێن هەرس نابن. بەواتای تر، ڕووناکبیریی ڕووناکبیرانی فەلسەفیی ئێمە بەگشتی و بەجۆرێکی زۆر سروشتیش وا هەڵکەوتووە کە پتر شێوە پێکهاتەیی ئەدەبی و سیاسی–کۆمەڵایەتیی هەبێ. ئەمە وای کردووە هەرگیز لە ناو ئێمە ئاراستەگەلێک لە فەلسەفەی شیکردنەوەیی، بۆ نموونە ئیمپریزمی لۆژیکی و پۆزەتڤیزم، هیچ وەخت خوێنەریان نەبێ و بابەتی هیچ جۆرە تێڕامان و ڕاڤەکردنێکیش نەبێ. ئەمەش وای کردووە لە لایەک نیوەی ناوی ئەو فەیلەسوفە ڕۆژئاوایانە نەناسین کە وەک فەیلەسوفی شیکردنەوەیی ناویان دەرکردووە و لە لایەکی تریش بەلێکسیکۆنێ لە زاراوە و واتای فەلسەفیش ئاشنا نەبین کە تەوژمە جیاکانی ئەم فەلسەفەیە بەرهەمیان هێناوە. ئەمەش بۆ خۆی تراژیدیایەکی هزری و ڕووناکبیریی بێ وێنەی بۆ وتاری نووسین و ڕەخنەیی تازەمان خوڵقاندووە کە هاتنە دەرەوە لێی، گەورەترین کۆششی هزری و فەلسەفیی دەوێ. هەر بۆیە تێنەگەیشتن و حاڵی نەبوون لە تراکتاتۆس دەبێ بەیەکێک لەو دەرئەنجامە لۆژیکیانەی ناشێ گەمەی پێ بکرێ. بەتێگەیشتنێکی تر، نووسەر و ڕووناکبیرانی ئێمە، حەوسەڵەی ئەو جۆرە نووسینە فەلسەفیانەیان نییە کە سەرچاوە لە نووسینی زانستییەوە (تیۆری زانینی زانستیم مەبەستە) هەڵدەگرن. لەوە زیاتر ئەوەش دەڵێم کە، ئەو فەلسەفە لۆژیکی و ئیتیکییەش کە ئەمڕۆ بیریارانی کامبرج و ئۆکسفۆرد بایەخی دەدەنێ زۆر ماتماتیکی و بیردۆزەیی خۆیان دەردەخەن کە باوەڕ ناکەم و ناچێتە عەقڵمەوە ڕەخنەگر و نووسەرانی ئێمە، بەگشتی

ڕووناکبیرانمان، تەحەمولی خوێندنەوەی ئەو جۆرە نووسینانە بکەن. ئەو بەشە ئەکادیمیکەرە کوردەش کە سەرقاڵی فیزیا و ماتماتیکن نە پێوەندییان بەفەلسەفەوە هەیە و نەش لە وتاری هزرەڤانی و فەلسەفیی جیهانی شارەزان. واتە کێشەکە دوو لایەنە. لە لایەک نووسەرانی ئێمە تەنیا حەوسەڵەی نووسینی شیعرئاسا و سیاسی و وێژەیی و ڕۆژنامەوانییانەیان هەیە و لە لایەکی ئەوانەش کە لە ناو ئێمە بایەخیان بۆ زانستە تەجریبییەکان هەیە هیچ پێوەندێکیان بەفەلسەفەوە نییە. بۆیە بۆ من حاڵی نەبوون لە تراکتاتۆس ئەو موسیبەتە گەورەیە نییە کە هەندێک لە خوێنەرانی ئەم نووسینە ڕەنگە بۆ بچن.

لە کۆتایی ئەم بەشەی نووسینەکەشم دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر تێزی، وتنی، بنەڕەتی ئەم بەشە کە ئەوەش جەختی لەوە دەکرد کە ئاوازی فەلسەفیی تراکتاتۆس بەگەرووی ڕووناکبیریی ئێمە نامۆیە. ئەم نامۆبوونەش کە دەرخستەیەکی لۆژیکیی ئەو وتارە ڕووناکبیرییەیە کە ئێمە کارمان لەسەر کردووە چەندین هۆ لە پشتەوەی بووە. بۆیە نابێ بەشێ زۆر لە خوێنەرانی ئەم باسە تەنیا لۆمەی شێوازی نووسینی تراکتاتۆس یان دارشتنی من بکەن بەڵکو پێش هەمووشتێک دەبێ لۆمەی ئەو فۆرمە ڕووناکبیری و شێوازە بکەن کە لەمێژە لە ناو ئێمە بووە بەنەریت، بەڵام نەریتێکی بێ نەریت. چونکە گشت دیاردەکان، گرفتەکان و هۆیەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕووناکبیریی ئێمە سەر بەنەریتێکی دیاریکراو نییە. ئەم لایەنەش لە دواتری نووسینەکەدا ڕوونکردنەوە و پێداچوونەوەی تری بەدوا دێ.

### ٢- ڕووناکبیریی فەلسەفی ئێمە سەر بەنەریتێکی فەلسەفیی دیاریکراو نییە

من وای بۆ دەچم ئێمە ناتوانین هیچ نەریتێکی فەلسەفی ڕەت بکەینەوە بەمانای ڕەتکردنەوە تا نەبین بەخاوەنی نەریتی خۆمان یان ئێمە ناکرێ سەرکەوتوو بین لە ڕەتکردنەوەی نەریتێکی فەلسەفی یان هزرەڤانی تا ئەوە ڕوون نەکەینەوە کە ئێمە فلانە نەریت ڕەت دەکەینەوە چونکە ئێمە نەریتێکی ترمان هەیە یان لەبەرئەوەی ئەو نەریتەی ڕەتی دەکەینەوە لەتەک نەریتی بیرکردنەوە و هزرەڤانی



ئێمەدا ناتەبا و ناگونجاوە بۆیە فلانە نەریت ڕەت دەکەینەوە. کەواتە ئێمە ناتوانین نەریتی فەلسەفی و هزرەڤانی ڕەت بکەینەوە گەر بەخۆمان خاوەنی نەریتی دیاریکراو نەبین. مەبەستم، ئێمە ناتوانین ئەمە بکەین نەک لەبەرئەوەی لە جەوهەری پەرەسەندنی ئەو نەریتە فەلسەفییە و ئەو تێزانەی ئەو نەریتە فەلسەفییەیان ڕاگرتووە نەگەیشتووین، بەڵکو لەبەرئەوەی ئێمە دەبێ خاوەن نەریتی خۆمان بین و لەو نەریتە فەلسەفییەش بگەین کە خۆمان کاری لەسەر دەکەین. لەوە باشتر بدوێم دەڵێم: مەرجە و زۆریش گرینگە ئێمە پێش ئەوەی نەریتێکی فەلسەفیی دیاریکراو ڕەت بکەینەوە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئێمە سەر بەچ نەریتێکی فەلسەفین؟ ئێمە کە نەزانین سەر بەچ نەریتێکی فەلسەفین چۆن دەشێ و دەکارین بەشداری لە هەڵوەشانەوەی (یان ڕەتکردنەوەی) نەریتی فەلسەفی دیاریکراودا بکەین؟ ئێمە چۆن دەتوانین فەزڵی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ بەسەر فەلسەفەی شیکردنەوەیی بدەین، گەر لە گشت ئاراستەکانی ئەم فەلسەفەیە بەئاگا نەبین؟ تەنانەت ناشکرێ لەو ڕەخنانەش بگەین کە فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە نەریتی فەلسەفەی کلاسیکی دەگرێ گەر بەخودی تێزەکانی فەلسەفەیی کلاسیک ئاشنا نەبین؟ بەڵام لەو پرسیارانە هەر زۆر ترسناکتر ئەوەیە ئێمە تا نەریتی فەلسەفی خۆمانمان پێ هەرس نەبێ نەک هەر ناتوانین نە نەریتی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ ڕەت بکەینەوە و نەش هی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، بەڵکو لە هونەری ڕەتکردنەوە و هەرسکردنی فەلسەفەش ناگەین. با بزانین من بۆ وا دەڵێم: من بۆیە وا دەڵێم چونکە ئێمە کە نەریتێکی فەلسەفیی دیاریکراو پووچ دەکەین، دەبێ ئەمە لەسەر بناغەی باوەڕبوونمان بەنەریتی دی بنیات بنێین. جا ئێمە کە بێ نەریت بین، چۆن چۆنی دەکارین، ئەمە بکەین؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمباتەوە سەر جەختکردن لە ڕۆڵی بێ بنەمایی ڕووناکبیریی فەلسەفیمان کە بێ زێدەڕۆیی تا بڵێی پەرت و نایەکانگیر و بێ ئامانج خۆی نیشان دەدا. بۆیە وەک سەرنجێ سەرەتا دەمەوێ لەم بەشەی باس بکەم، کە تایبەتە بەڕووناکبیری فەلسەفی ئێمەی کورد، لەوێوە دەست پێ بکەم کە ئێمە ئەگەرچی ئاگاییەکی

سیستماتیکمان لەسەر فەلسەفەی کلاسیک نییە، بەڵام بەڕواڵەت هەموو سەر بەو نەریتە فەلسەفییەین کە پێی دەوترێ نەریتی فەلسەفەی کلاسیک کە بەخۆی فەلسەفی دژە شیکردنەوەییە. کەواتە تێزی من لە بارەی ڕووناکبیری فەلسەفیمانەوە، ئەوەندەی لە جەوهەری ئەو ڕووناکبیرییە فەلسەفییە گەیشتووبێتم کە لە نێو ئێمەدا باو و زاڵە، ئەوەیە ئەم ڕووناکبیرییە پتر لە نەریتی فەلسەفەی کلاسیکەوە نزیکە تا فەلسەفەی شیکردنەوەیی بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە ڕووناکبیریی فەلسەفی ئێمە هیچ هەڵوێستەیەکی لەو بارەوە نییە. واتە وتن و قسەی لەسەر فەلسەفیی کلاسیک نییە. من مەبەستم لە وتن و قسە کاوێژکردنی ناوی هەندێ لە فەیلەسوفانی کلاسیک یان ناوی کتێبیان یاخود بەکاربردنی هەندێک گوزارەی فەلسەفی فەیلەسوفانی کلاسیک نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوە و ڕەخنەکردنی تێز و دۆکتورین (باوەڕ)ی فەیلەسوفانی کلاسیکە.

وا هەست دەکەم وتنی ئەوەی کە ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە لە فەلسەفەی کلاسیکەوە نزیکە، ئەم وتنە بەس نییە بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم چەند دێرە لە سەرجەم ناواخنی ئەم ڕووناکبیرییە بگا. چونکە ڕوونکردنەوەی ناواخنی ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە، پتر لەمە داوا دەکا. من لەو بارەیەوە هەندێ دیتن بەرچاو دەخەم کە ئامانجی سەرەکیم تێیدا ڕاڤەکردنی ئەو تێزەیە کە ڕووناکبیری فەلسەفی ئێمە لە فەلسەفەی کلاسیکەوە نزیکە بێ ئەوەی هیچ هەڵوێستەیەکیشی لەو ڕووەوە تۆمار کردبێ. کێشەی سەرەکیی ئەم تێزە ئەوەیە کە ڕووناکبیرانی کورد بەخۆیان دەرکیان بەوەنەکردووە، ئەوە فەلسەفەی کلاسیکە ئەمان هەوادارین یان کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە، نەک فەلسەفەیەکی تر. واتە و بەکورتی کەسی ڕووناکبیری کورد خۆی نەیزانیوە ئەوە نەریتی فەلسەفەی کلاسیکە ئەم لێوەی نزیکە. ئەم بێ ئاگاییەی ڕووناکبیری کوردیش، دەشێ بەمجۆرەی لای خوارەوە ڕوون بکرێتەوە.

بەپێی ئەو نەختە ڕاوەستانەی لاپەڕەکانی لای سەرەوە بێ کە لەسەر ئەو نەریتە فەلسەفییە ڕاوەستام کە پێی دەڵێن فەلسەفەی ڕۆژئاوا، جا ئەوە



فەلسەفەی شیکردنەوەیی بێ یان کۆنتنێنتاڵ، بەباشی دەزانم بۆ ئەوەش بچم، کە ڕەنگە بەشێک زۆر لە خوێنەری ئەم باسەش هاوکۆک بن لەتەک ئەوەی بۆی دەچم، کە ئێمە هیچ شتێک لەگەڵ نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی، بەتایبەت ئەوەی پێی دەڵێن نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، یەکمان ناخاتەوە. ئەم یەکنەخستنەوەیە تەنیا پێوەندیی بەوەوە نییە ئێمە پسپۆڕمان لەم بوارە نییە بەڵکە پێوەندیی بەوەشەوەیە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئێگزیستێنسیالیزیشمان پێوەندیی بەم فەلسەفەیەوە نییە و بگرە زۆریش دوورە لێوەی.

سەرباری ئەوی وترا دەڵێم، بەخۆی فەلسەفەی شیکردنەوەیی کە مانای بۆ گەشەی زانست و تەکنیکی نوێ هەبووە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی هەنووکەشی بەتەواوەتی گۆڕیوە. بەڵام ئەم فەلسەفەیە لای ئێمە بەو جۆرە نەناسراوە لە لایەک و ئەو باوەڕەشمان لەسەر فەلسەفە نییە کە بکارێ ئاوا خێرا و توند کۆمەڵگا بگۆڕێ. لەوە هەرەشاویتر ئەوەیە زۆربەی وتنە سەرەکییەکانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی بەفەلسەفەی کلاسیکەوە تایبەتە، بەڵام کلاسیک بۆ ئێمە لە چەند لاپەڕەیەک پێک دێ و هیچی دی. بەواتایەکی تر، نزیکبوونەوەی ئێمە لە فەلسەفەی کلاسیک شێوەیەکی سیستماتیکی وەرنەگرتووە و، هەروەها نزیکبوونەوەی ئێمە لەم فەلسەفەیە تەنیا لە فۆرمی حەز، حەزێکی فەلسەفی هەرەمەکیدا خۆی بینیوەتەوە. ئەم حەزە کە پێوەندی بەدێرینی و بڵاوی ئەم جۆرە فەلسەفەیەوە هەبووە تا ئێستاش لە ناو ئێمە دەستڕۆیشتووە بەڵام ئەم دەستڕۆیشتوویە ئەوەی بەرهەمی هێناوە ئەوەندە بایەخدار نییە و شایانی بۆ نموونە خستنە بەرباس نییە. لەم سەرنجە گرینگتر ئەوەیە، هۆی ئەم نزیکبوونەوەیە ناشێ و ناکرێ بەوەوە گرێ درێ کە ئێمە پسپۆڕێکی زۆرمان لە بواری فەلسەفەی کلاسیکدا هەبووە چونکە ئێمە لە ڕاستیدا تا ئێستا پسپۆڕمان لەم بوارەدا و، بەگشتیش لە بواری فەلسەفە، نییە. بەڵام ئەوەی ئێمە لەبری ئەوە لەسەر ئەم بەشە فەلسەفییە، یان بەگشتی تایبەت بەفەلسەفە، هەمانە زانیاریی فەلسەفی پچڕ پچڕ و پەرت و سەرپێییە. ئەو نەختە نووسینە فەلسەفییەش کە تا ئەوڕۆ نووسراوە کەسانێ نووسیویانە

کە حەزیان لە فەلسەفە کردووە. واتە لەم بەینەدا فاکتەری""هەستی حەز لە فەلسەفە"" لە ناو ئێمە وەک لە هەر فاکتەرێکی تر زۆرتر کاریگەرتر بووە. ئەڵبەتە ئەم حەزەش هەمیشە لە دەور و خولی باس و خواسەکانی فەلسەفەی کلاسیکدا خولاوەتەوە. ئەوەی واش لە من دەکا باوەڕم بەو بۆچوونە هەبێ کە فاکتەری ""حەز لە فەلسەفە"" لە پشت زۆربەی نووسینە فەلسەفییەکانمانەوە بووە و ئەو حەزەش پتر لە فەلسەفەی کلاسیکەوە نزیک بووە و ئەو حەزەش نووسینهای پەرت و بێ ئامانج و تێکەڵ و پێکەڵی دروست کردووە، ئەوەیە کە نووسینەکان ناسنامەیەکی دیاریکراویان نییە و ناشتێ لە ژێر بنمیچی ئاراستەی دیاریکراوی فەلسەفیدا کۆ بکرێنەوە. نووسینەکان کە بەگشتی بەهەناسەیەکی کورت و شێوازێکی پەرت و زێدە تێکەڵ نووسراون نە یەکێک لە تێزەکانی فەلسەفەی کلاسیک هەڵدەوەشێننەوە و نەش گەشە بەتێزێکی دیاریکراوی ئەو جۆرە فەلسەفەیە دەدەن. ئەوەی زۆر جێی تێڕامانە لەم حاڵەتەدا، واتە لەگەڵ ئەو بایەخە پچڕ پچڕ و بێ مێتۆدەی بەباس و خواسی فەلسەفەی کلاسیک و، بەگشتی بابەتی فەلسەفی و ناوی بیریارانی ئەم فەلسەفەیە دراوە، ئەوەیە کە لە پاڵ بایەخدان بەفەلسەفی کلاسیک لەم چەند ساڵەی دوایی جۆرە ڕووناکبیرییەکی فەلسەفیی شێواو و بێ مەرام خۆی لە نێو خەڵک باو و گشتی کرد کە ئەوەش بەزۆری بریتی بوو لە گۆکردنی واتا و ناوی بەشێک لەو بیریارانەی سەر بەفەلسەفەی کۆنتنێنتاڵن (شتراوس، فوکۆ، دێریدا، دولۆز، بارت، لیوتار، هابرماز و هتد لە بریارانی تر). من زۆر بەباشی دەزانم، چۆن و بۆ ئەمە ڕووی داوە، بۆیە لەم ڕووەوە و لای خوارەوە باس لە چەند ئارگومێنتێک دەکەم و ئەو ئارگومێنتانەش لەم ڕووەوە پشتیان پێ دەبەستم ئەمانەن:

یەکەم، ئەم فەلسەفەیە، واتە کۆنتنێنتاڵ، لە ڕووی شێوازی داڕشتنی کێشە فەلسەفییەکان و بۆچوونی بۆ گەلێک لە پرسیارە فەلسەفییە ئەبەدییەکان، زۆر لە فەلسەفەی کلاسیکەوە نزیکە، بۆیە زۆر ئاسایی بووە کە ئەم جۆرە فەلسەفەیە پتر لە فەلسەفەی تر لە ناو نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد یان لە ناو



هەوادارانی فەلسەفە بڵاو بێتەوە. دووەم، فەلسەفەیەکی کۆنتنێنتاڵیش کە بووە بەمیوانی نووسەرانی کورد دیسانەوە هەر لە ئاکامی پسپۆری و جۆرە ڕووناکبیرییەکی سیستماتیکی ئەکادیمییەوە نەبووە، بەڵکو هەروەک هەموو کاتێک لە ئەنجامی کاریگەریی نووسین و وەرگێڕانێکی بێ بەرنامە و پەرتی نووسەر و وەرگێڕانی فارس و عەرەبەوە بووە. واتە لە ڕێگەی ئەوی ئەوان لە ژێر کاریگەری ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا نووسیویانە یان ئەوی ئەوان وەریانگێڕاوە. ئەو وەرگێرانانەش بۆ ئەم وەرگێڕە عەرەب یان فارسانە حەزی شەخسی و مەبەستی فەرهەنگیی لە پشتەوە بووە. واتە وەرگێڕێ لە جیهانی عەرەبی، جا لە مەغریب بێ یان لە لبنان، کە بارت یان دێریدای وەرگێڕاوە زۆر جار لەبەرئەوە بووە کە ئەم وەرگێرە یان حەزی لە تێکستی ئەو بیریارانە بووە یانیش لەبەرئەو ەبووە کە ئەم وەرگێرە ئەو جۆرە تێکستانەی وەرگێڕاوە چونکە تێکستی ئەو بیریارانە بازاڕی لە جیهانی عەرەبی گەرمە و ئەو وەرگێڕە بۆ فرۆشتنی ئەو وەرگێڕاوە کێشەی فرۆشتنی بۆ نایەتە پێش و، سێیەم، تا ڕادەی گشت ئەوەش پێی دەڵێین فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە جیهانی عەرەبی بریتی کراوە لە نووسینی فەلسەفی چەند بیرمەندێ کە ئەوانەش لە کۆتاییدا کۆنتنێنتاڵەکانن بەتایبەت ئەو بەشەی فەرەنسین و یان ئەو بەشە فەرەنسییەی لە ناو فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و جیهان ناویان هەیە (لەوانە فوکۆ، دێریدا، شتراوس، بارت، کریستیڤا) و، چوارەم فەیلەسوفانی کۆنتنێنتاڵ کە گەلێ لایەنی فەلسەفەی کلاسیک لە فۆرمی دیدا دادەڕێژنەوە و بەشێکی زۆریش لە تێز و پرسیارە سەرەکییەکانیشیان هەڵدەوەشێننەوە و لە ئاستێکی تردا وەبەری دێننەوە لە ناو ئێمە و ئەو گرووپە ئیتنییانەی ئێمە پێیانەوە گرێ دراوین، وەک خۆی و وەک یەک کاریگەر نەبووە. پرسیارەکە لێرەڕا ئەمەیە: کارکردەی ئەوە چییە؟ هەروەها بۆچی ئەو فەلسەفەیەش کە لە نێو ئێمە زۆر باو و گشتی بووە لە کۆتاییدا هەروەک فەلسەفێ ناکاریگەر ماوەتەوە؟ هۆی ئەوە بەگشتی ئەوەیە ئێمە نەریتی فەلسەفیی دیاریکراومان بۆ خۆمان دابینەکردووە. دەلیلیشم لەسەر ئەوە خودی کارکردنی فەلسەفەی شیکردنەوەی و فەلسەفەی

کۆنتنێنتاڵە لە نێو نەتەوە و یان نەریتە جیاکان. بۆ زێدە ڕاڤەکردنی ئەمەی وتم دەڵێم: فەلسەفەی شیکردنەوەیی کە نەریتی ئەنگلۆساکسۆنییە (ئینگلیزی زمانە) بەڵام لە دەرەوەی ئیمپراتۆری زمانی ئینگلیزیش توانیویەتی گەرا دانێ و نووسەر و بیرمەندانی غەیرە زمانیی ئینگلیزیش لە خۆی کۆ بکاتەوە. ئەوەتا کاریگەریی ئەم فەلسەفەیە لە شوێنێ وەک پاریس یا مۆسکۆ یاخود ڕۆما یان ستۆکهۆڵم تا بڵێی دیارە کە هەریەک لەو شوێنانە بەخۆیان سەر بەگرووپێکی زمانیی جیان. ئەمە و فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵیش تا بڵێی شوێنی بۆ خۆی لە نێو زمانەکانی تر و کۆلێژەکانی زانکۆکانی باکوری ئەمەریکا و ئەسکەندەنافیا و ئەوروپای خۆرهەڵاتدا دۆزیوەتەوە. ئەمە و جگە لەو کاریگەرییەی ئەم دوو نەریتە لە دەرەوەی شارستانیی ڕۆژئاوا و لە ناو کولتوورە غەیرە ئەوروپاییەکانی وەک ئاسیا، ئەفریقا و وڵاتانی جیهانی عەرەبی–ئیسلامیش هەیانە. بەڵام لە گشت حاڵەتەکاندا شتێ هەیە پێی دەڵێن نەریتی فەلسەفی و کولتوور و زمانی خۆ کە ئەمانە پێکەوە گرێ دراون و لەگەڵ ئەو کاریگەرییەش دەژین کە دواتر کار دەکاتە سەریان. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە نموونەیێ دێنمەوە. لە ئەسکەندەنافیا (سوید، فینلاند، دانیمارک و نەرویج) ئەگەرچی چوار زمانی جیا بوونی هەیە بەڵام کولتووری ڕۆژئاواییش زاڵە و نەریتی دیاری فەلسەفیش تا بڵێی کاریگەرە کە بەشێکی سەر بەنەریتە گەورەکەیە واتە ڕۆژئاوایی و ئەوی تریشی بەرماوەی داوونەرێت و خەسڵەتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی باکور (واتە ئەسکەندەنافیا) خۆیەتی بۆیە کاتێ کە بیرمەند و ڕووناکبیرانی ئەسکەندەنافیا سەرگەرمی فەلسەفەی شیکردنەوەی یان فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ دەبن ئەو شتانەی باس کرا (زمان، کولتوور و نەریتی فەلسەفی) پێکەوە لەیەک کات لەم پرۆسەی سەرگەرمبوونە کاری خۆی دەکا بۆیە نە باکور (واتە ئەسکەندەنافیا) دەکارێ بەئاسانی لە بنیاتە شارستانییە ئەوروپایەکەی خۆی دابردرێ و نەش دەکارێ بکەوێتە دەرەوەی باکوریەتی خۆیەوە. تەنانەت ئەمە (واتە زمان، کولتوور و فەلسەفە) لە جیهانی عەرەبی– ئیسلامیشدا مانای خۆی هەیە. ئەوەتا ساڵانێکە ڕووناکبیر و نووسەرانی جیهانی عەرەبی خەریکی



دەمەوەردانن لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ بەتایبەت ئەو بەشەی سەر بەزمانی فەرەنسییە بەڵام ئەو دەمەوەردانە تا ئێستا بەتەواوەتی یەکلا نەبووەتەوە چی لێ بەرهەم هاتووە و، ئەوەش ڕوون نییە ڕووناکبیرانی جیهانی عەرەبی دەیانەوێ چ نەریتێک هەڵگرنەوە، چ نەریتێ بکەن بەبناغە بۆ لەمەولا و یان لە ئاکامی ئەم دەم لێ وەردانە دەیانەوێ چ جۆرە وتارێ ڕووناکبیری دارێژن. بەڵام گشت ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە دوو دەنگی زۆر بەهێز لە جیهانی عەرەبی لە پشت گشت کاریگەرییە ڕووناکبیرییەکانەوەیە. هێزی یەکەم بەگشتی کار بۆ ئەوە دەکا کە بۆ گۆڕاننانەوە لەسەر ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی– کولتووری و هەروەها بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەوی پێی دەڵێن ""نەریتی خۆمان"" سوود لە ڕووناکبیری و فەلسەفەی ڕۆژئاوا وەرگیرێ. ئەم گرووپە کە کێشەی جۆراوجۆریان هەیە تەماشاکردنێ کراوە و ئاچوختریان لە هێزی دووەم بۆ شارستانیی ڕۆژئاوا و نەریتی خۆیان هەیە. ئەم گرووپە کە لە هەندێک کۆنە چەپ، ئەو ڕووناکبیرانە پێک دێن کە ساڵانێک لە هەندەران ژیاون یان خوێندوویانە تا ئەو پەڕی داکۆکی لە هزر و بیرمەندی ڕۆژئاوای دەکەن. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم گرووپە یان هێزی یەکەم لە چەند توێژ و تاقمێ جیا پێک دێن بۆچوونەکانیان بۆ پێکهاتەی شارستانیی نوێی ڕۆژئاوا و ڕابردووە مێژووییەکەی ئەم شارستانییە وەک یەک نییە. ئەمەو خودی تێکستە ڕۆژئاواییەکانیش لەبەرئەوەی جیان، واتە بەرهەمی چەند گەروویەکی فەلسەفی و ئاوازێکی هزریی جودان کاریگەرییان لەو ڕووەوە بەسەر بیر و هزری ڕۆشنبیر و نووسەرانی جیهانی عەرەبیشەوە جیاوازانە جێ هێشتووە. مەبەستم کاتێ بیرمەندێ ڕۆژئاوای داکۆکی لە جیهانگیری دەکا و ئەوی تر بەپەتای گەورەی لە قەڵەم دەدا، یان کاتێک بیرمەندێک پشتگیری لە شارستانیی تازە ڕۆژئاوا دەکا و ئەوی تر تازەی ئەم شارستانییە بەناتەبائامێز و پارادۆکسال دەشوبهێنێ، هەموو ئەمانە مانایان بۆ گۆڕینی تەماشاکردنی مێژوویی، سیاسی و کولتووریی ڕووناکبیرانی هاوچەرخی عەرەبی دەبێ و ئەم گۆڕینەش جیاوازی و ناجۆری دەخەنە دیتن و

تێگەیشتنی ڕووناکبیرانی عەرەبەوە. بەڵام هەرچی هێزی دووەمە کار بۆ ئەوە دەکا کەڵک لە بیری ڕۆژئاوا تا ئەو ئاستە وەربگرێ کە کەلەپوور و نەریت و زمان و ئاین بێ زەرەر لەم هاوکێشەیە دێتە دەر. کەواتە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی پێی دەڵێن کولتوورر و فەلسەفەی عەرەبی–ئیسلامی و نەریتی کۆنی باو و باپیران و بەرژەوەندی نیشتمانی بۆ ئەم گرووپە بەپلەی یەک دێ.

گرووپی دووەم کە دەمەدەمی و ڕاران و، بگرە بەرامبەر بەشارستانیی ڕۆژئاوا داخ لە دڵیشن، زۆر دڵیان بەکولتووری ڕۆژئاوا ناکرێتەوە و تەنانەت جێی متمانە و ئومێدیشیان نییە. بەڵام ئەوەندەی لەم گرووپی دووەمە گەیشتووم، چونکە بێچووی لە ناوچەکانی ئێمەش داناوە، ئەم گرووپە پێی ناکرێ پشت لە ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەم ڕۆژئاوایەی ئەمڕۆ، بکا ئەگەر نا هیچ وەخت ئەم گرووپە دانووی لەتەک کولتوور و شارستانیی ئەوەی پێی دەڵێن ڕۆژئاوا، کە بۆ ئەم کولتوور و شارستانیی ناوبراو کولتوور و شارستانییەکی مەسیحی–جوو دەگەیەنێ، ناگونجێ و نەگونجاوە. هۆی ئەوەش زۆرە، ڕەنگە بەشێکی، کە خراپ نییە ئاماژەی پێ بدرێ، ئەمانەی لای خوارەوە بن:

گەلێک لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی عەرەبی، ئەڵبەتە هی خۆشمان، پێیان وایە کە ئەوە ڕۆژئاوایە جیهانی عەرەبی–ئیسلامی بەو تەنگەتاوییە گەیاندووە، واتە دیاردەگەلێکی وەک هەژاری، بێکاری، نەخوێندەواری و ستەم و جەوری کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە وڵاتانی ناوبراودا وەک هەوا زۆرن، بوونیان دەکرێ بەلۆمە و دەدرێنە پاڵ ڕۆژئاواوە. خۆی ڕاستە و پێم واشە ڕۆژئاوا لە ڕووی مێژووییەوە تاوانی کردووە و تا ئێستاش درێغی ناکا، بەڵام ئەو هێزانەی بەبۆچوونی من لە ڕۆژئاوا هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی ئەو درێغییە یان ئەو تاوانانە دەدەن، ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندان. خۆی ئەمەشە ئەوەی ڕۆژئاوا لەوی تر جیا دەکاتەوە، ئەو ڕۆژئاوایەی لە چەندین تەوژم و ئاراستەی ناکۆک و دژ و ناهاوشێوە پێکهاتووە. بەڵام ئەوەی تەنیا لۆمەی شارستانیی دیاریکراو بکەی و لە هەمان کاتیشدا هیچ بۆ شارستانیی خۆت، نەک هەر ئەوی تر، نەکەی ئەمە تراژیدیایە و لەم جۆرە تراژیدیایەش لە دەرەوەی ڕۆژئاوا ئەندازیاری



بەسەرەوە دەکرێ. مەبەستم پیشەی گرووپ و کەس و بزاڤە توند و داخ لە دڵەکان هەمیشە لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە نەحلەتی ڕۆژئاوا بکەن. ڕۆژئاوا ئەو بیانووەیە کە هەمیشە دەگیرێ. ئەم کەس و گرووپ و بزاڤانە ئەوەندەی خەیاڵیان داوەتە ڕۆژئاوا چارەگی ئەوە خەیاڵیان نەداوەتە خۆیان. مەبەستم باشکردن و چاککردنی خودی خۆیان. واتە ئەوەی ببن بەهێزێ باش و کار بۆ گۆڕینی نەک هەر کۆمەڵگەکانیان بکەن بەڵکو کار بۆ گۆڕین و باشترکردنی ژیانی ئەوی تریش بکەن کە زۆر ئاساییە، ئەم ئەوی ترە ناموسڵمانێک بێ یان ئەوی تری نارۆژهەڵاتییەک بێ. بەڵام گرفتی ئەم هێزە کە تەنیا و تەنیا بۆ نەریتی خۆی دەگەڕێتەوە، نەبووەتە نەک هەر شوێنی متمانەی ئەوی تری غەیرە موسڵمان یان نارۆژهەڵاتی بەڵکو نەبووەتە جێی متمانە و باوەڕی کۆمەڵگاکەی خۆشی. دیاردەیەکی تر کە شایانی باسکردنە ئەوەیە کە ئەو حەساسیەتە مێژووییەی لە نێوان جیهانی عەرەبی– ئیسلامی و ڕۆژئاوا هەیە، کە بەشێکی زۆری بەرهەمی تاوانە مێژووییەکانی ڕۆژئاوایە، دەرهەق بەجیهانی عەرەبی ــ ئیسلامی، کارێکی وای کردووە، ڕۆژانە ئەو حەساسیەتە بژیێتەوە. ڕووداوە سیاسییە ڕۆژانەکانیش کاردانەوەی خۆیان بەسەر ئەو حەساسیەتەوە هەیە و کارێکی واش دەکەن، برین و زەخمە مێژوویی و سیاسییەکان بۆ هەمیشە سارێژ نەبنەوە. هاووڵاتییانی جیهانی ناوبراویش (مەبەست جیهانی عەرەبی–ئیسلامییە) کە لە ئاست دڕندەیی و ستەمگەرایی ڕژێمەکانیان زۆر بێ دەسەڵات و بێ توانان تەنیا شتێک پێیان بکرێ ئەنجامی بدەن دژایەتیکردنی ڕۆژئاوایە، جا ئەوە بەئاشکرا بێ یان بەنهێنی. قاعیدەش لەم بەینە بەرهەمێکی نەزۆک و بەدی ئەو ناحەزی و داخ لە دڵییە کە لە گشت دەرەوەی شارستانیی ڕۆژئاوا لە نەشونمای بێ تخووبدایە دژ بەڕۆژئاوا. بگرە قاعیدە نموونەی دەقاودەقی ئەو دژایەتی و حەساسیەتە مێژووییەشە کە ئاینەکان لەتەک یەکدا هەیانە. مەبەستم قاعیدە زمانحاڵی ئەو حەساسیەتە مێژووییە و نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو ڕق و داخەشە لە دەروونی گشت کەسێکی غەیرە ڕۆژئاواییدا کۆ بووەتەوە. بەڵام فەلسەفەی قاعیدە لەوێڕا بەتاڵ دەبێتەوە کە هەوادارانی

لەوە بەئاگا نین کە ئەمڕۆ ڕۆژئاوا ئاینێکی نوێی هەیە، کە ئەوەش تەکنیکە. ئەم ئاینە نوێیە کە توانیویەتی گشت شارستانیی ڕۆژئاوا یەکبخا و ئەو ڕوانینەش لە نێو خەڵکدا بچێنێ کە ئامادە نییە باوەری بەکۆنفلیکتی ئاینی هەبێ و، ئەمەو ئەم ئاینە نوێیە کارێکی ئەوتۆشی کردووە، دانیشتوانی ئەو وڵاتانە لەوە بخا پێیان وابێ ئەوە ئاینە گۆڕانە گەورەکان دروست دەکا. ئاینی تازەی ڕۆژئاوا کە تەکنیکە جەمسەرێکی زۆری بۆ خۆی دابین کردووە کە ڕەنگە پارە و سێکس بەرچاوترینیان بێ کە بێ سڵەمینەوە ئەم دوو شتە (واتە پارە و سێکس) ڕۆحی ئەو شارستانییە تەکنیکاوییە نوێیەش پێک دێنن کە ڕۆژئاوای تازە بۆ خۆی مسۆگەری کردووە(٦٤). ئەم جەمسەرانەش لە نێو هەردوو گرووپەکەدا تێگەیشتنێکی باشی لە بارەوە نەوتراوە و کۆنفلیکتی نێوان ئەم دوو گرووپەش (یان ئەو دوو هێزەی لای سەرەوە باس کرا) لە ناوچەکانی ئێمە، هێندە ئاشوباوی و دژە تێگەیشتنێکی ماقووڵ و بەسوودی لەسەر شارستانیی ڕۆژئاوا تا هەنووکەش بەرجەستە نەکردووە و، گەر شتێکی جیاش لە دەرەوەی ئەم دوو گرووپە بشێ لە سەوزبووندا بێ جارێک ڕوون نییە دەیەوێ چ ڕێسایەک بۆ وتن لەسەر خۆی و ئەوی تر بێنێتە پێشەوە. من دەزانم و دڵنیام بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و جار جارە لووتبەرزییەکەشی لە لایەک زیانێکی زۆری لە خودی ڕۆژئاوا داوە و لە لایەکی تریش ئەمە کارێکی واشی کردووە گەردەلوولئاسا ناوچەکانی ئێمە بەو بۆچوون و دیتنانە گەمارۆ درێ کە پێی دەوترێ دژە ڕۆژئاوایی (دەربڕینی ئەنتی ئەورووپاییم پێ باشترە). ئەمەش دیسانەوە خراپکاری و گرفتی لێ سەوز دەبێ. چونکە تەوژمی ئەنتی ئەورووپایی لە بەردەم زەبەلاحیی ئەورووپا هیچی پێ ناکرێ و بگرە ڕوخساری ڕۆشنبیری و هزری و کولتووری ئەو ناوچانەش پێی دەڵێن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بەشێک لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیی تێ دەکەوێ، لەکەدار دەبێ.

هەروەک لە سەرەوەش وتم لەبەرئەوەی هەستی دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا لە ناوچەکانی ئێمە زۆر کۆنە و حەساسیەت و دووبەرەکایەتی و ناحەزییەکی دێرینی ڕەش و ڕقاویشی لە پشتەوەیە، جا ئەوە لە ناو کوردان بێ یان عەرەبان



یاخود فارس و تورک، بۆیە ئەو هەستە دەتوانێ هەردەم سەرلەنوێ بژێیتەوە و توانای خۆ تازەکردنەوە و خستنەوەی بێچووی سەیر سەیریشی هەیە. یەک لەو شتانەش کە دراوسێکانی کورد بێ سڵەمینەوە و ڕاڕایی ئامادەن دەست بەدەست لەتەک کوردا کاری بۆ بکەن دژایەتیکردنی ڕۆژئاوایە. بۆیە ئەمڕۆ کەسێک بەمەبەستی دروستکردنی گرووپ و تاقم بیەوێ ڕوو بکاتە یەکێک لەو پایتەختانەی وڵاتانی دراوسێی کورد تا ئەوپەڕی ئەو کەسە کۆمەک دەکرێ و گشت شیاوییەکیشی لە بەردەم بۆ دادەنرێ. هەروەک وتم ڕابردووی ڕۆژئاوا لەم ڕووەوە بەرپرسیارە بەڵام ئێستاشی زۆر گەشاوە و ڕوون نییە. ئێستای ڕۆژئاوا کە لە بازاڕێکی لێوانلێو لە بیرۆکەی پارەپەرستی، یان پارە پەیداکردن، پێکهاتووە، ناکارێ ئەو وێنانە بسڕێتەوە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم لە تێگەیشتنی کەسی غەیرە ڕۆژئاواییدا دروستیان کردووە و ئێستاش پۆست کۆلۆنیالیزم و جیهانگیری دروستی دەکەنەوە. ئەو چەند بیرمەند و ڕووناکبیرە بەهەست و بەویژدانانەش کە لەم ساڵانەی دوایی لە ڕۆژئاوا دەستیان دایە ڕەخنەکردنی زانین و زانیاری و ڕەوشت و عەقڵی شارستانیی کۆن – نوێی ڕۆژئاوا سەرئەنجام زۆربەیان بەنەخۆشیی کانسێر (سەرەتان) سەریان نایەوە یان بەڕێگەوەن کە بەو جۆرە سەر بنێنەوە.

بۆ پوختەکردنەوەی ئەوی لای سەرەوە وتم و بۆ پێداگیری لەسەر تێزە سەرەکییەکەم بەباشی دەزانم لەو دەرئەنجامەوە دەست پێ بکەم کە بەمجۆرە خۆی بەیان دەکا: لەبەرئەوەی تا هەنووکە لە بێ نەریتی فەلسەفی کات بەسەر دەبەین ناکارین و ئەستەمە بتوانین تەنیا لە ڕێگەی وەرگێران نەریتی فەلسەفی دیاریکراو بۆ خۆمان قووت بکەینەوە. ئەوەش کە هەر زۆر نارێک و هەڵەیە و یارمەتیمان نادا ئەو نەریتە دروست بکەین ئەوەیە کە پییێمان وابێ لە ڕێگەی نووسینی مێژووی و ئەدەبی (وێژەیی) و ڕۆژنامەوانییەوە بکارین فەلسەفە بهێنینە سازاندن. گشت ئاماژەکانیش ئەوە ڕوون دەکەنەوە هەستی ناسیۆنالیمان هەر هێندەی بیری ئاینیمان لەم ڕووەوە کاریگەر بووە. چونکە ئێمە وتاری سیاسیمان پەرت و نایەکانگیر و بێ ئایندەیە و بەهەڕەشەی

هێرشی لەشکریی یەکێک لە دراوسێ ناحەزەکانی کورد سەرلەبەر کۆم دەبێتەوە. بیری ئاینییش کە ئەمڕۆ لە جیهاندا ناخۆشەویست و گومانزایە، ئەستەمە بۆ ئێمە ئاوا بەئاسانی و بەپەلە ببێ بەمۆڵگەی دانایی. ئەمەی وترا سەرئەنجامێکی هیچەگەرایی ئەو چەند دێرەی سەرەوە نییە کە دەیەوێ پێی بگا، بەڵکو کۆششە بۆ ڕوونکردنەوەی تاڵییەک (تفتییەک) کە خۆمان لە چاندنی بەرپرسیارین. بۆ ئەوەی زێدەتر بێمە نێو ئەو تاڵییەوە و ئەوەش یەکلای بکەمەوە کە ئەم چەند لاپەڕەیە وەدووی هیچ دەرخستەیەکی هیچگەرا وێڵ نییە، بەباشی دەزانم بۆ زۆرتر ڕوونکردنەوەی مەرامی سەرەکیی ئەو تێزەی لە لای سەرەوە پێم لەسەر داگرت، کە ئێمە سەر بە نەریتیکی دیاریکراوی فەلسەفی نین و بەڵکو بەرهەمهێنەری تێکساگەلێکی بێ هیوا و بێ تێزین، دەمەوێ دیققەتی خوێنەری ئەم نووسینە، بۆ ئەوەش ڕابکێشم کە کەم لە ئێمە دەتوانێ سڵ لەوە بکاتەوە کە فەلسەفە لە ڕۆژئاوا لەوە کەوتووە بەوەڵامدانەوەی پرسیارە ئەبەدییەکانەوە سەرقاڵ بێ، ئەو پرسیارانەی لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەوە وەڵامی تەواوەتی و گونجاو و باوەڕپێکراوی خۆیان وەدەست نەهێناوە. پرسیارەکان کە هێندەی تەمەنی فەلسەفە کۆنن، بەرە بەرە بەبەرەوە کێشەی نوێتریان لە بەردەمدا قووت بووەتەوە و لە لایەکی تریش بەهۆی گەشەی ژیانی مرۆڤیشەوە فەلسەفە کەوتووەتە بەردەم پرسیاری نوێترەوە کە لە بناغەدا زۆر ئاڵۆز و نائاساییین. بەڵام ڕەفتاری هەڵەئامێزی نووسەرانی کورد لەتەک فەلسەفە، فەلسەفەی زۆر چکۆلە و بێ ئامانج و بێ مەبەست کردووە. ئەمە وەکی تر کارێکی واشی کردووە، هەوادارانی فەلسەفە لە ناو ئێمە پەی بەو شکستیانە نەبەن کە فەلسەفە لەم چەند دەیەی دواییدا دووچاری بووە. هەر بۆ نموونە گەر کێشەی بنەڕەتیی فەلسەفە یان بیری فەلسەفی لە ڕۆژئاوا، تا هەنووکەش، لە بیرۆکەی خۆ پاککردنەوە لە بیری میتافیزیک خۆی قەتیس کردبێ، ئەوا بیری فەلسەفیی ئێمە، پێش خۆ پاککردنەوەی لە میتافیزیک، کە وەکی تری ئەم دیاردەیە بووە بەکێشەیەکی جیهانی، دەبێ خۆی بەوەوە سەرقاڵ بکا ببێ بەبیر، بەڵام بیرێ فەلسەفی. واتە بیرێکی ستاندارتی فەلسەفی کە





گشت خەسڵەتەکانی بیری فەلسەفیی تێدا بەدی بکرێ. با بزانین من بۆ وا دەڵێم؟ من بۆیە وا دەڵێم، چونکە پێم وایە، ناشێ مرۆڤ پێی وابێ بەزەبری زۆر نووسین و لە بارەی گشت شتێکەوە نووسین، فەلسەفە دەنووسێ (یان فەلسەفە دەکا). ئەم تێگەیشتنە، موخابن، کە زۆر هەڵەیە کاریگەریی خۆی، بەسەر بەشێک لە نووسەرانی کوردەوە هەیە. چونکە ئەوەی مرۆڤ تەنیا و بەس ئامانجی ئەوە بێ بنووسێ ئەمە جیایە لەوەی مرۆڤ بەهۆی نووسینەوە بیەوێ فەلسەفە بکا. فەلسەفەکردن جیایە لەوەی مرۆڤ تەنیا نووسین بەرهەم بهێنێ[٦٥].

بۆ ئەوەش دەچم ئەو شێوە دیتنەی لای سەرەوە خستمانە بەرباس، دەشێ بەمجۆرەش داڕێژرێ: بوونی نووسینی ئاوەڵناوئامێز و پڕ لە وشەی وێژەیی نیشانە نییە لەسەر بوونی نووسینی فەلسەفی. بۆ ئەوەی ئەم لایەنە وردتر شی بکەمەوە بەپێویستی دەزانم ئەوە وەبیر بخەمەوە کە لە هەندێ نووسینی ترم ئاماژەم پێ داوە واتە ئەوەی کە نووسینی نا-فەلسەفی لە نێو ئێمە لە لووتکەدایە. ئەم جۆرە نووسینە، واتە ئەو نووسینەی کە فەلسەفی نییە، ئەمەش نەک بەڕواڵەت بەڵکو کێشەکەی ئەوەیە کە ئەو نووسینە خەسڵەتەکانی نووسینی فەلسەفی تێدا بەدی ناکرێ. چۆنیش نووسینێکی فەلسەفی، دەبێ بەنووسینی نا-فەلسەفی گەلێ هۆ هەیە لەوانە: ئەو نووسینە سەر بەو دیسپلینە نییە کە پێی دەوترێ فەلسەفی لە لایەکی تر. هەروەها لە لایەکی تر میکانیزمی ئەو نووسینە لە بنڕا دژی گشت ئەو هەوڵە سیستماتیکییەشە لە نووسیندا هەیە، جا ئەوە فەلسەفی بێ، یان شتێکی تر (مێژوویی یان کۆمەڵناسی بۆ نموونە). لەو دوو خاڵە سەرەکیتر نووسینی نا-فەلسەفی هیچ ناڵێ و بێ ئامانجی تاکە شتێکە کە ئەو نووسینە سەرئەنجام سەرگەردانیەتی. ئەوەش کە نووسینی نا-فەلسەفی دەکرێ پتر ڕوون بکاتەوە، پێم وایە خودی باسە لە نووسینی فەلسەفی. چونکە نووسینی فەلسەفی ئەو نووسینەیە کە ماهیەتێکی فەلسەفیی هەیە. باشە چۆن نووسین ماهیەتیی فەلسەفیی دەبێ؟ ئەمە ڕەنگە بۆ خوێنەری ئەم باسە ڕوون نەبێ. من لای خوارەوە نەختێ دێمە

سەر ئەم لایەنە و پاشان دێمە سەر لایەنێکی تر دی کە پێوەندیی بەڕۆڵی نووسینە فەلسەفییە کوردییەکانەوە هەیە لە بچووککردنەوەی تیۆری و گفتوگۆ فەلسەفییەکان. بۆ ئەوەش ڕاستی و نهێنیی ئەو لایەنانە ڕوون بکەمەوە، کە زەمینە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە خۆش دەکەن، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە بۆ ئەوەی نووسینی فەلسەفی بناسینەوە، گرینگە نووسینی فەلسەفی پێشوەخت بوونی هەبووبێت. ناسینەوەی نووسینی فەلسەفی بەمانای ئەوە نایێ دەمەوێ بەراوردێک لە نێوان نووسینی فەلسەفی و نا–فەلسەفیدا ئەنجام بدەم، بەڵکو وای بۆ دەچم، بۆ ئەوەی نووسینی نا–فەلسەفی بناسینەوە دەبێ پێشوەخت پێناسەمان بۆ نووسینی فەلسەفی هەبێ. ئەم پێناسەیەش لە خۆیدا یارمەتیی ئەوەمان دەدا ئەو جیاوازیکردنە ئەنجام بدەین. واتە، فەلسەفی ئەو شتەیە کە جیایە لە شتی نافەلسەفی یان فەلسەفە ئەو شتەیە کە لە کۆنتراستدایە لەتەک شتی نافەلسەفەدا.

بۆ پتر وتن لەم ڕووەوە، دەمەوێ باس لەوەش بکەم کە یەکێک لەو دیاردە فەلسەفییانەی لەو وڵاتانەدا باوە کە نووسینی فەلسەفیی ڕاستەقینەی تێدایە ئەوەیە کە کەسانێ (فەیلەسوفگەلێک) نووسینەکانیان بەنووسین ئەفلاتوونی، کانتی، دێکارتی، یان لۆکی و هۆبسی دادەنرێ، یان نووسینەکانیان بەنووسینی ناتورالیستی، تیۆلۆژی، فینۆمینۆلۆژی یان ڕاسیۆنالیستی و ئیمپیری لە قەڵەم دەدرێ بەڵام ونبوونی ئەم دیاردەیە لای ئێمە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێکستەکی فەلسەفییەکانی پێش کلاسیک و پاش کلاسیک، مۆدێرنە و دژە مۆدێرنە نەناسراون و ئەمەش کارێکی وا دەکا نەکرێ کەسێک بەئەفلاتوونی یان بەهیۆمی یاخود بەناتورالیستی ناوزەد بکرێ، چونکە کارەکانی ئەو فەیلەسوفانە بەزمانی دایک نین و تەنانەت ئەو زمانانەش کە جگە لە زمانی دایک بوونە بەسەرچاوە (بۆ نموونە عەرەبی) بۆ ڕۆشنبیری گشت کارەکانی ئەو بیریارە ڕۆژئاواییانەی پێ دەست ناکەوێ. بۆیە زۆر سەختە کەسێک لای ئێمە بەنووسەرێکی ڕۆرتیانی، دێریدایی یاخود بەنووسەرێکی ئیمپیریستی و پۆزەتڤیستی ناو بنرێ.



ئەوی لای سەرەوە، وتم واشم لێ دەکا، بڵێم، زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسینانەی لە ناو ئێمە خۆیان بەنووسینی فەلسەفی ناوزەد دەکەن، گرفتەکانیان تەنیا ئەوە نییە کە لەبەر سایەی نووسینی دیدا نووسراون، بەڵکو ئەوەشە کە ئەو نووسینانە بەری خوێندنەوەیەکی تێکەڵ و هەمەڕەکی فەلسەفین کە ئەم لایەنە پێوەندیی ناشازی لە نێوان واتا و گوزارەکانی ئەو نووسینە دروست کردووە. گەر وا نەبایە ئەوە دەکرا نووسینی فەلسەفیی فینۆمینۆلۆژی لەسەر شێوازی هۆسرەل یان هیگڵ یاخود هایدگەر، یان مێر–لۆپۆنتی یان ئێگزێستنتسیالیزمی لەسەر شێوەی کێرکجارد، یاخود ئایدیالیستی لەسەر شێوازی ئەفلاتوون، یا ڕاسیۆنالیستی لەسەر جۆری ئەرستۆ، هەروەها هیچگەرایی لەسەر ڕەوتی نیچە، یان پرگماتیستی لەسەر شێوازی ڕۆرتی، یاخود پۆزەتڤیزم لەسەر بناغەی باکۆن، یان پۆست مارکسیست، لەسەر ڕێگەی زیزک، یان تیری ئینگلتۆن، برسکایە.

جاری واشە مرۆڤ بەو بۆچوونەش دەگا، ئەگەرچی فەلسەفە لە ناو ئێمە بناغەیەکی ئەکادیمی و تیۆریی نەبووە، بەڵام حەز لە فەلسەفە هەمیشە لە لووتکەدا بووە. ئەگەرچی ئەو حەزە یارمەتییەکی ئەوتۆی نەداوین و ڕیشەی گفتوگۆ و تیۆرییە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاواشی لێ تێک داوین، بەڵام هۆکاری سەرەکیش بوونە بۆ هاتنە دنیای نووسینی نا–فەلسەفیش. ئەی ئەوە نووسینی نافەلسەفی نییە تێڕامان و دێباتە فەلسەفییەکان لە ناو ئێمە تەنیا بەچەند چەمک (بۆ نموونە ڕۆشنگەری یان مۆدێرنە) و ناوی فەیلەسوفێکەوە (نیچە) شەو و ڕۆژ دەکەنەوە، لە کاتێکدا تاکە کتێبێکمان لەسەر چەمکێک یان شەپۆلێک فەلسەفی دیاریکراو نەنووسیوە. زۆر حەزیش دەکەم خوێنەر لەوە بگا لێرەدا من مەبەستم لە کتێب تەنیا کتێبێکی ڕووت و قووت نییە، بەڵکو مەبەستم ئەو کتێبەیە کە لە بنەچەدا بەرهەمی ساڵانێک لە توێژینەوەی ئەکادیمییە یان بەری ڕەنجی ئەکادیمی و تێزێکی زانکۆییە. دواتر دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ڕەخنەییانە بایەخ نەدان بەتیۆرییەکان لە بواری فەلسەفە و دیاری نەکردنی کارەکتێری گشتی و بناغەیی ئەم تیۆرییانە کارێکی

ئەوتۆی کردووە بەنووسینی فەلسەفی شاد نەبین و فەلسەفەش تەنیا لە بەرهەمهێنانی بۆچوون و واتایەکی تێکەڵ و بێ ئامانج بریتی بکەین. بۆ خستنە ڕووی کەمترین نموونە لەم بارەیەوە دێمە سەر واتای یان بزاڤی پۆست مۆدێرنە کە وەک تەوژمێکی فەلسەفی دژە ڕاسیۆنالی لە ناو ئێمە کەم تا زۆر هاتووەتە ناسین. ئەم تەوژمە فەلسەفییە کە بەخۆی لە لایەکی کۆششێک بووە بۆ گەشەدان بەڕێژەگەریی فەلسەفی و لە لای دی ڕەخنە بووە لە پۆزەتڤیزم ئەم دوو ئاراستە فەلسەفییە (واتە ڕێژەگەری و پۆزەتڤیزم) لە ناو ئێمە هەرگیز ناسراو نەبوونە و تەنانەت تاکە تێکستێکیشمان لە بارەی ئەو دوو ئاراستە فەلسەفییەوە نەنووسیوە. ئەمەش کاری وای کردووە کە نە لە ناوەڕۆکی ئەم تەوژمە فەلسەفییە (واتە پۆست مۆدێرنە) بگەین و بیری بیرمەندانی بناسین و نەش بەو ڕەخنانە ئاشنا بین کە ئەم تەوژمە فەلسەفییە ڕەتی دەکاتەوە. ئەمە مانای چییە؟ ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە بایەخ بەشتێک دەدەین بناغەیەکی تیۆری و مێتۆدی لە ناو ئێمە لە بندا نییە. بۆ زێدە ڕوونکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە ئەوەش دەڵێم : زۆربەی هەوادارانی فەلسەفە لە ناو ئێمە خۆیان بەواژەی وەک ڕۆشنگەری و مۆدێرنەوە سەرقاڵ کردووە کە بەخۆی ئەمانە گرینگە، پێشتر بزانن ئەو پێوەندییە فەلسەفییەی ئەم دوو واژەیەی پێکەوە گرێ داوە لە نێوان ئەو ئاراستە فەلسەفییانەدا خۆی قەتیس دەکا کە ئیمپریزم، پۆزەتڤیزم و ڕاسیۆنالیزم لە خۆ دەگرێ. بەڵام نووسینەکان لەسەر ئەو واژانە ئەوە ڕوون ناکەنەوە کە تێگەیشتنی دیاریکراو لەسەر ئەو ئاراستانە لە ئارادا هەبێ. پاشان زۆربەی تەوژمەکانی پۆست مۆدێرنە ئەوەمان، لێ داوا دەکەن، لەوە بکۆڵینەوە کە چەند فەلسەفەی پۆست ئەفلاتوونی و پۆست کانتی و پۆست هیگڵی مانایان بۆ فەلسەفەی سەدەی بیستی ڕۆژئاوا هەبووە و چەندیش لە فەلسەفەی ئۆریژنەوە (واتە خودی فەلسەفەی ئەفلاتوون و هیگڵ و کانت) جیان.

وێڕای ئەوە، یەک لەو خاڵانەی لێرەدا وەک ئامرازێک بۆ ناسینەوەی نووسینە نا–فەلسەفییەکانمان دەشێ باس بکرێ ئەوەیە کە نووسینەکان ئەو ئاماژەیەیان



تێدایە کە نە سەر بەڕێبازێکی فەلسەفی و قوتابخانە و شەپۆلێکی دیاریکراوی فەلسەفین و نەش ئەوەی خودی نووسەرەکانی خۆیان وەک نووسەرگەلێکی ناتورالیست (جا ئیمپریست بێ یان پۆزەتڤیست، ڕێ لەتڤیست –ڕێژەگەر– بێ یان سکێپتیست– گومانخواز–)، مێژووگەر – هیستۆریسیست–، بوونخواز، میتافیزیکەر یاخود ڕاسیۆنالیست یان بەپێچەوانەوە ئەنتی (دژە) ڕاسیۆنالیست، ئەنتی میتافیزیکەر، ئەنتی پۆزەتڤیست بەیان دەکەن. بەڵکو مرۆڤ لەبری ئەوە چەند پێنووسێکی فەلسەفی تێکەڵ و بەیەکدا لکێنراو لە یەک کاتدا دەبینێ کە خراونەتە سەر هەمان لاپەڕە. بەخۆی هەڵەیە ناسنامەی تێکستێکی دیاریکراو لە چەند دیسپلینێکی جۆراوجۆر پێک بێ، بەڵام حەیف ئەم لایەنە بووە بەماهیەتی تێکستی نوێی کوردی. لەمەی وتم مەبەستم ئەوەیە کە ڕۆژانە تێکستگەلێکی زۆر بەرچاو دەکەون کە چەند ناسنامە و یان دەنگێکی جیا لە دیسپلینیان تێدایە، ئەم لایەنە کە پێوەندیی بەو تیۆرییەوە نییە کە داکۆکی لە فرە ناسنامەیی و فرە دەنگی لە تێکستدا دەکا، زیانێکی بەرچاوی لە ناسنامەی زانستیی ئەو نووسینانە داوە. بەمجۆرە دەمەوێ بڵێم، نووسینە تازەکان کە زۆربەشی وەک نووسینی فەلسەفیی کوردی خۆیان دەردەخەن، کێشەی ئەوەیان هەیە فرە دەنگ و فرە ناسنامە نین، نەوەک ئەوەی کە ئەوەن و ئەوەشە کێشەکە. چونکە کێشەکە ئەمە نییە کە بەخۆی دەبایە ئەمە بێ بەڵکو جگە لەو کێشەیە کێشەیەکی ترمان هەیە کە نووسینەکان چەند دەنگێکی جۆراوجۆری دژ بەیەک تێیاندا کۆ بووەتەوە. مەبەستیش لە چەند دەنگێکی جۆراوجۆر، ئەوەیە نووسینەکان بەکەڵک وەرگرتن لە چەند دەنگێک، کە لە خودی خۆیدا هەر دەنگە ناسنامەیەکی لە دیسپلین هەیە، ماڵی ئەو نووسینەیان بنیات ناوە، کە ئەوەش زیانی لە ئامانج و ناوەڕۆکی نووسینەکانمان داوە. ئەمەو پێشم وایە کە لە هەموو دنیادا نووسین کەوتووەتە بەر جۆرە پۆلکردنێکەوە، نووسینی کوردی نەبێ. مەبەستم لە گشت دنیادا نووسینێک هەیە پێی دەڵێن نووسینی مێژوویی کە مێژوو وەک زانست دەبێ بەرەوڕەوی ئەو نووسینە و نووسەرەکەشی وەک مێژووکرد ناوزەد دەکرێ، یان

له گشت کولتوورێک جۆره نووسینێک هەیە پێی دەڵێن نووسینی ئەدەبی (وێژەیی) کە ئەدەب وەک زانست دەبێ بەدینامۆی ئەو نووسینە نەک شتێکی تر و نووسەرەکەشی وەک ئەدەبناس یان تیۆریزەکەری ئەدەبی ناوبانگ دەردەکا و... هتد، هەروەها ئەم پۆلکردنە مانایەکی تریش بەناسنامەی ئەو نووسینانە دەدا کە نووسینەکان لەیەکەوە دوور بن و هەریەکەش سەر بەپۆل و بەشێک بن لە بەشەکانی زانست کە دواتر بوار لە بەردەم پسپۆڕی و تیۆریزەکردنیشدا دەکەنەوە، بەڵام یەکێ لە گرفتەکانی زۆربەی هەرە زۆری نووسینی ئێمە ئەوەیە سەر بۆ هیچ پۆل و بەشێک لە بەشەکانی زانست ملکەچ ناکەن و پاشان نووسینەکان ئەوەندە لەیەکەوە نزیکن بەسەختی دەتوانرێ نووسینێکی ئەدەبی لە نووسینێکی زمانەوانی و ئەوەش لە نووسینێکی فەلسەفی و ئەمیشیان لە نووسینێکی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) و سیاسی جیا بکرێنەوە و، ئەمە و بگرە هەر هەموو ئەوانەش زۆر ئەستەمە لەوە جیا بکرێنەوە، کە پێی دەوترێ ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی. بەم بۆچوونەم دەمەوێ بەوە بگەم کە لە لایەک لە ناو ئێمە دیسپلینەکان بەیەکتر تێکەڵ دەکرێن و لە لایەکی تر گەلێک دیسپلین ون و نادیارن. ئەم لایەنەش وای کردووە، چەند دیسپلینێک ئیشی زۆربەی دیسپلینەکانی تر بکەن. ئەم لایەنەش کە کاردانەوەی خۆی لە بەرهەمهێنانی نووسینی تێکەڵ و بێ ناسنامە دیوە زۆرترین ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕۆشنبیریشمانەوە جێ هێشتووە. بۆیە یەک لەو فۆرمانەی نووسینی نا-فەلسەفی لە ناو ئێمە وەری گرتووە ئەوەیە کە لە ژێر سایەی دیسپلینێکی تردا فەلسەفە دەکرێ نەک خودی دیسپلینی فەلسەفی.

سەرباری ئەو نارێکی و بێ مەرامییەی لە نووسینە ناو نراوەکانمان بەناوی نووسینی فەلسەفی هەن دەکرێ ئەوەش بڵێم، فەلسەفە لە ناو ئێمە بۆ خوێندنەوەی خۆمان بەکار نەبراوە و زۆرترین پۆلی فەلسەفیش کە ئێمە پێویستمانە بۆ خوێندنەوەی خۆمان کە بوونی لە پلەی سفردایە فەلسەفەی سیاسی و فەلسەفەی ئاگاییە. بۆیەشە وا دەڵێم، چونکە لە ڕێگەی فەلسەفەی سیاسییەوە پرسیارە سیاسییەکان دەکرێ ڕاپێچ بکرێنە ناو بیرێکی



فەلسەفییەوە، بەڵام ئەم بەشە فەلسەفییە (واتە فەلسەفەی سیاسی) لە ناو ئێمە نەناسراوە، چونکە خودی فەلسەفە هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێ کرد، وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی نەناسراوە بەڵام لەبری ئەو بەشە فەلسەفییە فۆرمێک لە نووسینی سیاسی لە ناو ئێمە زۆرتر زاڵە، کە زۆریش شانازی پێوە دەکرێ، کە تەنیا نووسین لە بارەی بابەتی ناسیۆنالیزمییەوە بەرهەم دێنێ بەڵام موخابن ئەگەرچی ڕووناکبیریی سیاسیی ئێمە، گەر گشت بۆچوونی فەلسەفییانەی سیاسی و ئاینیمان نەڵێم، زۆر نەتەوەیییە، بەڵام تا هەنووکە یەک تاکە نووسین لەسەر فەلسەفەی سیاسیی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ خوێندنەوە بەرچاو ناکەوێ. ئەمە دیسانەوە هۆیەکەی تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە فەلسەفەی سیاسی لە ئەندێشەی سیاسیماندا ڕیشەی دانەکوتیوە و ئەوەش یەکلا نەبووەتەوە کە سیاسەت بێ فەلسەفەکردنی بیرمەندان ناتوانێ هەناسە بدا، بەڵکو بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە کە لە لایەک فەلسەفەی سیاسی کە دیسپلینێکی تایبەت بەخۆی هەیە وەک پۆلێک لە زانین تەماشا ناکرێ و لە لایەکی تریش، ترس لە تێکەڵکردنی بیری فەلسەفی بەبیری سیاسی هەیە. هەروەها فەلسەفە و سیاسەت لای ئێمە کە شیاوییان بۆ پێکەوە گرێدان نەدۆزیوەتەوە، لەگەڵێ سەرەوە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فەلسەفە لە ناو ئێمە نە سیستماتیک کاری کردووە و نەش ڕۆڵی لە دروستکردنی دۆکتورین (باوەڕ)دا هەبووە.

ئایا ئەوی لای سەرەوە باس کرا، یەکێک نییە لەو کێشانەی گرینگە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە؟ باوەڕم وایە گرینگە ئێمە ئەم کێشەیە و ئەو کێشانەش لە دوو توێی ئەم باسەدا خرانە بەرباس، چارەسەری دیار و کۆنکرێتیان بۆ بدۆزینەوە. چونکە بەشێ زۆر لەو کێشانەی باسیان لێوە کرا، کێشەسەرێکن بەری بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنێکی هەڵەن و کەسانێکیش لە دروستکردنی بەرپرسن کە هەنگاو بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەکانی تاک و کۆمەڵگەی کوردەواری دەنێن، جا ئەوە سیاسییەک بێ یان ڕۆژنامەوانێک، گۆڤارێک بێ یان دەزگایەکی چاپ و پەخش، ئەکادیمیکەرێک بێ یان نووسەرێکی هاوی. هەر ئەوی لای سەرەوەش درکێندرا بەرەو ئەوەشم دەبا

بڵێم، ئێمە پێویستمان بەوە دەبێ گشت ئەو نووسینانەی بەناوی نووسینی فەلسەفی نووسراون، کە لە ڕەچەڵەکدا نووسینی نا–فەلسەفین، بخرێنە نێو دوو کەوانەوە و سەرلەنوێ و لە سەرەتاوە دەست بەنووسین بکرێتەوە. چونکە بەهۆی ئەو نووسینە نا–فەلسەفییانەوە، کە نە تیۆری و نەش مانا بەرهەم هاتووە، دادوەرییەکی زۆر بەسەر هزر و ڕۆشنبیرییەوە کراوە. هەر بۆ نموونە ئەو چەند دێرە بەیەکداچوو و بێ سەرچاوانەی لەم دوایییە لەسەر دەسەڵات یان هەندێک باسی تر نووسراون، ئاماژەن لەسەر ئەم لایەنە. ئەو نووسینانە کە لە بناغەدا بریتیبوونە لە چەند تێگەیشتنێکی تێکەڵ لە نێوان ڕۆشنبیرییەکی وێژەیی– ڕۆژنامەوانی و هەندێک حەزی شەخسی بۆ فەلسەفەی ڕۆژئاوا، بۆچوونەکانی خۆیان داڕشتووە. ئەمەش وای کردووە ئەو بیرە فەلسەفییەی لەو نووسینانەوە سەر دەردێنێ لە توانایدا نەبێ فەلسەفە بەسەر ڕووداو و کێشەکانەوە بکا. ئەوەش کە وا لە من دەکا بەمجۆرە بیر بکەمەوە ئەوەیە کە فەلسەفەکردن پێش هەموو شتێک بۆ گۆڕان خستنەوەیە نەک دروستکردنی دەسەڵاتی ڕووناکبیری، هەروەها لە فەلسەفەکردندا ویستێکی جیا پراکتیزە دەکرێ کە ئەم ویستە لە گەڵێ جەمسەرەوە بۆ جیاکردنەوەی شتەکانە لە یەکتر و کردنەوەی شیاویشە لە بەردەم گومان و سڵەمینەوەدا.

لایەنێکی تر کە دەکرێ لێرەدا یاد بخرێتەوە ئەوەیە، باسی فەلسەفی، کە دەبێ لە ڕەچەڵەکدا توێژینەوە– لێکۆڵینەوە– بێ، بەوە پێوانە ناکرێ لە چەند لاپەڕە پێک دێ بەڵکو بەوە پێوانە دەکرێ چ تێزێک پێشنیار دەکا و بەچ ئامانج و مەبەستێک دەگا و لە ڕێگەی چ جۆرە بەڵگە و فاکتەیەکەوە ئەمە دەکا. ئەم جۆرە کێشانەش لە ناو ئێمە چارەسەرکردنیان ئاسان نییە لەبەرئەوەی خودی ڕووناکبیری دووچاری درمی خێڵەکیەتی بووە و شاریش دابەشی چەند بنەماڵە و هۆزێ کراوە. ئەم بنەماڵە و هۆزانە کە هەریەک تۆڕی پێوەندیی تایبەت بەخۆی هەیە و سیاسەتێکی تایبەت بە ڕووناکبیریش دەهۆنێتەوە، ئەمە وا دەکا ئەستەم بێ، مرۆڤ بکارێ لەوە بگا نووسین پێویستە بریتی بێ لە توێژینەوە، نەک ڕیزێک قسە و باسی تێکەڵ و پێکەڵی ئەدەبی و سیاسی یان ئەو لێدوانەی



تایبەت بەگرفت و دیاردەیەکی ڕووناکبیری دەدرێ، دەبێ لە باسێکی تیۆری پێک بێ نەک هەڵڕشتنی داخ و کینە. ئەم لایەنە بارێکی تریشی بەدووی خۆ ڕاکێشاوە کە بەمجۆرەیە: سەیرە کاتێک گشت کەسێک دەستی پێنووس دەگرێ، جا ئەوە لە هەندەران بێ یان کوردستان، بەلانی کەمەوە دەتوانێ خۆی لە قەرەی باس و خواسی ئەدەبی و سیاسی بدا. هۆی ئەوەش ڕەنگە هەر ئەوە بێ کە پێشتر باسی لێوە کرا، واتە ئەوەی کە دۆزی سیاسیی کورد کارێ وای کردووە، مرۆڤی کورد هەمیشە بەئەندێشەیەکی سیاسییانەوە بێتە گۆ، یان ئەم دۆزە ڕۆڵی لەوەدا گێڕاوە، نەستی (نائاگایی) کەسی کورد لە ژێر سایەی ئەو مێژووە کارەساتاوییە ژینگەی ئەوتۆی بۆ بخولقێ، هەمیشە وەک نەستێکی سیاسی خۆی دەرخا کە پێم وایە ئەو نەستە هەرگیز یارمەتیی ئەوەمان نادا، یان بەس نییە بۆ ئەوەی، ببین بەنووسەر، ڕۆژنامەوان یان ڕوونتر بدوێم ڕووناکبیر. ئەو نەستە کە فاکتەرێکی بەهێزی بەنووسەربوون و یان بەڕۆژنامەوان بوونمانە، لەگەڵ ئەو سەرمایەیەی هەمانە لە هەقایەت و گێڕانەوە و سەرگوزشتە، کە بەپشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە، چوونە نێو یەکدیەکیان دروست کردووە کە ڕۆژانە لە هەڤپەیڤین و قسەکردنەکانماندا وەبەر دەهێنرێتەوە. ئەم لایەنەش وا لە من دەکا، بەم دەرئەنجامە بگەم: هەر بۆیەشە نووسینەکانمان، ڕاڤەکردنەکانمان هەموو لەیەکەوە نزیکن، چونکە ئەوەیە دیرۆکی نەستی ڕووناکبیری و ئەزموونی تیۆریمان. ئەمەش وا دەکا، نووسەرانمان لە هەندەران بنووسن یان لە قوژبنی گوندێکی کوردستان، ئەکادیمیکەرئاسا بنووسن یا وەک هاوییەک هەر بەهەمان شێواز دەنووسن و هەروەک یەکیش دەنووسن و وەک یەک ئاخاوتن لەسەر ڕووداوە سیاسی و کێشە ڕۆشنبیرییە هەنووکەیییەکانیش دێننە پێشەوە.

گشت ئەوانەش لەو چەند لاپەڕەیەی لای سەرەوە وتران، جەخت لەوە دەکەن، ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە، سەر بە نەریتی فەلسەفیی دیاریکراو نییە. ئەوەی ئەم ڕووناکبیرییە ئەمە نییە هۆ و کێشەی خۆی بەدووەوەیە کە کەم تا زۆر لە دوو توێی ئەم بەشەدا خرایە ڕوو. ئەو بێ نەریتییە کە تا بڵێی بۆ ئێمە

گرفت دروستکەر بووە، گرفتەکان ڕووخسارگەلێکی زۆر سەیریان وەرگرتووە، کە بەشێک لە ڕووەکانی یاد خرانەوە. خوێنەریش ڕەنگە ئەوەی ئێستا بۆ ڕوون بووبێتەوە کە ئەو دەمەی ئەزموونێکی ڕووناکبیریی دیاریکراو سەر بەنەریتێکی دیاریکراو نەبێ و ناسنامەیەکی نەریتی بۆ خۆشی دابین نەکردبێ، نە دەتوانێ وتنی کۆنکرێت و گونجاوی لەسەر ڕووداو و دیاردەکانی خۆی هەبێ نەش دەکارێ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی بۆ تێکست و بینینەکانی ئەوی تریش هەبێ. تراکتاتۆسیش وەک تێکستی فەلسەفی کە سەر بەناوچە و نەریت و ئەزموونێکی فەلسەفی و کولتوورێکی ڕووناکبیریی جیایە، ئاوا بەئاسانی ناشێ بۆ ئێمە ببێ بەمایەی حاڵیبوون و تێ هزرین. ڕاستە تێکستی تراکتاتۆس لە گەلێک لە نێوەندەکانی فەلسەفە، لە ناو هەردوو نەریتە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکە، خۆی وەک تێکستێکی عاسی و گومڕا و بیرتوند دەردەخا، بەڵام ئەم لایەنە لە گەلێک دیو و ڕووەوە ڕەتکردنەوە و یان ڕاڤەکردنی ڕەخنەیی و دەمەتەقێی جۆراوجۆری مێتۆدی و تیۆریشی بەرهەم هێناوە. مەبەستم باس لە حاڵی نەبوون لە تراکتاتۆس و گرژی و توندوتۆڵیی دەربڕین و داڕشتنەکانی لە زۆربەی کۆلێژەکانی فەلسەفە لە وڵاتانی ئەوروپا مەسەلەی براوە و یەکلاییە بەڵام توێژەرەوە و بیرمەندانی ئەو کۆلێژانە لە ئاست ئەم گرفتە کۆم نەبوونە و خۆیان لە ئەسڵی کێشەکە نەناس نەکردووە. مەبەستم ئەوەیە کە، ئەمان ئەوەی کە تراکتاتۆس بەو جۆرە نووسراوە ئەوە بۆ کارەکتێری خودی ڤیتگنشتاین و ئەو ویستی فەلسەفاندنەی لەم فەیلەسوفەدا بووە دەگەڕێننەوە، نەک شتێکی تر. بەڵام هەر ئەم تێگەیشتنەش بەگەلێک شێوە تیۆریزەی بەسەرەوە دەکرێ و خەوش و هەروەها بەهێزیی ئەو لایەنانەش نیشان دەدرێ کە تراکتاتۆسی پێکیان هێناوە. بۆیە هەڵە ناکەم گەر بپرسم: ئێمە کە سەر بەقاڕەیەک، نەریتێک، فەلسەفەیەکی دیاریکراو نین و، ئەزموونە ڕووناکبیرییە فەلسەفییە جیاکان بەوردی و بەئاگاییەکی قووڵەوە جیا ناکەینەوە، کە هیچمان نەخستووەتە سەر خەرمانەی هزری فەلسەفیی جیهانی بۆ دەبێ، بێ کێشە لە تراکتاتۆس حاڵی بین؟ بۆ دەبێ کە حاڵیش نەبین ئەم



حاڵی نەبوونە بکەین بەتۆمەت و بیدەینە پاڵ ڕاڤەکەری تراکتاتۆس؟ بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم چەند پرسیارە بەپێویستی دەزانم پێ بنێمە ناو دوا بەشی نووسینەکەم.

## ٣- تێهزرینێک لەمەڕ دەربڕینێکی یاریئامێزی وەک ""لەو نووسینە حاڵی نابم""

بێ هیوایم بەخوێنەرانی فەلسەفی و نێوەندی ڕووناکبیریمان و، ئەڵبەتە، بەو هزرە فەلسەفییەش لەو نێوەندەدا دەخولێتەوە، بەو باوەڕەی گەیاندووم کە ناحاڵی بوون لە سێرکردن و وتنەکانی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس، مەسەلەیەکی یەقینی و کۆنکرێت بێ. هەر بۆیەشە لەو دوو لقە بەشەی لای سەرەوە (واتە: ئاوازی فەلسەفیی تراکتاتۆس، بەگەرووی ڕووناکبیریی ئێمە نامۆیە، ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە سەر بەنەریتێکی فەلسەفیی دیاریکراو نییە) ویستم ئەو بێ هیواییە لە ڕێگەی ئەو پرسیارە بنچینەییەوە ڕوون بکەمەوە کە لە دوو فۆرمی جودا خۆی دەردەخا: تراکتاتۆس چ مانایەکی بۆ ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە هەیە؟ یان بۆ دەشێ تراکتاتۆس مانای بۆ وتاری هزری و بیری ئێمە نەبێ؟ ئەو دوو لایەنە کارێکی ئەوتۆیان کرد سنووری گومانەکان نەختێکی بەرینتر بن و شیاویش لە بەردەم باسکردن لە لایەنێ تر، لقێ تر، بێتە پێشەوە کە ئەوەش دیاردەی حاڵی نەبوونە لە تراکتاتۆس. بەڵام ئەو لایەنە، کە لێرەوە بەسەری دەکەمەوە، جۆرێ ترە و مانای خۆی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەتەک تێکستگەلێکی لە شێوەی تراکتاتۆس و توانای هزریی ئێمە لە ئاست ئەو دیاردە و تەنگوچەڵەمە ڕووناکبیرییانەش هەیە کە بەهۆی ئەم شێوە تێکستانەوە دەردەکەون. بەم شێوەیە لێرەوە دەمەوێ ئەرکێکی تر بخەمە سەرشانی ئەم نووسینەم و بەتایبەت ئەو بەشەی ناوی ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە و تراکتاتۆسی لێ نرا. ئەو ئەرکەش کە مەبەستمە بکەوێتە ئەستۆی ئەم بەشەی نووسینەکەم، ڕوونکردنەوەی ئەو ناڕوونی و لێڵییە لە خۆ دەگرێ کە بەهۆی ئەم نووسینەوە دەشێ دروست بێ. ئەو ناڕوونی و لێڵییەش دەشێ هەندێ فۆرمی زمانەوانیی وەک ""لەم نووسینە حاڵی نابم"" یان ""ئەم نووسینە

ئاسان نییە بۆ خوێندنەوە"" وەربگرن یاخود ڕەنگە لە هەندێک دەربڕینی هاوشێوەی تریشدا داڕێژرێن کە مانای فۆرمی زمانەوانییان ڕەنگە لەو گوزارە کێشاویانەدا خۆی قەتیس بکا کە بەمجۆرەیە: ""نەدەکرا ئەم نووسینە بەجۆرێک بنووسرابایە کە تێگەیشتن بدا؟""و ""نەدەبوو نووسەر نەختێک ساناتر بدوێ؟"". بۆ ئەوەی ئەو ڕوونکردنەوەیەش ئەنجام بدرێ کە لای سەرەوە دەستی بۆ درێژ کرا، دەمەوێ ڕامانی خوێنەر لە دوو پرسیاردا کۆ بکەمەوە، کە لە بنڕا لەو پرسیارە جیان کە تۆزێک پێش ئێستا خرایە بەرچاو و، ئەو دوو پرسیارەش ئەمانەن: بۆ دەبێ ئێمە لەم جۆرە تێکستانە نەگەین؟ ئایا ئەوە نووسەرە ئەم تێنەگەیشتنە دروست دەکا یان تێگەیشتنی فەلسەفیی خۆمانە لەو تێنەگەیشتنە بەرپرسیارە؟ سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بۆ ئەوەی تەلیسمی ئەو پرسیارە بێ سەروبەرانە سەرلەبەر بشکێنم کە خوێنەر لە هەندێک ڕووەوە تایبەت بەدیدبینیی ڤیتگنشتاین لە کاتی خوێندنەوەی ئەم نووسینە پێی گەیشتووە، بەپێویستی دەزانم سەرنجی بینینی خوێنەر بۆ ئەوە ڕاکێشم کە مەرامم لە نووسینی ئەم تێکستە، کە لە بارەی بیری ڤیتگنشتاینەوە بووە لە تراکتاتۆسدا، بەفەلسەفەکردنی تێنەگەیشتن تایبەت نەبووە، چونکە نە من سەر بەخێڵی داکۆکیکردنم لە تێنەگیشتن و نەش باوەڕ دەکەم کەس بیەوێ فێربوون بەناوی تێنەگەیشتنەوە بدا. بەڵام، پێم وابێ، ئەم سەرنجڕاکێشانە نایەتە دی تا خوێنەر بەخۆی لەو ڕاستییە چەند کوچکەییە نەگا کە لای خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم:

ڕاستیی یەکەم ئەوەیە کە نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە ڕۆژئاوا ڕابردوویەکی قووڵ و دوورودرێژی هەیە و هیچ نەبێ لە پاش جەنگی جیهانیی دووەوە، ئەم نەریتە زەمینەیەکی چاکی لە زانکۆکانی جیهان بۆ خۆی پێک هێناوە ئەمەش کاریگەری خۆی بەسەر شێوازی نووسینی فەلسەفی و بەگشتیش ڕاڤەکردنەوە بەجێ هێشتووە. ئێمە کە لەو زانکۆیانەوە دوور بووینە پریشکی ئەو نەریتەمان بەر نەکەوتووە و لەوەش بێ ئاگا بووینە ئەم نەریتە گفتوگۆی کردووە. واتە لە کاریگەرییەکانەوە دوور بووینە و لە شوێنی



خۆمانیش وەستاوین. ئەمەش وای کردووە، خۆمان ببین بەنوێنەری ڕۆشنبیریی خۆمان و سەرچاوەی گشت تێ هزرین و تێڕامانێکمان. ڕاستیی دووەم، ئەوەیە کە ڕابردووی فەلسەفیمان دیرۆکێکی دیاریکراوی نییە و کەس تا ئێستا نازانێ چ شتێک بەفەلسەفی دەزانرێ و چش نازانرێ، هەروەها ئایا شتی فەلسەفی شتی کولتوورییە یان شتی فەلسەفی لە شتی کولتووری جیایە. ئەمە وای کردووە شێوازی نووسینی فەلسەفیمان ئەوەندە تێکەڵ و ناڕوون بێ، بەسەختی ئەوە لێکتر بکرێتەوە کە چەند ئامانجی نووسینی فەلسەفیمان لە ئامانجی نووسینی ترمان، بۆ نموونە مێژوویی یان ئەدەبی، جیایە. واتە هاوشێوەی نووسینەکانمان بەربەستێکی گەورەیان لە بەردەم تێگەیشتنمان لەو شێوازانە لە نووسین داناوە کە ناچنەوە سەر ئەوانی خۆمان. هەرچی ڕاستیی سێیەمە ئەوەیە کە لە ناو ئێمە گەلێ دیسپلین (بۆ نموونە لە بواری زانستە مرۆییەکان: فەلسەفە، ئەنترۆپۆلۆژی، ئێتنۆگرافی، شیکردنەوەی دەروونی) ونن و هەندێ دیسپلینی تریش تا بڵێی زاڵن (لەوانە زمان و ئەدەبی کوردی، مێژوو، کۆمەلناسی، سیاسەت). ئەو دیسپلینانەش کە زاڵن تا ئەندازەی گەورە دووبارە و ناکاریگەرن. دووبارەن چونکە زۆر لەیەکەوە نزیکن و بەبەردەوامیش لە لێکدانەوە و نووسینەکانماندا ئامادەن. ناکاریگەریشن، چونکە لە هەندێک دیسپلینی تر دابڕاون و شوێنی ئەو دیسپلینانەشیان گرتووەتەوە کە ونن بۆیە ئەمە وای کردووە کە بێ کاریگەر بن. ئەو لایەنەش کە بەشێک لە دیسپلینەکان ونن کارێکی ئەوتۆیان کردووە، کە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناو ئێمە تەنیا لە دوو سێ بەش پێک بێن. بەڵام دوا ڕاستی ئەوەیە کە بێ توانایی زمانی کوردی لە دارشتنی تێگەیشتنی بیریارانی ڕۆژئاوا و بێ ئەزموونیی نووسەرانی کورد لە فەلسەفەکردندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەو حاڵیبوونە بەجێ هێشتووە.

ئەو چوار ڕاستییەش ئەو هەستەم تێدا دروست دەکەن، بەمجۆرە بێمە گۆ: ئەو حاڵی نەبوونەی بەهۆی ڕاڤەکردنی وتن و دیتنەکانی ڤیتگنشتاینەوە دروست بوونە، کە لە هەندێک بڕگەدا بۆ تێگەیشتن سانا نین، لە دروستبوونی بێ بەریم و دەستکردەی من نییە. بەڵام ئەم هاتنە گۆیەی من بەمجۆرە، واتە بێ

بەریبوونەکەم، لە چەند لاپەڕەیەکی لای خوارەوە ڕوون دەکەمەوە و هەروەها ئەوەش بەرباس دەخەم کە چۆن خوێنەرانی فەلسەفیمان نەک تەنیا لە تراکتاتۆس بەڵکە لە چەندین تێکست و تەوژم و ئاراستەی فەلسەفی تریش ئاساییە حاڵی نەبن.

دەمەوێ پێش گشت شتێک ئەوە بێژم کە لە لاپەڕەکانی لای سەرەوە، ئەو ناحاڵیبوونە، ڕوونکردنەوەی لە بارەوە درا، بەڵام لە چوارچێوەیەکی تر. لێرەوە ئەو ڕوونکردنەوەیە ڕوویەکی تر وەردەگرێ. سەرەتا دەمەوێ ئەو وێنەیە لای خوێنەر دروست بکەم کە دۆزی ڕووناکبیری و گشت وتاری نووسینیشمان منی بەرەو ئەوە بردووە، بپرسم ئایا دەکرێ ئێمە نووسینی فەلسەفی یان نووسینی گشت مرۆڤایەتی لە نێوان نووسینی ئاسان و قورس، دابەش بکەین؟ بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم بەبوونی ئەو دابەشبوونە (نووسینی ئاسان و قورسی فەلسەفی) بەو جۆرەی ئاماژەم پێ کرد یان خودی ئەم پرسیارە و بەو جۆرەی لە تێگەیشتنی نووسەرانی کورد فۆرمولێرە دەکرێ، نییە. بەڵام ئاماژە پێ کردنەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە جار جارە هەندێک نووسین لە نێو نووسەرانی کورد تۆمەتی ئەوەیان دەدرێتە پاڵ بۆ تێگەیشتن ئاسان نین. ئەمە ڕەنگە بوونی هەبێ، چونکە نەک هەر ئاستی گشت خوێنەران وەک یەک نین، بەڵکو ئەوەش کە گشت تێکستێکیش سەر بەزانینێکی دیاریکراو و پۆلێک ئێپستمی جیایە و زۆر ناسانا و ئەستەمە ئەو تێکستە جیایانە وەک یەک خوێنەر لە دەوروبەری خۆیان کۆ بکەنەوە. واتە ئاساییە نووسینێ نائاسان نووسرابێ یان نووسەرێک لەسەر ئەوە ڕاهاتبێ ناسانا بنووسێ و ئەوی تریش بەپێچەوانەوە، بەڵام ئەم نائاسانییە لە نووسین شتێکی زگماک و ئەبەدی نییە. بۆ نموونە تراکتاتۆس لە چاو دیالۆگی ""تیاتێتۆس""ی ئەفلاتوون (پلاتۆن) یان تێکستی""ئێمیل""ی ڕۆسۆ، ڕەنگە کەمتر قابیل بێ بەتێگەیشتن، بەڵام نە گشت ئەفلاتوون ئاسانە بۆ خوێندنەوە و نەش گشت ڕۆسۆ، ئەوەندە سانایە گشت خوێنەرێک لێی بگا. تراکتاتۆس کە ناسانایە و ئاڵۆزی لە بەردەم حاڵیبوون دروست دەکا ئەمە لە تایبەتمەندییەکانی خودی ڤیتگنشتاینە. گشت کامبرج



ئەوەی دەزانی کە تراکتاتۆس ئەستەمی لە بەردەم تێگەیشتن دروست دەکا. گشت ئۆکسفۆرد لەوە بووبووەوە بەسەر ئاڵۆزکارییەکانی ناو تێکستی تراکتاتۆسدا زاڵ بێ. هەچ جارێک ڤیتگنشتاین سەردانی ڕاسێلی کردبێ و پاش ڕۆیشتنەوە ڕاسێل لەوە تێ هزریوە بۆ ئەم مرۆڤە ئەوەندە دژوار دێتە گۆ و بۆش ئەوەندە ئاڵۆز ڕەفتارە. بەبۆچوونی من ئەو سەرسامیەی ڕاسێل دەشێ بەو جۆرە لێکدرێتەوە کە ڤیتگنشتاین هەمیشە خۆی بووە و، ئەم بەخۆبوونەشی نەک تەنیا لە نووسینەکانیدا بەڵکە لە گشت ڕەفتاری ڕۆژانەشیدا ئامادە بووە. هەر لەم ڕووەشەوە دەمەوێ شتێک لەسەر ژیانی شەخسیی ئەم بیرمەندە نەمساوییە بگێرمەوە کە ڕەنگە بەشێک لەو گرێ هزرییە شی بکاتەوە کە بەشێک لە خوێنەرانی ئەم نووسینە تایبەت بەڤیتگنشتاین دەشێ هەڵگری بن: ڕۆژێک یەکێک لە کرێکارەکانی چێشتخانەی زانکۆی کامبرج پرسیاری ئەوە لە ڤیتگنشتاین دەکا کە بۆ لەمەولا بەیانیان چ جۆرە خواردنێکی پێ باشە بۆی ئامادە بکرێ؟ لە وەڵامدا ڤیتگنشتاین دەڵێ:"" ئەوەندە گرینگ نییە چی بێ. چونکە هەموو خواردنەکان یەک تامیان هەیە"". ئەم مرۆڤە کە نووسەری تراکتاتۆسە بەمجۆرە لە قاوەتی یان نانخواردن بیری کردووەتەوە و هەر لە چوارچێوەی ئەو بیرکردنەوەیەش ڕەفتاری کردووە، بۆیە تراکتاتۆس کە زمانحاڵی ڤیتگنشتاینە، هەر دەبایە بەو جۆرە بنووسرابایە. ئاخر ڤیتگنشتاین کە تراکتاتۆسی نووسیوە، بەو شێوەیە نووسیویەتی کە خۆی مەبەستی بووە و، گشت مەبەستەکەشی ئەوە بووە کە ئەو لە کاتی نووسینەکەیدا، خۆ بێ و بەس. ئەمەش تا ڕادەیەک سرِی ئەو جەنگە بووە ڤیتگنشتاین هەمیشە لەتەک خۆی و لەتەک دەوروبەرەکەیدا لە هەڵگیرساندنیدا بووە.

من وا هەست دەکەم مەسەلەی بەخۆبوون لە نووسین زۆر گرینگە. بەڵێ زێدە گرنگە مرۆڤ ئەو دەمەی وتن و بینینی خۆی بەیان دەکا، خۆی بێ، خۆی وەک ئەوەی هەیە. ئەم خۆبوونە وای لێ دەکا لەوی تر جودا بێ. بەڵام ئەم بەخۆبوونە نە ئاسانە و نەش بێ ئێش. وتنیش بەمجۆرە لە بارەی مەسەلەی بەخۆبوون لە نووسیندا ستایشکردنی تراکتاتۆس یان نووسەرەکەی تێدا ئامانج، نییە بەڵکە

قسەکردنە لە مەسەلەیەک کە بەشێک لە خوێنەرانی تراکتاتۆس نایانەوێ لێی حاڵی بن. مەبەستم لەوەی وتم ئەوەیە کە بەشێک لە خوێنەرانی تراکتاتۆس نایانەوێ لەوە حاڵی بن، ئەو دەمەی کە شتێک یان کەسێک خۆی دەبێ، ئیدی پاش ئەوە پرسیار لەسەر بۆیەتی بەخۆبوونی ئەو کەسە یان شتە بێ مانا دەبێ. بۆ نموونە تەماتە ناو و تام و بۆنی لە بوون و ماهیەتیدایە. ئاخر لەبەرئەوەی ئەو تەماتەیە بۆیە وایە ئەگەر خەیار یان کاهو بایە بەو جۆرە نەدەبوو. واتە تەماتە خەسڵەتەکانی وای لێ دەکەن خۆی بێ نەک شتێکی تر یان ئەوی تر. بەڵام ئێمە دەمانەوێ پێوەر و بیرۆکەکان بگۆڕین و ئەوی لە تەماتەدا هەیە لە گشت سەوزە و میوەیەکی تریشدا هەبێ. بەڵێ ئەو ڤیتامینەی لە تەماتەدا هەیە دەشێ لە سەوزە یان میوەیەکی تردا هەبێ، بەڵام بۆن و بەرامی تەماتە تەنێ لە تەماتەدا ئامادەیە. هەر ئەوەشە وا دەکا تەماتە خۆی بێ و بەس. بۆیە تراکتاتۆسیش لە ناخیدا، لە بوونیدا هەروەک ئەو تەماتەیە شتی تایبەت بەخۆی هەیە کە لە نووسینە فەلسەفییەکانی تری جیای دەکاتەوە. تراکتاتۆس کە بەری مۆنی و وشکی و کەم وتنی ڤیتگنشتاینە ئەزموونێ تری لە فەلسەفاندن هێناوەتە کایەوە کە تەنێ لە تراکتاتۆسدا بەدی دەکرێ. ڤیتگنشتاین کە لە وتن دەدوێ نایە دنیایەک وتن بەرهەم بهێنێ، بەڵکو وتن لای ئەم سنووردار و دیاریکراوە. ویستیش بۆ سنوردارکردن و دیاریکردنی وتن ئەو نهێنییەیە کە تراکتاتۆس حەزی کرد لە فەلسەفاندندا جێ قایمی بکا. تراکتاتۆس کە وتنی لا بەنرخە، بۆیە بەو جۆرە دەپەیڤێ و بەس، بۆیە بەو جۆرە ویستی فەلسەفاندنی بەرهەم دێنێ و بەس، چونکە ئەم دژی درێژدادڕییە و دژی ئەوەشە کە ویستی فەلسەفی وتنئامێزێکی بێ مەرام بێ. هەروەها ئەو (واتە تراکتاتۆس یان ڤیتگنشتاین) وتنی لا بێ مانایە بۆیە گومان لە وتنی خۆشی دەکا. یان وتنی پێ قبووڵ نییە بێ سڵەمینەوە، لەوی وتراوە و بێ چوونە ناخی داڕشتن و بەکاربردنەکانی ئەو وتنەوە. سەیرەکە لەوەدایە گەلێ لەوە ناگا بۆ ڤیتگنشتاین تا ئەو ڕادەیە لە بێ مانای دەدوێ کە دواتر ئەوی خۆشی دەیڵێ بەبێ مانایی بشوبهێنێ؟ من دەزانم شتی وا بێ وێنەیە و تا ئەندازەیەک نەبووەتەوە (بڕوانە





دوا دێرەکانی تراکتاتۆس). بەڵام لەم حاڵەتەدا شتێک هەیە نابێ بخرێتە پشتگوێ کە ئەوەش ئەمەیە: ئەو سڵکردنەوەیە لە وتنی خۆ و گومانکردنی پێشوەخت لەوەی وتراوە ئەوە مەسەلەیە ڤیتگنشتاینانەیە و بەس. بەڵام بەشێک لە خوێنەرانی تراکتاتۆس لەمە حاڵی نابن، چونکە ئەوانە تا ئێستاش لە قۆناغی شت ستایش کردندان. تا ئێستاش لەو دەوروبەرە دەخولێینەوە کە ئەوە هی منە و شتی منیش بێ وێنەیە. واتە ئەو شتە بێ وێنە، چونکە هی منە.

بۆیە من باوەڕم بەوە نییە نووسینی ئاسان و قورس بوونی هەبێ، بەقەد ئەوەی هەر نووسەرە و شێوازێک لە نووسین، فەلسەفەکردن، بەکار دەبا و هەروەها خواستێک لە فەلسەفەدا دەبینێتەوە. واتە بەو جۆرەی کانت نووسیویەتی ڕاولز نەینووسیوە، ئەوی ڕاولزیش نووسیویەتی لەوی باتای یان ڕۆرتی و.. هتد جودایە. ئەم جیاوازییە ئەو ویستەیە کە لای گشت فەیلەسوفێک بۆ فەلسەفاندن هەیە و ئەوەش لە فەیلەسوفێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێتەوە. ئەم جیاوازییە کە لە گۆکردن و وتندا لێک ناچن ئەو تێکستانەی بەرهەم هێناوە کە مرۆڤایەتی ئەمرۆ بۆی بووە بەسەرچاوە. کەواتە شێوازی بیرکردنەوەکان کە تێکەڵ بەفۆرمی داڕشتنەکە دەبن، تێکستەکە دروست دەکەن، نەک شتێ تر. پاشان نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە بیرمەندانی ڕۆژئاوا یەکتریان بەوردی خوێندووەتەوە و لە شێوازی هزراندن و داڕشتن و ویستی فەلسەفاندنی یەکتریش زۆر بەئاگا بوونە بۆیە زۆر ئاساییە هەریەکە لە ئاست خۆیەوە هەوڵی ئەوەی دابێ لەوی تر جیا بێ. بەڵام کێشەی نووسەرانی کورد تەنیا ئەوە نییە کە هەر دەرکیان بەجیاوازی لە فۆرمی تێڕامان و نووسینی بیرمەندانی ڕۆژئاوا نەکردووە بەڵکو کێشە هەرە بنەرەتییەکە ئەوەیە کە نووسەرانی کورد خۆیان لەسەر یەک جۆر لە نووسین و خوێندنەوە ڕاهێناوە کە ئەم لایەنەش وای کردووە نەتوانن دەست و پەنجە لەتەک ئەو بۆچوون و دیتنانە نەرم بکەن کە لە شێوازی نووسینی کوردییەوە دوورن. تۆ تەماشا گشت نووسەرانی شار نیچە دەناسن، گشت نووسەرانی شار دەکارن چەند دێرێک لەسەر ڕۆشنگەری لەبەرابەر تازەگەریدا بڵێن، بەڵام لە هەمان کاتدا ناوی سەدان فەیلەسوف

نازانن کە لە بواری فەلسەفەی ڕەوشت، فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەی جوانکاری یان هونەر، فەلسەفەی ئاین، فەلسەفەی بەها یان ماف و.. هتد بناغەدانەری چەندین تێزی ناودارن. نەک هەر ئەوە بگرە ئەو سەدەها بیرمەندەش ناناسن کە ناودارترین تێزیان لەسەر خودی بابەتی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە و دیدگا فەلسەفییەکانی نیچە هەیە. باشە ئەمە چەندی بەچەندە؟

ئەڵبەتە لەو لایەنەی لای سەرەوە باس کرا درماویتر وا هەست دەکەم ئەمە بێ: گشت فەلسەفەی ڕۆژئاوا بۆ نووسەرانی کورد بریتی کراوە لە چەند باسێک کە پێش هەمووی دەکرێ ئەمانە بەشێک بن لێی: تێکست چییە؟ پێوەندیی ڕووناکبیر بەدەسەڵاتەوە چییە؟ پێوەندیی ڕۆژئاوا بەڕۆژهەڵاتەوە چییە؟ تەنانەت گشت فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە بەکاربردنی ئەم واژە و واتایانەش پێک هێنراوە: جیهانگیری، پاش تازەگەری، کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ، بەڵام ئایا ڕاستە گشت فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەم شتانە پێکهاتووە؟ بەخۆی قسە لەم شتانە لەوە چووەتە دەرەوە فەلسەفە، یان فەلسەفەی ڕۆژئاوا، بێ. فەلسەفە کە پرسیارە بوونا وییەکان ئەورووژێنێ، قسەکردنی خۆی لەسەر گشت دیاردە و ڕووداوەکانی ناوبوون و ژیانیش هەیە. ئەو قسەکردنە کە لە نووسین و ئاخاوتنەکانی ئێمەی کورد ڕەنگی نەداوەتەوە، تێڕامانە فەلسەفییەکانیشمانی سنووردار و تەسک کردووەتەوە. بۆیە کاتێک خوێنەران تێڕامانێک لە جۆری تراکتاتۆس دەبینن، کە ٨٨ ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، سەری دنیایان لێ دێتەوە یەک و زۆریش ئاساییە ئەو کەسەی ئەو بابەتەی خستووەتە بەرباس بەوە تاوانبار بکەن کە شتی قورس دەنووسێ یان نووسینەکەی حاڵی نەبوون دروست دەکا. باشە ئێمە ئاوا لە تێکستێک بگەین کە ئەمڕۆ تەمەنی فەلسەفیی ٨٨ ساڵە، چۆن لەو تێکستانە دەگەین کە توێژەرەوەکانی زانکۆکانی ڕۆژئاوا و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەینووسن؟ گەر ئێمە لە تراکتاتۆس نەگەین، چۆن دەکرێ لەو کۆمارە فەلسەفەیە بگەین بۆ ١٠٠ ساڵ دەبێ بەنێوی کۆماری فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە زانکۆکانی کامبرج و ئۆکسفۆرد خشتی دەخرێتە سەر؟ پێم وایە ئەوەی ئێمە لە تراکتاتۆس ناگەین و ئەوەش کە لەو تێکستانەش



بێ ئاگاین لە پاش تراکتاتۆسەوە لە گۆڕەپانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا باڵادەستن، گرفتێکی ڕووناکبیریی گەورەیە و قابیلی قسەکردنێکی لەمەی من تایبەتترە. بۆیە زۆر بەڕوونی و بەپوختی دەڵێم : مەسەلەی ئەوەی فلان کەس سانا دەنووسێ و ئەوی تریش قورس، ئەمە تەنیا لە مەغزی کەسی کورددا هەیە. لەبەرئەوەی ئێمە هیچ پاشخانێکی فەلسەفیی ئەوتۆمان نییە، بۆی بگەڕێینەوە و هەروەها سەر بەنەریتێکی فەلسەفیی دیاریکراویش نین، ئەمە کاریگەریی خۆی بەسەر سەرجەم حاڵینەبوونەکانمانەوە بەجێ هێشتووە و کارێکی ئەوتۆشی کردووە نەتوانین دەست و پەنجە لەتەک تێکستگەلێکی نامۆی وەک تراکتاتۆسدا نەرم بکەین. بۆیە هیچ وەخت نابێ دڵمان بەو پرسیارە خۆش بێ کە بەمجۆرە فۆرمولێرە دەکرێ: نەدەکرا ئەو تێکستە بەجۆرێکی ئاسانتر بنووسرابایە؟ ئەگەرچی ئەم پرسیارە میتافیزیکییە، بەڵام جاری وایە بۆ ئەوەش دەچم کە داڕشتنی ئەو جۆرە تێگەیشتنەی ئەم پرسیارەی پێک هێناوە، جۆرە پلانێک ڕۆشنبیریشی تێدایە کە جۆرە سیاسەتکردنێکی سەیر لە خۆیدا دەشارێتەوە. ماهیەتی ئەو سیاسەتەش زۆر بەکورتی لەو دیتنەدا بنج بەستە کە بەم شێوەیەیە: ئەو تێکستە بۆ هەندێک کەس ئاسان نییە بۆ حاڵیبوون، چونکە عەمر نووسیویەتی نەک زەید.

بۆ زێدە شیکردنەوەی ئەو دیتنانەی لای سەرەوە، دەگەمە ئەوەی ئاواش بیر کەمەوە: زۆر ئاساییە ئەم نووسینە لە هەندێک پەڕەگرافدا بەتایبەت لەو شوێنانەی بیری ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس دەخاتە ڕوو یان بۆچوون و دیدبینیی ڤیتگنشتاین دێبات دەکا تێنەگەیشتن و ئاڵۆزکاریی لە ڕوونکردنەوەدا دروست کردبێ، بەڵام، هەروەک لای سەرەوەش وتم، من لەم گرفتە بەرپرسیار نیم. بەڵام ئەمەی من دەیڵێم پاساو نییە بۆ ئەو تێنەگەیشتنەی لەو ڕووەوە دروست دەبێ. بۆ ئەوەی ئەوەش ئارگومێنتدار بکەم کە دەیڵێم بەپێویستی دەزانم بپرسم بۆ دەبێ خوێنەر کە لە تراکتاتۆس نەگا (واتە لە ڤیتگنشتاین نەگا وەک فەیلەسوف) پێی وابێ ئەمە من لێی بەرپرسیارم؟ بۆ دەبێ خوێنەر بەخۆی هەوڵ نەدا لەوە بگا کە لێی ناگا؟ بۆ دەبێ خوێنەر لەوە نەگا کە بۆ تا

هەنووکە سەر بەهیچ نەریتێکی دیاریکراوی فەلسەفی نییە؟ بۆ ئەوە مات و سەرسامی ناکا بیرمەندێک ناناسێ کە ٥٦ ساڵ بەسەر مەرگی تێ پەڕیوە؟ بۆ لەو حاڵەتە ناسڵەمێتەوە کە تێکستێک وەک تراکتاتۆس کە وا ٨٥ ساڵ بەسەر چاپکردنیدا تێ پەڕیوە نەیبیستووە؟

دڵنیام ئەو خوێنەرەی لەمیانەی ئەم نووسینەوە بەبەشێک لە وتنەکانی تراکتاتۆس ئاشنا بووە لەوە دەگا ناواخنی هزریی تراکتاتۆس لە سەرجەم ناواخنی هزریی ئەو نووسینانە تەواو جیایە، ڕۆژانە بەرچاوی دەکەوێ. چونکە ئەو ناواخنە هزرییەی تراکتاتۆسی لێ پێک دێ نە لە کەلەپوور و ڕۆشنبیریی ئێمەوە نزیکە و نەش سەرجەم زانینمان. تراکتاتۆس کە لە زمان دەدوێ، زمان کە بۆ تراکتاتۆس هەموو شتێکە، کوا زمان بۆ ئێمە بەو جۆرەیە؟ کوا ئێمە (نووسەر و ڕەخنەگرانی کورد) لە زمان دەدوێین؟ کوا لە ڕێگەی فەلسەفەوە لە زمان ڕاماوین؟ ئاشکرایە زمان بۆ ئێمە واتە وێژە. ئەوەش کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە بارەی زمانەوە وتوومانە وتن بوونە لە ڕوانگەیەکی نەتەوەیییەوە و وتنیش بوونە بۆ جەختکردن لەسەر بوون و مانەوەمان. ئێمە پێش «ئەی ڕەقیب»یش هەر ئەی ڕەقیبئاسا تێ هزرینمان لەسەر زمان هەبووە. زمان بۆ ئێمە واتە کەلەپوور، بۆیەشە ئەوی یەک وتنی سیاسی گۆ بکا باس لە ئەدەب و زمانی کوردی دەکا. بەڵام ئەو زمانەی لە تراکتاتۆس دێتە وتن لە بنڕا لەو زمانە جیایە کە باو و باپیرە ئەدەبدۆستەکانمان لێی دواون. لە ناو ئێمە قسە لە زمان و ئەدەب لەوە بووەتەوە تەنیا بەپسپۆڕانی ئەدەب و زمانەوە تایبەت بکرێ. ڕۆژنامەوانان و سیاسەتکارانی کورد کەمتر لە ئەکادیمیکەرانی کورد قسە لە زمان و ئەدەبی کوردی ناکەن. باس لە زمان و ئەدەبی کوردی، کە بووە بەخۆراکی سەرەکیی گشت وتاری ڕووناکبیریمان، لە ئێستادا لەوە کەوتووە زانینێک تایبەت بەرهەم بێنێ. بۆ ئەوەی ئەم زانینە بەرهەم بێ دەبێ زمان و ئەدەبی کوردی بەخۆیەوە سەرقاڵ بکرێ و مافی پۆلە زانینیەکانی تر (واتە فەلسەفە، مێژوو، کۆمەڵناسی و ڕۆژنامەوانی) نەخوا لە لای و لە لایەکی تریش بواری زمان و ئەدەبی کوردی، مەرجە بەوانەوە تایبەت بکرێ کە لەو بوارەدا



پسپۆڕن. چونکە ئەوەندەی سیاسی و ڕۆژنامەوانەکانمان لە زمان و ئەدەبی کوردی دەدوێن ئەوەندە ئەکادیمیکەرانی ئەو بوارە لە زمان و ئەدەبی کوردی نادوێن. ئەمەش کە دیاردەی زێدە ناساغە گرفتێکی زۆری بۆ توێژینەوە لەمەڕ زمان و ئەدەب دروست کردووە و کارێکی ئەوتۆشی کردووە، پۆلی زمان و ئەدەب تەنیا باس لە تراژیدیا و کێشە نەتەوەیییەکان و بابەتی ناسنامە و لاواندنەوەی تێکستی کلاسیکی ئەدەبی کوردی بریتی بکرێ.

بەواتایەکی تر، زمان کە بۆ تراکتاتۆس لەگەڵ لۆژیکدا (مەنتیق) مانادار دەبێ، کوا ئێمە (نووسەر و ڕەخنەگرانی کورد) بەلۆژیکەوە ئەوەندە پێوەندیدارین؟ کوا ئێمە ئەوەندە حەوسەڵەی خوێندنەوەی نووسینی لۆژیکیمان هەیە؟ کوا و لە چ بەشێک لە بەشەکانی ئەو ڕیزە زانکۆیەی هەمانە، لۆژیک دەخوێندرێ؟ چەند لاپەڕەمان هەریەک لە ئێمە تا ئەوڕۆ لەسەر لۆژیک نووسیوە و ڕۆژانە چەند هەنگاوی لۆژیکییانە دەنێین؟ بەدڵنیاییەوە هیچ. ئەگەر لۆژیک ئەو مانایەی بۆ جیهانمان، جیهانی کوردی، هەبایە بەدڵنیاییەوە ئێستا وتاری ناسیۆنالیمان شتێکی تری دەچڕی. ڕاستە ئەو لۆژیکەی تراکتاتۆس بانگەشەی بۆ دەکا سەر بەبزاڤی فەلسەفی جیایە و لەتەک وتاری زمانەوانیی بیرمەندانی شیکردنەوەییشدا یەک دەگرێتەوە، کە پێم وابێ، تەکنیکی ئەمڕۆ لە سەرێکەوە بەرهەمی ئەو یەکگرتنەوەیەیە، بەڵام هەر ئەو لۆژیکە کە تراکتاتۆس خەیاڵی داوەتێ، کارێکی زۆری لەسەر وتن و دەربڕین و شێوازی بەکاربردنی وشەش کردووە. پاشان دەمەوێ ئەوەش بیر بخەمەوە کە هەر ئەم تەکنیکەی باسی لێوە کرا بەرهەمی ئەو یەکگرتنەوەیەشە لە نێوان لۆژیک و ئەندازە و بیرکاریشدا ڕووی داوە. بۆیە بەلامەوە ئاساییە بپرسم ئێمە کە ئاوا لە تەکنیک نەگەیشتووین و لەوەش نەگەیشتووین لۆژیک ئەو توانایەی هەیە و ئەوەندەش لە بنەچەی هزری تراکتاتۆسدا بەشدارە بۆ دەبێ لە گەلێک لە وتن و بینینی تراکتاتۆس بگەین؟ لۆژیک کە لای ئێمە زۆر جار قسەی نەستەق و قوت دەگەیەنێ، خودی لۆژیک بەو جۆرە نییە. لۆژیک کە لە تراکتاتۆسدا بانگەشەی ئەوە دەکا، ئەوە لۆژیکە شیاوی ئەوەی تێدایە بمانگەیەنێ بەدڵنیابوون، لە

ڕاستیی ئارگومێنتێکی لای ئێمە، نە ڕاستی ئارگومێنتێکی بەو جۆرە دەدۆزرێتەوە و نەش دڵنیابوون لە گەیشتن بەڕاستی ئەو بایەخەی هەیە. بۆیە هەڵە ناکەم بڵێم: گەر تراکتاتۆس ئەو پشتە زۆرەی بەلۆژیک نەبەستایە هەرگیز نەیدەتوانی ئەو کودەتا زمانەوانییە بەرپا بکا کە لە نێوەندەکانی فەلسەفەی زمان بەوەرچەرخاندنی زمانەوانیی ڤیتگنشتاین ناسراوە.

هەر لە بارەی ئەوی لای سەرەوە وترا، ئاماژە بەوەش دەکەم، ئێمە بەو لۆژیکە ئاشنا نین لە تراکتاتۆسدا جێنشین کراوە و هەروەها بەو کودەتایەش کە لە بواری فەلسەفەی زماندا بەرپا کراوە. ئەمەش وای کردووە ئێمە ئەوەندە مەیلمان بۆ شیکردنەوەی زمانەوانی نەبێ و هەروەها وتاری زمانەوانیش تەنیا لە وێژەدا بەرجەستە بکەین. ئەمە و ئەوەش بیر دەخەمەوە تراکتاتۆس کە باسێ زۆر لەسەر وتن (هەروەها دێر، گوزارە و دەربڕینیش) دێنێتە پێشێ کەی ئێمە ئەوەندە خەیاڵمان داوەتە ئەوەی دەیڵێین یان ئەوەی گوێ دەکەین یاخود ئەوی دەری دەبڕین، ئەگەر وا بووایە و ئێمە ئەوەندە لەو ڕووەوە وردبین بایانیە، ئێستا هیچ نەبێ لە بواری لۆژیک یان وتاری زمانەوانیدا خاوەنی بەدەیان تێز بووین. بۆیە پرسیارە ڕیشەیییەکە ئەوە نییە کە بۆ لە تراکتاتۆس حاڵی نابین؟ بەڵکو ئەوەیە بۆ دەبێ لێی حاڵی بین؟ یان ئێمە کە بەکەلەپووری فەلسەفەی لۆژیکی ڕۆژئاوا پێوەنیدار نین بۆ دەبێ بێ کێشە لە تراکتاتۆس بگەین؟ کامە گۆڤاری ئەهلی یان دامەزراوەی تا دەگاتە ڕۆژنامە و هەفتەنامەکانیش لە ماوەی ئەم ١٦ ساڵەی خۆمان ڕابەری خۆمان بووینە، وتارێکی لەسەر بابەتی تایبەت بەلۆژیک بڵاو کردووەتەوە؟ یان چەند نووسەری کورد، کتێبیان لەسەر بابەتێکی لۆژیکی نووسیوە؟ چەند نووسینەکانمان کە ڕۆژانە بەلێشاو لە گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامە ئەهلی و دامەزراوەیییەکان بڵاو دەبنەوە، وشەی لۆژیک بەکار دەبەن یان ئەو گوزارەیە بەکار دەبەن کە بەمجۆرەیە: ئەو شتە لۆژیکییە، ئەو شتە لۆژیکی نییە؟ گشت ئەو پرسیارانە ئامادەن، ئەو وەڵام و تێگەیشتنە بپێکن کە بەمجۆرەیە: ڕۆشنبیریی ئێمە بەگشتی پێوەندیی بەلۆژیکەوە تا بڵێی بێ سەر و شوێنە. لۆژیک کە مانای بۆ هیچ یەکێ لە توێژەکانی ناو ڕۆشنبیریی



کوردی نییە بەسەفسەتە و زێدەڕۆیییەکی ڕەوانبێژی پڕ کراوەتەوە. زانایانی زمان و ئەدەبی ئێمە، هێندەی بەوەوە سەرقاڵن کێیان لە ژێرەوە بەبەعسەوە بووە و کێش نەبووە هێندە بەئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕێزمان و زمان و ڕەوانبێژیی کوردییەوە سەرقاڵ نین کە ئەو جۆرە توێژینەوانە دەتوانن، ببن بەسەرچاوە بۆ خۆمان و بۆ ئەوی غەیرە کوردیش.

پێم باشە هەر سەبارەت بەم لایەنە ئەوەش بێژم کە، ئەو نەختە بایەخەش لە ناو ئێمە بەزمانەوانی دراوە، لە ژێر کاریگەریی دوو تەوژمەدا بووە، یەکێکیان وتنەکانمان لەسەر زمان و ڕێزمانی کوردی کە ئەوانەش لە ژێر کاریگەریی کوردناسە سۆڤیەتییەکاندا ئەنجام دراون و بەشی دووەم ئەو بایەخدانانەیە لەم سالانەی دوایی بەزانستی زمان درا، ئەویش پاش پۆپولێربوونی ئەدەبیاتی بنەماخوازی و سیمیۆلۆژی. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی تەوژمی یەکەم، ئەوەندە دەڵێم کە ئەو نووسینانەی لە ناو ئێمە لە بارەی زمان و ئەدەبی کوردی باون، ئەو نووسینانەن ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان نووسیویانن کە لە لایەن ئەو خوێندکارە کوردانەوە پێمان گەییون کە لە سالانی دوای ١٩٥٠کانەوە ڕوویان لە یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران کردووە. بەڵام کێشەی ئەو نووسینانەی زانایانی سۆڤیەتی جاران لەسەر زمان و ئەدەب و ڕێزمانی کوردی نووسیویان، لەوەدایە لەبەرئەوەی لە کۆلێژەکانی زمان و ئەدەبی ولاتانی ڕۆژئاوا ناسراو نین توێژینەوە و پێداچوونی تریان بەدوودا نەهاتووە. هۆی ئەوەش ڕەنگە لە لایەک ئەوە بێ کە ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان زمانی تریان نەزانیوە تا پێی بنووسن و، ئەمە و لاوازیی پرۆسەی وەرگێڕانیش مانای خۆی لەم ڕووەوە هەر هەبووە و، لە لایەکی تر خودی ئەکادیمیکەرە کوردەکانیش لەو بارەیەوە شتێکیان بەغەیری زمانی کوردی نەنووسیوە و بەشداریشیان لە پێکهێنانی ژێرخانێک لە توێژینەوە لە بارەی زمان و ئەدەب و ڕێزمانی کوردی زێدە لاواز بووە. ئەوەش کە لە لایەن ئەو ئەکادیمیکەرە کوردانەوە نووسراوە هەر بەزمانی کوردی بووە و تەنێ خۆمان خوێنەر و بەکاربەری بووینە. هەرچی لایەنی دووەمە موخابن گرفتی زۆری هەیە کە بەکورتی یەک دوویەکی لێ باس دەکەم. لە ڕاستیدا

لایەنی دووەم باس لەوە دەکا کە بایەخ بەوتاری زمانەوانی لە ناو ئێمە لە ڕێگەی بایەخدان بەنووسینی بنەماخوازەکانەوە بووە، بەڵام ئێمە چەند لەم وتارە گەیشتووین ڕوون نییە. یان وا هەست دەکەم ئێمە ئەوەندە لە وتاری زمانەوانیی بنەماخوازییەوە گەیشتووین کە بارت یان کریستێڤا لە بارەی تێکستەوە چی دەڵێن و یان چی ناڵێن، بەڵام لە ڕاستیدا نە وتاری ناوبراو ئەوە ماهیەتەکەیەتی و نەش وتاری بنەماخوازی، وتارێکی دابراوە لە وتارە زمانەوانییەکانی پێش خۆی. مەبەستیشم لەمە ئەوەیە ئێمە لە وتاری زمانەوانیی بیرمەندانی بنەماخوازی هەرگیز ناگەین، گەر لە تێزە سەرەکییەکانی زمانەوانی سویسری، فردیێناند دۆ سۆسێر، بەوردی نەگەیشتووبێتین (وانەی گشتی لەمەڕ زانستی زمان) و هەروەها لەو تێزانەش نەگەیشتووبێتین فۆرمالیستە ڕووسەکان (لەوانە ڕۆمان جاکۆبسۆن) و هەندێک بازنەی زمانەوانی تر وەک بازنەی کۆپنهاگن (هێلمسلێڤ) و بازنەی تارتۆ (لەوانە یوری لۆتمان) و گرووپی کۆڤاری تیل–کیلی فەرەنسی پێی گەیشتوون. ئەمە و دەمەوێ ئەوەش بڵێم: ئێمە دەبێ چاک لەو دۆکتورینە (باوەڕە) حاڵی بین کە وتاری زمانەوانیی بنەماخوازی، بێ ئەو تەوژم و بزاڤانە ئەستەم بوو بەناسنامەیەکی ڕووناکبیرییەوە هەستێتە سەرپێ. بەڵام لە وتاری ڕەخنەی ئەدەبی و بەگشتیش لە نووسینی کوردیدا نە کاریگەریی هیچ یەک لەو تەوژم و بزاڤانە دیارە، کە ٥٠ ساڵێک بەسەریاندا تێ پەڕیوە و، نەش وتاری زمانەوانیی ئەو لق و پۆپەی لێ دەبێتەوە. بەڵام لەبری ئەوە، شتی دی کراوە. بۆ نموونە نووسینی ڕەخنەی ئەدەبی و تەنانەت ڕۆشنبیریش بەگشتی هەوڵی داوە نەختێ کەڵکی لە هەندێ کتێبی بارت و کریستیڤا و، دێریداش لەم دواییە، وەرگرێ و بەهۆیانەوە هەندێ باس لە بارەی تێکستی شیعری و شانۆیی و بەگشتیش هونەری، بێنێتە پێشەوە، بەڵام یەک لە هەڵەکانی ئەو نووسینانەی لەبەر سایەی ئەو کتێبانە نووسراون، ئەوەیە ئەو کتێبانە لەو کاتەوەی نووسراون، یەک ناواخنیان هەیە، بەڵام نووسینە کوردییەکان هەر ڕۆژەو بەجۆرێک ئەو کتێبانە بەکار دەبەن. هەر نووسەرە و بەپێی ناوونیشانی سەروتارەکەی و ئامانجی



نووسینەکەی ئەو کتێبە دەخوێنێتەوە و بۆچوونەکانی بەکار دەبا. ئەمەش نەک هەر لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا، یەک ناگرنەوە کە ئەو کتێبانە لە پێناویاندا نووسراون بەڵکو پێش گشت شتێ لەتەک ئەو ئامانجانەشدا یەک ناگرنەوە کە خودی نووسین خۆی لەسەر بنیات دەنێ، چونکە نووسین پرۆسەیەکی جیاکار و ئامانجدارە کە سنوور و چوارچێوەی گەشەی دیاریکراوە و هەرەمەکی نییە.

لەوی لای سەرەوە مانادارتر بۆ وتن ئەم دوو خاڵەیە: یەکەم ئەوەیە کە ئێمە (نووسەر و ڕەخنەگرانی کورد) لەوە بەئاگا نین وتاری بنەماخوازی، کە سەر بەنەریتی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵە، لە لایەن بیرمەندانی فەلسەفەی شیکردنەوەییەوە بەو جۆرە نانرخێنرێ کە هەوادارانی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ یان فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسی دەینرخێنن. دووەمیش ئەوەیە کە وتاری زمانەوانیی بنەماخوازی لە بنڕا لەو وتارە زمانەوانییە جیایە کە فەیلەسوفانی شیکردنەوەیی پتر لە ١٠٠ ساڵە لە کامبرج و ئۆکسفۆرد کاری لەسەر دەکەن. ئەم دوو خاڵەش بەدڵنیاییەوە سەرلەنوێ دەمباتەوە سەر تراکتاتۆس و سەر ئەو وتارە زمانەوانییەی لە تراکتاتۆس پەنهانە کە ڕووناکبیری فەلسەفیمان پێی نامۆیە. بۆیە بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەو دیتنانەی لای سەرەوە، دێمەوە سەر ئەوی پێشتر لێی دواوم کە ئەوەش لای خوارەوە دەخەمە ڕوو.

سەرەتا قامک لەسەر ئەوە دادەنێم کە زمان لە تراکتاتۆسدا لە نێوان بنەمای دێر (وتن) و فاکتە بنیاتی داناوە(٦٦). بۆیە ئەوی بەوردی تەماشای دارشتنەکانی تراکتاتۆس بکا، بەو بۆچوونە دەگا کە زمان ماهیەتی تراکتاتۆسە، بەڵام ئەم زمانە پاش تراکتاتۆس وەک خۆی نامێنێتەوە و جۆرە ڕەوتێکی تر وەردەگرێ کە لە یاریی زمان بریتی دەبێ. واتە زمان لە پاش تراکتاتۆسەوە دەبێ بەیاری ئەم یارییە کە خواستێکی گەورەی ڤیتگنشتاینی لەسەر بووە، نهێنیی ئەو شێوە فەلسەفەکردنەشە کە دوای تراکتاتۆس لە دایک دەبێ. بەڵام لەبری ئەو یارییە زمان لە تراکتاتۆسدا بەزۆری لە ناو فەلسەفە خۆی قایم دەکا. فەلسەفەش لە ئامێزی ئەو زمانەی تراکتاتۆسدا وەدووی زمان یان سێنتێکسی لۆژیکی زمان دەکەوێ. ئەم فەلسەفەیە کە شیاوییەکی

زمانەوانیی زۆری تێدایە، کارێکی زۆریشی لەسەر ڕوونکردنەوەی واتای دەربڕین، (گوزارە، دێر) کردووە. واتای دەربڕین، بۆ تراکتاتۆس، ئەوەندە مانادارە زۆر ئەستەمە لە سەرجەم ئەو فەلسەفە زمانەوانییە جیا بکرێتەوە، ڤیتگنشتاین پێی ناسراوە. بەڵام گرفتی سەرەکیی ئەم واتایە بۆ من لەو گرێیەدا خۆی کۆ دەکاتەوە کە ئەرکی ڕاڤەکردنی ئەو لۆژیکەی لە ئەستۆ نەگرتووە کە تراکتاتۆس پشتی پێ بەستووە. بۆیە لە دوو توێی نووسینەکەدا بەردەوام ئەوەم بەگوێی خوێنەردا داوە کە تراکتاتۆس نووسیێکی پەرت، نایەکانگیر و سەختە بۆ تێگەیشتن. بەڵام ئەم لایەنە دەبێ لە کۆنتێکستی دەربڕین و گوزارەکانی تراکتاتۆسدا ڕاڤە بکرێ، نەک دەرەوەی. هۆی ئەوەش کە من بەمجۆرە بیر دەکەمەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پەرتی و نایەکانگیرییەی لە تێکستی تراکتاتۆسدا ئامادەیە، لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەم تێکستەیە نەک ئەوەی ئەوە توێژەرەوە یان خوێنەرانن ئەو خەسڵەتەیان بۆ تراکتاتۆس قوت کردووەتەوە. بۆیەشە لە ڤیتگنشتاین تا دەگاتە تراکتاتۆسناسە نوێکانیش هەمیشە گومانئاسا ڕوانیویانەتە خوێنەرانی ئەم بەرهەمە فەلسەفییە.

هەر زووش ئەوەم خستە بەرباس کە ڤیتگنشتاین لەو پێشەکییەی بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە، ئەوەمان بەرگوێ دەخا ئەم کتێبە تەنیا لە لایەن ئەوانەوە شایانی تێگەیشتنە کە جارێک لە جاران بەو جۆرە بیریان کردووەتەوە کە ئەم کتێبە گوزارەی لێ دەکا[٦٧]. ئەمە و ڤیتگنشتاین هەر لەو پێشەکییە بۆ ئەوەی جودایی ئەم کارە دەستنیشان بکا ئامادە نییە هیچ سەرچاوە و ژێردەرێک بخاتە بەردەستی خوێنەر. سێرکردنیشی لەو بارەیەوە بەمجۆرەیە: ئەوی من بیرم لێ کردووەتەوە کەسێکی تر بەو جۆرە بیری لێ نەکردووەتەوە[٦٨]. هەر سەبارەت بەم لایەنە ئەوەش وەبیر خوێنەر دێنمەوە کە ڤیتگنشتاین لە دوا دێرەکانی ئەو پێشەکییە، ئەوەش باس دەکا کە چۆن ئەم دڵنیا نییە توانیبێتی کێشەکان چارەسەر بکا و، گومان لەوەش دەکا لە ڕێگەی وتنەکانیەوە مانای دروست کردبێ. ئەم لایەنانە وەکی تر ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکەنەوە تراکتاتۆس



وەک تێکستێکی کۆکئامێز و سادە ببینرێ. ڕاستە ڤیتگنشتاین نەختێک زیاد لە پێویست لەم ڕووەوە ڕاستگۆیە و نایەوێ ئەم کارە بکا بەسەکۆیەک بۆ وێنە دروستکردن لەسەر مانا و ڕاستی، بەڵام ئەو گومانە زۆرەش ڤیتگنشتاین لە دیتنی خۆی دەیکا وا هەست دەکەم شێوە تێنەگەیشتن و بێ ماناییيەکی دروست کردووە کە دەشێ بۆ گەلێک لە خوێنەرانی تراکتاتۆس شایانی تێڕامان بێ.

بەواتایەکی تر و بەکورتی، ئەوەی تراکتاتۆس بۆ تێگەیشتن ئاسان نییە دەرخستەیەکی شەخسیی من نییە و، تراکتاتۆسیش بەمە لەکەدار نابێ، بگرە ئەوە دەرخستەی گەلێک لەوانەیە تێکستی تراکتاتۆسیان خوێندووەتەوە. لەم بارەیەشەوە، گەلێ نموونەی بەرچاوی هەن کە دەکرێ وەک بەڵگە لەسەر نائاسانیی ئەم تێکستە وەرگیرێن. باشترین بەڵگەشم دوو وتنە کە یەکێکیان ئەوی ڤیتگنشتاین خۆیەتی و ئەوی تریش ئەوی وەرگێڕی تراکتاتۆسە، بۆ سەر زمانی سویدی. سەبارەت بەوتنی یەکەم باس لەو ڕۆژە دەکەم تراکتاتۆس وەک بابەتێکی ئەکادیمی لە زانکۆی کامبرج گفتوگۆ دەکرێ. چونکە پاش تەواوبوونی گفتوگۆکە ڤیتگنشتاین دەستێکی دەخاتە سەرشانی ڕاسێل و ئەوی تریش بۆ سەرشانی مۆر، کە هەردوو سەرپەرشتیاری گفتوگۆکەن و، پێیان دەڵێ: نارەحەت مەبن، ئێوە هەرگیز لەمە ناگەن"". ئەم دانپێداهێنانەی ڤیتگنشتاین لە لایەن ترکتاتۆسناسەکانەوە زۆر بەنموونە دەهێنرێتەوە و تەنانەت وەک بەڵگەیەکیش لەسەر ئاڵۆزیی بیری ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس تەماشا دەکرێ. هەرچی وتنی دووەمە، ئەوەیە کە ئاندەش وێدبێرێ لە دوا لاپەڕەکانی ئەو پێشەکییەی بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە، پێی لەسەر دادەگرێ کە گوایە تراکتاتۆس بەرهەمی ئاڵۆز و ناکۆکئامێزە[٦٩]. ئەم دانپێداهێنانەی وێدبێری کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر نێوەندی ئەکادیمیی سویدییەوە جێ هێشتووە، بۆچوونی تا بڵێی لە شوێنی خۆیەتی و دەقاودەق لە تراکتاتۆسیشەوە نزیکە.

# چەند سەرنج و دەرخستەیەک

تێکستە فەلسەفییەکان هەمیشە شایانی ئاوڕدانەوە و لێ وردبوونەوەن. تێکستە فەلسەفییەکان کە گوزارە لە جیهانی کۆن و نوێی مرۆڤ دەکەن، هەندێک جار وەک خۆی ئەو جیهانە ڕاڤە ناکەن. جیهانی ئەمڕۆ کە هێمن و شیاو نییە لە گەلێک جەمسەرەوە، کە پڕە لە گۆڕانی ڕۆحی و ڕەوشتیی درشت، تێکستە فەلسەفییەکان کاریگەرییان بەسەریەوە بێ سنوور زۆرە. ئەم جیهانە کە لەوە بووەتەوە سانا و سادە بێ لەتەک تێکستە فەلسەفییەکاندا لە پێوەندیدایە. بەڵام تێکستە فەلسەفییەکان، کە زۆر جار لەتەک ڕەوتی جیهان نارۆن، ناسنامەکانیان لە گۆڕاندایە. ئەم گۆڕانە کە ویستی مرۆڤایەتی دەکارێ دیاریی بکا، بێ سنوور شایانی تێ ڕامانە. تراکتاتۆسیش کە یەک لەو تێکستە فەلسەفییانەیە ئەم جیهانە ڕاڤە دەکا، ڕاڤەکردنەکانی خۆی لە چوارچێوەی تێکستێکی یاریئامێز، بیرێکی پڕ لە گەمە و شێوازێکی دژوارئاسای ڕیزپەڕ دەردەخا. ئەم تێکستە کە لەتەک ئەو جیهانە لە گفتوگۆدایە لە ڕوانگەی خۆیەوە شتەکانی ناو ئەم جیهانە دەبینێ.

جا پاش ئەوەی لەو چەند لاپەڕەیەی لای سەرەوە ئەو یاریئامێزی و بیرپڕی و دژوارکارییەی بیری تراکتاتۆسم بەچەند بەشێ (چوار بەش) ژێر ڕوونکردنەوە خست دەمەوێ لێرەوە لە لای بێمە سەر هەندێک سەرنجی پوخت و کورت کە بۆنی بەشێک لەو بینینانەیان لێ دێ کە پێیان گەیشتووم و لە لایەکی تریش ئەو دەرخستە و دەرئەنجامانەی بەهۆی ئەم نووسینەوە بەدەستم هێناوە.



## سەرنجەکان

١- پێشەکی دەمەوێ بەو سەرنجە سەرەتاییە دەست پێ بکەم کە بەم شێوەیەیە: ئەم نووسینەی ڤیتگنشتاین، واتە تراکتاتۆس لۆژیکۆ-فیلۆسۆفیکۆس، سەرەتا لە شێوەی نامیلکە نووسراوە نەک کتێب. مەبەستم، ئەم کتێبە سەرەتا بەخۆی نامیلکەیەک بووە و ڤیتگنشتاین سەرنج و ڕوانینەکانی ڕۆژانەی خۆی تێدا تۆمار کردووە و دواتریش بووە بەکاری ئەکادیمی و هەروەها تێکستێکی فەلسەفیی جیهانیش. کەوابێ ڤیتگنشتاین نەهاتووە وەک بەشێکی زۆر لە بیریارە گەورەکانی ڕۆژئاوا، کاتێکی دیاریکراو لە کابینەیەتی کارکردنی یان شوێنی ژیانی بۆ نووسینی ئەم کارەی تەرخان بکا. ئەمە و ئەم تێکستە کە بەگەلێک شێوە لە نێوەندە ئەکادیمییەکان دەمی لێ دراوە، بۆ من جگە لەوەی گشت خەسڵەتەکانی فەلسەفەی ڤیگنشتاینی تێدایە، شوێنێکیشە بۆ دروستکردنی تێ ڕامان لەسەر ستروکتوری بۆچوونی ڤیتگنشتاین و ئەو نەریتە فەلسەفەیەش کە پێی دەوترێ نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی کە ئەمڕۆ تاکە نەریتێکی فەلسەفییە پتر لە نەریتەکانی تر بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین گۆ دەکا.

٢- ناکۆکی و ئاڵۆزکارییەکانی ناو تێکستی تراکتاتۆس کە شیاوی لە بەردەم ویستی فەلسەفاندن کەم دەکەنەوە، بۆ من مانایەکی زۆریان بۆ تێ خوێندنەوەی تراکتاتۆس هەبووە. دیارە ئەم ویستە (واتە ویستی فەلسەفاندن) ئەستەمە بێتە دی تا ئەو بیرۆکە فەلسەفییانەی کاریان بۆ کۆتاییهێنان بەفەلسەفە کردووە سەرجەم شرۆڤە نەکرێن، کە ئەمەش تەنێ لە ڕێگەی سەرلەنوێ ڕەخنەکردن و تێ هزرین لەو بیرۆکانەوە دێتە دی، بەڵام هەندێک لایەنی ئەم ویستە ڕوونکردنەوەی لە بارەوە دراو و ئەوەش نیشان درا کە چۆن تراکتاتۆس لە ڕێگەی ئەو جۆرە فەلسەفەیەی باوەڕی پێیەتی هەوڵی داوە فەلسەفەکردن بخاتە بەردەم ویستی تایبەتەوە. مەبەستم، تراکتاتۆس کاری بۆ جۆرە فەلسەفەیەک کردووە، بەری باوەڕی فەلسەفی خۆی بووە و ئامانجیشی لەوە ئەوە بووە فەلسەفەکردن ئەو

ڕێچکەیە بگرێ کە لە تراکتاتۆسدا بناغەی بۆ دانراوە. ئەو بناغەیەش کە ئاڵۆز و ناکۆکدارە لەم نووسینەی من وەک خۆی پەسند نەکراوە.

٣- لەبەرئەوەی تێکستی تراکتاتۆس لە ناو نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد نەناسراوە، کە ئەمەش عەیب نییە، هاتم و پەڕەگرافێک لە نووسینەکەم بەپوختەی بیری ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس تایبەت کرد. ڕاستە ئەو پوختەکردنە یارمەتییەکی کەمی خوێنەری ئەم نووسینەی داوە، بەڵام هیچ نەبێ تێگەیشتنێکی ڕاستەوخۆی لەسەر تراکتاتۆس لا گەڵاڵە کردووە. چونکە ئەو پوختەیە نەبایە ڕەنگە خوێنەر نەیتوانیبایە لەو شێوە ڕاڤەکردنە بگا کە من لە دوو توێی نووسینەکەم گرتوومەتە بەر.

٤- ئەوەی تراکتاتۆس تێکستێکی ناسانا و ناسادەیە، ئەمە کێشەکە و تەنیا بەدۆزی نووسین و ڕووناکبیریی ئێمەی کوردەوە تایبەت نییە. چونکە تراکتاتۆس تا ئێستاش لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا، لەو نێوەندانەی دامەزرێنەری تێکستی ناوبراو و ئەو فەلسەفەیەشەن لە پشت تراکتاتۆسەوەیە، وەک تێکستێکی ئاڵۆز و سەخت دەبینرێ و ساڵانەش لە زۆربەی تێرم (وەرز)ەکانی خوێندن قوتابیان بەهۆی ناڕوونی و ئاڵۆزیی گوزارە و دەربڕینەکانی ئەم تێکستەوە دووچاری گەلێک گرفت دەبن. بۆیە ناماقووڵییە بوترێ: بۆ دەبێ ڕۆشنبیری کورد لە تراکتاتۆس وەک خۆی، وەک ئەوەی هەیە، بگا لەکاتێکا ئەم ڕۆشنبیرە کوردە هیچ پێوەندییەکی بەو ڕۆشنبیریە فەلسەفییەوە نییە لە تراکتاتۆسدا پەنهانە و هەروەها بەو فەلسەفەیەش (واتە فەلسەفەی شیکردنەوەیی) کە ناوی تراکتاتۆس و ڤیتگنشتاین گۆ دەکا. بەڵام تراکتاتۆس کە تێکستێ لە ڕادەبەدەر ورووژێنەر و گفتوگۆئامێزی فەلسەفییە لە کەموکوڕی بەدەر نییە.چونکە خەسڵەتی نووسین لای ڤیتگنشتاین بەو جۆرەی خۆی لە تراکتاتۆس دەردەخا ئەوە لای خوێنەر بەرجەستە دەکا کە تراکتاتۆس تەنیا بۆ ئەوانە شیاوی حاڵیبوونە کە وەک ڤیتگنشتاین بیریان کردووەتەوە.

٥- ئەوی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا ئامانجی بنەڕەتیی بوو لە لایەک



ڕەتکردنەوەی فەلسەفە بوو لە لای تریش کردنی کردەی فەلسەفەکردن بەپارچەیێ لە زمان. بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە دەبێ لای خوێنەری ئەم نووسینە زۆر ڕۆشن بێ، ئەم دوو لایەنەیە. لایەنی یەکەم ئەوەیە کە زمان لە تراکتاتۆسدا شان بەشانی لۆژیک و جیهان بوونی هەیە، نەک شتێ تر و لایەنی دووەمیش ئەوەیە کە بۆچوونی تراکتاتۆس بۆ جیهان هەمان شتە لەسەر زمانیش. بەواتایێ ڕوونتر لەم تێگەیشتنە دەمەوێ بڵێم، تراکتاتۆس وەک تێکستێکی فەلسەفی چەند دیدێ بەرهەمدێنێ کە لە چەند بارەیەکەوە وتنی خۆی کۆ دەکاتەوە و بۆ نموونە: وتن لەمەڕ جیهان، زمان، تیۆریی وێنە، فونکشونی ڕاستی، بێ مانایی، نەوتراوئامێز و فەلسەفە. ئەمانە و جگە لە هەڵوێستی تراکتاتۆس لە بارەی ئیتیک (ڕەوشت)، ئاین، بەڵام لە تراکتاتۆسدا گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی ماتماتیک، فەلسەفەی فیزیا و لۆژیکی ماتماتیکیش لە ئارادایە.

٦- لەو سەرنجانەی کە خوێنەری ئەم نووسینە ناشێ پەڕاوێزی بکا ئەوەیە کە فەلسەفە بۆ تراکتاتۆس نە تیۆرییە و نەش مێتۆد ئەڵبەتە سیستمیش نییە. بەڵکو فەلسەفە لە تراکتاتۆسدا سەرجەم چالاکییە. ئامانجی بنەڕەتیش لەم چالاکییە بایەخدانە بەکێشەی فەلسەفی. ئەو دەمەش کێشەی فەلسەفی ون دەبێ پێ دەچێ فەلسەفە ئەو مانایەی نەمێنێ. بەڵام لە لایەن منەوە ئەمە پارادۆکسێکی هەرە گەورەیە کە مانەوەی فەلسەفە بەبوونی کێشەی فەلسەفییەوە گرێ بدرێ. چونکە بەپێی ئەو تێگەیشتنە تراکتاتۆسییە بێ بۆ فەلسەفە کە کێشەی فەلسەفی نەما ئەوا فەلسەفە بوونی نامێنێ بەڵام ئایا وایە؟

٧- لە دوو توێی نووسینەکە، ئەوەم نیشان دا فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا مانایەکی زۆری بۆ گەشەی تەکنیک هەبووە و تا ڕادەیەک پایکی لە ناو فیزیا و ئەوی تریشی لە ناو بیرکاریدا بووە. بەڵام ئەوەندەی لە تراکتاتۆس گەیشتووبێتم، ئەمە هیوای ڤیتگنشتاین نەبووە. چونکە ڤیتگنشتاین هەمیشە پێی وا بووە فەلسەفە بەشێک نییە لە زانستە سروشتییەکان. کەواتە ئەو نزیکبوونەوەیەی نێوان فەلسەفە و زانست

خواستی ڤیتگنشتاینی لەسەر نەبووە، بەڵام ئەو لۆژیکەی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس باوەڕی پێی بووە، بۆ من لە بیرکارییەوە نزیکە تا فەلسەفە. ڕاستە ڤیتگنشتاین لەم ڕووەوە کێشەی لەگەڵ ڕاسێل هەبووە و کێشەکە لە بنەڕەتدا لەسەر ئەوە بووە کە بیرکاری دەبێ لە فەلسەفە دوور بخرێتەوە، چونکە بیرکاری دیسپلینێک تایبەت بەخۆی هەیە و توانای ئەوەشی هەیە کە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. بەڵام ئەمە بۆچوونی ڤیتگنشتاینە بۆ پێوەندی نێوان فەلسەفە و بیرکاری و بۆچوونی گشت بیریاریارانی کامبرج یان دواتر ئۆکسفۆرد نەبووە لەو بارەیەوە. بەڵام بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە بیرکاری باڵی لەم دوایییە بەسەر فەلسەفەدا زۆر کێشاوە و ئەمەش کە فەلسەفەی بەبیرکاری کردووە (بەماتماتیکی کردووە) کارکردەی بیریارانی فەلسەفەی شیکردنەوەیییە بەتایبەت ئەو بەشەی لەسەر ڕەوتی ڕاسێل دەڕۆن نەک ڤیتگینشتاین. چونکە ئەو لۆژیکەی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا کاری بۆ کردووە، لەو لۆژیکە جیابووە ڕاسێل کاری لەسەر کردووە. لەمە ڕوونتر بدوێم دەڵێم: ڕاسێل کە باوەڕی بەکارکردن لەسەر مێتۆدی شیکردنەوەیی لۆژیکی بووە، ئەم باوەڕە لۆژیکی لە بیرکاری نزیک کردووەتەوە. بۆیە ئەو بیرکارییەی دواتر بووە بەمیوانی فەلسەفە، یان بەگشتی فەلسەفەی زمان، میراتێکی ڕاسێلانەیە تا ڤیتگنشتاینانە.

٨- من لای سەرەوە باسم لە فەلسەفەی شیکردنەوەیی بەو جۆرە نەکرد پەرەسەندنی ئەو مێژووە لە بەرچاو بگرێ کە لە پشت فەلسەفەی ناوبراوەوەیە. واتە خوێندنەوەکەم گەشەی فەلسەفەی شیکردنەوەیی نەخستە بەرچاو و ئەوەشی ڕوون نەکردەوە تراکتاتۆس لە ناو ئەم مێژووە لە کوێ دەوەستێ. چونکە دەزانم ئەوە لە لایەک دەمباتەوە سەر باس لە فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە پاش مەرگی ڤیتگنشتاین، هەروەها لە لایەکی تر دەمباتەوە سەر باسی بیرمەندانی کامبرج (بەتایبەت ڕاسێل و مۆر)، ئۆکسفۆرد و بازنەی ڤیەننا (بەتایبەت شلیک و کارناپ) و هارفارد (بەتایبەت کواین و لویس) کە ئەمانە هەریەکە بەسەرهاتێکی خۆیانیان لە لای لەگەڵ تراکتاتۆس هەیە و لە لای تر لەگەڵ فەلسەفەی پۆست




تراکتاتۆسی ڤیتگنشتاین بەتایبەت لە دەم و وەختی پاش هاتنە چاپدانی کتێبی""توێژینەوە فەلسەفییەکان"" کە ئەم لایەنانە بەهیچ جۆرێ ناچنە بواری ئەم نووسینەوە. واتە تراکتاتۆس دەکرێ لە پێوەندی لەتەک ئیمیریزم و پۆزەتڤیزمی لۆژیکی لە لایەک و لە لایەکی تر پراگماتیزمی ئەمەریکیش بخوێنرێتەوە، بەڵام ئەم خوێندنەوەیەی من ئەم لایەنەی لە بەرچاو نەگرتووە و بەهیچ جۆرێکیش ئەم خوێندنەوەیە ئالوودەی ئەو تێز و خواسانە نەبووە ئەو بازنە و تەوژم و گرووپە ئەکادیمییانە سەرگەرمی بوونە.

٩- بەباوەڕی من نەک هەر دوای مردنی ڤیتگنشتاین و بەچاپگەیاندنی کتێبی ""توێژینەوە فەلسەفییەکان"" تراکتاتۆس دەکەوێتە قۆناغێکی ترەوە و بەهۆیەوە باس لە فەلسەفەی پۆست تراکتاتۆس دەکرێ، بەڵکو دەشێ پاش دەست هەڵگرتنی ڤیتگنشتاین بۆ ماوەیەک لە فەلسەفە و سەرقاڵبوونی بەکاری غەیرە فەلسەفی و دواتر گەڕانەوەی بۆ کامبرج بۆ وانە وتنەوەش بەسەرنج وەربگیرێ، لەسەر هاتنە کایەوەی قۆناغی پۆست تراکتاتۆس. بەڵام لە هەموو قۆناغەکاندا بۆ من پرسیاری سەرەکی، پرسیارەکەی ڕاسێل بووە: ئەم تێکستە لە چی دەدوێ؟ ئەم پرسیارە کە زۆر جار فۆرمی داڕشتنی تریشی لێ کەوتووەتەوە (بۆ نموونە: ئامانجی ڤیتگنشتاین لەم نووسینە چی بووە؟ بۆ ڤیتگنشتاین دەبێ بەمجۆرە بنووسێ و؟..هتد) ویستویەتی ناسنامەی فەلسەفیی تراکتاتۆس دەستنیشان بکا. ئەم پرسیارە کە تا هەنووکەش لە نێوەندە فەلسەفییەکاندا دەخولێتەوە، گشت تێرمینێکی خوێندنیش لەسەر زمانی ئەو قوتابیانەی بۆ یەکەم جار بەتێکستی تراکتاتۆس ئاشنا دەبن، چەندین جار خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەو وەڵامانەش کە لەو ڕووەوە دەست دەکەون گەر بڵێم هێندەی ناواخنی تراکتاتۆس ناکۆک و پەرتئامێزن، هەڵەم نەکردووە.

١٠- لە ڕێگەی ڕوونکردنەوە پەرت و پێناسە کورتەکانی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس بۆ واتای فەلسەفە، مرۆڤ بەو ڕامانە دەگات ڤیتگنشتاین دەیەوێ پێمان بڵێ کە دەیەوێ فەلسەفەی تر، جیا لە فەلسەفەی پێش خۆی، دەخاتە بەردەست. ئەگەر ئەمە کرابێتیش بەڵام پێداگرتنی ڤیتگنشتاین لە

دوا دێرەکانی تراکتاتۆس لەسەر ئەوەی خۆشی، دەیڵێ دەکرێ بێ مانا بێ، زۆر ئاساییە ئەم پێداگرتنە خوێنەری تراکتاتۆس دووچاری ڕاچڵەکان و بێ ئومێدییەکی فەلسەفی بکا. بەڵام لەو پێشەکییەی وەرگێڕی سویدی بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە، باس لە شیاویی جیاوازی لە نێوان دوو بێ مانایی (نۆنسێنس) دەکا، یەکێکیان ئاسایی و ئەوی تر قووڵ. باشە گەر ئەم دابەشکردنەی ئەم وەرگێڕە دروست بێ، ئایا فەلسەفە لە تراکتاتۆس بێ مانایییەکی ئاساییە یان قووڵ؟ وای بۆدەچم تراکتاتۆس ئەو هێزەی تێیدایە کە بکارێ خوێنەری خۆی دووچاری پارادۆکس و گومانئامێزی بکا جا ئەوە گرینگ نییە ئەو پارادۆکس و گومانئامێزییە بێ مانایی سادەی لێ بەرهەم بێ، یاخود قووڵ. ئەو پارادۆکس و گومانئامێزییە کە بەری بۆچوونەکانی ڤیتگنشتاینە لە هەندێک حاڵەتدا زۆر زەق دەردەکەون. ئەوەتا ڤیتگنشتاین لە شوێنێک دەڵێ: بەرهەمەکەم لە دوو بەش پێک دێ، ئەوی نووسیومە و ئەوی نەمنووسیوە. ئەوی نەمنووسیوە ئەوەیانە کە گرینگە. باشە ئەم بۆچوونەی ڤیتگنشتاین بۆ تراکتاتۆس ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوی تراکتاتۆس دەخوێنێتەوە ئەو بەشەیان دەخوێنێتەوە کە ناگرینگە؟

١١– پاش سەرنجم کە بینینی ئێستام نییە، تایبەت بەئەزموونی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنمان بۆ وتاری هزریی ڕۆژئاوایی بەمجۆرە دادەڕێژم: ئێمە ئەو دەمەی کۆمۆنیست بووینە، هەروەها ئەو کاتانەش پارتیزان بووینە، یان ناسیۆنالی ئەڵبەتە ئەو وەختەش خۆمان بەلیبرال دەزانین و باس لە مافی تاکە کەس و دادپەروەری دەکەین و تەنانەت ئەو دەمانەش پشت لە گشت شتێک دەکەین و دەبین بەهیچگەرا و یان پاشان دەبین بەعارف و باس لە یەزدانگەرای دەکەین، هەر بیری ڕۆژئاواییەکان لە هەوێنی شتەکانماندا ئامادەن. من پێم وایە ئەمە مەسەلەیەکە تا بڵێی قابیلە بەدیراسەت. بەڵام دیراسەتکردنی ئەم دیاردەیە ئەستەمە بەئاکام بگا گەر لەو دیاردانە نەگەین باوەڕ بەخۆبوونی لا لاواز کردووین. ڕوونکردنەوەی ئەم سەرنجەش دەشێ بەو جۆرە بێ کە لای خوارەوە دەیخەمە بەرچاو.

گرینگە ئێمە ببین بەخاوەنی نەک هەر فەلسەفەیەکی خۆمانە، بەڵکو وتارێکی



ڕۆشنبیریی خۆمانەش. ئەمە گرینگە نەک هەر بۆ خۆمان بگرە بۆ مرۆڤایەتیش. چونکە ئێمە لە خۆمان نەگەین لەوی تر، کە موخابن ئەمڕۆ تەنیا بووە بەڕۆژئاوا، ناگەین. ئەو تێنەگەیشتنەش لەوی تر، نەک هەر ڕق و تیرۆریزم و جەنگ دروست دەکا، بەڵکو گشت ئەوانەش دروست دەکا کە ڕۆژانە تێیدای دەژین بۆ نموونە: تاوێک ڕۆژئاوا باشە و تاوێکی تر خراپ. یان تاوێک ڕۆژئاوا مرۆییە، هیچ نەبێ تا خوێندنێکی لێ دەخوێنین یان زمان و شتێکی لێوە فێر دەبین، تاوێ تر دیسپۆتیست و زەندیق. واش هەست دەکەم درمی ئەم تاو ناتاوییەی تێیدای دەژین، تەنیا دەکرێ بۆ خۆنەناسیی خۆمان بگەڕێندرێتەوە، نەک شتێکی تر. بەڵام مەبەست لە خۆمان چییە؟ زۆر بەکورتی خۆمان واتە شتێک کە بەرهەمی گەرووی ڕۆشنبیریی خۆمان بێ. ئەو شتەش کە بەمجۆرە بێ، ئەوا ئەسیلە. ئەوی ئێستا هەیە لە نووسینی فەلسەفییەوە بیگرە تا دوا فۆرمی نووسینی ڕۆشنبیریمان، بۆنی گەرووی خۆمانی زۆر بەدەگمەن لێ دێ. ڕاستە هاتنە دی ئەوە (واتە شتەکان بۆنی گەرووی خۆمانی لێ بێ) هیچ نەبێ لە ئێستا دژوار و ناسانایە بەڵام خۆ دەبێ کاری بۆ بکرێ. کارکردنیش بۆ ئەوە تەنێ لەوێوە دەست پێ دەکا کە ئێمە چیمان هەیە و چیمان نییە بخرێتە ژێر سەرلەنوێ نرخاندن و شیکردنەوەوە. ئەمە کە ڕێگە لە شتە بێ ویست و بێ بناغە و پووچەکان دەگرێ، ئەوانەی بەناوی نووسین و لێکدانەوەوە بەرهەم دێن، لە هەمان کاتدا لەتەک ئەو نەریتە کولتوورییەش هاوکۆکمان دەکا کە لە خوو ورەوشت و هەڵسوکەوت و ئەندێشەی خۆمانەوە نزیکە. ئەمەش وا دەکا نەک هەر دەکارین تێز و بیرۆکەی ئەو جۆرە نەریتانە بێ سڵەمینەوە بەکار بەرین، کە لێیانەوە نزیکین بەڵکو ئەوەش کە دەکارین بەشداری لە فراوانکردنی ڕووبەری ئەو تێز و بیرۆکانەشدا بکەین. ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیەش لەمیانەی ڕوونکردنەوەی وشەی خۆمانەوە دیاری دەکەم. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەم لای خوارەوە نموونەیەک لەو بارەیەوە دێنمەوە.

فەرەنسییەکان پاش جەنگ جۆرە ڕووناکبیرییەکی فەلسەفییان هێنایە کایەوە (بوونخوازی، بنەماخوزای، پاش بنەماخوازی و پاش تازەگەری) ئەگەرچی ئەم

ڕووناکبیرییە سەد دەر سەد خۆیانە نەبوو، بەڵام هەر بۆنی گەروو فەرەنسییانەی لێ دەهات. مەسەلەی ئەوەی ""ئەوی بەرهەم هاتووە بۆنی گەرووییەکی فەرەنسییانەی لێ هاتووە"" ئەم لایەنە زۆر کاریگەر بووە بۆ ئەوەی ئەو فەلسەفەیە دواتر بتوانێ لە ناوخۆیان بژی، واتە تەوژم و شەپۆل بخاتەوە و ئەڵبەتە گەراش لە ناو کولتوور و نەریتە فەلسەفییە جیاکانی تریش دانێ. دەزانم ئەم حاڵەتە فەرەنسییە لاساییکردنەوەی ئاسان نییە، چونکە فەلسەفەی فەرەنسی گەر پاش جەنگ گشت سەدەکانی ڕۆژئاواشی نەخوێندبێتەوە، خۆ لەتەک ""وتاری فەلسەفی پاش دێکارت "" هەمیشە لە دەمەتەقێدا بووە. هەروەها لێرە دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە، ئەگەرچی فەلسەفەیی فەرەنسی پاش جەنگ، لە گەلێک ڕووەوە دژی ئەو نەریتە هیۆمانی و ڕاسیۆنالییە وەستاوەتەوە کە باو باپیرانیان بۆیان جێ هێشتبوون، بەڵام بەکەڵک وەرگرتن لە کولتوور و زمانێکی تری فەلسەفی (لێرە ئەڵمانی مەبەستە) کە لە نەریتە فەلسەفییە فەرەنسییەکەوە گەلێک دوور نەبووە، ڕووناکبیرانی فەرەنسی توانیویانە ""شتێکی تر"" بخوڵقێنن کە لە دەرەوەی ئەزموونی ڕووناکبیریی خۆشیان گەرا بخاتەوە، بۆ نموونە زۆربەی زانکۆکانی ئەمەریکا خەریکی بایەخدانن بەتێزی فێمینیستە فەرەنسییەکان و هەڵوەشانەوەگەری، پاش بنەماخوازی یان ئەو تەوژمە فەلسەفییەی پێی دەوترێ پاش تازەگەری. تەنانەت کار گەییوەتە ئەوەش وا خەریکە گشت فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ دەبێ بەیەک پارچە لە فەلسەفەی فەرەنسی. ئەمە و بگرە ئەو گەرادانانە زۆر بەوردی لە نێو ڕووناکبیرانی جیهانی عەرەبی و فارس و کورد و تورکیش کاریگەریی خۆی خستووەتەوە و ئەو نەریتە فەلسەفییەش ئەم فەلسەفەیە خۆی تێدا دەبینێتەوە (واتە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ) بێ وێنە کاریگەری خەرەوەیە. ئەی ئەوە گەرادانان نییە ئەوی لە ناو ئێمە دەستی پێنووس دەگرێ ناوی فوکۆ، بارت، شتراوس، سارتەر، دێریدا، کریستیڤا دەکارێ حونجە بکا. ئەمە نیشانەیە لە لایەک لەسەر بڵاوی ئەم جۆرە فەلسەفەیە و لە لایەکی تریش لەسەر ئەوەی کە ئەم فەلسەفەیە بەپشتبەستن بەخۆی بەم پلەیە گەییوە.



## دەرخستەکان

١- ویستی فەلسەفی لە تراکتاتۆسدا خۆی زۆر بە ڕەت کردنەوەی ئیدیالیزمەوە سەرقاڵ دەکا. بۆ ئەوەی ئەمەش بکا لۆژیک دەکا بەبناغە بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی فەلسەفە. ئەو فەلسەفەیەش لەم بەینەدا دێتە کایەوە لەسەر سەکۆی زمان ڕۆ دادەنیشێ و، واشی بۆ دەچم یەک لەو شتانەی تراکتاتۆس بەسەرجەم کەلەپووری فەلسەفیی ڤیتگنشتاینەوە گرێ دەدا مەسەلەی بایەخدانیەتی بەزمان. بەڵام ئەم زمانە لە تراکتاتۆسدا ئاڵۆزی لێ دەتکێ، کە ئەوەش ناڕوونی و گومڕایی دروست کردووە.

٢- لە دووتوێی نووسینەکەدا ویستم ئەوە شی بکەمەوە کە چۆن شت لە جیهاندا بەپێی تراکتاتۆس ڕوونکردنەوەی زۆری بۆ کراوە و ئەمجار ئەو ڕوونکردنەوانەش سەرجەم زمانەوانین و بەنیشانە (ئاماژە)ی زمانەوانییەوە وابەستەن. تەنانەت ئەوەشم نیشان دا، ئەو تیۆری وێنەیەی لە تراکتاتۆسدا ئامادەیە کە نەخشەی هزریی زۆر ئاڵۆزی تێدا ڕەچاو کراوە، تێکرای ئەو فەلسەفە زمانەوانییەش لە خۆدا بەرجەستە دەکا کە تراکتاتۆسی لەسەر دەوەستێ. بەڵام لە نووسینەکەی ڤیتگنشتاین بۆ من گەلێ ئاشکرا و والا نییە، چەند نیشانەی زمانەوانی، کە بەخۆی لە تراکتاتۆسدا گەلێک زاڵە، دەتوانێ گشت فەلسەفە لە خۆدا بەرجەستە بکا و چەندیش ئەم نیشانەیە دوا جار دەکارێ جیهان ڕوون بکاتەوە. بۆیە ئەم لایەنەم کراوە جێ هێشت و ئەو جیهانەشم دەستکاری نەکرد کە بەبۆچوونی تراکتاتۆس لە فاکتە پێک دێ.

٣- تراکتاتۆس تا بڵێی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەتایبەت فەلسەفەی کلاسیک ڕەت دەکاتەوە، بەڵام من شتێکی ئەوتۆم لەم ڕەتکردنەوانە هەڵنەهێنجاندووە کە شایانی فێربوون بێ، یان ئەوی لەو بارەوە وتراون لە ژێر لێوەوە وتراون کە بەلانی کەمەوە ڤیتگنشتاین دەیتوانی لە لایەک ڕاشکاوانەتر ڕەخنەکانی خۆی بخاتە ڕوو و لە لایەکی تر لە ناوی ئەو دوو بیرمەندە (ڕاسێل و فرێجە) زیاتریش گۆ بکا کە کاریگەرییان لەم ڕووەوە بەسەریەوە هەبووە. بەڵام

دیارە ڤیتگنشتاین ویستوویەتی تراکتاتۆس تەنیا لە خۆی بکا و بەس. وێڕای ئەوە، ڕەخنەی من لە تراکتاتۆس ئەو دەمەی هێرش دەکاتە سەر فەلسەفەی کلاسیک لە نووسینەکە بەکورتی خرایە ڕوو. بەڵام ئەوەی دەشێ لەو ڕەخنەیە هەڵهێنجرێ ئەوەیە کە تراکتاتۆس و دواتر گشت بیرمەندانی مێتۆدی شیکردنەوەیی لۆژیکی، بەتایبەت لە کامبرج، بەوە دەچێ بێ ڕەخنە ئاراستەکردنە فەلسەفەی کلاسیک نەتوانن نە فەلسەفەیەکی ئەنتی میتافیزیکی بەرهەم بهێنن و نەش فەلسەفە بکەن. تەنانەت ئەم بۆچوونە بەرەو ئەوەشی بردووم، بڵێم: سەرەتای وتنی گشت فەیلەسوفێکی شیکردنەوەیی ڕەنگە بەهەڵوێستەکردن لەسەر فەلسەفەی کلاسیک بنجبەست بێ. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە وا هەست دەکەم ڕەخنەکانی تراکتاتۆس و ئەوانەش دوای تراکتاتۆس سەریان خستووەتە سەر فەلسەفەی کلاسیک، بەچەند دەرخەستەیەک هەڵساونەتە سەرپێ کە پێم وایە لە لایەن نەیارانی فەلسەفەی شیکردنەوەییەوە زۆر پەسندکراو نییە. من لەم ڕووەوە ئەوەش دەڵێم کە زۆربەی ئەو بیرمەندە شیکردنەوەییانەی لە ژێر کاریگەری تراکتاتۆسدا ڕەخنەیان لە فەلسەفەی کلاسیک گرتووە، هیچ شتێکی تازەیان لەو ڕووەوە نەوتووە. مەبەستم، تا ئێستاش زۆربەی بیرمەندانی کامبرج هەر ئەوە دووپات دەکەنەوە کە تراکتاتۆس وتوویەتی. واتە ئەوەی گوایە هەڵە لە شێوازی زمانەوانیی داڕشتنەکانی فەیلەسوفانی کلاسیکدا، بۆ کێشە فەلسەفییەکان هەیە.

٤- یەک لەو دەرخستانەی لەمیانەی خوێندنەوەی تراکتاتۆس پێی گەیشتم ئەوەیە کە دڵنیام ڤیتگنشتاین لە بەشێک لەو سوفستاییەتە ڕووناکبیرییە بەرپرسیارە، کە ئەمڕۆ فەلسەفە تێی کەوتووە. واتە بۆ من شتێکی هەر زۆر یەقینە کە تراکتاتۆس و کارەکانی تری ڤیتگنشتاین لە هەندێک لایەنی تەوژمی ئەو سوفستاییەتە بەرپرسیار بن کە لە بیری فەلسەفیی هاوچەرخدا درز و کون و کەلەبەریان بۆ خۆیان چێ کردووە. هەر ئەم گومانە واشم لێ دەکا بڵێم کە تراکتاتۆس یەک لەو تێکستە فەلسەفییانەیە



کە پەتای دژە ئەفلاتوونیشی بەرپا کردووە کە ئەوەش بیرۆکەی کۆتایی فەلسەفەی شیاو کردووە. ئەمەش بۆ من تا بڵێی بەزیانی ویستی فەلسەفاندن کەوتووەتەوە. ئەویشی کە ئەمڕۆ بیەوێ تەماشایەکی دۆزی ئەم ویستە لە جیهاندا بکا، دەزانێ چەند کردەی فەلسەفەکردن لەم ڕووەوە زەرەرمەند بووە.

٥- هەر لەمیانەی خوێندنەوەی تراکتاتۆس تەنانەت بەو ئاکامەش گەیشتووم کە تراکتاتۆس مانای بۆ ئەوە هەبووە پۆزەتڤیزمی لۆژیکی لە ناو فەیلەسوفاندا بڵاو بێتەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە فەلسەفەیەش بەباوەڕی من زیانی خۆی لە ویستی فەلسەفەی نوێ داوە یان جۆرە هەڵا و گۆڕانێ فەلسەفی هێناوەتە دنیاوە کە ڕەنگە فەلسەفە ئەوەندە پێویستی پێ نەبووبێ.

٦- لە نووسینەکەدا ئاماژەم بەکۆتایی فەلسەفە کرد، بەڵام لە پێوەندی بەتراکتاتۆسەوە، چونکە تراکتاتۆس مۆرانەئاسا کۆشش بۆ هەڵوەشانەوە و ڕەتکردنەوەی، فەلسەفە دەکا و، ئەم لایەنەش، گومانی ناوێ، دواتر بەجۆرە ناحاڵیبوونێک لە لایەن تراکتاتۆسناس و ڤیتگنشتایینناسەکانەوە کۆتاییی هاتووە. هۆی ئەوەش بۆ من ئەوەیە کە نە تراکتاتۆس بەڕوونی تا کۆتایی پێ لەسەر ئەو ڕەتکردنەوەیە دادەگرێ و نەش ڤیتگنشتاین لە پاش تراکتاتۆسەوە بەڕوونی دێتەوە سەری. بەڵام ئامانجی من لەمە، ئەوە نەبوو بڵێم ئەوە نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەییە لە هاتنە دنیای دۆکتورینی (باوەڕی) کۆتایی فەلسەفە بەرپرسیارە، چونکە زۆربەی ئاماژە فەلسەفییەکان، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ئەوە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵە لەوە بەرپرسیارە، بەڵام ئاڵۆزکردنی تێگەیشتنی فەلسەفی، کە مانای بۆ گۆڕینی کردەی فەلسەفەکردن هەبووە، ڕەنگە ئەمەیان لە نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەییەوە پتر نزیک بێ تا فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ. تەنانەت بۆ ئەوەش چووم ئەو ئاڵۆزکارییانە کە فەلسەفەی ڕۆژئاوایان سەرتاپا گۆڕی لای من ئەو وێنەیەشیان دروست کردووە کە ئەم ئاڵۆزکارییانە بەرهەمهێنەری ئەو بیرۆکە و دید و ئەندێشە فەلسەفییە نوێیانەشن کە بێ

هیوایی فەلسەفی و بێباکیی هزرییان دروست کردووە. لەمە سەیرتر بەو دەرئەنجامەش گەیشتووم کە فەلسەفەی تازە، کە لە ئاکامی زاوزێی نێوان دوو نەریتە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکەوە هاتووەتە دنیاوە، وەک یەک بەدەست بیرۆکەی کۆتاییی فەلسەفەوە دەناڵێنن.

٧– لەو بەشەی تایبەت بوو بەباسی تراکتاتۆس و ڕووناکبیریی فەلسەفیی خۆمان، بۆ ئەوە چووم کە هەڵە نییە پێمان وابێ تراکتاتۆس خۆی وەک بەرهەمێکی فەلسەفیی نارێکوپێک (کاوسال) دەربخا، بەڵام من ئۆباڵی ئەوەم خستە سەرشانی تراکتاتۆس خۆی کە بەو جۆرە دارێژراوە هەروەها ئۆباڵی نووسەر و ڕووناکبیرانی خۆشمان کە بەنەریتە فەلسەفییەکان و بزاڤ و تەوژمە فەلسەفییە جیا جیاکان نامۆن. ئەمە و من هیچ تازەگییەکیش لەو دیتنەشدا نابینمەوە کە جەخت لە بوونی نارێکی و بێ سەروبەری لە تراکتاتۆسدا بکا و بەیەکێک لە کلیلەکانی تراکتاتۆسیشی لە قەڵەم دا.

٨– یەک لەو شتە سەرەکییانەی تایبەت بەتراکتاتۆس دەرکم پێ کردووە ئەوەیە کە لە تراکتاتۆسدا هیوایەکی گەورە بۆ دوورکەوتنەوە لە پرسیارە فەلسەفییە گەورە– ئەبەدییە–کان بەدی دەکرێ. ئەم لایەنە کە بەشێکە لە خەسڵەتی کردەی فەلسەفەکردنی تراکتاتۆس و پۆست –تراکتاتۆس لای من بەواتای دوورکەوتنەوە لە فەلسەفەکردن دێ. بۆیە میکانیزمەکانی بیرۆکەی کۆتایی فەلسەفە لە تراکتاتۆسدا بەدوورکەوتنەوە لە پرسیارە فەلسەفییە ئەبەدییەکان دەبەستمەوە کە ئەوەش وەکی تر بەمانای کەوتن لە فەلسەفەکردن دێ. ئەم بۆچوونەش بەرەو ئەو دەرئەنجامەی بردووم کە ئەم شێوەیە وەردەگرێ: تراکتاتۆس ڕێگە لە فەلسەفەکردنێکی کراوە دەگرێ. بەواتایەک لەوە بەرینتر دەڵێم: تراکتاتۆس کار بۆ ئەوە دەکا فەلسەفەکردن، کە مافێکی هەمووانە، بەدەستەبژێر بکا. ڕەنگە هەڵە نەکەم بۆ ئەوەش بچم، ئەم هەنگاوەی تراکتاتۆس هەنگاوێکی کۆنی ڕۆژئاواییە و بوونی خودی ئەو دوو نەریتە فەلسەفییەش (واتە: نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی و نەریتی



فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ)، کە هەردووش بەرێککەوت ڕۆژئاواییین، بەڵگەن لەسەر دێرینیی دابەشکردن و پۆلکردنی کاری فەلسەفی، واتە بەدەستەبژێرکردنی فەلسەفەکردن و تایبەتکردنی بەهەندێک ناوچەی جوگرافی و یان هەندێک توێژەوە. ئەمەش کە کاریگەریی بەسەر ویستی فەلسەفییەوە بێ سنوور بەجێ هێشتووە، فەلسەفەکردنی سەرتاپا بەڕۆژئاوایی کردووە. بەڵام لە سەرێکی ترەوە، یەکێک لە هۆیەکانی ئەم بەدەستەبژێرکردنەی فەلسەفە ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەگەڵ گۆڕانەکان ڕۆییوە (زانست پێش هەموو شتێک) و بەخۆشی بەشداریی بەرچاوی لە خستنەوەی گۆڕاندا کردووە، بۆیە قۆناغ بەقۆناغ ڕەوتی کارکردن و پرسیارخستنەوەی گۆڕیوە و ڕێگە و شێوازیشی بۆ خۆی دابین کردووە و بەجۆرێ ئەوتۆش کێشە و بابەتەکانی فۆرمولێرە کردووە کە توانای بەخشینی ڕەوایەتیشی هەبێ. بۆیەشە ئێستا فەلسەفەی ڕۆژئاوا، وەک فەلسەفەیەکی ستاندارت، و پۆپولێر خۆی دەردەخا.

٩– زۆر بەلامەوە مەبەستدارە خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە، ئەوەی لە بەرچاو گرتبێ کە لەمیانەی نووسینەکەدا هەوڵم داوە ئەو لۆژیکە ڕەت بکەمەوە، بەڵگەی ماتماتیکی دەکا بەپاڵپشتی ئاکسیۆم. چونکە هەرگیز ئەوەم بەڕاست نەزانیوە، فەلسەفە بەناوی لۆژیکەوە لە ماتماتیک نزیک بکرێتەوە. چونکە فەلسەفە و ماتماتیک دوو دیسپلینی جیان. ڕاستە لەم بارەوە ڤیتگنشتاین بێ تاوانە (لە چاو ڕاسێل) بەڵام ئەو لۆژیکەی ڤیتگنشتاین بەکاری بردووە، ئاڵۆزکاریی لە بەردەم ڕوونکردنەوەی کێشەی فەلسەفیدا داناوە، چونکە ئامانجی ڤیتگنشتاین، مادامەکی ئەوە بووە کێشە فەلسەفییەکان لەو بەهەڵە تێگەیشتنانە دەربازیان بێ کە لە زمانماندا ئامادەن، نەدەبایە خۆی بخاتە هەمان هەڵەوە. ئەمە و دەمەوێ ئەوەش بیر بخەمەوە کە، ڕاستە ڤیتگنشتاین پارادایمێکی لە ماتماتیک بۆ دروستکردنی فەلسەفە قوت نەکردووەتەوە، کە ئەمە پیشەی ڕاسێل بووە، بەڵام تراکتاتۆس لە لایەن خۆیەوە لە بەشێک لەو ئاڵۆزکارییانە بەرپرسە بیرکردنەوەی

فەلسەفیی تێی کەوتووە. ئەوەش کە ڕاسێل ئەمەی کردووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاسێل گروندی فەلسەفەی لە لۆژیک و ماتماتیکدا دەبینییەوە نەک شتێکی تر و ئەمەش بەخۆی مێتۆدێکی لە شیکردنەوەی لۆژیکی لە پشتەوە بوو کە تراکتاتۆس پێی ئاشنا نەبووە. چونکە ڕاسێل پێی وا بووە لۆژیک دڵنیاترین بناغەیە بۆ ماتماتیک لە چاو زانستەکانی تر و هەر لەسەر ئەم بناغەیەش هەوڵی یەکگرتنەوەی نێوان لۆژیک و ماتماتیکیشی داوە. بەڵام ئەم لایەنە لە تەماشاکردنی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا ئامادە نییە.

١٠– یەک لەو شتە گرنگانەی تراکتاتۆس بیری خوێنەری فەلسەفەی ڕۆژئاوای دەخاتەوە، بەباوەڕی من باسە لە کێشەی فەلسەفی. بەڵام تراکتاتۆس ئەمەی لە چوارچێوەی هزری زمانەوانیی خۆیەوە خستووەتە بەرباس. چونکە تراکتاتۆس وا تەماشای کێشە فەلسەفییەکان دەکا کە شێوەی داڕشتنیان تەنگوچەڵەماوییە. واتە کێشەی فەلسەفی لەسەر بەهەڵە تێگەیشتن لەمەڕ لۆژیکی زمانمان وەستاوە. باشە گەر کێشەی فەلسەفی (فۆن ڕایت وتەنی) نەما، تراکتاتۆس پرسیاری ئەوەی لە خۆی کردووە فەلسەفە چی بەسەر دێ؟ بەپێی تراکتاتۆس بێ کە کێشەی فەلسەفی نامێنێ، فەلسەفەش نامێنێ. بەڵام ئەم لایەنە لە ڕوانگەی تراکتاتۆسەوە بەوەوە گرێ دەدرێ کە کێشەی فەلسەفی لە هەڵە داڕشتنەوەکەیدایە. کەواتە کەی هەڵە داڕشتنەوەکانی کێشە فەلسەفییەکان چارەسەر کران، ئەوا کێشەی فەلسەفی بوونی نییە. بەڵام بەبۆچوونی من ئەمە ئارگومێنتێکی زۆر لاوازە کە لە تراکتاتۆسدا بێ ڕادە پشتگیریی لێ دەکرێ. لە دوو تۆێی نووسینەکەش ئەوەم نیشان دا کە ئامادەبوونی کێشەی فەلسەفی تەنیا بەبوونی ئەو بەهەڵە تێگیشتنانەوە وابەستە نییە.

١١– لای سەرەوە ئەوەش بەدی کرا کە لە تراکتاتۆسدا ویستێک نەک تەنیا بۆ ڕەتکردنەوەی فەلسەفە بەڵکو بۆ سەرهەڵدانی دیدێکی ئەنتی میتافیزیکیش لە ڕسکاندایە، بەڵام چەند تراکتاتۆس لە سەرخستنی ئەم ویستە



سەرکەوتوو بووە یان چەند ڤیتگنشتاین لە پاش تراکتاتۆسەوە لەسەر ئەم ویستە سوور بووە بۆ من ئەم لایەنە ڕوون نییە. ئەم ناڕوونییە تەنیا بەرهەمی ئەو لێڵییە نییە لەو توێژینەوانە بەدیم کردوون کە تایبەت بەتراکتاتۆس بەرچاوم کەوتوون بەڵکو بەرهەمی ئەوەشە کە خۆشم هەست بەبوونی جۆرە ڕیشاڵێکی میتافیزیکی لە تراکتاتۆسدا دەکەم. بەمە دەمەوێ بڵێم ئەو ئومێدەی ڤیتگنشتاین لەو ڕووەوە هەیبووە، وەک خۆی لە تراکتاتۆسدا نەهاتووەتە دی، ڕەنگە ئەو ئومێدە دواتر هاتبێتە دی، بەڵام ئەمە لەسەر دەستی بیرمەندانی بازنەی ڤیەننا و بەشێک لەوانی کامبرج بووە. گرینگە لێرە ئەوەش بڵێم، ئەوانەی ئەو ویستەیان سەر خست بەزۆری ئەوانە بوون کە ڕیشەیەکی ئەکادیمیی زانستییانەیان هەبوو، واتە ئەو کەسانە ئەمەیان بۆ چووە سەر کە لە زانستەوە هاتبوونە ناو فەلسەفەوە کە ئەمەش ڤیتگنشتاین ناگرێتەوە. ڤیتگنشتاین کە لە ڕێگەی تراکتاتۆسەوە دەیویست ئەوەمان پێ بڵێ کە فەلسەفە سەر بەزانستە سروشتییەکان نییە، ڕەنگە ئەم مەسەلەیە یەکێک بێ لەو هۆیانەی وای کردبێ ڤیتگنشتاین سەرکەوتوو نەبووبێ لە بوون بەئەنتی میتافیزیکی. بەمجۆرە بۆ من زاڵ نەبوونی تراکتاتۆس بەسەر میتافیزیکدا پێوەندییەکی زۆری بەوەوەیە کە تراکتاتۆس فەلسەفەی لە زانست دوور خستەوە، بەڵام ئەو بیرمەندانەی، بەتایبەت ئەوانەی، لە ڕێگەی زانستەوە نەک فەلسەفەوە، هاتوونەتە ناو پۆلی شیکردنەوەییەوە، پتر لەوانەی لە فەلسەفەوە هاتوونەتە ناو فەلسەفەی شیکردنەوەییەوە پێداگرییان لەسەر مەسەلەی دیدی ئەنتی میتافیزیکی کردووە (یان ئەنتی ئیدیالیزمی).

١٢– من گومان لەوە ناکەم بیری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین لە بەشێک لەو سوفستاییەتە فەلسەفییە هاوچەرخە بەرپرسیار نەبێ، فەلسەفەیی ڕۆژئاوا لە ئەم ئێستادا پێوەی گلاوە. ئەو سوفستاییەتە کە بەشێکی بەهۆی یاریکردن بەزاراوە و واتای فەلسەفییەوە دروست بووە، ڤیتگنشتاین لێی بەدوور نییە. بەڵام نابێ ئامانجی فەلسەفی ڤیتگنشتاینیش لەم بەینەدا لە

بیر ببەینەوە کە لە هەندێ ڕووەوە هەوڵێ بووە بۆ نەهێشتنی ئەو ڕەوتە ڕەوانبێژی و زۆربڵێییەی کە نووسینی فەلسەفیی پێش خۆی داگیر کردبوو. بەڵام بەشێک لەو هیوایەی ڤیتگنشتاین بەوە ناچێ وەک خۆی هاتبێتە دی. بەتایبەت ئەو لایەنەی کە پێوەندییان بەئارگومێنت (بەڵگە) هێنانەوە هەیە. چونکە لە تراکتاتۆسدا ئارگومێنتێرەکردن تا بڵێی لاوازە و بەڵکو لەبری ئەوە تەنیا شت وتنێکی پچڕ پچڕ و کورت کورت ئامادەیە.

١٣- لەمیانەی خوێندنەوەی تراکتاتۆس بەوە گەیشتم کە تراکتاتۆس بەشێوازێکی شاعیری نووسراوە کە پڕە لە میتافۆر. ئەو میتافۆرانە کە بەئاشکرا لە تێکستەکەدا دێن و دەچن هێزێکی ئەوتۆشیان بەوتنەکان داوە کە نەتوانن بەسەر دیدی میتافیزیکیدا زاڵ بن. ئەمەش بۆ تراکتاتۆس دەبێ وەک شتێکی کێشاوی سێر بکرێ، چونکە ئەوە ئومێدی تراکتاتۆس نەبووە بەسەر دیدی میتافیزیکیدا زاڵ نەبێ.

١٤- لێرە و لەوێ تێمایەکی زۆر هەیە کە باس تەنێ لە پێوەندیی نێوان تراکتاتۆس و تاقمێک لە بیرمەندانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی دەکا، لەوانە تراکتاتۆس و ڕاسێل و بازنەی ڤیەننا (بەتایبەت کارناپ)و، هەشە تەنیا لە ژێر کاریگەریی قۆناغی پۆست تراکتاتۆسدایە، واتە ""تویژینەوە فەلسەفییەکان"" و فەلسەفەی شیکردنەوەیی کە لەم حاڵەتەدا ناوی مۆر، کە ساڵانێک گەورە پیاوی کامبرج بووە، بەنموونە دەهێنرێتەوە. ئەمەش وا دەکا بڵێم تا ئێستا ئەوە یەکلا نەبووەتەوە کە نەوەکانی پاش تراکتاتۆس سەبارەت بەپێوەندیی نێوان تراکتاتۆس و فەلسەفەی شیکردنەوەیی لەسەر چی ڕێکن و لەسەر چیش ناڕێکن. ئەم لایەنەش ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر نووسینەکەی منەوە جێ هێشتووە. هۆی ئەمەش تەنیا و تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە پەرەسەندن و گەشەی مێژوویی فەلسەفەی شیکردنەوەیی جارێ بەتەواوەتی بەردەست خوێنەرانی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا نەخراوە. واتە ئەم لایەنە بووەتە هۆی ئەوەی زۆر جار لێڵی و ناڕوونی سەبارەت بەپێوەندیی نێوان تراکتاتۆس و فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە لایەک و لە لایەکی تریش



خودی فەلسەفەی ڤیتگنشتاین و تەوژمە جیاکانی ناو فەلسەفەی شیکردنەوەیی لە نووسینەکەدا بەدی بکرێ.

١٥- تراکتاتۆس لە گەلێک شوێن بۆچوونەکانی نایەکانگیر و پەرت خۆیان دەردەخەن، بەڵام ئەمە دەتوانم زۆر بەکورتی بەدوو شتەوە ببەستمەوە. یەکەم ئەوەی ئەم پەرتییە بەخۆی ئاماژەیە لەسەر دەربازبوونی تراکتاتۆس لە گشت دیسپلین و یەکانگیرییەک. ئەمەش ڕەنگە پێوەندیی بەوەوە هەبێ کە ئەم تێکستە بەپێی دەستوورێکی ئەکادیمی و لە ژێر سایەی دیسپلینێکی دیاریکراودا نەنووسراوە. دووەمیش ئەوەیە کە وتنەکانی ئەم نووسینە پێش ساڵی ١٩١٨ تێ هزرینیان لە بارەوە کراوە. واتە پێش ساڵی بەچاپگەیاندنی کتێبەکە. ئەم ماوەیەش ئەو ماوانەیە ڤیتگنشتاین لە بەرلین و کامبرج و نەرویج بووە و، لەو ماوە و شوێنانەش دیارە گەلێ کەسی ناسراوی ئەکادیمیی دیوە و دەستی لە جۆرە خوێندنێکی غەیرە فەلسەفیش گیر بووە (ئایرۆمیکانیک) هەموو ئەمانەش، بەباوەڕی من، کاریگەریی خۆیان بەسەر تێ هزرینییەوە لە تراکتاتۆسدا بەجێ هێشتووە.

١٦- لەبەرئەوەی جیهانبینی و فێربوونی تراکتاتۆسم لە گەلێک ڕووەوە قبووڵ نییە و تەنانەت گەلێک لە بۆچوونەکانی ئەو فەلسەفەیەشم وەک خۆی پێ پەسند نییە، کە تراکتاتۆس ڕێنوێنی دەکا (واتە فەلسەفەی شیکردنەوەیی) بۆیە لەمیانەی نووسینەکەدا هەمیشە ئەوەم بەرچاو خوێنەر خستووە کە منیش وەک گەلێک لەوانەی لە ماوەی ئەو ٨٨ ساڵەی ئەو تێکستەیان خوێندووەتەوە بەدەست بەشێک لەو گیری و ناڕوونییەی لە تێکستی تراکتاتۆسدا ئامادە بووە، تلاومەتەوە و و دووچاری ناحاڵیبوونیش بوومە.

## پەراوێز و سەرچاوەکانی بەندی دووەم:

**ویستی فەلسەفاندن لە هزری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین لە ""تراکتاتۆس""دا**

* ئەم نووسینە لە سەرەتای هاوینی ٢٠٠٦ تا سەرەتای پاییزی هەمان ساڵ بە ١٦ بەش لە هەفتەنامەی ""جەماوەر""دا بڵاو کراوەتەوە. بەڵام حەیف باسەکە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەڵەی یەکجار زۆری تێ کەوت و ئەمەش پێم وابێ وای کرد گرفتێکی زۆر بۆ گەیشتن لە نووسینەکە دروست بکا بەڵام دواتر بەهەوڵی سەرنووسەری ئەو دەمەی هەفتەنامەکە، هەڵەکان ڕوویان لە کەمی نا.

١- ناوونیشانی ئەم کتێبەی ڤیتگنشتاین، واتە تراکتاتۆس لۆژیکو-فیلۆسۆفیکۆس، بەمانای تێزی لۆژیکی (مەنتیقی)- فەلسەفی دێ. ئەم ناوونیشانە لاتینییە لە لایەن جۆرج ئیدوار مۆرەوە هەڵبژێردراوە. مۆر لەگەڵ ڕاسێل بەگەورەپیاوانی بەشی فەلسەفەی کامبرجی ئەو دەمە لە قەڵەم دەدرێن. ئەم ناوونیشانەش لەسەر ڕەوتی ناوونیشانی کتێبەکەی سپینۆزا ""تراکتاتۆس تیۆلۆژیکۆ- پولیتیکۆس"" دانراوە. ڤیتگنشتاین ئەم کارەی بەزمانی ئەڵمانی لە ١٩١٨دا نووسیوە، هەروەک لە پێشەکییەکەدا ئیمزا کراوە، بەڵام چاپی ئەڵمانیی تراکتاتۆس بۆ یەکەمجار لە ١٩٢١دا هاتووەتە دەر و بەناوونیشانە ئۆرژیناڵە ئەڵمانییەکەی خۆی واتە:

Logisch- Philosophische Abbandlung

هەرچی نوسخە ئینگلیزییەکەی ئەم کارە فەلسەفییەیە، ئەوا بۆ یەکەم جار لە ١٩٢٢دا لە چاپخانە هاتووەتە دەر کە شان بەشانی تێکستە ئەڵمانییەکە لە یەک کتێبدا، دەرکەوتوون کە لە وەرگێڕانی س. ک. ئوگدێن بووە و بەیارمەتیی فرانک ڕامسی. بەڵام ئەو وەرگێڕانەی من لەم نووسینە پشتم پێ بەستووە، لە پاڵ نوسخە سویدییەکە، ئەو وەرێگرانەیە کە پێرش و ماکگوینیس زمانی ئینگلیزی ئەنجامیان داوە کە پێشەکییە ناودارەکەی ڕاسێلیش لە خۆ دەگرێ کە لە ئایاری ١٩٢٢دا وەک دەروازەیەک بۆ تراکتاتۆس نووسراوە. هەرچی نوسخە سویدییەکەی تراکتاتۆسە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٢دا بەتەواوەتی بەردەست خوێنەرانی سویدی زمان کەوتووە. وەرگێڕانەکە کە لە کاری ڤیتگنشتایناناس و تراکتاتۆسناسی سویدی، فەیلەسوف ئەندەش وێدبێرییە، بەپێشەکییەکی پڕ لە ناواخنەوە خراوەتە بەردەست خوێنەرانی سویدی زمانی فەلسەفەی ڤیتگنشتاین.

٢- سێ لەو چوار برایەی ڤیتگنشتاین هەیبوون خۆیان کوشتووە. ئەم لایەنە جگە لەوەی کاریگەریی خۆی بەسەر ژیان و کەسێتیی ڤیتگنشتاینەوە بەجێ هێشتووە بۆ بنەماڵەکەشی کارەساتێکی جەرگبڕ بووە. ڕاستە خێزان بۆ ڤیتگنشتاین ئەو مانایەی نەبووە و تەنانەت ژنهێنانیش، کە دواتر منداڵ خستنەوەی بەدەمەوەیە، بەدیتنی ڤیتگنشتاین سەرئێشەی بەدواوەیە. بۆچوونیشی بۆ ئافرەت هیچ وەخت باش نەبووە و تەنانەت لەو کاتانەش لە کامبرج فەلسەفەی وتووەتەوە تەنیا قوتابییەک ئافرەتی هەبووە کە زۆر ناڕەحەت بووە بەئامادەبوونی لە کلاسەکەدا. ئەمە و زەبری باوکی وەک کابرایەکی پارەداری دەستڕۆیشتوو و ڕەفتاری لەتەک



لودفیگی کوری، کە هیوای وا بووە لودڤیگ ببێ بەئەندازیار، وێنەی توندی لای لودڤیگ دروست کردووە. لە هەموو ئەمانە سەیرتریش دان پێدا نەهێنانی ڤیتگنشتاین بەفەیلەسوفانی ڕۆژئاوا و خۆدابڕانی لە وتن لە بارەی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواوە گۆشەگیرییەکی فەلسەفیی سەیری بۆ ڤیتگنشتاین دروست کردووە کە بەری تێگەیشتنی خۆی بووە.

3- Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, översättning, inledning och noter av Anders Wedberg, Thales, 37 1997, S.

٤- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٥- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٦- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٧- بۆ زێتر تێگەیشتن لە مەبەستەکەم داوا دەکەم خوێنەر بگەڕێتەوە بڕگەی (پەڕەگرافی) ٦،٥٣ و ٦،٥٤ لە تراکتاتۆس کە دەکەوێتە دوا لاپەڕەی تراکتاتۆسەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژە بەم دوو سەرچاوەیە دەکەم بۆ گەڕانەوە، یەکەمیان وەرگێڕانە سویدییەکەی تراکتاتۆس و ئەوی تر ئینگلیزییەکەی:

Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, översättning, inledning och noter av Anders Wedberg, Thales, 122 1997, S

Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, Trans. D. F. Pears and B. F. Mc Gunness, with an introduction by B. Russell, Routledge, London, 2001. P. 89.

٨- ئەم بازنەیە (بازنەی ڤیەننا) کە لە کۆتایی ژیانیدا خۆی زیاد لە پێویست لە بازنەی تر (وەک بازنەی بەرلین و بازنەی وارشۆ) نزیک کردەوە وەک بنکەیەک بۆ نوێنەرایەتیکردنی بیری لۆژیکی پۆزەتڤیزم لە لایەن چەند زانا و فەیلەسوفێکەوە لە ١٩٢٣ لە وڵاتی نەمسا دروست کرا. ئەوی ئەم بازنەیە هەر لە سەرەتاوە بایەخی دەدایە زانست بوو، بناغە و مێتۆدی زانست. لە کارە سەرەکییەکانی ئەندامەکانی ئەم بازنەیە ڕێکخستنی کۆنفرانس و کۆبوونەوەی گفتوگۆئامێز بوو. بەڵام لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا کارەکانی ئەم بازنەیە ڕووی لە پەرتبوون نا. ئەم بازنەیە کە بەدرێژاییی ساڵانی کارکردنی گەلێک کەسی زانستی و لۆژیکیی لە خۆ کۆ کردەوە (لەوانە: کارناپ، هاهن، فرانک، وایسمان، هایەر و دواتر پۆپەر) زەمینەی ئەکادیمیی باشیشی بۆ بابەتی لۆژیک دانا. ئەگەرچی لەو ماوەیەی ئەم بازنەیە لە ڤیەننا دروست بوو، ڤیتگنشتاین لەوێ دەژیا، بەڵام لەو ماوەیەدا هیچ بایەخێکی بەم بازنەیە نەداوە و بگرە ڤیتگنشتاین لەو ماوەیەدا لە قۆناغی پشتکردن لە فەلسەفەش ژیاوە. لەم بارەیەشەوە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەبۆچوونێکی ئاندەش وێدبێری بکەم کە ڤیتگنشتایناناسێکی سویدییە. وێدبێری لەو پێشەکییەی بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە بۆ ئەوە دەچێ ڤیتگنشتاین هیچ کات بەبازنەی ڤیەنناوە پێوەندیدار نەبووە، بەڵام گومان لەوەش ناکا کە ڤیتگنشتاین بۆ ئەندامەکانی ئەم بازنەیە سەرچاوەیەک سەرەکی نەبووبێ. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو دەروازەیەی وێدبێری بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە:

Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, översättning, inledning och noter av

Anders Wedberg, Thales, 1997, S. 10.

** سولیپزیسم (Solipsism) زاراوەیەکی لاتینییە و بەمانای ""من تەنیا"" دێ. ئەمەش بەو مانا فەلسەفییە دێ کە تەنیا من خۆم و ئاگاییم هەن. بەپێی ئەمە ئەوی لە بووندایە هی ئەو منەیە کە سۆلییزم خۆی لەسەر بنیاددەنێ. لێرەدا مەبەست لە من ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە کە خودی خۆ دەگرێتەوە. چونکە ئەم فەلسەفەیە، واتە سۆلیپزیسم، لەسەر ئەو بنەمایە پێکهاتووە کە ئەوی هەیە بەئاگایی منەوە بەستراوەتەوە. سولیپسیزم لە"" تراکتاتۆس""دا ئامادەیە.

٩– بەشێک لەو توێژەرەوە و ڤیتگنیشتایناناسانەی پێیان وایە کۆنتنێنتێک (بەردەوامگیرییەک) لە نێوان هەردوو ڤیتگنشتاینەکەدا هەیە، واتە ئەوی تراکتاتۆسی نووسیوە و ئەوی توێژینەوە فەلسەفییەکان ڕەنگە بکەونە نێوەندی فەلسەفیی سویدییەوە. بۆ نموونە لە نێوەندی فەلسەفیی سویدیدا، دەکرێ چەند ناوێک بەسەر بکەینەوە لەوانە: فەیلەسوفێ وەک ئاندەش وێدبێریی کە یەکێکە لە وەرگێری بەشێ لە کارەکانی ڤیتگنشتاین بۆ سەر زمانی سویدی و، ئەڵبەتە هانس یۆرگین یش کە بەرپرسی کۆرسی تراکتاتۆسە لە بەشی فەلسەفەی تیۆری لە زانکۆی ستۆکۆڵم و هەروەها فەیلەسوفێ سویدی – فینلەندیش بەناوی جۆرج هنریک ڤۆن ڕایت کە پاش مردنی ڤیتگنشتاین جێی ناوبراوی لە کامبرج گرتووەتەوە و یەکێکیش بووە لە قوتابی و هاورێ نزیکەکانی ڤیتگنشتاینیش. بەخۆی ترادیسیۆنی فەلسەفەی ڤیتگنشتاین بەتایبەت و فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئینگلیزی بەگشتی لە سوید و بەتایبەتی لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی ستۆکهۆڵم بەهێزە، بەڵام ئەم ترادیسۆنە ئەوەندەی لە سوید بەهێزە کەمتر لە وڵاتانی تری باکور (واتە وڵاتانی ئەسکەندەنافی) بەهێزە، مەگەر لە فینلەندا هێندە بەهێز بێ، بەتایبەت پاش گەڕانەوەی جۆرج هنریک ڤۆن رایت لە کامبرجەوە بۆ فینلەند.

١٠– ڤیتگنشتاین پاش گەڕانەوەی دووەم جاری بۆ کامبرج، تراکتاتۆس وەک بابەتێکی ئەکادیمی بەردەست بیریارانی ئەو دەمەی کامبرج کە ناودارترینیان جۆرج ئیدوارد مۆر و برتراند ڕاسێل دەبن. بەڵام کارەکە بەزۆری لە ژێر سەرپەرشتیی مۆردا دەبێ، چونکە مۆر ئەو دەمە پرۆفیسۆر دەبێ و مافی بەرێوەبردنی گفتوگۆکەی دەبێ. بۆیە لە ڕۆژی تاقیکردنەوەکەدا ڕاسێل ڕوو لە مۆر دەکا و پێی دەڵێ"" ئێستا تۆ پێویستە چەند پرسیارێکی لێ بکەی، چونکە تۆ پرۆفیسۆرەکەی "". لە کۆتای گفتوگۆکەدا (دیسپوتەشون) ڤیتگنشتاین دەستێ دەخاتە سەرشانی ڕاسێل و ئەوی تریش بۆ سەر شانی مۆر و پێیان دەڵێ: ناڕەحەت مەبن، ئێوە هەرگیز لەمە ناگەن"" .ئەم دانپێداهێنانەی ڤیتگنشتاین نیشانەیە لەسەر ئەوەی تراکتاتۆس بەجۆرێ فۆرمولێرە کراوە کە ئاڵۆزی گوزارە و دەربڕین و دێر و واتاکانی کارێکی وا دەکەن، گشت کەسێک لێی نەگا. بەڵام بۆ بەمجۆرە نووسین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە لای توێژەرەوەیەکی سویدی بەناوی گونار سڤێنسۆن کە پێی وایە ڤیتگنشتاین ئامادە نەبوو لەو شێوەیە زیاتر هەڵبژێرێ بۆ نووسین. من تا ڕادەیەک ماقووڵی لەم وەڵامەی سڤێنسۆن دەبینمەوە.

لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو نووسینەی گونار سڤێنسۆن بەناوی "مێتۆد لای ڤیتگنشتاین"





نووسیویەتی کە بەخۆی بۆ بەشداریکردن بووە لەو سیمپسیۆنەی لە پایزی ١٩٩٥ تایبەت بەڤیتگنشتاین لە زانکۆی ئۆپسالا لە ژێر ناوی "ڤیتگنشتاین و فەلسەفە "دا ساز کراوە.

Gunnar Svensson, Tankar om Wittgensteins filosofiska metodi Filosofiska Tidskrift, 3/97.

١١– بۆ نووسینی ئەم پوختەیەی تراکتاتۆس، کەڵکم لە دوو وەرگێڕاوی تراکتاتۆس وەرگرتووە کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, översättning, inledning och noter av Anders Wedberg, Thales, 1997.

Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, Trans. D. F. Pears and B. F Mc Gunness, withan introduction by B. Russell, Routledge. London, 2001

یەکەمیان ئەو وەرگێڕاوەیە فەیلەسوفی سویدی ئەندەش وێدبێری لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بەسویدی. ئەم وەرگێڕاوە تا بڵێی لە نێوەندی ئەکادیمیی سویدا پەسندکراو و دانپێداهێنراوە. وێدبێری لە پاڵ وەرگێڕانەکە پێشەکیێ بەسوودئامێزیشی بۆ خوێنەرانی تراکتاتۆس بەزمانی سویدی نووسیوە. دووەمیان ئەو وەرگێڕاوەیە پێرش و ماکگوینس پێکەوە لە ئەڵمانییەوە کردوویانە بەئینگلیزی کە پێ دەچێ ئەم وەرگێراوە ئینگلیزییە لە وەرگێراوەکانی تری تراکتاتۆس بۆ سەر زمانی ئینگلیزی نێوبانگی زۆرتر بێ. ئەڵبەتە وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەی تراکتاتۆس هەمیشە ئەو دەمە بەهێز و پڕ دەبێ کە شان بەشانی دەروازە ناسراوەکەی ڕاسێل دەخوێندرێتەوە کە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٢٢دا نووسراوە و لەگەڵ نوسخەی یەکەمی وەرگێڕاوەکەی تراکتاتۆس بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و نوسخەکانی تری تراکتاتۆسدا چاپ کراوەتەوە. هۆی ئەوەش کە سوودم لە دوو وەرگێڕانە وەرگرتووە، ئەوەیە کە گوزارە و دەربڕین و واتاکانی تراکتاتۆس بەمجۆرە نەبێ زێدە، سەخت و نەشیاوە تێگەیشتنیان لە بارەوە پەیدا بکرێ.

١٢– بۆ پتر گەیشتن لەم بیرۆکەیە بگەڕێوە بڕگەی ٢,٠١٢ لە تراکتاتۆس. ئەڵبەتە بۆ گەڕانەوە بۆ بڕگەکانی یان پەڕەگرافەکانی تێکستی تراکتاتۆس هەمیشە داوا لە خوێنەر دەکەم، بگەڕێتەوە بۆ دوو وەرگێڕاوەکەی (سویدی– ئینگلیزی)ی تراکتاتۆس. وەکی تریش دەمەوێ خوێنەر لەوەش بەئاگا بێ کە لەبری ئاماژەدان بەلاپەڕەکانی تراکتاتۆس بۆ گەڕانەوە بەباشتری دەزانم ئاماژە بەژمارەی بڕگەکانی (پەڕەگرافەکانی) تراکتاتۆس بکەم کە ئەمەیان پەسندکراو و ناسراوترە لە نێوەند گەلی فەلسەفیدا.

(13)- Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, översättning, inledning och noter av Anders Wedberg, Thales, S 1997, 1272, 4.

١٤– بڕوانە هەمان سەرچاوە، بڕگەی ٢,١٤١ و دواتریش.

*– تاوتۆلۆژی واتە دووبارەکردنەوەی هەمان شت بەپەیڤێکی تر. ئەم واتایە لای ڤیتگنشتاین مانایەک نێگەتیڤی هەیە. چونکە گوزارە، وتن، دەربڕین و دێری تاوتۆلۆژی مانایان نییە و تەنانەت هیچیشمان پێ ناڵێن. بەڵام بەپێی تراکتاتۆس وتنی، ڕستەی تاوتۆلۆژی بێ مانا نییە

(واتە نۆنسێنس) بەڵکو کێشەی مانای هەیە. واتە مانا لە ناخیدا نییە. ئەمەو هەر ئەم جۆرە دێر و وتنانە وێنەیەک نین لە ڕاستی.

لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم بڕگانە لە تراکتاتۆس : ٤٦ , ٤ و ٤٦١ , ٤ و ٤٦١١ , ٤ و ٤٦٢ , ٤.

١٥– بڕوانە بڕگەی ٦٣٢ , ٥، ١ , ١

(16)- Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, Trans. D. F. Mc Gunness, with an introduction by B. Russell, Routledge. London, 2001. P .xii.

١٧– بەپێی تەماشاکردنی فەیلەسوفی سویدی– فینلەندی، جۆرج هنریک ڤۆن ڕایت، ئەو تێزانەی لە تراکتاتۆسدا، بەتایبەت ئەوی، لە بارەی نەوتراوئامێزەوە وتراون، وەک خۆیان نەماونەتەوە (ڤۆن ڕایت: ١٩٩٣، لا ١٤٠).

مەبەستی ڤۆن ڕایت ئەوەیە لە نووسینەکانی پاش تراکتاتۆس نەوتراوئامێز بەو جۆرەی لە تراکتاتۆسدا قسەی لەسەر کراوە گۆڕانی هاتووەتە سەر. لەم بارەیەوە داوا دەکەم خوێنەر بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوەیە:

George Henrik Von Wright, Logik, filosofi och sprak,

Nya Doxa 1993.

سەبارەت بەڤۆن ڕایتیش، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ناوبراو لوگیکەرێکی ناوداری ئەسکەندەنافیایە و خەڵکی فینلەندە. ساڵانێک قوتابیی ڤیتگنشتاین بووە و دۆستێکی باشی ئەم بیریارە نەمساوییەش بووە و پاش مردنی ڤیتگنشتاینیش بووە بەجێگری لە زانکۆی کامبرج. ئەمە و ڤۆن ڕایت، یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی ڕۆڵی زۆری دیوە لە ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی لوگیک و فەلسەفەی شیکردنەوەیی نوێ لە سوید و فینلاند. جگە لە فۆن ڕایت لە فینلەندا کەسانێکی تریش دەکرێ وەک ڕوونکەرەوەی بیری ڤیتگنشتاین ناوزەد بکرێن کە گرینگترینیان ئەمانەن: ئاندرێ مۆری (کە لە ١٩٧٧ دکتۆرای لەسەر ڤیتگنشتاین نووسیوە) هەروەها یاکۆ هینتیکە و هاوسەرەکەی مێریل پرۆڤێنس.

١٨– توێژەرەوەیەکی سویدی بەنێوی فرێدریک شێرنبێری لە سەروتارێکدا بەنێوی ""هەندێ شت هەیە کە ناشێ بوترێ. فرێجە و ڤیتگنشتاین لەمەڕ وتن و نیشاندان"" ئاماژە بۆ ئەوە دەکا ڤیتگنشتاین ئەم تێمایەی لە فرێجەوە وەرگرتووە. بۆ زێتر گەیشتن لە ڕوونکردنەوەکانی ئەم توێژەرەوە سویدییە بڕوانە ژمارەی ٩٨/١ی گۆڤاری فەلسەفی:

Fredrik Stjernberg, Det finns vissa saker som inte kan saägas. Ferge och Wittgenstein om Att säga och att visa, i Filosofisk Tidskrift, nr:1/98.

١٩– هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤.

٢٠– هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٨.

٢١– لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو دەروازەیەی فەیلەسوفی سویدی ئەندەش وێدبێری بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە، هەروەها ئەو تێکستەی فەیلەسوفی سویدی–فینلەندی جۆن هنریک ڤۆن ڕایت لە بارەی تراکتاتۆس و ڤیتگنشتاینەوە نووسیویەتی:



Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, översättning, inledning och noter av Anders Wedberg, Thales, 1997, S.

George Henrik Von Wright, Logik, filosofi och sprak, Nya Doxa 1993. S. 128.

بەپێی ئەو پێشەکییەی وێدبێری پاش گەڕانەوەی ڤیتگنشتاین لە ١٩٢٩ بۆ کامبرج ئەوەندەی پێ ناچێ دەبێ بەیارمەتیدەری مۆر و پاشان پرۆفیسۆر لە فەلسەفە. ئەم لەم کارەی بەردەوام دەبێ تا ١٩٤٧ کە ئیدی بۆ یەکجارەکی دەست لە کاری وانە وتنەوە هەڵدەگرێ و بەتەنیا لە هەندێ شوێن دەژی تا لە ١٩٥١ لەماڵی پزیشکەکەی لە کامبرج بەنەخۆشی سەرەتان سەر دەنێتەوە. دوا قسەش کە ڤیتگنشتاین بەدکتۆرەکەی خۆی وتووە ئەمە بووە: پێیان بڵێ زۆر خۆش ژیام.

٢٢– لەم بارەیەوە ئاندەش وێدبێری لەو دەروازەیەی بۆ خوێنەرانی تراکتاتۆسی نووسیوە ڕاراییەک لە دڵی خوێنەری تراکتاتۆس دروست دەکا بەوەی ئەگەرچی ڕاسێل پتر لە فرێجە بەسەر لاپەڕەکانی تراکتاتۆسدا زاڵە بەڵام ڤیتگنشتاین لەو پێشەکییە کورتەی بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە سوپاسێکی گەورەتری فرێجە دەکا تا ڕاسێل.

لەم ڕووەوە بڕوانە لا ٨ لەو دەروازەیەی وێدبێری بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە هەروەها لا ٣٧ لەو پێشەکییەی ڤیتگنشتاین بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە.

٢٣– پاش ئەوەی تراکتاتۆسەکەی ڤیتگنشتاین بە ئەڵمانی (واتە ساڵی ١٩٢١) بەچاپ گەیەندرا ئەوەندەی پێ نەچوو، پاش شەش ساڵێک، ""بوون و کات""ەکەی هایدگەر لە چاپخانە هاتە دەر و دوای چەند ساڵێکی دیش بەرهەمێکی دی هایدگەر بەچاپ گەیەندرا کە لەم دوا بەرهەمە هایدگەر ویستی ڕوونکردنەوەی ئامانجی بیرکردنەوە و کۆتاییهێنان بەبیری فەلسەفە بخاتە بەرباس، کە بەخۆی بەرهەمەکە هەمان ناوونیشانیشی لە خۆ گرتووە، واتە: ئامانجی بیرکردنەوە و کۆتاییی فەلسەفە. لە ڕێگەی ئەم دوو کارەوە هایدگەر گەلێک کێشەی فەلسەفیی لە بیرەوە چوو دێبات دەکا. بەڵام ئەوەی من دەمەوێ لە ڕێگەی ئەم ئاماژە پێکردنەم بۆ هایدگەر بیڵێم ئەوەیە کە ئەوی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس ئەنجامی داوە تاک نییە و لە ناوەندی ١٩٣٠کانەوە بەزمانی ئەڵمانی ئەم جۆرە باسە هزرییانە تا ڕادەیەک هاتووە تەپێش، واتە لە لایەک لەسەر کۆتاییی فەلسەفە و لە لای دیش لەسەر مەسەلەی گرنگی زمان لە ژیانی فەلسەفەدا. بەڵام بایەخدانەکەی هایدگەر بەزمان لە بنەڕەتدا لەوی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس، یان هەر بەگشتی لە تێگەیشتنی ڤیتگنشتاین بۆ زمان، جوداواز بووە. چونکە هایدگەر زمان وەک ڤیتگنشتاین لە فەلسەفەدا نابینێتەوە، بەڵکە هایدگەر زمان پتر لە شیعر نزیک دەکاتەوە و بیرۆکەی کۆتاییی فەلسەفەش لەوەدا چڕ دەکاتەوە کە ئەو جۆرە فەلسەفەیەی کۆتای دێ ئەو فەلسەفەیەیە کە ڕیشەیەکی میتافیزیکیی هەیە. کەواتە ئەمانە هەمان ئەو ویستە فەلسەفییانە نین ڤیتگنشتاین ویستوویەتی لە تراکتاتۆسدا پێی بگا. ئەمە و بەتایبەت ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا لەسەر ڕەوتی فەیلەسوف و ماتماتیکەری ئەڵمانی فرێجە، کار لەسەر زمان دەکا کە هایدگەر لەم نەریتە فەلسەفییەوە دوور بووە.

٢٤- یەکەم کەس کە ئەو پرسیارەی خستە ڕوو ڕاسێل بوو. ڕاسێل لەو پێشەکییەی لە ئایاری ١٩٢٢ بۆ تراکتاتۆسی نووسیوە، ئاماژە بەوە دەدا پێویستە بزانین ئەم بەرهەمە لە چ کێشەیەک دەکۆڵێتەوە (ڕاسێل، لا ix). ڕاسێل کە لە سەرەتاوە ئاگای لە بارودۆخی نووسینی تراکتاتۆس هەیە تاکە کەسێکیش بووە ڤیتگنشتاین پێش نووسینی تراکتاتۆس باس و خواسی فەلسەفی یان هیچ نەبێ لەو جۆرە بابەتانەی لەتەکدا باس کردووە کە لە تراکتاتۆسدا نووسراون. ئەمە و ڕاسێل ئەو کەسەشە ڤیتگنشتاین دەستنووسی تراکتاتۆسی بۆ ڕەوانە کردووە، بۆ چاپکردن. بۆ گەیشتن لە بۆچوونەکانی ڕاسێل لە بارەی تراکتاتۆسەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە کە دەروازە ناودارەکەی ڕاسێل لە خۆ دەگرێ کە بۆ تراکتاتۆس نووسراوە:

Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, Trans. D. F. Mc Gunness, with an introduction by B. Russell, Routledge. London, 2001.

٢٥- بڕوانە تراکتاتۆس بڕگەی ٤,١١١

٢٦- بڕوانە تراکتاتۆس بڕگەی ٤,٠٠٣١

٢٧- ئاندەش وێدبێری ئامانجی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس لە فەلسەفەکردن بەمجۆرە ڕوون دەکاتەوە:

ئامانجی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس لە فەلسەفە، چالاکییەکی، چالاکیێ تێراپی (چارەسەری، عیلاجی). ئەم بینینەش بەتێگەیشتنی من بۆ ڤیتگنشتاین ڕێگەچارەیەک بووە بۆ ڕزگاربوون لە دەست کێشە فەلسەفییە بێ ماناکان، ئەو کێشانەی تراکتاتۆس ناڵاندوویەتی پێوەی. لەم ڕووەوە بڕوانە دەروازەکەی وێدبێری:

Ludwig Wittgenstein, Tractatus logico- philosophicus, översättning, inledning och noter av Anders Wedberg, Thales, 1997, S. 34.

٢٨- بڕوانە تراکتاتۆس بڕگەی ٤,١١٢

٢٩- ئەوەی فەلسەفە چییە و؟ ئامانجی چییە؟ سەختە لە بیری ڤیتگنشتایندا یەک وەڵام و یەک مانای لێوە بەربهێنرێ. ئەوی ناوبراو لە تراکتاتۆس سەبارەت بەڕاستی و ماهیەتی فەلسەفە دەیڵێ، کە خۆی بۆچوونیشیەتی لەسەر سەرجەم کردەی فەلسەفەکردن، لە کارەکانی پاشتری جیایە، واتە پاش گەڕانەوەی بۆ سەر فەلسەفە و گەڕانەوەشی بۆ کامبرج و سەرقاڵبوونی بەوانە وتنەوەوە، بۆ نموونە لە کتێبی""توێژینەوە فەلسەفییەکاندا"" ڤیتگنشتاین ئامانجی فەلسەفە لە ڕێگە نیشاندان بەمێش بۆ هاتنە دەرەوە لەو بوتلە شووشەیەک کە تێدا گیری خواردووە بریتی دەکا (توێژینەوە فەلسەفییەکان، لا ٣٠٩). بەڵام هەر لەم کتێبەدا ڤیتگنشتاین بەدووری ناگرێ ئامانجی فەلسەفە مانا نەبێ (هەمان سەرچاوە، لا ١١٩). لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Wittgenstein, Ludwig, Filosofiska undersökningar, Stockholm Thales 1992

٣٠- لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو توێژینەوەیەی گونار سڤێنسۆن لەسەر "مێتۆد لای ڤیتگنشتاین" ئەنجامی داوە کە بەخۆی ئەو توێژینەوەیە بۆ بەشداریکردن بووە لەو سیمپسیۆنەی لە پایزی



١٩٩٥ تایبەت بەڤیتگنشتاین لە زانکۆی ئۆپسالا لە ژێر ناوی ""ڤیتگنشتاین و فەلسەفە"" ساز کراوە.

ئەم توێژینەوەیە کە تا ڕادەیەک بەپێچەوانەی خواستی فەلسەفیی گەلێک لە فەیلەسوفانی زانکۆی ئۆپسالای سویدە، هەوڵێکە لە لایەن گونار سڤێنسۆنەوە بۆ گەڕان بەدووی مێتۆد لای ڤیتگنشتاین. چونکە سڤێنسۆن پێی وایە زۆربەی فەیلەسوفانی زانکۆی ئۆپسالا باوەڕیان بەو بیرۆکەیەی ئۆێتس بووڤسمایە کە دەڵێ "لە کارەکانی ڤیتگنشتایندا شتێک نییە پێی بڵێین مێتۆد و دەرئەنجام".

Gunnar Svensson, Tankar om Wittgensteins filosofiska metodi Filosofiska Tidskrift, 3/97.

31- Gunnar Svensson, Tankar om Wittgensteins filosofiska metodi Filosofiska Tidskrift, 3/97. S. 30.

٣٢- بڕوانە تراکتاتۆس پەڕەگرافی ٤,١١٢

٣٣- بڕوانە نووسینەکەی گونار سڤێنسۆن کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، لاپەڕە ٣١.

٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٢.

٣٥- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٣٦- بڕوانە تراکتاتۆس بڕگەی ٤,١١٢

٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو بڕگەی ٤,٠٠٣

٣٨- حەز دەکەم خوێنەر لەوە بەئاگابێ کە ڤیتگنشتاین هەمان تێگەیشتنی لە کتێبی ""توێژینەوە فەلسەفییەکان"" بۆ کێشەی فەلسەفی نییە. کێشەی فەلسەفی بەپێی توێژینەوە فەلسەفییەکان بریتییە لە وێنای ڕێزمانی و بەهەڵە تێگەیشتن. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم لاپەرانە لە کتێبی توێژینەوە فەلسەفییەکان:

Witt- Filosofiska undersökningar, Stockholm Thales 1992, 90. 109. 111, 120, 307- 8.
genstein, Ludwig,

39- Ludwig Wittgenstein Tractatus logico- philosophicus, översättning, inledning och noter av Anders Wedberg, Thales, 1997, S. 32.

٤٠- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، دەروازەکەی ئەندەش وێدبێری بۆ کتێبەکەی تراکتاتۆس، لاپەڕە ٣٣.

٤١- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ١١.

٤٢- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ١٢.

٤٣- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

٤٤- بڕوانە تراکتاتۆس، بڕگەی٦,٥٣

45- George Henrik Von Wright, Logik, filosofi och sprak, Nya Doxa 1993. S. 140.

٤٦- بڕوانە تراکتاتۆس، بڕگەی ٤,٠٠٣

٤٧– هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٨– بڕوانە نووسینەکەی گونار سڤێنسۆن کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، لاپەڕە ٢٩.

٤٩– هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

٥٠– هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

٥١– بڕوانە پێشەکییەکەی وێدبێری بۆ کتێبەکەی تراکتاتۆس، لاپەڕە ٣٤– ٣٢.

٥٢– ئەم چەند گوزارەیە بەشێکن لە وتنەکانی ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆس بۆیە لەم ڕووەوە بڕوانە پەڕەگرافی چوارەم لە تراکتاتۆس بەتایبەت: ١١٢١ , ٤، ١١٢٢ , ٤.

٥٣– بڕوانە پێشەکییەکەی وێدبێری، لاپەڕە ٣٣

٥٤– هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٥٥– لەم پەڕاوێزەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە زۆر کەس پێیان وایە فەلسەفەی (یان مێتۆدی) ڤیتگنشتاین فۆرمێک بووە لە تێراپی وەک لەوەی فۆرمێک بێ لە بایەخێکی زانستی. ڕەنگە گۆردن باکێر لەم ڕووەوە باشتری بۆ چووبێ. چونکە ناوبراو پێی وایە مێتۆدی ڤیتگنشتاین فۆرمێکە لە تێراپی ڕووناکبیری. بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Baker Gordon, Wittgensteins Method- Neylected Aspects, Essays on Wittgenstein (NA), Oxford, Blackwell publishing 2004.

٥٦– بڕوانە پێشەکییەکەی وێدبێری، لاپەڕە ٣٤.

٥٧– بۆ زۆرتر گەیشتن لە ڕوونکردنەوەکانی هنریک ڤۆن ڕایت، داوا لە خوێنەر دەکەم بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوەیە:

George Henrik von Wright. ``Analytisk filosofi-en historisk-kritisk betraktelse`` i Åke E. Andersson/ Nils-Erik Sahlin(red.). Huvudin neha ll. 12 filosofiska uppsatser (fa-lun:Bokförlaget Nya Doxa, 1993).

ئەم سەروتارەی ڤۆن ڕایت لە کۆنگرێنسێکدا پێشکەێش کراوە کە تایبەت بووە بەفەلسەفەی شیکردنەوەیی کە لە ساربرۆکن لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا گیراوە کە ستیگ نیستراند لە ئەڵمانییەوە وەری گێڕاوەتە سەر سویدی.

٥٨– بڕوانە پێشەکییەکەی وێدبێری، لاپەڕە ٨.

٥٩– بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١١.

٦٠– ئەم سەروتارەی کواین: "واتە : دوو دۆگمای ئیمپیریسیزم"، بەیەکێک لە سەروتارە ناودارەکانی فەلسەفەی سەدەی بیست لە قەڵەم دەدرێ و باشترین تێکستیشە، بەبینینی من، بۆ گەیشتن لە بۆچوونی پۆزەتڤیستیی کواین لەمەڕ ڕاستی و مانا. چونکە لەم سەروتارەدا کواین دوو لایەن بەوردی بەرباس دەخا: یەکێکیان ئەوەی گوایە هیچ فەیلەسوفێک بەڕوونی بیرۆکەی شیکردنەوەگەریی لێک نەداوەتەوە و ئەوی تریان ئەوەی کە کواین لە ڕێگەی ئەم سەروتارەوە تێگەیشتنی، یان با بڵێین تیۆری، پۆزەتڤیستی لۆژیکی خۆی لە بارەی ماناوە دەخاتە ڕوو. بۆ زێتر گەیشتن لە بۆچوونەکانی کواین لەو بارەیەوە داوا لە خوێنەر دەکەم سەرەتا بگەڕێتەوە سەر سەرچاوەی یەکەم و دواتریش سەر سەرچاوەی دووەم، ئەمەش بۆ پتر گەیشتن لەو ڕەخنانەی ئاراستەی هێرشی کواین بۆ سەر جیاکردنەوەی نێوان تیۆریی ڕاستیی شیکردنەوەیی/ سینتێیتیکی دەکرێ:

1- Quine, W. V. O. Two dogmas of empiricism. In Form a logical point of view Cambridge, Harvard University Press 1953 PP. 20- 35, 40 -46.

2- Miller, Alexander. Philosophy of Languge, Routledge London 1998, PP. 114- 138.

٦١– بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

George Henrik von Wright. ``Analytisk filosofi-en historisk-kritisk betraktelse`` i Åke E. Andersson/ Nils-Erik Falun: Bokförlaget Nya Doxa, 1993. Sahlin(red.), Huvudinneh ll. 12 filosofiska uppsatser.

٦٢– بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧.

٦٣– لەم ڕووەوە هۆ زۆرە باس بکرێ. بەڵام من داوا لە خوێنەر دەکەم بۆ ئەو باسە بگەڕێتەوە کە بەنێوی کۆنتراست نووسیومە کە پارساڵ لە هەفتەمانەی جەماوەر و دواتریش سایتی دەنگەکاندا بڵاو کرایەوە.

٦٤– خوێنەری ئەم نووسینە کارێکی باش دەکا بگەڕێتەوە سەر ئەو تێگەیشتنانەی لە بارەی کۆمەڵگەی تەکنیکیی نوێی ڕۆژئاوا و یان شارستانیی زانیارياويی تازەی ئەمڕۆ، وتوومن کە لە دوو توێی کتێبێکدا بەنێوی (چاخی زانیاری– دەروازەیەک بۆ مانوێل کاستێلس. گەشەی کۆمەڵگەی نێتهۆرک، چاپی یەکەم چاپخانەی هاڤیبوون بەرلین ٢٠٠٣ و چاپی دووەمیش چاپخانەی سەردەم سلێمانی ٢٠٠٤) بەچاپ گەیەندراوە.

٦٥– لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو نووسینەی بەنێوی ""کۆنتراست"" لە هەفتەنامەی جەماوەر و دواتر لەسەر لاپەڕەکانی ماڵپەری دەنگەکان لە ٢٠٠٥دا بڵاومان کردووەتەوە.

٦٦– بڕوانە ئەو پێشەکییەی ڕاسێل بۆ نوسخە ئینگلیزییەکەی تراکتاتۆسی نووسیوە کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، لاپەڕە xi.

٦٧– بڕوانە خودی پێشەکییەکەی ڤیتگنشتاین بۆ تراکتاتۆس لە لاپەڕە ٣٧ کە لە وەرگێراوە سویدییەکەدا ئامادەیە، کە لای سەرەوەش ئاماژەی پێ کراوە.

٦٨– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

٦٩– بڕوانە پێشەکییەکەی وێدبێری، لاپەڕە ٣٢.

# پاشکۆ

## لێکسیکۆنی فەلسەفی ئینگلیزی – کوردی

ئەم لێکسیکۆنەی لێرە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی – کوردی، دەخرێتە بەردەستی خوێنەری ئەم کتێبە کۆششێکە بۆ ناساندنی ئەو وشە و زاراوانەی لە دوو توێی کتێبەکەدا هاتوون خوێنەری فەلسەفی کورد. ڕاستە زۆر جار دۆزینەوەی وشە یان زاراوەی پەتی و ڕوون و دەقیقی فەلسەفیی کوردی بۆ وشە یان زاراوە فەلسەفییە ئینگلیزییەکان سەخت و ناسانایە بەڵام ئێمە ئەم کۆششەمان، ئەگەرچی لە کارەکانی تریشماندا ئەنجام داوە، لێرە هیچ نەبێ بۆ کەمکردنەوەی بەشێک لەو سەختی و ناساناییانەیە.

Absolute ڕەها، بێ بەست

Absolutism ڕەهاگەریی

Abstract تەنیا، موجەڕەد، ڕەقەڵە و بێ گیان

Abstraction تەنیایی، تەجرید، داماڵین

Absurd پووچ، ناماقووڵ، ناپەسند، هیچێتی

Absurdity ناپەسندی، بێ فیرۆیی، پووچی، هیچگەریی

Abyss قووڵ

Accidental کاتی (لای ڤیتگنشتاین)

Active چالاک، ناسست

Actual هەنووکە، ئێستا

Actuality هەنووکەی

Act کردە

Activity چالاکی

Adaptation گونجان

Adiaphorism بێباکی

Adjective ئاوەڵناو

Agreement ڕێکەوتن

Aesthetics جوانکاری

Aim ئامانج

Ambiguity گومڕایی، ناڕوونی، دوو واتایی، کێڵی



Ambivalence ناکۆکی، دژبەیەکی

Analogy هاوشێوەیی، لێکچوویی

Analysis شیکردنەوە، بەدووگەڕان

Analytical Philosophy فەلسەفەی شیکردنەوەیی

Anarchist ئاژاوەگێڕ

Anglophone world جیهانی ئینگلیزی قسەکەران

Anglo- Saxon ئەوانی سەر بەناوچەی زمانی ئینگلیزین

Antagonism دوژمنگەرایی، بەربەرەکانێ

Anti- Americanism دژە ئەمەریکایی

Anti- humanism دژە- مرۆیی

Anty- philosophy دژە- فەلسەفە

Anti- pole دژە- جەمسەر

Anti- Semitism  دژەگەرایی جوو، دژە سامی

Appearance دەرکەوتن، دیار، ڕووکەش

Argument بەڵگە، دەلیل

Art هونەر

Artistic هونەری، هونەرکاری، کاری هونەری.

Asymmetrical ناچووست، ناهاوتا

Atheism بێ باوەڕی، ئیلحادی

Attack هێرش، پەلاماردان

Auschwitz ئاوشوێتز، ناوی ئەو شارەیە دەکەوێتە باکوری پۆڵۆنیاوە و شوێنی ئەنجامدانی قەتلوعامی جووەکان بووە.

Author نووسەر

Authority توانا، قودرەت، دەسەڵات.

Axiom بەدیهی، بەرچاوی، بەڵگە نەویستی

Beauty جوانی

Being هەبوون، کەینوونە (لای هایدگەر)

Btrayal خیانەت

Biology زیندەوەرناسی

Body جەستە، لەش

Capacity توانا

Capital سەرمایە

Capitalism سەرمایەداری

Catastrophe بەڵا، موسیبەت

Category چەشن، جۆر، چین
Cause هۆکار
Chance بەخت
Change گۆڕان
Chaos بێ سەروبەری، فەوزا، هەراوهوریا
Character فۆرم، فیگور، کەسێتی
Choice هەڵبژاردن
Christianism مەسیحیەتگەریی
Center نێوەند، چەق
Century سەدە، چاخ
Civilization شارستانیی
Clamor قیژە، هەرا
Classification پۆلکردن، پۆلکاری
Cleansing پاکسازی
Clear ڕوون
Coherence یەکانگیری، هەماهەنگی، یەکپارچەیی
Collapse داڕمان، پووکانەوە، کۆلاپس
Colonialism ئیستیعماری، ژێردەستگەری
Colour ڕەنگ
Communication گەیاندن
Comparative بەراورد
Comparative method ڕێبازی بەراوردکاری
Comparison بەراوردکردن
Complex ئاڵۆز، ناسانا
Concept واتا، چەمک
Conclusion دەرهاویشتە، دەرئەنجام، ئاکام
Concrete کۆنکرێت، بەرچاوی
Condition دۆز، هەلومەرج، مەرج، ک
Conditions Of philosophy هەلومەرجی فەلسەفە
Configuration فۆرم، ڕووخسار، شکل
Conformism تەباگەریی، لێکچوویی، تەبایی
Conjonction دانەبڕان
Consciousness ئاگایی، هوشیاری
Conservative کۆنخواز



Consistency یەکانگیری
Consistent یەکانگیر
Constant نەگۆڕ، جێگیر
Construction بنیاتنان، دامەزراندن
Consumer بەکاربر، موستەهلیک
Consumtion بەرخۆریی، ئیستهلاکی
Contemporary هاوچەرخ
Contents ناواخن، ناوەڕۆک
Contex سیاق، ڕەوتی وتار یان ئاخاوتن
Contradiction ناکۆکی، دژەگەرایی
Contrast جیا، جوداواز لەوی هەیە
Creation خولقان، هێنانە کایەوە
Crisis گرفت، قەیران
Culture فەرهەنگ، کولتوور
Cultural Revolution شۆڕشی کولتووری
Cynicism دەربڕینی گاڵتەجاڕی
Cybernetics زانستی ئاراستەکردن
Date بەروار
De- Philosophising لە فەلسەفاندن خستن
Death مەرگ و مردن
Debate گفتوگۆ، مشتومڕ
Deconstruction هەڵوەشانەوە
Definition پێناسە، ناساندن
Demolition وێرانکردن
Dependency وابەستە، ناسەربەست
Desire حەز
Determination دەستنیشانکردن، دیاریکردن
Determinism جەبریەت، حەتمیەت
Development پەرەپێدان، گەشە
Dialogue ئاخاوتن
Difference جیاوازی، نالێکچووی
Dimension ڕەهەند، دووری
Direct ڕاستەوخۆ
Discontinuity بڕین، نابەردەوامی

Discourse وتار، ئاخاوتن
Disjunction دابڕین، لێکردنەوە
Dissolution پووکانەوە، هەڵوەشانەوە
Distance نێوان، مەودا، ماوە
Doctrine باوەڕ، پرەنسیپ
Doubt گومان
Duty ئەرک
East ڕۆژ، خۆر، هەلات
Eclecticism هەڵبژێرەگەریی
Ecology ژینگەناسی
Effect کاریگەری
Ego من
Egoism منپەرستی، منێتی
Element ئامراز
Elite دەستەبژێر، تاقم
Elitism دەستەبژێری
Empiricism ئەزموونگەری
End کۆتایی، پایان
Endless بێ پایانی
Enlightenment ڕۆشنگەریی
Enthusiasm حەماسیەت
Epistemology تیۆری زانین، تیۆری تیۆر
Epoch سەردەم، قۆناغ
Erotic شەهوانی، خەلاعی
Essence ماهیەت، جەوهەر
Essentialism ماهیەتگەری
Ethics ڕەوشت
Eurocentrism مەڵبەند، نێوەند، خوازی ئەوروپایی
Event ڕووداو (لای بادیو)
Evidence ڕووکەشی
Evil خراپە، بەدی، شەڕ
Evolution پەرەسەندن
Exaggerate زێدەڕۆی
Exception ڕیزپەڕ



Existence بوون (لای سارتەر)
Existentialism بوونخوازی
Experience ئەزموون، خیبرە
Explanation ڕوونکردنەوە
Expression دەربڕین
Expressive گوزارە
Fact بەڵگە، واقیعە
Faith باوەڕ، عەقیدە
False هەڵە، نادروست
Fatalism قەدەری
Fate قەدەر، بەخت، چارەنووس
Feminism مێخوازی، ئافرەتگەری
Fidelity دڵسۆزی، ئیخلاس
Figure فۆرم و کارەکتێر
Finite سنووردار
Forgetting بیرچوونەوە
Formal شکلی
Form شێوە و شکڵ
Formalism شکڵگەری
Formulation داڕشتن
Foundation بناغە
Founder دامەزرێنەر، بناغەدانەر
Frame چوارچێوە
Free ئازاد
Free will ویستی ئازاد
Freedom ئازادی
Friendship هاورێیەتی
Function وەزیفە
Future ئایندە
Gender ڕەگەز، ژیندەر
Genealogy بنەچەناسی
Generation نەوە
Generic تەولیدی
Genus ڕەگەز

Geology زەویناسی
Geometry ئەندازە و هەندەسە
Given پێدراو
Global جیهانی
Globalization جیهانگیری
God یەزدان، خوا
Good باشە، چاکە
Goods شمەک
Grammar ڕێزمان
Great مەزن
Hermeneutic تیۆری ڕاڤەکردن، لێکدانەوە
Historical materialism ماتریالیزمی مێژووی
History مێژوو
Holocaust لەناوبردن، ئیبادە
Humanism مرۆڤخوازی
Human sciences زانستە مرۆییەکان
Hypothesis گریمانە
Idea دید، بیرۆکە
Identification دیاریکردن، ناساندن
Identity ناسنامە
Ilogical نالۆژیکی
Impossibility ناشیاویی، ناگونجاوی
Incomplete تەواونەکراو
Inconsistency نایەکانگیری
Inconsistent نایەکانگیر
Independent سەربەست و سەربەخۆ
Infinite بێ پایان، بێ کۆتایی
Information زانیاری
Intellect ژیری
Intellectual ڕووناکبیر، ژیر
Intellectualism ڕووناکبیریخوازی
Intelligibel ماقوول
Intensive چڕ
Intention ئامانج، مەبەست



Interpretation لێکدانەوە، ڕاڤەکردن
Introduction دەروازە
Intuition دەرک
Invisible نادیار
Irational نائەقڵانی
Jew جوو، یەهودی
Judgment حوکوم
Justice دادپەروەری– بەزەیی، ویژدان
Knowledge زانین
Langauge زمان
Latent شاراوە
Left چەپ
Legitimation ڕەوایەتی، شەرعیەت
Linguistic زانستی زمان، زمانەوانی
Linguistic turn وەرچەرخاندنی زمانەوانی
Litterature وێژە، ئەدەب
Logic لۆژیک، مەنتیق
Love خۆشەویستی، دڵداری، ئەوین
Mainfest بانگەواز، بەیان
Margin پەڕاوێز
Mark نیشانە، زناک
Mass گشت، زۆربە
Mathematics بیرکاری، ڕیازیات، ماتماتیک
Meaning مانا
Meaningless بێ مانایی
Meditation تێڕامان
Massage پەیام
Metaphor ئیستیعارە
Methood مێتۆد، ڕێباز
Militant جەنگاوەر (لای بادیو)
Mind زەین، ئاگایی
Misunderstand بەهەڵە تێگەیشتن
Mode شێواز، شێوە
Model نموونە، شێواز

Modern تازە، نوێ
Modernity تازەگەری، نوێخوازی
Moment چرکە
Monopoly قۆرخکردن
Moral ڕەوشت
Movement بزووتنەوە
Multiple چەندبارە
Multiplicty چەندبارەیی
Narative گێڕانەوە
Naturaliscience زانستی سروشت
Necessity پێویستی
Nihil هیچی
Nihilism هیچگەرایی
Nomad کۆچەر، گەڕۆک
Nomadism کۆچەری، گەڕۆک
Non- Philosophic نا–فەلسەفی
Nonsense بێ مانا، پووچ (لای ڤیتگنشتاین)
Nothing هیچ
Number ژمارە
Object بابەت، شت
Objectivism بابەتگەری
Oblivion لە بیرکردن
Obscure گومڕا، ناڕوون
Ontology بوونگەری (لای هایدگەر)
Orientalism ڕۆژهەڵاتناسی
Origin ئەسڵ، بنەچە
Other ئەوی تر
Paradigm نموونە، مۆدێل
Paradox موفارەقە، دژ بەیەک، ناکۆک
Paragraph بڕگە، بەش
Parallel لاتەریب
Parasite مشەخۆر
Particular جوزئی، ناگشتی، تایبەت
Passive سست، ناچالاک




Perfect تەواو و کامیل و بێ نوقسانی
Period قۆناغ
Person کەس
Perspective دید، ڕوانگە
Pessimism ڕەشبینی
Phenomen دیاردە
Phenomenology دیاردەناسی
Philosopher فەیلەسوف
Philosophising فەلسەفاندن
Philosophism فەلسەفەپەرستی
Picture وێنە
Place شوێن، جێگە
Play یاری، گەمە، وازی
Playful یاریئامێز، پڕ لە وازی
Pleasure چێژ، تام
poem هۆنراوە
Poet شاعیر
Poetics شیعرگەرایی
Polarity جەمسەرگەریی
Politics سیاسەت، ڕامیاری
Pornography ڕووتئامێزی، خەلاعی
Position بار
Possible شیاو، گونجاو
Possibility شیاوی
Positivism بارگەری
Postmodernism پاش تازەگەری
Postphilosophy پاش فەلسەفە
Poststructuralism پاش بنەماخوازی
Postulate مەسلەمە، سەلمێنە
Potential شیاوی
Power هێز
Pragmatism بەرژەوەندیخوازی
Presence ئامادەبوون
Prima filosofia, First philosophy فەلسەفەی یەکەم

Problem ئیحتمالیەت
Problem کێشە
Progress گەشە
Process پرۆسە و ڕەوت
Producture بەرهەمهێنەر (لای بادیو)
Production بەرهەمهێنان
Property خاسیە، میزە
Proposition دێر
Psyche دەروون
Psychology دەروونناسی
Pure ساف، ناتێکەڵ، پوخت
Queer شاز، ناجۆر، نائاسایی
Race نەژاد
Racism نەژادپەرستی
Rationalism عەقڵخوازی
Reaction پەرچەکردار
Reader خوێنەر
Reading خوێندنەوە
Real فیعلی، ڕاستی، واقیعی
Reason ئاوەز، عەقڵ
Recreation دووبارە خوڵقان
Reference سەرچاوە
Reflexive ڕەنگدانەوە
Rhetoric ڕەوانبێژی
Relation پێوەندی
Relativism ڕێگەری
Religion ئاین
Renaissance سەدەی ڕابوون، سەرلەنوێ خولقان
Reptetion دووبارەکردن
Representation نوێنەرایەتی
Research توێژینەوە
Researcher توێژەرەوە
Responsibility بەرپرسیاریەتی



Right ماف
Role ڕۆڵ، دەور
Rule ڕێسا
Rupture برین
Sacred پیرۆز
Same هەمان
Say وتن
Sceopticism گومانخوازی
School قوتابخانە
Science زانست
Scientific زانستی
Secondary لاوەکی
Secrecy نهێنی
Schema نەخشە، هێڵکاری
Self خودی خۆ
Semiology نیشانەناسی
Sense حیس، هەست
Separation جیابوونەوە
Sign ئاماژە، نیشانە (لای ڤیتگنشتاین)
Simple بێدەنگی
Simple ئاسان، سادە
Singular تاک (لای بادیو)
Situation دۆز (لای بادیو)
Science زانست
Society کۆمەڵگە
Sociology کۆمەڵناسی
Solipsism ئەو تیۆرییە کە باوەڕی تەنیا بە ""من"" هەیە
Sophism سەفسەتە
Sophist سوفستایی
Soul دەروون
Speak دوان، قسەکردن
Speculation تێفکرین، تێڕامان
Speech ئاخاوتن، قسە
Spirit ڕۆح

Status کیان، قاوخ
Striving کۆشش، تەقەلا
Structure بوونخوازی
Style بنەما
Style شێواز
Subject خود
Subjectivity خودگەری
Subjectivity باڵا، سامی
Substanace ناواخن و جەوهەر
Suggestive وتارئامێز
Suture لکان (لای بادیو)
Symbol هێما
Symbolism هێماناسی
Symptom شانە، ئاماژە
Synonym هاومانا، هاوشێوە
Tautalogy تەحسیل حاسل، دووبارەکردنەوەیەی بێ مانا
Tendency ئاڕاستە و ئاقار
Term زاراوە
Text دەق
Theory بیردۆزە، نەزەریە
Thesis تێز، ئەتروحە
Things شت، ئوبژێکت (لای ڤیتگنشتاین)
Think بیر، هزر
Thinkable بیرئامێز
Thinker بیریار، هزرەڤان
Thinking بیرکردنەوە
Thought بیر (لای ڤیتگنشتاین و بادیو)
Time کات
Tolerance لێبووردەیی
Totality هەمەیەتی، گشتێتی
Tradition نەریت، کەلەپوور
Translation وەرگێڕان
Trend ڕەوت، ئاراستە



Truthڕاستی
Unconsciousness  نائاگایی، نەست
Understanding حاڵیبوون، تێگەیشتن
Universal گەردوونی
Universalism گەردونیەتی، سەرانسەری
Unthinkable نابیرئامێز
Validity پەسندکراو
Value بەها
Valueless بێ بەهای
View بینین، تەماشا
Violence زەبر
Visile دیار
Vulgarity بازاڕی، بێ نرخ
Voluntary ئیرادە، خواست
West ڕۆژئاوا
Will ویست
Wisdom حیکمەت، دانایی
Wise حەکیم، دانا
World جیهان
Writher نووسەر
Wrong هەڵە

# تێرست


دەروازە ........ 5
ئامانج و میتۆد ........ 27

**بەندی یەکەم**

بادیو و ویستی فەلسەفاندن ........ 31
دیاردەی بە فەرەنسیبوونی فەلسەفە ........ 33
١– سەرەتا ........ 33
٢– دۆزی باوبوونی فەلسەفەی فەرەنسی ........ 36
بادیو و دارشتنی مانفێستێک لە پێناوی فەلسەفەدا ........ 68
١– بۆ بادیو؟ بۆ مانفێست بۆ فەلسەفە؟ ........ 68
٢– ناساندنی بادیو ........ 73
٣– بادیو و دارشتنی مانفێستێک لەپێناوی فەلسەفە ........ 91
٤– شرۆڤەکردنی مەرامی فەلسەفیی بادیو لە ""مانفێست بۆ فەلسەفە""دا ........ 186
ویستی سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی (دامەزراندنەوەی) فەلسەفە ........ 186
سەرەتای کورت ........ 186
لکانی فەلسەفە و شیاویی سنووردارکردنی فەلسەفاندن: ........ 188
١– لکانی نێوان فەلسەفە و زانست، فەلسەفە و سیاسەت ........ 188
٢– لکانی فەلسەفە بە شیعر ........ 201
٣– لکانی فەلسەفە بە دڵداریی (ئەوین) ەوە ........ 245
بڵاوبوونەوەی پەتای رووناکبیریی سوفستای ........ 253
پەڵەی فەلسەفەی ئەنتی– ئەفلاتوونی بەسەر فەلسەفەیی هەنووکەوە ........ 253
چەند ئاکام و دەرهاوێشتەیەک ........ 270
پەراوێز و سەرچاوەکانی بەندی یەکەم ........ 283

**بەندی دووەم**

ویستی فەلسەفاندن لە هزری فەلسەفیی ڤیتگنشتاین لە ""تراکتاتۆس"" دا ........ 295





دەروازە و روونکردنەوە ........ 297
ژینگەی نووسینی"تراکتاتۆس" ........ 306
پوختەی بیری ڤیتگنشتاین لە"تراکتاتۆس" دا ........ 325
١– جیهان گشت ئەوەیە کە هەیە ........ 329
٢– ئەوی هەیە، واتە فاکتە، بوونی حاڵەتی شتە ........ 330
٣– وێنەی لۆژیکی فاکتەی بیرە ........ 334
٤– بیر وتنێ (دێرێ، دەربڕینێ) مانائامێزە ........ 335
٥– وتن (ڕستە، دەربڕین) فونکشونێکی ڕاستی وتنەئێلێمێنتێرەکانە ........ 338
٦– فۆرمی گشتیی فونکشونی ڕاستی بەمجۆرەیە ........ 339
٧– ئەوی مرۆڤ ناتوانێ قسەی لەسەر بکا، لەو بارەیەوە پێویستە بێدەنگ بێ ........ 343
تراکتاتۆس و کردەی فەلسەفەکردن ........ 352
ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە و تراکتاتۆس ........ 383
١– ئاوازی فەلسەفیی تراکتاتۆس بە گەرووی ڕووناکبیریی ئێمە نامۆیە ........ 383
٢– ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە سەر بە نەریتێکی فەلسەفیی دیاریکراو نییە ........ 421
٣– تێهزرینێک لەمەڕ دەربڕینی یاریئامێزی وەک""لەو نووسینە حاڵی نابم ........ 444
چەند سەرنج و دەرخستەیەک ........ 461
سەرنجەکان ........ 462
دەرخستەکان ........ 470
پەراوێز و سەرچاوەکانی بەندی دووەم ........ 479
پاشکۆ ........ 491